هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

# جەدەلی نێوان موعتەزیلەو حەنبەلیەکان

## خوداناسی بە نموونە(دەورووبەری ساڵی ٨٠_٢٣٧ك/٦٩٩_٨٥١ز)

### توێژینەوەیەکی(مێژوویی بەراوردکارییە)لە فیکری ئیسلامیدا

## خوێندکار

## علی طــاهــر لطيــف

پێشکەشی کردووە بە(بەشی مێژوو _ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان)ی زانکۆی سلێمانی،وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی(ماستەر)لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا.

## سەرپەرشتیار

## پ.ی.د.ئاراس فريق زينل

١٤٣٨کۆچی ٢٠١٧ زاینی ٢٧١٦کوردی

ئـەم ماسـتـەرنامەیە بـە ناونیشـانی (**جـەدەلی نێـوان موعتەزیلـەو حەنبەلیـەکان خوداناسـی بـە نموونـە (دەوروبـەری سـاڵی ٨٠_٢٣٧ك/٦٩٩_٨٥١ز)**،بـە چـاودێری بـەڕێز (پ.ی.د. ئـاراس فریـق زینل)لـە زانکـۆی سـلێمانی ئامـادەکراوەو بەشـێکە لـە پێداویسـتییەکانی پلـەی ماسـتـەر لـە مێـژووی سـەدەکانی ناوەڕاستدا.

**سەرپەرشتیار**

**پ.ی.د. ئاراس فریق زینل**

/ /٢٠١٧

**بەپێی ئەم پێشنیازەی سەرەوە ئەم ماستەرنامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**پ.ی.د. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی**

**سەرۆکی بەشی مێژوو/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان.**

/ /٢٠١٧

ئێمە ئەندامی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن،ئەم ماستەرنامەیەمان بە ناونیشانی(**جەدەلی نێوان موعتەزیلەو حەنبەلیەکان خوداناسی بە نموونە "دەورووبەری ساڵی٨٠_٢٣٧ك/٦٩٩_٨٥١ز"**) خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کردو بڕیارماندا،کە شایانی ئەوەیە بە پلەی(              ) بڕوانامەی ماستەر لە مێژوودا پێبدرێت.

**سەرۆکی لیژنە**

**ئەندام**

**پ.د.قادر محمد**

| | |
|---|---|
| **ئەندام** | **ئەندام** |
| **پ.ی.د.حیدر لشکري خضر** | **پ.ی.د.کەیوان ئازاد ئەنوەر** |

**ئەندام و سەرپەرشتیار**

**پ.ی.د. ئاراس فریق زینل**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان پەسەندکرا.**

**پ.ی.د.ابتسام اسماعیل قادر**

**ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**/  / ٢٠١٧**

# ليستى هێما كورت كراوەكان

**به زمانى عەرەبى:**

**ب م= بدون مكان.**

**ب.س=بدون سنة.**

**ت.= ترجمە.**

**تحقـ ـ تحقيق**

**ج= جزء/ جلد.**

**ص= صفحه.**

**صص=صفحات.**

**ط= طبع.**

**م.س = مصدر سابق.**

**ت=توفى.**

**هـ=هجرى.**

**م= ميلادي.**

**م.ن=المصدر نفسه.**

**به زمانى كوردى:**

**ب= بەرگ.**

**ب س= بێ ساڵى چاپ.**

**ب ش= بێ شوێنى چاپ.**

**س، پ= سەرچاوەى پێشوو.**

**ل= لاپەڕە.**

**لل=لاپەڕەكان.**

**چ=چاپى.**

**و.= وەرگێڕان.**

**ك=كۆچى.**

**م– مردن.**

**هـ.س =هەمان سەرچاوە.**

**هتد/ تاد =هەتا دواى.**

## پێشکەش...

پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی حەقبێژییان کردۆتە ڕێبازی ژینیان و لە وتنی ڕاستی و حەقبێژیدا سڵیان لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە و بە چاوی ئەوی دیەوە لە بەرانبەرەکانیان نەڕوانیوە.

## سوپاس و پێزانین

بێگومان هەموو كار و هەوڵە زانستییەكان بەهاوكاری و هەماهەنگی كەسانی دەوروپشتمان بەئەنجام دەگات،بۆیە بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەریەك لەو كەسانە بكەم كە بە پیتێكیش بۆ هاتنەكایەوەی وەها توێژینەوەیەك هاوكاریان كردووم.

هەرلێرەوە و یەكەمین كەسێك كە شایانی سوپاس و ڕێزلێنانە،مامۆستای سەرپەرشتیارم(پ.ی.د.ئاراس فریق زینل)ە، كە كات و هەوڵێكی زۆری خستەگەڕ بۆ پێداچوونەوەی نامەكە لە وێستگە جیاجیاكانی كاركردنمدا و تێبینی و پێشنیازی خستۆتەڕوو،بەوهۆیەشەوە توێژینەوەكەمان دوورخستەوە لەكەم و كوڕی ئەگەرچی هیچ كارێك بێ كەم و كوڕی نابێت.

سەرباری سەرپەرشتیاری بەڕێز،سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە بە ڕێنموونی و مۆچارەكانیان،یان بە پێدان و دەستخستنی سەرچاوە پێویست و زانستییەكان؛یامەرتیدەر و ڕێنیشاندەرم بوون،بەتایبەتیش(د.زریان حاجی)،كە بەڕاستیماندوم كرد،هەروەها(د.كامران سعدالله زنگنە،م.محمدطاهرلطیف،م.علی حاتم،م.عدنان صابر،م.هیواغفار غازی،م.ابراهیم محمد ئیرانی).

هەروەك بە پێویستی دەزانم سوپاسی بەڕێز(م.ی ڕێژین نوزاد)بكەم،كە ئەركی وەرگێڕانی پوختەی نامەكەمانی بۆ زمانی ئینگلیزی گرتە ئەستۆ،لەگەڵ بەڕێز(پ.ی.د.شیلان عومەرحسین)،كە ئەركی پێداچوونەوەی لایەنە زمانەوانییەكەمان خستە ئەستۆیان.

وێڕای تەواوی ئەوانە،پێویستە سوپاسی هاوژینی خۆشەویستم(شرین فتاح محمد)بكەم،كە هەر لە سەرەتای دەستپێكی كارەكانمەوە پاڵپشت و هاندەر و هەماهەنگم بووە؛تا بە ئەنجام گەیاندن و ئەركی زۆری لە گەڵمدا كێشاوە،كە شایستەی ڕێزوسوپاسە.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم:** کورتەیەك لەسەر موعتەزیلەوحەنبەلیەکان | ١١–٥٨ |
| **باسی یەکەم:**موعتەزیلەکان | ١٢ |
| **تەوەری یەکەم:**چەمك وزاراوەی موعتەزیلەکان و هۆکارەکانی ناونانیان | ١٢ |
| **تەوەری دووەم:**پێشینەیەکی فیکری ئیعتیزالی پێش دەرکەوتنی موعتەزیلەکان وەکوگروپ( ٦٣ ك _ ١٠٠ ك/٦٨٢_٧١٨ز) | ٢٢ |
| **تەوەری سێیەم:**دەرکەوتنی موعتەزیلەکان و بنەماکانی باوەڕلای موعتەزیلە | ٣٠ |
| **باسی دووەم:**حەنبەلیەکان | ٤٢ |
| **تەوەری یەکەم:**حەنبەلیەکان،سروشت و تایبەتمەندی | ٤٢ |
| **تەوەری دووەم:**بنەماکانی ئاینزای حەنبەلی | ٤٩ |
| **بەشی دووەم:**جەدەلی سیفاتەکانی خودا | ٥٩–١٠٥ |
| **تەوەری یەکەم:** زانست و توانست(زانایی و توانایی) | ٦٠ |
| یەکەم: لای موعتەزیلەکان. | ٦٠ |
| دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە. | ٦٦ |
| **تەوەری دووەم:** بیستن و بینین و ئیرادەو زیندوویی خودایی. | ٧١ |
| یەکەم: لای موعتەزیلەکان. | ٧١ |
| دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە. | ٧٥ |
| **تەوەری سێیەم:** بینی خودا(بینینی بەختەوەرانە _ الرؤية السعيدة) | ٨١ |
| یەکەم: لای موعتەزیلەکان. | ٨١ |
| دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە. | ٨٨ |
| **تەوەری چوارەم:** مەسەلەی لەسەر عەرش بوون و باڵابوونی خودا | ٩٥ |
| یەکەم: لای موعتەزیلەکان. | ٩٥ |
| دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە. | ١٠٠ |
| **بەشی سێیەم:** قەزاو قەدەر ماناو مێژوو | ١٠٦–١٥١ |
| **تەوەری یەکەم:** قەزاوقەدەر لای موعتەزیلەکان | ١٠٧ |
| ١– چەمك و واتای قەزاوقەدەر | ١٠٧ |
| ٢– مێژووی دەرکەوتنی پرسی قەزاوقەدەر | ١١٠ |
| ٣– دیدگای موعتەزیلەکان بۆقەزاوقەدەر | ١١٣ |
| **تەوەری دووەم:** دیدی حەنبەلیەکان بۆقەزاوقەدەر و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزیلەدا | ١٢٣ |
| **تەوەری سێیەم:** باش و خراپی(جوانی و ناشیرینی)عەقڵی | ١٣٨ |
| ١– چەمك و زاراوەی باش و خراپی | ١٣٨ |

٢- ديدی موعتەزيلەكان بۆباش و خراپی ١٤٠
٣- جەنبەلیەكان و باش و خراپی و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزيلەكاندا ١٤٥
**بەشی چوارەم:** جەدەلی كەلامی ئیلاهی و خەلقی قورئان ١٥٢-٢٠٨
**تەوەری یەكەم:**جەدەلی كەلامی ئیلاهی و خەلقی قورئان لەنێوان موعتەزيلەوحەنبەلیەكاندا ١٥٣
یەكەم: لای موعتەزيلەكان ١٥٣
دووەم:لای حەنبەلیەكان و جەدەلی ئەوبوارە. ١٦٠
**تەوەری دووەم:** قۆناغی جەدەلیاتی تیۆری سەردەمی خەلیفە
(المامون ١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز) ١٧٠
یەكەم: فاكتەرەكانی دەركەوتنی مەسەلەی خەلقی قورئان ١٧٠
دووەم: خەلیفە مەئمون ومەسەلەی خەلقی قورئان(١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز) ١٧٤
**تەوەری سێیەم:** قۆناغی جەدەلیاتی كردەیی ١٨٣
یەكەم: سەردەمی خەلیفە(المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز) ١٨٣
دووەم: سەردەمی خەلیفە(الواثق بالله ٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٦ز) ١٩١
**تەوەری چوارەم:** خەلیفە متەوەكیل و لێدان لەموعتەزيلە(٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٦_٨٦١ز) ١٩٨
یەكەم: فاكتەرەكانی لەناوچوونی دەسەڵاتی موعتەزيلەكان(وەكوگروپ) ١٩٨
دووەم: خەلیفە متەوەكیل و قۆناغەكانی لێدان لە موعتەزيلەكان ٢٠٢
ئەنجام ٢٠٩
لیستی سەرچاوەكان ٢١٣
الخاتمة ٢٣٧
Abstract ٢٣٨

# پێشەکی

جەدەلی نێوان گروپ و ئاینزاکانی کۆمەڵگای ئیسلامی؛یەکێك بوو لە بابەتە پڕجیاوازییە(فیقھ-فیکرییەکان)ی نێوکایەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای ئیسلامیی،کە دەرھاویشتە و بەرمەبنای عەقڵکاری و خوێندنەوەو ڕوانینە جیاواز و تایبەتیەکانی کەسایەتی و زانا و گروپ و ئاینزاکانی کۆمەڵگای ئیسلامی بوون،جا جەدەل و گفتوگۆوملمڵانێ زانستی و(فیقھ-فیکریەکان)ی نێوان ھەردووگروپی حەنبەلی و موعتەزیلەکان ڕەوتی بیرکردنەوەی یەك ڕەھەندی وفۆرمی تێڕوانینی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامیان بۆ ھەتایە گۆڕی،ئەمەش لەبەر ئەوەی بونیادی ئەوجەدەلە بۆخۆی بونیادێکی تا ئەندازەیەکی زۆر فیکری و فەلسەفی بوو؛کە وایکرد بە تێپەڕبوونی کات عەقڵی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامی چوست و چالاك بکات و بەرچاوڕوونی مەعریفیان لە پرس و پێشھاتە نوێیەکاندا پێ ببەخشێت.بێگومان ئەم ھەوڵانەی ھەردوو گرووپ تۆوی دووبەرەکیەکی کراوەی لەنێوانیاندا ھێنایە کایەوە،کە زۆربواری گرتەوە؛تیۆلۆجیا و خوداناسیش یەك لە وێستگە جەدەل ئامێز و ئالۆزەکانی ئەم بوارە بوو؛کە تائێستاشی لەگەڵدابێت بەردەوامی ھەیە.سەرەتای ئەم جیاوازیە فیقھ-فیکرییانە دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی و لەسەردەستی چەند کەسایەتیەکی کاریگەر بە فیکری مەسیحیەکان ھاتنەپەیدابوون،چونکە لە سەرەتای ھاتنی ئاینی ئیسلام و دەرکەوتنی پەیامبەری ئیسلام(د.خ) و خیلافەتی ڕاشیدین و سەرەتای خیلافەتی ئومەویدا؛وەھا جەدەل و جیاوازییەك لە ئارادا نەبوون،بەڵکو کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر باوەڕی باوو بڵاوی پێشینی خۆیان بوون.

ئەمە سەربارى ئەوەی بە زەقی دەرکەوتنی جەدەلیاتەکان بۆ ساڵانی (١٠٠_١١٠ك/٧١٨_٧٢٨ز)دەگەڕێتەوە،کە بەھۆی جیاوازی لە ھەمبەر تاوانکاری گەورە لەنێوان خوێندکارێك و مامۆستاکەیدا دەرکەوت و بەوھۆیەشەوە ئاینزای موعتەزیلە لەدایکبوو،دواتر ئەم جیاوازییانە پەرەیان سەندو ھەرگروپێك و باوەڕەکەی لایەنگرێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردەوە وئەنجامەکەشی ئەوەبوو،کە ھەندێك لە خەلیفەکانی عەبباسی(المامون ١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز) و (المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز) و (الواثق بالله ٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٧ز)،بیروباوەڕی موعتەزیلەکانیان وەرگرت و خودی خۆشیان بوون بە موعتەزیلی و بیروباوەڕەکەشیان کرد بە باوەڕی فەرمی خیلافەت،ئەمەش ھەوێنی ھاتنەکایەوەی پرسی خەلقی قورئان و بینینی بەختەوەرانەی خودا لەڕۆژی دواییدا و ئەزموونکردنی زاناو کەسایەتیە حەنبەلیەکان و پاشان گشتەی خەڵك بوو بەم پرسە،تا کارگەیشتە گرتن و بەندکردن و لێدان و ڕاوەدوونان و کوشتنی کەسایەتیە حەنبەلیەکان لە تەواوی ھەرێمە جیاجیاکانی خیلافەتدا و قەدەغەکردنی کۆڕوکۆبوونەوە و مەجلیسی وانەوتنەوەکانیان،ھەرچەندە ئەم ترس و تۆقاندنە زۆر درێژەی نەکێشاو بەھاتنی خەلیفە(المتوکل ٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٧_٨٦١ز)،تەرازوی ھێز پارسەنگ بوو،بەلای ئاینزای حەنبەلی و حەنبەلیزمەکاندا.خەلیفەی ناوبراویش سنوورو ھێڵێکی بۆ دەسەڵاتە زۆرەکانی موعتەزیلەکان کێشاودانا،وەك کاردانەوەیەکیش بۆ کردارەکانیان ڕاوەدوی نان،کەوتە لێخستن وداماڵینیشیان لەو پلەوپایانەی پێشتردەستیان کەوتبوو.لەبەرانبەریشدا شکۆی بۆ حەنبەلیەکان گەڕاندەوەو ڕێزی لێگرتن و خەڵاتی پێبەخشێن و دەستبڵاوی کردن بۆ دامەزراندنەوەی کۆڕی وانەوتنەوەکانیان و ئازادیەکی ڕەھاشی پێدان.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

دیارە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بە مەبەستی توێژینەوە،ئەوەیە کە ئەم جەدەل و مشتومڕو ململانێیەی نێوان موعتەزیلەو حەنبەلیەکان جێگایەکی دیاری هەیە لەمێژووی ئیسلامیدا و پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردن هەیە،چونکە موعتەزیلەکانەوە یەکەمین گروپی فیکری و وتووێژکاری هەڵقوڵاوی نێو خودی کۆمەڵگای ئیسلامی بوون،کە گومانکردن لە دەق و خۆبەدەستەوەنەدانی و خستنە بەر نەشتەری عەقڵ و فەزڵدانی عەقڵ بەسەرنەقڵدا شوناسی ڕاستەقینەیان بوو،جیالەمانیش حەنبەلیەکان کە(احمد بن حنبل)ڕابەریان بوو،گروپێك بوون زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگای ئیسلامی هاوسەنگەرو هاوسۆزیان بوون و بە تەسلیم بوون بەدەق و هەڵهێنجانی حوکمەکانیان لە ڕواڵەتی دەقەکان و کارپێکردنیان و خۆدورخستنەوە لە عەقڵکاریەکی داماڵراو لەدەق ناسراوبوون،بۆیە ململانێی نێوان ئەم دووگروپە پەلی کێشا بۆ ئاستێکی مەترسیدار و جیهانی ئیسلامی بە پرسە تیۆلۆجیەکانی موعتەزیلەکان ئەزموونکران،حەنبەلیەکانیش بە دەقی ڕەسەن(قورئان و فەرموودە)وەڵامیاندەدایەوەو دژایەتی و بەرهەڵستکاریان دەکردن.

## گرنگی بابەتەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، وێڕای ئەوەی بابەتێکی مێژوویە،سروشتێکی فیکری و مەزهەبیشی لەخۆ گرتووە؛ هەروەك ئەم جەدەلە هەڵوەستەی لەسەر تەواوی بیروباوەڕو تەوحیدی ئیسلامی کردوەو خستویەتە ژێرگومان و پرسیارو نەشتەرەوەو،بەدوای ڕاستێتی و کرۆکی هەریەکێکیانەوە بووە،بۆیە ئەم جەدەلە پەویوەندیەکی ڕاستەخۆی بەباوەڕی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامیەوە هەبووەوهەیە،جگە لەوەش جیهانی ئیسلامی تەنی و بگرە هەندیك لەخەلیفەو وەزیرو دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی لەم جەدەلە گلان و تێکەڵی پرسە تیۆلۆجیەکان بوون،بۆیە ئەم بابەتە نەك هەرلای ئێمە،بەڵکولای زۆرێك لە هزرڤانانی جیهانی ئیسلامیش جێی بایەخ و گرنگی پێدانە.

## ئامانجی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئامانجمان لەهەڵبژاردنی ئەم بابەتە خستنە ڕوو ڕاڤەکردنی بیروهزری هەردوو گروپی حەنبەلی و موعتەزیلەکان و هێنانە بەرباسی پرسێکی گرنگی فیقه–فیکری و مێژوویی وەك جەدەلەکانیانە،ئەمە وێڕای پیشاندانی دەرهاویشتەو کاریگەرییەکانی ئەم جەدەل و دیالێکتیکە،لەسەر هەردووگروپی ناوبراوو خیلافەت.بۆیە بەبڕوای ئێمە بابەتی تیۆلۆجیاوخوداناسی بابەتێکی تەواو هەستیارە بەمەبەستی لێتوێژینەوە،کەم لە ئێمەی کوردزمان توانیومانە دەست بۆ وەها بابەتێك ببەین،ئەمەش بەبیانووی ئەوەی کە بیروباوەڕمان لەق و شێواودەکات و لە خواپەرستیەکی بێگەرد دوورمان دەخاتەوە،بێ ئاگا لەوەی کە خودی خوداناسی جەوهەر وکرۆکی خوداپەرستیە،باشە دەکرێت ئێمە خودایەك بپەرستین،کە نەزانین کێیە و چۆنەو کاروکردەوەکانی لەمەڕبەدیهێنانی گەردوون و تەواوی بونەکانی نێوی چین و نەیانزانین و ئامانج و مەبەستەکانی پشت ئەم بەدیهێنانە نەناسین؟ئایادەبێت خودایەك بپەرستین بەبێ ناسینی دادگەریەکەی و نادانی بە ئەندازەگیریەکەی لەقەزاداو پراکتیزەکردنی لەقەدەردا؟کە بۆخۆی ئەمانە زیاتر پرسگەلێکی میتافیزیقی دەرئاگان و مرۆڤ بەبەدواداچوون بۆناسینی ئەم پرسانە توشی واق وڕمان دەبێت،بەڵام خۆدەبێت لەدەقی بنەڕەتیدا خوداو پەیامبەرەکەی(د.خ)ئاماژەیەکیان بەم پرسە غەیبانیانە دابێت؛کەداویانە،بۆیە ئێمە

لەسـۆنگەی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی و درککردنمـان بـەم کـەموکوڕی و بۆشـاییە،لەهەمبەر ئـەم پرسانە،شـانمان دایـە بـەر بابـەتێکی تاقـەت پـڕوکێنی لـەم چەشنە،بەمەبەسـتی پڕکردنـەوەی ئەوبۆشـاییە مەعریفیانەو ئاشناکردنی چینەخوێندەوارەکەی کۆمەڵگاکەمان پێی.سەرباری ئەوەی ئامانجمان ئەوەیە تاکی کـوردی ئاشـنابکەین بـەم جەدەلـە پـڕ جیاوازیە،کـە لەلایـەن فێندەمێنتاڵیزمـەکانی سـەردەمەوە مایـەی لـێ سـڵەمینەوەیە،ئەمەش لەبەرمەترسـی دووبـارە سـەرهەڵنەدانەوەی وەهـا باوەڕێـك لـەجیهانی ئیسـلامیدا.ئەم بابەتەی ئێمـە هەرچەندە لێرەولـەوێ و ناوبەناو وتارولێکۆڵینـەوەی سنورداری لـەبارەوە ئەنجامـدراوە،یاخود بەشێوەیەکی لاوەکیش بێت لە تێزی ماسـتەر یـان دکتـۆرادا ئاماژەیـەکی کـورتی پێکراوە،بـەلاّم بەگشـتی و بـە شێوەیەکی زانستی وئەکادیمی کار لەسەر ئەم جەدەلەی نێوانیان نەکراوە،بۆیـە ئێمـە مەبەسـتمانە بـەم هەوڵـە شیلگیرانە زانسـتیەمان کـەلێنێك پـڕ بکەینـەوەو خوێنـەری کـوردیش ئاشـنای وەهـا بابـەتێك بکەین،بەرچاو ڕوونیەکیشیان پیێ بدەین بەمەبەستی لێتوێژینەوەی لایەنەکانی دیکەی هەمان بابەت.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبـازی بـەکارهاتووی توێژینەوەکـەمان میتـۆدێکی وێڕای(پەسـنی بەراوردکاری)هـەم (مێژوویی)شـە لـە فیکری ئیسلامیدا،کەتیایدا هەوڵی تەواومان خستۆتەگەڕ،بۆ خسـتنەڕووی تیـۆرەو باوەڕەکـانی هـەردووگروپ و بـەراوردکردنیان بـە یـەکترو شـیکردنەوەیان،ئەمەش بەپشـت بەسـتن بەچـەندین سەرچـاوەی تایبـەتمەنـد و گشتی هەردوو گروپەکە،جاچی کۆن بن یـاخود نویێ،هـەروەك ئـەو بۆچونانەی کە خسـتومانەتەڕوو لەبۆچونە دیارەکانی هەردوو گروپەکـەیـە و هەوڵیشـمانداوە دوابـەدوای هەربابـەتێك ڕاوبیروبۆچـون و تێـڕوانینی خۆمـان بخەینەڕوو.

## گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوەکەی ئێمە خۆی لەخودی ئەوچوارچێوە زەمەنیەدا دەبینێتەوە،کەناونیشانی بابەتەکەمان لەسەر داڕشتووە،واتە چارەکی کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی بەرامبـەر بـە حەوتـەمی زاینی و،سـەرەتاکانی چارەکی دووەمی سـەدەی سێیەمی کۆچی بەرامبەربـە نۆیـەمی زاینی،چونکە سـەرەتاکانی ئـەم چوارچێوەیە نومایـانی دەرکـەوتنی تیۆلۆجیاوخوداناسیە بـە تـەرزێکی نـوێی وا،کـەجیاوازبوو لەتـەواوی تـەرزەکانی دیکـە لەئیسلامدا،جاکێشـەی توێژینەوەکـەی ئێمـە ئەوەیە،کەبـەدوای سـەرەتاکانی پەیـدابوونی ئەوجەدەلانـەدا دەگەڕێت،کەلەو ماوەیەی ئێمەدا لەسەر ئەوبابەتانەی باسمان کرد؛ئەنجامـدراوەو هەڵوەستە دەکاتـە سـەر(ئەو جەدەلانـەی کەلـە مـاوەی سـالأنی"٨٠_٢٣٧ك/٦٩٩_٨٥١ز"لـە نێـوان موعتەزیلەوحەنبەلیەکانـدا لەهەمبـەر تیۆلۆجیا)ئەنجامـدراون و،ئێمـەش هەوڵمانـداوە بـەدوای وەلأمـی چـەندین پرسـیاردا بگەڕێین،لەوێنـەی،ئایا سەرەتاکانی دەرکەوتنی جـەدەل و گفتوگۆ لەئیسـلامدا،کەی و چۆن و لەلایـەن چی کەسایەتی و گروپێکـەوە بووەو،سـەبارەت بەچـی بووە؟ئایـا خەسـڵەتەکانی خودا،خەسـڵەتی وابەسـتەی زاتـی ئیلاهین؛یـاخود جـودان لـەزاتی و سـەربەخۆوڕەهان؟ئایاخودا لەچـی یاگەوشـوێنێکدایەو دەکرێـت لەلایـەن مرۆڤـەوە ببینرێت،یـان نـا خـودا هــەرگیز بینراونــەبووەو نیــەونابێت؟ئایاخودا کــردەوەی مــرۆڤ بەدیــدەهێنێت وناچــاریان دەکــات بەکردنی،یاخود نەخێر ئەوە خودی مرۆڤە بەدیهێنەروبکەری کردەوەکانی خۆیەتی و ئازادی ڕەهای هەیە لـەم بوارەدا؟ئایا خودا قسەدەکات و کەلامەکەشی کەلامێکی ئەزەلی وکۆنە؟کەلامی ئیلاهـی چۆنە؟بریتیە لـەخودی

قسـەی خودا،یـان کـەلامی خـودا لەلایـەن خـودی خـوداوە وەکـو هەرشـتێکی تـر بەدیـدەهێنرێت؟ئایاقورئان بەدیهێنراوە یاخود نەخێر بەدیهێنراونیەو خودی کەلام و زانستی ئەزەلی خودایە؟ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکـــــە،گرفتی توێژینەوەکـــــەی ئێمەن،ئەمــــە ســــەرباری گــــەڕان بــــەدوای دەرئەنجامــــەکانی ئەوپرسیاروجەدەلانەدا،هەمووئەمانەش دەچنە خانەی تیۆلۆجیاوە،لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بوارە هێندە فراوانە ناتوانین بەچەند توێژینەوەیەکیش پەی پێ ببەین و هەڵوەستەلەسەر تەواوی وێستگەکانی بکەین وتیشك بخەینە سەریان،بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە بەکورتی گوزەر بەوێستگەی جەدەلەکانی ئەم بوارەدا بکەین،لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکەمان وێڕای کورتبڕی هەندێك درێژبوونەوەی پێوە دیارە،بەڵام ئێمە ئەمەمان بەپێویست زانیوە بۆماناندان بەبوارەکەمان.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان لە پێشەکیەك و چوار بەش پێکهاتووە،کە بەشی یەکەممان وەکو دەروازەیەك بۆچوونە نـــاو بابەتەکـــەوە خســـتۆتەڕوو،کەپێکهاتووە لـــەدووباس و هەرباســـەو بـــۆ هەریـــەك لـــە گروپـــی موعتەزیلەوحەنبەلیەکان تەرخان کراوە،باسی یەکەممان لەسێ تەوەر پێکهاتووەو بۆموعتەزیلەکان تەرخان کراوە،لەتەوەری یەکەمدا چەمك و زاراوەی موعتەزیلەکان و هۆکارەکانی ناولێنانیانمان خستۆتە ڕوو،تەوەری دووەمـــیش تیایـــدا پێشـــینەیەکی فیکـــری ئیعتیزالیمـــان پـــێش ســـەرهەڵدانی موعتەزیلـــەکان وەکـــو گـروپ؛خسـتۆتەڕوو،،تەوەری سـێیەمیش بـاس لـە دەرکـەوتنی موعتەزیلـەکان و بنـەماکانی باوەڕەکـەیان دەکات،کە خۆی لە(یەکتاپەرستی،دادگەری،پەیمان و هەڕەشە،مەنزڵێك لەنێوان دوو مەنزڵدا،فەرمان بەچاکەو ڕێگـری کـردن لەخراپـە)دا دەبینێتەوە.باسـی دووەمیشـمان بـۆ ئـاینزای حەنبەلیـەکان تـەرخان کـردوەو لەدووتەوەر پێکدێت،لەتەوەری یەکەمدا تیشکمان خستۆتەسەر پەیدابوونی ئاینزای حەنبەلی و لە سروشت و تایبەتمەندیـەکانیانمان کۆڵیوەتەوە،کـەجودای کردونەتـەوە لـەگروپ و ئاینزاکـانی دیکەو،هەرکـەس داماڵراوبوویێـت لەوباوەڕانـەی ئـەوان؛ئـەوا لـە بازنـەی ئـەهلی سـوننەوجەماعەت دەکرایەدەرەوە،دوابـەدوای ئەمــەش لەتــەوەری دووەمدا،بنــەماکانی ئــاینزای حەنبەلیــەکانمان بــاس کردووە،کــە خــۆی لــە(دەقی ڕەسەن"قورئان و فەرمووده" ،فەتوای هاوەڵان،نزیکی فەتواکان لەقورئان وفەرموودەوە،فەرموودەی مورسەل و لاواز"الضعیف"،پێوانە"القیاس" ،ڕێگرتن لە بەهانە"سد الذرائع")دا دەبینێتەوە.

وێڕای ئەوەی سەرەوە سێ بەشەکەی دیکەمان تەرخانکردوە بۆ باسکردن لە وێستگەکانی جەدەلی نێوان هـەردوو گروپەکـەو کاریگەریـەکانی جەدەلەکە،لەبەشـی یەکەمـدا جـەدەلی خەسـڵەتەکانی خودامـان خسـتۆتە بەرباس و تـەوەری یەکـەم خـۆی لـە جـەدەلی نێوان هـەردوو گروپـدا لەهەمبەر(زانسـت و توانسـتی ئیلاهـی)دا دەبینێتـــەوەو تیایـــدا وێـــڕای خســـتنەڕووی تێگـــەکانی هـــەردوولا بۆهـــەمان بابەت،جەدەلیاتـــەکانی ئـــەم دووگروپەشمان نمایشـکردوە،لە تـەوەری دووەمیشدا(بیسـتن و بینین و ئیرادەو زینـدوویی ئیلاهـی)مـان بـاس کردوە،هێڵـی سـەرەکی تـەوەری سـێیەمیش بەجـەدەلی بینـینی بەختەوەرانـەی خـودایی لـەڕۆژی دواییـدا نەخشێنراوە،هەروەك تەوەری چوارەم مەسەلەی بالادەستی خوداو وەستانی لەسەر عەرش لەخۆ دەگرێت،جا هـەر تـەوەرێککیش دوولقـی سـەرەکی لـێ دەبێتـەوەو یەکـەمیان دیـدگای موعتەزیلـەکانی تیـادا خراوەتـە ڕوو،دووەمیشیان وێڕای خستنەڕوی ئایدیاوبیری حەنبەلیەکان جەدەلی هەردوو گروپمان پیشانداوە.

بەشی دووەمیش باس لەقەزاوقەدەرو باش و خراپی ژێری کراوە،کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بە ئازادی مرۆڤ،یان وابەستەبوون و ناچارکردنیەوە هەیەو لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت و هەریەك لەو تەوەرانەش کراوەتە دووبەشەوەو تیایدا سەرباری باسکردنی تێڕوانینەکانی هەردووگروپ جەدەلیاتەکانیانمان بەرچاوخستووە،جا لەتەوەری یەکەمدا چەمك و واتاو مێژووی پرسی قەزاوقەدەرو بیروبۆچوونی موعتەزیلەکانمان لەم بارەوە پیشانداوە.تەوەری دووەمیشمان بۆ ڕوانینەکانی ئاینزای حەنبەلی بۆهەمان بابەت و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا تەرخان کردوە،لە تەوەری سێیەمیشدا باسمان لە باش و خراپی ژێری(الحسن والقبح العقليان)وەك بەشێك لەپرسی ئازادی هەڵبژاردنی مرۆڤ بۆکاروکردەوەکانی یان ناچارکردن لەلایەن خوداوە کردوەو تیایدا چەمك و واتای باش و خراپی و ڕوانگەی هەردووگروپ و جەدەلەکانیانمان لەم بارەوە بەر دید خستووە.

بەشی سێیەم،کە باس لەجەدەلی کەلامی ئیلاهی و خەلقی قورئان کراوە،وەك دەرئەنجامی جەدەلیاتی نێوان هەردوولا باسکردوەو لەچوار تەوەری سەرەکی پێکدێت،تەوەری یەکەم جەدەلی هەردوو گروپمان لەمەڕ کەلامی ئیلاهی پیشانداوە.لە تەوەری دووەمدا باسمان لە قۆناغی جەدەلیاتی تیۆری کردوە،کە دەکاتە سەردەمی خەلیفە(المامون ١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز)و تیایدا فاکتەرەکانی دەرکەوتنی ئەم پرسە لەلایەك و ئاوێزان بوونی خەلیفە و مەسەلەی خەلقی قورئان لەنێویەکدیدا لەلایەکی دیکەوە باسکردوە و هەر لەسەرەتاوە نامەناردنەکانی خەلیفە بۆ ناچارکری زاناکان و گشتەی خەڵك و ئەزموونکردنیان بەم پرسە خراوەتەڕوو،تەوەری سێیەمیشمان تایبەتی قۆناغی جەدەلیاتی کردەیی کردوە،کە دوولقی سەرەکی لێ دەبێتەوە،یەکەمیان سەردەمی خەلیفە(المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز)ەو دووەمیشیان سەردەمی خەلیفە(الواثق٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٧ز)ە،کە تیایدا کۆڕی جەدەلیاتەکانی خەلیفەو موعتەزیلەکانمان لەگەڵ حەنبەلیەکاندا پیشان داوە،کە دووچاری کوشتن و لێدان وگرتن بوونەوە،تەوەری چوارەمیش باسمان لە قۆناغی بەکۆتا هاتنی جەدەلیاتی نێوان هەردووگروپ کردووە،کە لەسەردەمی خەلیفە(المتوکل ٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٧_٨٦١ز)دابووەو،خودی خۆی کۆتایی بە جەدەلەکەیان هێنا،جا لەم تەوەرەدا لەلایەك باسمان لەفاکتەرەکانی نەمانی هەژموون و دەسەڵاتی موعتەزیلەکان و لەلایەکی دیکەشەوە قۆناغەکانی لێدان لە موعتەزیلەکانمان وەکو گرووپ خستۆتەڕوو.

## شرۆڤەكردنی سەرچاوە

بۆ بە ئەنجامگەیاندن و هێنانەكایەوەو نووسینی ئەم توێژینەوەیە پێویستمان بە گەڕان وكنەكردنێكی زۆر هەبوو بە نێو سەرچاوە ژێدەرەكانی (المصادر والمراجع)ئەم بوارە و چەندین لاپەڕەمان بۆ ئەم مەبەستە هەڵداوەتەوە،بۆ دەستخستنی زانیاری پێویست و دەستەبژێركردنی ئەو زنیاریانە و نرخاندنیان،جا بۆ ناساندنی ئەم سەرچاوانە ئێمە هەڵوەستەمان لەسەر(كتێبە مێژووییە گشتیەكان)و(كتێبە مێژوویی و باوەڕییەكانی هەردووگروپی حەنبەلی و موعتەزیلەكان)و(سەرچاوە نوێیەكان)دا كردوە،ئەمە سەرباری چەندین سەرچاوەی فەرهەنگی و زمانەوانی(اللغوي)؛كە توێژینەوەكەمانیان تژی كردوە لە زانیاری گرنگ،ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر چەند سەرچاوەیەكی بنەڕەتی:-

### یەكەم:كتێبە مێژووییە گشتیەكان

#### ا- كتێبە گشتیەكان

ئەم سەرچاوە مێژووییانە بە كورتی گوزەریان بە نێو ڕووداوەكانی جیهانی ئیسلامی و جگە لەمەش كردوەو بابەتی مێژوویی بناغەی كاری نووسەری ئەم سەرچاوانەیە،هەرچەندە هەندێكیان بە ساڵ ئاماژەیان بە ڕووداوەكان داوە،بەلام هەندێكی دیكەیان تێكەڵەیەكن لە ژیاننامەی كەسایەتیەكان و ڕووداوە مێژووییەكان،لەوانەش:كتێبی(تاریخ الیعقوبي)مێژوونووس(الیعقوبي،ت:٢٨٤ك/٨٩٧ز)و(تاریخ الرسل والملوك)ی مێژوونووسی بەناوبانگ(الطبري،ت:٣١٠ك/٩٢٢ز)و(مروج الذهب ومعادن الجوهر)ي(المسعودي،ت:٣٤٦ك/٩٥٧ز)و(المنتظم في التاریخ الملوك والامم)ی(ابن الجوزي،ت:٥٩٧ك/١٢٠٠ز)و(الكامل في التاریخ)ی مێژوونووس(ابن الاثیر،ت:٦٣٠ك/١٢٣٢ز)و(سیر اعلام النبلاء)ي(الذهبي،ت:٧٤٨ك/١٣٤٧ز)و سەرچاوە بەناوبانگەكەی مێژوونووس(ابن الكثیر،ت:٧٧٤ك/١٣٧٢)بەناوی(البدایة والنهایة)و(المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار)ی(المقریزی،ت:٨٤٥ك/١٤٤٢ز)ە،كە بە زۆری لەكاتی باسكردنی ساڵی مردنی كەسایەتیەكاندا ئاماژەیان بە ڕووداوەكان كردوە،یان لە كاتی باسكردن لە ژیاننامەكانیاندا ڕووداوەكانیشیان خستۆتە ڕوو،ئەمە وێڕای پیشاندانی بیروباوەڕ و پێگە و تێگەی ئەو كەسایەتیانە،هەروەك ئەم سەرچاوانە تێكەڵەیەكن لە میتۆد و ڕێبازی ژیاننامەو ساڵانە لە گێڕانەوەی ڕووداوەكاندا و زانیاری گرنگیان بۆ ئێمە گواستۆتەوە دەربارەی مەسەلەی خەلقی قورئان و كاراكتەرە دیارەكانی نێو ئەم ڕووداوانەو خستنەڕووی ئایدۆلۆجیاكانیان.

#### ب-سەرچاوەكانی گروپ و دەستە و چینەكانی گروپەكان

ئەم سەرچاوانە زانیاری گرنگیان تێدایە سەبارەت بە چینەكانی گرووپە جیاجیاكانی ئیسلام و ناساندنی كەسایەتیەكانی هەر چینێك و خستنەڕووی بیروباوەڕەكانی بە شێوازێكی گشتی،وەكو(حلیة الاولیاء وطبقات الاصفیاء)ی دانراوی(ابن النعیم،م:٤٣٠ك/١٠٣٨ز)و(طبقات الحنابلة)ی(قاضي ابي یعلی،ت:٤٥٨ك/١١٣١ز)و(طبقات المعتزلة)ی مێژوونووسی موعتەزیلە(ابن المرتضی،ت:٤٢٩ك/١٠٣٧ز)و(المنیة والامل)ی هەردوو مێژوونووس(ابن المرتضی)و(قاضي عبدالجبار

المعتزلي،ت:٤٣٠ك/١٠٣٨ز)ه،ئەم سەرچاوانە بە وردی باسیان لە تەواوی چینەکای هەردوو گروپی(حەنبەلی و موعتەزیلـــەکان)کردوە و هەنـــدێکیان گرووپـــەکانیان گەڕاندۆتـــەوە بۆســـەر پەیامبەر(د.خ)،بەمەبەســـتی شەرعیەتدان بە بیروباوەڕەکانیان.

ئەمە سەرباری سەرچاوە ئاینی و فیرەقناسیەکان،کە مێژووی دەرکەوتن و هاتنەکایـەوەی هـەر گرووپێکـی ئیسلامی بۆ گواستووینەتەوە و دیدگای هەر گروپێکیان نمایشکردوە،وەکو(الفرق بين الفرق)ی مێژوونووسی بـــــــواری ئاینناســـــــی و فـــــــیرەق(البغـــــــدادي،ت:٤٢٩ك/١٠٣٧ز)و(الملـــــــل والنحـــــــل)ی دانـراوی(الشهرســـتاني،ت:٥٤٨ك/١١٥٣ز)،ئاماژەیـان بـە تـەواوی گـروپ و ئاینزاکـانی ئیسـلام کردوە،لـە سەرەتای دروستبوونی گروپ و کۆمەڵەوە لە مێژووی ئیسیمیدا تا سەردەمەکانی خۆیـان و تـەوای ئایدیاو دیـــدو بیروبۆچـــوونەکانیانیان پیشـــانداوە و باســـیان لـــە چـــینە جیاجیاکانیشـــیان کردوە.ســـەرباری ئەوانەش(الاشـعري،ت:٣٢٤ك/٩٣٦ز)،کـە خـۆی پێشـتر یـەك لـە زاناکـانی موعتەزیلـەك بـووە و دواتـر پاشگەزبۆتەوە لـە بابەتـە ئیعتیزالیەکان،چەندین دانراوی نـاوازەی لەسـەر گروپـە ئیسـلامیەکان و بەتایبـەت موعتەزیلەکان و ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان نووسیووە،لە گرنگترینیشیان(مقالات الاسلاميين واختلاف المصلين)و(استحسان الخوض في علم الكلام)ن،کە نـاوبراو میتـۆدێکی بەراوردکاری و پیشـاندانی بیروبـاوەڕی گروپـەکانی لـە نووسـینەکانیدا گرتۆتـە بـەر و زانیـاری گـرنگ و بـەپێزیان تێدایـە سـەبارەت بـە بیروبـاوەڕی هەردووگروپی موعتەزیلەو حەنبەلیەکان و گروپەکانی دیکە.

### دووەم:سەرچاوە مێژوویی و باوەڕییەکانی موعتەزیلە

ئـەو سەرچاوانەی کەتایبـەتن بە(مێژوو،باوەڕ،بنـەماکانی موعتەزیلـە)زۆر کەمن،بۆیـە توێـژەر بـۆ گـەڕان بە دوای فیکروئایـــدیاکانی موعتەزیلـــە و دەستخســـتنی زانیـــاری لەسەریان،پێویســـتە بگەڕێتـــەوە بـــۆ سەرچـــاوە(مێژوویيە گشـــتیەکان)و ئـــەو سەرچـــاوانەی کـــە تایبـــەتن بە(ســـالأنە ڕووداوو)و(ژیاننامـــەی کەسـایەتیەکان)و،زیاد لـەوەش ئـەو سەرچـاوانەی کەتایبـەتن بـە گـروپ و ئاینزاکـانی دیکـە و سەرچـاوە بەراوردکاریەکانی ئایدیای گروپەکانی ئیسلام،یان ئەو سەرچاوانەی کە لـە دژی موعتەزیلـەکان نووسـراون و زانیاریـان لەسـەر مێـژووی دەرکـەوتن و هاتنەکایـەوەی موعتەزیلـەکان و بیروباوەڕەکانیـان تیـادا دەسـت دەکەوێت،بـەدەر لەوانـەی باسمانکرد،هەنـدێك لـەو سەرچـاوانەی بـەکارمان هێنـاون بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە دەخەینەڕوو،کـــە تایبـــەتن بـــە خـــودی موعتەزیلـــەکان و لـــە لایـــەن کەســـایەتیەکانیانەوە نووسراون،لەوانە:(الجاحظ،ت:٢٥٥ك/٨٦٩ز)کە خۆی زانایەکی موعتەزیلیە،چەند کتێبێکی بە پێزی لە دوای خـۆی بـە جـێ هێشـتووە،کەزانیاری دەگمـەن و بـە پێزیـان بـۆ توێژینەوەکـەمان تێدایە،ئـەوانیش(کتاب الحيوان)و(کتاب خلق القران)،کە ئەمەی دواییان تایبەتە بە مەسەلەی خەلقی قورئان و کـەلامی ئیلاهـی و ئـەو جـەدەل و دیالێکتیکانـەی کـە لـە نێـوان موعتەزیلـە و حەنبەلیەکانـدا ڕوویانداوە،یـەك لـەو سەرچـاوانەی کـە زانیاریـان دەربـارەی تێگـەی موعتەزیلـەکان لـە خۆگرتـووە(الانتصـار والـرد علـى ابـن الرونـدي الملحـد)ی کەسایەتی موعتەزیلی(ابن لخياط المعتزلي،ت:سەرەتاکانی سەدەی چوارەمی کۆچی)ە،کە ناوبراو میتۆدی ڕەتکردنەوە و ڕەتدانەوەی ئەوانەی گرتۆتەبەر،کە بیروئایدیایان لە هی ئەمان ناچن،ئەمەش بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی،بەلأم لە هەموویان گرنگتر دانراوەکانی(قاضي عبدالجبارالمعتزلي،ت:٤١٥ك/١٠٢٥ز)ە،چونکە ناوبراو

زانایەکی بەناوبانگی موعتەزیلەکان بووە و جەمسەرێکی دیاری ئاینزای موعتەزیلەکانە،هەروەك تەواوی باوەڕی موعتەزیلەکانی بۆ گواستووینەتەوە و زانیاری زۆری لەسەریان پێگەیاندوین،کە توێژینەوەکەمانی دەوڵەمەند کردوە،لەوانەش(المغني في ابواب التوحيد والعدل)و(شرح الاصول الخمسة)یە،کە لە یەکەمیاندا وێڕای خستنەڕووی باوەڕی موعتەزیلەکان،هەندێکجار میتۆدی خستنەڕووی باوەڕی گرووپەکانی دیکە و ڕەتدانەوەیانی پراکتیزەکردوە،لە دووەمیشیاندا پێنج بنەماکەی باوەڕی موعتەزیلەی بە ڕاڤەیەکی تەواوەوە،کە میتۆدی(ڕاڤەی خودی)پەیڕەوکردوە؛تۆمارکردوە،ئەمە سەرباری(المختصر في اصول الدين)کە بە شێوازی پرسیارو وەڵام زانیاریەکانی پێگەیاندوین و مێنتاڵێکی تێکەڵەی بیروباوەڕی موعتەزیلەکان و هەندێ گرووپی دیاریکراوی چەشنی(حەنبەلیەکان)ە،هەروەك(المنية والامل)یش یەك لە سەرچاوە ناوازەکانی(قاضي عبدالجبار)ە،کە تایبەتی کردوە بە چینەکانی موعتەزیلە،کەخۆی لە هەشت چیندا دەبینێتەوە و سەرەتای موعتەزیلەکانی گەڕاندۆتەوە بۆ پەیامبەر(د.خ)،وێڕای ئەوانەش(الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل)ی ڕاڤەکار(الزمخشري المعتزلي،ت:٥٣٨ك/١١٤٣ز)،کەتیایدا تەفسیری قورئانی کردوە و هەندێك لە دەقەکانی بۆ خزمەتی بیروباوەڕی موعتەزیلە بەکاربردوە،بۆیە لەو سەرچاوانەیە کە بۆ بەڵگە نەقلیەکانی موعتەزیلەکان زانیاری زۆری تێدایە و نووسەرەکەشی میتۆدی(ڕاڤەی خودی)بەکاربردوە،(المنية والامل في شرح كتاب الملل والنحل)و(طبقات المعتزلة)ی مێژوونووسی موعتەزیلە(ابن المرتضى،ت:٨٤٠ك/١٤٣٧ز)،دوو لە سەرچاوە بە پێزەکانی توێژینەوەکەمانن.تەواوی ئەم سەرچاوانەی باسمانکرد بۆ زۆر بابەت و لە زۆر لایەنی توێژینەوەکەماندا سوودمان لێوەرگرتووە.

### سێیەم:کتێبە مێژوویی و فیقهی و باوەڕییەکانی حەنبەلیەکان

ئەم سەرچاوانە بە گشتی بیروباوەڕ و ئایدیای حەنبەلیەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ خستووینەتەڕوو،کە زانیاری گرنگیان سەبارەت بە پەیڤین و جەدەلەکانیان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا تێدایە،زیاد لەوەش مێژووی مەسەلەی خەلقی قورئان و کەلامی ئیلاهی و پرسی قەزاوقەدەریان خستۆتە بەرباس،کە تیایدا زاناکانیان ئەوموونکران لە لایەن خیلافەتی عەباسیەوە و(احمدبن حنبل)ی ڕابەریشیان دووچاری گرتن و ئەشکەنجەدان و دارکاری کردن بوویەوە،جگە لەوانەش هەندێکیان لەو سەرچاوانەن کە لە ڕەتی موعتەزیلەو قەدەریەکاندا نووسراون،ئەم سەرچاوانەش بۆ دووبەش دابەش دەکەین:-

### ١-کتێبە مێژوویی و عەقیدەییەکان(الكتب التاريخية والعقائدية)

ئەم سەرچاوانە لێوڕێژن لە زانیاری لەهەمبەر بیروباوەڕی حەنبەلیەکان و ئەو ڕێباز و میتۆدەی کە زاناکانیان لەسەری ڕۆشتوون لە خستنە ڕووی بیروباوەڕەکانیاندا،ئەمە سەرباری ئاماژەکردن بە مێژووی هاتنەکایەوەیان و هەڵوێستی خیلافەت لە هەمبەریان و کاریگەرییە دیالێکتیەکیەکانیان لەگەڵ خەلیفە و خیلافەتی عەباسیدا،لەوانەش:(المسند)و(شرح اصول السنة)ی دانراوی ڕابەری حەنبەلیەکان(احمدبن حنبل،ت:٢٤١ك/٨٥٥ز)ە،کە یەکەمیان بەناوبانگترین کتێبی فەرموودەوانی حەنبەلیەکانەو دووەمیشیان بنەماکانی ئەهلی سوننە و جەماعەتی ڕاڤەکردوە،لەگەڵ خستنەڕووی بیروباوەڕی خۆی شوێنکەوتوانی،ئەمە سەرباری کتێبە فیقهیەکانی حەنبەلیەکان،کە هەندێك لە نووسەرەکانیان هاوسەردەمی ڕابەری حەنبەلیەکان بوون،ئەوانیش:(مسائل الامام احمدبن حنبل)ی(ابي الفضل صالح،ت:٢٦٥ك/٨٧٨ز)و(مسائل الامام احمدبن

حنبل)ی(عبداللة بن احمدبن حنبل،ت:٢٩٠ك/٩٠٣ز)و(كتاب مسال الامام احمد)ی فەرموودەناس(ابي داود،ت:٢٧٥ك/٨٨٩ز)و(العـدة في اصـول الفقـه)ی كەسـايەتی حەنبەلی(قاضي ابي يعلى،ت:٤٥٨ك/١١٣١ز)و(الكافي في فقه الامام احمد)ی دانرای(ابن قدامة المقدسي،ت:٦٢٠ك/١٢٢٢ز)و چەندانی تریش،مێنتاڵێکی ناوازەی مەسائیله فیقهیه جۆراوجۆرەکانه،لە ڕوانگە و گۆشەنیگای حەنبەلیەکانەوە،توێژەری بوارە فیقهیەکان ناتوانێت بە بێ گەڕانەوە بۆئەم سەرچاوانە توێژینەوەیەکی بێ کەموکورتی بە ئەنجام بگەیەنێت.ئەمەو لەم بوارەدا(ابن الجوزي،ت:٥٩٧ك/١٢٠٠ز)کتێبێکی بە پێزی بە ناونیشانی(مناقب الامام احمدبن حنبل)نووسی،کە وێڕای لایەنە مێژووییەکەی حەنبەلیەکان تیشکی خستۆتە سەر بیروباوەڕو بنەماکانی ئاینزای حەنبەلی،ئێمەش لە زۆر شوێنی توێژینەوەکەماندا سوودمان لێوەرگرتووە،هەروەك(ابن قدامة المقدسي،ت:٦٢٠ك/١٢٢٢ز)چەندین کتێبی لەسەر بیروباوەڕی حەنبەلیەکان نووسی،وەکو(لمعةالاعتقاد)و(الصراط المستقيم)و(اثبات صفة العلو)و چەندینی تر،دواتریش(ابن تيمية الحراني،ت:٧٢٨ك/١٣٢٨ز)،کە زانایەکی گەورەی حەنبەلیەکانە،وەکو جەمسەرێکی بەهێزی ئاینزای حەنبەلی دەرکەوت و چەندین دانراوی وەکو(مجموع الفتاوی)و(مجموع الرسائل والمسائل)و(درء تعارض العقل والنقل)و(القضاء والقدر)و چەندانی تری نووسی و خاڵی لەسەر تەواوی پیت و وشەکانی ئەفکاری حەنبەلیەکان داناو بیروباوەڕی حەنبەلیەکانی بە تەواوی ناساند و میتۆدی ڕەتکردنەوەی ئەوی دی و ڕەتدانەوەی گروپە جیاوازەکانی ئیسلامی گرتۆتە بەر،ئەمە وایکردوە ئێمە لە زۆرینەی بەش و تەوەرەکانماندا سوودی لێوەربگرین،دواتریش(ابن القيم الجوزي،ت:٧٥١ك/١٣٥٧ز)،بۆ هەمان مەبەست بە نووسینی چەندین سەرچاوەی وەکو(اعلام الموقعين عن رب العالمين)و(مدارج السالكين بين منازل اياك نعبدوا واياك نستعين)و(مفتاح دارالسعاد و منشور ولايةالعلم والارادة)،سەرچاوە عەقیدەییەکانی حەنبەلیەکانی هێندەی تر دەوڵەمەند کرد،کە توێژینەوەکەی ئێمەش بێ بەش نەبو لە دەوڵەمەندبوون بە زانیاریەکانی ئەو سەرچاوانە،جگە لەوانەش گرنگترین سەرچاوەیەك کە زۆرترین سوودمان لێوەرگرتووە(شرح العقيدة الطحاوية)ی دانرای(ابن ابي العزالدمشقي،ت:٧٩٢ك/١٣٩٠ز)ە،کە وێڕای خستنەڕووی ئایدۆلۆجیەتی حەنبەلیەکان ئایدۆلۆجیەتی موعتەزیلەکانیشی لێك شیتاڵکردوە.

**ب-سەرچاوەکانی ڕەتدانەوە**

ئەمانە ئەو کتێبانە پێکدێن کە نووسەرەکانیان میتۆدی ڕەتکردنەوەی ئەوی دی و خستنەڕووی بیروباوەڕی گرووپە دژەکانیان(موعتەزیلەکان)و،پاشان ڕەتدانەوەو لێکشیتاڵکردنیانیان گرتۆتە بەر،کەتیایدا زۆرجار تەکفیری گروپی بەرانبەریان کردوە،لەوانەش(الرد على الجهمية والزنادقة)ی پێشەوای حەنبەلیەکان(احمد بن حنبل،ت:٢٤١ك/٨٥٥ز)ە،کە نووسەر هەوڵیداوە تەواوی وێستگە باوەڕییەکانی گروپی بەرانبەر(موعتەزیلەکان)ڕەتبکاتەوە،هەروەك(الامام الدارمي،ت:٢٨٠ك/٨٩٤ز)و(الامام ابن مندة،ت:٣٩٥ك/١٠٠٥ز)هەریەکەیان کتێبێکی لەژێر ناونیشانی(الرد على الجهمية)یان لەسەر هەمان میتۆدی(ابن حنبل)ی پێشەوایان نووسی،ئەمەو حەنبەلیەکان میتۆدی ڕەتدانەوەی ئەو بیروباوەڕانەی لە بیروباوەڕەکانی ئەمان ناچن،وای لێکردون لە هەموو سەردەمێکدا کتێبی ڕەتدانەوەیان هەبێت،بۆیە(ابن تيمية،ت:٧٢٨ك/١٣٢٨ز)کتیبێکی بەناونیشانی(بيان تلبيس الجهمية في تاسيس بدعهم الكلامية)نووسی و(ابن القيم الجوزي،ت:٧٥١ك/١٣٥٧ز)یش(مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة)ی نووسی،کە

نووســـەرەکانیان بـــە بەڵگـــەی نـــەقڵی و عـــەقڵی بیروبـــاوەڕی گروپـــی بەرانبـــەریان هەڵوەشـــاندۆتەوە شوێنکەوتەکانیشیان بە داهێنانکار و گومڕا هەژمارکردوە،جا ئەم سەرچاوانە کەرەستەی گرنگ بە پێزی توێژینـەوەکامان بـوون لـە زۆرلایەنەوەنوەکو(مێژوو،مەسـەلەی خـەلقی قورئـان و کـەلامی ئیلاهی،سیفاتەکانی خودا،قەزاوقەدەر).

**چوارەم:ژێدەرەکان**

هەرچی ژێدەرەکانن،بۆ خۆیان بە جۆرە جیاوازەکانیانەوە مێنتاڵ و کەرەستەیەکی ڕەنگاڵەی مێژوویی و فیکری و باوەڕین و بە هۆی فرەیی ڕۆشنبیریەکەیانەوە سروشتێکی ناوازەیان پێداون،هەرچەندە هەندێك لـەو سەرچـاوانە زانیـاری چـەندبارە و(تەقلیـدی)یان تۆمـارکردوە بـەبێ شـرۆڤەکاری و لێکدانەوە،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا ئێمە سودێکی زۆرمان لێوەرگرتوون بۆ توێژینەوەکەمان و توێژینەوەکامان پێ دەوڵەمەند کردوە،کە ئێمە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین،لەسەروی هەموویانـەوە دەکرێت ئامـاژە بـە(مـذاهب الاسـلاميين)ی(الـدکتور عبدالرحمن بدوي)و(تـاريخ المـذاهب الاسـلامية)ی دانـراوی ئیمـام(محمدابوزهرة)و(المعتزلـة ومشـکلة الحريـة الانسـانية)ی مێـژوونووس(دکتـور محمـد عمارة)و(المعتزلـة)ی(زهـدي حسـن جـارالله)بکەین،کـە سـەبارەت بـە موعتەزیلـەکان و مێژووەکـەیان و دەرکـەوتنیان و بیروباوەڕەکانیـان گـەلێك زانیـاری بـە نرخیـان تێدایە،هـەروەك نابێ(ضحى الاسلام)ی(احمد امين)و(المذهب الحنبلي)یەی(الدکتور عبدالله الترکي)و(المـدخل الى مـذهب الامـام احمد بن حنبل)ی عەلامە(ابن بدران الدمشقي)نادیدە بگرین،چونکە تژین لە زانیاری دەگمـەن و نـاوازە لـە مـەڕ گـروپ و ئـاینزای حەنبەلیـەکان و بۆ(دەروازە)و(بەشـی سـێیەم)ی توێژینەوەکـەمان سـوودێکی گـەورەیان پێگەیاندوین،ئەمـە سـەرباری هەنـدێك ئایـدیای موعتەزیلەکان،جگـە لەوانـە گـرنگترین نامـەی ئـەکادیمی کـە سوودمان لێوەرگرگرتووە،بریتین لە ماستەرنامەی(منهج المعتزلة في توحيد الاسماء والصفات)ی(عبـداللطيف بـن ريـاض العکلـوك)و تێزی دکتـۆرای(موقـف الشـيخ الاسـلام ابـن تيميـة مـن المعتزلـة في المسـائل العقيـدة)ی توێژەر(قدرية عبدالحميد شهاب الدين)،کە شرۆڤەی ئەفکاری موعتەزیلـەکانیان کـردوە و هەنـدێکجار بـە بیری ئوسوڵی ئیسلامی سوننە ڕەتیانداونەتەوە،کە بۆ ئێمە ئێجگار بە بایەخ بوون

# بەشی یەکەم

## کورتەیەك لەسەر موعتەزیلەو حەنبەلیەکان

### باسی یەکەم: موعتەزیلەکان

تەوەری یەکەم: چەمك و زاراوەی موعتەزیلەکان و هۆکارەکانی ناونانیان

تەوەری دووەم: پێشینەیەکی فیکری ئیعتیزالی پێش دەرکەوتنی موعتەزیلەکان وەکو گروپ

( ٦٣ ك _ ١٠٠ ك/٦٨٢_٧١٨ز )

تەوەری سێیەم: دەرکەوتنی موعتەزیلەکان و بنەماکانی باوەڕ لای موعتەزیلە

### باسی دووەم: حەنبەلییەکان

تەوەری یەکەم: حەنبەلیەکان، سروشت و تایبەتمەندی

تەوەری دووەم: بنەماکانی ئاینزای حەنبەلی

## باسی یەكەم :موعتەزیلەكان

## چەمك وزاراوەی موعتەزیلەكان و هۆكارەكانی ناونانیان

چەمك وزاراوەی موعتەزیله چەشنی زۆرێك له چەمك و زاراوەی كۆمەڵەو گروپ و ئاینزاكانی تری ئیسلام تێڕوانین و بیروبۆچوونی جودا جودای لەسەرە، بەڵام زۆرێك لەسەرچاوەكان لەوەدا هاوشێوەن،كه ئەم چەمكه بۆسەرچاوگی(عزل)دەگێڕنەوە،كه بەواتای(دووركەوتنەوەو كەنارگرتن و وازهێنان)دێت.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم زاراوەیه لای(ابن منظور)به واتای دوركەوتنەوەو وازهێنان و جیابونەوە له كەسێك یان له شتی یەكەم دێت[1]. وێڕای(ابن منظور)هەریەكه له(مرتضى الزبیدي)[2] و(الصاحب بن عباد) [3] و(الفراهیدی)[4] و(ابن سیده)[5] و(ابن فارس)[6] لەبەرهەمەكانیاندا زاراوەی(الاعتزال)یان بۆ هەمان واتای(دووره پەرێزی و وازهێنان و جیابوونەوە)له شتێك یان كەسێك یان هەڵوێست و ڕووداوو باوەڕێك بەكارهێناوە.ئەمە سەرباری ئەوەی زاراوەكه لای(فیروز ابادي)، لەفەرهەنگە زمانەوانیەكەیدا بۆ واتای (جیابوونەوە)و پاشان(كەنارگرتن)بەكارهاتووە[7] و(احمد مختارعبدالحمید)یش،كه زمانەوانێكی هاوچەرخە زاراوەی (الاعتزال)ی بۆ هەمان واتا بەكارهێناوە كه لای (فیروز ابادی) بەكارهاتووە[8].لەمەوە دەگەینه ئەوەی كه چەمكی(موعتەزیله)كۆی زاراوەی(اعتزال)ە،كه له چاوگی(عزل)ەوە هاتووە،خودی زاراوەی(اعتزال)بۆتاكەكەس دەگەڕێتەوە،بەڵام به كۆی ئەوانەی كه(عزل)یان كردوە لەباوەڕێك یان كۆمەڵێك،دەگوترێت(موعتەزیله)واته(جیابوەوەكان،كەنارگرتوان،دورەپەرێزان).

ئەمەو زاراوەی (اعتزال) له ڕوی زمانەوانیەوە له قورئانی پیرۆزیشدا به چەندین واتای جیاواز هاتووە،هەروەك ئایەتی (وَإِنْ لَمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ)،[9] كه لێرەدا(فاعتزلون)بۆ دوركەوتنەوەو وازهێنان بەكاردێت،واته دوركەوتنەوە و وازهێنان له باوەڕێك كه لای كەسێك پەسەند نیه.هەروەها لەئایەتێكی دیكەدا پەروەردگار له زاری پەیامبەر(ابراهیم)ەوە دەفەرموێت(وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ)،[10] لێرەشدا زاراوەی (اعتزل)واتا(دووركەوتنەوە و كەنارگرتن و جیابوونەوە)،ئەمەش ئەوكاتە بوو كه(ابراهیم)پەیامبەر له لایەن كۆمەڵگاكەیەوە دەربەدەركرا و ئەویش لێیان جیابوویەوەو دووری گرت لێیان،[11] جێی خۆیەتی ئاماژە

---

[1] لسان العرب،باب عزل،٤٤٠/١١.

[2] تاج العروس،باب (ع.ز.ل)،٤٦٥/٢٩.

[3] المحيط في اللغة،باب عزل،٣٨٧/١.

[4] العين،باب (ع.ز.ل)،١٤٧/٣.

[5] المخصص،٤٩/٢.

[6] معجم مقاييس اللغة،٣٠٧/٤.

[7] قاموس المحيط،فصل العين،١٠٣١.

[8] معجم اللغة العربية المعاصرة،باب عزل،١٤٩٥.

[9] الدخان/٢١.**مانای ئایەتەكەش بەم شێوەیە"ئەگەر هەر بڕوام پێ ناهێنن،ئەوا دوورم لێ بگرن و وازم لێ بێنن"**

[10] مريم/٤٨.

[11] ئەحمەد كاكه محمود:تەفسیری ڕامان،لا٣٠٨.مانای ئایەتەكەش بەم شێوەیە" من له ئێوەو لەو بتانەشی كه له بری خودا هاواریان بۆ دەبەن و دەیانپەرستن، كەنارو دوردەگرم و لێتان جیادەبمەوە".

**بەوە بکەین،کە موعتەزیلەکان ڕاڤەی خودی(تەئویل)یان بۆ ئەم ئایەتانە کردوەو مەبەستیشیانە لەم ئایەتانەوە شەرعیەت بە جیابوونەوە(عزل)ەکەیان بدەن و خۆیان بە لەسەر ڕێگا ڕاستتر هەژمار بکەن،ئەوەتا یەك لەو ئایەتانەی وەکو پشتگیری بۆ(عزل) و دووره پەرێزی و جیابوونەوەکەیان دەیکەنە بەڵگە ئایەتی(وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ)ە، [1] کە هەندێك لەیارانی ئەشکەوت بە هەندێکی دیکەیانی دەگوت((بڕیارە ئێوە کەنار بگرن و دوورەپەرێزبن لەخەڵك وپەرستراوەکانیان،کە لە بری خودا دەیانپەرستن))، [2] لێرەشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت،کە موعتەزیلەکان ویستویانە لە ڕێگەی ڕاڤەخودیەکانیانەوە بۆ ئەم ئایەتانە پەیامێك بچرپێنن بەگوێی ئەوانەی لەمان ناچن،بەوەی کە ئێمە خۆمان لە بەلاڕێدا چونەکانتان دورەپەرێز دەگرین.**

**هەروەها لەم بارەیەوە لە دێڕە شیعرێکی (الاحوص) [3] ی شاعیردا بەڕوونی زاراوەی(اعتزال)بەدیدەکرێت،کاتێك دەڵێت:**

**یا بیت عاتكة التي أتعزل حذر العدى وبه الفؤاد موكل [4]**

**ڕاستە زاراوەی(اعتزال)وەکو زاراوەیەکی تایبەت بە موعتەزیلەکان ناسێنراوە،بەڵام کرداری جیابوونەوەکە(عزل)پێش پەیدابوونی ئەم گروپەش هەرهەبووە،ئەوەتا هەندێك لە لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان زاراوەی(اعتزال)و کەنارگرتن لە کێشە سیاسیەکاندا پێشتر بەکاهاتووەو ئەم ناولێنانەشیان بۆ لایەنی سیاسی گێڕاوەتەوە،چونکە لە جەنگی(جەمەل)دا، [5] کە لەنێوان(علی) و(عائشة)دا سەریهەڵدا؛هەندێك لە**

---

[1] سورة الكهف/الآية ١٦.

[2] ئەحمەد كاكە محمود: تەفسیری ڕامان،ل٢٩٥.**مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە" بڕیارە ئێوە کەناربگرن و دوورەپەرێزبن لەو خەڵکەو لە پەرستراوەکانیان کە لە بری خودا دەیانپەرستن".**

[3] الاحوص الشاعر:ناوی تەواوی(أبوعثمان عبدألله بن محمد بن عبدألله بن عاصم بن ثابت بن أبي الأقلح ألأنصاري)ەو نازناوەکەشی(أبو عاصم)ە کە لەساڵانی(١٠١_١١٠ك/٧١٩_٧٢٨ز) ژیاوە، هەر لەبارەیەوە(عقیل بن خالد)وەسفی (الاحوص)بەوە دەکات کە لەنێو خەڵکیدا کەسێکی باش نەبووە،بۆیە باس لەوە دەکرێت کە خەلیفە(عمر بن عبدالعزیز ٩٩_١٠١ك/٧١٧_٧١٩ز)دوری خستۆتەوە بۆ جەزیرەی(دهلك)بەهۆی زۆری داشۆرینەکانیەوە،هەندێکی تریش دەڵێن(سلیمان بن عبدالملك ٩٦_٩٩ك/٧١٥_٧١٧ز)دووری خستۆتەوە لەبەرئەوەی لە هۆنراوەکانیدا باسی جوانی(عاتكة بنت یزید بن معاویة)ی دەکرد و پیایدا هەڵدەدا.بڕوانە:(شمس الدین قایماز:تاریخ الاسلام و وفیات المشاهیر والأعلام،١٥/٣؛الذهبي:سیر أعلام النبلاء،٥٩٣/٤).

[4] الجواهري:الصحاح تاج اللغة والصحاح العربیة، باب عزل،ص١٧٦٣.**مانای هۆنراوەکەش بەم شێوەیە" ئەی ماڵی عاتیکە،کە لێم دووری،لەترسی دوژمنایەتی و دڵیش بەوەوە بەستراوە(واتە دڵی بە ماڵەکەی"عاتکە بن یزید بن معاویە")وە بەستراوەتەوە".**

[5] جەنگی جەمەل:ئەو جەنگە بوو کەلەساڵی (٣٦ك/٦٥٦ز) لە نێوان (علی) لەلایەك و (تەلحە و زوبێر و عائیشە) لەلایەکی ترەوە لەنزیك شاری(بصرة) ڕویدا،هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە(طلحة و زوبیر)پێیان وابوو کەمتەرخەم بوون لە پاراستنی(عثمان بن عفان)،بۆیە دوای بەیعەت دان بە(علي بن ابي طالب)بەرەو شاری(مکة)بەڕێ کەوتن و لەوێ گەیشتن بە (عائشە) و بڕیاریان دا پێکەوە تۆڵەی شەهید کردنی(عثمان بن عفان) بکەنەوە، پاشان لەگەڵ شوێنکەوتەکانیاندا بەرەو بەسرە بەڕێ کەوتن،بەڵام (عثمان بن الحنین) ی والی بەسرە پێی ڕاگەیاندن،کە ڕێگە نادات بچنە شارەکەوە تاکو (علي بن ابي طالب) دێت،لەوکاتەدا خەڵکێکی زۆری شاری بەسرە و دەوروبەری چونە ڕیزی سوپاکەی تەلحەو زوبێر و عائیشەوە،( علي بن ابي طالب)یش کە ئەمەی بیست بەخۆی و (١٠)هەزار سەربازەوە بەرەو لایان کەوتە جوڵە،لەوکاتەدا (علي بن ابي طالب) نێردراوی نارد بۆلای تەلحەو زوبێر و ڕێککەوتن لەسەر شەڕنەکردن،بەڵام دواتر(سەبەئیەکان)کەبکوژانی عوسمانیش بوون، لەبەرەبەیاندا هێرشیان کردە سەر تەلحەو زوبێر و ئەوانیش لایان وابوو سوپاکەی علی خیانەتیان کردوە،بۆیە ئەوانیش هێرشی پێچەوانەیان

**هاوەڵان بەشداری جەنگەکەیان نەکرد و خۆیان دورەپەرێزگرت لەو کێشە و ئاڵۆزیانەدا،وەکو(عبدالله بن عمر،سعد بن أبي وقاص،محمد بن مسلمة الانصاري،أسامة بن زيد بن ثابت)،[1] لەڕاستیدا ئەم جیابوونەوەیە هەرچەندە لەڕووی زمانەوانیەوە واتای(جیابوونەوە و دورەپەرێزی)دەدات،بەڵام لە ڕووی چەمك و واتاوە بەهیچ تەرزێك پەیوەندی بە جیابوونەوەو کەنارگرتنی یەکجاریەوە نەبووەو نیە،بگرە ئەمەی ئەمان ئەنجامیاندا وابەستەگی بوو بە پێشینی خۆیانەوە نەك دوورکەوتنەوە و جیابوونەوە(عزل)یان لەپێشینی خۆیان و گوتەزاکانیان کردبێت.**

**بەڵام هۆکاری ناو لێنانیان بە(موعتەزیلە)لەلایەن لێکۆڵەر و مێژوو نووسانەوە ڕاجیایی لەسەرە: .**

**١- هەندێك هۆکاری ناونانیان بە موعتەزیلە دەگێڕنەوە بۆ ئەوکاتەی کە جیاوازی بیروبۆچوون و فیکری لە هەمبەر مەسەلەی ئەنجامدەری تاوانی گەورە(مرتكب الكبيرة)،لە نێوان(واصل بن عطاء الغزال)[2] و(حسن البصری)[3] مامۆستایدا هاتەکایەوە،بەوەی (واصل)پێچەوانەی (خەوارج)[1] کە پێیانوایە ئەنجامدەری تاوانی**

---

ئەنجامدا،لایەنگرانی (علي بن ابي طالب)ش لایان وابوو سوپاکەی تەلحەو زوبێر خیانەتیان کردوە، ئیتر جەنگێکی قورس لەنێوانیاندا بەرپابوو،تیایدا تەلحەو زوبێر و ژمارەیەکی زۆر لەهەردولا کوژران.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (الطبري: تاريخ الطبري،٣/٣؛ابن الأثير:الكامل،٩٩/٣؛عثمان الخميس:دەمێك لە مێژوی ئیسلام،لا ١٨٥_١٩٣).

[1] علي بن سعد الضويحي:آراء المعتزلة الأصولية،ص٦٧_٦٨؛بڕوانە:(سعد رستم:الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات،ص٩١؛هاوژین مەلائەمین:دەروازەیەك بۆ ئاشنابون بەزانستی کەلام،لا٦٥_٦٦).

[2] واصل بن عطاء الغزال:ناوی تەواوی (أبوحذيفة واصل بن عطاء المعتزلي البصري)یە،نازناوەکەشی(الغزال المتكلم)ە،جا ناوبراو قسەزانێکی زۆربلێ بووە و لەپیتی (ر)دا زمانی گرتویەتی،بەلأم لەبەر لێهاتوییەکەی لەڕووی زمانەوانیەوە پیتی (ر)ی لەوتارەکانیدا دووردەخستەوە و پیتی (غ)ی لەجێگەی دادەنا، بە ئەندازەیەك کە وتارەکانی تەواو دەکرد بەبێ ئەوەی ئامادەبوان گوێیان لە پیتی(ر)بێت، تائەوەی کە ئامادەبوانی مەجلیسەکەی وایان دەزانی زمانی نایگرێت و کێشەی زمانی نیە، بۆیە پێشی وتراوە(الغزال) لەبەرئەوەی لەبازاڕی سوف و ڕستن و چنینەکاندا لای هاوەڵێکی دادەنیشت بۆئەوەی ئەو ئافرەتانە بناسێت کە دەست کورتن و لەبەر دەست کورتیەکەیان دەهاتن کاری ڕستن و چنینیان دەکرد تاکو خێریان پێ بکات و یارمەتی مادیان بدات،سەرباری ئەوانەش دەوترێت (واصل بن عطاء) مەولای (بني طبة) بووە و هەندێکی تریش دەڵێن مەولای (بني مخزوم)بووە و لەساڵی(٨٠ك/٦٩٩ز)لەشاری مەدینە لەدایکبووە و لەتەمەنی(٢٠)ساڵیدا چۆتە شاری(بصرە)و ئامادەی وانەوتنتنەوەکانی (حسن البصری)بووە،ئەمەوناوبراو یەکێك بووە لەسەرداره کەلامیەکان لە زانستی کەلام و زانستەکانی تریشدا،هەروەها پێشەواو گەورەوسەرداروبەدیارخەری موعتەزیلەکان بووە.ناوبراو لەساڵی(١٣١ك/٧٥١ز) کۆچی دوایی کرد.بڕوانە(الاشعري:مقالات الاسلاميين/١/١٧؛قاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٥١؛ابن خلكان:وفيات الاعيان،٧/٦؛اليافعي:مرآت الجنان،٢١٥/١؛الذهبي:ميزان الاعتدال،١١٨/٧؛السفاريني:لوامع الانوار البهية، ١٢/١).

[3] حسن البصری:ناوی(الحسن بن سيار البصری"أبوسعيد")ە،گەورە و(فەقیە)ی سەردەمەکەی خۆی و پێشەوایان بووە،لەساڵی(٢١ك/٦٤٠ز) لەشاری مەدینە لەسەردەمی خەلیفە(عمربن خطاب)دا لەدایکبووە(واتە لە دووساڵی کۆتایی خیلافەتەکەیدا)و لەناوچەکانی حیجازدا گەورە بووە و لەسەردەستی زاناکانیان فێری زانستە شەرعیەکان بووەو هەرلە حیجاز و لەگەڵ خەلیفە(عثمان بن عفان) ئامادەی وتاری هەینی بووە و گوێی لەوتارەکانی(عثمان) گرتووە و شایەتحاڵی شەهیدکردنیشی بووە،کە ئەوکات تەمەنی(١٤)ساڵ بووە، دواتر لەبەراییەکانی ساڵی (٤٠ك/٦٦٠ز)لەگەڵ باوکیدا چۆتە شاری بەسرە و لەوێ نازناوێکی نوێی وەرگرتووە وبە(حسن البصری)ناسراو ناوبانگی دەرکرد،ئەمە و دایك یحەسەن ناوی(خیرە = خەیرە)بووە و مەولای(أم سلمة)ی خێزانی پەیامبەر(د.خ) بووە و باوکیشی مەولای (زيد بن ثابت) بوو.هەروەها حەسەن چەندین لەگەورە هاوەڵانی بینیوە و هاوسەردەمیان بووە و زانیاری لێوەرگرتون(هەربۆیە حەسەن بووبەو کەڵەزانایەی کە مێژوو باسی بکات).وێڕای ئەوانە(حەسەن)ڕەوانبێژترین و زاناترین و لەخواترسترین و فەقیهترین کەس بووە و زانابووە لە زانستە

**گـەورە لـە بازنـەی ئیسـلام دەچـێتە دەرەوەو بـێ بـاوەڕ دەبێت،بـەڵام پەیڕەوانی(مورجیئـە)،[2] لـەو بڕوایـەدا بوون،کـە تـاوانی گـەورە زیـان بـە بـاوەڕ ناگەیـەنێت و خاوەنەکـەی لـە نێـو بازنـەی ئیسـلام دەمێنێتـەوە؛ئـەم پێیوابـوو خـاوەن تـاوانی گـەورە نـە بـاوەڕداری ڕەهایـە و نـەبێ بـاوەڕی ڕەها،بـەڵکو لەپلەیەکدایـە لـەنێوان ئەودووپلەیـەدا(المنزلـة بين المنـزلتين)،پاشـان(عمرو بـن عبيـد)[3] دایـە پـاڵی و(حسـن البصـري)یش لـەکۆڕی**

---

ئیسـلامیەکان و سـەرداری فـەرموودە ناسـان و ڕاڤـەکارانی قورئـان و دەق بـووە وکـۆڕی وانەوتنـەوەکانی لـە مزگـەوت و ماڵەوەشـیدا گـەرم بـووە و چـین و توێـژەجیاوازەکان ئامـادەی دەبوون،ئەمـە و(حەسـەن)لەمانگی(رجب)ی سـاڵی(١١٠ك/٧٢٨ز) لەشـاری بەسـرە کۆچـی دوایـی کرد.بڕوانـە(الذهبي:سـيرأعلام النـبلاء،٥٦٣/٤_٥٦؛الصـفدي:الوافي بالوفيـات،١٩٠/١٢؛ابـن العماد:شـذرات الذهب،٤٨/٢؛احمد فريد:من اعلام السلف،١٣٩/١).

[1] خـەوارج: چـەمکی خـەوارج کـۆی زاراوەی (خرج)ەیە،کـە بەواتای(دەرچـوون)هاتووە،خەوارج بـە هـەموو ئەوکەسـانە گوتراوە،کـە دەرچـوونیان کـردوە یـان دەکـەن بەسـەر فـەرمانڕەواو پێشـەوایەك کـە لەلایـەن کـۆی مسـوڵمانانەوە کـۆڕایی لەسـەر بێـت و هەڵبژێردرابێت.ئەمانـە سـەرەتای دەرکـەوتنیان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوکاتـەی کەلـە دەسـەڵاتی(علـي بـن أبـي طالـب) دەرچـوون،بەتایبەت لـە جەنگی(صـفين ٣٧ك/٦٥٧ز)و لـە دوای مەسـەلەی داوەری(التحكيم)،دواتـر چـوونە گونـدێك بـەناوی(حـروراء)و لـەوێ یەکـەمین کۆبوونـەوەی خۆیـان ئەنجامـدا و بڕیـاری دژایـەتی کردنـی(علـي و معاويـة و عمـر بـن عـاص) یـان دا،لێـرەوە بـە(حروريـة)ش نـاودەبران،دواتر خەوارجـەکان بـوون بـە(٢٠)دەسـتەوەو هەمووشـیان لـەوەدا هـاوڕابوون کـە(عثمـان و علـي)بـە بـێ بـاوەڕ هەژماربکەن،بڕوانـە(البغـدادي:الفرق بـين الفـرق،ص٧٢؛الشهرسـتاني:الملل والنحـل،١٣٢/١؛سـعيد بـن علـي بـن وهـف القحطاني:کێشەی تەکفیرکردن،لا٨٠_٨١).

[2] مورجیئـە:ناوی ئـەم گروپـە لـە(ارجـاء)واتە(دواخسـتن)ەوە هاتووە،واتـە دواخسـتن و جیاکردنـەوەی کـاروکردەوە لەنیـەت و وابەسـتەگی دڵ،بەواتایـەکی تـر کـارو کردەوەیـان بەباوەڕنـەدەزانی، (بـەڵکو پێیـانوابوو بـاوەڕ لەدڵەوەیـە و کـردەوەش مـەرجی باوەڕنیە)،هـەروەها بـە واتـای ئومێـد پێـدانیش دێت،چـونکە مورجیئـەکان پێیـانوابوو تـاوانی مـەزن زیـان بـە ئیمـان ناگەیـەنێت هـەروەك چـۆن گوێڕایـەڵی و پەرسـتن و کـاری چـاکە لەگـەڵ بێباوەڕیـدا هـیچ سـودێکی نیە،لەبـەر ئەمـە پێیـان وابـوو نـابێ بڕیـار لـە چارەنوسـی تاوانکـاری مـەزن بـدەین و پێویسـتە وازی لێبهێـنین بـۆ ڕۆژی دوایی،بـەڵگو خـودا لێـی ببورێت،بۆیـە نـابێ هەرلـە دونیـادا بڵـێین تاوانکـاران بەهەشـتین یـان دۆزەخین،چـونکە خـودا بۆخـۆی پاداشـت و سـزای بـۆ ڕۆژی دوایـی دواخسـتووە،هەرلەبەرئەمەیە پێیـان وتراوە(مورجیئە)ئەمـەو ئـەم گروپـە لە(دیمەشـق)ی پایتـەختی ئەمەویەکانـدا سـەریان هەڵدا.بڕوانـە:(البغـدادي:الفرق بـين الفـرق،ص٢٠٢؛الشهرسـتاني:الملـل والنحـل، ١٦١/١؛ابـن قدامـة المقدسـي:لمعة الاعتقـاد،ص١٦٢_١٦٣؛نصـرحامد ابوزيـد:الاتجاه العقلـي،ص١٧؛کـەیوان ئـازاد ئەنوەر:زەندەقـە،لا١٩٧؛سـلیمان مەزهەر:چـیرۆکی ئاینـەکان،لا٥٦٤؛هـاوژین مـەلا ئەمین:دەروازەیـەك بۆئاشنابون بەزانستی کەلام،لا٦٨).

[3] عمـرو بـن عبيـد:ناوی تـەواوی(أبو عثمـان عمـرو بـن عبيـد بـن بـاب)ە و لەسـاڵی(٨٩ك/٦٩٩ز)لەشـاری بەسـرە لەدایکبووە،مـەولای(بني عقيـل)بووەو باپیریشـی منـداڵی یـەك لەدیلکراوەکانی(کابل)بووە،کەدەکەوێتـە وڵاتی(سـند)ەوە،( عمـرو بـن عبيـد)یـەك لـە سـەرانی موعتەزیلـە بـووە و هـاوڕێ لەگـەڵ(واصـل بـن عطـاء)دا لـەکۆڕی وانەوتنەوەکانی(حسـن البصـري)جیابونەوە،هەروەها یـەك لـە کەلامیـە چـالاك و شـارەزاکانی بـواری فـەرموودە و(فیقـە)و زانسـتە نەقڵیـەکان بـووە،(عمرو)لـە ڕێگـای شـاری مەککـەدا مردووە،بـەڵام سـەبارەت بـەمردنی ڕای جیاهەیە،هەنـدێك دەڵـێن لەسـاڵی(١٤١ك/٧٦١ز) مـردووەو هەنـدێکی تـریش سـاڵانی(١٤٢ك/٧٦٢ز) و (١٤٣ك/٧٦٣ز) و (١٤٤ك/٧٦٤ز)یـان بـۆ مردنـی داناوە.بڕوانـە:(الاشـعري:مقالات الاسـلاميين،ص١٨_١٩؛ابـن خلكان:وفيـات الاعيـان،٤٦٠/٣_٤٦٣؛الصـفدي:الوافي بالوفيـات،٦٣/٢٣_٦٤؛الـذهبي:ميزان الاعتـدال،٦/ ١٠_١٠٦؛ابن العماد:شذرات الذهب،١٩٥/٢_١٩٦).

**وانەوتنەوەکەی وەدەری نان و وتی(واصل)لێمان جیابووەوەو دورەپەرێزی هەڵبژارد،بۆیە لەوکاتەوە بەخۆی و شوێنکەوتەکانی تێڕوانینە نوێیەکەی گوتراوەو دەگوترێت(موعتەزیلە).[1]**

**٢- گروپێکی دیکە پێیانوایە ناولێنانیان بە موعتەزیلە بۆ ناولێنانەکەی (قتادة بن دعامة)[2] ی تابعی دەگەڕێتەوە،کەیەك لە هاوەڵەکانی(حسن البصري)بوو،ئەمەش ئەو کاتە بوو،کە(قتادة بن دعامة)دەبینێت(عمرو بن عبید)لەگەڵ کەسێکی دیکەدا لەکۆڕی وانە وتنەوەکانی(حسن البصري)جیابونەتەوەو کۆڕێکی تایبەت بە خۆیان دامەزراندوە،لەو کاتەدا دەنگیان بەرز کردبووەوە قەتادەش پێی وابوو کۆڕەکەی(حسن البصري)ە،بەڵام کە دواتر بۆی ڕوون بووەوە(حسن البصري)و هاوەڵانی نین،وتی(ئەوانە موعتەزیلەکانن)ئیتر لەوکاتەوە ناوی موعتەزیلەیان بەسەردا سەپا،[3] هەندێکیش ئەمە بەبەڵگە دەهێننەوە بۆئەوەی،کە دەرکەوتنی موعتەزیلەکان بۆ(عمرو بن عبید)دەگەڕێتەوە،چونکە یەکەم جار(عمروبن عبید)لە کۆڕەکەی(حسن البصري)جیابوویەوە،بەڵام ئەمە تا ڕادەیەك لاوازە،چونکە زۆرینەی ڕاکان لەسەر ئەوەن کە بەهۆی هاونشینیەوە بووە لەگەڵ(واصل)داو تەنها ئەویش لەدوای(واصل بن عطاء)کۆڕەکەی(حسن البصري)بەجێ هێشتووە،[4] ئەم باسە هەرجۆرێك بێت ئەو ڕاستیە ناگۆڕێت،کە(موعتەزیلە)ناوێك بووە لەلایەن نەیارەکانیانەوە لێیاننراوە.**

**٣- هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسان ولەنێویشیاندا(جولدتسهیر)و هاوبیرەکانی لەو بڕوایەدان کە موعتەزیلەکان بۆیە بەو ناوەوە ناونراون،لەبەر ئەوەی شوێنکەوتەکانیان لەوکەسانە بوون،کە خۆیان بۆ پەرستش و دینداری یەکلاکردبووەوەو خۆیان لەخەڵکی جیهانی ئیسلامی جیاو دابڕیوەو گۆشەگیریان هەڵبژاردوە،[5] بەڵام لەم بۆچوونەیاندا نەیانپێکاوە،چونکە هەرچەندە ناوبراو دەکرێ ئەم تەفسیرەی وەکو هەڵهێنجانێك(الاستنباط)لە**

---

[1] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٢٠_٢١ ، ١١٧_١١٨؛الشهرستاني:الملل والنحل،١ /٦١_٦٢؛السفاريني:لوامع الانوار،١٢/١؛التهانوي:موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون،ص١٥٧٤؛الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٥٧_٥٨؛كارل بروكلمان:تاريخ الشعوب الاسلامية،ص٢٠٧؛كوربان:تاريخ الفلسفة الاسلامية،ص١٧١؛سعيد بن علي بن وهف القحطاني:کێشەی تەکفیرکردن،لا٨٥، ٨٦؛کەیوان ئازاد ئەنوەر:مێژووی ئاینەکان،١/١٩١_١٩٢.

[2] قتادة بن دعامة: ناوی تەواوی(قتادة بن دعامة السدوسي)ەو نازناوی(ابوالخطاب)ە،لەساڵی(٦١ك/٦٨٠ز)لەشاری(البصرة)لەدایکبووە،،لەساڵی(١١٨ك/٧٣٦ز)لەشاری(واسط)کۆچی دوایی کردوە،ناوبراو یەك لەزانا گەورەکانی تابعیەکان بووەو لەزۆر بواردا شارەزابووە،بەتایبەتی لە(زانستی فەرموودەو تەفسیری قورئان)دا،هەروەها لەسەردەستی زۆرێك لەزاناو ناودارەکانی ئەودەمەی جیهانی ئیسلامی زانستی وەرگرتووە،لەوانەش:(انس بن مالك،سعيد بن المسيب،حسن البصري...الخ)،سەرباری ئەوانەی باسمان کرد،ناوبراو یەکێك بووە لەوکەسانەی کە ناوی موعتەزیلەی لەو گرووپە ناوە،کەلە(حسن البصري)جیابوونەوە.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(ابن خلكان:وفيات الاعيان،٨٥/٤؛الذهبي:سير اعلام النبلاء،٢٦٩/٥؛ميزان الاعتدال،٤٦٦/٥؛ابن حجر:تهذيب التهذيب،٤٢٨/٣؛طاش كبرى زادة،٦٧/٢).

[3] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص٩؛ابن خلكان:وفيات الاعيان،٨٥/٤؛زهدي جارالله:المعتزلة،ص٢_٣؛مصطفى الحلمي:قواعد منهج سلفي،ص١٠٨؛صبري عثمان محمد:الميتافيزيقيا عندالمعتزلة،ص١٢.

[4] بڕوانە(ابن قتيبة:عيون الاخبار،ص٢٤٢)وەرگێراوە لە(علي سامي نشار:نشأة فكرالفلسفي في الاسلام،ص٣٧٥/١)؛بابا سوهەیل:موعتەزیلە،لا٤١.

[5] العقيدة والشريعة،ص١٠٠؛بڕوانە:(كوربان:تاريخ الفلسفة الاسلامية،ص١٧١؛صالح زين العابدين الشيبي:أصول الخمسة عند المعتزلة،ص١٩).

چەندین دەقی پێش خۆیەوە وەرگرتبێت و جەختی لە ڕاستێتی ئەم ناوە کردبێتەوە،بەڵام دەکرێ ناوبراو درکی بەو ڕاستیە کردبێت،کە جیهانی ئیسلامی لە قەیرانی زوهدو خوداپەرستیدا نەبووە،تاکو گروپێك خۆیان لە خراپەکاریەکانیان دابماڵن و ڕێگای زوهدو تەقواو خوداپەرستیەکی بێگەردی وابەستە بە دڵ و دەروونەوە هەڵبژێرن،ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بزانین دواتر موعتەزیلەکان لەلایەن زۆرینەی گروپەکای ئیسلامەوە تەکفیر دەکرێن،ئەمەش لەبەر ئەوەی موعتەزیلەکان ناوو سیفاتەکانی خودا و تەنانەت هەندێك دەقی پیرۆزوفەرموودەشیان دەخستە ژێر پرسیارەوەو ڕەخنەیان دەکرد،ئەمەش بە زیادەڕەوی هەژمار دەکرا لە لایەن گروپەکانی ئیسلامەوە،بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین،ئایا دەکرێت گروپێك کە لەلایەن زۆرینەی گروپەکانی ئیسلامەوە تەکفیرکراون لەسەر ڕێگای ڕاستی زوهدوخوداپەرستی بن و ئەوانی دیکەش لە دەرەوەی ئەم ڕێگایە؟

سەرباری ئەوانەش هەندێك لەو بڕوایەدان بنەمای سیاسی لە پشت ناولێنانی موعتەزیلەکانەوە بووەو پێیانوایە موعتەزیلەکان لەسەروبەندی ململانێ سیاسیەکانی نێوان(حسن بن علي)و(معاوية بن أبي سفيان ٤١_٦٠ك/٦٦١_٦٨٠ز)دا هاتنە پەیدابوون،ناولێنانەکەش بۆ ئەوکاتە دەگێڕنەوە،کاتێك(حسن بن علي)دەستبەرداری پۆستی خیلافەت بوو بۆ(معاوية)،لەوکاتەدا لایەنگرانی(علي بن أبي طالب ٣٥_٤٠ك/٦٥٦_٦٦١ز)و عەلەویەکان دوورەپەرێزی خۆیان لە(حسن و معاویە و خەڵکی بەگشتی)مانیفێست و ڕاگەیاندو چوونە مزگەوت و ماڵەکانیان و وتیان:(ئێمە خۆمان بەزانست و زانیاری و پەرستشەوە سەرقاڵ دەکەین و تێکەڵی سیاسەت نابین)بۆیە ناونراون موعتەزیلە،[1] ئەمەش دیسان هەڵەیەکی زەقە،چونکە هەموو ئەوانەی کە خۆیان لە هەردوو بەرەی ئەهلی سوننە جیاکردەوە زیاتر بۆخۆپاراستنیان بوو لەو ئاژاوەیەی بەرۆکی گرتبوون،نەك ئەوەی ئیعتیزالیان لە کۆمەڵ و گوتەزاکانیان کردبێت ئەمە لەلایەك،لەلایەکی ترەوە ڕابەرو پێشەوای موعتەزیلەکان(واصل بن عطاء)ە نەك کەسێکی تر کە ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کەدەرکەوتنی موعتەزیلەکان بۆ جیابوونەوەکەی(واصل)دەگەڕێتەوە،ئەگەر کەسێك پێش(واصل بن عطاء)ئەم کارەی کردوە بۆچی ڕابەری ئەم گروپە ئەو کەسە نیە و موعتەزیلەکان بە ناوی ئەو کەسەوە نەناسراون وەك ئەوەی بە ناوی(واصل بن عطاء)ەوە ناسراون.

٤- هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدان ناوەکەیان بەرمەبناو دەرهاویشتەی ئەو خۆداماڵینەیان بووە لەکۆدەنگی کۆمەڵی مسوڵمانان و داهێنانی بنەمای مەنزڵێك لەنێوان دوومەنزڵدا(المنزله بين المنزلتين)،کە یەك لە پێنج بنەماکەی باوەڕەکەشیانە،[2] چونکە بەداهێنانی ئەم بنەمایە خۆیان لەتەواوی باوەڕە دیارەکانی جیهانی ئیسلامی پێشینی خۆیان داماڵی و ئاینزایەکی نوێیان بە جۆری بیرکردنەوەی نوێوە هێنایە نێو مەیدانی دیالێکتیك و جەدەلە(فیقهـ_ فکری)یەکانەوە.

ئەمەو نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە هەندێك پێیانوایە(موعتەزیلە)نازناوێك بووە لە لایەن ئەهلی سوننەوە کە نەیاریان بوون لێیان نراوە،ئەمەش وەکو تانە و تەشەر و گاڵتە پێکردن بۆیان بەکاربردون،بەو پێیەی

---

[1] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٠٢؛الملطي:التنبيه والرد،ص٣٦؛مصطفى الحلمي:قواعد منهج سلفي،ص١٠٨؛عوادالمعتق:المعتزلة واصول الخمسة،ص٢٧.

[2] الأسفرايني:التبصير في الدين،ص٦٧_٦٨؛ندوة العالمية للشباب السلامي:الموسوعة الميسرة:ص٣٨؛الخياط المعتزلي:الانتصار،ص١٦٤_١٦٨.

لەکۆمەڵی مسوڵمانان جیابوونەتەوە،[1] بەڵام هەرچەندە لەلایەن نەیارەکانیشیانەوە ئەو ناوەیان لێ نرابێت،موعتەزیلەکانی ئەو ڕۆژگارە ئەو ناوەیان لاپەسەندبووەو بە فەزیلەتیان زانیوە،چونکە هەروەکو(ابن المرتضی)باسی دەکات،جەبریەکان پێیانوابووە ئەوان لە کۆمەڵی مسوڵمانان و کۆدەنگی و گوتەزاکانی پێشینی خۆیان جیابوونەتەوە،لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت موعتەزیلەکان لە(بیدعە)و داهێنانکاریەکانی ڕۆژگار خۆیان دورەپەرێز و کەنارگرتووە و ئەمەشی بە فەزیلەت هەژمارکردوە،[2] لەم گۆشە نیگایەوە دەگەینە ئەوەی کە موعتەزیلەکان هەندێك لە کردەوەو گوتەزاکانی ئەو ڕۆژگارەی جیهانی ئیسلامیان بە بیدعەو داهێنانکاری هەژمارکردوەو ئەم کارەشیان(جیابوونەوەکەیان)بە خۆپاریزی لە بیدعەکاری بە فەزیلەت و فەزڵدانی خۆیان بەسەر جگە لە خۆیاندا زانیوە،هەر بۆیە(القاضي عبدالجبار)بڕوای وایە هەموو ئەوەی لە قورئاندا بە گوزارەی(اعتزال)هاتووە ئاماژەیە بۆ جیابوونەوەو دورکەوتنەوە لەشتی پڕوپووچ(الباطل)،بۆیە پێیوایە ئەم ناوە هێندە پیاهەڵدان و سەنایە پێیاندا هێندە مایەی نەنگی نیە،[3] بەواتایەکی تر موعتەزیلەکان خاوەن فەزیلەتن،لەبەرئەوەی خۆیان لە کاری پڕوپووچ(باطل)دوورەپەرێز گرتووە.بۆ پشتگیری گوتەکانیشیان چەند ئایەتێکیان بە بەڵگە گرتووە،لەوانە(وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا)،[4] ئەمەش بەواتای(بەجوانی دەستیان لێ هەڵگرە)،[5] لەم ڕوانگەیەوە ئەوەمان لاڕوون دەبێتەوە،کە موعتەزیلەکان ئەو جۆرە خۆ بەدوور گرتنەیان لە کۆسیستەم و کۆڕا(فیقھ_فیکری)ەکانی کۆمەڵی مسوڵمانان بەیەك لە تەرزە جوانەکانی وازهێنان زانیوە،هەروەك خۆشیان پێ ڕاستتر و باشتر بووە لە گروپ و کۆڕاکانی تر.

وێڕای پەیداکردنی پشتگیری بۆ گوتەزاکانیان لە قورئاندا،موعتەزیلەکان فەرموودەی پەیامبەریشیان(د.خ) بەڕاڤەی خودییەوە بە بەڵگەگرتووە،ئەوەتا موعتەزیلەکان پێیان وایە موعتەزیلە ڕێبازێکی نوێ یان گروپ و پێشهاتێکی نوێ نەبووەو نیە،بەڵکو بۆ سەردەمی پەیامبەر(د.خ)دەگەڕێتەوە،کە بە هاوەڵانی فەرمووە(من اعتزل من الشر سقط في الخير)،[6] هەروەها فەرموویەتی(أفترقت بنو اسرائيل على أثنتين و سبعين فرقة،وتفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة،ابرها و أتقاها المعتزلة[7])،[1] لەم ڕاڤە خودییەی

---

[1] البلخي:فضل الاعتزال،ص١٢؛عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين،ص٣٧؛كاروان كامران محمود:چەمكی خەلافەت لە ئیسلامدا،لا٨٢.

[2] المنية والامل،ص٤؛هەروەها بڕوانە:(كوربان:تاريخ الفلسفة الاسلامية،ص١٧٢؛احمد محمد بناني:تنزية الله تعلى أوجية عليه المعتزلة،ص١٣).

[3] بڕوانە:(سميع دغيم:موسوعة مصطلحات علم الكلام،١/١٥٠؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٣٧٤).

[4] المزمل/١٠.**مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە" بەجوانی دەستیان لێ هەڵگرەو وازیان لێ بێنە".**

[5] ئەحمەد کاکە محمود:تەفسیری ڕامان،لا٨٨٤. تەفسیری ئایەتەکەش بەم شێوەیە**"لێرەدا خودا بە پیغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت ئێمە ئەرکێکی قورسمان بە تۆ سپاردووە کەمەبەستی(ئاینی ئیسلام)ە،بۆیە لەئاست ئەوەی بێ باوەڕان دەیڵێن هەمیشە خۆڕاگرو ئارامبەو بەشێوەیەکی جوان دەستیان لێ هەڵگرەو دووربە لێیان،واتا هیچ جۆرە ئازارێکی تێدانەبێت".**

[6] طبقات المعتزلة ص٢؛هەروەها بڕوانە:(ابن المرتضى:المنية والأمل ص٧، ٩)واتا**"هەرکەسێك خۆی دورە پەرێز بگرێت لە شەڕوخراپەکاری دەکەوێتە ناو خێرەوە".**

[7] واتای فەرموودەکەی موعتەزیلەکان بەم شێوەیەیە**"واتا بەنی ئیسرائیل بوون بە حەفتاو دوو کۆمەڵەوە،ئومەتی منیش دەبن بە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە،باشترین و بە تەقوا ترینیان موعتەزیلەکانن "**.بەلام لە ڕاستیدا لە کتێبە فەرموودەوانیەکاندا فەرموودەکە بەو شێوەیەی موعتەزیلەکان نەهاتووە،بەڵکو ئەوەی هاتووە ئەوەیە"افترقت اليهود على إحدى أو اثنتين وسبعين

موعتەزیلەکانەوە دەتوانین بڵێین پێیان وایە گروپەکەیان لە ڕزگاربووانن و ئەوانەی لەمان ناچن و جۆری بیرکردنەوەیان چەشنی ئەمان نیە،ڕۆچووی شەڕوخراپەکارین.

سەرباری ئەوناوەی لەموعتەزیلەکان نراوە،چەندین ناوو نازناوی دیکەیان دراوەتە پاڵ،لەوانە:-

١_ قەدەریەکان(القدرية)ئەم چەمکە لەوکەسانە نراوە،کەنکۆڵی و ڕەفزی قەدەریان کردوە و دەکەن لەلایەك؛ئەوانەی قەدەر بۆ باش وخراپ دابەش دەکەن لەلایەکی ترەوە،هەرچی کاری چاکەیە دەیگێڕنەوە بۆ خودا و کارە خراپەکانیش بۆ خودی مرۆڤ،[2] سەرباری ئەونکۆڵی کردنە لە قەدەر موعتەزیلەکان باوەڕیان بە تواناوئیرادەی مرۆڤ بەسەرکردەوەکانیدا هەیە،بە واتایەکی تر باوەڕیان وایە کە کردەوەکانی مرۆڤ بەرمەبناو دەرهاویشتەی توانست و ویستی خۆیەتی،[3] بە بێ ویستی خۆی مرۆڤ هیچ کارێك ئەنجام نادات. ئەوەی مایەی وتنە موعتەزیلەکان خۆیان ئەم ناوەیان لا پەسەند و پێ خۆش نەبووە،[4] ئەمەش لەبەر فەرموودەی زەمی قەدری کەپەیامبەر(د.خ)فەرمویەتی(القدرية مجوس[5] هذه الأمة)،[1] واتا( قەدەریەکان مەجوسیەکانی

---

فرقة وتفرقت النصارى على إحدى أو ثنتين وسبعين فرقة وتفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة فواحدة في الجنة وثنتان وسبعون في النار،قيل يا رسول الله من هم؟ قال:الجماعة **"ماناکەشی بەم شێوەیە"جولەکەکان دابەش بوون بۆ حەفتاویەك یان دوو کۆمەڵ،مەسیحیەکانیش دابەش بوون بۆ حەفتاو یەك یان دوو کۆمەڵ،ئوممەتی منیش دابەش دەبن بۆ حەفتاوسێ کۆمەڵ و یەکێکیان دەچێتە بەهەشتەوەو حەفتاو دووەکەی دیکەیان بۆ ئاگر،وترا ئەی پەیامبەر(د.خ)ئەوانە کێن؟وتی:کۆمەڵی موسڵمانانن(ئەهلی سوننەوجەماعە)**.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(سنن الترمذي،كتاب الإيمان،باب(ما جاء في افتراق هذه الأمة)،رقم الحديث(٢٦٤٠)؛مسند أحمد بن حنبل،باقي مسند المكثرين،مسند أبي هريرة،رقم الحديث(٢٧٥١٠)؛سنن أبي داود،كتاب السنة،باب(شرح السنة)،رقم الحديث(٤٥٩٨)؛سنن ابن ماجه،كتاب الفتن،باب(افتراق الأمم)رقم الحديث(٣٩٩١)؛الباني:سلسلة الصحيح،صفحة او رقم ٢٠٣، ١٤٩٢؛صحيح الجامع،صفحة او رقم ١٠٨٢_١٠٨٣).

[1] فضل الاعتزال،ص١٦٦؛ندوة العالمية للشباب السلامي:الموسوعة ميسرة،ص٣٨.

[2] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٤٩؛الشهرستاني:الملل والنحل،٥٦/١؛سميع دغيم:موسوعة مصطلحات علم الكلام،١٢٤٨/٢_١٢٤٩.

[3] الجاحظ:الحيوان،١٩٠/٢؛محمد حسين الذهبي: التفسيروالمفسرون،٢٦٢/١؛سعد رستم:الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات،ص٩٤.

[4] علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص١٩٩.

[5] مەجوسی:هەندێك ئاماژە بەوەدەکەن کە مەبەست لەمەجوسیەکان(زەردەشتیەکان)ئەوانەن باوەڕیان بە هەردوو بنەمای(ڕوناکی و تاریکی،خێر و شەڕ)هەیە،کاتێك دەڵێن خێر کاری روناکیەو زادەی ئەوە و شەڕوخراپەش لەتاریکیەوەیە،لێرەدا بوونی دوو هێز(دوو خودا)یان سەلماندوە،هەروەك باس لەوەش دەکەن کە مەجوسیەکان لەفارسە ئاگرپەرستەکانن،چونکە لە دەقی پیرۆزدا باسیان هاتووە(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ، الحج/١٧).مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە**"بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناوەو ئەوانەشی کە بوونەتەجوو(شوێنکەوتەی موسا)و ئەوانەشی کە(صابیئین)و فریشتە پەرستن،یان مەسیحین یانیش ئاگرپەرستن(زەردەشتی)،لەگەڵ ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆخودا داناوە،بێگومان خودای باڵا لە ڕۆژی دواییدا لێکیان جیایان دەکاتەوە لە یەکتری،بەڕاستی خودا شایەد و ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکەوەو ئەزانێ چی ڕوودەدات"**.بڕوانە:(الجاحظ:الحيوان،١٩٠/٢؛السفاريني:لوامع الانوار البهية،٣٠٥/١؛جواد علي:المفصل تاريخ العرب قبل الاسلام،٦٩١/٦).

**ئەم ئومەتەن)،و(لكل أمة مجوس ومجوس هذه الأمة الذين يقولون لا قدر من مات منهم فلا تشهدوا جنازته ومن مرض منهم فلا تعودوهم وهم شيعة الدجال)[٢] وەك دیارە چواندنی موعتەزیلەكان بە مەجوسی لە لایەن دژەكانیانەوە بۆخۆی هەوڵدان بووە بۆ ناشیرین كردنی ئەو گروپەی عەقڵكاری لەنێو زانستە ئیسلامیەكاندا دەكرد،بۆیە نەیارەكانی ئەم گروپە هەرناوێك كەكاری لە ناشیرین كردنیان كردبێت لە هەوڵدابون وەكو تانەو تەشەر بۆ ڕوبەڕو بونەوەی باوەڕەكەیان پێیانەوە بنوسێنن.**

**٢_ ئەوەتا بە(مەجوسی)ش ناویان بردون لەبەرئەوەی مەجوسیەكان تواناو ئیرادەی كرداریان بۆ دوو هێزی خودا و شەیتان گێڕاوەتەوە،بەوەی كارەباشەكان خودا و خراپەكانیش شەیتانی لەپشتە،جا موعتەزیلەكانیش دەیانگوت خودا خاوەنی كارە باشەكانەو مرۆڤیش بكەر و خاوەنی كارە خراپەكانە،[٣] لەبەر ئەوەیە كە نەیارەكانیان بە مەجوسیان چواندون، چونكە موعتەزیلەكانیش هاوشێوەی مەجوسیەكان توانستی كاریان بۆ دوو هێز گەڕاندۆتەوە.**

**٣_جەهمیەكان[٤]،ئەم ناوە بەموعتەزیلەكان وتراوە،ئەمەش لەبەرئەوەی لەزۆرێك لەبنەماكانیاندا هاوباوەڕی جەهمیەكان بوون و ئەهلی سوننەش بەتەواوی ئەوانەیان دەگوت(الجهمي)،كەهەڵگری هەمان باوەڕی(نەفی كردن و لەكارخستن و تەئویل كردن بوون لە سیفاتەكانی خودا وهاوشێوەكانی)،[٥] هەروەها لەبەرئەوەی موعتەزیلەكان گوتەزاكانیان(سەبارەت بە نەفی سیفاتەكانی خوداو بینینی خودا لەڕۆژی دوایی و،نەفی قسەكردنی ئیلاهی ولەمەشدا مەسەلەی دروستكردنی قورئان و كەلامی ئیلاهی)لە جەهمیەكانەوە وەرگرتووە،بۆیە لەو لایەنانەوە وەكو یەك ئاینزا وابوون،[٦] هەر بۆیە پێشەوایانی پێشین و ئەهلی سوننەو حەنبەلیەكان نازناوی(الجهمية)یان دایە پاڵ موعتەزیلەكان و(احمد بن حنبل)یش بۆیەكەم جار و**

---

[١] سنن ابي داود،كتاب السنة،باب في القدر،رقم حديث(٤٦٩١)؛السفاريني:لوامع الانوارالبهية،٣٠٤/١؛اللالكائي :شرح اصول اعتقاد،٦٤٣/٤(ر:١١٦١)؛التفتازاني:علم الكلام وبعض،ص١٣٨.

[٢] سنن ابي داود،كتاب السنة،باب في القدر،رقم حديث(٤٦٩٢،٤٦٩٤)؛مسند أحمدبن حنبل،باقي مسند الأنصار،حديث حذيفة بن اليمان،رقم الحديث(٢٢٩٤٦)؛الآجري:الشريعة،٨٠٥/٥_٨٠٦؛البيهيقي:القضاء والقدر،٦٧٨/٢_٦٨١؛النسفي:تبصيرالادلة،١٠٥/١.مانای فەرموودەكەش بەم شێوەیە**"هەموو قەومێك مەجوس(ئاگرپەرست)ێكی هەیە،مەجوس(ئاگرپەرست)ی ئەم ئومەتەش(ئیسلام)ئەوانەن كە بڕوایان بە قەدەرو ئەندازەگیری خودا نیەو ڕەتی دەكەنەوە،بۆیە ئەگەر لێیان مرد دوای تەرمەكەی مەكەون و ئەگەر لێشیان نەخۆش كەوت سەردانی مەكەن،ئەوانە لایەنگرانی دەجالن".**

[٣] ابن عساكر:تبيين كذب المفترى،ص١٥٦؛ابن المرتضى:المنية والامل،ص٦، ٨؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢٠٠.

[٤] ئەم ناوە بۆ(جهم بن صفوان)ی جەبری دەگەڕێتەوە،بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(پێشینەیەكی فیكری ئیعتیزالی پێش سەرهەڵدانی موعتەزیلە،لا).

[٥] ابن تيمية:منهاج السنة،١٩٤/١؛ناصرالعقل:الجهمية والمعتزلة،ص١٣٣؛محمد حامد الجدعاني:الصلة بين التشيع والاعتزال،ص١٣٨؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٣٧٢_٣٧٣.

[٦] الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٥٩؛قدرية عبدالحميد شهاب الدين:موقف شيخ الاسلام ابن تيمية من المعتزلة،ص٨٨؛احمد امين:فجرالاسلام،ص٢٨٧.

**لەدانراوێکیدا بەناوی(الرد على الجهمية والزنادقة)دا ئەم ناوەی لێنان؛دواتریش (البخاري) لە (الرد على الجهمية ومن بعدهم)دا،کەناوی جەهمیەیان هێناوە مەبەستیان لێی موعتەزیلەکان بووە.[1]**

**٤_(المعطلة)ناوێکی دیکە بووە لەو ناوانەی کە بە موعتەزیلەکان وتراوە،هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە،کە موعتەزیلەکان نەفی سیفاتەکانی خودایان کردوە و ڕەتیان کردۆتەوە و لەکاریان خستووە،[2] بەواتایەکی تر خودایان داماڵیوە لە تەواوی سیفاتەکانی و لێیان کردۆتەوە.**

**سەرەڕای ئەو ناوانەی کەلەلایەن نەیارەکانیانەوە لێیان نراوە و لایان پەسەند نەبووە،لەهەمان کاتدا خودی خۆشیان چەند ناوێکیان لە خۆیان ناوە:–**

**٥_(أهل العدل والتوحيد)یەکێکی تر بووە لە نازناوەکانی موعتەزیلەکان،کە خودی خۆیان لە خۆیان ناوە،ئەم ناوەشیان بۆ هەردووبنەمای(العدل = دادپەروەری)و(التوحيد=یەکتاپەرستی)دەگەڕێتەوە،سەبارەت بە بەشی یەکەمی ناوەکە(العدل)پێیانوایە خودا دادپەروەرە و سزای خراپەکاران بەهۆی خراپەکانیانەوە دەدات و پاداشتی چاکەکارانیش بە هۆی کردارە باشەکانیانەوە دەدات،[3] موعتەزیلەکان بۆ خۆیان ئەم ناوەیان لاپەسەند بووە،چونکە یەك لە پێنج بنەما سەرەکیەکانی باوەڕەکەشیان بووە،بەشی دووەمیشی(الموحدة یان التوحيد)بۆ ئەو گوتەزایانەیان دەگەڕێتەوە کەسەبارەت بە کۆنی(القديم)ی خودا دەیانکردوو دەیانگوت(هیچ شتێك وەك خودا کۆن و ئەزەلی نیە)،[4] و بەتەنها خودا کۆن وئەزەلیە،ئەمەشیان لە ڕوانینە جیاوازەکانیانەوە بۆ بنەمای تەوحید و یەکتاپەرستیەکەیان سەرچاوەی گرتووە.**

**ئەمەو موعتەزیلەکان دواتر بوون بەچەند دەستەو کۆمەڵێکەوە،کە( البغدادي)ناوی هێناون و هەموویان یەکدیان بەبێ باوەڕ هەژمار دەکرد،ئەوانیش( الواصلية ، العمروية ، الهذلية ، النظامية ، المردارية ، المعمرية ، الثمامية ، الجاحظية ، الخابطية ، الحمارية ، الخياطية ، والشحامية ، أصحاب صالح قبة ، المريسية ، الكعبية ، الجبائية ، الهشامية شوێنکەوتەکانی"هشام بن عمرالفوطي"ن، البهشمية کەدەگەڕێنەوە بۆ"ابي هاشم بن الجبائي").[5] لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە موعتەزیلەکان چەندین ناویان لێ نراوە،وەك ئاشکرایە هەندێك لەو ناوانە لە لایەن نەیارەکانیانەوە لێیان نراوەو ئەمان ڕەتیان کردۆتەوە،هەندێکیشی خودی خۆیان لە خۆیانیان ناوەو ئەهلی سوننە و حەنبلیەکان بە دەق ڕەتیان کردۆتەوە.وێڕای ئەوانە موعتەزیلەکان بەهۆی ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕینەوە لە نێوخودی خۆیاندا بوون بە چەند لقێکەوەو باوەڕی جیاجیا لە لایەن زاناکانیانەوە خرایە بەرباس و دواتر هەریەك لەو زانایانەو باوەڕەکانیان بوون بە شاخەیەکی دیاری گروپی موعتەزیلەو لایەنگرانیشیان بە ناوی خودی زاناکەوە ناونران،وەکو ئەو بیست دەستەو کۆمەڵەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون.**

---

[1] عبدالطيف العكلوك:منهج المعتزلة في التوحيد،ص٢٠؛احمد محمود صبحي:في علم الكلام، ص١١٢؛سعد رستم:الفرق والمذاهب السلامية منذ البدايات،ص٩٤.

[2] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١١٤؛زهدي جارالله:المعتزلة،ص١٠؛عادل عوا:المعتزلة والفكرالحر،ص٥٥ .

[3] الشريف ابي القاسم:امالي المرتضى، ١٤/١؛دي بور:تاريخ الفلسفة في الاسلام،ص٨٧؛بڕوانە بنەمای دووەمی باوەڕ لای موعتەزیلەکان،لا٥٠.

[4] ابن المرتضى:المنية والامل،ص٢؛علي بن سعد الضويحي:آراء المعتزلة الاصولية،ص٧٣؛الشهرستاني:الملل والنحل،٥٦/١.

[5] الفرق بين الفرق،ص٢٤؛هەروەها بڕوانە:(السفاريني:لوامع الانوارالبهية، ٧٧/١ _٧٨؛احمد علي زهرة:الكلام والفلسفة،ص١٠٧).

## تەوەری دووەم: پێشینەیەکی فیکری ئیعتیزالی پێش دەرکەوتنی موعتەزیلەکان وەکو گروپ
## ( ٦٣ ك _ ١٠٠ ك/٦٨٢_٧١٨ز )

پێش ئەوەی بچینە سەرباسی پەیدابوونی موعتەزیلەکان،سەرەتا تیشك دەخەینە سەر هاتنەکایەوەی سەرەتاکانی بیری ئیعتیزالی و ئەوکەس و لایەنانەی،کە بیروڕای جیاوازیان لە ئەهلی سوننەو جەماعەت هەبووەو ڕاڤەو شیکردنەوەی دیکەیان بۆ دەق کردوە و لەمەشدا عەقڵیان کردۆتە سەنتەر و قسەیان لە جیهانی غەیبانیەت و میتافیزیك کردوە،ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم کەس و لایەنانە دواتر کاریگەریەکی یەکجار گەورەیان لەبیری موعتەزیلەکاندا داناوە،ڕاستتر موعتەزیلەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم باوەڕانەوە و کردویانەتە بونیادێك و باڵەخانەی فیکری گروپەکەیانیان لەسەر بونیات ناوە.

یەکەمین جەدەلێکی فیکری و باوەڕی کە لەئیسلامدا سەری هەڵدا مەسەلەی(قەدەر)بوو،هەروەك سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن قەدەریەکان لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئومەویەکاندا دەرکەوتن،ئەمەش واتا لەکۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی و لە دەوروبەری ساڵی(٦٣ك/٦٨٢ز)سەریان هەڵداوە،[1] بەم پێیەش ئەم تێڕوانینە فیکریانە لەسەروبەندی خیلافەتی ئەمەویدا هاتوونەتە کایەوە کەتیۆرەی(ئازادی مرۆڤ)یان خستە بەرباس، هەروەها بیروڕای جودا جوداش لە نێو مێژوونوساندا هەیە بەوەی کێ یەکەم کەس بووە باسی لە قەدەرکردوە،زۆرێك لەسەرچاوەکان هاوڕان لەسەرئەوەی کەیەکەمین کەسێك جەدەلی لەمەڕ قەدەر کردوە لەئیسلامدا کەسێك بووە لەشاری بەسرە بەناوی(معبد الجهني)،خودی مەعبەدیش ئەم باوەڕەی لەکەسێکی فارسی نەسرانیەوە وەرگرتووە بەناوی(سوسن = أبو یونس السنسویة)،کە بە(ئەساویری)ناسراوە و لەعێراقدا بووە؛دواتر مسوڵمان بووە،[2] هەروەها(الذهبي)سەبارەت بە(معبد الجهني)نووسیویەتی:(کەسێکی تابعی"صدوق"بووە،بەڵام"سن سنة سیئة" بووە)،[3] لەم باسەوە دەگەینە ئەوەی،کە کێشەی قەدەر یەکەمین و کۆنترین جەدەل و کێشەیەکی فیکری بووە،کە چینە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە و جەدەل وگفتوگۆی لەبارەوە کراوە.

هۆکاری ئەوەی کە جەدەل لەمەڕ قەدەر لەلایەین کەسێکەوە بەو ئەندازەیە ناسراوو بڵاو بۆتەوە ئەوە بووە،کە(معبد الجهني)کەسایەتیەکی دیارو ناسراوی سەردەمەکەی خۆی و شاری بەسرەش بووە،[4] هەر لەبەر ئەمەیە دەوترێت خەڵکێکی زۆر لە خەڵکی بەسرە بیروڕاکانیان بەهەند وەرگرتووە و شوێن تێڕوانین و بۆچوونەکانی کەوتوون، بەتایبەت دوای ئەوەی لەگەڵ(عمرو بن عبید)بینیویانە،[5] هەروەك دواتر کاریگەری(معبد الجهني)و بیروڕاکانی گەیشتە ناوچە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامی وبۆچەند سەدەیەك لە نێو خەڵکیدا بەگشتی و هەواڵ خوانەکاندا دەماودەم ماوەتەوە وبەردەوامی هەبووە و  بە شوێنکەوتەکانیشی

---

[1] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٩؛ناصر العقل:الجهمية والمعتزلة،ص١٣٥؛التفتازاني:علم الكلام وبعض مشكلاته،ص١٣٩.

[2] ألاشعري:مقالات الاسلاميين،١٠/١؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٣٠٣/١٢؛السفاريني:لوامع الانوارالبهية،٢٩٩/١؛الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٧٣؛عمرسليمان اشقر:القضاء والقدر،ص١٦؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٣٧.

[3] ميزان الاعتدال،٤٦٥/٦؛بڕوانە:(ابن ابي الخير العمراني:الانتصار،٦٣/١).

[4] الزركلي:الاعلام،٢٦٤/٧؛کەیوان ئازاد:زەندەقە،لا١٩٥.

[5] الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٧٤.

**وتراوە(قەدەریـەکان).[1] ئەمـە و قەدەریـەکان قـەدەریان ڕەتـدەکردەوە و تیـۆری سەرپشـکی و ئـازادی مرۆڤیـان لەهەمبەر ئەنجامدانی کردەوەکانیدا خستـە ڕوو،کـە بـە پێـی ئـەم بـاوەڕە مـرۆڤ سەرپشـکە و توانسـتی تـەواوی بەسـەر کردەوەکانیـەوە هەیـە و لـە ئەنجامـدان و هەڵبژاردنیشـیاندا ئـازادە و هـیچ هێزێکـی دەرەکـی پاڵنـەری نیە،[2] واتە(معبد الجهني)و شـوێنکەوتوانی پێیانوابوو مـرۆڤ خـۆی فەراهەمهێنـەرو بکـەری کاروکردەوەکـانی خۆیەتی و نابێ کردەوەکانی خۆی بداتە پاڵ خودا و تەواو ئازادە لەوەی ئەنجامی دەدات و هەرخۆیشـی لێـی بەرپرسیارە،چونکە ناکرێت مرۆڤەکان ملکەچ وناچاربن لە ئەنجامدانی کردەوەکانیانداو دواتریش سزا بـدرێن لەسەری.[3] ئەم پـەیڤین و جەدەلانـە لەمـەڕ قـەدەر تێڕوانینـی نـوێ و جـودا بـوون لـە بیروباوەڕەکـانی پێشـووی خۆیان،ئەمـە وایکـرد کـە هاوەڵـانی پەیامبـەر(د.خ)خۆیان بێبـەری بکـەن لـە خۆیـان و باوەڕەکـەیان؛تەنانـەت دەگـوترێ بەوانـەی دوای خۆشـیان(نەوەکانی دوای خۆیـان)وتووە سـەردانی نەخۆشـی قەدەریـەکان مەکـەن و نوێژ لەسەر مردووشیان مەکەن،لەو هاوەڵانەش(عبدالله بن عمر،جابر بن عبـدالله،أبوهريرة،ابن عبـاس،أنس بـن مالك و ...تـاد)،[4] ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە بەڕاسـتی بـاس کـردن لـە قـەدەر و ئـازادی مـرۆڤ زیـاتر ڕەهەنـدێکی ئـەودیو سروشـت و قیامـەتی هەیـەو هاوکێشـەیەکی ئاڵۆزە،چـونکە ئەگـەر بێـت و مـرۆڤ ئـازادی هەڵبـژاردن و ئیختیـاری تـەواوی نـەبێت ولێپرسـراو نـەبێت بەرامبـەر کردەوەکـانی؛ئـەوکات خـودا لێپرسـراوە بەرامبـەر تاوانـەکانی مرۆڤ،لێـرەوە دەتـوانین بپرسـین چـۆن خـودا لێپرسـینەوە لـەمرۆڤ دەکـات لەسـەر کردەوەیەك،کـە لەبنەڕەتدا بەویستی خـۆی ئـەنجامی نـەدابێت و ملکـەچ کرابێـت بـۆی؟ئەگـەر مـرۆڤ توانسـتی ئـازادی هەڵبـژاردنی کاروکردەوەکـانی خـۆی نـەبێت و خـوداش سـزای مرۆڤـەکان بـدات لەسـەریان؛ئـەوا خـودا چەشنی ستەمکارێك دەردەکەوێت،ئەمەش بۆ خودا نەشیاوەو نابێت.بـەکورتی ئەمـە بابـەتێکی ئاڵـۆزو گـرێ و کێشـەیەکی فەلسەفیە،کەتائیسـتا عـەقڵی پـەتی و عەقڵانیـەت نـەیتوانیوەوناتوانێت بیکاتـەوەو بگاتـە ڕاسـتی ڕەها.**

**وێـڕای ئـەم بیروبـاوەڕە داهێنراوانەی،کـە بۆخـۆی دژ بـە فەلسـەفەی حـوکمڕانی ئومەویـەکان بـوو،(معبـد الجهني)هەر بەوەوە نەوەستا؛بەڵکو بەشداری شۆڕشەکەی(عبدالرحمن بن الاشعث)[5] ی کرد،کـە دژی سـتەمی**

[1] علي سامي نشار:نشأة فكرالفلسفي في الاسلام،١/٣٢٠.

[2] وليد قصاب:التراث النقدي والبلاغي عندالمعتزلة،ص١٣.

[3] نصر حامد ابوزيد:الاتجاه العقلى،ص١٩؛هاشم کریمی:ئاین و دەسەڵات،لا٣٩٧؛حمەکریم هەورامی:زانستی کەلام،لا٤٤٨.

[4] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٩_٢٠؛التفتازاني:علم الكلام،ص١٣٩.

[5] عبدالرحمن بن الاشعث:ناوی(عبدالرحمن بن محمد بن الاشعث بـن قـيس الكنـدي)ە،بـاوکی یـەك لەکەسایەتیە دیارەکـانی(كنـدة)کـان بووە،بۆیـە ناوبراولەنێوخانەدانەن و دەوڵەمەندەکانی شاری(کوفە)دا لەدایك دەبێت و گـەورە دەبێت،ئەمـەش کاریگـەری لەسەرکەسایەتی نـاوبراو بـەجێ دەهێڵێت و،وەك لەسەرچـاوەکاندا ئامـاژەی پـێ دەکرێـت کەسـێکی خۆبـەزلزان و باوەڕبـەخۆبوو بووە،بـەڵام سـەرکردەیەکی سـەربازی گـەورەی ئومەویـەکان بووە،بۆیـەدواتر(الحجـاج بـن یوسـف السـقفي)والـی عێراق،نـاوبراو دەنێرێتە(سجسـتان)لەڕۆژهەڵات و لـەوێ خـەڵکێکی زۆر لـەدەوری کۆدەبنـەوەو بەزاناوپیاوچاکانیشـەوە،هەروەك لەناوچەسـنووریەکانی خیلافـەت چـەندین شـەڕی گـەورەی بۆئومەویـەکان کردوە،بـەڵام دواتـر ئـاڵۆزی دەکەوێتـە نێـوان(عبـدالرحمن بـن الاشـعث)و(الحجاج بـن یوسـف الثقفـي)ەوە،ئەمـەش لەبەرئەوەی(عبدالرحمن)بـەخۆی و سـوپاکەیەوە کـە هێرشـیان کـردە سەر(الرتبیل)ی پاشای(کابل)نەیانتوانی بەسەریدا سەربکەون،بەهۆی سروشتی سەختی ناوچەکەو هاتنی وەرزی زستانەوە،بۆیە بڕیـاری ڕاگـرتنی شـەڕیدا بۆماوەی یەك ساڵ،بەڵام(الحجاج)بەمە ڕازی نابێت و دووبـارە فـەرمانی پـێ دەکاتەوە،کـەهێرش بکاتـەوە سـەر(کابل)،ناوبراویش ئەمـەی بەسوکایەتی زانی،ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـەوای بیردەکـردەوە دورخسـتنەوەکەی لـەعێراق بۆئەوەبووە،کـەگۆڕەپانی سیاسـی بۆخـودی خۆی(الحجاج)چـۆڵ

**ئەمەویەکان وخیلافەتی(عبدالملك بن مروان٦٥_٨٦ك/٦٨٥_٧٠٥ز)ئەنجامیدا،بەڵام شۆڕشەکە شکستی هێناو(معبد الجهني)دەستگیر کراو خرایە زیندان،[1] سەبارەت بە کوشتنەکەشی دەوترێت ساڵی(٨٠ك/٧٠٠ز)لە لایەن(حجاج بن یوسف الثقفي)ەوە دوای سزایەکی زۆر و جۆراو جۆر هێدی هێدی کوژراوە،هەندێکیش دەڵێن خەلیفە(عبدالملك بن مروان ٦٥_٨٦ك/٦٨٥_٧٠٥ز) لەشاری (دیمەشق)هەڵیواسیوە و کوشتوویەتی.[2]**

**دوای کوشتنی(معبد الجهني)،کۆتایی بەم بیروباوەڕە داهێنراوانەی ئیسلام نەهات،بەڵکو دواتر(غیلان الدمشقي)،کە مەولای(عثمان بن عفان٢٣_٣٥ك/٦٤٤_٦٥٦ز)بووە و یەك لە شارەزایانی زانست و زانیاری و خوداناسی و خوداپەرستی بووە و یەکێکیش بووە لەبانگەشە کەرانی خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی و یەکانەیی خوداو دادگەریەکەی،ئەمە سەرباری ئەوەی کەلەسەروی هەڕەمی چینی چوارەمی موعتەزیلەکانیش بووە؛پەیدا بوو،[3] پاشان بیروباوەڕەکانی(معبد الجهني)وەرگرت و درێژەی پێدا و یەکەمین کەسێکیش بووە باس و خواسی قەدەری بەشێوازێکی ئاشکرا و بەربڵاو خستۆتە ڕوو،[4] هەروەك(غیلان الدمشقي)دەیگوت مرۆڤ توانای تەواوی بەسەرکردەوەکانی خۆیەوە هەیە و بەویست و ئارەزوی خۆی کاری باش دەکات و دەست بەرداری خراپەکاریش دەبێت و کردەکانیشی بە هەڵبژاردەو ویستی خۆی ئەنجام دەدات و دەستی هیچ هێزێکی لە پشتەوە نیە کە مەبەست لێی خودایە.[5]**

**ئەمەو(غیلان الدمشقي) بیروباوەڕی(نەفی قەدەرو ئازادی مرۆڤ و دروست کردنی قورئان)ی دوای جەدەلێکی زۆر لەگەڵ(معبد الجهني)دا وەرگرتووەو دواتر بڵاوی کردۆتەوەو پاڵپشتی لێکردوەو پاشان هەردوو باوەڕی (قەدەری و بیری مورجیئە)ی پێکەوە کۆکردۆتەوەو پێی وابوو زانستی سەرەتاو یەکەمین زەروریە(ئەوەی کە مرۆڤ بە خۆڕسکانە دەیزانێت و لەکەسەوە وەری نەگرتووە)و بەشێك نیە لە باوەڕ،بەڵام خودی باوەڕ مەعریفەی دووەمە،کە مەعریفەیەکی وەرگیراوو دەستکەوتووە(الاكتسابي)بە خۆشەویستی خودا**

---

ببێت(چونکە "عبدالرحمن"کەسایەتیەکی بەهێزوو خاوەن پێگەبووە)،بۆیە خۆی و لایەنگرانی بڕیاری لابردنی(الحجاج)یانداو،بەرەو عێراق بەڕێکەوتن،بەلاّم(الحجاج)لەجەنگی(دیرالجماجم)و لەنزیك شاری(کوفە)بەسەریاندا سەرکەوت،بۆیە(ابن الاشعب)هەڵهات بۆ(سجستان)بۆلای(الرتبیل)،بەلاّم(الحجاج)وازی نەهێناو هەڕەشەی توونـدی بۆ(الرتبیل)ناردو داوایکرد(ابن الاشعث)و لایەنگرانی ڕادەست بکاتەوە،ئەویش ڕازی دەبێت،هەرچەندە ڕێککەوتنێك لەنێوانی خۆی و(ابن الاشعث)یشدا بوو،بۆیە کاتێك(ابن الاشعث)بەمەی زانی،لەسالی(٨٥ك/٧٠٤ز)خۆی کوشت.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(الطبري:التاريخ،٣/٦٢٢، ٦٣٠، ٦٣٦، ٦٥٣،ڕووداوەکانی ساڵی(٨٠_٨٥)؛ابن الاثير:الكامل،٤/١٩٣، ١٩٧، ٢٠٢، ٢٢٦،ڕووداوەکانی ساڵی(٨٠_٨٥)؛ابن تغري بردي:النجوم الزاهرة،١/٢٦٢؛ابن الكثير:البداية والنهاية،١٢/٢٩٦، ٣٠٥، ٣١٦).

(1) القاضي عبدالجبار:فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة،ص٣٣٤؛الطبري:التاريخ،٣/٦٢٢،یان ڕووداوەکانی ساڵ(٨٠ك)؛عمر فروخ:تاريخ فكرالعربي،ص٢١٣؛احمد محمود صبحي:في علم الكلام،ص١٧٨.

(2) ابن الاثير:الكامل،٤/١٩٤؛ابن الكثير:البداية،١٢/٣٠٣.

(3) ابن المرتضى:المنية والامل،ص١٥؛بابا سوهەیل:موعتەزیلە،لا٣٧.

(4) ابن نباته:سرح العيون،ص٢٨٨_٢٩٠؛سەلاّح تهبوب:سەردەمی ئەمەویەکان،لا٢١٢.

(5) حەمید عەزیز:فەلسەفەیی زانستی کەلام،لا١٧٨_١٧٩؛عبدالله الامين:دراسات في الفرق والمذاهب القديمة،ص٣١٠.

و ملكەچی و داننان بەوەی کە پەیامبەر(د.خ)لەلایەن خوداوە هێناویەتی و باوەڕیش زیادو کەم ناکات و جێگیر[1] و نەگۆڕە.

هەر سەبارەت بەباوەڕ(غیلان الدمشقی)،لەوبڕوایەدا بوو،کە باوەڕ زانین و داننانە بەخودا و پەیامبەرەکەی(د.خ) و هەموو ئەوەی کە مرۆڤ عەقڵی پێی نەشکا بیکات و ئەوەشی کە عەقڵ ڕێگەی پێ بدات نەیکات و دەست بەرداری بێت،جا ئەمە هەرگیز باوەڕ نیە،چونکە ئاستی هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ لەدوای ئاستی باوەڕەوەیە،[2] سەبارەت بە خەسڵەتەکانی خوداش غەیلان بڕوای پێیان نەبووە و نەفی کردوە،ئەوەتا(ابن المرتضی)نووسیویەتی:(غەیلان بانگەشەی بۆ یەکتاپەرستی و یەکانەیی خودا و دادپەروەری کردوە)،[3] کە یەکتاپەرستیەکەشی مەبەست لێی ئەوەیە،کەخودا تەنها یەکەو دابەش نابێت و ناکرێ خودا خەسڵەتی وەکو(زانست و هێز و توانست)ی هەبێت و جودابن لە زاتی خۆی،بەڵکو هەموو ئەمانە بریتین لە خودی زاتی ئیلاهی.

ئەمەو هەندێك لەو باوەڕەدان،کە(غیلان الدمشقي)بەهۆی گوتەزاکانیەوە سەبارەت بە قەدەر ناسراوە،هەر لەبەر ئەمەشە کە بە(غیلان القدري)ناسراوە،سەرکردەی ئەو گروپەش بووە،کە بەقەدەریەکان ناوبانگیان دەرکردووە پێش دەرکەوتنی موعتەزیلەکان،[4] وەك دیارە غەیلان هەر لەسەر جەدەلەکانی سەبارەت بە قەدەر کوژراوە،چونکە دوای ئەوەی دەنگۆی جەدەلی قەدەریەکان گەیشتە (عمربن عبدالعزیز٩٩_١٠١ك/٧١٧_٧١٩ز) بانگی غەیلانی کرد و دوای جەدەلێکی زۆر غەیلان پاشگەزبوویەوە و بەڵێنی بە(عمربن عبدالعزین)دا وسوێندی بۆ خوارد کەجارێکی تر ئەوباسانە نەکاتەوە،چونکە ترسا(عمربن عبدالعزین) لەناوی بەرێت،بەلاَم دوای کۆچی دوایی خەلیفە(عمر بن عبدالعزیز ١٠١ك/٧١٩ز)و هاتنی(یزید بن عبدالملك١٠١_١٠٥ك/٧١٩_٧٢٣ز)غەیلان بەڵێنەکانی شکاند و گەڕایەوە سەر هەمان باس و خواسی جاران،بەلاَم کە(هشام بن عبدالملك١٠٥_١٢٥ك/٧٢٣_٧٤٢ز)بووبە خەلیفە(غیلان الدمشقي)هەڵهات بۆ ئەرمینیا،بەلاَم(هشام بن عبدالملك)دەستبەرداری نەبوو تا گرتی و دوای جەدەلێکی زۆر و بیرخستنەوەی ئەو تەوبەو بەڵێنەی کە بە خەلیفە(عمر بن عبدالعزین)ی دابوو؛فەرمانیدا دەست و قاچەکانی ببڕن و هەڵیواسن،[5] کوشتنەکەشی لەساڵی(١٠٥ك/٧٢٣ز)بووە،هەندێکیش دەڵێن(١٠٦ك/٧٢٤ز)کوژراوە.[6]

یەکێکی دیکە لە لایەنگرانی قەدەریەکان(جعد بن درهم)ە،کەخەڵکی دیمەشق بووە و باوەڕی بەمەسەلەی قەدەر هەبووە(لەسەر هەمان ڕێچکەی قەدەریەکانی پێش خۆی)و هەروەها یەکەمین کەس بووە مەسەلەی(خلق

---

[1] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٢٠٦؛عمرفرخ:تاريخ الفكرالعربي،ص٢١٣_٢١٤؛علي سامي نشار:نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام،٣٢٥/١.

[2] عبدالله الامين:دراسات في الفرق والمذاهب القديمة،ص٣١٠.

[3] المنية والامل،ص١٥.

[4] بڕوانە:(ابن نباتە:سرح العيون،ص٢٩٠_٢٩١)؛بابا سوهەيل:موعتەزيلە، لا٣٧_٣٨).

[5] ابن العمراني:الانتصار،٦٤/١؛ابن المرتضى:المنية والامل،ص١٥_١٧؛الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعزلة،ص٧٤؛محمد بن خليفة التميمي:مقالة التعطيل وجعد بن درهم،ص١٥٠_١٥٢؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٠١/١.

[6] ناصر العقل:دراسات في الاهواء والفرق،ص٢٥٩ ؛

**القرآن)ی باسکردوه،[1] بەم پێیەش یەکەمین کەس بووە نکوڵی لەوە کردوە کە کەلامی خودا کۆن و قەدیم بێت،بەڵکو لەو بڕوایەدا بووە کە کەلامی خوایی هەنوکەیی و نوێیە و لەگەڵ بارودۆخدایە.**

**ئەمەو(جعد بن درهم)بانگەشەی چەند باوەڕێکی نوێ و داهێنراوی دەکرد،کەخۆی دەبینیەوە لە(دروست کردنی قورئان،خەسڵەتەکانی خودای ڕەتکردۆتەوەو،نەفی مانای ڕاستەقینەی ناوەکانی خوداو وەستانی خودای لەسەر عەرش و بوونی شوێن و یاگەی کردوە)،[2] هەرئەمەیە وای لە مێژوونووسان کردوە بڵێن(جعد بن درهم)یەکەم کەس بووە بانگەشەی لەکارخستن"التعطیل"ی خودای کردوە و پێی وابووە کەخودا قسە ناکات،[3] هەروەك پێویستە تیشك بخەینە سەرئەوەی،کە(جعدبن درهم)ئەو کاتەی سەرپەرشت و ئامۆژگاری خەلیفە(مروان بن محمد١٢٧_١٣٢ك/٧٤٤_٧٥٠ز)بووە پێش ئەوەی ببێتە خەلیفە،بیروباوەڕەکانی خۆی لە(قەدەر و دروست کردنی قورئان = خلق القرآن)ی فێرکردووە،بۆیە بە خەلیفە(مروان بن محمد)گوتراوە (مروان الجعدي).[4]**

**هەروەها هەندێك باس لەوە دەکەن،کە(جعدبن درهم)لە دیمەشق ژیاوە تا ئەو کاتەی مەسەلەی خەلقی قورئانی وروژاندووە،بۆیە ئومەویەکان بانگیان کرد بۆ لێپرسینەوە،ئەویش لە دیمەشق هەڵهات بەرەو شاری (کوفە)و لەوێ نیشتەجێ بوو(بانگەشەی بۆ باوەڕەکانی کرد)و چاوی بە(جهم بن صفوان)کەوت و بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی خۆی و بەتایبەت مەسەلەی خەلقی قورئانی فێرکرد،[5] بەڵام لەوێ(خالد بن عبدالله القسري)والی ئەمەویەکان دەستگیری کردوو خستیە بەندیخانە،تائەوکاتەی خەلیفە(هشام بن عبدالملك)نامەی بۆ (خالد)نارد و فەرمانی کرد بە خێرایی بکوژرێت ،[6] پاشان(خالدبن عبدالله القسري)لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی ساڵی(١٢٦ك/٧٤٣ز)لەشاری (واسط)وتارێکی بۆخەڵکی داو تیایدا وتی(بڵاوە بکەن و قوربانی بکەن؛بەڵکو خودا لێتان وەربگرێت،ئەوا منیش بە "جعد بن درهم"قوربانی دەکەم،[7] کەڕابەری ئەوانەیە دەڵێن خودا قسەی لەگەڵ موسادا نەکردوە و(ابراهیم)یشی نەکردوە بە خۆشەویستی خۆی،پاشان لەسەر مینبەر دابەزی و لە تەنیشتیدا سەری بڕی)،[8] ئەگەر لەو وتارەکەی(خالد)وردبینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت،کە(جعدبن درهم)بە هۆی گوتەزاکانیەوە لەمەڕ مەسەلەی خەلقی قورئان(خلق القرآن)و نەفی قسەکردنی خوداوە کوژراوە نەك لەپێناو هیچ باوەڕێکی دیکەدا.**

---

[1] الالكائي:شرح اصول اعتقاد،٤٢٥/٢؛ابن العساكر:مختصر تاريخ دمشق،١٤٨/١٣؛سەلاح تهبوب:سەردەمی ئەمەویەکان،ل٢١٣.

[2] بڕوانە:(ابن نباتة:سرح العيون،ص٢٩٣_٢٩٤)؛محمد علي أبوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٥٩؛وليد بن صالح باصمد:أثرعلم الكلام على المنتسبين،ص٤٦.

[3] السفاريني:لوامع انوار البهية،٢٣/١؛علي سامي نشار:نشأة فكرالفلسفي في الاسلام،ص٣٣١.

[4] ابن نباتة:سرح العيون،ص٢٩٣؛السفاريني:لوامع الانوار،٢٣/١؛عبدالله الامين:دراسات في الفرق والمذاهب القديمة،ص٣٠٦.

[5] ابن الكثير:البداية،١٤٨/١٣؛وليد قصاب:التراث النقدي والبلاغي عندالمعتزلة،ص١٣؛سالم الثقفي:مفاتيح،١٩٩/١_٢٠٠.

[6] ابن الكثير:البداية،١٤٨/١٣؛علي سامي نشار:نشأة فكرالفلسفي،ص٣٣١.

[7] ابن تيمية:مجموع الرسائل،١٣٢/٣؛ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٢٧٣؛رشيد الخيون:جدل التنزيل،ص١٠٣؛مصطفى حلمي:قواعد منهج سلفي،ص١٠٦.

[8] ابن الحجر:لسان الميزان،٤٣٧/٢؛شمس الدين قايماز:تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير والاعلام،٢١٨/٣؛محمد بن خليفة التميمي:مقالة التعطيل،ص١٥٥،١٤٩؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٢٤/٤.

بیری جەبریش(الجبریة)یەکێکی دیکە بوو لەوباوەڕانەی،کەبەرانبەر بیری قەدەری دەرکەوت،(جهم بن صفوان)یش یەکەمین کەس بووە باسی مەسەلەی(الجبر = دەستەوەستان بوونی مرۆڤ لە هەمبەر قەدەر)کردووە،[1] هەروەك مەسەلەی خەلقی قورئانی مانیفێست کردو بانگەشەی بۆ خەلقیەتی قورئان و نەفی خەسڵەتەکانی خودا دەکرد،[2] ناوبراو یەکێك بووە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی سەردەمی خۆی و مێژووش،شوێنکەوتە و هاوبیرەکانیشی بە ناوی جەهمەوە ناسراون و پێیان دەگوترا(جەهمی)،ئەمەو(جهم بن صفوان)سەرەتا لەشاری(ترمذ)[3]ەوە بانگەشەی بۆ باوەڕەکەی کردووە و خەڵکێکی زۆری ڕەش و ڕووت و ناشارەزاو خەڵکی بە گشتی لە ناوچەکانی ئێراندا دوای کەوتوون،دواتر بیروباوەڕەکانی لە شاری بەغداد و ناوچەکانی دەوروبەری بلاوبۆتەوە،[4] بەپێی تیۆرەی جەبری مرۆڤ ناچار کراوەو دەکرێت بەئەنجامدانی کردەوەکانی و خودی خۆی هیچ توانست و هەڵبژاردنێکی بەسەر کردەوەکانیەوەنیە،هەر وەکوپەڕ یان پوش و پەلاشی بابردە وایە لەهەوادا،کە جولا دەجولێ و جێگیریش بوو ئەواجێگیر دەبێت،[5] ئەمەش واتا مرۆڤ دەکەوێتە بەر ڕەحمی قەزاوقەدەری خودایی و خوداش هەرچی لە چارەی مرۆڤەکاندا نوسیبێت هەر ئەوەیە و مرۆڤ هیچ دەستێکی لە خوڵقاندنی ژیان و کارو کردەوەکانی خۆیدا نیە تەنها کاراکتەرێکی گوێڕایەڵ و پراکتیزەکەری قەدەرەو هیچی تر.

پەروەردگاریش لە ئەزەلەوە لەچارەی هەموو مرۆڤەکانی نوسیووە و مرۆڤ ئازاد نیە لە ژیانی دونیاییداو بێ دەسەلات و بێ توانایە بەرانبەر ئەو کاروکردەوانەی دەیکات و ئەوەی دووچاری دەبێت،[6] بەم پێیەش توانای هەڵبژاردەو ویستی مرۆڤیان لە ئەنجامدانی کردەوەکانیدا ڕەتدەکردەوە و پێیانوابوو هیچ کەس ئازادی و توانستی بەسەر کردەوەکانیەوە نیە،بەڵکو تەنها خودا توانایەو کردەوەکانی مرۆڤ دەخولقێنێت و کردەوەکانیش تەنها بەشێوازێکی خوازەکی(مەجازی)لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئەنجام دەدرێن،هەروەك چۆن دەڵێن (درەختەکە جولا،دونیا دەسوڕێ،خۆرئاوابوو)،کە لەڕاستیدا جولانی ئەمانە بەدەستی خۆیان نیە،بەڵکو هەموو ئەم کارانە بە ویستی خودا دەبێت،ئەمە بۆ مرۆڤیش هەر ڕاستە و مرۆڤ بە ویستی خودا هەڵسوکەوت دەکات و کارەکانی ئەنجامدەدات،خودا تەنها توانای ئەنجامدانی کردەوەکانی بەمرۆڤ بەخشیوە،[7] هەروەها(جهم بن صفوان)و جەهمیەکان وێڕای بیروڕا جەبریەکانیان،نەفی خەسڵەتەکانی پەروەردگاریان

---

[1] محمد علي أبوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٥٨ .

[2] ابن تيمية:بيان تلبيس الجهمية،٨٣/٢.

[3] ترمذ:شارێکی ناسراوو ئاوەدان بووەو،دەکەوێتە خۆراسانەوەو،هەڵکەوتۆتە سەر بەشی ڕۆژهەلاتی ڕووباری(جیحون)،ئەم شارە چەند قەلاو قولەو مزگوتێکی تێدا بووەو،سێ دەرگاشی هەبووە.بڕوانە:(المقدسي:احسن التقاسيم،ص٢٩١؛ياقوت الحموي:معجم البلدان،باب الحرف ترمذ،٢٦/٢).

[4] محمود عبدالرزاق الرضواني:البدعة الكبرى،ص١٤؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٠٠/١ .

[5] الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٧٧؛ابراهيم الفيومي:المعتزلة تكوين العقل العربي،ص٢١؛عبدالله الامين:دراسات في الفرق والمذاهب القديمة،ص٣٠٧؛جعفر السبحاني:بحوث في الملل والنحل،١٥٧/١.

[6] احمد امين:فجرالاسلام،ص٢٨٦؛کەیوان ئازاد:زەندەقە،لا١٩٩؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،لا١٧٥.

[7] الشهرستاني:الملل والنحل،٩٨/١؛نصرحامد أبوزيد:الاتجاه العقلي في التفسير،ص٢٤؛مصطفى حلمي:قواعد منهج سلفي،ص١٠٦؛محمود عبدالرزاق الرضواني:البدعة الكبرى،ص١٣؛ابن بدران:مدخل،ص٦٠.

کردووه وەکو(زانست و کەلامی ئیلاهی و بینین و بیستن ونەفی ڕوومەت و دەست و ئەندامەکانی جەستەی و ژیان و وەستانی لەسەر عەرش و؛دەیگوت خودا لەسەر عەرش نیە،بەڵکو لە هەموو جێگایەکدایە و لە ڕۆژی دواییشدا نابینرێت)،[1] ئەمەشی بۆیە دەکرد چونکە پێیوابوو بە باسکردن لە سیفاتەکانی خودا؛خودامان چواندووە بە فەراهەمهێنراوەکانی،هەروەك دەیگوت قورئان دروست کراوە و کەلامی خودا نیە،چونکە ناکرێت خودا قسە بکات لەکاتێکدا قسەکردن سیفاتی دروستکراوەکانێتی،بۆیەنابێت خودا بچوێنین بە هیچ دروستکراوێکیەوە،چونکە ئەوە کارێکی نەشیاوە،ئەمە سەرباری ڕەت کردنەوەی بینینی خودا لە وادەی لیقادا، [2] هەروەك دەیگوت نابێت خودا بە سیفاتێك وەسف بکرێت کەسیفاتی دروست کراوەکانی بێت،چونکە ئەمە لێکچواندن دروست دەکات لەنێوانیاندا،نەفی زیندوێتی خودا و زانایییەکەشی کردووە و باوەڕی وابووە کە خودا تەنها توانا و دروستکەرە،چونکە هیچ شتێك بەوسیٚ سیفاتە ناچوێنرێت.[3]

(جهم بن صفوان)هەربەوەوە نەوەستا،بەڵکو داهێنانێکی دیکەی نوێی هێنایەکایەوە لە ئیسلامدا،ئەویش ئەوەبوو،کە پێیوابوو خودا جەستە(تەن)نیە و شوێنێکی تایبەت و جیاشی لە شوێنەکانی تر نیە،[4] یەکێکی دیکە لە تێڕوانینەکانی(جهم بن صفوان)ئەوەبوو،کە پێیوابوو خودا نەشتە و نەشتیش نیە،لەبەرئەوەی خودا لەدەقی پیرۆزدا ئاماژە بەوەدەکات،کە هەمووشتێك دروستکراوە(الله خالق كل شيء)و شتێکی ئەم بوونە نیە ونابێت دروستکراونەبێت،جائەگەر خوداشمان بەشت زانی ئەوە لێکچواندن دروست دەبێت بەشتە زانراوەکانەوە،ئەمەش ناشایستەیە بۆ زاتی خودا، هەروەها پێی وابوو زانستی خودا هەنوکەیی و نویٚ وداهاتە و زاناش نیە بە هیچ شتێك پێش بەدیهێنانی،[5] هەروەك بوونی بەهەشت و دۆزەخی ڕەتکردۆتەوە و وتوویەتی بەهەشت و دۆزەخ لەناو دەچن و نامێنن،ئەمەش دوای ئەوەی ئەهلەکانیان دەچنە ناویانەوە،هەتائەوەی کە بوون نامێنێت و لەناو دەچێت جگە لەخودا،سەبارەت بە ئیمانیش باوەڕی وابووە ئیمان تەنها بریتیە لەناسینی خوداو بیٚ باوەڕیش پێچەوانەکەیەتی،[6] بەهۆی ئەم بیروباوەڕە جیاوازانەیەوە (جهم بن صفوان) لەلایەن نەیارەکانی باوەڕەکەیەوە لەکۆمەڵی مسوڵماناندا بە بیٚ باوەڕ هەژمارکراوە،هەروەك قەدەریەکانیش بەبیٚ باوەڕیان زانیوە بەهۆی تیۆرە جەبریەکانیەوە.[7]

ئەمەو سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن لەسەروبەندی هاتنەسەرکاری(مروان بن محمد)دا ولەساڵی(١٢٨ك/٧٤٥ز) شۆڕشێك بەسەرکردایەتی(حارث بن سريج)دژی ستەمی ئومەویەکان و(نصربن سيار)ی والی لە خۆراسان بەرپابوو،خودی(جهم بن صفوان)یش لایەنگری چاکسازی بوو لە ڕێگەی هێزەوە بۆیە بەشداری شۆڕشەکەی دژ بەئەمەویەکان کرد،دوای ئەوەی(سلم بن أحوزالمازني)فەرماندەی سەربازی

---

[1] ابن القيم:المختصر صواعق المرسلة،٣٢٠/١؛ابن تيمية:بيان تلبيس الجهمية،٨٤/٢؛شمس الدين قايماز:تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير،٣٩٠/٣.

[2] احمد امين:فجرالاسلام،ص٢٨٧؛محمد علي ابوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٥٨.

[3] الشهرستاني:الملل والنحل،٩٨/١؛البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١١٥؛علي سامي نشار:نشأة فكرالفلسفي في الاسلام،ص٣٣٧.

[4] نصرحامد أبوزيد:الاتجاه العقلي في التفسير،ص٢٢؛وليد بن صالح باصمد:أثرعلم الكلام على المنتسبين،ص٤٦.

[5] الاشعري:مقالات الاسلاميين،١/ ٣١٢؛شمس الدين قايماز:تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير،٣٩١/٣.

[6] ابن القيم:مختصر صواعق المرسلة،٢٢/١؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٠٠/١؛عبدالله تركي:المذهب الحنبلي،٦٦/١.

[7] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٢١٢.

**خۆراسـان هێرشـی کـردە سـەر(حارس بـن سـریج)و(جهـم بـن صـفوان)و شـوێنکەوتووە بەشـداربووەکانیان،[1] شۆڕشەکە شکستی هێنا ولەوکاتەشدا(جهم بن صـفوان)بەدیلی کەوتـە دەستی(سلم بن أحوزالمـازنی)ئـەویش هەرلەهەمان ساڵدا واتە(١٢٨ك/٧٤٥ز)لەشاری(مەرۆ)[2]کوشتی،[3] هەروەك هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکـەن کـە خەلیفە(هشـام بـن عبـدالملك ١٠٥_١٢٥ك/ ٧٢٤_٧٤٣ز)نامـەی بـۆ والـی خۆراسان(نصـر بـن سیار)ناردووە و داوای کردووە ئەگەر چاوی بە(جهم بـن الصـفوان)کەوت بیکوژێـت و لـەناوی بـەرێت، [4] بـەڵام موعتەزیلەکان دوای لەناوچوونی ناوبراو باوەڕەکـەیان لـیٚ وەرگـرت و شـوێنی کـەوتن بەتایبـەت لـە مەسـەلەی خەلقی قورئاندا،[5] بۆیە بەکوشتنی(جهم بن صفوان)کۆتایی بـە تیـۆرەو تێڕوانینـەکانی نەهات،بەڵام دەکرێت ئـەم بۆچوونە لاواز بێت،چونکە ئەمـە بۆچوونی خۆیـان نیە،بـەڵکو بۆچوونی نەیارەکانیانە،کـە ویسـتوویانە موعتەزیلـەکان بـۆ گرووپـە گومڕاکـانی پێشـووتر(لە ڕوانگـەی حەنبەلیەکانەوە)بگێڕنەوە،ئەمـەش بـۆ ئـەوەی هەرچی ناشیرینی هەیە لە موعتەزیلەکاندا کۆی بکەنەوەو پیشانی بدەن،کە لە ڕاستیدا پێدەچێت وانەبێت.**

---

[1] **الشهرسـتاني:الملل والنحـل،٩٧/١؛الدمشـقي:تاريخ الجهميـة والمعتزلـة،ص١٥_١٦؛نصـرحامد أبوزيـد:الاتجاه العقلـي في التفسير،ص٢١، ٢٣؛کەیوان ئازاد:زەندەقە،لا١٩٨_١٩٩.**

[2] مەرۆ:ئەم شارە پێی دەگوترێت(مرو شاهنجان)کە مانای(گیانی شا)دەدات،شارێکی مێژوویی و کۆنە،لەگەڵ ئەوەشدا شارێکی گـەورەو ناسـراو بـووەو پایتەختی(خۆراسـان)ی ئەوکاتـە بووە،شـارەکە دەکەوێتـە سـەر گردێکـەوەو شـارێکی ئـاوەدان بـووە لەهـەموو ڕوویەکەوەو(بازاڕ،مزگەوت،گەرماو،خوێندنگا،کتێبخانە،دیوەخان)ی تێدابووەو،پڕبووە بەشوێنەواری ڕۆشنبیری و چەندکتێبخانەیەکی گـەورەو بـەپێزی تێدابووە،بـەڵام دوای داگیرکردنـی لەلایـەن مەغۆلەکانەوە،شـارەکە وێـران دەبێـت و زۆرینـەی کتێـب و کتێبخانـەکان لەناودەچـن.بۆزانیاری زیـاتر بڕوانە:(**المقدسي:احسن التقاسيم،ص٢٩٨، ٣١٠؛ياقوت الحموي:معجم البلدان،١١٢/٥**؛حەکیم ئەحمەد خۆشناو:کوردوکوردستان،لا١١١_١١٢).

[3] **ابـن قدامـة المقدسـي:لمعة الاعتقـاد،ص١٦٢؛ابـن تيميـة:مجموع الرسـائل،١٣٢؛ابـن الحجر:لسـان الميـزان،٥٠١/٢؛سـەڵاح تهبوب:سەردەمی ئەمەویەکان،لا٢١٤.**

[4] **اللالكائي:شرح اصول اعتقاد،٤٢٤/٢.**

[5] **ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٧٩٥؛هادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص٨٢.**

## تەوەری سێیەم: دەرکەوتنی موعتەزیلەکان و بنەماکانی باوەڕ لای موعتەزیلە

سـەبارەت بەناسـاندنی موعتەزیلـەکان چـەندین پێناسـەی جیـاواز لەسەرچـاوەو کتێبەگروپناسی(فیرەقناسـی)و مێژوویییەکانـدا لەلایـەن لێکۆڵـەرو مێژوونووسـانەوە کراوە،بـەڵام هـەموو بیروڕاکان لەسەرئەوەن کە موعتەزیلەکان بەشێکن لەئەهلی سوننە یان ڕاستتر گروپێکن لەکۆمەڵی مسوڵمانان نـەک ئـەوەی خۆیـان لـە کۆمـەڵی مسـوڵمانان داماڵیبێ،بـەڵکو موعتەزیلـەکان خۆیـان بەسـوننەو بەوابەسـتەی کۆمەڵگای ئیسلامی زانیوە.

لێـرەوە دەتـوانین بڵـێین موعتەزیلـەکان گـەورەترین و باشـترین قوتابخانـەبوون لەقوتابخانـە فیکـری و کەلامیەکان،کەئیسـلام و کۆمەڵگاکـەی بەخۆیـەوە بینیبـێتی،[١] بۆیـە بەقوتابخانـەش ناودەبرێت،لەبەرئـەوەی بـەهۆی جیـاوازی فیکـری و بیروبۆچـوونەوە دروسـت بـوون نـەک بـەهۆی ناکۆکیـە سیاسـیەکانەوە وەکو(خەوارج).ئـەم خوێندنگەیـە یـان موعتەزیلـەکان لەکۆتاییـەکانی سـەدەی(١ك/٧ز) و لەکۆتاییـەکانی دەسەڵاتی خیلافـەتی ئومـەوی، [٢] سەرەتاکانی سـەدەی(٢ك/٨ز) و لەسـەردەمی دەسـەڵاتی خەلیفە(عبدالملك بن مروان٦٥_٨٦ك/٦٨٥_٧٠٥ز)داو سـێ لـەکوڕەکانی و(عمربن عبدالعزیز ٩٩_١٠١ك/٧١٧_٧١٩ز)دا وەکو گروپێکـی ئیسـلامی بەشـێوازێکی دیـار دەرکـەوتن،[٣] و وەکـو گروپێکـی سـەربەخۆو(خاوەن بیروبۆچـوون و بنـەمای بـاوەڕیی تایبـەت بەخۆیان)لەشـاری بەسـرە و لەسـەر دەسـتی(واصـل بـن عطـاء ٨٠_١٣١ك/٧٠٠_٧٤٨ز)دەرکەوتن.[٤] لێرەوەموعتەزیلەکان وەکو گروپێکی کەلامی و بەڵکو هێنانەکایـەوەی زانستی کەلام تـا ئەندازەی کـەماڵ لـەدایکبوون و،ڕێبـاوەڕێکی مەزهـەبی و کـەلامی ڕێکخراویـان دامەزراند،کە خاوەنی تێڕوانینی عەقڵمەندانەی تایبەت بە خۆیان بوون و فەزڵی عەقڵیان دەدا بە سەر نەقڵدا وپێیـان وابـوو ئەگـەر عـەقڵ و نـەقڵ دژ هاتنـەوە؛ئـەوا پێویسـتە عـەقڵ پـێش نـەقڵ بخرێـت،[٥] بـەم تـەرزە لـە بیرکردنـەوە کاریگەریـەکی گـەورەیان لەسـەر زانسـتی کـەلام و بـەرەو پێشچـوونی هەبوو،چـونکە عـەقڵ و ژیـری سـەنگی مەحـەکی تێڕوانینـەکانیان بووە،ئەمـە سـەرباری ئـەوەی خـاوەن گۆشـەنیگایەکی ئـازاد و دوور بـوون لـە چاولێکەری و تەقلید.[٦]

هـەروەك هەنـدێك پێیانوایـە موعتەزیلـەکان گروپێـك بـوون هـەر لەسـەرەتاوە بـە بـەهێزی و عەقڵمەنـدی و بـاوەڕەوە دەرکـەوتن و یـەك لەقوتابخانـە خـاوەن ژیـری و تیـۆرەو تێڕوانینـە کاریگـەرەکان بـوون و دانراوەکانیشـیان لـە جـێ بـاوەڕترین سەرچاوەکانی فەلسـەفەی پەیوەسـت بەئیسـلامەوە بـوون،[٧] هەربـەهۆی بەکارهێنانی عەقڵی پەتیـەوە بۆ خوێندنـەوەو ڕاڤـەکردنی دەقـە ئاینیـەکان و تێگەیشـتنی عەقیـدەی ئیسـلامی

---

[١] زهدي جارالله:المعتزلة،ص١.

[٢] علي احمد:تاريخ الفكرالعربي الاسلامي،ص٦٩.

[٣] ابن العمراني:الانتصار في الرد،٦٨/١_٦٩؛احمد شوقي ابراهيم:المعتزلة في البغداد:ص٢٠.

[٤] التهانوي:كشاف اصطلاحات الفنون،١٥٧٤؛محمدعبده وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص١٠٦_١٠٧.

[٥] عبدالطيف العكلوك:منهج المعتزلة في التوحيد،ص٥؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص١٩٦.

[٦] التفتازاني:علم الكلام وبعض مشكلاته،ص٤٤.

[٧] احمدعلي زهرة:الكلام والفلسفة،ص٧٥؛حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١٤١/١.

دەگوترێت موعتەزیلەکان کاریگەربوون بە فەلسەفەی یۆنانی و هیندی و بیروباوەڕەئاینیەکانی وەکو(جولەکەو مەسیحیەکان)، [1] کە لە ڕاستیدا ئێمە ئەم بۆچوونە بەدرووست نازانین و(پێمانوایە موعتەزیلەکان لە کرۆکی ئاینەوە فەلسەفەکەیان هێناوەتە بوون،لەبەرئەوەی بزووتنەوەی وەرگێڕان لەو سەردەمەدا ئەگەر دەستیشی پێ کردبێت،نەگەشتۆتە ئاستێك ڕەگی خۆی لەنێو بیری تاکەکاندا دابکوتێت)،چونکە دەرکەوتنی ئەم گروپە لەعێراقدا بووە،کە لانکەی شارستانیەتی(بابلی کۆن)و هەردوو شارستانیەتی(فارسی و سامی)بووە،کە دواتر پێی دەوترا(کەعبەی زانست)و دواتریش بووبە بارەگای خیلافەتی عەباسی،[2] هەروەك شاری(البصرة)ش لەو دەمەدا لانکەی زانست و ئەدەب بووە لەدەوڵەتی ئیسلامیدا و خاوەن فەزا یان کەشێکی لێوان لێوو پڕبووە بە شوێنەواری ڕۆشنبیریەکانی دیکەو جێگای بەریەککەوتنی شوێنکەوتەی ئاینە جیاوازەکان بووە،[3] ئەمەیە وایکردوە بڵێین ئەوشارستانیەت و ئاین و بیروباوەڕانە(لەسەردەمی خودی موعتەزیلەکاندا)کاریگەریان لەسەر(فیکری)موعتەزیلە هەبووە،بەڵام کاریگەریەکی پێچەوانە،چونکە موعتەزیلەکان وەکو گروپێکی خاوەن ژیری و ئاوەز هەروەك(الدمشقي)پێی وایە:(گروپێك بوون وەکو ئەهلی سوننەو جەماعەت)،[4] واتە گروپێکی سوننە مەزهەب بوون و کاریگەریە پێچەوانەکەشیان ئەوەبووە کە هەوڵیان داوە لەڕێگەی بەگەڕخستنی عەقڵ و لەڕێی زانستی کەلامەوە بەرپەرچی دژەکانی ئیسلام بدەنەوەو پارێزگاری لە ئاینەکەیان بکەن.ئەوەتا هەندێك لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوەدەکەن کە موعتەزیلەکان بۆ پارێزگاری کردن لە بیروباوەڕ و ئاینی ئیسلام دروست بوون،لەمەشدا لەسەر ئیستدلالاتە ژیریەکان بەڵگەی عەقڵیان دژی ئەوانە بەکارهێناوە کە لەئیسلام دەرچوون و ئەوانەشی کەلەدەرەوەی ئاینی ئیسلامن و،[5] ڕەخنەیان گرتووە و دەگرن.سەرباری ئەوانەش موعتەزیلەکان گروپێکی ژیری و فیکری بوون وخاوەن میکانیزمێکی تایبەت بەخۆیان بوون کەلەسەر سێ کۆڵەکەوبنەما دامەزرابوو،ئەوانیش(گومان،ئەزموون و تاقیکردنەوە،بڕیاردان)بوون.[6] لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە موعتەزیلەکان سەرچاوەی فەلسەفەکەیان لە خودی ئاینی ئیسلام و بنەماکانی ئەو ئاینەوە هەڵهێنجاوەو دواتر دەقەکانیان خستۆتە بەرنەشتەری عەقڵ و،گومانیان لێ کردون و،دواتریش پێوانەیان کردوون و،پاشان نرخاندویانن و،بڕیاریان لەسەر داون،دوای هەموو ئەمانەش خستوویانەتە نێو چێوەی فیکروفەلسەفە تیۆلۆجیەکەیانەوە.

---

[1] ندوة العالمية للشباب الاسلامي:موسوعة الميسرة،ص٣٧.

[2] حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلامي،٣٤١/١، ١٠/٢؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،لا٤٥.

[3] زهدي جارالله:المعتزلة،ص١٠؛هانم ابراهيم يوسف:اصل العدل عند المعتزلة،ص١٦.

[4] الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٥٦.

[5] بڕوانە(الاسفرايني:التبصيرفي الدين،ص٦٣_٦٩)؛قاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٠٢؛محمدعلي ابوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٦٦.

[6] البغدادى:الفرق بين الفرق،ص٨٣_٨٤؛الشهرستاني:الملل والنحل،ص٥٤_٥٥؛جعفر السبحاني:بحوث في الملل،١٤٧/٣_١٤٨؛رحيم احمد امين:بەعەرەب کردن،لا٢٤.

## دەرکەوتنی موعتەزیلەکان

پێشتر باسمان لە چەند کەسایەتی و بیروباوەڕێك کرد،کە ڕابەرو دامەزرێنەرانی تیۆرەی سەرپشکی و ناچاری(الجبروالاختیار)بوون،ئەوانیش هەریەك لە(معبد الجهنی) و (غیلان الدمشقی) و (جعد بن درهم) و (جهم بن صفوان)بوون،ئەمان ڕچە شکێنی یەك دەنگ و ڕەنگی ژینگە و جیهانی ئیسلامی بوون و کاریگەریەکی گەورەشیان لەسەر چینەکانی کۆمەڵگا داناوە،یەك لەو کۆمەڵانەش کە بەم بیروباوەڕانە کاریگەربوون(موعتەزیلە)کان بوون،کەلە سەردەمی حوکمڕانی خیلافەتی ئەمەویدا دەرکەوتن،بەلاّم سەرەتای دەرکەوتنی موعتەزیلەکان هەندێك تەم و مژاویەو بیروبۆچوونی جیاواز لەنێو توێژەرومێژوونووساندا هەیەو،تائێستاش نەیانتوانیوە مێژووی دەرکەوتنی موعتەزیلەکان بەشێوازێکی ڕوون دەست نیشان بکەن،بەڵام سەبارەت بە شوێنی دەرکەوتنیان هەموو کۆڕاو یەك دەنگن بەوەی،کەشاری(البصرة)یە.بۆئەم مەبەستەش:-

أ- هەندێك پێیانوایە،کەموعتەزیلەکان کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی بەرامبەربە حەوتەمی زاینی دەرکەوتوون و هەندێکی تریش بۆسەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی بەرامبەربە هەشتەمی زاینی دەیگێڕنەوە،[1] بەلاّم ئەگەر لەم بابەتە بکۆڵینەوە ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە،کە دەرکەوتنی موعتەزیلەکان بۆسەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی بەرامبەربە حەوتەمی زاینی و لەنێوان ساڵانی(١٠٠_١١٠ك/٧٢٠_٧٣٠ز)،کەتیایدا(حسن البصري)کۆچی دوایی کردووە؛دەگەڕێتەوە،چونکەئەو دوو کەسایەتیەی کە ڕابەروو پێشەوای موعتەزیلەکان و هەم دامەزرێنەریشی بوون(واصل بن عطاء،عمرو بن عبید)لەساڵی(٨٠ك/٦٩٩ز)هاتوونەتە دونیاوە،بۆیە ژیریی ئەوە قبوڵ ناکات کە بزوتنەوەیەکی فیکریان پێش تەمەنی(٢٠)ساڵی دامەزراندبێت ،[2] چونکە ئەگەر موعتەزیلەکان لە(١٠٠ك_١١٠/٧٢٠_٧٣٠ز)دا دامەزرابن واتە دامەزرێنەرانیان تەنها(٢٠)ساڵ تەمەنیان بووە،ئەمەش دوورە لەڕاستیەوە.ئەمە ئەگەر بزانین ئەوان لەسەردەمی خیلافەتی(هشام بن عبدالملك١٠٥_ ١٢٥ك/٧٢٣_٧٤٢ز)و ئەوانەی دوای(هشام)دەرکەوتوون کە ساڵانی(١٠٥_١١٠ك/٧٢٥_٧٣٠ز)بووە،[3] ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە لەدوای ساڵی(١٠٥ك/٧٢٣ز)ەوە هاتوونەتەکایەوە،چونکە ئەوکات تەمەنی دامەزرێنەرانیان سەرووی(٢٥)ساڵ بووەو ئەمەش تائەندازەیەك لەڕاستیەوە نزیکە.

ب ــ بەڵام خودی موعتەزیلەکان مێژووی دەرکەوتنیان بۆ لەوەدوورتروکۆنتر دەگەڕێننەوە تادەگاتە پەیامبەر(د.خ)،هەروەك هەندێك لەموعتەزیلەکان،لەوانەش(ابن المرتضی)کە لەوانەی پێش خۆی گێڕاوەتەوە،لەباسی چینەکانی موعتەزیلەدا؛ڕیشەی موعتەزیلەکانی بۆپەیامبەر(د.خ)دەگێڕێتەوە،بۆیە بە بڕوای خودی موعتەزیلەکان ئاینزاکەیان لەتەواوی ئاینزاکانی دیکەی ئیسلام ڕاستتر گەیشتوە بە(واصل بن عطاء و عمرو بن عبید)،کەئەوانیش لە(أبي هاشم عبدالله)وە وەریانگرتووەو ئەویش لە(محمد بن حنفیة)ی

---

[1] المقریزي:الخطط،١٨٣/٤؛هانم ابراهیم یوسف:أصل العدل عند المعتزلة،ص١٦.

[2] زهدي جارالله:المعتزلة،ص١٢؛فالح الربیعي:تاریخ المعتزلة فكرهم وعقائدهم،ص١٩؛محمد علي أبوریان:تاریخ الفكرالفلسفي في الاسلام،ص٢٦٧.

[3] محمد حامد الجدعاني:الصلة بین التشیع والاعتزال،١٤٧/١.

**باوكی وەری گرتووە،ئەمیش لە(علي بن أبي طالب)ەوە فێربووە،كە لە پەیامبەرەوە(د.خ)بۆی ماوەتەوە،[١] هەروەها(الشهرستاني)ش ئاماژە بەوەدەكات كە(واصل)بیروباوەڕی ئیعتیزالی و زانستی كەلامی لە(أبي الهاشم عبدالله بن حنفية)وەرگرتووە،[٢] و لەوەزیاتر درێژەی پێ نادات،بەڵام(ابن المرتضى)كەخۆی كەسایەتیەكی موعتەزیلی بووە لەگەڵ هاوبیرەكانیدا،ڕیشەی موعتەزیلەكان بۆ پەیامبەر(د.خ)دەگەڕێنێتەوە،وەك دیارە ئەمەش بۆ زیاتر شەرعیەت دان بووە بە ئیعتیزالەكەیان و دەرخستنی ئەوەی كە ئەوان گروپی ڕزگاربوون(الفرق الناجية).**

**ج ـ هەر سەبارەت بەهەمان بابەت هەندێك پێیانوایە(واصل بن عطاء)بیروباوەڕی ئیعتیزالی لە(أبي الهاشم)ەوە وەرگرتووە لەشاری(مەدینە)و(الملطي)یش وتوویەتی(واصل بن عطاء)ئیعتیزالی لەگەڵ خۆیدا لە مەدینەوە گواستۆتەوە بۆ(البصرة)،[٣] بەم پێیەش بێت بیروباوەڕی ئیعتیزالی لەسەردەمی هاتنی ڕابەری موعتەزیلەكاندا لەمەدینەوە بۆ(البصرة)لەگەشەسەندندا بووە،بۆیە(واصل)وەری دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ(البصرة)ی دەگوێزێتەوە،ئەمەش وادەكات بڵێین ڕابەری موعتەزیلەكان(واصل)نیە و كەسێكی دیكەیە،بەلاَم ئەمە تائەندازەیەك لاوازە،چونكە ئەگەر(واصل بن عطاء)ئیعتیزالی لە ئەوەوە وەرگرتبێ و بەش(فرع)بێت،ئەی كەوایە بۆچی ڕیشە(ألاصل)ەكە گومناوەو ناوی موعتەزیلە نەدراوەتە پاڵ ئەوو ڕابەرو پێشەوای نیە،ئەمە ئەگەر بزانین ناوی(موعتەزیلە و واصل)دوانەیەكی لێكدانەبڕاون،هەروەها(واصل بن عطاء)خوێندكاری(حسن البصري)بووە و هەرگیز لە بیروباوەڕ و بۆچونەكانی لای نەداوە و ناڕەزایی دەرنەبڕیووە تا ئەوكاتەی لەسەر مەسەلەی ئەنجامدەری تاوانی گەورە لێی جیابووەوە،بۆیە دەپرسین ئەگەرپێشتر(واصل بن عطاء)بیروباوەڕی ئیعتیزالی هەبووە،ئەی چۆن مامۆستاكەی پێش جیابوونەوەكەی وەدەری نەناوە؛لەكاتێكدا ئەگەربزانین دوای مەسەلەی ئەنجامدەری تاوانی مەزن حەسەنی بەصری(واصل بن عطاء)ی لەكۆڕی وانە وتنەوەكانی وەدەرنا.**

**د. هەروەها هەندێكی تر پێیانوایە(واصل بن عطاء)بیروباوەڕی ئیعتیزالی لە(حسن البصري)مامۆستایەوە وەرگرتووە،بەڵگەشیان بۆئەمە ئەو نامەیەی(حسن البصري)ە،كەتیایدا وەلاَمی پرسیارەكانی(عبدالملك بن مروان٦٥_٨٦ك/٦٨٥_٧٠٥ز)ی لەمەڕ مەسەلەی( قەزاوقەدەر و جەبر و ئیختیار)داوەتەوە؛كە وەلاَمەكەی هاوتای بۆچوونی قەدەریەكانەو نەفی قەدەری كردوە و چەندین بەڵگەی نەقڵی(قورئان و فەرموودە)و عەقڵی هێناوەتەوە،كە گوزارشت لە قەدەری بوونی دەكەن،[٤] (واصل بن عطاء)یش ئەم باسەی لە نامەیەكدا بۆ(عمرو بن عبيد)ڕوون كردۆتەوە پێش ئەوەی بداتە پاڵی و سەركۆنەی كردوە بەوەی كە وەكو ئەم بیرناكاتەوە و پێی**

---

[١] المنيـة والامـل،ص٥_٦؛طبقـات المعتزلـة،ص٥، ٧؛البلخي:فضـل الاعتـزال،ص٦٨؛عوادالمعتق:المعتزلـة وأصـولهم الخمسـة،ص٢٧؛علـي محيـبس البصـري:المعتزلة والتوظيـف اللغـوي،ص٢٠؛مجموعـة مـن الباحثين:موسـوعة الفـرق المنتسـبة للاسلام،٣/٣٢٨.

[٢] الملل والنحل،٦٤/١؛بابا سوهەيل:موعتەزیلە،لا٣٠٣.

[٣] التنبيـه،ص٣١؛مجموعـة مـن الباحثين:موسـوعة الفـرق المنتسـبة للاسـلام،٣٢٩/٣؛بڕوانـە:(العقيلي:الضـعفاء الكـبير،٢٧٩/١)بـاس لـەوە دەكـات كـە(واصـل بـن عطـاء)یەكـەمین كـەس بـووە باسـی لـە مەسـائیلە ئیعتیزالیـەكان كردووە،نـەك لەكەسـی تـرەوە وەریگرتبێت.

[٤] بڕوانـە:(القاضـي عبـدالجبار:طبقات المعتزلـة،ص٢١٥_٢٢٥؛الشهرسـتاني:الملل والنحـل،١/ ص٦١)؛ایهـاب كمـال محمـد:الفرق الاسلامية،ص٨١؛هاوژینی مەلائەمین:دەروازەیەك بۆئاشنابون بەزانستی كەلام،لا٦٥.

**ڕاگەیاندوە کە لەسەر هەمان ڕێچکە و ڕێبازی (حسن البصري)مامۆستایە.[1] جیا لەوانەی باسمان کرد زۆرێك لە مێژوونووسان بگرە تائەندازەی کۆدەنگی لەو باوەڕەدان،کە دەرکەوتنی موعتەزیلەکان وەکو گروپ دەگەڕێتەوە بۆجیاوازیە فیکریەکانی نێوان(حسن البصري)و(واصل بن عطاء)لەهەمبەر مەسەلەی ئەنجامدەری تاوانی گەورە(صاحب الكبيرة)ئەمەش لەسەروبەندی هەراوئاژاوەی(ئەزرەق)ەکاندا سەریهەڵدا.**

**پێش ئەوەی بچینە سەرباسی ئەنجامدەری تاوانی گەورە،بەپێویستی دەزانین تاوانی گەورە(الكبائر)بناسێنین و بزانین چیە؟بۆئەم مەبەستەش هەموو مسوڵمانان لەسەر ئەوڕایەن کەتاوانی گەورە دوو جۆرە،یەکەمیان هاوەڵدانانە(الشرك)بۆخوداو،دووەمیشیان ئەوانەن کەلە کتێبی فەرمودەدا باس کراون،ئەوانیش(جادو چاوبەست،کوشتنی بەناحەق،خواردنی ماڵی هەتیو،خواردنی سوو و ڕیبا،هەڵهاتن لەجەنگ،بوهتان کردن بۆپاك داوێنەکان).[2] ئێستا بابزانین بۆچوونی گروپ و لایەنەکان لەهەمبەر ئەنجامدەری تاوانی گەورە چۆنە،کە سەردەمێکی پڕاوپڕبوو لە جیاوازی(فیقهـ_ فیکری)و تیایدا ئاژاوەی(ئەزرەقەکان)[3] سەریهەڵدابوو،( واصل بن عطاء)یش بەهۆی دەربڕینی بۆچوونێکی جیاوازەوە لەمامۆستاکەی جیابوویەوەو بنەمای باوەڕێکی نوێی دانا،لەوسەردەمەدا خەڵکی لەمەڕ ئەنجامدەری تاوانی مەزن ببون بەچەند پاژێکەوە.**

**خەوارجەکان لەهەمبەر ئەنجامدەری تاوانی مەزن دەیانگوت هەموو خاوەن گوناهەگەورەو بچوکەکان بێباوەڕن و لەبازنەی ئیسلام چوونەتە دەرەوەو دژایەتی کردنیان پێویستە لەدونیاداو لە ڕۆژی**

---

[1] ابن عبد الربة:العقد الفريد،١/٢٠٨؛الشهرستاني:الملل والنحل،١/ ٦١؛جارالله:المعتزلة،ص١٣؛نصرحامد أبوزيد:الاتجاه العقلي في التفسير،ص٣١.

[2] صحيح البخاري،الصفحة ا كتاب الحدود،باب رمي المحصنات، الرقم الحديث(٦٨٥٧)؛صحيح مسلم،كتاب الإيمان،باب بيان الكبائر وأكبرها،حديث الرقم(٢٧٢)؛محمد علي ابوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٦٩؛حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١/١٤١_١٤٢؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٣٩؛بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(الذهبي:كتاب الكبائر).

[3] ئەزاریقە:کۆمەڵەیەکی سەر بە گرووپی گەورەی خەوارجەکان بوون و لایەنگر و شوێنکەوتەی(نافع بن الازرق الحنفی المكنی)ن،ئەم گرووپە لەساڵی(٦٥ك/٦٨٤ز)لە خەوارجەکان جیابوونەوە و لەشاری بەسرەوە بەرە و ئەهواز ڕۆشتن و لەوێ ئاژاوەیەکیان دروستکرد،کە بەئاژاوەی ئەزاریقەکان ناسراوە،ئەمە و(البغدادي)دەڵێت:(لەنێو خەوارجەکاندا کۆمەڵەیەکی تر نەبووە هێندەی ئەمان شوێنکەوتەی هەبێت)و توندڕەوترین گروپی خەوارجەکان بوون،ئەم گروپە تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان هەیە،کە لەگروپەکانی تر جودایان دەکاتەوە،ئەوانیش:—

١_ئەنجامدەری تاوانی گەورەیان بە بێ باوەڕ هەژمار دەکرد و پێیانوابوو لەئاینی ئیسلام دەچێتە دەرەوە و بۆ هەتایە لە ئاگردا دەبێت.

٢_هەموو ئەوانەیان بە بێ باوەڕ دادەنا،کە لەئەمان ناچن و وەکو ئەمان بیرناکەنەوە و لەسەر هەمان بەرنامە و پرۆگرام نین.

٣_ئەزاریقەکان(علي بن ابي طالب) و (عثمان بن عفان) و (طلحة و زبير) و (عائشة)و هەموو ئەوانەشی کە لەگەڵیاندابوون تەکفیرکرد لەگەڵ ئەوانەی کە ڕازی بوون بەمەسەلەی دادوەری لە شەڕی(الصفين)دا و دەیانگوت بە هەتایی لە ئاگری جەهەنەمدا دەمێننەوە.

٤_بەردبارانکردن و شەلاقدانیان لە ژنانی زیناکار ڕەتکردەوە،بە بیانووی ئەوەی لە قورئاندا باسی نەهاتووە.

٥_کوشتن و لەناو بردنی نەیارانی خۆیان حەلاڵ کرد،تەنانەت ژن و منداڵەکانیشیان.بڕوانە:(البغدادی:الفرق بين الفرق،ص٨٢_٨٣؛الشهرستانی:الملل،١/١٣٧_١٤١)

دواییشدا(وادەی لیقا)بەهەمیشەیی لەئاگردا دەمێننەوە،[1] لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت و شـوێنکەوتوان(تابعیەکان)تەریب لەگـەڵ زۆرینـەی خەڵکیـدا پێیانوابوو،ئەنجامـدەری تـاوانی گـەورە لەنێوبازنـەی ئیسـلام دەمێنێتـەوە و بـاوەڕدارە و ناچێتە نـاو بێباوەڕیەوە،بەلاّم(فاسـق)ە،بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەکەیە و سزای خۆی وەردەگرێت لەسەری.[2]

گروپێکی دیکە کە(مورجیئە)کان بوون پێیانوابوو تاوان مرۆڤ لەئاین دەرناکات،بەڵکو ئەنجامدەری تاوانی مەزنیش بە باوەڕداری دەمێنێتەوەو بڕیاردانیان لەسەری خستۆتە ڕۆژی دوایی،[3] بڕیارلێدانیان بۆخودا بە جێهێشتووە،بەڵکو بکەوێتـە بـەر مەشیئەتی خوداو بچێتە بـەرەی ڕزگاربوان.لـەو سـەروبەندو کـەش و هـەوا پڕموفارەقەیـەدا کـە ئـاژاوەی ئەزاریقـەکان لـە شـارەکانی(البصرةوالاهوان)دەرکـەوتبوون و خـەڵکی ڕەمـەکیش جیاوازیـان تێکـەوتبوو لەسـەر هـەمان بابـەتی ئەنجامـدەری تـاوانی مـەزن؛لـەم کاتـەدا( واصـل بـن عطـاء)خـۆی لەتـەواوی بـیروڕاو گوتـەزاکانی گـروپ و چـینە جیاجیاکـانی جیهـانی ئیسـلامی و ئومـەت دامـاڵی و گوتی(ئەنجامـدەری تـاوانی گـەورە نـەباوەڕداری ڕەهـاو نـەبێباوەڕی ڕەهایە،بـەڵکو لەمەنزڵێکدایـە لـەنێوان دوومەنزڵـــدا)،[4] لێـــرەوە موعتەزیلـــەکان دەرکـــەوتن و بۆچـــوونێکی نوێیـــان خســـتە نێـــو جەدەلە(فیقهـ_فیکری)ەکانەوە،کەپێشتر باسنەکرابوو.

بۆیـە زۆرینـەی مێـژوونووس و توێـژەران ئـەم چرکەساتە مێژووییە بەخاڵی وەرچەرخان و هاتنەکایـەوەی گروپێکـی کـەلامیی ئیسـلامی هەژماردەکـەن و سـاتەوەختی ئـەم جیابوونەوەیـەش خـۆی لـەم چـیرۆکەدا دەبینێتەوە کە(ڕۆژێك کەسێك دەچێتەلای "حسن البصري"کە لەوکاتـەدا لـە مزگـەوتێکی شـاری"البصـرة"لـە کۆڕی وانەبێژیدا بوو،وتی:ئەی پێشەوای ئیسلام و باوەڕداران لـەم سـەردەمەی ئێمـەدا کۆمـەڵێك دەرکـەوتوون ئەنجامدەری تـاوانی مـەزن بـەبێباوەڕ هـەژمار دەکـەن و تـاوانی مـەزنیش لای ئـەوان بێباوەڕەو خاوەنەکەی لە بازنــەی ئیســلام دەکاتــە دەرەوە،دەزانــین کەئەوانەش(وەعیدیــەی خەواریجن)هــەروەها کۆمــەڵێکی تــریش ئەنجامدەری تاوانی مەزن دەسپێرن بە ڕۆژی دوایی،ئەمانەش مورجیئەکانی ئەم ئومەتەن،کەتاوانی مـەزن لای ئەوان هاوڕێ لەگەڵ باوەڕدا هیچ زیانێکی نیە،هەروەك پەرستشیش لەگەڵ بێباوەڕیدا سودی نیە،دەی کەوایـە بۆچــوونی تــۆ لەڕوانگــەی بــاوەڕەوە"العقیــدة"چــۆنە لەســەریان؟لەم کاتــەدا"حســن البصــري"کەوتــە بیرکردنەوەوتێڕامان،بەلاّم پێش وەلاّمدانەوەی"واصل بن عطاء"هەڵیدایەو گوتی:(من ناڵێم تاوانکاری گەورە بـــاوەڕدار یـــاخود بێبـــاوەڕی ڕەهایە،بـــەڵکو لـــە مەنزڵێکدایـــە لـــەنێوان دوومەنزڵـــدا(المنزلـــة بـــین المنــزلتین)و(فاسق)ە،پاشـان دووری گـرت و پـاڵی بەیـەك لەکۆڵەکـەکانی مزگەوتەکـەوەداو دووره پـەرێزی

---

[1] عبـداللطیف الحفظي:تاثیرالمعتزلـة في الخـوارج،ص٢١؛ولیـد قصـاب:التراث النقـدي والبلاغـي،ص١٤؛الدمشـقي:تاریخ الجهمیـة والمعتزلة،ص٥٧ .

[2] السـفاریني:لوامع الانوارالبهیـة، ١٢/١؛علـي سـامي النشار:نشـاة الفکرالفلسـفي،ص٣٧٦؛ابـراهیم الفیومي:المعتزلـة تکـوین العقـل العربي،ص١١٨.

[3] زهدي جارالله:المعتزلة،ص١٦؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٣٩؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،لا٤٤.

[4] الشـریف ابوالقاسـم:امالي المرتضـی،١١٦/١؛حناالفـاخوري وآخـر:تـاریخ الفلسـفة العربیـة،١٤١/١؛علـي عبـدالفتاح المغربي:الفـرق الکلامیـة الاسـلامیة،ص١٩٧؛احمـد شـوقي ابـراهیم: المعتزلـة في البغـداد واثـرهم،ص٢٦_٢٧؛سـلێمان مەزهەر:چـیرۆکی ئاینەکان،لا٥٦٤_٥٦٥.

**هەڵبژارد،"حسن البصري"یش گوتی"واصل"دوورکەوتەوە لێمان و کەناری گرت"اعتزلنا واصل"بەو هۆیەوە بەخۆی و شوێنکەوتوانی باوەڕەکەی دەوترێت موعتەزیلە)،[1] بە پێچەوانەی هەموو گوتەزاکانەوە ئێمە پێمانوایە دەرکەوتنی موعتەزیلەکان لەو چرکەساتەدا دەرئەنجام بووە بۆ هۆکارگەلی کەڵەکە بووی دیکەی ناڕاستەوخۆ،کەوای لە(واصل بن عطاء)کرد لە کۆمەڵی مسوڵمانان جیاببێتەوەو مەسەلەی تاوانکاری گەروە تەنها هۆکاری ڕاستەوخۆ و چرکەساتی بەریەککەوتنی گوتەزاکانی(واصل)و مامۆستاکەی بووە.بۆپشتگیری قسەکانیشمان گوتەکانی(أبي الحسن الخیاط المعتزلي)دەخەینە ڕوو کە باس لەوەدەکات(حسن البصري)پێش دەرکەوتنی موعتەزیلەکانیش بۆچوونەکانی لەمەڕ مەسەلەی ئەنجامدەری تاوانی گەورە دیارو بەناوبانگ بووەو(واصل)تەنها ویستویەتی بەم گوتەزا بەناوبانگەی ڕەتی(حسن البصري)مامۆستای و بۆچوونی گروپەکانی دیکەبداتەوەو پێیوابووە،ئەوان لەگەڵ جیاوازیەکانیاندا هەموویان پێیانوایە ئەنجامدەری تاوانی گەورە(منافق)ە، [2] ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە (حسن البصري) ویستویەتی بەم فەتوایەی ئەو کێشەو ناکۆکیانەی لەهەمبەر تاوانکاری گەورە لەئارادا بووە چارەسەر بکات و؛پێی وابوو ئەنجامدەری تاوانی گەورە مسوڵمانە،بەلاٌم (منافق)ە،[3] وەلیٚ ئەمە نەك کێشەکەی چارەسەر نەکرد،بەڵکو فاکتەری ناڕاستەوخۆی هاتنەکایەوەی گروپ وبیروبۆچوون وتێڕوانینی نویٚ بوو بۆ بابەتە فیقهی و شەرعیەکان،کە ئەویش گروپی موعتەزیلەکان بوو.ئەمەو دوای جیابوونەوەکەی(واصل)لە مامۆستاکەی،خەڵکانێك لە شوێنکەوتەکانی(جهم بن صفوان)لەدەوری کۆبوونەوە،هەربەم هۆیەوە دەوترێت(واصل بن عطاء و عمرو بن عبید)مایل بوون بەلای باوەڕی جەهمیەکان و تەبەنناي ئەفکارەکانیان کردوون.[4]**

## بنەماکانی باوەڕ لای موعتەزیلەکان

**موعتەزیلەکان بەجیاوازییەکانی نێوانیانەوە یەك دەنگ و ڕەنگ و یەکسانن لەسەر پێنج بنەما بۆ باوەڕەکەیان،وابەستەگی و بڕوایان پێی هەیەو وەکو میتۆدو پەنجەرەیەکی تایبەت بۆخوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەق و شەریعەتی ئیسلامی بەکاریانهێناوە.**

---

[1] الشهرستاني:الملل والنحل،١/٦١_٦٢؛البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١١٨؛ابن قدامة المقدسي:منهاج القاصدين،ص١٨٨_١٨٩؛السفاريني:لوامع الانوارالبهية،١/١٢؛ابن ابي الخيرالعمراني:الانتصار في الرد على المعتزلة،١/٦٨_٦٩؛ابن المرتضى:طبقات المعتزلة،ص٨؛القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص٨؛محمد حسين الذهبي:التفسير والمفسرون،ص٢٦٢ ؛احمدمحمود الصبحي:في علم الكلام،ص١٥؛فالح الربيعي:تاريخ المعتزلة فكرهم وعقائدهم،ص١٨؛عبداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلة في الخوارج،ص١٤؛ابراهيم الفيومي:المعتزلة تكوين العقل العربي، ص١٢١،١١٩.

[2] بڕوانە:(الخياط:الانتصار والرد،ص١٦٤_١٦٥؛احمد محمود الصبحي:في علم الكلام،ص١٠٦).

[3] زهدي جارالله:المعتزلة،ص١٦؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٣٩.

[4] محمود عبدالرزاق الرضواني:البدعة الكبرى،ص١٦_١٧؛بڕوانە:(ابن خلكان:وفيات الاعيان،٦/٧_١١).

**هەروەك لەوبڕوایەشدان هەركەس و لایەنێك بنەمایەك لە بنەماكانیان زیاد یان كەم بكات،شایستەی ئەوەنیە پێی بگوترێت موعتەزیلی،[1] هەربۆیە(الخیاط المعتزلي)وتویەتی هیچ كەسێك شایستەی ئەوەنیە چەمكی ئیعتیزالی بدرێتە پاڵ تاوەكو باوەڕی تەواوی بە پێنج بنەماكە نەبێت،هەركات لەولایەنەوە كامڵ بوو باوەڕی پێهێنان ئەوكات ئەوكەسە موعتەزیلیە،پێنج بنەماكەش بریتین لە(یەكخوا پەرستی،دادپەروەری،پەیمان و هەڕەشە،پلەیەك لەنێوان دوو پلەدا،فەرمان كردن بەچاكە و ڕیگری كردن لەخراپە)،[2] لەڕاستیدا(واصل بن عطاء) بنەمای مەزهەبی موعتەزیلەكانی داناو(عمرو بن عبید)یش شوێنی كەوت و دایە پاڵی،بەلاّم ئەم بنەمایانە تاسەردەمی خەلیفە(هارون الرشید١٧٠_١٩٣ك/٧٨٦_٨٠٩ز)ڕێكنەخرابوون،تا ئەوەی( ابي الهذیل العلاف )[3] دووكتێبی لەسەریان نووسی و ئاینزاكەیانی ڕوون كردەوەو باوەڕەكەشیانی لەسەر(پێنج)بنەما دانا.[4]**

**هەروەها(الملطي)بۆمان دەگێڕێتەوە كە موعتەزیلەكان پێنج بنەمایان بۆ باوەڕەكەیان داناوەو هەمووشیان پێوەی پابەندبوون و جەدەلێكی زۆریان لەبارەوە كردوە،هەرلەو ڕوانگەیەشەوە كتێبێكی زۆریان لەسەر ئەوانە نوسی كە بیروبۆچوونی پێچەوانەی ئەمانیان هەبووە،سەرباری ئەوەی خۆیان بێبەری دەكرد لە نەیارەكانی باوەڕەكەیان ئەگەرچی لەكەسە نزیكەكانی خۆشیان بوایە،[5] لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كەموعتەزیلەكان**

---

[1] زهدي جارالله:المعتزلة،ص٥١.

[2] الانتصار في الرد،ص١٢٦_١٢٧؛القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٠٥؛البلخي:فضل الاعتزال،ص١٧؛محمد أبوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١١٩؛علي بن سعد الضويحي:آراء المعتزلة الاصولية،ص٨١؛وليد قصات:التراث النقدي والبلاغي، ص١٩.

[3] ابوالهذیل:ناوی(ابوالهذیل محمد بن عبدالله بن مكحول العبدي)ە و بە(العلاف)ناسراوە،لەساڵی(١٣٥ك/ ٧٥٢ز)لە شاری بەسرە لە دایك بووە و لە(٢٢٥ك/٨٤٠ز)لە شاری سامەڕا كۆچی دوایی كردووە،ناوبراو مەولای(عبدالقیس)ی شێخ و زانای موعتەزیلەكانی بەسرە بووە و خۆیشی یەك لە زانا گەورە و بەناوبانگەكانی موعتەزیلەیە و مەسائیلە ئیعتیزالیەكانی لە(عثمان بن خالد) و (واصل بن عطاء)ەوە وەرگرتووە،هەروەك زۆر شارەزای فەلسەفەی یۆنانی بووە و كەوتۆتە ژێركاریگەریەوە،بۆیە بەهۆی بیروباوەڕ و تێڕوانینە جیاوازەكانیەوە تەكفیر كراوە تەنانەت لەلایەن خودی گرووپەكانی موعتەزیلەشەوە،وەكو(المردارية،الجبائية،الجعفرية...الخ)،لە گرنگترین بیروباوەڕەكانیشی ئەوەیە كە پێیوایە خودا زانایە بە زانست و زانستەكەشی خودی زاتی خۆیەتی،توانایە بە توانست و توانستەكەشی خودی زاتی خۆیەتی،زیندووە بەژیان و ژیانەكەشی خودی زاتی خۆیەتی ،ئەم باوەڕانەشی لە فەیلەسوفەكانەوە وەرگرتووە كە باوەڕیان بە یەكانەیی زاتی خودا و دابەش نەبوونی هەیە.هەروەك بڕوای وایە كە پاداشت و سزاكانی ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ لەناو دەچن و نامێنن،بەلاّم ئەهلەكانیان بەبێ بزوتن و جوڵە لە نێویاندا دەمێننەوەو تەنانەت توانای قسەكردنیشیان نامێنێت و خوداش دوای ئەو فەنابوونەی بوون؛توانستی هیچی نامێنێت و نە دەتوانێت زیندوو بمرێنێت و نەمردووش زیندوو بكاتەوە،هەروەك سەبارەت بە قەدەریش لە دواڕۆژدا پێی وایە تەواوی كردەی مرۆڤەكان لە لایەن خوداوە دروست دەكرێن،لەبەرئەوەی ئەگەر كردەكان هی خودی مرۆڤەكان بن ئەوا بەرپرسیاریش دەبن بەرامبەریان،ئەمە سەرباری ئەوەی كەلامی ئیلاهیشی دابەش كردووە بۆ ئەوەی كە پێویستی بە شوێن نیە وەكو فەرمانی بوون(كن) و ئەوەشی پێویستی بە شوێن هەیە وەكو(فەرمان و نەهی و ئاگاداركردنەوەكان) و پێیوایە فەرمانی بوون(كن)جیاوازە لە فەرمانەكانی پێ سپاردن،جیا لەوانەش بڕوای وایە پێویستە مرۆڤ باش و خراپی و جوانی و ناشیرینی كردەوەكان بە ژیری جیا بكاتەوە بەبێ بەڵگەی بیستراوو نەقڵی و هاتنی شەرع لەبارەیانەوە،هەروەك تەواوی ناوو سیفاتەكانی خوداش ڕەت دەكاتەوە.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٢١_١٣٠؛الشهرستاني:الملل والنحل،١/٦٤_٦٧؛ابن خلكان:وفيات الاعيان،٤/٢٦٥؛ابن المرتضى:طبقات المعتزلة،ص٤٤).

[4] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٧٩٢.

[5] التنبيه،ص٣٠_٣١.

دەمارگیریەکی لە ڕادە بەدەریان بۆ ئاینزا و گوتەزاکانیان و بنەماکانیان هەبووە.پێنج بنەماکەی باوەڕیش لای موعتەزیلەکان ئەمانەن:-

**یەکەم:یەکتاپەرستی(التوحيد)**

یەکتاپەرستی یان یەکخواپەرستی لەڕووی زمانەوانیەوە گوزارشتە لە یەکانەیی شتێك،بەڵام لەڕووی چەمکەوە واتای زانیاری بەوەی،کەخودا یەکە و هیچ هاوەڵێکی نیەو تاکوتەنهاو بێ هاوتایەو کەس شایستەی سیفاتەکانی ئەونەبووەو نیە،[1] ئەم بنەمایە یەك لەگرنگترین بنەماکانی موعتەزیلەکانە،کە زۆر گرنگیان پێداوەو هەردەم لە مانیفێست و بڵاوکردنەوەیدا بوون و شانازیشیان پێوەی کردوە.

موعتەزیلەکان مەبەستیانە لە ڕێگەی تەوحید و یەکتاپەرستیەوە تاکو تەنهایی و یەکڕەنگی خودا(وحدة الذات الهية)بسەلمێنن و نەفی جەستە و جەوهەر و عەرەز و کات و شوێنی بکەن،واتە خودا بەش و توخم و ڕەگەز و ناوەڕۆك و تەن نیە ودووره لەمانە و دابەشیش نابێت بۆ زات و سیفات،چونکە هەموویان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هیچ شتێك لەوێنەی ئەو نەبووەو نیەونابێت و بیسەروبینایە،[2] ئەزەلی و کۆن و هەربوو زاناو توانایە،زانایە بەواتای زانایە بەزاتی خۆی نەك زانا بەجگە لە زاتی خۆی، توانایە بە زاتی خۆی نەك توانابێت بە جگە لەزاتی خۆی و بێ وێنەو ناوازەیە و بەدیهێنەری هەمووشتێکە،[3] بەپێی ئەم تێڕوانینەشیان(بوون)دەکەوێتە نێو زاتی خوداوە و دوانەیەکی لێکدانەبڕاون،چونکە خودا زانایە بەهەموو بوون، ئەوانیش پێیانوایە خودا زانانیە بە جگە لەزاتی خۆی؛خوداش زانایە بە بوون،کەواتە بوون بەشێکە لەزاتی خوداو دەکەوێتە نێویەوە،چونکە ئەوان دەڵێن زاتی خودا یەکەو دابەش نابێت و وەسف ناکرێت و کارسازی بێ یاریدەیە و هیچ شتێك لەئەو ئەزەلی تر نیەو نابێت دووئەزەلی و هەربوو هەبن،چونکە ئەمە هاوەڵ بڕیاردانە بۆخودا،لەمەشدا نەفی ئەوەیان کردووە قورئان کەلامی خودا بێت،بەڵکو پێیان وایە کە دروست کراوەو نوێیە(چونکە ئەگەر کەلامی ئیلاهی بێت؛ئەوا کۆنیشە بە ئەندازەی کۆنی خودا)لەمەشەوە(واصل بن عطاء)دەیگوت هەرکەسێك دان بەوەدا بنێت کە خوداو سیفاتەکانی هەردوو ئەزەلی و کۆنن،ئەوا بوونی دوو خودای سەلماندووە،[4] لەمەشدا موعتەزیلەکان خودایان پەکخستووە(التعطيل)و هەموو سیفاتێکیان لێداماڵیوە.

وێڕای ئەوانە موعتەزیلەکان بە گرنگیەوە لە یەك خواپەرستیان ڕوانیوە(هەڵبەت لەسەر ئەوتایپە لە تێگەیشتنی خۆیان)و بە هەموو هێزو توانایانەوە لەهەوڵی ڕەتدانەوەی ئەهلی شیرك بوون لە(مەجوسی و گروپە جۆراو جۆرە دەهریەکان)یەکتاپەرستیش لای ئەوان دوو جۆرە(زانست و دان پیانان)زانست واتا

---

[1] عبدالرحمن البدوي:مذاهب الاسلاميين،ص٥٨؛علي محيبس البصري:المعتزلة والتوظيف اللغوي،ص٢٨؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،ل٤٨.

[2] الشهرستاني:الملل والنحل،٥٦/١؛بڕوانە:(قاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١١٧؛ابن ايمية:بيان تلبيس الجهمية،١٣٣/١)؛ المسعودي:مروج الذهب،١٨٤/٣؛مصطفى حلمي:قواعد منهج سلفي،ص١١٠_١١١.

[3] القاضي عبدالجبار:شرح اصول الخمسة،ص١٦٢؛ابن قدامة المقدسي:منهاج القاصدين،ص١٨٩؛احمد محمود صبحي:في علم الكلام،ص١٢١؛حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١٤٦/١؛علي سامي النشار:نشاة الفكرالفلسفي،٤١٩/١.

[4] الشهرستاني:الملل والنحل،٥٥/١ ، ٦٠؛عمر فروخ:تاريخ الفكرالعربي،ص٢٢٦.

**زانینی یەکانەیی خودا و دان پێدانانیش داننانە بەو زانستەدا و ئەگەر کەسێك دان بەو زانستەدا نەنێت یەك خواپەرست(الموحد)نیە.**[١]

**دووەم: داد(العدل)**

**یەکێکی دیکە لە بنەماکانی باوەڕی موعتەزیلەکان (دادپەروەری خودا)یە، کەموعتەزیلەکان مەبەستیان لێی ئازادی مرۆڤە لە ئەنجامدانی کردەوەکانیدا، و مادام مرۆڤ سەرپشك و ئازادە(المخیر)،کەواتە خودا توانای پێ بەخشیوە لەوەی کە کردەوەکانی بە ویستی خۆی ئەنجام بدات،**[٢] **چونکە هەموو مرۆڤێك لێپرسینەوەی لەهەمبەر کردەوەکانیدا لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی خۆی کردەوەکانی خۆی دەسازێنێ و توانستی ڕەهای بەسەریانەوە هەیە و لەهەڵبژاردن و ئەنجامدانیاندا ئازادی تەواوی پێ دراوەو،پاداشت و سزاکەشی بەرمەبناو دەرهاویشتەی کردەوەکانی خۆیەتی،ئەمەش دادپەروەری خودا دەسەلمێنێت،**[٣] **چونکە خودا ستەمی لەکەس نەکردوە و نایکات و ئەرکێك بەکەسێك ناسپێرێت توانستی ئەنجامدانی نەبێت و ڕێگری لەکەس نەکردوە و نایکات بۆکاری چاکە ، بەڵکو فەرمانیشی بەکردنیان کردوە،کەسیشی نەخستوە و ناخاتە سەر ڕێی هەڵەو پەڵەو تاوان،بەڵکو نەهیشی لێکردوەو ڕقی لێیانە،**[٤] **و هەرگیز خراپەی بۆ مرۆڤ بەدی نەهێناوە،چونکە ئەگەر خودا خراپە بەدیبهێنێت و مرۆڤ بۆکاری خراپ ئاراستە بکات و پاشان سزایان بدات، کەواتە خودا ستەمی کردوە لەبەندەکانی،**[٥] **خوداش ستەمی لەکەس نەکردوەو نایکات،بۆیە باشترە بڵێین مرۆڤ خۆی کردەوەکانی خۆی دەسازێنێ و هەڵیان دەبژێرێت و ئەنجامیان دەدات وخوداش لەسەر کردنیان پاداشت یان سزای داناوە،چونکە مرۆڤ ڕەهاو ئازادو تواناداره بەو توانستەی خودا پێی بەخشیوە.**

**هەروەك خوداش بوونی بۆ ئامانجێك بەدیهێناوەو بەردەوامی پێداوەو چاکەی مرۆڤەکانی دەوێ و هەموو کارەکانیشی باشن و کاری نابەجێ و خراپ ناکات و بەربەستیش لەبەردەم کاری چاکەدا دروست ناکات،ئەمەشیان تەوزیف کردوە بۆ دادپەروەری خوداو نەفی کردنی قەدەرو ئەوەشیان ڕەتکردۆتەوە کە خودا کاری خراپ بۆمرۆڤ بەدیبهێنێت،**[٦] **ئەمەو(الشهرستاني)باس لەوە دەکات کە(واصل)و موعتەزیلەکان نەفی قەدەرو گوتەزاکانیان لەمەڕ قەدەر لە(معبد الجهني)و(غیلان الدمشقي)ەوە وەرگرتووە نەك ئەوەی کە بنەمایەکی تایبەت بێت بە خۆیان.**[٧]

---

[١] جارالله:المعتزلة،ص٦٠؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٧٢.

[٢] کوربان:تاريخ الفلسفة الاسلامية،ص١٧٧؛ حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١/١٥٠؛محمود اسماعيل:تاريخ الحضارة العربية الاسلامية،ص٢١٨.

[٣] دي بور:تاريخ الفلسفة الاسلامية،ص٨٨؛علي احمد:تاريخ الفكرالعربي الاسلامي،ص٧١؛وليد بن صالح باصمد:اثرعلم الكلام علي المنتسبين اليه،ص٦١؛وليد قصاب:التراث النقدي والبلاغي،ص٢١.

[٤] علي سامي نشار:نشاة الفكرالفلسفي،ص٤١٩؛سلێمان مەزهەر:چیرۆکی ئاینەکان،لا٥٦٥.

[٥] ابن ابي العز:شرح العقيدة طحاوية،ص٧٩٢؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،لا٥٠.

[٦] حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١/١٥١؛بڕوانە:( دي بور:تاريخ الفلسفة الاسلامية،ص٨٧_٨٩)؛احمد شوقي ابراهيم:المعتزلة في البغداد واثرهم، ص٣٦.

[٧] الملل والنحل، ١/٦١.لەناوەڕۆك باسی دەکات و لە پەراوێزیش جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**سێیەم:بەڵێن و هەڕەشە( الوعد والوعید)**

مەبەست لەم بنەمایە لە تێڕوانینی موعتەزیلەکاندا ئەوەیە،کە خودا لەپەیمان و هەڕەشەیەك کە وادەی داوە پەشیمان نابێتەوەو بەڵێنەکانی لەمەڕ پاداشت کردنی چاکەکاران و هەڕەشەکانیشی لەمەڕ خراپەکاران و تاوانکاران ڕاستەو بەدیدێت و هەڵەو دواخستنی تێدانیە و وشەکانی ناگۆڕێت،[1] ئەگەر موسڵمان لەسەر گوێڕایەڵی و تەوبەکردن بمرێت شایستەی پاداشتە و بەپێچەوانەشەوە ئەگەربمرێت و تەوبەی نەکردبێت لە تاوانە گەورەکانی کە ئەنجامیداوە شایستەی ئاگری هەمیشەییە،بەڵام سزاکەی ئەهوەنترە وەك لەسزای بێ باوەڕان،[2] هەرلەم ڕوانگەیەوە(القاضي عبدالجبار)پێی وابووە،کەپەیمان و هەڕەشە واتا زانست بەوەی کە خودا هەموو بەڵێنەکانی لەپاداشت و سزای چاکەکارو خراپەکار بەدی بهێنێت و هیچ شتێك گوتەکانی نەگۆڕێت،هەروەکو نایگۆڕێت و نابێت پەیمان و هەڕەشەکانی دوابخات و درۆ لەبەڵێنەکانی بکات کەداویەتی،[3] ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە(پەیمان و هەڕەشە)تەواوکەری(دادپەروەری)خودایە بەوەی پەیمانەکانی بەپاداشت و سزاوە بەجێ بگەیەنێت،هەرلەم ڕوانگەیەوە موعتەزیلەکان نکوڵی شەفاعەتیان کردوە لەڕۆژی دواییداو،پێیانوایە کەس توانستی شەفاعەتی نیەلای خوداو ناتوانێت کەس ڕزگاربکات،هەرکەس بەپێی کردەوەکانی پاداشت و سزا وەردەگرێت،ئەم نکوڵی لێکردنەشیان لەبەرئەوەبوو،کە شەفاعەت تەواو دژدەهاتەوە لەگەڵ بنەمای(پەیمان و هەڕەشە)کەیاندا.[4] بەم بنەمایەشیان ئەوئایەتانەی خودا لەکاردەخەن کەباسی شەفاعەت دەکەن لەوێنەی(يَوْمَئِذٍ لَا تَنْفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَنُ وَرَضِيَ لَهُ قَوْلًا)،[5] کە جێ باوەڕی هەموو ئەهلی سوننەوجەماعەتەو وابەستەگییان پێوەی هەیە.

ئەم بنەمایە پەیوەندیەکی تۆکمەشی لەگەڵ(المنزله بين المنزلتين)دا هەیە و بەم بنەمایەیان بڕیار لەسەر بنەمای چوارەم دەدەن،واتە بە بەڵێن و هەڕەشەکەیان(الوعد والوعید)بڕیار لەسەر بەرکاری شوێنێك لەنێوان دوشوێندا دەدەن.

**چوارەم:پلەیەك لەنێوان دوو پلەدا(المنزله بين المنزلتين)**

ئەم بنەمایە تایبەتمەندی خۆی لای موعتەزیلەکان هەبووە،چونکە سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی دەگەڕێتەوە بۆ بەدیارخەر و بانگەشەکاری ئەم ڕیبازەو چرکەساتی جیابوونەوەکەی(واصل بن عطاء)لە(حسن البصري)مامۆستای و،بەمانای ئەوە دێت،کە تاوانکاری گەورە نەبێباوەڕەو نەمسوڵمانەو نە لەنێو ئیسلامدایە

---

[1] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص١٣٥_١٣٦؛محمد ابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٢١_١٢٢؛محمد حسين الذهبي: التفسيروالمفسرون،٢٦٣/١؛نجلاء الطفي:الفرق والمذاهب،ص٨١.

[2] الشهرستاني:الملل والنحل،٥٦/١، ٥٧؛المسعودي:مروج الذهب،١٨٤/٣_١٨٥؛احمد شوقي ابراهيم:المعتزلةفي بغداد واثرهم،ص٤١.

[3] علي بن سعد الضويحي:اراء المعتزلة الاصولية،ص١١٧؛علي محيبس البصري:التوضيف اللغوي،ص٣٠.

[4] المسعودي:مروج الذهب،١٨٥/٣ ؛ زهدي جارالله:المعتزلة،ص٥١_٥٢؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،ل٦٣.

[5] طه/١٠٩.مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە **"لەو ڕۆژەدا تکاوپاڕانەوە(شەفاعەت)لای خودا هیچ سوودێك نابەخشێت،مەگەر ئەو کەسەی کەخودا خۆی مۆڵەتی پێدابێت شەفاعەت بکات،ئەوکات پاڕانەوەو قسەکانی پەسەند دەکات".**

و نە لەئیسلامیش دەرچووەو چۆتە ناوبێباوەڕیەوە،[1] بەڵکو دەکەوێتە نێوان هەردوو مەنزڵی(باوەڕ و بێباوەڕی)ەوە(ئەمە لەدونیادا)،ئەگەر لەدونیاش دەربچێت پێش ئەوەی تەوبە بکات ئەوادەچێتە ئاگرەوە بۆ هەتا هەتایە،[2] هەروەها(الشهرستاني)دەڵێت:(المنزله بين المنزلتين)واتا زانست بەوەی کە تاوانکاری گەورە ناوێکە لەنێوان دوناودا و بڕیارێکە لە نێوان دوو بڕیاردا،[3] ئەمەو ئەم بنەمایە تایبەتە بەموعتەزیلەکان و لەداهێنانی خۆیانەو لەکەس و لایەنی تریان وەرنەگرتووەوکەسیش لە ئیسلامدا پێش ئەوان باسی لێوە نەکردوەو جەدەل و گفتوگۆو پەیڤینی لەبارەوە نەکردوە.

**پێنجەم:فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن لە خراپە(الامر بالمعروف والنهى عن المنكر)**

پێنجەمین بنەمای باوەڕەکەیانەو هاوڕان لەسەری،بەڵام لەڕاستیدا ئەمە بنەمایەکی باوەڕی نیە هێندەی بنەمایەکە بۆ ئیجتیهادی شەرعی.لای موعتەزیلەکان فەرمان بەچاکە دوو جۆرە،جۆرێکیان ئەرکەو ئەمەش فەرمانکردنە بە ئەرکە ئاینیەکانی ئیسلام کە مرۆڤ لەدەستیداوەو دەستبەرداری بووە،ئەوی دیکەیان سوننەتە کە ئەمەش دیسان فەرمان کردنە بەسوننەتگەلێك مرۆڤ وازی لێیانهێناوە،بەڵام ڕێگریکردن لەخراپە واجبە،[4] بۆیە موعتەزیلەکان پێیانوایە فەرمان بەچاکەو ڕێگریکردن لە خراپە واجبە لەسەرمسوڵمانان و باوەڕداران بەپێی توانستی خۆیان بۆ ئەو کارە،ئەگەرچی بە چەك و شمشێریش بێت یان هەر شتێکی دی،ئەگەر ڕێگریان لەخراپە کرد بەشمشێر ئەوا غەزایان کردوە،[5] بەم بنەمایەشیان موعتەزیلەکان هاوشێوەی خەوارجەکان دەرگایان واڵا کردوەو ڕێگەیان بەدەرچوون بەسەر فەرمانڕەوای موسڵماناندا بەشمشێرو شۆڕش کردن داوە،ئەگەر ستەمی کردو بێباوەڕیی ئاشکرای لێبینرا.[6] ئەمەش ئەوپێنج بنەمایەی موعتەزیلەکان بوو،ەوێڕای جیاوازیەکانیان هەموویان هاوڕابوون لەسەری،هەروەك ئەم بنەمایانەیان جودای دەکرنەوە لە گروپەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی.

---

[1] ابن تيمية:مجموع الرسائل،٨/٣؛ حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١٥٢/١؛وليدبن صالح باصمد:اثر علم الكلام علي المنتسبين اليه،ص٦١؛محمود اسماعيل:تاريخ الحضارة العربية الاسلامية،ص٢١٩.

[2] الاسفرايني:التبصيرفي الدين،ص٦٥؛وليد قصاب:التراث النقدي والبلاغي،ص٢٣؛هاوژين مەلا ئەمین:دەروازەیەك بۆئاشنا بوون بەزانستی کەلام،ل٧٠.

[3] الملل والنحل،٦٤/١؛بڕوانە:( كوربان:تاريخ الفلسفة الاسلامية،ص١٧٨_١٧٩).

[4] المسعودي:مروج الذهب،١٨٥/٣؛قاضي عبدالجبار:الاصول الخمسة،ص٧١؛علي محيبس البصري:التوضيف اللغوي،ص٣٢.

[5] الاشعري:مقالات الاسلاميين،٣١١/١؛ حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١٥٢/١_١٥٣؛زهدي جارالله:المعتزلة،ص٥٢؛حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلام،٣٤٣/١؛سلێمان مەزهەر:چیرۆکی ئاینەکان،ل٥٦٦.

[6] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٧٩٣؛محمود عبدالرزاق الرضواني:البدعة الكبرى،ص٢٠.

## باسی دووەم/حەنبەلیەكان

## تەوەری یەكەم:حەنبەلیەكان، سروشت و تایبە تمەندی

**حەنبەلیـەكان یـەكێك بـوون لـەئاینزاكانی ئـەهلی سـوننەوجەماعەت،كەڕۆڵێكی ئێجگـار مـەزنیان لەمێـژووی ئیسـلامیدا هەبووە،هـەروەك(السـفاريني)ئامـاژە بەوەدەكات،كـە ئـەهلی سـوننەوجەماعەت سـێ گروپـی گەورەن،یەكـەمیان ئەسـەریەكانن(الاثريـة)،كـە پێشـەواكەیان(احمد بـن حنبل)ەو،دووەمیشـیان ئەشـعەریەكانن(الاشـعرية)[1]،كـە(أبوالحسـن الاشـعري)ڕابەریانـەو سێیەمیشـیان ماتوریدیـەكان بـوون(الماتريديـة)[2]،كـە(أبـو منصـور الماتريـدي)پێشـەواو گەورەیانە،بـەڵام**

---

[1] الاشعرية و ابوالحسن الاشعري:به شوێنكەوتەكانی(ابوالحسن علي بن اسماعيل بن ابي بشر)ی نەوەی(ابو موسى الاشعري)ن،و لەسەر ڕێبازی شافعیەكانن،ئەمەو(ابوالحسن الاشعري)لەساڵی(٢٦٠ك/٨٧٤ز)لەشاری(البصرة)لەدایكبووەو،لەساڵی(٣٢٤ك/٩٣٥ز)كۆچی دوایی كردوە،باوكی فەرموودەوان بووە،بەڵام ناوبراو پەروەردەی دەستی(ابوعلي الجبائي)موعتەزیلی مامۆستای بووە،بۆیە لەسەرەتاوە تاتەمەنی(٤٠)ساڵی لەسەر مەزهەبی موعتەزیلەكان بووە،بەڵام دوای ئەو تەمەنە پاشگەزدەبێتەوە لەبیروباوەڕی ئیعتیزال،وازهێنانەكەشی لە مزگەوتێكی شاری(البصرة)و لەڕۆژی هەینیداو لەسەردوانگەی مزگەوتەكەوە ڕادەگەیەنێت و،دەڵێت پاشگەزبوومەتەوەلە(مەسەلەی خەلقی قورئان،ڕەتكردنەوەی بینینی خودا لەڕۆژی دواییدا،مەسەلەی قەزاوقەدەرو ئازادی مرۆڤ لەئەنجامدان و دروستكردنی كردەوەكانیدا)،لێرەوە ڕێبازێكی نوێی تایبەت بەخۆی دادەمەزراند بەناوی ئەشعەریەكان و ئاشتی خستەنێوان عـەقڵ و نەقڵـەوەو ئـاوێزانی یەكـدی كردن،بەمـەش بووبـە خـاوەن ڕێبـازێكی تایبـەت بـەخۆی و،جـەدەلێكی زۆریشـی لەگـەڵ(ابـوعلي الجبائي)مامۆستایدا ئەنجامداوەو بەسەریدا سەركەوتووە،دوای مردنی خۆیشی(الباقلاني)درێژەی بە ڕێباكەی داوەو بلاوی كردۆتەوە.

لەدانراوەكانی( ابوالحسن الاشعري):(الرد على المجسمة،اللمع في الرد على اهل الزيغ والبدع،مقالات الاسلاميين،الابانة عن اصول الديانة،خلق الاعمال.ززالخ).بۆزانیـاري زیـاتر بڕوانـة:(ابن عسـاكر:تبين كـذب المفـترى؛ابـن خلكان:وفيـات الاعيـان،٢٨٤/٣؛ابـن العماد:شـذرات الذهب،١٢٩/٤؛الذهبي:سير اعلام النبلاء،٨٥/١٥؛الشهرستاني:الملل والنحل،١٠٦/١).

[2] الماتريدية و ابومنصورالماتريدي:گروپێكی گەورەی سەربە ئەهلی سوننەن و لەسەر ڕێبارزی حەنەفیەكانن،ناوەكەشیان بۆ ناوی یەك لەزانا گەورەكانی سەدەی سێیەمی كۆچی بەرامبەر بەنۆیەمی زاینی دەگەڕێتەوە،بەناوی(ابو منصور بن حمد بن محمود الماتريدي السمرقندي)كە لە(ماترید)ی سەربە(سمرقند)ی ولاَتی ئەودیوڕووبارو لەسەردەمی خەلیفە(المتوكل ٢٣٢–٢٤٧ك/٨٥٧_٨٦١ز)لەدایكبووە،ئەم گرووپە لەسـەدەی (٣ك/٩ ز)و هەرلە(سمرقند)دەركـەوتن و،جیـاواز لەگرووپـەكانی پـێش خۆیان،بەڵگـەی عـەقڵی و كـەلامی و بەڵگـەی نـەقڵیان لەڕووبەڕووبوونـەوەی موعتەزیلەوجـەهمی و نـەیارەكانی دیكەیانـدا بەكاربردوەو،جـەدەلێكی زۆری لەگـەڵ موعتەزیلەكانداكردووە،بەتایبـەت لەوبابەتانـەدا كـەبیروڕایان جودابووە،دواتریش لەگەڵ(ابوالحسن الاشعري)دا یەكدەگرن،بۆدژایەتیكردنی موعتەزیلەكان و ڕەتدانەوەیان،هەروەك(ابوالمنصور)دەورێكی بـالآی هـەبووە لەڕاڤەكردنی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو ڕوونكردنەوەی بەبەڵگەی عەقڵی و نەقڵی،لەمەشدا بەزۆری سودی لە بیروڕاكـانی(ابوالحنيفة)وەرگرتـووەو خـودی بنەماكانی ڕێبازەكەشی بۆئەو دەگەڕێتەوەو بەمیراتگری(ابوالحنيفة)ناسراوە،لەبوارەكانی(بیروباوەڕ"العقيدة"،زانستی كەلام،فیقهـ)،بەڵام لەهەندێ بابەتدا پێچەوانەی ئەهلی سوننەبوون.

لەبیروڕاكانیان(تـەواوی سـیفاتە زاتیـەكانی خودایـان چەسـپاندووە،وەك چـۆن لەدەقـداهاتووە،بڕوایان بەمەسـەلەی بـاش وخراپـی ژیری(الحسـن والقـبح العقليان)هەبوو،بڕوایان بەبینینی خودا هەبووە لەڕۆژی پەسلاَندا،لەلایەن ئەهلی بەهەشتەوە،بڕوایان بەبالآبوونی خوداولەسەر عەرش بوونی هەبووە بـەبێ چۆنێتی،پێیانوابووە،كەمرۆڤ بكەرێكی ئازادوو سەرپشكە بۆ هەمووكردەوەیەك كەئەنجامی دەدات،بەڵام لەلایەن خوداوە كردەوەكان دروستدەكرێن و مرۆڤ تەنها بەدەستهێنانی بەدەستە).

دانراوەكانی(ابومنصور الماتريدي):(تاويلات الاسلام،كتاب الجدل،التوحيد،المقالات،بيان وهم المعتزلة،الرد على اصول القرامطـة...الخ).بۆزانیـاری زیـاتر لەسـەر ژیاننامـەو بیروڕاكـانی(ابومنصـورالماتريدي)بڕوانـە:(ابـي منصـورالماتريدي:كتاب التوحيـد؛مقدمـة المحقـق كتـاب تـاويلات اهـل السـنة(الماتريدي)؛طـاش كـبرى زادة:مفتـاح السـعادة،١٣٣/٢؛غالـب علـي عـواجي:الفرق المعاصـرة،١٢٢٧/٣؛موسـوعة العربيةالعالميـة،حرف الالف،باب"ال،م"،مادة"الماتريدية"من"المكتبة الشاملة").

گرووپــەگومڕاو لادەرەکــان زۆرن لەمێــژووی ئیســلامدا.[1] بــەڵام لــە ڕوانگــەی ئێمــەوە ئــەم بۆچــوونە دروســـت نیە،چـــونکە لـــە ئیســـلامدا چـــەندین گرووپـــی دیـــارو ناســـراوو چـــوار ئـــاینزای گــەورە(الحنفي،مالكي،شــافعي،الحنبلي)هەبوونــەو هــەن،بیگومان ئــەو گرووپانەشــی(الســفاريني)باســی کردوە،بەشێکن لە ئەهلی سوننە،نەك هەرسێ گرووپەکە تەواوی ئەهلی سوننەبن.

هـەروەك خـودی حەنبەلیـەکانیش لەکتێبـە مێژوویيەکانـدا بە(شـەش) چین باسـکراون و چینی یەکـەمیان بە(أحمـد بـن حنبل)دەسـتپێدەکات لەگـەڵ ئەوانـەی فـەرموودەی لێوەرگرتـوون و لێیانـەوە گێڕاویەتیـەوە یـان هەربابـەتێکی دیکـەی پەیوەندیدار بـە زانسـتە ئیسـلامیەکانەوە،لەمانەوە چینی یەکـەم دەسـتپێدەکات بـەباس کـردن لـە لـەدایکبوون و مردنیـان و کتێـب ودانراوەکانیـان و گوتـەزاو تێڕوانینـەکانیان.[2] سـەرباری ئەوانـە دامەزرێنـەری ئـەم ئاینزایـە(احمـد بـن حنبـل بـن هـلال الشـيباني١٦٤_٢٤١ك/٧٨٠_٨٥٥ز)ە،کـە دواتـر لـە بەغدادەوە سەفەرێکی درێژی بە مەبەستی خوێندنی بابەتە ئیسلامیەکان دەستپێکردوە و لە پێناو وەرگرتنی فـــەرموودەدا چـــەندین ســـەفەری زانســـتی بـــۆ (بەسرە،کوفە،جەزیرە،مەککەومەدینە،یەمەن،ناوچـــە ســـنوورییەکان،جەزائیر،هـەرێمی چیاوشـام)ئەنجامداوە و لە(حیجاز)بـەئیمامی(شـافعي)گەیشـتووەو فیقهـو ئوسولّی لای خوێندوەو بووە بە هاوەڵێکی تایبەتی شافیعی،[3] هەروەك (ابن حنبل)لـە کـاتی گەشتەکانیدا بۆ هـەرێم و شـارەکانی جیهـانی ئیسـلامی چـاوی بـە زۆرێـك لـەو زانایانـە کـەوتوە کـە دواتـر بـوون بـە کۆڵەکـەی ئـاینزای حەنبـەلی و برەویـان پێـداو بەرەوگەشـەکردن و بڵاوبوونـەوەیان بـرد،[4] چونکە(ابن حنبل)بـە زانسـتە زۆرەکـەی و بـە دەسـتگرتن بـە قورئـان و سـوننەتەوە تـوانی خـۆی بـۆ خـەڵکی بەگشـتی بسـەلمێنێت و ببێتـە پێشـەوای حەنبەلیـەکان بـە چـینە جیاوازەکانیەوە،بـە تایبـەتیش ڕابـەری زانایـانی فـەرموودە ناس،بۆیـە پێشەوایانی فەرموودە کە لەدوای خۆی هاتوون و دێن تا ڕۆژی دوایی دەبنە شوێنکەوتەیی و ناتوانن خۆیـان لـە میتـۆدی فـەرموودەوانی و ئیجتیهـاد و فـەتواکانی لابدەن،تەنانـەت ئەوانەشـی کـە لەسـەر هـەمان بـاوەڕی ئاینزاکەشــی نــین،[5] ئەمــەش لەبەرئــەوەی (ابــن حنبل)ئیمــام و پێشــەواو شــارەزابووە لەهەشــت بــوارو بابەتدا،ئەوانیش(قورئان،فەرموودە،سوننەت،فیقهـــ،زوهد،لەخواترسان،زمان،هەژاری)،[6] بۆیـــە نـــاوبراو بەخاوەنی ئاینزای حەنبەلی دادەنرێت و حەنبەلیەکانیش شوێنکەوتەو هاوەڵانی ناوبراون و لە تەواوی خەڵك و ئاینزاکـانی دیکـە زیـاتر پابەنـدبوون و پەیوەسـت بـوونی خۆیـان بـە قورئـان و سـوننەتەوە دەردەخسـت و دەپاراسـت و نـە(ابن حنبـل)و نـە هاوەڵەکانیشـی بـە هـیچ تـەرزێك بۆچـوون(ڕەئی)یان قبـوڵ نـەکردوە[7] و عەقڵگـــەرایی دوورلـــەدەقی ڕەســـەن(قورئان وفـــەرموودە)یان دەخســـتە دەرەوەی بازنـــەی بـــاوەڕی

---

[1] لوامع الانوار،٧٣/١؛هەروەها بڕوانە:(محمد عمارة:المعتزلة والثورة،ص٣٥).

[2] قاضي ابي يعلى:طبقات الحنابلة،٢٠/١.

[3] ابـــن الجوزي:المناقـــب،ص٢٦؛ابـــن شطي:مختصـــرطبقات،ص٨؛صـــالح البردي:تســـهيل الســـابلة،١٤/١؛سعدرســـتم:الفرق والمذاهب،ص١٧١؛عبدالله التركي:اصول مذهب الامام احمد،ص٥٥، ٥٧؛احمد فريد:من اعلام السلف،٢٢٢/٢.

[4] بڕوانە:(ابن القيم:اعلام الموقعين،١٠٦/١؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٤٥/١_٤٧).

[5] بڕوانە:(سيدبن حسين العفاني:صلاح الامة،٨٨/٢ ، ١٩١/٣؛ابن القيم:اعلام الموقعين،١٠٥/١، ٤٩/٢).

[6] القاضي ابي يعلى:طبقات الحنابلة،٥/١؛ابن الجوزي:مختصر صفة الصفوة،ص٣٦٨؛جيهاد خاوەری:ئاورنگی مێژوو،ل١٧١.

[7] عبدالله التركي:اصول مذهب،ص٢٢٦؛عمرفروغ:تاريخ الفكرالعربي،ص٢٣٤.

**ئاینزاکەیان،هەروەك دەرگای(ئیجتیهاد)یشیان تا ئەندازەیەك داخست،لەبەر ئەمەش شوێنکەوتوانی لەڕووی ژمارەوە کەمتر بوون بە بەراورد لەگەڵ ئاینزاکانی دیکەدا،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی خۆیدا پێشەواو ڕابەری ئەهلی سوننەبووە.**[1]

**ئەمەو(ابن حنبل)زیاد لەوەی بە فیقهەکەی ناسرابێت بە فەرمووده ناسراوبووە،بۆیە شارەزایانی ئەم بوارە تا ئەندازەیەکی زۆر بە فەرموودەناسیان زانیوە و ناسیویانە وەك لە فیقهناس،هەروەك ناوبراو لەو بابەت و مەسەلانەدا فەتوای نەداوە،کە دەقی سافیان لەسەر نەهاتووە و لە مەسەلە فیقهیەکاندا زیاترپشتی بە(قورئان و سوننەت و فەتوای هاوەڵان و چاککردن"ئیستصلاح "و پێوانە)بەستووە،چی فەتوایەکی هاوەڵان لە مەسەلەیەکدا نزیکتر بوایە لە قورئان و سوننەتەوە ئەوەی هەڵدەبژاردو بیروبۆچوونی(الرأي)بە هەموو چەشنێك ڕەتدەکردەوە،**[2] **هەر لەبەر ئەمانە کۆڕومەجلیسی(ابن حنبل)لێوڕێژ بوو بە خۆسەرقاڵکردن بە قورئان و سوننەت و فێرکردنی خەڵکی بەم دوو بوارە،چونکە بابەتە عەقیدەییەکان هیچ سەرچاوەیەکی دیکەیان نییە جگە لەو دووبوارە و هیچ بەڵگەیەکمان لەجگە لەو دووبوارە سەبارەت بە عەقیدە دەست ناکەوێت ونابێت بەدوای عەقیدەدا لەڕێگەی عەقڵی پەتی و بیروبۆچوونەوە بگەڕێین،بەڵکوپێویستە لە ڕێگەی نەقڵەوە بە دوایدا بگەڕێین.**[3] **هەرئەمەش وای لە مێژوونووس و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە کردوە بڵێن حەنبەلیەکان گرنگیەکی گەورەیان بەسوننە(والآداب)دەداو شوێن پێهەڵگرتنی پێشین لای ئەوان هیچ نەبووە،جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەوەی،کە(ابن حنبل)ی لەسەربوو لەوڕووەوە،هەروەك پێویستی کردبوو لەسەرخۆی کە هیچ فەرموودەیەك نەنوسێتەوە،مەگەر ئەوەی کە کاری پێبکات،ئەمە جگەلەوەی شارەزایی تەواوی لە ناسینی سوننەدا هەبوو؛جاچ بەزانست و زانیاری بێت یان بە کارپێکردنیان بێت.**[4] **جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین لەهەموو سەردەمێکدا خۆسەرقاڵکردن بەدەقی ڕەسەنەوە بەبێ پەلهاویشتن بۆ بوارەکانی تر؛سروشتێکی وشك و برنگ پیشان دەدات و تەواوی خەڵك بەدەمیەوە ناچن،چونکە خەڵك بەگشتی شارەزای دەقی ساف نەبوون ونابن،بۆیە دەتوانین ئاینزای حەنبەلی بەئاینزای دەستەبژێر ناوببەین،لەبەرئەوەی ئەم ئاینزایە گرنگی تەواوی بە فەرموودەوانی داوە و دەدات وەك لە فیقهناسی،هەرئەمەشە وایکردوە شوێنکەوتەی ئەم ئاینزایە کەمتر بێت بەبەراورد لەگەڵ ئاینزاکانی تردا،چونکە زۆرێك گرنگی بەفیقهناسی دەدەن وەك لە فەرموودەوانی،بەڵکو فەرموودەوانی دەستەبژێری دەوێت،هەر لەبەر ئەمەش زۆرینەی خەڵکی شوێنکەوتەی سێ ئاینزاکە(الحنفي،مالكي،شافعي)ی پێش حەنبەلیەکان بوون.**

---

[1] ابن خلدون:المقدمة،ص٤٨٦؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٢٦٧؛بڕوانە:(ايهاب كمال محمد:الفرق الاسلامية،ص٢٥٩).

[2] بكرابوزيد:المدخل المفصل،١٥١/١؛ايهاب كمال محمد:الفرق الاسلامية،ص٢٥٨_٢٥٩؛رحيم كاظم الهاشمي وآخر:پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی،٢٦٦.

[3] محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٦١ .

[4] عبدالله التركي:اصول مذهب،ص٢٢٦؛المذهب الحنبلي،٣٣٨/١؛الذهبي:السيراعلام النبلاء،٢١٣/١١ ، ٢٦١ ، ٢٩٦.

## سروشتی ئاینزای حەنبەلی

**حەنبەلیەکان بنەمای باوەڕ و سروشتی تایبەت بە خۆیان هەیە،کە شوێنکەوتوانیان دەبوو ئەنجامی بدەن و لەسەر هەمان بیروباوەڕبن بۆ ئەوەی بچنە نێوبازنەی حەنبەلی و ئەهلی سوننەوە و بە باوەڕداری ئەهلی سوننەوجەماعەت هەژماربکرێن(چونکە لای ئەمان عەقیدە بنەمای و بونیادی هەموو باوەڕێکە)،ئەویش لەشێوەی کۆمەڵە مەرجێکدا دەبینرێن،ئەوانیش:**

**١ــ شایەتیدان(شەهادتین)،کەبریتیە لە(اشهدوا ان لا اله الا الله وحده لا شريك له،وان محمداً عبده ورسوله)و بڕوابوون بە تەواوی پەیامبەران و یەکبوونی دڵ و زمانی،بۆ ئەوەی گومان لە ئیمانیدا نەمێنێت،یەکێکە لە باوەڕەکانی دیکەی باوەڕداری چوارچێوەدراو بەئەهلی سوننە و جەماعەت.**[1]

**٢ــ بنەماکانی سوننەت لای حەنبەلیەکان دەست گرتنە بەوەی،کە هاوەڵانی پەیامبەری ئیسلام(د.خ)ی لەسەربووە وپابەندبوون پێوەی،هەروەك دەست بەرداربوون لە دژایەتیکردن و بەرهەڵستکاری و بیدعەکاری ودانیشتن لەگەڵ ئەهلی بیدعەو هەواو ئارەزوو لە خۆدەگرێت،چونکە بیدعە سەردەکێشێت بۆ گومڕایی،ئەمە سەرباری دەست بەرداربوون لە مناقەشەکردن و بەرانبەرکێ و ڕکابەرایەتی ئاینی.**[2]

**٣ــ سوننەت لای حەنبەلیەکان کرداری پەیامبەرە(د.خ)و بە پێوانە(قیاس)و نمونە هێنانەوە بۆی و پشت بەستن بە عەقڵ و عەقڵگەرایی و هەواو ئارەزوو نابێت و پێویستە شوێنی سوننەتی ئەو(د.خ) بکەون و دەستبەرداری ئارەزووبازی بن.**[3]

**٤ــ بڕواهێنان بەقەدەر بە خێرو شەڕو باش و خراپیەوەو بەڕاست زانینی ئەو فەرموودانەی کەلەو بارەیەوە هاتوون و بڕوابوون پێیان،نابێت بگوترێت بۆ؟چۆن؟ئەگەر هاتوو کەسێك ڕاڤەی فەرموودەیەکی نەزانی،نابێت بەعەقلی خۆی لێکدانەوەی بۆبکات،بەڵکو پێویستە بڕوایان پێ بهێنێت و بەڕاستیان بزانێت،وەکو فەرموودەی قەزاو قەدەر و بینینی بەختەوەرانە.**[4]

**٥ــ پێویستە بڕوادار جەدەل و ڕکابەرایەتی لەئایندا نەکات،هەروەك جەدەل و قسەکردن لەهەمبەر قەدەر و بینینی بەختەوەرانە و پرسی قورئان لەو بابەتانەن،کە نەهییان لێکراوەو خاوەنی ئەوباوەڕو گوتەزایانەش لەئەهلی سوننە نین ونابن،تاکو دەستبەرداری جەدەل و پەیڤینی ئەو بوارە نەبن و تەسلیم نەبن.**[5]

**٦ــ قورئان کەلامی خودایەو دروستکراونیە،بەڵکو لەجگە لەزاتی ئەو لەکەسی دیکەوە دەرنەچووەو دەرناچێت و نابێت لەوبارەوە جەدەل بکرێت،هەروەك ناشبێت هیچ کەس لەوبارەیەوە دودڵ و**

---

[1] ابن الجوزي:مناقب،ص٢٢٢؛ابن بدران:مدخل،ص٦٧؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٠٣/٤.

[2] بروانە:(ابن قدامة المقدسي:منهاج القاصدين،ص١٥٢)؛صالح البردي:تسهيل السابلة،٤٦/١؛بروانە:(حارث المحاسبي:العقل فهم القرآن،ص٣٩؛سيدالعفاني:صلاح الامة،٢١٠/٢_٢١٢؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١١٢/٤).

[3] اللالكائي:شرح الاصول اعتقاد،١٧٦/١؛ابن الجوزي:مناقب،ص٢٤١.

[4] اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،١٧٦/١؛ابن ابي زمنين:اصول السنة،ص١٩٧؛صالح البردي:تسهيل السابلة،٤٣/١.

[5] ابن بدران:مدخل،ص٧٠؛سيدالعفاني:صلاح الامة،٢٠٩/٢؛محمد ابو زهرة:ابن حنبل،ص١٤٧.

**ڕاڕابێــت و بڵێــت نــازانم دروســتكراوه یــان دروستكراونیه،هەركەســیش بڵێــت قورئــان دروســتكراوه بێشك بێباوەڕە،[1] ئەمه لە ڕوانگەی حەنبەلیەكانەوه.**

**٧ـــ بــاوەڕ بــەوەی كــەخودا لەگــەڵ هــەموو مرۆڤێكــدا لــەڕۆژی دواییــدا بــەبێ بــوونی وەرگێــڕ لــە نێوانیاندا؛قسەدەكات.[2]**

**٨ـــ بڕوابــوون بــەبینینی بەختەوەرانــەی خــودا لــەڕۆژی دواییــدا هــەروەك چــۆن لــە دنیــادا شــتەكان دەبینین،كەئەمــەش لــە فــەرموودەكانی پەیامبــەر(د.خ)هاتووەو پێویســتە بــەو چەشــنە بڕوامــان پێــی هەبێت كە پەیامبەر(د.خ)وەسفی كردوه.[3]**

**٩ـــ هــەروەها بــاوەڕ لای حەنبەلیــەكان كــردارو گوفتارە،زیادوكــەم دەكــات و هــەموو چــاكەیەك لــە ئیمــان و بــاوەڕەوە سەرچــاوە دەگرێــت و ئیمــان بــەهێز دەكــات و، لادان و خراپــەش لــە لاوازی باوەڕدایــە و ئیمان لاواز دەكات.[4]**

**١٠ـــــ هــــەروەها بڕوابــــوون بــــەوەی كــــە پەیامبــــەر هــــەواڵی لێداوە،وەكو(حــــەوزی كەوســــەری پەیامبەر"د.خ"،شەفاعەت،ســـزای گۆڕ،تــەرازوو لێپرســـینەوەی قیامــەت"میــزان والحســاب"،عــەرش و كورســی خودا،مەســیحی دەجــال و دابەزینــەوەی عیســا بۆســەر زەوی و لــەناوبردن و كوشــتنی دەجــال بەدەســتی عیســای مەســیح،بڕوابوون بــەوەی كەئــەو كەســانەی دەســت بــەرداری نوێــژكردن دەبــن بــێ باوەڕن)دەچنە خانەی گەلاڵە مەزهەبیەكەیانەوه.[5]**

**١١ـــ ســـەبارەت بـــەبیروڕای حەنبەلیـــەكان لـــەڕووی سیاســـیەوە،ئەوەیە كەپێیانوایـــە دەبێـــت ئوممـــەت گوێڕایـــەڵی خەلیفـــە یـــان ئـــەمیری مســـوڵمانان بن،ئەگـــەر چـــی بـــاش بێـــت یـــان خراپ،مـــادام خـــەڵكی لەســـــەری كۆبونەتـــــەوە و پێـــــی ڕازین،بـــــۆهیچ كـــــەس نیـــــە تانـــــەی لێبـــــدات و ڕووبـــــەڕووی بوەستێتەوه.پێویســـتە لەســـەر مســـوڵمانان نوێـــژی لـــەدواوە بكـــەن و هەركەســـیش دواتـــر نوێژەكـــەی دووبارەبكاتـــەوە ئـــەوە داهێنانكـــار و موبتەدیعـــە و لـــە ڕێ لایـــداوە،[6] هەركەســـیش لەپێشـــەواو ڕابەرەكــەی دەرچــوو شــەڕی لەگەڵــدا ڕاگەیاند،كــە خــەڵكی كــۆدەنگ بــوون لەســەری و گەیشــتبێتە پایــەی خیلافــەت؛جــا بــە ڕەزامەنــدی بووبێــت یــان بــە خورتی(تۆپزی)،ئــەوا بیدعــەكارەو لــە ســوننەت و ڕێگــای ڕاســت لایــداوەو لــە كۆمــەڵی مســـوڵمانان دەرچـــووەو پێچـــەوانەی كـــرداری پەیامبـــەر(د.خ)و خەلیفـــەكانی ڕاشـــیدینی كـــردوە و ئەگـــەر بـــە خروجـــی كۆچـــی دوایـــی بكـــات؛ئـــەوا بـــە**

---

[1] الشـيخ جعفرالسـبحاني:بحوث في الملـل،١٦٩/١؛سـالم الثقفي:مفـاتيح،٣٥٥/١؛ابوالحنيفة:شـرح الفقـه الاكـبر،ص٢١٨؛هـادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص٨٣.

[2] احمد بن حنبل:شرح اصول السنة،ص٦٧؛صالح البردي:تسهيل السابلة،٤٣/١؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١١٣/٤.

[3] بڕوانه:(ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٩٦/٣؛منهاج السنة،٣٣٢/٢ ، ٣٤١/٣؛عبدالله الامين:دراسات في الفرق،ص٣٦٧).

[4] ابن الجوزي:مناقب،ص٢٠٦؛ابن بدران:مدخل،ص٦٨، ٨١؛ابن خلدون:مقدمة،ص٤٩٩.

[5] بۆزانیـاری زیـاتر بڕوانـه:(ابـن الجوزي:مناقـب،ص٢٢٣؛ابـن قدامـة المقدسـي:لمعة الاعتقـاد،١٠١_١٣٤؛اللالكائي:شـرح الاصـول اعتقاد،١٧٨/١_١٨٠؛ابن ابي زمنين:اصول السنة،ص١٩٢_١٩٦؛ابن بدران:مدخل،ص٥٦ ، ٦٩ ، ٧٣_٧٤).

[6] بڕوانه:(القاضي ابي يعلى:طبقات الحنابلة،٢٤٤/١، ٢٤١_٢٤٦؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٣٦٤/١).

نـەفامی(جاهل)مردووە.[١] جـا(ابن حنبـل) لـەم تێگەیەیـدا تـەنها و تـەریك ماوەتـەوە و پێچـەوانەی سـێ پێشـەواكەی پـێش خـۆی كـردووە(الحنفي،مالكي،الشـافعي)،چـونكە(ابـو الحنيفـة) بـە پـارە و مـاڵ پاڵپشـتی لـە شۆڕشـەكەی(زيد بـن علـی زيـن العابـدين ١٢١ك/٧٣٩ن)دژی خيلافـەتی ئومـەوی كرد،هـەروەك(الامام المالـك)يش لـە سـەردەمی خۆيـدا پاڵپشـتی لـە شۆڕشـی(محمـد بـن نفـس الزكيـة ١٤٥ك/٧٦٢ن)كـردوە،(الشـافعي)يـش نـەوەكانی(فاطمـة) و (علـي بـن ابـي طالـب)خۆشويسـتووە و فـەزڵی داون بەسـەر ئـەوانی تـردا و پاڵپشـتی لێكـردوون،[٢] لەمـەوە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە كـە(ابن حنبل)پاڵپشـتی لـە دەسـەڵاتی خيلافـەت كـردوە و ڕێگـەی نـەداوە بـە دەرچـوون لێيـان و خۆيشـی وێـڕای هـەموو ئـەو ئەشـكەنجانەی كـە ڕووبـەڕووی بوويـەوە؛هـەرگيز هـەوڵی نـەدا لايـەنگرانی خـۆی لـە دەوری خـۆی كـۆ بكاتـەوە و لێيـان دەرچـێت و كۆتـايی بـەو سـتەمە بهێنێـت كـە دەرهـەق بـە خـەڵكی ئەنجاميان دەدا.

## تايبەتمەندييەكانی ئاينزای حەنبەلی

ئـاينزای حەنبەليـەكان چـەند تايبەتمەنديـەكی هەيە،كـە لەتـەواوی ئـاينزاو گـروپ و كۆمەڵـەكانی ديكە جودای دەكاتەوە،ئەوانيش:

١ــ ڕابـەری حەنبەليـەكان (ابـن حنبل)فـەتواو بيروبۆچـوون و وانـەو وتارەكـانی بەدەسـتەكانی خـۆی نەدەنووسـيەوەو ڕێگەشـی بەوكارەنـەدەدا لەلايـەن خوێندكارەكانيەوە،بۆيـە هـيچ كتێـب و دانراوێكـی فيقهـی لـە نـاوبراوەوە بـەجێ نـەماوەو پێمـان نەگەشـتووە(جگەلەوانەی كـەدوای خـۆی نوسـراونەتەوە)،بە پێچـەوانەی ئيمـامی شـافيعيەو،كە ئـەم كـارەی ئەنجامداوە.بـەڵام (ابـن حنبل)پێچـەوانەی بيروڕافيقهيـەكانی فـەرموودەكانی نوسـيوەتەوەو كـۆی كردونەتـەوەو لـە دانراوێكـدا بەناوی(المسـند)پێمان گەيشـتووە،[٣] ئەمـەش بەڵگەيـە لەسـەر ئەوەی،كـە نـاوبراو زيـاتر مـۆركی فەرموودەناسـی وەرگرتـووە وەك لـەوەی فيقهنـاس بێت،هـەروەك ئەمـەش سروشـتی ئـاينزای حەنبەليەكانـەو زيـاتر سروشـتێكی فـەرموودەوانی وەرگرتـووەو بـووە بـە شوناسـی؛وەك لـە سروشـتە فيقهيەكەی.

٢ــ هـەروەها(ابن حنبل)ڕێگـەی نـەدەدا بـە خوێنـدكارەكانی بـيروڕا فيقهيـەكانی بنووسـنەوەو دەيگـوت پێدەچـێ ئێسـتا شـتێك بڵـێم و فەتوايـەك بـدەم و دواتـر لێـی پاشـگەزببمەوە،هەروەك كەبينيشـی بيروڕاكـانی لـە پەرتوكێكـدا نووسـراونەتەوە توڕەبـوو كتێبەكـەی فڕێـدا، [٤] سـەرباری ئـەوەش(ابن حنبل)ئامۆژگـاری خوێنـدكارەكانی دەكـرد بـەوەی كـە بـيروڕا فيقهيـەكانی(انس بـن مالـك) و (سـفيان

---

[١] بڕوانـە:(اللالكائي:شـرح الاصـول اعتقـاد،١/١٨٠_١٨١؛ابـن الجوزي:مناقـب،ص٢٢٣، ٢٤١، ٢٤٢؛ابـن بدران:مـدخل،ص٦٨، ٧٨_٧٩؛محمد ابو زهرة:ابن حنبل،ص١٤١).

[٢] مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١/١١٤_١١٦، ٢/٧٨، ٣/٥٢_٥٤، ٤/١١٩.

[٣] بڕوانـە:(احمـد بـن حنبل:المسـند؛القاضـي ابـي يعلى:طبقـات الحنابلـة،ص٢٩ ، ٣٩؛صـالح البردي:تسـهيل السـابلة،١/٥٠؛محمـد ابـو زهرة:ابن حنبل،ص١٩٤).

[٤] بڕوانە:(ابن القيم:اعلام الموقعين،١/١٠٥؛مناقب،ص٢٦٥_٢٦٦).

**الثوري)[1] و جگە لەئەوانیش وەرنەگرن،نەلاسایی من بکەنەوەو شوێنم بکەون،نەلاسایی(انس بن مالك)و (سفيان الثوري) و (الاوزاعي)[2] بکەنەوەو شوێنیان بکەون،بەڵکو لەوانەی وەرگرن و شوێنیان بکەون،کە ئەوان لێیان وەرگرتووە(ئەمەش واتە قورئان و فەرموودە).[3]**

**٣ـ (ابن حنبل) هیچ پەلەی نەکردوە لەفەتوادان و وەستاوەو بیری لێ کردۆتەوە،ئەمەش لەترسی ئەوەی نەوەکو شتێك بڵێت دەربارەی خودا بەبێ زانست،بۆیە چەند دەربڕینێك لە(ابن حنبل)ەوە گێڕراوەتەوە،کە بەکاریهێناوە بۆئەو شتانەی بەلایەوە حەرام بووە،وەکو(ئەمەنابێت بکرێت،شیاونیە،بەباشی نابینم،بەخراپی دەزانم،بەدڵم نیە...تاد)،بۆشتە حەڵاڵەکانیش وتویەتی(ئەمە باشترەبکرێت،ئەمەم بەدڵە،ئەمە چەندەباشە)،بۆ موباحیش ئەم چەمکانەی بەکاربردوە(خراپ نیە،دەخوازم خراپ نەبێت).[4] ئەمە پیشاندەری ئەو ڕاستیەیە،کەحەنبەلیەکان ئاینزایەکی خۆپارێزبوون لەشتی نوێ و داهێنراو،بەڵکوزیاتر وابەستەوپابەندی پێشینی خۆیان بوون لەهەموو ڕویەکەوە.**

---

[1] **سفيان الثوري**:ناوی تەواوی(**سفيان بن سعد بن مسروق بن حبيب الثوري**)ەو،نازناویشی(**ابو عبدالله**)ە،ناوبراو لەساڵی(٩٧ك/٧١٦ ز)لەشاری(کوفە)لەدایکبووەو هەرلەوێشدا گەورە بووەو فێری زانست بووە،هەروەها زانستی لە ژمارەیەکی زۆر زانای بەناوبانگەوە وەرگرتووە،ئەمەش وایکردوە ناوبراو ببێتە پێشەوای فەرموودەناسانی سەردەمی خۆی،هەروەك فەقێهێکیبەناوبانگیش بووە،ئەم ناوبانگەشەی هۆکارێك بووە تاکو لەلایەن خەلیفەکانی عەباسیەوە(**ابوجعفرالمنصور١٣٦_١٥٨ك/٧٥٤_٧٧٥ز**)وخەلیفە(**المهدي١٥٨_١٦٩ك/٧٧٥_٧٨٥ز**)کوڕیەوە بانگ بکرێت بۆ ئەوەی پۆستی قەزا وەربگرێت،بەلاّم ناوبراو ڕەتی کردۆتەوەو هەڵهاتووە لێیان،دواتر خەلیفە(**المهدي**)بەچاولێ سوورکردنەوەو ترساندن دەیەوێت بەزۆر بیکاتە قازی کوفە،بۆیە بەڵێننامەیەکی پێ دەنووسێت،بەلاّم دواتر(**سفيان الثوري**)هەڵدێت و خۆی ون دەکات،تا لەساڵی(١٦١ك/٧٧٨ز)هەر لەشاراوەیی و لەشاری(**البصرة**)کۆچی دوایی دەکات.لەگرنگترین دانراوەکانی:(**الجامع الكبير،كتاب الفرائض**)ن.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(**ابن الاثير:الكامل،٢٤١/٥؛ابن العماد:شذرات الذهب،٢٧٥/٢؛ابن خلكان:وفيات الاعيان،٣٨٦/٢؛ابن نعيم:حلية الاولياء،٣٥٦/٦؛بامخرمة:قلادة النصر،٢١٣/٢**)

[2] **الاوزاعي**:ناوی تەواوی(**عبدالرحمن بن عمرو بن يحمد،شيخ الاسلام،ابو عمرو الاوزاعي**)ە،لەساڵی(٨٨ك/٧٠٧ز)لە شاری(بعلبك)ی نزیك(دمشق)لە سوریا لەدایکبووە،نازناوی(**الاوزاعي**)ش،بۆناوی ئەو گەڕەکە دەگەڕێتەوە،کەتیایدا نیشتەجێ بووەو دەکەوێتە(باب الفراديس)ەوە(**باب العمارة**)ی ئێستا،ناوبراو هەرلەمنداڵیەوە باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەهەتیوی گەورە دەبێت و بەهەژاریش ناسراوە،دواتر چەندین شوێن و دێ بەدێ و شاربەشارگەڕاوەو هەڵوەدای دەستڕاگەیشتن بووە بەباشترین زاناکانی ئەو دەمە،بۆئەم مەبەستەش چۆتە شارەکانی(**دمشق،اليمامة،البصرة**....الخ)و ناوچکانی دەوروبەریان،پاشان لەساڵی(١١٠ك/٧٢٩ز)گەڕاوەتەوە شاری(دمشق)و لەگەڕەکی(الاوزاع)نیشتەجێ بووەو،لەسەردەمی خیلافەتی ئومەویدا بووە بەپێشەواو فەقیهی شامیەکان و چەندین خوێندکاری هەبووە،دواتر دەگوازێتەوە بۆ شاری(بيروت)و لەساڵی(١٥٧ك/٧٧٤ز)هەرلەوشارە کۆچی دوایی دەکات.لەگرنگرین دانراوەکانی(**كتاب السنن في الفقه،كتاب المسائل في الفقه**)ن.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(**ابن نعيم:حليةالاولياء،١٣٥/٦؛ابن خلكان:وفيات الاعيان،١٢٧/٣؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،١٠٧/٧؛ابن النديم:الفهرست،ص٢٨٤**).

[3] **بڕوانە:(ابن القيم:اعلام الموقعين،٣٠٦/٢؛الزركشي:شرح الزركشي،٢١/١؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٤٦/٢).**

[4] **ابي داود:مسائل الامام احمد،ص٢٧٨_٢٧٩؛الزركشي:شرح الزركشي،١٩/١؛الباقلاني:الانصاف،١٨ ، ٣٥_٣٦؛سالم الثقفي:مفاتيح،١٤/٢، ١٨، ٢٠.**

## تەوەری دووەم :بنەماکانی ئاینزای حەنبەلی

**بنەمای یەکەم:دەقی ڕەسەن(قورئان و فەرموودە).**

**ئـــەم بنەمایـــە لـــەدوو بـــەش پێکهاتووە،یەکـــەمیان(قورئان)ەو دوەمیشـــیان(فەرموودە)یە،دیارە ئەمـەش بەپشـت بەسـتن بـەدەقێکی قورئـانی(فَـإِنْ تَنَـازَعْتُمْ فِـي شَـيْءٍ فَـرُدُّوهُ إِلَـى اللَّـهِ وَالرَّسُـولِ)[١] و فەرموودەیـەکی پەیامبـەر"د.خ"(علـیکم بسـنتي وسـنة الخلفـاء الراشـدین)،واتـە دەسـت بەسـوننەتەوە بگـرن و کـاری پـێ بکـەن،[٢] ئەمـەش دیسـان بـە پشـت بەسـتن بـە دەقێکـی تـری قورئـانی(وَمَـا آتَـاكُمُ الرَّسُـولُ فَخُـذُوهُ وَمَـا نَهَـاكُمْ عَنْـهُ فَـانْتَهُوا).[٣] هـەروەك ئـەم ئایەتـە دەکەنـە بەڵگـەی دەسـتگرتن بـە سـوننەتەکانی پەیامبەرەوە(د.خ)کـە خـودا لـە قورئانـدا فـەرمانی پێداوە،بۆیـە دەکرێـت بڵـێین(ابن حنبـل)و حەنبەلیـەکان دەقـی ڕەسـەن(قورئان و فـەرموودە)یان لەیـەك ئاسـتدا دانـاوە و وەکـو یـەك لێیـان ڕوانیوە،ئەمـە ئەگـەر فەرمووودەکـە دروست(صـحیح)بوایە.هەر لەبـەر ئەمەیـە(ابن حنبـل)و حەنبەلیـەکانیش ئەگـەر دەقێکیـان ببینیایـە کاریـان پێـدەکردو بـەپێی ئەودەقـە فـەتوایان دەردەکـرد؛بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی ئـەوەی کـە ئایـا دەقێکـی دیکـە هەیـە پێچـەوانەی بێـت یـان نا،یـان کەسـێکی دیکـە هەیـە پێچـەوانەی ئـەوە قسـەی کردبێت،لەبـەر ئەمـە سەرپێچـیکردنی(عمـربن خطـاب ١٣_٢٣ك/٦٣٤_٦٤٤ز)ی لـە بەرچـاو نـەگرتووە لـە فـەرموودەی (المبتوتـة)[٤] کـە(فاطمـة بنـت**

---

[١] النسـاء/٥٩. **مانـای ئایەتەکـەش بـەم شـێوەیە"ئەگەر لـە شتێکداکێشـەوناکۆکیتان هەبوو،ئـەوا بیگێڕنـەوە بـۆ لای خـوداو پەیامبەرەکەی(د.خ)،واتا با تەنها قەورئان و سوننەت دادوەرتان بێت".**

[٢] القاضـي ابـي یعلی:طبقـات الحنابلـة،٢/٢٨٤؛بڕوانـە:(ابـن قدامـة المقدسـي:لمعة الاعتقـاد،٣٩_٤٠؛عبـدالله الترکي:اصـول المذهب،ص٢٢٢).

[٣] الحشـر/٧.**مانـای ئایەتەکـەش بـەم شێوەیە"هەرچـی پەیامبەر(د.خ)پێیـدان و فـەرمانی پێکـردن ئـەنجامی بدەن،لـە هەرشتێکیشـدا ڕێی لێگرتن،ئێوەش دەستی لێ هەڵگرن".**

[٤] (الشـعبي)دەڵێت:(پرسـیارم لـە"فاطمـة بنـت قـیس"کـرد دەربـارەی بڕیـاری پەیامبەر"د.خ"سـەبارەت بەوەی،کـە پیاوەکـەی تـەلاّقی دابوو،ئـەویش وتی:پیاوەکـەم سـێ تەلاّقـەی دام،بۆیـە سـکاڵام بـردە لای پەیامبـەر"د.خ"بۆ پێـدانی مـاف نیشـتەجێ بـوون و نەفەقـەم لەلایـەن پیاوەکەمەوە،بـەلاّم پەیامبەر"د.خ"ئەومافانـەی پـێ نەدام(واتـە فەرموویـەتی ئەومافانـەت ناکـەوێت)و فـەرمانی پێکـردم لـە مـاڵی"ابن ام مکتوم"بمێنمەوە،چـونکە نابینایـە و دەتـوانی لـە بەردەمیـدا جلـەکانت لابـەیت و ناتبینێت،تائەوکاتـەی کـە عیددەکـەت تـەواو دەبێـت و پاشـان ئاگـادارم بکـەرەوە).بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە:(احمـد بـن حنبل:المسـند،٦/٣٧٣؛الصـحیح مسـلم،کتاب الطلاق،بـاب المطلقـة ثلاثـا لا نفقـة لها،حـدیث رقـم(٣٧٧٠)؛سـنن الترمـذي،٣/٤٨٥؛سـنن ابـي داود،بـاب في نفقـە المبتوتـة،رقم حـدیث(٢٢٨٦)؛مالـك بـن أنس:الموطـأ،٢/٥٨٠؛أبـو نعـیم الأصـبهاني:المسـند المسـتخرج علـى صـحیح مسـلم، ٤/١٦٩).بـەلاّم (عمـر بـن خطـاب)ئـەم هەواڵـەی(فاطمـة بنـت قـیس)ڕەتدەکاتـەوە و دەڵێـت:(دەسـت بـەرداری قورئـان و سـوننەتی پەیامبـەر"د.خ"نـابین بـە قسـەی ئافرەتێـك کـە نـازانین ڕاسـت دەکـات یـان درۆ،لەبـەریکردوە یـان لـەبیری چـووە،گوێم لـە پەیامبـەر"د.خ"بـوو فـەرمووی بـۆ تەلاّقـدراوی سـێ بـە سـێ نەفەقـە و مـاف نیشـتەجێبوون هەیـە مـادام لـە عیـدەدا بێـت).بڕوانـە:(الدارمي:سـنن،رقم حـدیث(٢٣٢٠ و ٢٣٢٢).سـەبارەت بـە ڕاسـتێتی ئـەم هەواڵـە لـە(عمـر بـن خطـاب)ەوە گومـان هەیـە ئەگـەر چی(مسـلم)ڕیوایەتی کـردووە لە(صـحیح)ەکەیدا،لەبەر ئـەوەی(ابـي داود)دەڵێـت:(دوای ئـەوەی ئـەم فەرموودەیـەمان گێڕایـەوە بیسـتم لە"احمـد بـن حنبل"یـان پرسـی ئایـا ڕاسـتە"عمر"وتوویەتی دەسـتبەرداری قورئـان و فـەرموودە نـابین لەبـەر قسـەی ئافرەتێك،ئەویش وتی:نەخێر ئەوە گوتەی"عمر"نیە).بڕوانە:(الزرکشي:المعتبرفي تخریج احادیث،ص١٦٩).

**قيس)گێڕاویەتیەوە و سەرپێچیکردنی لە فەرموودەی(تەیەموم)[1] بۆ لەشگران،کە(عمار بن یاسر)گێڕاویەتیەوەو ڕاستێتی تەیەموم بۆ لەشگران دەسەلمێنێ لەکاتێکدا کە ئاو دەست نەکەوێت وفەرموودەکەشی بەڕاست زانیوە(بەلأم "احمدبن حنبل"دەڵێت نابێت تەیەموم بکات تا کاتێك کە ترسی هەبێت نوێژەکەی لەدەست بچێت،واتە دەبێ سەرەتا بەدوای ئاودا بگەڕێت)،هەروەك گوێیان بە گوتەی(عثمان و علي و طلحة و ابي ایوب و اُبي بن کعب)نەداوە بۆ وازهێنان لە غوسلی(الاکسال)[2] بە هۆی فەرموودەکەی عائیشەوە،کە فەرموویەتی((لەگەڵ پەیامبەردا(د.خ)ئەو کارەمان ئەنجامداوە و پاشانیش خۆمان شۆردوە))،کە ئەوەی سەلماندوە و (ابن حنبل)یش کاری پێ کردوە،ئەمانە و زۆرشتی دیکەش کە(ابن حنبل)لەکاتی دەستکەوتنی دەقی ڕەسەندا هەرگیز ڕەچاوی نەکردون،بەلأم ئەگەر فەرموودەی دروست(صحیح) هەبوایە ئەوا(بۆچوون و پێوانە و گوتەی هاوەڵان)ی پێش نەدەخست.[3] هەروەك ئەگەر بەڵگەیەکی لەم دوو وێستگەوبوارەدا(قورئان و فەرموودە) دەست کەوتبا؛ئەوکات ئاوڕی لەهیچ بوارێکی دیکە نەدەدایەوە.[4] هەموو ئەمانە وای لە(ابن حنبل)کردووە،کە هەردەم لە جەدەل وگفتوگۆکانیدا داوای بەڵگەی نەقڵی بکات بۆ چەسپاندنی ئەوەی کە جەدەلی لەبارەوە دەکرا،باشترین وێنەش بۆئەمە ئەوەیە کە(ابن حنبل) لەکاتی تاقیکردنەوەدا لەهەمبەر مەسەلەی خەلقی قورئان و لەسەردەمی خەلیفە(المعتصم)؛دا هەردەم دەیگوت بەڵگەیەك یان شتێکم لەقورئان و سووننەت بۆ بهێنن بۆئەوەی منیش بێمە**

---

[1] دەڵێن ڕۆژێك پیاوێك هات بۆلای(عمر بن خطاب)و وتی ئەی ئەمیری ئیمانداران من لەشم گران بووە و ئاوم دەست نەکەوتووە خۆم بشۆم،ئەویش وتی:نوێژ مەکە،(عمار بن یاسر)یش وتی:ئەی ئەمیری ئیمانداران بیرت نایەتەوە کە من و تۆ لە سریەیەکدا بووین لەشمان گران بوو ئاویشمان دەست نەکەوت تۆ نوێژت نەکرد و من خۆم لە خۆڵ ناو دواتر نوێژم کرد،جارێك لەجارانیش پەیامبەر(د.خ)بۆ کارێك ناردمی بۆ شوێنێك لەوێ لەشم گران بوو ئاوم دەست نەکەوت،بۆیە خۆم لە خۆڵ هەڵکێشا و نوێژم کرد،پاشان چووم بۆ لای پەیامبەر(د.خ) و بۆم باس کرد،ئەویش(د.خ)فەرمووی هەر ئەوەندە پێویستی دەکرد دەستەکانت بدەی لە زەوی و ڕاست و چەپی خۆت و پاشان دەم و چاوتی پێ بسڕیت،لە ڕوایەتی(البخاري)شدا هاتووە کە دەستی لە زەوی داوە و فوی پێدا کردوە و پاشان دەست و دەم و چاوی پێ سڕیوە،لەم کاتەدا(عمر بن خطاب)بە(عمار بن یاسر)دەڵێت لە خوا بترسە،(عمار)یش وتی:ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەگەر بتەوێ باسی ناکەم بۆت،(عمر)یش وتی:نەخێر،بەلأم دەتدەینە دەستی خۆتەوە(تاوانی خۆت لە گەردەنی خۆت).بڕوانە:(صحیح البخاري،باب المتیمم هل ینفخ فیها،رقم حدیث(٣٣٨ و ٣٤٣ و٣٤٦ و ٣٤٧)؛ابي داود:سنن،باب التیمم،رقم حدیث(٣٢١ و ٣٢٢)؛صحیح مسلم،باب التیمم،رقم حدیث(٣٦٨)؛ابن قدامة المقدسي:عمدةالفقه،باب التیمم،ص١٧؛الکافي في الفقه الحنبلي،باب التیمم،١/١٢١_١٢٢؛ابي الفضل صالح بن حنبل:مسائل الامام احمد بن حنبل،٣/٢٤).

[2] پەیامبەر(د.خ)لە سەرەتای ئیسلامەوە ئەمەی جێبەجێکرد وەکو ئاسانکاریەك بۆ خەڵکی،لەبەر کەمی پۆشاك،بەلأم دواتر فەرمانی کرد بە خۆ شۆردن و نەهی کرد لەوەی پێشووتر، (ابي داود)یش لەم بارەیەوە دەڵێت:مەبەستی پەیامبەر لە(غسل الاکسال) ئاو بە ئاوە(واتە ئاوی دووەم کە"مەنی"ە بە ئاوی یەکەم کە ئاوی ئاساییە پاك بکرێتەوە).بڕوانە:( ابي داود:سنن،باب في الاکسال،رقم حدیث(٢١٤ و ٢١٥)؛الدارمي:سنن،باب الماء من الماء،رقم حدیث(٧٨٧)؛الترمذي:سنن،باب ماجاء أن الماء من الماء،رقم حدیث(١١٠).

[3] بڕوانە:(ابن تمیم الحراني:مختصر ابن تمیم،١/٣٢٤؛عبدالمحسن بن عبدالعزیز:قواعدالاستنباط،ص٣٠؛بکرابوزید:المدخل المفصل،١/١٥٢؛ایهاب کمال:الفرق الاسلامیة،ص٢٥٨؛طه جابرالعلواني:ادب الاختلاف،ص٩٦؛محمد ابو زهرة:ابن حنبل،ص٢٣٧).

[4] محمدابوزهرة:تاریخ لمذاهب الاسلامیة،ص٤٩١؛جهادخاوەری:ئاورنگی مێژوو،لا١٧٢.

**سەرباوەڕەکەتان.[1] بە بۆچوونی ئێمە هۆکاری گرنگیدانی تەواوی(ابن حنبل)و حەنبەلیەکان بە دەقی ڕەسەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لادانانەی کە دەسەلاتی سیاسی لە پێناو مانەوە و شەرعیەتدان بە فەرمانڕەوایەتیەکەیدا و ئەو گروپ و کۆمەڵانەی کەلە پێناو کۆکردنەوەی لایەنگردا لە گشتەی خەڵك دەقیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاردەبرد و ڕاڤەی خودیان بۆ دەکردن،بۆیە حەنبەلیەکان بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئەو بارە ناهەموار و لاسەنگەدا هاتن گرنگی تەواویان بە دەقی ساف دا.**

## بنەمای دووەم:فەتوای هاوەڵان.

**(ابن حنبل)بۆهەربابەت ومەسەلەیەك ئەگەر دەقێکی ڕەسەنی دەست نەخستبا،ئەوکات دەگەڕایەوە بۆ فەتوای هاوەڵان،جا ئەگەر فەتوای یەکێکیانی پێ گەشتباو زانیبای هاوەڵێکی دیکە پێچەوانەی نیە،بۆ جگە لەئەو نەدەگەڕایەوەو بەدوای فەتوای هاوەڵی دیکەدا نەدەگەڕا و هیچ کردەوەو بیروبۆچوون و پێوانەیەکیشی(قیاس)پێش ئەو نەدەخست،نەشیدەگوت ئەوە کۆدەنگیە(الاجماع)،بەڵکو بۆخۆپاراستن لەمە دەیگوت(شتێك نازانم کەپاڵپشتی بکات لەوبارەوە)،[2] بۆیە هەرکەس سەیری فەتواکانی(ابن حنبل)و هاوەڵانی پەیامبەر(د.خ)ی کردبێ،دەیبینی تائەندازەیەکی نزیك لەڕەها هاوشێوە بوون و بۆچوونی هەردوولایان لە یەك سەرچاوەوە دەقی گرتبوو،گەڕانی ناوبراو بەدوای فەتوای هاوەڵاندا وەکو گەڕانی هاوەڵان بوو بەدوای فەتواکانی ئەمدا و هەردولایان تێکهەڵکێشی یەکتربوون،سەرباری ئەوەش (ابن حنبل)فەتوای هاوەڵانی پێش فەرموودەی مورسەل(المرسل)دەخست.[3]فاکتەری ئەمەش ئەوە بوو کە(ابن حنبل)چەشنی هاوەڵانی پەیامبەر(د.خ) بابەتەکانی لە دەقی ڕەسەنەوە هەڵدەهێنجا.**

## بنەمای سێیەم:نزیکی فەتواکان لەقورئان وفەرموودەوە.

**یەك لەو بنەمایانەی دیکەی حەنبەلیەکان،کە هاوئاهەنگن لەسەری ئەوەیە،کە ئەگەر هاوەڵان خیلاف و ڕاجیایی لەنێوانیاندا لەهەمبەر پرسێك هاتەکایەوە،ئەوا کام لەفەتواو بیروبۆچوون و ڕایەکان لەقورئان و فەرموودەوە نزیکتربوایە ئەوەیان هەڵدەبژارد،ئەگەر بۆیان ڕوون نەبوایە کام لەڕایەکان لە قورئان و فەرموودە و کۆڕای مسوڵمانانەوە نزیکترن،ئەوکات جیاوازیەکەیانیان باس دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ لەڕایەکان ببڕنەوە وڕای هەرە درووست(راجح)دەستنیشان بکەن و ئیقراریان لەسەربکەن؛نە بە پێوانەو(قیاس)نەبە هیچ بابەت و بوارێکی دیکە.[4] هەروەك هەندێك لە مێژوونووسانی حەنبەلی بۆ بەهێزکردنی ئەو ڕایەی سەرەوە باس لەوە،دەکەن سەبارەت بەشتێك یان بابەتێك پرسیاریان لە(ابن حنبل)کردووە کەڕاجیایی لەسەربووە،ئەویش پێی ڕاگەیاندوون ئەو**

---

[1] ابن القیم:مناقب،ص٤٣٧؛بڕوانە:(احمدبن حنبل:الردعلی الجهمیة،ص٣٦)؛ابن تیمیة:مجموع الفتاوی،١٦٢/٢٠؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٢٠٣.

[2] القاضي ابي یعلی:طبقات الحنابلة،٢٨٤/٢_٢٨٥؛عبدالمحسن بن عبدالعزیز:قواعدالاستنباط،ص٣٠؛طه جابرالعلواني:ادب الاختلاف،ص٩٧ .

[3] ابن القیم:اعلام الموقعین،١٠٥/١ ،٤٩/٢؛ابن بدران:مدخل،ص١١٥؛سالم الثقفي:مفاتیح،٣٧٤/١.

[4] بڕوانە:(صالح البردي:تسهیل السابلة،٤٤/١؛ایهاب کمال :الرق الاسلامیة،ص٢٥٨؛جهاد خاوەری:ئاورنگی مێژوو،لا١٧٢).

**ڕایــەیان وەربگرن،کەلــەقورئان و فــەرموودەوە نزیکە،ئەگــەر هیچــیان لــەو دوو وێســتگە و مەبەســتەوە نزیــك نــەبوو ئــەوا وازی لێبهێــنن.[1] جــا ئــەوەی مایــەی ســەرنجە ئەوەیــە(ابن حنبل)لــەم بابەتــەدا پێچــەوانەی (شــافعي)بوو،چــونکە (شــافعي) یــەك لەڕایــەکانی هەڵدەبــژاردوو ڕای ڕاجیحیــانی دەســت نیشــان دەکرد،ئەگەرچــی بەپێوانــە(قیاس)یش بوایــە،کام پێوانــەش زۆر بەهێزبووایــە بــەوە ڕایەکــەی یەکلادەکردەوە،بــەلاٚم(ابن حنبل)ڕایــەکانی بەگوتــەی هــاوەڵان یەکلادەکردەوە،ئەمــە ئەگــەر پێچــەوانەی قورئــان و فــەرموودە نەبوایە،هــەروەك هــەرگیز قیاســی لەوبابەتانــەدا بەکارنــەدەهێنا کــە ڕاجیــایی لەسەربوو،لەکاتێکدا شافیعی بەکاری دەهێنا.[2]**

## بنەمای چوارەم:فەرمووەدەی مورسەل[3] و لاواز(الضعيف)[4].

**بــەلاٚم(ابن حنبل)لەناچــاریداو،ئەگەر هــیچ شــتێك لەوانــەی باســمــانکرد دەســتی نەکەوتبا،ئــەوا فــەرموودەی لاوازومورســەلی بــەکاردەهێناو فــەزڵی دەدا بەســەر پێوانە(قیاس)دا،بــەلاٚم مەبەســت لــە فــەرموودەی لاواز لای حەنبەلیــەکان پــوچ وبــەتاڵ و نــەهی لێکــراو نەبووەونیە،هــەروەك حەنبەلیــەکان لــە فەرموودەگێڕانــەوەدا ڕیوایــەتی کەســێکیان وەرنــەدەگرت کــە تاوانباربکرایــە بــە(درۆ یــان لەبیرچــوونەوە....تاد)و بیانوویــان نەدەهێنایــەوە بــۆی و بڵــێن لەبــەرفلاٚن شــت دەچــم بــۆلای و فەرموودەکــە یــان ڕایەکــەی لێوەردەگرم،هــەروەك فــەرموودەی لاواز(الضــعيف)لای (ابــن حنبل)بەشــێکە لەبەشـــــەکانی فەرموودەی(الحســـــن)،[5] ئەمەســـــەرباری ئەوەی،کـــــەناوبراو فـــــەرموودەی بــۆ(صحيح،الحسن،الضــعيف)دابــەش نەکردبووە،کــە زۆرێــك وەهــا دابەشــیان کردوە،بــەڵکو بــۆ(صــحيح و الضـــعيف)ی دابـــەش کردبوو،ســـەرباری ئـــەوەش فـــەرموودەی مورســـەل لای نـــاوبراوو ئاینزاکـــەی**

---

[1] بکرابوزید:المدخل المفصل،١٥٤/١؛ابن بدران:مدخل،ص١١٦؛محمد ابو زهرة:ابن حنبل،ص٢٣٨.

[2] بڕوانە:(ابن القيم:اعلام الموقعين،٥٨/٢_٥٩؛محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٩٢).

[3] فەرموودەی مورسەل:بەو فەرموودانــە دەگوترێت،کــە کۆتــا ســەنەدی لــەدوای تابعیــەوە نامێنێت(واتــە نــاوی ســەحابی ونــە)،وەك ئــەوەی تابعیـــــــــەك بـــــــــەبێ ناوهێنـــــــــانی هـــــــــیچ هـــــــــاوەڵێکی پەیامبەر(د.خ)،کەفەرموودەکـــــــــەی لەپەیامبەرەوە(د.خ)گێڕاوەتەوە،ڕاستەخۆبڵێت،پەیامبەر(د.خ)فەرموویەتی(پاشان فەرموودەکە بڵێت)،هەرچەندە خودی خۆی فەرموودەکــەی لە پەیامبەریشەوە(د.خ)وەرنەگرتووە.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(ابن الصلاح الشهرزوري:معرفة انواع علوم الحديث،ص١٢٦؛يوسف الداودي:شـرح منظومة البيقونية،ص٣٩؛صبحي الصالح:علوم الحديث ومصطلحه،ص١٦٦).

[4] فەرموودەی لاواز(الضعيف):بەو فەرموودانە دەگوترێت،کەمەرجە سەرەکیەکانی هەرسێ جۆری فەرموودەی(الصحيح،الحسن،الضعيف)یـان تێدانەبێت،زیادلەوەش ڕاویەکەی تۆمەتی(فاسق)ێتی،یان(درۆزن)ناسرابێت،یان هــەرتاوانێکی دیکــەی درابێتــەپاڵ،یانیش هەنـدێك لەڕاویــەکانی نادیاربن.بۆزانیـــاری زیـــاتر بڕوانـــە:(ابـــن الصـــلاح الشـــهرزوري:معرفة انـــواع علـــوم الحـــديث،ص١١١؛صـــبحي الصـــالح:علوم الحـــديث ومصطلحه،ص١٦٥؛هاشم معروف الحسني:دراسات في علم الحديث والمحدثين،٤٦/١).

[5] فەرموودەی(الحسن):بەو فەرموودانە دەگوترێت،کەسەنەدەکەی بەڕێکوپێکی گەشتبێت و،ڕاویەکەی بەڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی ناسرابێت ،خودی فەرموودەکــەش دووربێــت لــە(الشــذوذ،العلة)،بــەلاٚم بۆیــە نەگەشــتۆتە ئاســتی فــەرموودەی دروست(الصــحيح)،لەبەرئەوەی ڕاویەکــەی لاوازیـــــەکی هـــــەبووە لەئەزبەرکردنـــــدا.بۆزانیاری زیـــــاتر بڕوانـــــە:(ابـــــن الصـــــلاح الشـــــهرزوري:معرفة انـــــواع علـــــوم الحديث،ص٩٩؛الجرجاني:التعريفات،ص٩٢؛صبحي الصالح:علوم الحديث ومصطلحه،ص١٥٦).

دەچووە خانەی فەرموودەی لاوازەوە(الضعيف)،[1] جا حەنبەلیەکان بەفەرموودەی لاواز(الضعيف)حوکمیان لەسەر پرسەکان دەدا،ئەگەر لەهیچ یەك لەوێستگەکانی دیکەدا کە باسمانکرد هیچ بەڵگەیەکیان دەستنەکەوتبا،لەکاتێکدا لاوازیەکەی پاڵپشتێکی هەبوایەو لانی کەم هیچ ئەسەرێ یان گوتەی هاوەڵ و کۆڕایەك پێچەوانەی نەبووایە،ئەوکات لای ئەدەدا لێی و کاری پێدەکردو پێش قیاس و بەڵگە عەقڵیەکانی دیکەی دەخست،[2] چونکە(ابن حنبل) فەرموودەی لاواز(الضعيف)ی پێ باشترو لەپێشتر بوو لە ڕاوبیروبۆچوون،هەروەك پێی وابوو کارکردن بە فەرموودەی لاواز(الضعيف)لەبیروبۆچوون بەهێزترە.[3] بە تێروانینی ئێمە(ابن حنبل)لەمەدا نەپێکاوە،چونکە دەکرێت هەندێك لەو فەرموودە لاوازانەی کەناوبراو کاری پێ کردون هەڵبەستراوبن و بۆمەبەستێکی دیاریکراو و لەژێرفشاری دەسەڵاتی سیاسیدا دروستکرابن؛ئەمەش چەشنی ئەو فەرموودانەی،کە بۆخزمەتی دەسەڵاتی سیاسی خیلافەتی ئومەوی هەڵبەستراون،بۆیە لەم حاڵەتەدا هەندێکجار بیروبۆچوون بەهێزترە لەو فەرموودە هەڵبەستراوانە.

**بنەمای پێنجەم:پێوانە(القياس).**

پێوانە بریتیە لە بەراوردکردنی شتێك بەهاوتای خۆی و بە فاکتەرێك کە لە نێوان بنچینەو لق و بەشەکاندا کۆدەبێتەوە،ئەگەر ئەمە نەبوو ئەوا بەپێوانە هەژمارناکرێت.[4] ئەمەش مەبەست لێی ئەوەیە،کە ئەگەر دەقی بنەڕەتی شتێکی حەرام کردبێت وەکو ئەوەی کە ماددە کحولیەکانی حەرام کردوە،ئەگەر بمانەوێت شتێکی هاوشێوە کەمرۆڤەکان سەرخۆش و بێ ئاگا دەکات و نوێیەو بەڵگە نەقڵیەکان قسەیان لەبارەوە نەکردوە؛حەرام بکەین،ئەوا پێویستە ئەم شتە بەو شتانە بپێوین و بەراوردیان بکەین کە بە دەق حەرام کراوە.

هەروەك لای (ابن حنبل) و حەنبەلیەکان پێوانە لەوکاتەدا بەکاردەبرا،کە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان بەڵگە لەقورئان و سوننەت و گوتەزای هاوەڵان و تابیعیەکان و ئەسەری فەرمودەی مورسەل و لاواز دەستنەکەوتبا،چونکە(ابن حنبل)پێوانەی تەنها وەکو بەڵگەیەك بۆکاتی پێویستی دەخستەڕوو و کاری پێدەکرد و بەکاری دەهێنا،بەڵام هەڵهێنجانی بەڵگەی لە(قياس)بەحەرام و قەدەغە دەزانی.[5] ئەمە وێڕای ئەوەی کە(ابن حنبل)ڕێوشوێنەکانی بەکارهێنانی پێوانەی لەگۆشەنیگای خۆیەوە بەوە دەستنیشان کردوە،کەشتێك بەراوردبکرێت بەشتێکی دیکە ئەگەر هاتوو لەتەواوی لایەنەکانەوە هاوشێوە بوون،جا ئەمەش بە(قياس العلة–پێوانەی هۆکار)ناودەبات

---

[1] عبدالله التركي:اصول المذهب،ص٣٠٤، ٣٠٥؛سالم الثقفي:مفاتيح،٣٧٦/١_٣٧٧؛رحيم كاظم الهاشمي:پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی،ص١٧٢.

[2] عبدالمحسن بن عبدالعزيز:قواعدالاستنباط،ص٣٠_٣١؛طه جابرالعلواني:ادب الاختلاف،ص٩٨_٩٩؛ايهاب كمال:الفرق الاسلامية،ص٢٥٨.

[3] ابن القيم:اعلام الموقعين،٧٧/١؛عبدالله التركي:اصول المذهب،ص٢٩٦؛موحسین ئەدیب:داعش کوڕی شەرعی سەلەفیزم،لا٧٤.

[4] القاضي ابي يعلى:طبقات الحنابلة،٢٨٥/٢؛العدة،١٧٤/١؛ابن خلدون:المقدمة،ص٤٩٢؛صالح البردي:تسهيل السابلة،٤٤/١.

[5] محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٩٣؛بكرابوزيد:المدخل المفصل،١٥٦/١؛ايهاب كمال:الفرق الاسلامية،ص٢٥٨.

یـان هـەرناوێکی دیکـە کـە چەشـنی ئـەو نـاوە بێـت و نزیـك بێـت لێیەوە،بـەڵام ئەگـەر لەلایەنێکـەوە وەکـو یـــەك بێـــت و لەلایـــەنێکی دیکـــەوە جیـــاوازبن و بمانـــەوێ پێوانـــەی لەســـەر بکـــەین ئەواهەڵەیـــەو نابێت،ئەگـەر لەچـەند لایەنێکـدا جیـاوازبن و لەچـەندلایەنێکی دیکـەدا هاوشـێوەبن ئەواهیچـم پـێ نیـە لەبارەیانەوە(واتـە نابێـت کـاری پـێ بکرێـت).[1] ئەمـەش واتـا ئەگـەر هەرشـتێکی لاوەکـی کـە بیویسـتایە بەشـتێکی بنچـینەیی بـەراوردی بکـات؛پێویسـت بـوو لەتـەواوی لایەنەکانـەوە هاوشـێوە و وەك یـەك بن،ئەگەرنا(ابن حنبل)و حەنبەلیەکان وەریان نەدەگرت و پێوانەیان لەسەر نەدەکرد.

**بنەمای شەشەم:ڕێگرتن لە بەهانە(سد الذرائع).**

ئـەم دەسـتەواژەیە لـەزاراوەدا بـەواتای گەیەنـەر بۆشـتێك دێت،جـا ئەوشـتە مـاددی بێـت یـان مەعنەوی،ئەمـــەش واتـــا گەیەنـــەرە بۆشـــتی خـــراپ و قەدەغەکراو،کـــە خراپەکـــەی زیاتربێـــت،وەکو سـەیرکردنی ئـافرەتی بێگانـە کـە سەردەکێشـێ بـۆ زیناکردن،جـا حـەرامکردنی ئـەو سـەیرکردنە لـەڕوی حوکمـەوە بەداخسـتنی ئەوڕێگایانـە دێت،کـەمرۆڤ بەرەوخراپـەکاری وتـاوان ئاراسـتەدەکەن و ئەمـەش بـە(سـدالذرائع)ناودەبرێـت لای حەنبەلیـەکان.[2] هـەروەك لای حەنبەلیـەکان ئـەم بنەمایـە بـەڕۆڵێکی بـەرگری و پاراسـتن بۆمەبەسـتەکانی شـەریعەت بەتایبـەتیش(المصـلحة_بەرژەوەندی)دادەنرێت،کـەوا پێویسـت دەکـات لـەدوو لایەنـەوە تێڕوانینمـان بـۆی هـەبێت(بوون و نەبوون،واتـە بەرژەوەنـدی لـەکردنی هەیـە یـان نا)،ئەمـەش لەکۆکردنـەوەی مەبەسـتەکانی شـەریعەتدا لـەهێنان و تـەواو کردنـی بەرژەوەندیەکان و پەکخستنی خراپەکارییەکان و کەمکردنەوەیاندا؛خۆی دەبینێتەوە.[3]

ئەمـەی خسـتمانە ڕوو ئەوبنەمایانـەی ئـاینزای حەنبەلیەکانن،کـە لەتـەواوی ئاینزاکـانی دیکـە جودایـان دەکاتـەوەو دەیانکاتـە ئاینزایـەکی سـەربەخۆی خـاوەن بیروبۆچـوون و تێگەوپێگـەی جیاواز،ئەمـەو تـەواوی شـوێنکەوتەکانی ئاینزاکـە باوەڕیـان بـەم بنەمایانـە هـەبووەو هەیـەو لـەژیانی ئاینی خۆیاندا پراکتیزەی دەکەن.

سـەرباری ئەمـەش یـەکێکی دیکـەی ئەوبابەتانەی،کەمایـەی قسەوباسـە لای حەنبەلیـەکان مەسـەلەی کۆدەنگیە(الاجماع)،کەمەبەسـت لێـی کـۆدەنگی موجتەهیـدانی کۆمـەڵگای ئیسـلامیە لـە ئەهلی(حـەل و عەقـد)بۆ بڕیـاردان لـە ئەحکامـە شـەرعیەکان لەسـەر بابـەتێك؛ئەگـەر هـیچ جیاوازیـەکیان تێـدا نەبێت،بـەڵام ئەگـەر هەنـدێکیان ڕاجیابوون(جائەگـەر یـەك کەسـیش بێت)،ئـەوا بـەکۆدەنگی هەژمارناکرێت،ئەگـەر کـۆدەنگی یـان گوتـەزای هەنـدێکیان بڵاوبویـەوە و ئـەوانی تـر پێـی ڕازی بـوون و ڕەتیـان نـەکردەوە؛ئـەوا مانـای کـۆدەنگی تـەواو دەگەیـەنێت و بـۆهیچ باوەڕدارێـك نیـە لەوکۆدەنگیـە دەربچێت،چـونکە تـەواوی ئوممـەت لەسـەرگومڕایی کۆنابنـەوە.[4] کـۆدەنگیش دووجۆرە،جـۆری

---

[1] ابن القيم:اعلام الموقعين،٢٩٩/١؛سالم الثقفي:مفاتيح،٣٧٩/١.

[2] بڕوانە:(ابن بدران:مدخل،ص٢٩٦_٢٩٨؛طـە جابرالعلواني:ادب الاختلاف،ص٩٧؛جهادخاوەری:ئاورنگی مێژوو،ل١٧٢_١٧٣).

[3] ابن القيم:اعلام الموقعين،٥٨/١.

[4] بڕوانـە:(القاضـي ابـي يعلى:العـدة،١٧٠/١؛طبقـات الحنابلـة،٢٨٤/٢؛ابـن تيميـة:مجموع الفتـاوى،١٠/١٩؛سـالم الثقفي:مفاتيح،٣٧١/١_٣٧٢).

یەکەمیان کۆدەنگیە لەسەرئەرکە ئاینیەکان،وەکو(چەندێتی و چۆنێتی نوێژوو ژمارەی ڕکعاتەکانی و،ڕۆژوو و حەج و زەکات...تاد)،کەئەمانە بنەماکانی ئیسلامن و لادان لێیان دەرچوونە لەبازنەی ئیسلام.جۆری دووەمیان کۆدەنگیە لەسەر بڕیاردان لە پێشهاتە نوێیەکان،وەکو(کۆدەنگی هاوەڵان لەسەرئەوزەویانەی دەستی بەسەرداگیرا لەکاتی فتوحاتەکاندا،شەڕکردن لە دژی هەڵگەڕاوەو لادەرەکان...تاد)،[1] جا(ابن حنبل)و حەنبەلیەکان پێیان وابوو کۆدەنگی کۆدەنگی هاوەڵانەو تەواوی کۆدەنگیەکانی دیکەی دوای ئەوان بەشێکن لەکۆدەنگی هاوەڵان و لەوانەوە سەرچاوەودەقی گرتووە و دەگرێت،[2] ئەمەش بەو واتایە دێت کە حەنبەلیەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە(ابن حنبل) بەجۆرێك لەجۆرەکانی ڕەهایی کۆدەنگی بەلایانەوە مایەی ئیعتیبار نەبووە،چونکە ناوبراو هەرچەندە بنەمای کۆدەنگی ڕەت نەکردۆتەوەو دژی نەوەستاوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی زانیاری تەواوی لەسەر ڕووداوەکانی دوای سەردەمی هاوەڵان ڕەتکردۆتەوە،لەبەرئەمە تەنها ئیقراری لەسەر کۆدەنگی هاوەڵان بۆ پرس و کێشە فیقهـ فیکریەکان دەکرد،چونکە هاوەڵان شارەزایی تەواویان لەسەر ئەوشوێنانەی کەتیایدا بوون و لەسەر ڕووداوو پێشهاتەکان هەبوو بەهۆی سنورداری شوێن و زانستەکەیانەوە،بەهۆی ئەمەوە هاوەڵان توانیویانە کۆدەنگیەکی دروست و پشت بەستوو بەدەقی ساف ئەنجام بدەن،[3] هەر لەبەر ئەمەش(ابن حنبل)زۆر مەیلی بەلای کۆدەنگی ئەهلی مەدینەدا بووە و هەردەم لەکاتی ئاخاوتن و فەتواکانیدا بەنموونە دەیهێنانەوە،چونکە بەبۆچوونی ناوبراو کۆدەنگی ڕاستەقینە نابینرێت جگە لە کۆدەنگی ئەوان،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر توونـد بووە لە شوێنکەوتنی(کۆدەنگی)،بەڵکو زیاتر پشتی بە ڕیوایەت بەستووە و شارەزاییەکی باشی لە سوننەت و کردەوەکانی پەیامبەر(د.خ)و هاوەڵانی دوای ئەو هەبووە،چونکە ئەوان کۆنەدەبوونەوە لەسەرهیچ پرسێك مەگەر ئەوەی بەتەواوی دڵنیابووبان لەسەر ئەوەی کە پاڵپشتی لە قورئان و سوننەت هەبێت.[4]

کۆی ئەوانەی باسمانکرد(ابن حنبل)ی ئاراستەکرد،بۆئەوەی هەمووئەوانە بەدرۆ بخاتەوە،کەبانگەشەی کۆدەنگیان دەکرد،هەروەك بیانووشی نەدەهێنایەوە بۆئەوەی کار بەفەرمووده نەکات و لابەلای کۆدەنگیدا بکاتەوە و فەزڵی بدات بەسەر دەقدا،هەروەك(شافیعی)ش ئەوەی لە(فەتوانوێیەکانی_رسالة الجدیدة)دا باسکردوە،کەئەگەر ڕاجیاییمان نەزانی لەسەر پرسێك مانای وانیە کەڕاجیایی لەسەرنەبێت،بۆیە بانەڵێین کۆدەنگی لەسەرە،باشترە بڵێین نازانم ڕاجیایی لەسەرە یان نا،[5] ئەم گوتەیەی(شافیعی)گوتەکانی(ابن حنبل)پشت ئەستوور دەکات بەوەی کە کۆدەنگی بە درۆ خستۆتەوە و بەرپەرچی داوەتەوە.

---

[1] بڕوانە:(ابن بدران:مدخل،ص٢٧٨_٢٧٩؛محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٩٣_٤٩٤).

[2] القاضي ابي يعلى:العدة،١/١٧٠.

[3] محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٩٤؛عبدالله التركي:اصول مذهب،ص٣٥٥_٣٦٠.

[4] القاضي ابي يعلى:طبقات الحنابلة،٢/٢٨٤؛بڕوانە:(ابن القيم:اعلام الموقعين،١/١٧٥).

[5] ابن القيم:اعلام الموقعين ،٢/٥٣؛سالم الثقفي:مفاتيح،١/٣٧٢؛ابن بدران:مدخل،ص١١٣_١١٥.

**هەرلــەم بارەیەوە(عبــدالله بــن احمــد بــن حنبل)،دەڵێت:((لــەباوکمم بیســتووە،دەیگوت هەرکــەس بانگەشــەی ئــەوە بکــات کــە بابــەتێك کــۆدەنگی لەســەرە ئــەوە درۆیــەو بانگەشــە کارەکەشــی درۆزنە،چـونکە لەوانەیـە خـەڵکی ڕاجیاییـان هـەبێت و ئـەو نەیزانیبێت،بۆیـە ئەگـەر کەسـێك بابـەتێکی باسـکرد بابڵێـت کـەسمان نـەدیوە نـاکۆکی هـەبێت لـەم بارەیـەوە؛نـەك ئـەوەی بڵێـت ئەمـە کـۆدەنگی لەسەرە،چـونکە ئەمـە بانگەشـەی"بشـر المریسـي"[1] و "الاصـم"ە[2])).[3] لـەم بنەمایانـەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە حەنبەلیـەکان لـە ڕێگەیانـەوە خۆیـان لـە گـروپ و ئاینزاکـانی دیکـە پـێ جیاکردۆتـەوە و بگـرە کـۆدەنگی کـە بنەمایەکـە زۆرێـك ئیشـی پـێ دەکەن،ئـەمان وەلایـان نـاوە و گرنگیـان پـێ نەداوە،ئەمــە ســەرباری ئــەوەی کــە بنــەمای(ڕێگرتن لــە بەهانــە–ســد الــذرائع)داهێنــانی خــودی حەنبەلیەکانە.**

## حەنبەلیەکان و فاکتەرەکانی کەمی شوێنکەوتەکانیان

**هەنـدێك بـاس لـەوە دەکەن،کـە زۆرینـەی حەنبەلیـەکان لـە شـام و عێـراق و بەغـداد و دەوروبـەریان بوون،کـەزیاتر خـەڵکانێك بـوون دەسـتیان دەگـرت بـە قورئـان و فـەرموودەو گێڕانەوەیـەوەو هـەوڵیان دەدا هــەڵهێنجانی لێوەبکــەن بــە پیوانەیــەکی گونجاو(قیاس)،ســەرەتای دەرکــەوتنی ئــەم ئاینزایــە لــە**

[1] بشرالمریســی:ناوی(ابوعبدالرحمن،بشــر بــن غیــاث بــن ابــي کریمــة العــدوي المریســي)ە،(بشرالمریســی)ش بۆناوی(مریس)دەگەڕێتــەوە کەگوندێکەلە(مصر)یان دەوترێت بۆ(المریس)ی بەغداد دەگەڕێتەوە،ناوبراویەك لەزانا گەورەکانی موعتەزیلەکانەو ڕابەروپێشەواوی گروپی(**المریسیة**)ی سەربەموعتەزیلەکانە،لەدەوروبەری ساڵی(١٣٨ك/٧٥٦ز)لەدایکبووەو،لەساڵی(٢١٨ك/٨٣٣ز)کۆچی دوایی کردوە،باوکی جوولەکە بووەو دواتر مسوڵمان بووەو بۆتە مەوالی(**آل زید بن الخطاب**)،ئەمەو(بشر)سەرەتا سەروکاری لەگەڵ فیقهوفەرموودەوانیدا هەبووە،بەلاّم دواتر دەبێتە کەسێکی موعتـەزیلی و مەسـەلەی خـەلقی قورئـان لەشـاری بەغـداد بلاّودەکاتـەوەو بانگەشـەی بۆدەکات،بـەم هۆیـەوە بووبـە موعتەزیلیـەکی بـەناوبانگی سـەردەمەکەی خۆی،بانگەشەکرنەکەشـی بۆخـەلقی قورئـان لەسـەردەمی خەلیفە(الرشـید)بووە،بۆیە کـە ئـەم هەواڵەدەگاتـە خەلیفە،ئـەویش دەڵێت،بیستوومە(بشرالمریسی)بانگەشەی دروستکراویی قورئان(خلق القران)دەکات،سوێندبێت ئەگەر دەستم پێی بگات بەچەشنێك دەیکوژم پێشترکەس بەوچەشـنە نەکوژرابێت،بۆیە(بشـر)یش خـۆی حەشـارداو تـامردنی خەلیفـە لەسـاڵی(١٩٣ك/٨٠٩ز)خـۆی دەرنەخسـت.بۆزانیاری زیـاتر بڕوانـە:(**الذهبي:سـیراعلام النـبلاء،١٠/١٩٩؛میـزان الاعتـدال،٢/٣٥٤؛السـفاریني:لوامع الانـوار،١/١٠٨؛بامخرمـة:قلادة النحـر،٢/٤٢٧؛صـالح البردي:تسهیل السابلة،١/٨٨**).

[2] الاصـم:ناوی(**ابـوبکر الاصـم،عبدالرحمن بـن کیسـان المعتزلـي**)ەو،لەسـاڵی(٢٠١ك/٨١٦ز)لەدایکبووەو،لەسـاڵی(٢٧٩ك/٨٩٢ز)کۆچـی دوایـی کردوە،ناوبراو یەك لەزانایانی موعتەزیلەکان بووە،کەدەگەڕێتەوە بۆ چینی شەشەمی موعتەزیلەکان،بەوەناسراوە کـە فـەقیهێکی ڕەوانبێـژوو موبـەلیغ و زمان پاراوو هەژار بووە،ناوبراو هاوڕابووە لەگەڵ زۆرینەی بیروباوەڕەکانی موعتەزیلەکان(خەلقی قورئان،ڕەتکردنەوەی بینینی خودا لەڕۆژی پەسلاّندا،نەفی سیفاتەکانی خودا،مەسەلەی باش و خراپی ژیری"الحسن والقبح العقلیان"،مەسەلەی دەرچوون لەپێشەواو فەرمان بەچاکەوڕێگری کردن لە خراپە...تاد)و جەدەلیشی لـەبارەوە ئەنجامـداون لەگـەڵ نەیارەکانیاندا،بـەلاّم نـاوبراو حـەزوئارەزووی لایـەنگری کردنـی(**علـي بـن ابـي طالـب**)ی هـەبووەو فـەزڵی داون بەسـەرخەلیفەکانی دیکـەدا.وێڕای ئەوانـەی خسـتمانەڕوو،ناوبراو خـاوەنی زیـاتر لـە(٢٠)دانراوە،لـەگرنگترینیان(**کتـاب التفسـیر القران،کتـاب الخلـق القران،الحجـة الرسـل،الردعلی المجبرة،الـرد علـی الزنادقـة،البیان عـن اسمـاء الله الحسـنی...الخ**).بۆزانیـاری زیـاتر بڕوانـە:(**ابـن الندیم:الفهرست،ص٢١٤؛الذهبي:سیراعلام النبلاء،٩/٤٠٢؛ابن المرتضی:طبقات المعتزلة،ص٦٥**)

[3] **عبدالله احمدبن حنبل:مسائل،ص٤٣٨_٤٣٩؛هەروەها بڕوانە:(بکرابوزید:مدخل،١/١٥٣؛محمدابوزهرة:تاریخ المذاهب الاسلامیة،ص٤٩٤).**

بەغـــدادەوە بـــووە لەســـەر دەســـتی(احمد بـــن حنبـــل)و دواتـــر بـــۆ ناوچـــەکانی جیهـــانی ئیســـلامی گواستراوەتەوە،بەڵام زۆرینەی شوێنکەوتەکانیان لە بەغداد و دەوروبەری بوون.[1]

هـــەروەك لەگـــەڵ بـــەهێزی زانایـــانی حەنبەلیـــەکان لـــەفیقهو فیقهناســـیدا؛کەچـــی ئاینزاکـــەیان بەئەندازەیـــەك تەشـــەنەی نـــەکردو بڵاونـــەبووەوە کەشایســـتەی ئەوبـــەهێزی و شـــارەزاییەیان بێت،بۆیـــە دەبینین شوێنکەوتەکانی ئاینزاکە لەڕووی ژمارەوە کەمن.[2]

بەڵام بابزانین هۆکاری فاکتەری کەمی ڕێژەی شوێنکەوتەکانی ئاینزای حەنبەلی چی بووە؟

١ــ (ابــن خلــدون ٨٠٨ك/١٤٠٦ز)ئامــاژە بــە فاکتــەری کــەمی شــوێنکەوتەی ئــەم ئاینزایــە دەکــات و دەڵێــت هۆکارەکــەی بــۆ دووری ئــەم ئاینزایــە دەگەڕێتــەوە لــە ئیجتیهاد،بۆیــە لایــەنگرانیان بــە زۆری دەکەونــە شــام و عێــراق و بەغــداد و ناوچــەکانی دەوروبەری،نــەك زۆرینــەی ناوچــەکانی جیهــانی ئیسلامی.[3]

٢. ئاینزای حەنبەلی دوای هەرسێ ئاینزای (الحنفي،مالكي،شافعي)هاتووە،کە پێشتر جێی خۆیان لەنێو کایە باوەڕییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیدا کردبووەوە و بۆشاییەکی کەم بۆ ئاینزای حەنبەلی مابووەوە،چونکە لە(عێراق)دا ئاینزای حەنەفی(ابي حنيفة)هەبوو،لە(میسر)یش ئاینزای (مالكي و شافعي)هەبوون،لە(مەغرب)و (ئەندەلوس)یش ئاینزای(مالكي)بڵاوبوو.[4]

٣ــ حەنبەلیەکان فەرمانڕەواو دادوەریان لە شوێن و ناوچەکاندا نەبوو تاکو لەو ڕێگەیەوە ئاینزاکەیان بڵاوبکەنەوە،چونکە(احمد بن حنبل)و حەنبەلیەکان حەزیان لە دەسەڵات نەبوو،بەپێچەوانەوە ئاینزاکانی دیکە فەمانڕەواو دادوەریان هەبوو، بۆ وێنە(قازي ابو يوسف) و لەدوای ئەویش(محمد بن الحسن)لە عێراق بوون و ئاینزاکـــەیان لەعێراقـــدا بڵاوکردەوە،بەتایبـــەتیش بیروبۆچـــوون و ڕوانگـــەکانی(ابـــي الحنيفـــة)و خوێندکارەکانی،هەروەك(اسد بن الفرات) لە (مەغرب)ئاینزای(مالكي) بڵاوکردەوە،سەرباری خیلافەتی ئومەویـەکانیش لەئەندەلوس،کـەکاریان بۆبڵاوکرنـەوەی هـەمان ئـاینزا دەکرد.بۆیـە شـوێنێکی وەهـا بۆحەنبەلیەکان نەمابوەوە تەنها جەزیرەی عەرەبی نەبێت.[5]

٤ـ یەك لەفاکتەرەکانی دیکە توندڕەوی و دەمارگیری حەنبەلیەکان و زۆری جیاوازیان بوو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا؛ ئەمەش نەك بە بەڵگەهێنانەوە،بەڵکو بەکردەوە،بۆیە هەرکات دەسەڵاتیان پەیدا کردبا توند دەبوون لەگەڵ خەڵکیدا بەناوی(الامر بالمعروف والنهى عن المنكر)،هەروەك هەندێك ئاماژە بەوە دەکەن،کە کاتێك حەنبەلیەکان لەساڵی(٢٣٢ك/٨٤٦ز)دەسەڵاتیان پەیدا کرد و بەهێزبوون خەڵکیان توشی ناڕەحەتی

---

[1] ابــن خلدون:المقدمــة،ص٤٨٦؛ایهــاب کمــال:الفرق الاســلامية،ص٢٥٩؛عمرســليمان الاشــقر،المدخل الى دراســة المدارس،ص١٦٨؛احمد تيمور باشا:المذاهب الاربعة وانتشارها،ص٨٢.

[2] محمد ابو زهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٥٠٤؛سالم الثقفي:مفاتيح،٤٣٠/٢.

[3] المقدمة،ص٤٨٦؛محمد ابو زهرة:ابن حنبل،ص٤٠٧، ٤٥٣.

[4] بروانه:(محمد ابو زهرة:ابن حنبل،ص٤٠٨_٤٠٩،٤٥٤_٤٥٥،٤٥٩_٤٦٠؛سالم الثقفي:مفاتيح،٤٣٠/٢_٤٣١.

[5] ابن خلدون:المقدمة،ص٤٨٦_٤٨٧؛سالم الثقفي:مفاتيح،٤١٧/٢ ، ٤٣١ .

کرد؛بەوەی کە ئەگەر شەرابی ترێیان ببینیایە دەیانڕشت و لەخاوەنەکەشیان دەدا،ئەمە سەرباری لێدان لەگۆرانی بێژەکان و شکاندنی ئامێرە مۆسیقیەکانیان،تەنانەت دەستیان خستە نێوبازاڕ و کڕین و فرۆشتنیشەوە،لەوەش زیاتر ئەگەر ژن و پیاوێك پێکەوە بینرابان پرسیاریان لێدەکرا سەبارەت بەوەی کەلەگەڵیدا ڕێدەکات،جا ئەگەر زانیاری نەدابا ئەوا فەلاقە دەکراو دەبرا بۆ پۆلیس و بەخراپییش شایەتیان لەسەر دەدان.[1]

٥ــ جیا لەوانەی باسمانکرد بە بۆچوونی ئێمە یەك لە فاکتەرەکانی کەمی شوێنکەوتەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتەی کە خۆیان بۆ ئاینزاکەیان خوڵقاندبوو،ئەمەش بەوەی کە عەقڵکاری و گرنگیدانیان بە عەقڵ و تێڕامان و بیرکردنەوەی دامالراو لە دەقی ڕەسەن؛دەخستە دەرەوەی ئاینزاکەوە،ئەمە لە کاتێکدا کە سێ ئاینزاکەی دیکەی پێش ئەمان(الحنفي،مالكي،شافعي) دەرگایان والا بووە بۆ عەقڵکاری تەندروست،ئەگەر دژ و پێچەوانەی دەق نەبوایە،لەو دەمەشدا چەندین کۆمەڵە و گرووپ،کە هەڵقولاوی نێو خودی کۆمەڵگای ئیسلامی بوون دەرکەوتبوون و گرنگیان بە عەقڵ و ژیری و پەیڤینە ژیربێژیەکان دەداو خەڵکێکی زۆریش تەبەنناى ئەم سروشتە عەقڵمەندانەیان دەکرد،بۆیە خەڵکی کەمتر لە دەوری ئاینزای حەنبەلی کۆدەبوونەوە بەبەراورد لەگەڵ ئاینزاکانی دیکە و گروپە ئیسلامیەکانی فەزای ئیسلامی.

---

[1] ابن الاثير:الكامل،٦/٢٤٨؛محمد ابو زهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٥٠٥؛احمد تيمور باشا:المذاهب الاربعة وانتشارها،ص٨٣_٨٤.

## بەشی دووەم: جەدەلی سیفاتەکانی خودا

### تەوەری یەکەم: زانایی و توانایی( زانست و توانست )

یەکەم: لای موعتەزیلەکان.

دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە.

### تەوەری دووەم: بیستن و بینین و ئیرادە و زیندویی ئیلاهی.

یەکەم: لای موعتەزیلەکان.

دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە.

### تەوەری سێیەم: لەسەرعەرش بوونی خوداو بالأبونی

یەکەم: لای موعتەزیلەکان.

دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە.

### تەوەری چوارەم: بینی خودا ( بینینی بەختەوەرانە _ الرؤیة السعیدة )

یەکەم: لای موعتەزیلەکان.

دووەم: لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە.

## تەوەری یەکەم: زانست و توانست ( العلم والقدرة )

زانســـت وزانیـــاری و توانســـت و توانـــایی ئیلاهـــی یـــەك لەوێســـتگە پـــڕ جەدەلیاتـــەکانی نێـــوان حەنبـــەلی و موعتەزیلەکانـــە کەهەریەکـــەیان بیروبۆچـــوون و تێڕوانینـــەکانی خـــۆی لەسەرچـــەندین بەڵگـــە بیناکردوە،گروپێکیـــان ئـــەو دووخەســـڵەتە ڕەتدەکاتـــەوەو گروپەکـــەی دیکەشـــیان بـــڕوای پێیـــەتی ودەیسەلمێنێت و جێگیری دەکات.

**یەکەم: زانست و توانست لای موعتەزیلەکان.**

لـــەم گۆشـــەنیگایەوە هەنـــدێك لەمێـــژوونووس و لێکۆڵـــەران ئامـــاژە بـــەوە دەکەن،کەموعتەزیلـــەکان خەســـڵەتەکانی خودایـــان ڕەتکردۆتـــەوە؛لـــە زانســـت و توانســـت،هەروەك ئـــەم گوتەزایـــەیان ســـەرەتا پێگەشـــتوو نـــەبوو(واصـــل بـــن عطـــا ٨٠_١٣١ك/٦٩٩_٧٤٨ز)،بەشـــێوازێکی ڕووکەشـــانە ئـــەم گوتەیـــەی ڕاڤـــەکرد و خســـتیە بەرباس،ئـــەویش ئـــەوەبوو کـــە ناکرێـــت دووخـــودای کـــۆن و ئـــەزەلی هـــەبن،[1] بۆیـــە هەرکـــەس واتـــای خەســـڵەتێکی کـــۆن و ئـــەزەلی ئیلاهـــی بســـەلمێنێت،ئەوا بـــوونی دووخـــودای سەلماندوە،ســـەلماندنی ئەمـــەش سەردەکێشـــێ بۆفرەخـــودایی.[2] ئەمـــە بیروبۆچـــوون و تێـــڕوانینی موعتەزیلـــەکان بـــوو لەســـەروبەندی دروســـتبوونیان و لەســـەردەمی دامەزرێنەرەکەیاندا،بـــەڵام ئـــەو موعتەزیلانـــەی کەلەدوای(واصـــل)ەوە هـــاتن لەژێرکاریگـــەری فەلســـەفەدا ڕاڤـــەی نوێیـــان بۆگوتـــەزاکانی کـــــردوو هەنـــــدێك دەســـــتکاریان کـــــرد؛بەچەشـــــنێك کەکاریگـــــەری نـــــەبێت لەســـــەر کـــــرۆك و ناوەڕۆکەکەی،ئەمەشـــیان بەچـــەندگومانێکی عـــەقڵی دەســـەلماندو دەیـــانگوت خـــودا زانایـــە بـــەزاتی خۆی،توانایـــە بـــەزاتی خـــۆی نـــەك بەزانســـتێك و توانســـتێك کەجگەلـــەزاتی بـــن وســـیفاتگەلێکی کـــۆن بـــن و هەرلەگەڵیـــدا هـــەبووبن و بمێننـــەوە.[3] ئـــەم گوتەزایانـــە بەڵگـــەی ئـــەوەن کـــە لـــەپێناو یەکانـــەیی خـــوداو دوورخســـتنەوەی لـــەهاوەڵ بۆدانـــان و بـــوونی چـــەند ئـــەزەلی و کۆنێـــك؛موعتەزیلـــەکان هـــەموو ئـــەو ئاکارانـــەی کەشایســـتەی خـــوداو خوایەتیەکـــەین لێیانـــداماڵی و لـــەکاریان خســـت.هەرئەمەش وای لەلێکۆڵـــەرەوانی ئـــەم بـــوارە کـــردوە بڵـــێن تـــەواوی موعتەزیلـــەکان کـــۆڕان لەســـەر ڕەتکردنـــەوەی هـــەموو خەســـڵەتە ئەزەلیـــەکانی خـــوداو پێیانوایـــە خـــودا نەزانســـت و نەتوانســـت و نەســـیفاتی ئـــەزەلی هەیەو،لـــەوەش زیـــاتر وتیـــان خـــودا لـــە ئەزەلـــدا نـــەناوو نەخەســـڵەتی نـــەبووە،[4] بـــەڵکو خـــودا هەمیشـــە

---

[1] الشهرســـتاني:الملل والنحـــل،٦٠/١؛التفتـــازاني:علم الكـــلام،ص١١٣؛نصـــرحامد ابوزيـــد:الاتجاه العقلـــي،ص٤١؛ابـــراهيم الفيومي:المعتزلـــة تكوين العقل العربي،ص٢٦؛ حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١٤٨/١؛باباسوهەيل:موعتەزیلە،لا٧٨_٧٩.

[2] القاضـــــي عبدالجبار:المنيـــــة والامـــــل،ص١٠٩؛الجويني:الارشـــــاد،ص٩١؛علـــــي عبـــــدالفتاح المغربي:الفـــــرق الكلاميـــــة الاســـــلامية،ص٢١٢؛عبـــــداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلـــــة،ص٣٥؛عوادالمعتق:المعتزلـــــة واصـــــولهم الخمســـــة،ص٨٤؛حەمیـــــد عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،لا٤٩؛

[3] الشهرســـتاني:الملل والنحـــل،٦٠/١؛محمدابوريـــدة:ابراهيم بـــن ســـيار،ص٨٠؛علـــي ســـامي نشار:نشـــاة الفكـــر الفلســـفي،٢٢٦/١؛مصـــطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٤٠٥_٤٠٦.

[4] البغـــدادي:الفرق بـــين الفـــرق،ص١١٤؛ابـــن العمراني:الانتصـــار،٢٤٧/١؛بڕوانـــە:(عبـــدالحكيم عبدالســـلام العبـــد:علم الكـــلام في الاسلام،ص٤٧).

هەرهەبووە و ئەزەلی و یەکەمین بووە لەپێش(بوون)،هەروەك هەردەم زاناو بەتوانا بووە نەك وەکو زاناکان و خاوەن تواناکانی مرۆڤ.[1]

ئەمەو موعتەزیلەکان هەردوو خەسڵەتی(زانایی و توانایی)یان لەخودا داماڵیوە،یان ئەوەی لایان وەهایە ئەوسیفاتانە بریتین لەخودی زاتی ئیلاهی،چونکە زانست و توانست پێویستیان بەتایبەتمەندی هەیەو ئەو تایبەتمەندیانەش پێویستیان بە شوێنە،کە ئەویش جەستەیە،هەموو ئەم شتانەش بەدوورن لە زاتی خودای کۆن و ئەزەلی،لەبەر ئەوەی خودا زاناوتوانایە بەزاتی خۆی نەك جگە لەزاتی خۆی،بۆیە ئەگەر زانست و توانستی هەبێت ئەوا پێویستە جەستەش بێت؛مادام جەستەش نیە،کەواتە ئەم سیفاتانەشی نیە،[2] هەروەك ئەوەی کە دەوترێت خودا کۆنەو کۆنییش لە تایبەتمەندترین سیفاتەکانی خودایە،موعتەزیلەکان لەگەڵ سیفاتە کۆنەکانی دیکەیدا هەر لەبنەڕەتەوە نەفییان کرد(واتە وێڕای ڕەتکردنەوەی تەواوی خەسڵەت و سیفاتەکانی خودا،لەگەڵ ئەوەشدا کۆنی ئەو سیفاتانەیان ڕەتدەکردەوە)،بۆیە پێیانوابوو خودا زاناو تواناو زیندووە بەزاتی خۆی نەك بە زانست و توانست و ژیانێکی حەقیقی(هێزو زانست و ژیانیش ئەو خەسڵەتانەیان بە خودا نەبەخشیوە)،چونکە ئەمانە سیفاتگەلێکی کۆن و وابەستەی خودان،ئەگەر لە کۆنیشدا بەشداربن لەگەڵ خودادا،کەوایە لەخوایەتیشدا بەشدارن لەگەڵیدا،[3] کە لەڕاستیداو لەگۆشەنیگای حەنبەلیەکانەوە ئەمە ڕەتکردنەوەی سیفاتەکانی خودایەو داماڵینێتی لەسیفاتە شایستەکان بەپێگەی خودا.ئەمەو(الخیاط)ی موعتەزیلی ویستوویەتی ئەو بۆچوونەی موعتەزیلەکان بسەلمێنێت کە گوایە خودا زانایە بەزاتی خۆی نەك زانابێت بەجگە لەزاتی خۆی و،دەڵێت ئەگەر بڵێین خودا زانایە بەزانست ئەوا دووگریمانەمان لەبەردەمدایە،یان دەبێت بڵێین ئەم زانستە کۆن و قەدیمە یان دروستکراوو داهاتە(المحدث)وناکرێت بلێین کۆنە،چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت،کە هەر لە ئەزەلەوە دوو هەبووی کۆنمان هەیە؛کە ئەمەش فرە خوایی دەگەیەنێت و قسەیەکی پوچە،ناشکرێت بڵێن زانستێکی بەدیهاتووە(المحدث)لەبەر ئەوەی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەخودا لەخودی خۆیدا یان لەناشوێندا(لافي محل)شتی بەدیهێناوە،ئەگەر بڵێین خودا لە خودی زاتی خۆیدا شتی بەدیهێناوە؛کەواتە زاتی خودا شوێنی بەدیهێنان و بەدیهێنراوەکانەو هەرشتێکیش شوێنی بەدیهێنان بێت ئەوا خۆشی بەدیهاتووەو نوێیە و بەدیهێنراوی هەیە،ئەمەش بۆخودا نابێت وبەزەروری مەحاڵە،بۆیە پێویستە بەتەنها دان بەوەدا بنێین و بڵێین خودا زانایە

[1] الاشعري:المقالات،١/٢٢٨، اللمع،ص٦٧؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢١٥.

[2] القاضي عبدالجبار:شرح اصول الخمسة،ص١٦٢؛ابن قدامة المقدسي:منهاج القاصدين،ص١٨٩؛عادل عوا:المعتزلة وفكرالحر،ص٣١٥؛رابحة نعمان توفيق:مشكلة ذات الالهية،ص١٩٧.

[3] الشهرستاني:الملل،١/٥٧؛نهاية الاقدام،ص١٧٥؛عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين،ص٤٧؛عبدالستارالراوي:فلسفة العقل،ص١٥؛مواهب علي منصور:العدل الهي،ص٧١؛صالح زين العابدين:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٣٣؛ابن بدران:مدخل،ص٦١_٦٢.

بەزاتی خۆی.[1] سەرباری ئەوانە لە وێستگەیەکی دیکەی باوەڕەکەیاندا موعتەزیلەکان لەهەمبەر زانستی ئیلاهی دەڵێن،ئەگەر بڵێین خودا زانایە ئەوا دووگریمانە هەڵدەگرێت،یەکەمیان ئەوەیە دەکرێت زانراو بێت و دووەمیشیان ئەوەیە کەدەکرێت نەزانراوبێت،ئەگەر زانراویش نەبێت نابێت بیسەلمێنین،چونکە سەلماندنی شتێکی نەزانراو بۆخودا دەرگای نەفامی بۆ والأدەکات وئەمەش بۆخودا شیاونیە،ئەگەر زانراویش بێت ئەوا ئەمیش لەدووگریمانەدا خۆی دەبینێتەوە ئەویش ئەوەیە یان بوونی هەیە یان بوونی نیە،ناکرێت زانستی خودابوونی نەبێت کەواتە بوونی هەیە،ئەمەش دیسان لەدوو گریمانەدا خۆی نمایش دەکات،یان کۆنە یان نوێ و داهێنراوە،ناکرێت داهێنراویش بێت کەواتە کۆن و ئەزەلیە،مادام ئەنجامەکەشی ئەمە بێت،کەوابێت هەموو ئەوگریمانانەی کە باسمانکرد پوچەڵ و بەتاڵ و بێ بنەمان،بۆیە هیچ شتێکمان لەبەردەستدا نامێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە بڵێین خودا زانایە بەزاتی خۆی.[2] هەروەها بەڵگەکانیشیان سەبارەت بەوەی کەخودا زانایە بەزاتی خۆی لەسەرئەوە بونیات ناوە،کەخودا کردەوەی ڕێکوپێکی لێدەوەشێتەوەو سیفاتی کردەی ڕێکوپێکیش بەڵگەی زانایی و توانایی خودایە،بەڵگەش لەسەر دروستکردنی کردەوەی ڕێکوپێك،دروستکردنی ئەم هەموو بوونەوەرەیە بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر(گەردوون و پێکهاتەکانی،ڕێکخستنی دونیا بەبێ ناوبەندو کۆڵەگە،گۆڕانکاری هەوا بەوسیستەمە باوەی کەجیهانی گرتۆتەوە)،[3] لەگەڵ ئەم دیدگا جیاوازانەشیاندا موعتەزیلەکان و بەتایبەت(هشام الفوطي)[4] موعتەزیلی پێیوایە خودا

---

[1] الانتصار،ص١١١_١١٢؛هەروەها بڕوانە:(عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٤٩؛یاسرقاضي:مقالات جهم،٥٤٢/٢؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٤٠٦؛حمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام٢/٤٤١).

[2] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص١٨٣؛رابحة نعمان توفيق:مشكلة ذات،ص٥٣؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢٢٢.

[3] علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢١٦؛حمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام،٢/٤٤٠.

[4] **هشام الفوطي**:ناوی(ابومحمد،**هشام بن عمرو الفوطي المعتزلي**)ە،بەهۆی پیشەکەیەوە پێی وتراوە(**الفوطي**)کەفرۆشتنی جل و بەرگی(فوت)بووە،ناوبراو لەچینی شەشەمی موعتەزیلەکانە،یەك لەگەورە زاناوبانخوازەکانیانەو ڕابەری گروپی(**الهشامية**)ی موعتەزیلیە،خوێندکاری(**ابوالهذيل العلاف**)بووەو مەسائیلە ئیعتیزالیەکانی لەئەوەوە وەرگرتووە،بەڵام دواتر دژی وەستاوەتەوەو چەندین جەدەلی لەگەڵدا ئەنجامداوە،ئەمەو ناوبراو خەڵکی شاری(**البصرة**)بووەو،لای خەلیفە(المامون)یش پێگەیەکی باڵای هەبووە،تەنانەت دەگوترێت کاتێك(**هشام الفوطي**)دەچووە کۆشکی(المامون)ەوە،هێندە پەرێشان دەبوو نزیکبوو لەبەرپێی هەستێت،سەبارەت بەمردنەکەشی ڕاجیایی هەیەو هەندێك پێانوایە لەساڵی(٢١١ك/٨٢٦ز)کۆچی دوایی کردوەوهەندێکی تریش دەڵێن ساڵی(٢٢٠ یان ٢٢١ك/٨٣٥ یان ٨٣٦ز)کۆچی دوایی کردوە،ناوبراو چەندین دانراوی لەدوای خۆی بەجێ هێشت،لەوانە:(**خلق القران،كتاب المخلوق،كتاب التوحيد،الردعلى الاصم في نفي الحركات**)،لەبیروڕاکانیشی ئەمانەن:(بەهەشت و دۆزەخ لەئێستادا دروست نەکراون،ئەم باوەڕەی هۆکارێك بوو بۆموعتەزیلەکانی دوای خۆی،کە بوونی بەهەشت و دۆزەخ ڕەت بکەنەوە.ناوبراو ڕێگری کردوە لەخەڵکی بڵێن"**حسبناالله ونعم الوكيل**"،چونکە پێی وابوو،کە"وەکیل"پێویستە بری گرتە"موەکیل"ی هەبێت لەسەروی خۆیەوە،ئەمەش بۆخوداشیاونیە،چونکە هێچ شتێك لەسەروی خوداوەنیە،بۆیە ئەوگوزارەیەی گۆڕی بۆ"**حسبناالله ونعم المتوكل عليه**"واتە خودامان بەسە کەباشترینی ئەوکەسانەبێت پشتی پێ ببەستین.ڕێگری کردوە خەڵکی بڵێن،خودا هۆگریی خستۆتە نێوان دڵی مسوڵمانان وفاسیقەکانیشی گومراکردوە.سەبارەت بەئیمامەت پێی وابووە ئەگەر دووبەرەکی کەوتە نێوان خەڵکیەوە،ئەوا ئیمامەت دانامەزرێت و ئوممەت پێویستی پێشەواوئیمام نابێت،بەڵام ئەگەر ئوممەت یەکێتی تێدابوو،ئەوکات پێویستیان بە پێشەوایەکە کارەکانیان بۆڕێکبخات و بیانبان بەرێوە،لەمەشەوە ئیمامەتی(**علي بن ابي طالب**)ی ڕەتکردۆتەوەو دانی بەئیمامەتی(معاویە)دا ناوە).بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(**البغدادي:الفرق بين الفرق**،ص١٥٩؛ابن

هەمیشەوبەردەوام زانایە بەشتەکان پێش ئەوەی ببنە تەن و جەستەو جەوهەرو عەرەز[1]،لەبەرئەوەی خودا زانایە بەوەی چی دەبێت و پێش ئەوەی ببێت و تەنەکانیش پێش ئەوەی ببنە شت و بێنەبوون هەرتەن بوون و هەبوون؛وەکو کەرەستەیەك بۆهێنانەبوونی شتێك،[2] ئەم دیدگایە تائەندازەیەکی زۆر جیاوازە لەدیدی موعتەزیلەکان،بەشی یەکەمی ئەم باوەڕە کە باس لەزانایی خودا دەکات بەشتەکان پێش بەدیهاتنیان بەئەندازەی نزیك بوون لەڕەها لەحەنبەلیەکانەوە نزیکەو هاوڕان،بەلاّم بەشی دووەمی کە باس لە کەرەستەبوونی تەنەکان دەکات پێش بوون بەشت،بەڕەهایی پێچەوانەی بیروبۆچوونی حەنبەلیەکان و ئەهلی سوننەیە بەگشتی،کەئەوان پێیانوایە خودا بوونەکان لەنابوونی ڕەها بەدیدەهێنێت.

وێڕای ئەوە هەندێکی دیکەی موعتەزیلەکان پێیانوایە،ئەگەر خودا زانابێت بەزانستێك ئەوا لەچەندشتێك تێپەڕناکات،یان ئەوەیە کە زانایە بەیەك زانست یان چەندزانستێك،یانیش بەچەندزانستێك کەکۆتاییان نیە،ئەمەش نابێت،لەبەرئەوەی بوونی شتێك کەکۆتایی نەبێت مەحاڵە،ناشکرێت بڵێین خودا زانایە بەچەندزانستێکی دیاریکراوو کۆتا،چونکە ئەمە زانیاری و زانراوەکانی خودا سنورداردەکات،ناشکرێت بڵێین خودا زانایە بەیەك زانست لەبەرئەوەی یەك زانستی پەیوەستە بەیەك زانراوەوە بەتەواوی،بۆیە پێویستە بڵێین خودا هەرلەسەرەتاوەو لەبنەڕەتدا زانانەبووەو نیەونابێت،بەزانستێك یان چەندزانستێك،[3] بەڵکو تەنها زانا بووەو دەبێت،بە زاتی خۆی نەك جگە لەزاتی خۆی،بە پێی ئەم ئەندێشەیەی موعتەزیلەکانیش گەردوون و بوونەکانی نێوی و جیهانی ماددی و میتافیزیقی دەکەونە دەرەوەی زانستی ئیلاهیەوە.

سەرباری ئەوانە(النظام)[4]و هاوبیرەکانی تەواوی سیفاتەکانی جگە لەزاتی ئیلاهییان ڕەتدەکردەوەو پێیانوابوو،کەخوداهەمیشە زاناوبەتوانا بووە نەبەزانست و نەبەتوانست،لای

---

النديم:الفهرست،ص٢١٤؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،١٠/٥٤٧؛تاريخ الاسلام،١٦/٤٤١؛الشهرستاني:الملل والنحل،١/٨٥؛ابن المرتضى:طبقات المعتزلة،ص٦١).

(1) عەرەز:بەهەر شتێکی هەبووی کاتی دەگوترێت،کەپێویستی بە دۆخ یان بارودۆخێکە،واتە پێویستی بەشوێنێکە بۆدەرکەوتنی،ئەمەش پێچەوانەی جەوهەرە(ماهیەت)،وەکو(ڕەنگ و بۆن و تام و دەست لێدان...تاد)،کە بوونێکی کاتین و نامێننەوەو،ئاتاجی هەبوویەکن بۆ دەرکەوتنیان و وابەستەی تەنێکی دی دەبن و سەربەخۆنین.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(الفيومي:المصباح المنير،ص١٥٣؛الجرجاني:التعريفات،مادة العرض،ص١٥٣).

(2) الاشعري:المقالات،٢/١٧٠؛بڕوانە:(ابن حزم:الفصل،٢/٢٩٤)؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٥٠.

(3) القاضي عبدالجبار:شرح اصول الخمسة،ص٢٠٢؛بڕوانە:(حەمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام،٢/٤٤١).

(4) **النظام**:ناوی(**ابراهيم بن سيار بن هنئ النظام البصري**)ەونازناویشی(اباالسحاق)ە،لەنێوان ساڵانی(١٦٠-١٨٥ك/٧٧٧-٨٠١ز)لەدایکبووەو لەنێوان ساڵانی(٢٢١-٢٢٩ك/٨٣٦-٨٤٤ز)کۆچی دوایی کردوە،یەك لەزاناو کەسایەتیە دیارەکانی ناوموعتەزیلەکانەو ڕابەری گروپی(**النظامية**)ی سەربە موعتەزیلەکانە،ناوبراو شارەزای بواری ئاین و ڕەوانبێژی بووە،بەلاّم کەسێك زۆر هەژاربووەو بەئەستەم توانیویەتی ژەمە خۆراکەکانی پەیدابکات،بۆیە پاشماوەی فڕی دراوی ماڵانی خواردوە،ئەمەو ناوبراو خوشکەزاوخوێندکاری(**ابوالهذيل العلاف**)بووەو ئاینزای ئیعتیزالی لەوەوە وەرگرتووە،بەلاّم دواتر لێی جیادەبێتەوەوڕێباەڕێکی تایبەت بەخۆی دەدەمەزرێنێت و زۆر جەدەل و گفتوگۆلەنێوانیاندا ڕوودەدات،بۆیە دواتر(**ابوالهذيل**)کتێبێك لەدژیدا دەنووسێت بەناوی(**الردعلى النظام**)و بیروڕاکانی ڕەت دەکاتەوە،هەروەها(**الجاحظ**)یش خوێندکاری(**النظام**)بووەو،یەکێك بووە لەکەسە نزیك و متمانەپێکراوەکانی،بۆیە لەبارەیەوە دەڵێت:(دەوترێت هەموو سەدساڵ جارێك کەسێکی نوێگەروزانایەکی گەورە هەڵدەکەوێت،ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست

ئەمانیش سەلماندنی سیفاتی خودا جگە لە سەلماندنی زات هیچی دیکەی نەگەیاندوە،[1] هەندێکی دیکە لەموعتەزیلەکان بەتایبەت(ابوالهذیل العلاف)و شوێنکەوتەکانی لایان وایە خودا زانایە بەزانستێك کەخودی خۆیەتی و توانایە بەتوانستێك کەخودی خۆیەتی و زیندووە بەژیانێك کە تایبەتە بەخۆی،ئەم گوتانەشیان تەواوی سیفاتە زاتیەکانی دیکەی خودای گرتۆتەوە.[2] ئەم تێڕوانینەی(ابوالهذیل)نەك هەر لەگەڵ حەنبەلیەکان و تەواوی ئەهلی سوننەدا جیاوازبوو،بەڵکولەگەڵ خودی موعتەزیلەکانیشدا جیاوازبوو،(ابوالهذیل)وهاوبیرەکانی ئەم بیروباوەڕەیان لەفەیلەسوفەکانەوە وەرگرتووە،کەباوەڕیان بەیەکانەیی زاتی خوداو دابەش نەبوونی هەیە،چونکە موعتەزیلەکانیش چەشنی فەیلەسوفەکان(زانست و توانست و ژیان)یان بۆخودا قەرارداوە،بەلاّم لایان وابووە،کە ئەوسیفاتانە خودی زاتی ئیلاهین نەك جگە لەئەو،ئەمەش واتای یەکێتی ڕەهای نێوان زات و سیفاتی ئیلاهی دەگەیەنێت.ئەوەتا هەندێك لەموعتەزیلەکان نکۆڵیان لەسیفاتەکانی خودا نەکردوە هەروەکو(پەکخەران_المعطلة)،کەئەمەیان کردوە،بەڵکو ئەمان وتیان سیفات و زات یەك شتە و خودا خاوەنی تواناوزانستە،بەلاّم ئەوتواناوزانستە هەرخودی خودا خۆیەتی،بۆیە خودا کەدەفەرموێت(خلقت بیدي)،واتا بەوشتە زاناو توانام و بەهێزوو زانستم بەدیمهێناوەو هیچ هاوتایەکم نەبووەونیە لەبەڕێوەبردن و دروستکردنیدا(واتا هیچ سیفاتیکم نیە لەخۆم جودابن بەباوەڕی موعتەزیلە)،نەك ئەوەی کە توانناو زانست و نەفسم جگە لەزاتی خۆم بن،بەڵکو من تاکانەی بێ هاوتام.[3] ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەهلی سوننەو حەنبەلیەکان هەردوو تایپەکەی تێڕوانینی موعتەزیلەکانیان ڕەت کردۆتەوە،هەروەك پێیانوایە جیاوازی نێوان ئەوەی کەبگوترێت خودا زانایە بەزاتی خۆی نەك بەزانست و لەنێوان زانایە بەخودی خۆی

---

بێت؛ئەوا"النظام"یەك لەوکەسانەیە).ناوبراو چەندین دانراوی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە،کە(ابن الندیم)باس لەنزیکەی(٣٠)کتێب دەکات،لەوانە(کتاب التوحید،الجواهروالاعراض،الردعلی الدهریة،کتاب القدر،کتاب التولد،الطفرة،المنطق...الخ).هەندێك لەبیروڕاکانی،ئەمانەن(سیفاتەکانی خودا سەلمێنەری زاتی ئەون و ڕەتکەرەوەی نەرێنیەکانی ئەو سیفاتانەن،وەکو زانایی،کەسەلمێنەری زات و ڕەتکەرەوەی نەزانین لەزاتی خودادا،بەم شێوەیە هەموو سیفاتەکانی باسکردوە.ڕێکوپێکی قورئان و ڕەوانبێژیەکەی،پەرچوونین بۆ پەیامبەرایەتی،بەڵکوچیرۆکەکانی نێوی کەکەس نەیبیستوون دەبنە پەرچوو،ئەمەش لەبەرئەوەی،مرۆڤ دەتوانێت هاوشێوەی قورئان بنووسێت ئەگەر خودا ڕێگری لێ نەکات ،ئەمەش ئەهلی سوننەو تەنانەت هەندێك لەموعتەزیلەکانی دڕدۆنگ کرد،چونکە ئەم گوتەیەی ناوبراوپێچەوانەی خودی دەقەکانی نێوقورئانە.قەدەری مرۆڤ بەخێروشەڕو باش و خراپیەوە لەخودی خۆیەوەیەتیو،خودا پەسن ناکرێت بەوەی کە توانای بەسەر شەڕوخراپەکاری و بێگوێی و لادانی مرۆڤدا هەبێت).بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(البغدادي:الفرق بین الفرق،ص١٣١؛الذهبي:سیراعلام النبلاء،٥٤٢/١٠؛ابن الندیم:الفهرست،ص٢٠٥؛ابن نباتة:سرح العیون،ص٢٢٦؛الشهرستاني:الملل والنحل،٦٧/١؛ابن المرتضی:طبقات المعتزلة،ص٤٩؛محمدعبدالهادي ابوریدة:ابراهیم بن سیارالنظام).

[1] الاشعري:المقالات،١٥٩/٢؛محمدابوریدة:ابراهیم بن سیار،ص٨١؛محمدجوادمغنیة:معالم الفلسفة الاسلامیة،ص١١٦ .

[2] بڕوانە:(الجویني:الارشاد،ص٧٠)؛قاضي عبدالجبار:المنیة والامل،ص١١١_١١٢؛دي بور:تاریخ الفلسفة الاسلامیة،ص٩٣_٩٤؛حسان شکري الجط:تاریخ الفکرالفلسفي،ص١٣؛احمدعلي زهرة:الکلام والفلسفة،ص٩٣؛صبري عثمان:المیتافیزیقیا،ص٧٥.

[3] قاسم الرسي وآخرون:رسائل العدل والتوحید،ص١٣٥/١؛محمدعمارة:المعتزلة ومشکلة،ص٥٢؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،ل٤٩_٥٠.

**ئەوەیە،کە یەکەمیان نەفی کردنی ڕەهای سیفاتەکانی خودایە،بەلاَم دووەمیان سەلماندنی زاتێکە کە خودی خۆی سیفاتە یان سەلماندنی سیفاتێکە کەخودی خۆی زاتە.[(1)]**

**ئەمەو هەندێکی دیکەی موعتەزیلەکان ئەم سیفاتانەیان بەسیفاتی(السلب_واتا نەفی سیفاتێك بەسەلماندنی سیفاتێکی دیکە)زانیوە،هەربۆیە هەندێك لەلێکۆڵەران ئاماژەبەوە دەکەن کەبەشێکی موعتەزیلەکان لایان وەهایە ئەگەر بڵێین خودا زانایە ئەوا زانستمان بۆخودا سەلماندوە کەخودی خودایە و نەفی نەفامیشمان لێ کردوەو دەلالەتیشمان کردوە لەسەر زانراوێك ئەویش ئەوەیە کە چی بووەو دەبێت(لەڕابردوو داهاتوو)،وەئەگەریش بڵێین بەتوانایە ئەوا بێ توانایی و بێ دەسەلاَتیمان لەزاتی خودا نەفی کردوەو توانایەکیشمان بۆخودا سەلماندوە کەخودی خودایەو دەلالەتیشمان لەسەر توانستێك کردوە،ئەگەر بڵێین زیندووە،ئەوا ژینێکمان بۆخودا سەلماندوەو مردنیشمان لەزاتیدا نەفی کردوە، [(2)] هەروەك هەندێکی دیکەیان هەرلەم بارەیەوە دەڵێن دەزانین کە خودا لە ڕابردوو ئێستاو داهاتوو و بەبەردەوامی هەربەتوانا بووەو دەبێت و نابێت هەرگیز بێ دەسەلاَت بێت و نەشبووە،دەزانین کە خودا زانایە لەڕابردوو ئێستاو داهاتوو بەبەردەوامی و،نەزانین مەحاڵە بۆخوداو نابێت ئەوسیفاتەی بدرێتە پاڵ،هەروەك دەزانین کە خودا زانایە بەتەواوی شتەکان ئەوەی بووەو ئەوەی دەبێت و ئەوەشی کەنەبووەو لەداهاتوودا دەبێت ببێت بەچۆنێتیەوە،[(3)] هەروەها ئەوە سەلمێندراوە کە خودا توانستی لەسەر تەواوی ئەوشتانە هەیە کە دروستە توانای لەسەربێت،تائەوەی هیچ شتێك نیەونابێت مەگەر ئەوەی کەخودا توانستی بەسەریانەوە هەیەو مەحاڵە بێدەسەلاَتی بدرێتە پاڵ خوداو نەفامی و مردن و ئافات و نەخۆشی بەسەردا نایات،لەبەرئەوەی خودا زاناو تواناو زیندوە بەژیانی خۆی.[(4)] لەم باسانەوە ئەوەمان لاڕوون دەبێتەوە،کە موعتەزیلەکان لەوبڕوایەدان ئەم سیفاتانەی خودا تەنها بۆ دەرکردنی سیفاتە نەرێنیەکانە لەزاتی ئیلاهیدا نەك بەمانا ڕاستەقینەکەی بوونی سیفاتی زاتی،بۆیە موعتەزیلەکان لایان وایە سیفاتەزاتیەکانی وەکو (زانست و توانست و ژیان) ناکرێت بەدژەکانی وەسف بکرێت و یاخود بەتوانایی لەسەر دژەکانی وەسف بکرێت(واتە بە بێ دەسەلاَت و نادان وەسف ناکرێت)،بەلاَم سیفاتەکرداریەکانی خودا وانیە و دەکرێت بەدژەکانی و بەتوانایی لەسەردژەکانی وەسف بکرێت کە ئەوانیش(ڕق لێبوونەوە و خۆشەویستی و توڕەیی و پەستیە).[(5)]**

---

(1) الشهرستاني:الملل والنحل،٦٤/١؛منيف عايش العتيبي:اثرالفكرالاعتزالي،٤٨٣/٢_٤٨٤؛ايهاب كمال محمد:الفرق الاسلامية،ص٨٣_٨٤.

(2) الاشعري:المقالات،٢٢٥/١، ٢٢٧؛الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص١٨٠؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٥٧/٣_٥٨؛احمدمحمود الصبحي:في علم الكلام،ص١٢٤.

(3) القاضي عبدالجبار:الاصول الخمسة،ص٦٨؛المختصر في اصول الدين،ص٣٣٠_٣٣١؛عادل عوا:المعتزلة وفكرالحر،ص٣١٤.

(4) الجويني:الارشاد،ص٧٠؛قاسم الرسي وآخرون:رسائل العدل والتوحيد،٢١٤/١؛عبداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلة،ص٣٠؛رابحة نعمان توفيق:مشكلة ذات،ص٥٥.

(5) القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١١١؛الخياط:الانتصار،ص٧٥؛الاشعري:مقالات،٢٤٢/١؛عبدالستارالراوي:فلسفة العقل،ص٢٢؛منيف عايش العتيبي:اثرالفكرالاعتزلي،٧٣٣/٢_٧٣٤.

بەپێی تێڕوانینی ئێمەش زانست و توانست دوو سیفاتی جوداو تایبەتن لەزاتی خوداو پەیوەستن بە تەواوی زانراوو توانراوەکانەوەو لەپێش بوون هەر زانا وتوانا دار بووەو لە داهاتووشدا هەر بەزانایی و توانایی دەمێنێتەوەو زانایی و تواناییەکەشی جیاوازە لە زانایی و توانایی بوونەکانی دیکەی گەردوون،بۆیە سەبارەت بە زانست پێمانوایە خودا زانایە بە جیهانی بوون جا چی مادی بێت یاخود میتافیزیقی،ئەمە سەربارى زانستی دەربارەیان پێش بەدیهاتن و دوای لەناوچوونیشیان و هیچ شتێکیش نیە و نابێت بکەوێتە دەرەوەی زانستی ئیلاهیەوە،سەبارەت بە توانستیش هەمان ڕوانگەمان هەیەو پێمانوایە توانای خودا بالاڕەوە بەسەر تەواوی بوونەوەو هیچ شتێکی ئەم گەردوونە بەرینە نیەونابێت بکەوێتە دەرەوەی توانستی ئەزەلی ئیلاهیەوەو هیچ شتێکیش نە دێتە بوون و نەفانییش دەبێت مەگەر دوای ویست و توانستی ئیلاهی نەبێت. لەمەوە دەگەینەئەوەی کە موعتەزیلەکان یەکەمین گروپی کەلامی و وتووێژکار بوون کە عەقڵکاریان لەتیۆلۆژیا و خوداناسیدا دەکرد و، لەم کارەشیاندا خۆیان لەتەواوی گوتەزاوتێڕوانینەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی دامالٚی و تێڕوانین و ڕاڤەی نوێ و دیدی تایبەت بەخۆیان مانیفێست و نمایش کرد.

**دووەم: زانست و توانست لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە.**

موعتەزیلەکان بەهێمنی بانگەشەی بیروڕاکانیان بۆ نەچووەسەر،بەڵکو لەلایەن حەنبەلیەکان و ئەهلی سوننەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەوە،زیاد لەوەش حەنبەلیەکان و تەواوی مسوڵمانان نکۆڵیان لەگوتەزاکانی لەمەڕ ڕەتکردنەوەی خەسڵەتەکانی خودا کردوەو بەبیدعەوداهێنراو لێیان ڕوانیوە،تەنانەت جەهمیەکان و موعتەزیلەکانیان بەگومڕا زانیوەو خەڵکیشیان لێ ئاگاداركردونەتەوەو زەمی کۆڕوکۆبوونەوەی موعتەزیلەکانیان کردووەو،چەندین کتێبیشیان لەسەریان نوسیووە،[1] چونکە بەگوتەی خۆیان پێشینانی ئوممەت هەموویان هاوئاهەنگن لەسەرئەوەی کە خودا هەمیشە بوونی هەیەو زیندوە و زاناو بەتوانایە،هەروەك پەسن کردنی خودا بەم سیفاتانە هیچ شوبهەوگومانێك دروست ناكات لەبەكارهێنانی هەمان سیفات بۆدروستکراوەکانی،[2] لەبەرئەوەی ئەهلی سوننەو حەنبەلیەکان ئەو ناوو سیفاتانەیان بۆخودا سەلماندوە کە خوداو پەیامبەرەکەی(د.خ)سەلماندویانە،ئەوانەشیان نەفی و ڕەتدەکردۆتەوە لێی کە خوداو پەیامبەرەکەی(د.خ) نەفیان کردوە لێی بەبێ هیچ چواندنێك و لەکارخستنێك و چۆنێتی و لێکچواندن و وێناکردنێك و؛واتاکەیان بۆخودا دەسەلماندو کەیفیەت و چۆنێتیەکەیان بۆخودی خودا بەجێدەهێشت،[3] (ابن خلدون)یش باسی لەوە کردووە،کە کۆمەڵێك لە شوێنکەوتەکانی

---

[1] بڕوانە:(ابن رجب الحنبلي:بيان فضل علم السلف،ص٤٧؛المقريزي:الخطط،١٨٢/٤_١٨٣؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ،ص٣٢٢؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص٨٣).

[2] بڕوانە:(محمد ابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٨٤)؛خالدالغامدي:نقض عقائد الاشاعرة،ص٢٦٣؛هادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص٦٧.

[3] ابن قدامة المقدسي:ذم التاويل،ص٩؛ابن تيمية:منهاج السنة،١١١/٢؛السفاريني:لوامع الانوار،٢٤/١_٢٥ ، ٩٦؛ابولبابة حسين:موقفالمعتزلة،ص٥٤؛صابرعبدة ابازيد:منهاج اهل السنة،ص٩٣؛وليدبن صالح باصمد:اثرعلم الكلام،ص٢٢٠.

سـەلەف و پێشـینان،کە حەنبەلیـەکانن؛بڕوایـان بەتـەواوی سـیفاتەکانی خـودا هـەبووە لەسـەرئەو شـێوازەی کـە قورئـان و فـەرموودە باسـی کـردوەو چەسـپاندویانە بـەبێ باسـکردن لەچـۆنێتیەکەی.[1] بـەم پێیـەش بێـت حەنبەلیـەکان تـەواوی تێڕوانینـە تیۆلۆجیـەکانی موعتەزیلـەکانیان ئـاوەژوو کردۆتەوە،ئـەوەتا هەنـدێك بۆچـوونی موعتەزیلـەکان لەهەمبـەر ئـەوەی کە(سـیفاتەکانی خـودا خـودی خودان)ڕەتدەکەنـەوە و پێیانوایـە ئەگـەر زانسـت و زانیـاری و هێـزی ئیلاهـی خـودی زاتـی ئیلاهـی بن،ئـەوکات خـودی خـودا دەبێتـە زانسـت و هێز،ئەمـەش مـەحاڵ بـوونی زانـایی و توانـایی خـودا دەسەلمێنێت،چـونکە زانسـت و توانسـت هـەرگیز نابنـە زانـایی و توانایی،پێویستیشـە زانسـتی خـودا ببێتە هێزو بەپێچەوانەشەوە،ئەوکات زانرای خودا دەبێتە توانراوی.[2]

ئەمـەو(ابـن تیمیـة)کـە لـە حەنبەلیـە پاشـینەکانە،ڕەتی ئەوگوتەزایانـەی موعتەزیلەکان،کـە دەڵێن(خـودا زانایـە نـەك بەزانسـت،توانایە نـەك بەتوانسـت،زیندووە نـەك بـەژیان)، [3] دەداتـەوە و پێیوایـە ئەمـە پێچـەوانەی دەقـی پـیرۆز و کـۆڕای بـاوەڕی باوە،چـونکە ئەمـە واتـای نـەفی سـیفات دەدات و دەڵێـت نـەفیکاراکانی سـیفات خـودا بەشـتانێك وەسـف دەکەن،کـە لـەخودادا نیـە و شایسـتەی خوایەتیەکـەی نیە،وەکوئـەوەی کـەدەلێن زانسـت و توانسـت سـیفاتی خودانیە،ئەمـەش ناپەسـەند و نادروسـتە،لەبەرئەوەی هـەموو زیندوویـەك ژیـانی تێدایـەو هـیچ زانایـەکیش نیـە مەگەرئـەوەی کەزانسـتی هـەبێت هـەروەکو چـۆن ئەمـە زانـراوە لای تـەواوی خـاوەن ژیریـەکان کـە هـەموو خـاوەن بزوتنێـك پێویسـتی بـە جوڵـە هەیـەو ئەمـەش پێویسـتی بـەهیزو تواناهەیـە،[4] جاخودا شایستەترە بـەم سـیفاتانە کەلەدروسـتکراوەکانیداهەیە،بەڵام بـەبێ دیـاریکردنی چەندوچۆنی،چـونکە ئەگـەر زانسـت و توانسـت و ژیـان کـەماڵێکی بـێ کـەموکوڕی بـن و لەگـەڵ ئەوەشـدا دروسـتکراوەکانی خـودای پـێ وەسـف کـرابن و خـاوەنی بن،ئـەوا خـودا شـایەنترو ئـەولاترە بـەو سـیفاتە کەماڵیانـە. [5] هـەروەك لەشـوێنێکی دیکـەدا و لـەڕەتی هـەمان دیـدگای موعتەزیلەکانـدا دەڵێـت:(بوونـەوەرەکان سـەبارەت بەئێمـە دەبنـە دوو بەشەوە،بەشـێکیان تـەن و جەسـتەن وەکو(دەسـت و دەمـو چـاو) بەشـەکەی دیکەشـیان عەرەزن،وەکو(زانسـت و توانسـت)،جا ئـەهلی سـەلماندنی سـیفات کـۆڕان لەسـەرئەوەی کەزانسـت و توانسـت بۆخـودا سـەلماوە بەشـێوازێك کـەوا جیاوازبێـت لەوانـەی کـەلای دروسـتکراوەکانی هەیـە ئەگەرچـی ئەمـەش نابێتـە نـەفی کردنـی حـەقیقی زانسـت و توانا،هـەروەك نابێتـە لێکچـواندن بەدروسـتکراوەکانی)،[6] هـەروەك هەنـدێکی دیکـەی ئـەهلی سـوننەو حەنبەلیـەکان لەوبڕوایـەدان کـە خـودا زانایـە بەزانسـت و توانایـە بەتوانسـتێکی کـۆن و ئـەزەلی کەپەیوەسـتە بەتـەواوی زانـراوو توانراوەکانـەوە و ئـەم زانسـت و توانسـتەی خـوداش وەسـف ناکرێـت بـەوەی کـە

---

[1] ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٢٥؛مقدمة،ص٥١٣.

[2] البغدادي:اصول الدين،ص١١٤؛الفرق بين الفرق،ص١٠٨؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،ل٨١_٨٢.

[3] الاشعري:المقالات،١٥٩/٢؛التفتازاني:علم الكلام،ص١١٧؛محمدجوادمغنية:معالم الفلسفة الاسلامية،ص١١٦.

[4] منهاج السنة،٣٧٤/٢؛عبداللطيف العكلوك:منهج المعتزلة،ص٥٤.

[5] بڕوانە:(ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٢٤، ٢٦)؛السفاريني:لوامع الانوار،١٤٩/١.

[6] ابن تيمية:بيان تلبيس الجهمية،٧٦/١.

**بەدەستی هێنابێت و وەریگرتبێت(مکتسب)،هەروەك بە زەروری(الضرورية)ش وەسف ناکرێت ،لەبەرئەوەی ئەمانە لەسیفاتی دروستکراوەکانن،توانای خوداش وەسف ناکرێت بەوەی کە پێشتر توانادارنەبوبێت و دواتر ئەوتوانستەی بە دەست هێنابێت،چونکە ئەمانە سیفاتی دروستکراوانی خودان،[1] بەڵکو پێویستە ئەوە بزانرێت کە دروستکەری جیهان(زیندوو،زانا و توانایە)لەبەر ئەوەی ئەگەر بەم چەشنە نەبێت؛ئەوا دەبێت دژی ئەم شتانەی تێدابێت وەکو:(نەزانی و بێ توانایی و...تاد)،ئەمەش کەم وکوڕی و ناکامڵی و ئافاتە بۆخوداو ڕێگری لە کردەوەی ڕێك و پێك دەکات،ئەمەش بۆخودای تاکانە نەشیاوە،[2] ئەمەش تەواو پێچەوانەی تێڕوانینی موعتەزیلەکانە کەپێیان وابوو دەکرێت سیفاتەکانی خودا بەدژەکانی وەسف بکرێت،چونکە بەبۆچوونی حەنبەلیەکان دەکرێت باوەڕمان بەڕوانگەی پێشین هەبێت کە سیفاتی ئەزەلیان بۆخودا سەلماندوە لەچەشنی(زانست و توانست و ژیان...تاد)هەرچەندە جیاوازیان لەنێوان سیفاتە خودیەکانی خودا و سیفاتە کردەییەکانیدا نەکردوە،بەڵکو بەیەك تەرز و ڕەنگ قسەیان لەسەر سیفاتەکانی خودا کردوە[3] و پێیانوابووە،کە زانست ئەوەیە شتە زانراوەکە وەکو خۆی بناسیت،ئەمەش دوو لقی لێ دەبێتەوە(کۆن،نوێ و داهات)سەبارەت بەزانستی کۆن ئەوە سیفاتێکی هەبووی خودایە و پەیوەستە بەزاتی خۆیەوە و پەیوەستە بەکۆمەڵێك زانیاری بێ کۆتاوەو بەزەروری یان بەدەست هاتوو وەسف ناکرێت(الضرورية والكسبية)،[4] ئەمەش واتای جێگیرکردنی سیفاتەکانی خوداو کۆنی و ئەزەلیەکەی دەگەیەنێت لای حەنبەلیەکان،ئەوەتا هەندێکی دیکەیان هەرلەم گۆشەنیگایەوە دەڵێن خودا زانا و توانایە بەزانست و توانستێکی هەربوو و ماوە(البقاء)و بەدەرن لەزاتی خودا و سیفاتگەلێکی هەبوو و ئەزەلی و چەند واتایەکی پەیوەست بەزاتی ئیلاهین،[5] بۆیە باوەڕی دروست ئەوەیەو پێویستە بڕوامان وابێت کە زانستی ئیلاهی هەمیشە و هەربووەو دروستکراوی خودانیەو جگە لەزاتی خوداش نیەو ناشڵێین خودی زانستەکە خودایە،یان خودی خودا زانستەکەیە.[6] ئەمەش بەڕەهایی بەرپەرچی ئەوگوتەزایەی موعتەزیلەکانە،کە لایان وەهابوو سیفاتەکانی خودا خودی زاتی خودان نەك جگە لەئەو،یان خودا زاناوتوانایە بەزاتی خۆی نەك جگە لەزاتی خۆی.**

**سەرباری ئەوانە حەنبەلیەکان لەوبڕوایەدان کە تایبەتمەندترین سیفاتەکانی خودا کەجگە لەزاتی خودای پێ وەسف ناکرێت ئەوەیە،کەبگوترێت(خودا خودای هەموو جیهانەو زانایە بەهەموو شتێك و توانایە بەسەرهەموو شتێکیشەوە)[7] و زانست و توانستی خودا هەموو بوونی**

---

[1] الباقلاني:الانصاف،ص٣٦_٣٧؛بڕوانه:(البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٣٣٤؛التفتازاني:شرح العقائدالنسفية،ص١٤١).

[2] الاسفرايني:التبصيرفي الدين،ص١٦٣؛بڕوانه:(الذهبي:العرش،٣٣٨/٢؛ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٢٤).

[3] الشهرستاني:الملل،١٥٤/١؛التفتازاني:علم الكلام،ص١٢٥.

[4] الجويني:الارشاد،ص١٢_١٣؛رابحة نعمان توفيق:مشكلة ذات،ص١٥٩.

[5] الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص١٧٥؛الغزالي:احياء علوم الدين،١١٠/١.

[6] ابن حزم:الفصل،٢٩٤/٢.

[7] ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٧٠/٣؛التفتازاني:شرح العقائد النسفية،ص١٣٨؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢٤٢.

گرتۆتەوە و هیچ شتێك نیە بكەوێتە دەرەوەی زانستی ئیلاهیەوە؛جا چی زانراوو توانراوەكانی ڕابردوو بێت یان ئێستا یان داهاتوو،هەروەك زانست و توانستی خودا لەدوای نەفامی و بێ دەسەلاٌتیەوە نەهاتووەو لە بیرچوونەوەو بێدەسەلاٌتیشی بە سەردا نایەت و بە شوێنكاتیش سنوردار ناكرێت.[1] لەمەوە دەگەینە ئەوەی،كە حەنبەلیەكان لەگەڵ بیروڕای موعتەزیلەكاندا توشی دەرگیری هاتوون و ناكۆك و ناتەبا بوون بەو تیۆرەو باوەڕانەیان،كە پێیانوابوو ئەگەر بڵێین خودا لەزانست و زانیاری توانست و توانایی كۆترە،ئەوا دەرگامان بۆدانەپاڵی سیفاتی(نەفامی و بێ توانایی) بۆخودا والأكردوە،چونكە حەنبەلیەكان لایان وەهابوو،كە خودا بەسیفاتەكانیەوە كۆن و ئەزەلی وهەربووە. هەرسەبارەت بەزانستی ئیلاهی حەنبەلیەكان ئەهلی سوننە كۆدەنگن لەسەرئەوەی كەتوانای خودا بەسەر هەموو شتە توانراوەكانەوە یەك توانایە و توانادارە بەسەر بوونەوە بەشێوەیەكی داهێنراو(الاختراع)نەك بەدەست هاتوو(واتە ئەو توانستەی لەكەسی دیكەوە وەرنەگرتووە)،[2] هەروەها خودا توانستە بەهەموو شتێك و ئەوەشی كە ژیریی مرۆڤ پەی پێ ببات وئەگەری هاتنەبوونی هەبێت،بەلاٌم شتە مەحاڵ و دژیەكەكان توانستی خودا پەیوەست نابێت پێوەی،ئەمەش پێچەوانەی موعتەزیلەكانە لەوەی،كە دەڵێن خودا هەرگیز شتی مەحاڵ ناكات تاكو توانستەكەی پەیوەست بێت پێوەی،بەڵكو هاوڕان لەسەرئەوەی،كە خودا تەنها كاری باش و چاكەوخێردەكات،ئەمەش بە پێی دانایی خوداو لەچوارچێوەی ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی مرۆڤەكاندا.[3] ئەمەو حەنبەلیەكان پێچەوانەی موعتەزیلەكان،كە لەو باوەڕەدان(توانستی)خودا نویٚ و داهاتە،ئەمان پێیانوایە خودا خاوەن توانستێكی ئەزەلی و هەربووە،چونكە توانای خودا پەیوەستە بەدروستكردنی جیهانەوە هەر لەئەزەلەوە تا ئەبەد،تواناكەشی شیاوە بۆهەموو كات و ساتێك لە دروستكردنی هەموو ئەوانەی كە ئیمكانی هێنانەبوونیان تێدایە و لەناوبردنی ئەوانەشی كە ئیمكانی لەناوچونیان تێدا بەدی دەكرێت،بەلاٌم كاتێك خودا جیهانی هێنایە بوون ئەم پەیوەستیە نەما،لەبەرئەوەی هێنانەكایەوەی شتێكی بەدیهێنراو مەحاڵەو نابێت و لەسیفاتەكانی خودانیە،بۆیە كاتێك ئەم پەیوەستیە نەما ئیتر پێویست ناكات بڵێین توانستی خودای بالاٌ نویٚ و داهات و داهێنراوە،[4] بەڵكو توانستی خودا كۆن و ئەزەلیە،هەروەك بەڵگەش لەسەرئەوەی كە خودا خاوەن توانستە ئەوەیە كەكرداری لێوە دەردەچێت،ڕاستێتی كردەی ئیلاهیش بەڵگەی توانستەكەیەتی و ئەم توانستەش پەیوەست و بەردەوامە،ئەمەش بۆ زاتی خودا شیاوەو لای هەموو كەسێكی خاوەن ژیریش ئەمە زانراوە،بەم پێیەش بێت خودا هەمیشەو بەردەوام بەتوانا بووە،لەبەرئەوەی هەرلەزاتی خۆیدا توانابووە،[5] بۆ وێنە بەڵگەش بۆئەمە ئەوەیە

---

[1] ابن قدامة المقدسي:اثبات صفة العلو،ص١١٥؛الجويني:الارشاد،ص٩٨_٩٩؛سيدسابق:العقائدالاسلامية،ص٦٧.

[2] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٣٣٤؛بروانە:(الباقلاني:الانصاف،ص٢٢).

[3] محمدابوريدة:ابراهيم بن سيار،ص٨٩.

[4] الرازي:خلق القرآن،ص٧١؛بروانە:(سيد سابق:العقائدالاسلامية،ص٦٥).

[5] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص١٥٥؛عبدالستارالراوي:فلسفة العقل،ص١٩؛بروانە:(قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢١٠؛ ٢١١).

كه(الغزالي)باسـی دەكـات ،كـه دەڵێـت دروسـتكەری ئـەم گەردونـە بەتوانایـە و ئـەم جیهانـە ڕێكوپێـك و پــڕ وردەكاریـــەی بەسیســـتەمێكی ورد بـــەدیهێناوەو هـــەموو شـــتە سەرســـوڕهێنەرو نامۆكـــان و بەڵگـــەكانی لـــەخۆگرتووە بەچەشـــنێك كـــە هـــەموو خـــاوەن عەقڵـــەكانی توشـــی سەرســـوڕمان كردوە،هـــەرخۆی بۆخـــۆی بەڵگـــەو ئاماژەیەكـــە بۆئـــەوەی كـــە لەلایـــەن دەســـەڵاتدارێكی بـــەتواناوە دروستكراوە،چـونكە ئەگـەربێ دەسـەڵات و بـێ توانـا بوایـە ئـەوا نەیـدەتوانی سـادەترین شـتی دروسـت بكردایە،لەئەنجامیشـــدا نەیـــدەتوانی ئـــەم گەردوونـــە بـــەم هەمووپەرچـــوو یاساوڕێســـاجۆراوجۆرانەوە بەدیبهێنێت،كەوایـــە ئـــەم جیهانـــە ڕێكـــو پێـــك و وردە ئاماژەیـــە بۆدروســـتكەرێكی بـــەتوانا كەئـــەویش تەنها خودایە.[1]

---

[1] الاقتصاد في الاعتقاد،ص٧٢_٧٣؛احياء علوم الدين،١٠٨/١؛هەروەها بڕوانە:(الجويني:الارشاد،ص٦١_٦٣).

## تەوەری دووەم: بیستن و بینین و ئیرادەو زیندوویی ئیلاهی

**یەکەم: بینین و بیستن و ئیرادەو زیندوویی لای موعتەزیلەکان.**

ئاشکرایە کە موعتەزیلەکان جیاوازلەتەواوی گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئیسلامی و جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ پرسەکانی ڕۆژگار،خاوەن گۆشەنیگای تایبەت بە خۆیان بوون،هەروەها بۆ خوێندنەوەو شیکردنەوەی هەر بابەتێك عەقڵ و ژیری ڕۆڵگێڕی سەرەکی بوون،بۆیە لێرەدا بۆ تیشك خستنە سەر ئەم لایەنە،دیدوبۆچوونەکانیان لەهەمبەر(بینین،بیستن،ئیرادەو زیندوویی)ئیلاهی دەخەینەڕوو،پاشان تیشك دەخەینە سەر ئەو جەدەلیاتەی لەگەڵ حەنبەلیەکاندا ئەنجامیان داوە.

مێژوونووسان باس لە کۆدەنگی موعتەزیلەکان دەکەن لەسەر ئەوەی،کە دەڵێن ئەو شتانەی موعتەزیلەکان،کە ناکۆك بوون لەگەڵ قورئان و فەرموودە و ئەهلی حەدیس و دەستبەرداری نکۆڵی کردنی نەبوون؛ئەوەیە کە وتوویانە:(خودا نەژیان و نەزانست و نەهێزو نەبیستن و نەبینین و نەقسەکردنی نەبووەو نیە)،[1] هەروەك دەڵێن:("ئیرادەو بینین و بیستن"کۆمەڵێ واتای وابەستەنین بەزاتی ئیلاهیەوە،بەڵکو جودان لە ڕووی بوون و واتاوە)،[2] چونکە خودا نەخۆی دەبینێت و نەجگەلەخۆیشی،ئەگەر ئەم دوو سیفاتەشی بدرێتە پاڵ مەگەرئەوەی بەواتای زانینی خودا بەخودی خۆی و بەجەلەخۆی خۆی بێت،لەمەشدا شوێنی (النظام)کەوتوون،کە پێیوایە خودا لەحەقیقەتدا هیچ شتێکی نەبینیوەو نابینێت،[3] هەروەك خودا هیچ شتێك نابینێت و نابیستێت بەواتای درك پێکردن،کەناوبراوە بە بیستن و بینین،سیفاتەکانی بیستن و بینینیان تەئویل کردوە بۆ واتای ئەوەی،کە خودا زانایە بەشتە بیستراوەکان،کە جگە لەخودا دەیبیستێت(واتە بەدیهێنراوەکانی)زانایە بە شتە بینراوەکان کە جگەلەخودا دەیبینێت.[4] هەرچەندە حەنبەلیەکان و ئەهلی سوننە لەمەدا ناکۆك بوون بەموعتەزیلەکان و لێیان دەپرسن،ئەگەر پێتانوایە واتای بیسەر و بینەری ئیلاهی هەرواتای زانایی خودا دەدات،کەواتە بۆچی ناڵێن واتای توانستی خوداش هەربەواتای زانایی دێت؟[5] لەکاتێکدا دەزانن کە خودا بەتوانایەو تواناکەشی دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت.ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا ئەوەیە کە موعتەزیلەکان باوەڕیان وایە خودا تەواوی بوون دەبینێت جگەلەخۆی،ئەمەش وەك ئەوە وایەبڵێین خودا زانایە بەجگەلەزاتی خۆی و بەخۆی نا،بۆیە ئەگەر خودا بینەری جگە لەخۆی و زانابێت پێیان،کەوایە چۆن بینەری خودی خۆی و زانانیە بەخۆی؛لەکاتێکدا دامالینی خودا لەم خەسڵەتانە؛لاوازیە بۆی و شایستەی پەرستن نامێنێت.سەرباری ئەوەش لەم گێڕانەوانەوەدا ئەوەشمان بۆدەردەکەوێت،کە موعتەزیلەکان بینین

---

[1] ابن العمراني:الانتصار،١١٨/١؛بڕوانە(تەوەری یەکەمی ئەم بەشە؛تەوەری یەکەمی بەشی سێیەم).

[2] الشهرستاني:الملل والنحل،٥٧/١؛عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين،ص٤٧؛احمدعلي زهرة:الكم والفلسفة،ص٩٢؛ايهاب كمال محمد:الفرق الاسلامية،ص٧٩.

[3] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١١٤، ١٨١؛ابراهيم الفيومي:المعتزلة تكوين العقل العربي،ص١١٠.

[4] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٨١؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٠٩.

[5] الاشعري:الابانة،ص١٥٨؛الجويني:الارشاد،ص٧٢؛علي بن سعد الضويحي:آراء المعتزلة،ص٨٨.

و بیستنی ئیلاهیان بۆ بوون،بەواتای(زانست)ی خودا پێیان لێکداوەتەوە،هەروەك باوەڕیشیان وایە،کە ناکرێت ئەودووخەسڵەتە(بینین و بیستن)بدرێنە پاڵ خودا،چونکە ئەمانە بەڵگەی نوێ بوونن،خوداش ئەزەلی و کۆنە.بۆیە هەر لەم تێگەیەوە گروپێك لەموعتەزیلەکان دەڵێن خودا هەمیشە بیسەربووە،لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بگوترێت هەمیشە بیسەرە و بەردەوام دەبیستێت،لەبەرئەوەی ئەوکەسەی کە(دەبیستێت)ئەوکەسەیە کە لەحاڵدا(ئێستا)دا دەبیستێت،ئەمەش بەو واتایە دێت کە خودا گوێی بۆبیستراوێك هەیە(کەئەمەش بۆخودانەشیاوە،چونکە ناکرێت خودا گوێی هەبێت)،کاتێکیش هیچ بیستراوێك لەئەزەلدا نەبووبێت بۆئەوەی خودا گوێبیستی بێت؛کەوایە نابێت بڵێین خودا هەمیشە بیسەربووەو دەبیستێت،[1] لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکی دیکەیان پێیانوایە خودا بیسەروبینەربووە بەبەردەوامی،بەڵام بۆشمان نەگواستراوەتەوە،کەبگوترێت هەمیشە بیسەرو بینەر بووە،لەبەرئەوەی هەر لەئەزەلەوە شتی بیستراوو بینراو نەبووە تاکو خودا گوێبیستیان بێت،هەروەکو شێخی موعتەزیلەکان(ابوعلي الجبائي)[2] دەڵێت هەردوو سیفاتی(دەبیستێت و دەبینێت)پەیوەستە بەشتە بیستراوو بینراوەکانەوە،بەڵام(بیسەری و بینەریی خودایی)پەیوەست نیە بەشتی دیکەوە،بەڵکو تەنها پەیوەستە بە خودی زاتی ئیلاهیەوە،[3] هەروەك ئەوەی ئەم تێگەیە دەکاتە مەحاڵ ئەوەیە،کە ئەگەر بیستن و بینینی خودا نوێ و داهات بوایە،ئەوا خودا دەبووە شوێنی ڕووداوو بەدیهێنان،کەئەمەش مەحاڵەو نابێت،ئەگەریش کۆن بن،ئەوا دەبێت بپرسین خودا چۆن لەئەزەلەوە دەنگێك دەبیستێت کەلەڕاستیدا بوونی نەبووەو،چۆن جیهانێك دەبینێت لەئەزەلەوە لەکاتێکدا جیهان نەبوو بووەو نوێ و داهاتە؟بۆیە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بڵێین شتێك نەبێت نابینرێت و

---

(1) الاشعري:المقالات،٢/١٦٣؛رابحة نعمان توفيق:مشكلة ذات،ص٧٢.

(2) **ابوعلي الجبائي**:ناوی(ابوعلی،محمد بن عبدالوهاب بن سلام بن خالد)ەونازناویشی(الجبائي)ە،یەك لەگەورە زاناکانی موعتەزیلەکان و ڕابەری گروپی(الجبائية)ی موعتەزیلییە،ناوبراو لەساڵی(٢٣٥ك/٨٥٠ز)اە گوندی(الجبي)سەربە خوزستان لەدایکبووەو،لەساڵی(٣٠٣ك/٩١٦ز)لەشاری(البصرة)کۆچی دوایی کردوە،هەروەها لەسەردەستی(ابي اليعقوب الشحام البصري)بیروباوەڕی ئیعتیزالی وەرگرتووە،دواتر بووبە سەرداری موعتەزیلەو کەلامیەکانی(البصرة)و،لەسەردەمی خۆیدا هیچ کەسێك لەموعتەزیلەکان هێندەی ناوبراو شارەزاوزانانەبووە،بۆیە گەلێك خوێندکاری هەبووەو مامۆستای هەریەك لە(ابوهاشمي)کوڕی و(ابوالحسن الاشعري)ڕابەری ئەشعەریەکان بووەو مەسائیلە ئیعتیزالیەکانی فێرکردوون،کەدواتر ئەم دووخوێندکارەی دەبنە دووزانای گەورەوبەناوبانگ،ئەمەو ناوبراو کەبووبە گەورەی موعتەزیلەکان،پێداچوونەوەی بەکتێبەکانی موعتەزیلەکان و بیروبۆچونەکانیاندا کردەوەو،هەروەك خوێندنگەکەشی بووبە ناوەندێکی دیارو باشترینی کەسایەتیە موعتەزیلیەکانی تێداکۆبۆتەوە،ئەمەش دوای لێدانەکەیان بوو لەلایەن خەلیفە(المتوكل)ەوەو نەمانی هەژموونیان،بۆیە ناوی لێ نرا ڕزگارکەری موعتەزیلە.سەرباری ئەوانەش ناوبراو چەندین دانراوی هەبووە،لەوانە(**كتاب الاصول،النهي عن المنكر،الاسماء والصفات،التفسيرالكبير،النقض على ابن الراوندي...الخ**)،لەبیروباوەڕەدیارەکانیشی(بینینی خودای بەچاوەکان و لەڕۆژی دواییدا ڕەتکردۆتەوە.پێی وابوو خودا قسەدەکات بەکەلامێك،کە بەدی دەهێنیت لەشوێندا(واتەخودی خۆی قسەناکات،لەمەشەوە بڕوای بەخەلقی قورئان هەبوو.پێی وابوو خودی مرۆڤەکان خۆیان کاروکردەوەی خۆیان بەدی دەهێنن و ئەنجامی دەدەن و لەوبوارەشدا ئازادی تەواوی هەیە.باش و خراپی ژیری(الحسن والقبح العقليان)پێویستیەکی عەقڵیەو عەقڵ یەکالای دەکاتەوە بەبێ شەرع.جگەلەمانە،خاوەنی بیروڕای تایبەت بەخۆیەتی لەهەمبەر"جەوهەروعەرەزو ڕۆح و نەفس").بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(**البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٨٣؛ابن العماد:شذرات الذهب،٤/١٨١؛ابن خلكان:وفيات الاعيان،٤/٢٦٧؛الشهرستاني:الملل والنحل،١/٩٠؛ابن المرتضى:طبقات المعتزلة،ص٨٠**)

(3) القاضي عبدالجبار:شرح اصول الخمسة،ص١٦١.

نابیستریێت.[١] ئەمەش تەواو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە موعتەزیلەکان هەردوو سیفاتی بیستن و بینینیان لە زاتی ئیلاهیدا ڕەتکردۆتەوە،بێئاگالەوەی هەموو ئەو پرۆسەیە پەیوەستە بە زانستی ئەزەلی خودا پێش بەدیهاتنی هەرشتێك.

هەندێکی دیکەش لەموعتەزیلەکان هەردوو سیفاتی بیستن و بینینی ئیلاهی بە زیندوویی خوداوە دەبەستنەوەو لایان وەهایە کە،(بیسەر و بینەریی خودایی)دەلالەت لەزیندوویی خوداو زانستی بەبوون دەکات،هەروەك ئاماژە بەوە دەکەن کەلای موعتەزیلە بەسراییەکان خودا بیسەروبینەرەو،درك بەشتە درکپێکراوەکان دەکات،مەبەستیشیان لەمە ئەوەیە کە دەڵێن ئەمە سیفاتێکە وەستاوەتە سەر زیندوویی خودا،بەڵام لای موعتەزیلەکانی بەغداد خودا درکی بەشتە درك پێکراوەکان هەیە بەواتای ئەوەی کەزانایە پێیان،نەك بەواتای ئەوەی کەبڵێین درکپێکردن سیفاتێکی زیادە لەسەر زیندوێتی خودا،[٢] ئەمەش واتا موعتەزیلەکان لەهەردوو بارەکەدا سیفاتەکانی بیستن و بینینیان بەماناڕاستەقینەکەی نەناساندوە،وەکو ئەوەی حەنبەلیەکان دەیناسن و ناساندویانە.لەبەرئەوەی موعتەزیلەکان پێیانوایە خودا زیندووە،چونکە هەرکەسێکمان لە زیندوێتی دەرچێت ئەوامەحاڵ دەبێت سیفاتی زانست و توانست و بیسنین و بیستنی بدرێتە پاڵ،هەروەها ئاشکرایە تەنها لەزیندووەکاندا ئەم سیفاتانە شیاوی بوونیان هەیەو دەکرێت لەهەموو حاڵەتێکدا تەندروست بێت،هەربۆیە ئەگەر خودا زاناو تواناو بیسەروبینەر بێت ئەوا پێویست دەکات کەهەمیشە و بەردەوام زیندووبێت،[٣] هەر لەم ڕوانگەیەوە(الجبائي)و زۆرێك لەموعتەزیلەکان دەڵێن ئەوە سەلماوە،کەخودا زاناو بەتواو بیسەروبینەرە،بۆیە پێویستە هەردەم زیندووبێت و هیچ ئافەتێکی بەسەردانەیات،لەم تێگەیەشەوە تەواوی سیفاتەکانی خودا دەگەڕێننەوە بۆ زیندوێتی خوداو هیچ شتێك یان سیفاتێکی خودا لەمە بەدەرنەبووەو نیە.[٤] بەمەش موعتەزیلەکان لایان وابوو خودا زیندووە بەبێ(بیستن و بینین و ئیرادەو ژیان)،ئەمەش واتای لەکارخستنی خودایە(التعطیل)لەتەواوی سیفاتەکانی،بەمەش خودا شایستەی پەرستن نامێنێت،چونکە نابێت پەرستراو کەم و کورت ونوقسان بێت.

وێڕای ئەوانە(الجبائي و کوڕەکەی)و شوێنکەوتەکانیان پێیانوایە کە خودابیسەرە بەواتای ئەوەی،کە زیندووە و هیچ ئافەتێکی نیە کەڕێگری لە ئیرادە و بینین و بیستنی بکات،بەم تەرزە لای ئەوان زیندوویی خودا مانای ڕاستەقینەی بیسەری و بینەری دەدات،پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە،[٥] چونکە پێیان وایە واتای ئەوەی،کە دەگوترێت خودا زیندوە بەژیان و ژیانیش درکی پێ ناکرێت مەگەر دوای بەکاربردنی لەشوێن یان تەنێکدا نەبێت(واتە مەگەر دوای ئەوەی کە ئەو ژیانە لە جەستەیەکدابێت)،ئەوە دەگەیەنێت کە خودا هەرلەئەزەلەوە جەستەیە،ئەمەش بۆخودا

---

[١] الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٧١؛ياسرقاضي:مقالات جهم،٥٤٣/٢ .

[٢] القاضي عبدالجبار: شرح اصول الخمسة،ص١٦٨؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص٨٤؛باباسوهەیل:موعتەزیلەکان،ل٩٢.

[٣] القاضي عبدالجبار:المختصرفي اصول الدين،ص٣٢٨، ٧٣٤.

[٤] بڕوانە:(الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص٣٣٧؛القاضي عبدالجبار:شرح اصول الخمسة،ص١٦١).

[٥] البغدادي:اصول الدين،ص١١٨؛الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص٣٣٧.

ناپەسەندو نادروستە،[1] بۆیە(النظام)و شوێنکەوتەکانی لەموعتەزیلەکان دەڵێن خودا هەمیشە بیسەرو بینەرو زیندوو کۆن بووە بەنەفسی خۆی،نەك بە ژیان و بیستن و بینین و کۆن بوون،بەڵکو ئەمە وێنایەکی خوازەکی(مەجازی)دەلالەتکارە لەخودایەکی زیندوو،جگەلەمە سیفاتە زاتیەکانی دیکەش دەچنە نێوبازنەی ئەم ڕێسایەوە.[2] بۆیە دەکرێت ئەوەبڵێین،کە موعتەزیلەکان بەم دیدگایەیان پەیکەرەیەکیان بۆ خودا سازداوە کە خاڵیە لە سیفات و ژیان.

بەپێی تێڕوانینی ئێمەش ژیان و زیندوویێتی ئیلاهی تایبەتە بە زاتی خودا و جودایە لە ژیان و زیندوێتی پەری و جنۆکە و مرۆڤ و زیندەوەران و تەواوی بوونەکانی دیکەی گەردوون و ژیان و زیندوێتیەکەشی لە ژیان و زیندوێتی کەس نەچووە و ناچێت،چونکە ژیان و زیندوێتی ئیلاهی ئەزەلی و ئەبەدیە و لەگەڵ خودادا هەبووە و بەدیهێنراونیە و دەمێنێتەوە و لاوازی و مردن و لەناوچوونی بەسەردا نایەت چەشنی بوونەکانی دیکە،لەمەشەوە دەتوانین بڵێن،مرۆڤ توانای پەیبردنی بە وردەکاری زاتی ئیلاهی نەبووە و نیە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەوەی کە خودی خۆی بە سروش بۆ پەیامبەرانی ناردوە.

سەرەڕای ئەو سیفاتانەی باسمانکرد موعتەزیلەکان تێڕوانینی تایبەتیان لەهەمبەر ئیرادەی ئیلاهی هەیە،هەرلەم ڕوانگەیەشەوە(ابوعلي الجبائي و ابوهاشم)و لایەنگرەکانیان وای بۆ دەچن،کەخودا خاوەن ئیرادەیە لەحەقیقەتدا و سات لەدوای سات(بەتێپەڕبوونی کات)دەبێتە خاوەن ئیرادەیەك کە پێشتر نەیبووە،جائەگەر کرداری ئیرادەویستی ئەنجامدا؛ئەوا دەکرێت ئەو ئیرادەیە ئیرادەیەکی نوێ و داهات بێت،چونکە خودا ئەو ئیرادەیەی بۆخودی زاتی خۆی نەویستووە یان ڕاستتر خودا ئیرادەیەکی کۆن و ئەزەلی نەبووەو نیە،بەڵکو ئیرادەی خودا لەناشوێندایە،نەك پەیوەستی زاتی ئیلاهی بێت.[3] ئەمە پیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە موعتەزیلەکان ئیرادەی ئیلاهیان بە نوێ و داهات زانیوەو دەزانن و کۆنیەتی ڕەتدەکەنەوە،ئەمەش تەواو ناتەبایە بەتێڕوانین و تێگەی حەنبەلیەکان کە دواتر باسی لێوەدەکەین.چونکە موعتەزیلەکان سەبارەت بەئیرادە پێیانوایە ئیرادەی خودا کۆن نیە،بەڵکو نوێ و داهاتەو لەناشوێندایە،چونکە ئەوشتەنوێیانەی کە دێنەبوون هەربە ئیرادەی خودا تایبەت دەبن بەبوون و دێنەبوون و دەردەچن لەنابوون،[4] بۆیە ئەم ئیرادەیە ئیرادەیەکی نوێیە و پەیوەستە بەشتە نوێیەکانەوە،ئەمە جگەلەوەی وای بۆدەچن،کەناکرێت خودا ئیرادەی هەبێت بۆتاوان لەهەر ڕوویەکەوە بێت،هەروەك ناکرێت فەرمان بەشتێك بکات کەنەیەوێت و شتێکیش قەدەغە بکات

---

[1] القاضي عبدالجبار:شرح اصول الخمسة،ص٢٠٠_٢٠١؛منيف عايش العتيبي:اثرالفكرالاعتزالي،٤٩٣/٢؛ياسرقاضي:مقالات جهم،٥٤٣/٢.

[2] الاشعري:المقالات،١٥٩/٢؛صابرعبدة ابازيد:منهاج اهل السنة،ص٨٦.

[3] القاضي عبدالجبار:المغني،٣/٦؛المنية والامل؛النسفي:تبصر الادلة،٥٨٠/١؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٤١٠؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢٢٥.

[4] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٨١؛اصول الدين،ص١١٣؛الجويني:الارشاد،ص٦٤؛العلامة الحلي:كشف المراد،ص٢٦٧؛عوادالمعتق:المعتزلةواصولهم الخمسة،ص١٠٤.

کەویستی لێ بێت،ناشکرێت خودا ئەوەی ویستی لێ نەبێت ببێت و ئەوەشی کەویستی لێ بێت نەبێت،چونکە خودا بەتوانایە لەسەرئەوەی ڕێگری بکات لەسەرشتێك کەنایەوێت و شتێکیش بکات کە دەیەوێت.[1] سەرەڕای ئەوەش هەندێکی دیکەی موعتەزیلەکان لە وێنەی(ابراهیم بن سیار النظام) و (الكعبي)هەر لە بنەڕەتەوە ئیرادەی ئیلاهی ڕەتدەکەنەوە وەك هەر سیفاتێکی دیکەی و بە مەجازی وەسفی دەکەن.[2] دیارە ئەوەی خستمانەڕووخاڵی نەبوو لە هەڵوێست وەرگرتن لەلایەن حەنبەلیەکانەوەو جەدەلی ئەم بوارەیان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا ئەنجامداوە،بۆیە دوابەدوای خستنەڕووی تیۆرەو تێگەکانی موعتەزیلەکان لەهەمبەر سیفاتە خودی و زاتیەکانی خودا،دیدی حەنبەلیەکان و لایەنگرەکانیان بۆهەمان مەبەست و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا دەخەینەڕوو.

**دووەم:بینین و بیست و ئیرادەو زیندویی لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە.**

لەسەرەتاوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین،کە حەنبەلیەکان پێیانوایە گوتەی موعتەزیلەکان لەهەمبەر نەفی کردنی سیفاتەکانی بیستن و بینین لەخودادا پوچ و بێ بنەمایە،ئەمەش بەبەڵگەی نەقڵی و عەقڵی دەسەلمێت و سەلماوە بەوەی کە هەردوو سیفاتی بیستن و بینین بۆ خودا جێگیرەو جەدەل هەڵناگرێت،چونکە خودا و پەیامبەرەکەی(د.خ)سەلماندویانە،هەربۆیە نەفی کردنی ئەم سیفاتانە ناکۆکە لەگەڵ دەقی ساف و عەقڵی ساغ و تەندرووست،[3] هەربۆیە حەنبەلیەکان پێچەوانەی موعتەزیلەکان کە دەیانگوت بیستن و بینینی خودا پەیوەستە بەشتەبیستراوو بینراوەکانەوە،کەواتە پێش هێنانەکایەوەی بوون شتێك نەبووە کە خودا بیبینێت و بیبیستێت،هەربۆیە ئەم سیفاتانەی خودا نوێ و داهاتن،[4] ئەمان پێیانوابوو بیستن و بینینی ئیلاهی تەواوی شتە بیستراوو بینراوەکانی گرتۆتەوە و دەگرێتەوە،خوداش هەمیشە و هەر لەئەزەلەوە بینەربووە بۆخودی خۆی و بیسەربووە بۆقسەی خۆی،[5] پێش ئەوەی بوونیش بێنێتەکایەوە.ئەوەتا حەنبەلیەکان دەڵێن خودا بۆخۆی ئەوسیفاتانەی بۆخودی زاتی خۆی قەرارداوە،ئەمەشیان لەو وەڵامەی ڕابەرەکەیانەوە(ابن حنبل)هەڵهێنجاوە کاتێك لەکاتی تاقیکردنەوەیدا لەبەردەم خەلیفە(المعتصم)دا لێی دەپرسن مەبەستت چی بوو لەوەی کەدەڵێیت خودا بیسەرو بینەرە،ئەویش دەڵێت مەبەستم لێی ئەوەیە،کەخودا خۆی مەبەستی لێیەتی هەروەکو چۆن خۆی وەسفی خۆی کردوە بەوسیفاتانەو هیچی تریش زیادناکەم لەسەری،[6] ئاشکرایشە خودا بەتەواوی وەسفی خۆی نەکردوە دەقێکی پیرۆزدا،بەڵکوئەوەی هەیە چەند ئاماژەیەکە بۆ هەندێك لەسیفاتەکانی خودا،بێ ئەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی باس

---

[1] الاشعري:المقالات،٢/١٩٧؛ناصرالعقل:الجهمية والمعتزلة،ص١٨٣.

[2] الشهرستانى:الملل والنحل،١/٦٨؛البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٣١؛النسفي:تبصرة الادلة،١/٥٧٥_٥٧٦.

[3] ابن تيمية:بيان تلبيس الجهمية،١/١٠٠؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١١٠؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٤٠٨.

[4] القاضي عبدالجبار:شرح اصول الخمسة،ص١٦١؛ابراهيم الفيومي:المعتزلة تكوين العقل العربي،ص١١٠.

[5] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٣٣٥؛بڕوانه:(ابن خلدون:المقدمة،ص٥١٢).

[6] ابن الكثير:البداية والنهاية،١٠/٢٧٣، ٢٨٦؛الذهبي:العرش،١/٢٩، ١٦٨؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص٨٥.

کردبێت،بۆیە(ابن حنبل)یش مەبەستی تەنها ئەو وەسفانەیە کەخوداوپەیامبەرەکەی(د.خ)بەبێ چەندوچۆنی ئاماژەیان پێکردوە بەبێ زیادەخستنەسەر،نەك ئەوەی کەخودا باسی لەسیفاتەکانی خۆی کردبێت و تەواوی وردەکاریەکانی زاتی خۆی خستبێتەڕوو.

سەرباری ئەمەش حەنبەلیەکان ڕەتی ئەوگوتەزایانەی موعتەزیلەکان دەدەنەوە،کە خودا دادەمالْن لە سیفاتەکانی(بیستن و بینین)و دەلێن لەبەرئەوەی بینین و بیستن لەزیندوەکاندا نیشانەی کەمالەو ئەو مرۆڤەی کەهەستی بینین وبیستنی تەواوە،کامڵترە لەمرۆڤێك کە نابیست و نابینایە،کەئەمە بۆدروستکراوەکانی خودا ئاوا بێت؛کەوایە خودا لەپێشترە بۆئەوەی لە دروستکراوەکانی کامڵتربێت،هەربۆیە پێویستە خودابیسەرو بینەربێت،لەبەرئەوەی هەر کەماڵێك بۆ دروستکراوەکانی واجب بێت،ئەوا خودا شایانترە ئەوسیفاتانەی هەبێت،[1] چونکە سیفاتە کەماڵیەکانی خودا هیچ کەم و کورتی تێدانیەو بەچەشنێکە کەشایستەی شەوکەتی ئیلاهیە،بە شێوەیەك کە هیچ یەك لەدروستکراوەکانی سیفاتگەلێکی وەکو سیفاتەکانی خودای نەبووەو نیەو نابێت،[2] هەروەکو خوداش بۆخۆی لەدەقی پیرۆزدا ئەم دووسیفاتەی بۆخۆی جێگیرکردوە،ئەمەش ئەوکاتەیە کەجەدەلی نێوان پەیامبەر(ابراهیم و باوکی)مان بۆباس دەکات،کەباوکی خودایەکی بێ گیان و لەکارخراو(المعطل)ی دەپەرست،جا(ابراهیم)بەباوکی وت(إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنْكَ شَيْئًا)،[3] ئەمەش سەلمێنەری ڕاستێتی بوونی هەردوو سیفاتی(بیستن و بینینی)ئیلاهیە کەخودا بۆخۆی قەراراداوە و موعتەزیلەکان لێی دادەماڵن،هەروەها خودا بۆخۆی ئەوەمان بۆباس دەکات کە(نابین و نابیست)ەکان شایستەی پەرستن نین،دەی کەوایە چۆن دەبێت خۆی بیسەرو بینەر نەبێت،کە ئەمانە لەسیفاتە کەماڵیەکانی خودان.

هەروەها حەنبەلیەکان سەبارەت بەنەفی کردنی بینین و بیستنی خودایی لای موعتەزیلەکان و ڕەتدانەوەی فەرموودەیەکی پەیامبەری ئیسلام(د.خ)دەکەنە بەڵگە،کە (ابوهريرة)دەیگێڕێتەوە کاتێك پەیامبەر(د.خ)ئەم ئایەتەی دەخوێند(إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا)،پەنجە گەورەکەی دەستی دەخستە سەرگوێی و ئەوەی دیکەشیان لەسەرچاوی،[4] لەم گێڕانەوەیەوە بۆمان دەردەکەوێت،کەخودا بیسەرو بینەرە بە ڕاستی و دوورلە خوازە(وەك لە پەرتووکە فەرموودەوانیەکاندا هاتووە،واتا خودا دەبیستێت بەبیستن و دەبینێت بە بینایی،بەڵام بەبێ پیشاندانی چۆنێتی بیستن و بینینی ئیلاهی)،چونکە ناکرێت پەیامبەرێك بەئاماژە؛بوونی سیفاتەکانی بیستن و بینین بۆخودا بسەلمێنێت و لەحەقیقەتیشدا بوونی نەبێت،چونکە

---

[1] الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٤٦_٤٨؛احياء علوم الدين،١٠٩/١؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٥٧/٣، ٦٢؛صبري عثمان:الميتافيزيقيا،ص٨٣.

[2] الذهبي:العرش،٢٩/١_٣٠.

[3] مريم/٤٢.مانای ئایەتەکە **"ئەی باوکی من تۆ چۆن و بۆچی شتێکی ئاوا دەپەرستیت،کە نەدەبیستێت و نەدەبینێت؟نەدەشتوانێت لە تەنگانەو ناخۆشیدا سودێکت پێ بگەیەنێت".**

[4] سنن ابي داود،كتاب السنة،باب في الجهمية،رقم حديث(٤٧٣٠)؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٤٥١/٣، ٤٥٤.

پەیامبەران بەبێ وەرگرتنی زانیاری لەخوداوە هیچ شتێك نالێن.سەرباری ئەوەش حەنبەلیەکان بەم تەرزە ڕاڤەی دەقی پیرۆزی(إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا)[1]،دەکەن و دەڵێن خودا درکی بەتەواوی شتە درکپێکراوەکان هەیە،کە دروستکراوەکانی درکی پێ دەکەن لە(تام و بۆن و نەرمی و زبری و گەرمی و ساردی)بە درکپێکردنێکی تایبەت و دیاریکراوی وا،کەجودایە لەهی دروستکراوەکانی،لەگەڵ ئەوەشدا خودا خاوەن ئەندامەکانی لەش و هەست نیە تاکو بەمانە درك بەشتەکان بکات.[2] هەروەك هەندێکی دیکەیان دەڵێن بەڵگەش لەسەرئەوەی کە خودا بیسەروبینایە،ئەوەیە کە سەلماوە خودا زیندووەو کەسی زیندووش پێویستە بیسەرو بینەربێت،هەرکەسیش ئەم سیفاتانەی نەبێت؛ئەوا پێویستە بە دژەکانی وەسف بکرێت وەکو(کەڕی و کوێری)،کەئەمانە ئافاتن و نابێت لەخوداداهەبن،هەروەك کۆکن لەسەرئەوەی بوونی ئەمانە بەڵگەیە لەسەر داهاتیی ئەوکەسەی کە پێیان وەسف دەکرێت،بۆیە نابێت کەسی قەدیم و ئەزەلی(خودا)بەم سیفاتانە وەسف بکرێت،هەربۆیە دەبێت بیسەرو بینابێت بەماناحەقیقیەکەی بینین و بیستن.[3] بەڵام بەڕای ئێمە ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە مەرج نیە دژەکانی بیستن و بینینی ئیلاهی کەڕوکوێری بن،چونکە ئەمانە بۆدروستکراوەکانی خودان نەك بۆخودا،مەرج نیە خودا کەبیسەر و بینەر نەبوو واتا کەڕوکوێرە،چونکە لای ئێمەی مرۆڤ کەڕوکوێری واتایەك دەدات و لای خوداش واتایەکی دیکە،ئێمە لەکوێ بزانین کە ئەگەر سیفاتی بیسەروبینەری لەخودا دابماڵدرێت ئەوا کەڕی و کوێری جیگایان دەگرێتەوە؟هەروەك ئێمە کوێرا ئەوەبزانین کە کەڕوکوێری هەروەك چۆن وابەستەی بیستن و بینینی دروستکراوەکانی خودان ئاواش پەیوەستی بیستن وبینینی ئیلاهیش بن؟چونکە پێدەچێت بیسەری و بینەری لای خودا واتایەکی جودای هەبێت لەوەی کەلای ئێمەی مرۆڤ هەیە،هەروەك چۆن کە باسی کورسی(ئەسکەمیل)دەکرێت ئێمەی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بیرمان بۆلای دانیشتن دەچێت،کەچی لای خودا کورسی بۆهەمان مەبەستی دانیشتن بەکارنایەت،بەڵکو کورسی خودا شوێنی پێیەکانی خودان،ئاواش بیستن و بینین لای خودا واتایەکی جودای نەزانراوی هەبێت.

هەروەها پێچەوانەی موعتەزیلەکان،کە لایان وەهابوو بیستن و بینین نوێ وداهاتن،حەنبەلیەکان لەو بڕوایەدان کە خودا بیسەرە بەبیستنێکی کۆن،کەپەیوەستە بەکۆی بیستراوەکانەوە،بینەرە بەبینینێکی کۆن،کە پەیوەستە بە تەواوی بینراوەکانەوە،هەروەك بیستنی خودا بەوە وەسف ناکرێت کە بەهەست ئەنجام بدرێت؛وەکو چۆن لای بیستنی دروستکراوەکانی هەیە،بینینەکەشی دیسان وەسف ناکرێت بەوەی کە بە نیگاکردن ئەنجام بدرێت وەکو ئەوەی لای دروستکراوەکانی هەیە.[4] جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کەحەنبەلیەکان پێچەوانەی موعتەزیلەکان کەسیفاتەکانی(بیستن و بینین)ی ئیلاهیان ڕەتکردۆتەوە یاخود پێیانوابووە ماناو

---

[1] النساء/٥٨. مانای ئایەتەکە"**بێگومان خودا هەمیشە ژنەوایە بۆ هەموو شتێك و بینایە بۆ دیاروونادیار**".

[2] الباقلاني:الانصاف،ص٢٤_٢٥؛بڕوانە:(السفاريني:لوامع الانوار،١٣١/١_١٣٢).

[3] الاشعري:اللمع،ص٢٦؛ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٢٤؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٤١٧.

[4] الباقلاني:الانصاف،ص٣٦ _ ٣٧؛بڕوانە:(التفتازاني:شرح العقائدالنسفية،ص١٥٥).

دەلالـــەتی دیکـــەی لەپشـــتەوەیە ئەویش(زیندوێتی)ە،ئـــەمان ئـــەودوو ســـیفاتەیان بۆخـــودا قـــەرارداوەو پەیوەســـتی زینـــدووێتی ئیلاهیـــان کردوە،نـــەك ئـــەوەی کەســـیفاتێکی زیادبێـــت بەســـەر زیندوێتیـــەوە کەموعتەزیلـــەکان بڕوایـــان پێـــی هەیە،بەواتایـــەکی دیکـــە بیســـتن و بیـــنین و زینـــدوێتی بۆخۆیـــان ســـیفاتی سەربەخۆی زاتی خودان.

ئەمــــەو لای ئــــەهلی ســــوننەوحەنبەلیەکان ژیــــانی خــــودا ســــیفاتێکی ئــــەزەلی و کــــۆن و بەردەوامە،بــــەبێ ڕۆح و خــــواردن و هەناســــەدان،لەبەرئەوەی ژیــــان ســــیفاتەو ڕۆحــــەکانیش تەنن(جەســـتەن)و ناکرێـــت لـــە زاتـــی خـــودادا هەبن،بۆیـــە دەکرێـــت بڵـــێین خـــودا خـــاوەن ســـیفاتی ژیـــانی ئـــەزەلی بـــێ ڕۆحـــە[1] و ئـــەم ژیانـــەی لای هـــیچ شـــتێك و هـــیچ یـــەك لەدروســـتکراوەکانی هاوشـــێوەی نیە،هـــەروەکو چـــۆن خـــودا بیســـەرو بینـــەرە و دەبیســـتێت و دەبینێـــت و هـــیچ شـــتێکیش لەبیســـتن و بینینـــدا هاوشـــێوەی نـــەبوەو نیـــە.[2] بەواتایـــەکی دیکـــەو بـــەڕای ئێمـــە نابێـــت بـــەهیچ تـــەرزێك ژیـــان و زینـــدووێتی و بیســـتن و بینـــینی ئیلاهـــی بچـــوێنرێت بـــەوەی کـــەلای دروســـتکراوەکانی هەیە،چـــونکە ڕاســـتە کـــەخودا زینـــدووە و ژیـــانی هەیـــە و دەبیســـتێت و دەبینێت،بـــەلاّم کـــێ دەزانێـــت ژیـــانی خـــودا چـــۆنە؟کێ دەزانێـــت چـــۆنێتی بیـــنین و بیســـتنی خـــودایی چـــۆنە؟تاکوبەراوردی بکـــەین بـــەهی دروســـتکراوکانی.بۆیە لای حەنبەلیـــەکان نابێـــت قسەلەســـەر چـــۆنێتی ژیـــان و بیســـتن و بینـــینی ئیلاهـــی بکرێـــت و پێویســـتە مـــرۆڤ تەســـلیمی دەقـــەپیرۆزەکانی دەلالەتکارلـــەخودا و ســـیفاتەکانی بێـــت و زیـــادەڕەوی تێدانـــەکات. هـــەرجۆرێك بێـــت ئـــەهلی ســـوننە و حەنبەلیـــەکان هاوئاهـــەنگن لەســـەر ئەوەی،کـــەژیان مەرجـــە بۆزانســـت و ئـــیرادە و بیـــنین و بیســـتنی ئیلاهـــی و هەرکەســـێکیش زینـــدوو نـــەبێت شـــیاونیە زانـــاو بیســـەروبینەر و خـــاوەن ئیرادەبێت،ئەمـــەش پێچـــەوانەی گوتـــەزای قـــەدەری و موعتەزیلەکانـــە کـــە پێیانوایـــە دروســـتە زانســـت و ئـــیرادە و بیـــنین لـــەمردوو و بـــێ گیانەکانیشـــدا بـــوونی هـــەبێت.[3] ســـەرباری ئەوانـــەش پێیانوایـــە خـــودا زینـــدووە بـــە ژیانێك،بیســـەرە بـــە بیســـتنێك،بینەرە بـــە بینینێك،خـــاوەن ئیرادەیـــە بەئیرادەیـــەك کـــە کـــۆن و ئـــەزەلین و زیـــادەن لەســـەرخودا؛واتـــە خـــودی خـــودانین بـــەڵکو جگەلـــەزاتی خودان،ئەمانـــەش کۆمەڵـــە ســـیفاتێکی ئـــەزەلین و کۆمەڵـــە واتایەکن،کـــە وابەســـتەی زاتـــی ئـــیلاهین[4] و چـــەندیان لەســـەر بگوترێـــت و بنووســـرێت و بکۆڵرێتـــەوە ناگەینـــە حەقیقـــەتی ڕەهـــاو تـــەواوی گوتـــەزاو لێکۆڵینـــەوە و تیۆرەکـــانی ئـــەم بـــوارە تـــەنها لـــە چوارچـــێوەی گومـــان و بۆچـــوون و گریمانـــەدا دەمێنێتـــەوە؛مەگـــەر ئـــەوەی کـــە خـــودا و پەیامبەرەکەی(د.خ)باســـیان لێـــوە کردبێـــت و بەڵگەی نەقڵی و بیستریان لەسەر هاتبێت.

ئـــەم جەدەلـــەی حەنبەلیـــەکان لەگـــەڵ موعتەزیلەکانـــدا تـــەواوی بـــوارو پرســـە جیاجیاکـــانی گرتۆتەوە،بۆیـــە دیـــدی موعتەزیلەکانیشـــیان لەهەمبـــەر ئـــیرادەی ئیلاهـــی خســـتۆتە نێوئـــەم بازنـــە شـــیتەڵکاریەیانەوە،ئەوەتا لەڕەتیانـــدا دەڵـــێن ئەوگوتەزایـــەی موعتەزیلـــەکان کەپێیانوایـــە ئـــیرادەی

---

[1] البغدادي:اصول الدين،ص١٢٤_ ١٢٥ ، ٣٣٦؛بڕوانە:(محمدعمارة:الاسلام وفلسفة الحكم،ص٢٥٧).

[2] ابن القيم:المختصر،٣٨٦/٢؛بڕوانە:(التفتازاني:شرح العقائدالنسفية،ص١٤١؛باباسوهەیل:موعتەزیلەکان،لا٧٤).

[3] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٣٣٧؛بڕوانە:(ابن خلدون:المقدمة،ص٥١١).

[4] الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص١٧٥.

خـــودا نـــویٚ و داهاتـــه؛پـــوچ و بـــیٚ بنەمايە،لەبەرئـــەوەی ئـــەوە ســـەلماوە،كە بـــەدیهێنانی شـــتەبەدیهێنراوەكان وابەســـتەيە بـــەئیرادەی خوداوە،جائەگـــەر ئـــیرادەی خـــوداش بـــەدیهاتوو بێـــت ئەوابۆبـــەدیهێنانی پێویســـتی بەئیرادەیـــەكی دیكـــە هەيە،ئەمـــەش واتـــای بـــەدوای یەكـــداهاتنی ناكۆتـــا دەگەیـــەنێت و ئەمـــەش دیســـان پوچە،هەرشـــتێكیش بـــەم تیۆرەمـــان بگەیـــەنێت دیســـان هەرپووچـــە،[1] چـونكه پێویسـته خـودا ئیرادەیـەكی كـۆن و ئـەزەلی و ئەبـەدی هەبیـّت،نەك نـویٚ و داهـات بێـت،چونكه ئەگـــەر وابوايـــە ئـــەوا دەبـــوو خـــودا شـــوێنی شـــتە بـــەدیهێنراوەكان بوايـــەو ئەمـــەش بۆخـــودا نەشياوە،ســـەرباری ئـــەوەش خـــودا پێویســـتی بـــەئیرادەی دیكـــە نيـــە و ئـــیرادەی ئـــەو هـــەموو بـــوونی گرتۆتـــەوە و هەربەئیرادەكـــەی تـــەواوی شـــتە بـــەدیهێنراوەكانی بـــوونی بـــەدیهێناوە،[2] چـــونكه مەحاڵـــە ئـــیرادە لەناشـــوێندا هـــەبێت و پێویســـتە لەشـــوێندا بێت،لەبەرئـــەوەی ئـــیرادە یەكێكـــە لەعـــەرەزەكان و تەن(جەستە)نیە،پێویســـتی عـــەرەزەكانیش بەشـــوێن ســـیفاتێكی زاتیـــە بۆیان(واتـــە بۆعـــەرەزەكان)و مەحاڵیشـــە ئـــیرادە بســـەلمێت بـــەبیٚ بـــوونی وەســـفی زاتـــی.[3] ئەمـــەش تـــەواو پێچـــەوانەی تێگـــەی موعتەزیلەكانـە لەمـەڕ نـویٚ و داهـاتی ئـیرادەی ئیلاهی.ئـەوەتا (الغزالـي)یش(هەرچـەندە حەنبـەلی نیـەو شـــافیعیە)هەرلەم بارەیـــەوە دەڵێـــت پەیوەســـت بـــوونی ئـــیرادەی ئیلاهـــی بەبـــەدیهینانی شـــتێك یـــان لـــەناوبردنی پەیوەســـتیەكی كۆنـــەو ناكرێـــت بـــەدیهێنراوو نـــویٚ بێت،چـــونكه ئەگـــەر بـــەدیهاتوو بوايـــە ئـــەواخودا زانانـــەدەبوو بەهەنـــدێك لەوانـــەی كـــە دروســـتكراوەكانی دەيانويســـت،هەروەك زانـــاش نـــەدەبوو بـــەوەی كەلـــەداهاتودا دەیـــەوێت ئەنجامیبدات،ئەمـــەش بۆخـــودا مەحاڵـــە نەشـــیاوە،واتە نابێـــت خـــودا زانانـــەبێت بـــەوەی كـــە دروســـتكراوەكانی ويســـتيان لەچـــیەو چـــیان دەوێت،بەمـــەش دژەكـــەی دەســـەلمێت ئـــەویش ئەوەیـــە كـــە خـــودای بـــاڵا زانایـــە و دەزانێـــت،[4] جگـــە لـــەوەی باسمـــانكرد هەنـــدێكی دیكـــەی حەنبەلیـــەكان لایـــان وەهايە،كـــە ئـــیرادەی خـــودا خـــودی ویســـت و هەڵبـــژاردنی ئـــەوە و هەرشـــتێك بیـــەوێت واتـــە حـــەزناكات نـــەبێت و نـــەهی لـــیٚ ناكات،هـــەروەك چـــۆن دەوترێـــت خـــودا فـــەرمان بەشـــتێك دەكـــات بـــەواتا نـــەهی دەكـــات لـــەوازهێنان و دەســـتبەرداربوون لێـــی،و ئـــیرادەی خـــوداش لـــەناو تـــەواوی ئەوشـــتانەی كەویســـتی لـــیٚ بـــووە هەیە،ئەمـــەش لەچوارچـــێوەی زانســـتەكەیدا پێی،هـــەروەها هـــیچ شـــتێك لـــەم جیهانـــەدا ڕوونـــادات مەگەرئـــەوەی بـــە فلتـــەری ئـــیرادەی خـــودادا تێپەڕبێت،بۆیـــە هەرشـــتێكی بوێـــت دەبێـــت و هەرشتێكیشـــی نـــەوێت مەحاڵـــە ببێت،بـــەڵام قـــەدەری و موعتەزیلـــەكان پێچـــەوانەی ئـــەم باوەڕەیـــان هەیـــە و دەڵـــێن شـــتانێك هەن،كـــە خـــودا ویســـتی لێیـــان نـــەبووە و لەداهاتووشـــدا شـــتانێك دەبن،كـــە خـــودا ویســـتی لێیـــان نابێـــت،[5] چـــونكە خـــودا بۆخـــۆی مامەڵـــە و هەڵســـوكەوت دەكـــات لـــەم

---

[1] بڕوانـــە:(الشهرســـتاني:نهايةالاقدام،ص٢٣٣_٢٣٤؛الجويني:الارشـــاد،ص٩٤_٩٥)؛مصـــطفى بـــن محمد:اصـــول والتـــاريخ الفرق،ص٤١١.

[2] السفاريني:لوامع الانوار،١٤٥/١؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١١٢٥.

[3] الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص٢٣١؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٤١١.

[4] الاقتصاد في الاعتقاد،ص٨٤ .

[5] البغدادي:اصول الدين،ص١٢٢؛الفرق بين الفرق،ص٣٣٦.

**گەردوونـــەدا بەویســـت و ئـــیرادەو دانـــایی خـــۆی،[1] هـــەروەکو ئەمەشـــی لـــەدەقی پـــیرۆزدا جێگیرکـــردوە و جـــەدەل هـــەڵناگرێت(إِنَّمَـا قَوْلُنَـا لِشَـيْءٍ إِذَا أَرَدْنَـاهُ أَنْ نَقُـولَ لَـهُ كُـنْ فَيَكُـونُ)و،[2] (إِنَّمَـا أَمْـرُهُ إِذَا أَرَادَ شَـيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ).[3]**

---

[1] سیدسابق:العقائدالاسلامیة،ص٦٦؛بڕوانە:(سعد رستم:الفرق والمذاهب الاسلامیة،ص٨٥).

[2] النحـل/٤٠.مانـای ئایەتەکـەش بـەم شـێوەیە**"خـۆ ئێمـە کاتێـك بمانـەوێت شـتێك دروسـت بکـەین،دەڵێین ببە،دەسـت بـەجێ ئـەویش دەبێت و دێتەبوون بە بێ ناڕەحەتی".**

[3] یـــس/٨٢.مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە**"بەڕاستی هەرکاتێك بمانەوێت شتێك بەدی بهێنین پێی دەڵێین ببە،ئەویش دەست بەجێ دەبێت".**

## تەوەری سێیەم: بینینی خوداله ڕۆژی دواییدا( بینینی بەختەوەرانە _ الرؤية السعيدة )

### یەکەم:بینینی خودا لای موعتەزیلەکان.

موعتەزیلەکان هاوڕان و کۆدەنگن لەسەر ڕەتکردنەوەی بینینی خودا لە ڕۆژی دواییدا،لەهەمان کاتیشدا ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە کە خودا لەدروستکراوەکانی تر بچێت،لەهەموو لایەنێکەوە،وەکو(ڕوخسار،شێوە،شوێن،جەستە،لایەنگیری ولەشوێن بوونی خودا،گواستنەوە لەشوێنێك بۆشوێنێکی تر،گۆڕان،لەناوچوون،کاریگەربوون)،[1] ئەم تایپەشیان لەتێکەو ڕوانگە بەیەکتاپەرستی و یەکڕەنگی دەزانی،چونکە ڕەتکردنەوەی جەستەبوونی(تەن بوونی خودا)خودی خودا بۆخۆی ڕەتکردنەوەی شوێنی خودایە،ئەگەر شوێنی خوداشمان ڕەتکردەوە،ئەوا بینینی خودا ڕەتدەکرێتەوە،ئەمەش باوەڕێکی دروستە.[2] ئەمەش بەواتای دژبوون لەگەڵ ئایدۆلۆجیای ئەهلی سوننە و حەنبەلیەکان دێت،چونکە ئەوان پێچەوانەی موعتەزیلەکان لەوبڕوایەدان کە خودا دەبینرێت.ئەمەو موعتەزیلەکان بەڕاشکاوی نکوڵی بینینی خودا دەکەن و دەڵێن ناکرێت خودا بەچاوی سەر ببینرێت و ناتوانرێت وێناش بکرێت(چونکە وێنا بۆ شتێك دەکرێت کە ببینرێت)،چونکە ئەمە شتێکە ناکرێت و ڕێی تێ ناچێت ڕووبدات.[3] ئەمەش بەڵگەی ڕاستێتی ڕەتکردنەوەی بینینی خودایە لای موعتەزیلەکان،نەك ئەوەی کەلەلایەن نەیارەکانیانەوە درابێتە پاڵیان.

هەروەها موعتەزیلەکان ڕاڤەی خودی و تەئویلی چەندین دەقی پیرۆزیان کردوە و لێیەوە تیروانینەکانی خۆیان لێهەڵهێنجاوە و بونیاتیان ناوە،یەك لەو ئایەتانەش(لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ)ە،[4] کە هەندێکیان لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێن خودا مەبەستی ئەوەیە کە ناتوانرێت ببینرێت، لەبەرئەوەی چاوەکان نایبینن مەگەر لەڕوویەکەوە ببینرێت بەبێ بینینی ڕاستەقینەی ڕووی خودا(واتا تەنها هەستی پێ دەکرێت)،چونکە ئەمە یەك لەنیشانەکانی نوێ بوون و (داهاتی)ە،بۆیە واپێویست دەکات پێمانوابێت،کە بەچاوەکان نابینرێت،بەڵکو بەزانست و زانیاری و دڵ دەبێنرێت نەك بەمانا ڕاستەقینەکەی بینین،[5] ئەمەش وایکردوە جیاوازی بێتەکایەوە دەربارەی توانستی بینینی خودا بەدڵەکان کە بەواتای(ناسینی خوداو زانیاری دێت لەسەری)،بۆیە لەم ڕووەوە(ابوالهذيل العلاف)دەڵێت بینینی خودا بەدڵەکانمان بەواتای ئەوەی

---

[1] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٥٠؛الشهرستاني:الملل والنحل،٥٧/١؛ابن بدران:مدخل،ص٦٢؛احمد علي زهرة:الكلام والفلسفة،ص٩٢.

[2] عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين،ص٤٨؛علي سامي نشار:نشاة الفكرالفلسفي،٤٢٥/١؛ايهاب كمال محمد:الفرق الاسلامية،ص٧٩.

[3] القاضي عبدالجبار:المغني،١٣٩/٤؛وليدبن صالح باصمد:اثر علم الكلام،ص٢٤١؛مهندالجبالي:اثر الاعتزال،ص٣٤.

[4] الانعام/١٠٣.ماناکەشی بەم شێوەیە **"هیچ چاوێك دەرکی ناکات و بۆی نابینرێت،لەکاتێکدا ئەو هەموو چاوەکان دەبینێت و بەوردیش ئاگای لەهەمووشتێکە"**.

[5] القاضي عبدالجبار:الاصول الخمسة،ص٧٤؛بڕوانە :(البيضاوي:طوالع الانوار،ص١٩٣؛احمد امين:ضحى الاسلام،٢٦/٣)؛عبداللطيف العكلوك:منهج المعتزلة في التوحيد،ص١٥٩_١٦١.

کـــەمن زانیـــاریم هەیـــە لەمەڕناســـینی خـــودا هەیـــەو دەیناســـین،[1] هـــەروەك هەنـــدێكی دیكـــەی موعتەزیلـــەكان گوتـــەزاكانیان لەهەمبـــەر هـــەمان بابـــەت و ئایـــەت دەخەنـــەڕوو بـــەوەی كـــە ئەوەچەســـپاوە درككردنـــی خـــودا بەچـــاوەكان واتـــای بینـــینی خـــودا دەدات بەچـــاوەكان،ئەوەش چەســـپاوە كـــە خـــودا نـــەفی درككردنـــی بەچـــاو دەكات،كـــە ئەمـــەش ستایشـــێكە بۆخـــودی زاتـــی ئیلاهـــی دەگەڕێتەوە،هـــەروەك ئـــەم ڕەتكردنـــەوە و ستایشـــە بـــەواتای نـــەفی دژبەیـــەكی(النقـــائض)دێـــت لـــەزاتی خودادا،چـــونكە دژبەیـــەكی(پارادۆكس)لـــەهیچ ڕوویەكـــەوە بۆخـــودا شـــیاونیە.[2] لـــەم دەقـــەوە ئـــەوە دەخوێندرێتـــەوە كـــە موعتەزیلـــەكان شـــانازییان بـــە ڕەتكردنـــەوەی بینـــینی خـــوداوە كـــردوە لەهـــەردوو دونیاكـــەداو كـــۆدەنگن لەسەری،چـــونكە لەوبڕوایـــەدان كـــەخودا وەكـــو ستایشـــێك بینـــینی لـــەزاتی خۆیـــدا نـــەفی كـــردوە(لَـا تُدْرِكُـهُ الْأَبْصَـارُ وَهُـوَ يُـدْرِكُ الْأَبْصَـارَ)،[3] لەبەرئـــەوەی خـــودا نابێـــت ببینرێت،چـــونكە ئەمـــە لـــە گـــەورەیی و شـــەوكەتی خـــودا كـــەم دەكاتەوە(هـــەروەك بینـــینی خـــودا لای موعتەزیلـــەكان بـــەواتای دژهاتنـــەوە دێـــت بـــە خوایـــەتی خودا)،ئەمـــەش موعتەزیلـــەكانی گەیاندۆتـــە ئـــەوباوەڕەی نـــەفی بینـــینی خـــودا بكـــەن لـــــەدونیاو لەدواڕۆژیشـــــدا،لەبەرئەوەی نـــــەبینینی خـــــودا دەرئـــــەنجامێكی ژیربێژیە(عـــــەقڵانی)،بۆ نـــەبینینی خـــودا لەشـــێوەی جەســـتەو لەئاراســـتەو شـــوێن و پێگەیـــەكی دیـــاریكراودا،[4] چـــونكە موعتەزیلـــەكان پێیانوایـــە ناكرێـــت خـــودا تـــەن یـــاخود جەستەولاشـــە بێت،لەبەرئـــەوەی تـــەن و جەســـتە نـــــویێ و داهـــــاتن،خوداش ناكرێـــــت نـــــویێ و داهـــــات بێـــــت،بەڵكو ئـــــەزەلی و كـــــۆن و هـــــەربوو یەكەمینە،هەرلـــــەم گۆشـــــەنیگایەوە بڕوایـــــان وایـــــە مرۆڤـــــی ژێـــــر ئەوەیە،كـــــە نـــــەفی بینـــــینی خودابكات،چـــــونكە ئەمـــــە بەرمـــــەبنای دوورخســـــتنەوەی جســـــمیەتە لـــــەزاتی ئیلاهیدا،هەربۆیـــــە هەنـــدێكیان بینـــینی جەســـتەیی لـــەخودا ڕەتدەكەنـــەوەو دەڵـــێن خـــودا جەســـتە نیە،وەناشـــبینرێت تائـــەوەی كـــە جەســـتە یـــان تـــەن نـــەبێت ؛خـــوداش جەســـتە و تـــەن نیـــە؛كەوایـــە نابینرێت،هەرلـــەم بارەیـــەوە(النظـــام)دەڵێـــت خـــودا نابینرێـــت مەگـــەر بـــەڕەنگ نـــەبێت كەئـــەویش پێویســـت دەكـــات تـــەن وجەســـتە بێـــت،(الجبـــائي)ش دەڵێـــت بینراوەكـــان تـــەنها جەوهـــەر و عـــەرەز و ڕەنگەكانن،ئەمانـــەش لـــەخوداوە دوورن،(ابوالهاشـــم)ی كوڕیشـــی هـــەمان بۆچـــوونی هەیـــەو دەڵێـــت بینراوەكـــان بـــریتین لـــە جەوهەرو ڕەنگەكان.[5]

---

[1] الاشـــعري:المقالات،٢١٨/١؛اللمـــع،ص٦٥؛محمدعمارة:المعتزلـــة ومشـــكلة،ص٥٤؛ناصـــرالعقل:الجهمية والمعتزلـــة،ص١٨٥؛هـــاوژین مەلائەمین:دەروازە،لا١٥٣.

[2] القاضـــي عبدالجبار:شـــرح اصـــول الخمســـة،ص٢٣٣؛نصـــرحامد ابوزیـــد:الاتجاه العقلـــي،ص١٩٤_١٩٥؛عبدالســـتارالراوي:ثورة العقل،ص٢٥٥؛فلسفة العقل،ص٣٢_٣٣؛انشادمحمدعلي:دراسات حديثية في العقيدة،ص٤٢٦.

[3] الانعام/١٠٣. ماناكەشی بەم شێوەیە **"هیچ چاوێك دەركی ناكات و بۆی نابینرێت،لەكاتێكدا ئەو هەموو چاوەكان دەبینێت و بەوردیش ئاگای لەهەمووشتێكە".**

[4] الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٦٦؛النسفي:تبصرة الادلة،٥٨٩/١؛محمدجوادمغنية:معالم الفلسفة الاسلامية،ص١٠٦.

[5] البغدادي:اصـول الـدين،ص١١٩؛علـي عبـدالفتاح المغربي:الفـرق الكلاميـة الاسـلامية،ص٢٢٣_٢٢٤؛بڕوانـە:(محمـدعلي ابوريان:تـاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٧٧).

ســـەرباری ئەوانـــە موعتەزیلـــەکان لەعەقڵکاریەکانیانـــدا لەهەمبـــەر هـــەمان بابـــەت پێیانوایـــە ڕەتکردنـــەوەی بینـــینی خـــودا پێویســـتبوونی ڕەتکردنـــەوەی لایەنـــداری و ئاراســـتەو شـــوێنی خـــودا دەهێنێتەکایەوە،ئەمـــەش پێویســـتی نـــەفی کردنـــی بینـــینی خـــودا واجـــب دەکات،لەبەرئـــەوەی هـــەموو بینراوێـــك پێویســـتە لەیاگـــەو شـــوێنێکدا بێـــت بۆئـــەوەی ئامـــاژەی پێبکرێت(کەموعتەزیلـــەکان ئـــەم تـــەرزەی تێڕامان"التخیـــل" لـــە ئایدۆلۆجیـــەت و تیۆرەکانیانـــدا وەدەرناوەودەنێن)،کـــەخوداش شـــوێن و ئاراســـتەی نـــەبوو کەواتـــە نابینرێـــت،[1] هـــەروەك لایـــان وەهایـــە هـــەربینراوێك بۆئـــەوەی ببێنرێـــت پێویســـتی بەوەیە،کـــە بەرانبـــەر بینەرەکـــە بێـــت و وێنەکـــەی لـــە بینـــایی بینەرەکـــەدا بنەخشـــێت،ناکرێت خـــوداش لـــەهیچ حاڵەتێکـــدا بەرانبـــەرمان بێت،چـــونکە ئەمانـــە لەســـیفاتەکانی جەســـتەوعەرەزن و خـــوداش هەرگیزجەســـتەوعەرەز نـــەبووەو نیە،بۆیـــە ناکرێـــت بەرانبـــەرمان بێـــت یـــان لـــەدۆخێك لەدۆخـــەکانی لایەنـــداری بێـــت یـــان بەهەســـت ببینرێـــت.[2] لێـــرەوە دەتـــوانین بڵـــێین موعتەزیلـــەکان نکـــۆڵی بینـــینی خودایـــان کـــردوە و دەکـــەن بەچاو،چـــونکە پێیانوایـــە بیـــنین پێویســـتی بەوەیـــە کـــە خـــودا تـــەن یـــاخود جەســـتە بێـــت و لەشـــوێن و لایـــەن و یاگەیەکـــدا بێـــت لەبـــەردەم چـــاوی بینەردا،جابۆئـــەم پرۆســـەیەش ڕونـــاکی پێویستە،ئەمانەشـــیان لـــەخودا بەدوورگرتووە،چـــونکە بـــەنویٚ و داهاتیـــان دەزانـــی و خـــوداش ئـــەزەلی و ئەبەدیە،بۆیـــە ڕاســـتتر وایـــە کـــەبگوترێت خـــودا نابینرێت،هەرئەمەیـــە وای لەموعتەزیلـــەکان کـــردوە لەوبڕوایـــەدابن کـــە بیـــنین پەیوەســـتە بـــە جەوهـــەر و عـــەرەزەوە،جا جەوهـــەرو جەســـتەی پـــەتی(الجوهر والجسـم المجرد)بـاوەڕ پێکراونیە،کـە بینـینی پێـوە پەیوەسـت بکرێت،چـونکە هـــەرگیزناکرێت تیشـــك و ڕەنـــگ لـــە جەهەوهـــەرەکان دابماڵدرێن،لەبەرئەمـــەش بیـــنین پەیوەســـت نیـــە بەجەوهەرەوە،بـــەڵام ســـەبارەت بـــە عـــەرەزەکان مـــەرج نیـــە بینینیـــان پێـــوە پەیوەســـت بکرێت،بۆیـــە حەنبەلیـــەکان دەڵـــێن ئـــەم بەڵگەیـــەی ئێـــوە لەهەمبـــەر نـــەفی بینـــینی ئیلاهـــی کاتێك ڕاســـت دەبێت،کـــە بیـــنین پەیوەســـت بێـــت بـــە جەوهـــەرو عـــەرەزەوە بەشـــێوەیەکی ڕەهـــاو گشـــتگیرو حـــوکم و کـــارپێکردنی جەوهەروعـــــەرەز پێکـــــەوە کۆبکەنـــــەوە.[3] وەك ئاشـــــکرایە ئـــــەو دوو حوکمـــــەش پێکـــــەوە کۆناکرێنـــەوە؛کەوایـــە بـــە پێـــی ئـــەم گوتەیـــەی حەنبەلیـــەکان بەڵگـــەو ئیســـتدلالاتەکانی موعتەزیلـــەکان ڕەتدەکرێتەوە.

یـــەکێکی دیکـــەی ئەوبەڵگانـــەی موعتەزیلـــەکان بۆپشـــت ئەســـتورکردنی تیۆرەکـــەیان لـــە هەمبەرنـــەفی بینـــینی خـــودا هێناویانـــە،دەقێکی پـــیرۆزە کـــە دەفـــەرموێت(وُجُـوهٌ يَوْمَئِـذٍ نَاضِـرَةٌ إِلَـى رَبِّهَـا نَـاظِرَةٌ)،[4] کـە لەتەفســـیریدا دەڵـــێن ئـــەم دەقـــە لـــەدوو ڕووەوە جیـــاوازی لەســـەرە،یەکەمیان ئەوەیـــە کـــە بـــەواتای بینینیـــــەتی بەچـــــاو،دووەمیان بـــــەواتای چـــــاوەڕوانییە،هەروەها جیـــــاوازی لەســـــەر تـــــایپی

---

[1] العلامة الحلي:كشف المراد،ص٢٧٤؛حەمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام،٤٢٠/٢.

[2] القاضـــــــــي عبدالجبار:شـــــــــرح الاصـــــــــول الخمســـــــــة،ص٢٤٨_٢٤٩؛الشـــــــــريف ابـــــــــي القاســـــــــم:امالي المرتضى،٣٠/١؛بڕوانە:(الجويني:الارشاد،ص١٨٠)؛منيف عايش العتيبي:اثرالفكرالاعتزالي،١١٥٦/٣).

[3] الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص٣٥٠_٣٥١؛بڕوانە:(البيضاوي:طوالع الانوار،ص١٩٢_١٩٤).

[4] القيامـــة/٢٢_٢٣.ماناکـــەی **"لـــەو ڕۆژەدا(ڕۆژی دوایی)ڕوخســـارگەلێك گەشـــاوەو پرشـــنگدارو شادن،چـــونکە لـــەخودای خۆیـــان دەڕوانن".**

یەکــــەمیش(بینینی خـــــودا بەچــــاو)هەیە و دوو بۆچــــوونی لەســــــەرە،یەکەمیان مەبەســــت لێــــی پاداشـــتە ،واتە لەبەهەشـــتدا ســـات لـــەدوای ســـات خۆشـــی و شـــادی و نیعمەتـــەکان زیـــاد دەکـــەن و مرۆڤـەکانیش چـاوەڕێی ئـەو زیادکردنەن،دووەمیشـیان بـەواتای بینـینی خـودا دێـت بەچـاوی سـەر،[1] بۆهـەمان مەبەسـت هەنـدێکی دیکـەی موعتەزیلـەکان ڕاڤـەی خـودی بۆهـەمان ئایـەت دەکـەن و دەڵـێن خـودا نـەیگوتوە بەچـاو دەبینرێـت، بـەڵکو لەوانەیـە بیـنین چـەند ڕوویـەکی جیـاوازی هـەبێت،وەکو بیرکردنـــەوە لـــەخودا و چـــاوەڕوانی کردنـــی میهرەبـــانی و داواکـــاری بۆبینینی،کەئەمـــەش ڕودانێکـــی ئەگەریانەیە،بــــەڵام ئـــــەم ئەگەرانـــــەش دیســــــان بـــــە چـــــاوەڕوان بـــــوونی مــــــرۆڤ بۆمیهرەبــــانی خوداونیعمەتـــەکانی بەهەشـــت لێکدەدەنـــەوە،[2] ئەمـــە ســــەرباری ئـــەوەی هەنـــدێکی دیکـــەی موعتەزیلـــەکان پێیانوایـــە ســـــەیرکردن(النظـــر)لـــەم ئایەتـــەدا بـــەواتای چـــاوەڕوانی دێت،ئەگـــەر بەرکارەکـە(الی ربهـا)پێش بخـەین ئـەوا ئـەوکات بۆتایبەتمەنـدکردنی بیـنین بۆخـودا بەکاردێـت،ئەمەش بـەو واتایـە دێت،کـە ئـەم ڕومەتانـە بەتایبـەتی سـەیری ڕووی خـودا دەکـەن و سـەیری شـتی دیکـە ناکـەن.[3] ئـەم خودشـیکاریەی موعتەزیلـە دەمانگەیـەنێت بـەو ڕاسـتیەی کەسـەرباری نـەفی بینـینی خـودا لـەوادەی لیقـادا پێیانوایە،مەبەسـت لـە وادەی بینـینی خـودا تـەنها چـاوەڕوانیە بۆپاداشـتی زاتــرو خێروخۆشــی زیاتر.نمونەشــیان بۆئەمــە ئەوەیە،کــە دەڵــێن کاتێــك دەڵــێین مــن ســەیرێك دەکــەم بـزانم چـیم پـێ دەکرێـت بـەواتای چـاوەڕوانی کـردن دێت،ئەگـەر بینـینی خـوداش ئەسـتەم بێـت ئـەوا موعتەزیلـەکان بینـینی خودایـان بـە دڵ ڕەتنەکردۆتەوە،کەبـەواتای زانیـاری لـەبارەی زاتـی خـوداوە دێت کەلەدونیادا شاراوەیە.[4]

هـەروەها(القاضـي عبـدالجبار)بۆپشـتگیری زیـاتری تیۆرەکـەیان دەقـی پـیرۆزی دیکـەش بەبەڵگـە دەهێنێتــەوە(وَتَــرَاهُمْ يَنْظُــرُونَ إِلَيْــكَ وَهُــمْ لَــا يُبْصِــرُونَ)[5] و ئــەوەی خســتۆتە ڕوو کــە لەڕێگەیــەوە چـاوەڕوانی(النظـر)جێگیردەبێـت و بینـینی خـودا(الرؤيـة)نـەفی دەبێت،ئەگـەر هەریـەك لـەم دوو چـەمکە بــەواتای ئــەوی دیکــەیان بێــت؛ئــەوا قســەکردن لەبارەیــەوە دژیــەکی(پــارادۆکس)ی تێدەکــەوێت،وەکو ئــەوەی کــەبڵێین دەتبیــنم و ناتبینم،ئەمــەش دووڕاییــە لەقســەکردنداو بەهەنــد وەرناگیرێــت،[6] هــەورەك دەڵــێن ناکرێــت خــودا لەشــوێنێکدابێت و لــەڕۆژی دواییــدا ببینرێت،بــەڵام لای حەنبەلیــەکان پوختــەی هەریــەك لەوئایەتانــە ئەوەیە،کــە دەکرێــت خــودا لــەڕۆژی دواییــدا ببینرێت،هــەروەکو لــەدەقی پــیرۆزدا

---

[1] محمد حسين الذهبي:التفسيروالمفسرون،٩٨/٢؛عبداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلة،ص٥٦.

[2] القاضــي عبدالجبار:المختصــرفي اصــول الــدين،ص٣٣٧؛فضــل الاعتــزال و طبقــات المعتزلــة،ص١٥٨؛الشــريف ابــي القاســم:امالي المرتضى،٢٨/١؛قاسم الرسي وآخرون:رسائل عدل والتوحيد،٢٢٠/١.

[3] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٢٤٥؛الاشعري:الابانة،ص٢٥_٢٦؛احمدشوقي ابراهيم:المعتزلة في البغداد،ص٩٣.

[4] الاشعري:المقالات،٢١٨/١؛احمدمحمودالصبحي:في علم الكلام،ص١٢٩.

[5] الاعراف/١٩٨.مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە **"لە ڕواڵەتدا وادیارە کە بۆت دەڕوانن،کەچی هیچ نابینن لە ڕاستیدا".**

[6] شرح الاصول الخمسة،ص٢٤٤؛هەروەها بڕوانە:(مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٤٣١_٤٣٢).

هـاتووه(لِلَّـذِينَ أَحْسَـنُوا الْحُسْـنَى وَزِيَـادَةٌ)،[١] و لەموعتەزیلـەکانیش دەپرسـن ئایـا مەبەسـت لێـی بینـینی خـودا نیـە وەکـو ئەوەی،کـە لـە دەقەکـەدا هـاتووە یـان کـە هـەواڵی لێدراوە،بـەڵام موعتەزیلـەکان پێیانوایـە مەبەسـت لـە(الزیـادة)زیـادە پاداشـت و بەخشـینی پاداشـتی زیادەیـە بـەباوەڕداران،جا ئـەم زیـادە پاداشـتەش لەجۆری(جنس)هـەمان پاداشـتە کەپێشـتر پێیانـدراوە و دەچـێتە هـەمان چوارچێوەوە.[٢]

ئەمـەو موعتەزیلـەکان بـاس لـەگفتوگۆی نێوان(خودا)و(موسـا)دەکەن و پێیانوایـە ڕەتکردنـەوەی داواکـەی موسا لەهەمبـەربینینی زاتـی ئیلاهـی بۆخـۆی ڕەتکردنـەوەی تاهـەتایی بینـینی خودایە،ئەوەتا خـودا بۆخـۆی دەفەرموێت(وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنْظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنِ انْظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ)،[٣] بۆیـە خـودا بۆخـۆی دەفـەرموێت نـامبینن(لـن ترانـي)،بەمـەش بەدڵنیاییـەوە نەبینینی خـودا و مـەحاڵ بـوونی بیـنین دەسـەلمێت و جێگیردەبێت،[٤]جگەلـەوەش ئـەم ئایەتـە بووبـە هـەوێنی هاتنەکایـەوەی جـەدەلێکی کراوە لـەنێوان موعتەزیلـەکان و نـەیارەکانیان لەحەنبەلیـەکان و ئـەهلی سوننە،جا موعتەزیلـەکان بۆپێشـت ئەسـتورکردنی تیۆرەکـەیان دەیـانگوت پەیڕەوانی(موسـا)داوایان کـرد بـەڕوون و ئاشـکرایی خـودا ببینن،موسـاش ئەمـەی ڕەتکـردەو و لەهەڵەکـەیان ئاگـاداری کردنـەوەو ڕاسـتیەکەی بۆخستنەڕوو،کە خـودا نابینرێت،بـەڵام ئـەوان سـوربوون لەسـەرداواکەیان،بۆیە(موسـا)ش داوای کـرد خـودا ببینێـت،[٥] بـەڵام خـودا ڕەتیکـردەوەو گـوتی مـن نابینرێم،مـادام بینـینی خـودا ڕێگـە پێـدراو نیـە؛کەواتـە داواکەی(موسـا)لە خـودا سـەبارەت بـە بینـینی لـە نەناسینی(جەهل)موسـاوە بۆخـودا دەقـی گرتووە،بـەڵام حەنبەلیەکان لەڕەتیاندا دەڵێن ئـەم پرسیارەی موسا بۆبینینی خودا نـەزانی نەبووە،لەبەرئـەوەی پرسیارەکە لەسـەر زمـانی قەومەکەیـەوە کـراوە.[٦] هـەروەك خـودا کـە دەفـەرموێت(لن ترانی)مەبەسـت لێـی نـەبینینێتی لـە دونیادا،لەبەرئەوەی(لن)تـەنها ئـامرازی نەفیکردنە،بـەڵام(لم)ئامرازی(النفـي وقطـع وجـزم)ە،بۆیـە ئەگـەر خـودا واژەی(لم ترانی)بەکاربردبایە؛ئەوا واتای ڕەتکردنـەوەی بینـینی زاتـی خـۆی دەکرد بـۆ هـەردوو دونیـا و دڵنیـا دەبووین لە نەبینینی.

---

[١] یـونس/٢٦.مانـای ئایەتەکـە واتـە" **بـۆ ئەوانەشـی کـە چـاکە دەکەن،پاداشـتی زۆربـاش و بەهەشـت هەیـە(وزیـادة)ش واتـە:بینینی ڕووی خودا و تەماشاکردنی".**

[٢] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٩٠؛محمدحسين الذهبي:التفسيروالمفسرون،٢٨٢/١.

[٣] الاعـراف/١٤٣.مانـای ئایەتەکـە **"کاتێـك موسـا گەیشـتە ژوانگـە بـۆلای خـوداو وتووێـژی لەگەڵدا کرد،وتـی خودایـە خـۆتم پیشـان بـدە تـابتبینم،خوداش فـەرمووی،تۆمن نابینیت،بـەڵام سـەیری شـاخەکە بکـە ئەگـەر شـاخەکە لـە شـوێنی خـۆی نەجوڵا،ئـەوا تـۆش دەتـوانی مـن ببینیت،جاکاتێـك خـودا خـۆی بۆشـاخەکە دەرخست،شـاخەکە وردبوو،موسـاش بورایەوەوکـەوت،کاتێکیش هۆشـی هاتەوە وتی،پاکی و بێگەردی بۆتۆ خودایە،بەپەشیمانی بۆلات دێمەوەو یەکەمینی بڕوادارانم".**

[٤] ابـن ابـي العز:شـرح العقيـدة الطحاويـة،ص١٥٦؛نصـرحامد ابوزيـد:الاتجاه العقلـي،ص١٩٨؛مصـطفى بـن محمد:اصـول التـاريخ الفرق،ص٤٢٩_٤٣٠.

[٥] زمخشري:الكشاف،١٩٨/١؛ احمدامين:ضحى الاسلام،٢٣/٣ .

[٦] القاضـي عبـدالجبار:المغني،١٦١/٤_١٦٢؛الشهرسـتاني:نهاية الاقـدام،٣٥٩؛البيضـاوي:طوالع الانـوار،ص١٩١؛علـي عبـدالفتاح المغربي:الفرق الاكلامية الاسلامية،ص٢٢٣_٢٢٤.

جگە لەمانەش موعتەزیلەکان هەوڵیانداوە بۆتەواوکردنی تیۆرەکەیان و دورخستنەوەی گومان لەڕاستێتی گوتەزاکانیان بەڵگەی یارمەتیدەر لەفەرمودەدا بەردەست بخەن،بۆیە هەندێکیان باس لەفەرمودەیەك دەکەن،کە(ابي الزبیر)لە(جابر بن عبدالله)ەوە دەیگێڕێتەوە،کە پەیامبەر(د.خ)فەرموویەتی(هیچ کەسێك خودا نابینێت نەلەدونیاداو نەلەڕۆژی دواییدا).[1] بەڵام بێگومان ئەم فەرموودەیە لەلایەن حەنبەلیەکان و(تەنانەت ئەهلی سوننە)شەوە ڕەتکراوەتەوە بەوەی کە کۆتایی فەرموودەکە لە پەرتوکە فەرمودەوانیەکاندا نەهاتووە(وەك دواتر باسی دەکەین)،بەڵکو خودی موعتەزیلەکان بۆ ڕەوایەتیدان بە تیۆرەکەیان زیادیان کردوە.ئەمە و موعتەزیلەکان دوابەدوای پەیداکردنی بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی بۆباوەڕو تیۆرەکەیان سەبارەت بەتوانستی بینین چەسپاند،نکۆڵیشیان لە فەرموودەکانی دەلالەتکارلەبینینی خوداکردوە و بە تاك ڕیوایەت(آحاد)یان ناوبردووە،ئەوەتا هەریەکەلە(القاضي عبدالجبار) و (شریف المرتضى)سەبارەت بە فەرموودکانی بینین وتویانە هەموو ئەمانە فەرموودەی تاك ڕیوایەتن(آحاد)،ئەمەش لەڕوی زانستیەوە مایەی لێ سڵەمینەوەیە و وەرناگیرێت،چونکە هەریەك لەو کەسانە کەهەواڵیان لێ داوە دەکرێت هەڵەبن لەوبارەیەوە،هەرچەندەکارکردن پێی لەبەش و لقەکانی ئاینە،ئەمەش دروست نیە لەڕاستیدا،چونکە زۆرترین گومانی تێدابەدیدەکرێت،بۆیە هیچ بنەمایەکی ئاین و بابەتێکی عەقیدەیی لێ وەرناگیرێت،[2] لەکاتێکدا حەنبەلیەکان کاریان بە فەرموودەی(آحاد)کردوە.لەمەوە بەوڕاستیە دەگەین،کە دەمارگیری موعتەزیلەکان لەهەمبەر مەسەلەی بینین هیچی کەمتر نیە وەك لە دەمارگیریەکەیان بۆمەسەلەی خەلقی قورئان،هەروەك(ابو موسى المردار)[3] ،لەڕەتی حەنبەلیەکاندا دەڵێت هەرکەسێك پێیوابێت خودا بەچاودەبینرێت بەبێ چۆنێتی ئەوە بێباوەڕەو ئەوەشی گومانی لەبێباوەڕبوونی هەبێت وەکو ئەم بێباوەڕە،چونکە خودای چواندوە

[1] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٢٧٠؛نصرحامد ابوزيد:الاتجاه العقلي،ص٢٠٢؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٥٨؛انشادمحمدعلي:دراسات حديثية في العقيدة،ص٤٢٨.

[2] القاضي عبدالجبار:المختصرفي اصول الدين،ص٣٣٨؛المغني،٢٢٥/٤؛بڕوانە:(ابن المرتضى:المنية والامل،ص٤٦)؛الرازي:خلق القرآن،ص١٧؛مهندالجبالي:اثرالاعتزال،ص٥٠؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص١٠٢.

[3] ابو موسى المردار:ناوی(ابوموسى ،عيسى بن صبيح الكوفي)ەو نازناویشی(المردار)ە،لە شاری(البصرة)لەدایکبووەوپێگەیشتووەو،لەساڵی(٢٢٠ك/٨٣٥ز)کۆچی دوایی کردوەو،لەچینی حەوتەمی موعتەزیلەکانە،ناوبراو مەسائیلە ئیعتیزالیەکانی لە(بشر بن المعتمر)ەوە وەرگرتووە،ئەمەش دوای ئەوەبوو کە(بشر)ئیعتیزالی بردە بەغدادەوەو(ابوموسى)ش لێی وەرگرتووەو فێربووە،دواتریش لەڕێگەی(ابوموسى)وە بیروباوەڕی ئیعتیزال لەشاری بەغداد بلاوبۆتەوە،هەروەها بەهۆیەوەی تێکەڵیەکی زۆری لەگەڵ مەسیحیەکاندا هەبووە،بە(ڕاهیبی موعتەزیلەکان)ناسراوە،کەسێکی دەمارگیربووە بۆ بیروباوەڕی خۆی وموعتەزیلەکان و زیاتر لە(٢٦)کتێبی لەم بارەیەوە نووسیوە،لەبیروڕاکانی(باوەڕی وابوو خودا توانای بەسەرزوڵم و ستەم و درۆکردندا هەیە،بەڵام نایکات.هەموو ئەوانەی بەبێباوەڕ دەزانی،کە دەیانگوت قورئان کۆن و ئەزەلیەو کەلامی خودی خودایە،چونکە بەڕای ئەو ئەمە بوونی دووکۆن و ئەزەلی ودووخودا دەگەیەنێ.هەمووئەوانەشی بەبێباوەڕ هەژماردەکر،کە دەیانگوت کردەوەی مرۆڤەکان دروستکراوە لەلایەن خوداوە،چونکە پێی وابوو ئەوە خودی مرۆڤەکانن کردەوەی خۆیان بەدی دەهێنن.لای ئەم هەموو ئەوانەش بێباوەڕبوون،کەبڕوایان بەبینینی خودا هەبوایە لەڕۆژی دواییداو دەیگوت خودا هەرگیزنابینرێت لەلایەن دروستکراوەکانیە.پێی وابوو عەقڵ دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی مەعریفەی ناسیی خودا،بەهەموو وردەکاریو سیفاتەکانیە؛پێشهاتنی شەرع).بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٦٤؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،٥٤٨/١٠؛الشهرستاني:الملل والنحل،٨٢/١؛ابن المرتضى:طبقا المعتزلة،ص٧٠_٧١).

بەبەدیهێنراوەکانی و چواندنی خوداش بەدروستکراوەکانی کوفروبێباوەڕی و ئیلحادە،[1] هەروەها کاتێك(احمد بن حنبل)لەبەردەم خەلیفە(المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ن)دا تاقیکرایەوە(ابن ابي دؤاد)وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمە وادەزانێت کەخودا لە ڕۆژی دواییدا دەبینرێت بەچاوی سەرو چاویش تەنها شتی سنورداردەبینێت،بەڵام(ابن حنبل)بۆچونەکانی ڕەتکردنەوە و فەرمودەی(انکم سترون ربکم کما ترون هذا البدر لاتضامون في رؤيته)بە بەڵگە بۆهێنانەوەو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەم باسە لە فەرموودەدا هاتووە و سەلمێنراوە و جەدەل هەڵناگرێت،بەڵام (ابن ابي دؤاد)تانەی لەسەنەدی فەرموودەکەداو بەلاواز لەقەڵەمیدا،[2] کاتێکیش(احمد بن نصرالخزاعي)یان هێنا بۆبەردەم خەلیفە(الواثق ٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٧ن) لەبارەی بینینی خوداوە لێیان پرسی و ئەویش دانی بەبینینەکەیدا ناو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە لەقورئان و فەرموودەدا هاتووەو چەسپاوە وەکو(وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ)،[3] پەیامبەریش(د.خ) فەرمویەتی(انکم سترون ربکم يوم القيامة کما ترون القمر لاتضامون في رؤيته)[4] لەوکاتەدا خەلیفە(واثق)بەسەرسوڕمانەوە گوتی هاواربەماڵت پێت وایە خودا دەبینرێت،وەك چۆن جەستە یاخود شتێکی سنوردار دەبینرێت؟! من بڕوام بەخودایەك نیە ئەوەسیفاتەکانی بێت.[5]

ئەمەی خستمانەڕوو پیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە موعتەزیلەکان بینینی خودایان بەچاوی مرۆڤی دونیا(کەچاوێکە سنووردار کراوەو تەنها ئەو شتانە دەبینێت کە خودا ویستی لێیەتی و جیهانی دەرئاگاو غەیبانیەتی لێ پەنهان کراوەو ناتوانێت بیانبینێت)لێکداوەتەوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەتکردنەوەی بینینی خودایان لە هەردوو دونیاکەدا پێکردوە،بە بۆچوونی ئێمە ئەم تێگەیەی موعتەزیلەکان دوو بەشی سەرەکی لێ دەبێتەوە،بەشی یەکەمیان،کە نەفیکردنی بینینی خودایە بەچاوی دونیا،کە چاوێکە سنوردار کراوە،ئەوا ئێمە تەواو لەگەڵیداین،چونکە ڕوونە ئەم گەردوونە چەندە بەرینەو مرۆڤ توانستی بینینی زۆر شتی نیە تیایدا بەهۆی سنورداریی چاوەکانیەوە،خوداش لە دەقی پیرۆزدا دەفەرموێت(وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ)،[6] کورسی خودا بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوی بەرین و فراوانە،کە شوێنی پێیەکانی خودان،جا کورسی خودا هێندەی بوون بەرین بێت کە شوێنی پێیەکانی خودایە؛ئەبێ خودی خودا چەندە گەورە بێت،لێرەوەیە کەدەڵێین موعتەزیلەکان لەمەدا پێکاویانە،چونکە ناکرێت خودایەك هێندە مەزن بێت؛بە چاوێکی سنورداری فانی و دونیایی ببینرێت،ئەمەش لەبەرئەوەی چاوی دونیایی توانستی بینینی خودای

---

[1] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٦٦؛الخياط:الانتصار،ص٦٧_٦٨؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٢٨؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٥٩.

[2] ابن حزم:الفصل،٢/٣؛ابن الجوزي:مناقب،ص٥٢٦_٥٢٧؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا١٠٢.

[3] القيامة/٢٢_٢٣.مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە **"لەو ڕۆژەدا(ڕۆژی دوایی)ڕوخسارگەلێك گەشاوەو پرشنگدارو شادن،چونکە لەخودای خۆیان دەڕوانن".**

[4] صحيح البخاري،كتاب التوحيد،باب(وجوه يومئذ ناظرة الى ربها ناظرة)،رقم الحديث(٧٤٣٤، ٧٤٣٦)؛صحيح مسلم،كتاب المساجد ومواضع الصلاة،باب(فضل صلاتي الصبح والعصر والمحافظة عليهما)،رقم الحديث(١٤٦٦).مانای فەرموودەکە **"خودای خۆتان دەبینن لە ڕۆژی دواییدا وەك چۆن مانگ بە ڕوونی دەبینن بەبێ لێڵی و بەربەست".**

[5] ابن الجوزي:المنتظم،١٦٦/١١؛ابن الجوزي:مناقب،ص٥٣٦؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٣١٣/١٠؛بڕوانە:(محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٨٢_٨٣٩).

[6] البقرة/٢٥٥.واتای ئایەتەکە **" کورسی خودا بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوی بەرین و فراوانە".**

مەزن و بالاّو ئەزەلی و ئەبەدی نیەو نایبێت،چونکە خودا کە مرۆڤی لە ژیندا بەدیهێناوە،بۆ لەناچوون و گەڕانەوە بۆلای خۆی بەدیهێناون،بۆیە کە مرۆڤ لە ژیندا بۆ فەنابوون بەدیهێنرابێت؛بێگومان چاوەکانیشی چاوی فانی و کاتین و نەمانیان بەسەردا دێت و زۆر لاوازن،چاوی فانیش هەرگیز توانستی بینینی خودای مەزنی نەبووەونایبێت.بەلاّم سەبارەت بەبەشی دووەمی تێگەکەیان،کە پێیانوایە خودا لەڕۆژی دواییدا نابینرێت،چونکە چاوی مرۆڤ سنوردارەو تەنها شتی سنورداریش دەبینێت،ئەوا نادروستە(چونکە مرۆڤ بەهەمان چاوی دونیا لە خودا ناڕوانێت)،ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خودا لە ڕۆژی دواییدا مرۆڤەکان بۆ مانەوە زیندوو دەکاتەوە،بێگومان چاوی مرۆڤی نەمریش چاوێکە دەمێنێتەوەو سنوردار ناکرێت(ئەمەش خودا پێیان دەبەخشێت)،بۆیە خودا لەڕۆژی دواییدا بەچاوی مانەوەو بیٚ سنور دەبینرێت،هەموو ئەمانەشی کە باسمان کرد مرۆڤی بەهەشتی دەگرێتەوە(وەك دواتر بەوردی باسی دەکەین).

**دووەم: بینینی خودا لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەم بوارە.**

حەنبەلیەکان هاوئاهەنگن لەسەرئەوەی کە لەڕووی عەقڵیەوە دەکرێت خودا ببینرێت و کارێکی قورس و مەحاڵ نیە،هەروەها کۆڕان لەسەرئەوەی کەلەڕۆژی دواییدا خودا دەبینرێت،هەروەك بەڵگەکانی قورئان و فەرموودەو کۆدەنگی هاوەڵان لەهەمبەر بینینی بەختەوەرانەی خودا لەڕۆژی دواییدا لەلایەن موسوڵمانانەوە ڕوون و ئاشکرایە،[1] هەربۆیە هەندێکیان دەڵێن جیاوازی لەنێوان گوتەزای جەهمی و موعتەزیلەکاندا دەبینرێت لەهەمبەر بینینی بەختەوەرانە،جائەم گوتەزایانەشیان بەبەڵگەی قورئان و فەرموودە ڕەتکراوەتەوە،هەروەك ئەوانەی بڕوایان بەبینینی خوداهەیە لەهاوەڵان و تابعیەکان و پێشەوایانی ئیسلام و لەنێویشیاندا(ابن حنبل)و فەرموودەوانان ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە[2] و هاوڕان لەسەر بینینی خودا لەڕۆژی دواییدا و نەبینینی لە دونیادا لەلایەن هیچ کەسێکەوە تەنانەت پەیامبەران و فریشتەکانیش.[3] ئەوەتا(ابن حنبل)لەیەك لەدانراوەکانیدا،کە تایبەتی کردوە بە لێك شیتاڵکردنی ئایدۆلۆجیای موعتەزیلەکان دەقی پیرۆزی(لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ)[4] بەوە لێکدەداتەوە،کە واتای ئەوەیە خودا لە دونیادا نابینرێت،بەلاّم لەڕۆژی دواییدا بیٚ هیچ گومان وگریمانەیەك دەبینرێت،[5] (ابوالحسين الملطي ٣٧٧ك/٩٨٧ز)ش دەڵێت مەبەستی خودا لەوئایەتە ئەوەیە،کە خودای دروستکەرو بالاّ لەدونیادا نابینرێت بەبیٚ ڕۆژی دوایی و لەئاسمانەکانیشدا نابینرێت مەگەر لەبەهەشتدا نەبێت،[6] سەرباری ئەوەی(ابن تيمية)پێیوایە ئەو ئایەتە،کە موعتەزیلەکان کردویانە بەبەڵگە بۆ ڕەتکردنەوەی بینینی خودا؛بەڵگەیە لەسەر خودی خۆیان نەك

---

[1] بڕوانە:(ابن حزم:الفصل،١٠/٣)؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٣٤٣؛وليدبن صالح باصمد:اثرعلم الكلام،ص٢٤١.

[2] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٨٩.

[3] ابن حنبل:شرح اصول السنة،ص٥٦؛الباقلاني:الانصاف،ص٢٤؛ابن تيمية:منهاج السنة،٣١٦/٢.

[4] الانعام/١٠٣. ماناکەشی بەم شێوەیە **"هیچ چاوێك دەرکی ناکات و بۆی نابینرێت،لەکاتێکدا ئەو هەموو چاوەکان دەبینێت و بەوردیش ئاگای لەهەمووشتێکە".**

[5] الردعلى الجهمية والزنادقة،ص٧٨، ١٣٢؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٥٧٧/٣.

[6] التنبيه والرد،ص٤٧.

**ئێمه،لەبەرئەوەی(درككردن)یان بەواتای ڕەهای بینینی خودا دێت،یان بینینەكەی پەیوەست دەبێت بە ئیحاتەوە واتە دەورەدان و زانین و ناسینی هەرشتێك بەگشتی،ئەمەش واتە ناسین و زانستمان بەخودا،[1] هەروەك هەندێكی دیكەیان لە تەفسیری هەمان ئایەتدا دەڵێن خودا ئەبەدیەو هەرخۆی دەمێنێتەوەو بوونەوەریشی بۆنەمان و لەناوچوون دروستكردوە،بۆیە ناتوانن بەچاوێك كەنەمانی بەسەردا دێت لەكۆن و ماوەیەك(البقاء)بڕوانن،بەڵام كە خودا دوبارە مرۆڤەكان زیندوو دەكاتەوە بۆمانەوەی تاهەتایی،ئەوكات بەچاوێك(چاوی مانەوە)،كەدەمێنێتەوە سەیری ماوەیەك(البقاء)كە خودایە دەكەن،[2] بەڵام ئەمە تەنها بۆ بەهەشتیەكانە،چونكە هەرچەندە مرۆڤە دۆزەخیەكانیش بۆمانەوەی تاهەتایی دروست دەكرێن،لەگەڵ ئەوەشدا خودا بۆخۆی دەفەرموێت،[3] ئەوانە ڕزگاربونیان نیەو بێبەش دەبن لەبینینی زاتی ئیلاهی و ئەمەش سزایەكی گەورەیە بۆئەوان.[4] هەر بەم هۆیەشەوە حەنبەلیەكان و ئەهلی سوننە بەبەڵگەگرتنی ئەو ئایەتەی كە باسمانكردوو ئەوفەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ)كەدەفەرموێت(هیچ یەك لەئێمەی مرۆڤ خودانابینێت تاكو نەمرێت)،بۆپاڵپشتی كردن و بەهێزكردنی ڕوانینەكانیان دەهێننەوە[5] و دەڵێن یەك لەسیفاتەكانی باوەڕدار لەچوارچێوەی ئەهلی سوننە و جەماعەدا ئەوەیە كەبڕوای وابێت هەموو ئەوەی،كە خودالەمرۆڤی پەنهان كردوە تایبەتە بەخودا،بەڵام خودی خودا لەڕۆژی دواییدا دەبینرێت،هەروەك لەفەرمودەدا باسی ئەمە هاتووە(ئەهلی بەهەشت خودای خۆیان دەبینن).[6]**

**لێرەوەش دەگەینە ئەوەی كەمەسەلەی بینینی خودا لەڕۆژی دواییدا لای حەنبەلیەكان بابەتێكی ڕەهایەو جەدەل هەڵناگرێت،چونكە ئەم بابەتە دەقی لەبارەوە هاتووەو حەنبەلیەكانیش دەستەوەستانن لەئاست دەقداو هەر زوو تەسلیمی دەبن و جەدەلیشی لەبارەوە ناكەن،ئەمەش بەو واتایە دێت،كە حەنبەلیەكان پێچەوانەی موعتەزیلەكان باوەڕیان بە بینینی خودا هەیە لەڕۆژی دواییدا،وەكو بەرپەرچ دانەوەیەكیش بۆباوەڕەكانی موعتەزیلە دەیانگوت خودا لەلایەن باوەڕدارانەوە لەڕۆژی دواییدا دەبینرێت لەهەموو حاڵەتێكدا و تایبەتیشە بەباوەڕدارانەوە و بەدەقی ساف پاڵپشتی لێوەكراوە و چەسپاوە،ئەمەش تەواو ناتەبایە بەگوتەی ئەوانەی كە لایان وایە ناكرێت خودا ببینرێت وەكو موعتەزیلەكان،هەروەك پێچەوانەی گوتەی ئەوانەشە كە**

---

(1) منهاج السنة،٣١٧/٢.

(2) اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٥٦٢/٣_٥٦٣.

(3) قال تعالى:( كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ،المطففين/١٥)،ماناكەی **"نەخێرهەرگیز،ئەوانە(بێباوەڕان)لەوڕۆژەدا بەربەستیان لەنێواندایە لەگەڵ خوداداو بێبەش دەبن لەبینینی خودا".**

(4) الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٧٠.

(5) صحيح مسلم،كتاب الفتن،باب ذكرابن صياد،رقم الحديث(٧٥٤٠)؛سنن الترمذي،كتاب الفتن،باب ما جاء في علامة الدجال،رقم الحديث(٢٢٣٥)؛مسند أحمدبن حنبل،باقي مسند الأنصار،حديث عمر بن ثابت الأنصاري،رقم الحديث(٢٣١٦٠).

(6) صحيح البخاري،كتاب التوحيد،باب(وجوه يومئذ ناظرة الى ربها ناظرة)،رقم الحديث(٧٤٤٤)؛صحيح مسلم،كتاب المساجد ومواضع الصلاة،باب(فضل صلاتي الصبح والعصر والمحافظة عليهما)،رقم الحديث(١٤٦٦)؛هەروەها بڕوانە:(ابن الجوزي:مناقب،ص٢٠٩).

لەوبڕوایــەدان خــودا بەهەســتی شەشــەم دەبینرێــت،[1] چــونکە ئــەمان پێیانوایــە هــەموو بونێــك دەكرێــت ببینرێــت نــەك ئــەوەی كــە بەهەســت هەســتی پــێ بكرێت،هــەروەك ئاشــكرایە كــە درككــردن دەكرێــت پەیوەست بێت بە هەبویەكەوە،ئەگەر شتێك بوونی نەبێت دركیشی پێ ناكرێت.[2]

یــەك لــەو بەڵگــە نەقڵیانــەی كــە حەنبەلیــەكان و تــەواوی مســوڵمانان بــە بەڵگــەی بــەهێزی بینــینی خــودای دەزانــن ئایــەتی(وُجُــوهٌ يَوْمَئِــذٍ نَاضِــرَةٌ إِلَــى رَبِّهَــا نَــاظِرَةٌ)[3]یە،بــەڵام موعتەزیلــەكان ئــەم بۆچــــوونەی حەنبەلیــــەكان بــــەوە ڕەتدەكەنــــەوە كــــە(بینین)خودا پەیوەســــت دەكــــات بــــە جەستەوە،هەرچــەندە ئێمــەش دژایــەتی و نكــوڵی لەوەناكەین،بــەڵام پێمانوایــە خوداجەســتە نیە(پێشــتر بــیروڕای موعتەزیلــە و بەڵگــەكانیانمان لــەم بــارەوە خســتۆتە ڕوو)[4] وەكــو پێشــتر باسمــانكرد كەموعتەزیلــەكان(نــاظرة)بــە چــاوەڕوانی لێكدەدەنــەوە و ڕاڤــەی دەكەن،بــەڵام حەنبەلیــەكان ئەمــە ڕەتدەكەنــەوە و دەڵــێن بەبەڵگــەی قورئــان و فــەرموودە ئــەوە ســەلمێنراوە كــەخودا لــەڕۆژی دواییــدا ڕێــز لــەباوەڕداران و ئــەهلی بەهەشــت دەگرێــت و خــۆی پیشــانیان دەدات،ئــەم بینینــەی خــوداش بــەهیچ شــێوەیەك پابەندنیــە بەلایــەنی جەســتەیی خــوداوە لەگــەڵ ئەوەشــدا هــەردەبینرێت(إِلَـى رَبِّهَـا نَـاظِرَةٌ)،كــە بەتــەواوی واتــای بیــنین دەدات،[5] ئــەوەتا هەنــدێكی دیكــەیان دەڵــێن خودالەگــەڵ ئەوەی،كــە دوورە لـــەوێناكردن و وێنـــە و ئەنـــدازەگیری و لـــەوەش پیرۆزتـــرە كەئاراســـتە و شـــوێنێكی دیـــاریكراوی هەبێت،بــەڵام بەچــاوی بــین لــە ڕۆژی دواییــدا دەبینرێــت،بۆ گوتەزاكەشــیان بەڵگــەی(وُجُــوهٌ يَوْمَئِــذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ)[6] دەخەنەڕوو.[7]

هــەروەها حەنبەلیــەكان لــەو گوتەزایانــەی موعتەزیلەكان،كــە لــە هەمبــەر گفتوگۆكــەی نێــوان خــودا و(موســا)دەیانكرد،بێ دەنــگ نــەبوون و كەوتونەتــە جەدەلــەوە لەگەڵیانــدا و بۆچــونەكانیان لــەم بــارەوە ڕەتكردۆتــەوە و دوای ئــەوەی ئایــەتی(وَلَمَّـا جَـاءَ مُوسَـى لِمِيقَاتِنَـا وَكَلَّمَـهُ رَبُّـهُ قَـالَ رَبِّ أَرِنِـي أَنْظُـرْ إِلَيْـكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنِ انْظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَـرَّ مُوسَــى صَـعِقًا فَلَمَّــا أَفَــاقَ قَــالَ سُــبْحَانَكَ تُبْــتُ إِلَيْــكَ وَأَنَــا أَوَّلُ الْمُــؤْمِنِينَ)،[8] دەهێنن،دەڵــێن

---

[1] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٣٣٥_٣٣٦؛بڕوانە:(الاشعري:المقالات،٢٦٤/١)؛احمدشوقي ابراهيم:المعتزلة في بغداد،ص١١٢.

[2] الجويني:الارشاد،ص١٧٤.

[3] القیامـة/٢٢_٢٣.ماناكـەی ئایەتەكـە ئاوایـە **"لـەو ڕۆژەدا(ڕۆژی دوایی)ڕوخسـارگەلێك گەشـاوەو پرشـنگدارو شادن،چـونكە لـەخودای خۆیان دەڕوانن".**

[4] بڕوانـــە:(اللالكائي:شـــرح اصـــول الاعتقـــاد،٥١٣/٣_٥١٥)؛ابـــن تيميـــة:بيان تلبـــيس الجهميـــة،٣٤٩/١؛محمدحســـين الذهبي:التفسيروالمفسرون،٢٨٣/١؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص١٠١.

[5] بڕوانە:(الجويني:الارشاد،ص١٨٢)؛محمدعبده واخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص٥٧.

[6] القیامـة/٢٢_٢٣. ماناكــەی ئایەتەكــە بــەم شــێوەیە **"لـەو ڕۆژەدا(ڕۆژی دوایی)ڕوخسـارگەلێك گەشـاوەو پرشـنگدارو شادن،چـونكە لەخودای خۆیان دەڕوانن".**

[7] ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٨٦؛الغزالي:احياء علوم الدين،١٠٨/١؛بڕوانە:(الاقتصاد في الاعتقاد،ص٦٥_٧٠).

[8] الاعـراف/١٤٣.مانـای ئایەتەكـە **"كاتێك موسا گەیشتە ژوانگـە بـۆلای خـوداو وتووێـژی لەگەڵدا كرد،وتـی خودایـە خـۆتم پیشـان بـدە تـابتبینم،خوداش فــەرمووی،تۆمن نابینیت،بــەڵام ســەیری شــاخەكە بكــە ئەگــەر شــاخەكە لــە شــوێنی خــۆی نەجوڵا،ئــەوا تــۆش**

**کاتێك(موسا)گوێبیستی کەلامی ئیلاهی بوو موشتاقی بینینی بوو،بۆیە داوای لێکرد کە خۆی پێ پیشان بدات بۆئەوەی بیبینێت،پرسیارەکە ئەمەیە،ئەگەر بینینی خودا مەحاڵە کەواتە بۆچی(موسا)لەگەڵ ئەوەی پەیامبەری خوداشە داوای بینینی کرد؟بەلاّم ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خودا دەفەرموێت نامبینن(لن تراني)،مەبەست لێی بینینی دونیایە،کەناکرێت و مرۆڤەکان ناتوانن بەرگەی دیتنی بگرن،[1] وەگەرنا ئەم ئایەتە هێندەی دەلالەت لەبینینی خودا دەکات هێندە نەفی ناکات،بۆیە بە بەڵگە گرتنی ئەم ئایەتە ڕەتدانەوەی خودی خۆتانە نەك ئێمە،چونکە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرگیزو بەڕەهایی خودانابینرێت،بەڵکو مەبەستی نەفی بینینێتی لەدونیاداو چەسپاندنێتی لە ئاخیرەتدا.[2] هەروەك خودی خوداش داواکەی(موسا)ی بەڕەهایی ڕەت نەکردۆتەوە وەك ئەوەی کە داواکەی پەیامبەر(نوح)ی ڕەتکردەوەو فەرمووی(إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ)،[3] بۆیە خودا بە(موسا)ی نەگوت من هەرگیز نابینرێم(بینراو نیم و نابم)،بەڵکو فەرموی نامبینی(لن تراني)نەیگوت(لم تراني)کە ئەمەیان بەواتای نەبینینی ڕەهای خودا دێت لە هەردوو دونیاکەدا،چونکە(لم)ئامرازی(النفي وقطع وجزم)،هەروەك نابێت ئەوەنادیدە بگرین کە مرۆڤی ئەم دونیایە توانستی بینینی خودای بالاّی نیە،هەروەك خودی حەنبەلیەکان پێیان وایە ڕەدکردنەوەی داواکاریەکەی(موسا)لەلایەن خوداوە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە،ئەوەتا دەڵێن خودا ئەوەی پیشانی(موسا)دا کە شاخەکە سەرەڕای بەهێزی و جێگیربوونی و ڕۆچوونی بەناخی زەویدا ناتوانێت بەرگەی دەرکەوتنی تەجەللای خودا بگرێت لەم دونیایەدا،ئەی کەوایە چۆن مرۆڤەکان دەتوانن بەرگەی بینینی خودا بگرن کە خودا بەلاوازی دروستی کردون؟هەربۆیە کەخودا خۆی پیشانی کێوەکەدا و کێوەکە پارچە چارچە بوو نەیتوانی خۆی ڕابگرێت،خودا ئەوەی پیشانی موسادا کە مرۆڤەکان لەکێوەکان لاوازترن بۆیە بەرگە ناگرن و ناتوانن لە دونیایەدا بمبینن،[4] سەرباری ئەمە حەنبەلیەکان بەیەقینەوە دەڵێن خودا قسەی لەگەڵ موسادا کردوە و بانگی کردوە و گوێبیستی قسەی یەکتر بوون،بۆیە هەرکەسێك قسەبکات و قسەی لەگەڵدا بکرێت و گوێبیستی قسەو گفتوگۆی کەسانی تربێت بەبێ واسیتە،ئەوا بینینی لەپێشترە،هەربۆیە**

---

**دەتوانی من ببینیت،جاکاتێك خودا خۆی بۆشاخەکە دەرخست،شاخەکە وردبوو،موساش بورایەوەوکەوت،کاتێکیش هۆشی هاتەوە وتی،پاکی و بێگەردی بۆتۆ خودایە،بەپەشیمانی بۆلات دێمەوەو یەکەمینی بڕوادارانم".**

[1] الاشعري:الابانة،ص١٤٣؛ابن عساكر:تبين كذب المفترى،ص١٦٠؛ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٨٧؛النسفي:تبصرة الادلة،٥٩٥/١؛الباقلاني:الانصاف،ص٢٤، ٤٥؛العلامة الحلي:كشف المراد،ص٢٧٥؛الجويني:الارشاد،ص١٨٤.

[2] بڕوانە:(الشريف ابي القاسم:امالي المرتضى،١/ ٣٠؛صالح زين العابدين:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص١٤٦؛سعد روستم:الفرق والمذاهب الاسلامية،ص٨٥).

[3] هود/٤٦.مانای ئایەتکە**"ئامۆژگاریت دەکەم کە کارێك نەککەیت خۆت بخەیتە ڕیزی نەزان و گوناحکارانەوە".**

[4] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٥٧؛ابن تيمية:بيان تلبيس الجهمية،٣٩٨/١؛نصرحامد ابوزيد:الاتجاه العقلي،ص١٩٧؛عبداللطيف العكلوك:منهج المعتزلة في التوحيد،ص١٦٢.

ناتوانرێت نكـۆڵی بینـینی خـودا بكرێـت مەگـەر دوای دامـاڵینی سـیفاتی كـەلام لێـی كـە موعتەزیلـەكان نكۆڵی هەردوو وێستگەكەیان كردووە و لای ئێمەش هەردوو بۆچوونەكەیان مەردوودە.[1]

وێڕای ئەوانـەی خستمانە ڕوو حەنبەلیەكان بۆ پشت ئەستوركردنی دیدوبۆچونەكانیان بەوەی،كەخودا بەچاوی بین دەبینرێت،بەڵگەشیان لەفەرموودە هێناوە،ئەوەتا دەڵێن تەفسیری دەقی پیرۆزی:( لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ)،[2] لای پەیامبەر(د.خ)ئەوەیە،كـە دەفـەرمویت بـۆ ئەوانـەی چـاكەی زۆر دەكـەن لـەدونیادا بەهەشت پاداشتەكەیانە و لەوێشـدا خـودا دەبینن،بۆیـە(الزیـادة)مەبەسـت لێـی بینـینی ڕووبەڕووی خودایەو دوای ئەوەش توشی هیچ زەلالـەت و نادادیەك نابنـەوە،[3] بۆیـە كاتێك ئـەهلی بەهەشـت دەچـنە بەهەشـتەوەو ئەهلی ئاگریش دەچنە ئاگرەوە،بانگكەرێك بانگ دەكات و دەڵێت ئەی ئـەهلی بەهەشت ئێوە لەلایـەن خـوداوە بەڵێنێكتان پێ دراوە ئێستاخودا دەیەوێ بۆتانی جێبەجێ بكات،ئەوانیش دەڵێن ئەو بەڵێنە چیە؟ئەی مەگـەر تـەرازومانی قـورس نـەكردو ڕوخسـارمانی سـپی نـەكردو بەهەشـتی خـەڵات كـردین و لـەئاگر پاراسـتینی؛لـەو كاتـەدا پـەردە لەسـەر خـودا نامێنێـت و دەردەكەوێت،ئـەهلی بەهەشـتیش تەماشـای زاتـی خـودا دەكـەن و لەهەمووشـتێك لایـان خۆشـترە بەئەندازەیـەك كـە هـیچ شـتێكیان پـێ نـەدراوە لەسـەیركردنی خـودای خۆیـان خۆشتربێت بەلایانەوە،ئەمەش واتای(الزیادة)ی ئایەتەكەیە.[4] ئەمـەی خستمانەڕوو بـەواتای بینـینی خـودا و جێگیركردنــی دێــت نــەك لای حەنبەلیــەكان بەتەنها،بــەڵكو لای تــەواوی مسوڵمانان،چــونكە پەیامبــەری ئیسلام(د.خ)كە نامە هێنەری خودایە ئەمـەی چەسپاندوە،هەرئەمەش وایكردوە بڕوابوون بەمەسـەلەی بینین بەئیمان هەژمار بكرێت لای حەنبەلیەكان.شتی بینراویش نابینرێت تەنها ئەو كاتە نەبێت كە لـە ڕوویـەك یـان لایـەك یـان بەرانبـەری بینـەر بێـت بـۆ ئـەوەی ببینرێت،هەرلـەم گۆشـەنیگایەوە پێیانوایـە بـاوەڕداران لـەڕۆژی دواییدا خودای خۆیان بەچاوەكانیان دەبینن وەك چۆن خۆری بێ هـەور دەبینن(واتـە ئـاوا بـەڕوونی)و مـانگ دەبیـنن لەشـەوی بـەدردا،ئاواش خـودای بـالاَّ لەسـەر عەرشـی ڕۆژی دواییـدا دەبینن،ئەمـەش دوای ئـەوەی كـە دەچـنە بەهەشـتەوە(بۆیە خـۆر و مانگیشیان بـە نمونـە هێناوەتەوە،چـونكە ئـەو دوانـە باشـترین و ڕوونتـرین بینراوەكـانی ئـەم دونیایـەن؛كـە لـە سـەروی مرۆڤایەتیـەوەن و تـەواوی مـرۆڤ دەیانبینێـت)،[5] دیـارە ئـەم

---

[1] ابـن ابـي العز:شـرح العقيـدة الطحاويـة،ص١٥٧؛مصـطفى بـن محمد:اصـول والتـاريخ الفـرق،ص٤٢٩؛عبـداللطيف الحفضي:تاثيرالمعتزلة،ص٥٨.

[2] یـونس/٢٦.مانـای ئایەتەكـە واتـە**"بـۆ ئەوانەشـی كـە چـاكە دەكەن،پاداشـتی زۆربـاش و بەهەشـت هەیـە(وزیـادة)ش واتـە:بینینی ڕووی خودا و تەماشاكردنی".**

[3] احمـدبن حنبـل:الردعلى الجهميـة،ص٧٦؛شـرح الاصـول السـنة،ص٥٦، ٦٠؛الـدارمي:الرد،ص١٠٠_١٠١؛ابـن منـدة:الردعلى الجهمية،ص٩٥_٩٦؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٥٠٥/٣.

[4] احمـدبن حنبل:المسـند،٣٣٢/٤،يان(بـاب بـاقي مسـند الأنصـار،حديث صـهيب رضـي الله عنـه)،رقم الحـديث(٢٣٤٠٧)؛صـحيح مسـلم،كتاب الإيمان،باب(إثبـات رؤيـة المـؤمنين في الآخـرة ربهـم سـبحانه وتعـالى)،رقم الحـديث(٤٦٧، ٤٦٨)؛سـنن الترمـذي، كتـاب صـفة الجنـة،باب(مـا جـاء في رؤيـة الـرب تبـارك وتعـالى)،رقم الحـديث(٢٥٥٢)؛سـنن ابـن ماجـة،كتاب المقدمـة،باب فيمـا أنكـرت الجهميـة،رقم الحديث(١٩٢).

[5] ابـن تيميـة:مجموع الفتـاوى،٩٦/٣؛منهـاج السـنة،٣٣٢/٢؛بيـان تلبـيس الجهميـة،٣٥١/١_٣٥٤؛بڕوانـە:(اللالكائي:شـرح اصـول الاعتقاد،٥٢١/٣_٥٢٥؛عبدالله امين:دراسات في الفرق والمذاهب،ص٣٦٧).

گوتەزایانەشیان دەق گرتووی ئەو فەرمودەیەی پەیامبەرە(د.خ)(انکم سترون ربکم کماترون القمر لاتضامون في رؤيتـه)،[1] کـە(ابن حنبـل)یش لـەکاتی جەدەلیـدا لەگـەڵ موعتەزیلەکانـدا و لەبـەردەم خەلیفە(المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز)دا بەبەڵگەی بینـینی خـودا هێنایـەوەو بەرپەرچـی موعتەزیلـەکانی پێدایـەوە،[2] و پێیانوایە،کە مەبەست لەم فەرمودەیە ئەوەیە مرۆڤەکان دوای مردنیان و چونەبەهەشتەوە بەچاوەکانی خۆیان خـودای دەبینن،ئەمـەش هـیچ تەفسـیرێکی دیکـە هـەڵناگرێت جگەلـەوەی کـە باسمـانکرد،[3] لـەم گۆشـەنیگایەوە(ابن حنبل)بـاس لـەوە دەکـات کـە گەشـتوون بـە گشـتەی خـەڵك و بینیویانە،کـە نکـۆڵی فـەرموودەکانی بیـنین(الرؤیـة)یـان نەکردوە،بـەڵکو بەگشـتی قسـەیان تێـدا دەکـرد و نەدەچـوونە نـاواخنی بابەتەکەوەو چۆن لە فەرموودەکەدا هاتبوو هەر بەوتەرزە باسیان لێوە دەکرد بـەبێ ئـەوەی هیچ گومـان و دوو دڵیـەکیان لادروسـت بێـت.[4] هـەروەك دوای ئـەوەی موعتەزیلـەکان فەرمودەیـەکی پەیامبـەریان(د.خ) وەکـو بەڵگـەی نـەفی بینـینی خـودا لـەدونیاودوارۆژدا هێنـا کـە(ابـي الزبیر)لـە(جابر بـن عبـدالله)ەوە دەیگێڕێتـەوە پەیامبەر(د.خ)فەرموویـەتی"هیچ کەسـێك خـودا نابینێـت نەلـەدونیاداو نەلـەرۆژی دواییـدا")،[5] (ابـن تیمیة)ڕەتیاندەداتـەوەو دەڵێت(ابن حنبل)هاوڕا لەگەڵ ئەهلی سوننەو پێشینانی خۆیان پێیانوایە کە هیچ کـەس خـودای بەچـاوەکانی خـۆی نـەبینیوەو ئەمـەش لەفـەرمودەدا هاتووەو،لەپەیامبەرەوە(د.خ)ئەمـە چەسپێنراوە کاتێك دەفەرمویت(بزانن هیچ کەس لەئێوە خودای خۆی نابینێت تاکو دەمرێت)،[6] ئەمەش بەو واتایـە دێـت کـە لـەوادەی لیقـادا خـودا دەبینرێـت و نکـۆڵیش لەوڕاسـتیە ناکرێـت(وەکو پێشـتر باسمانکرد).ئـەوەتا حەنبەلیـەکان لەوبڕوایـەدان کـە بـاوەڕداران لـە بەهەشـتدا خـودای خۆیـان بەچـاوەکانیان دەبیـنن بـەبێ چـۆنێتی و لێکچـواندن و دەستنیشـان کردن،هـەروەك چـۆن لـەقورئان و فـەرمودەداهاتووەو باوەڕپێکردنیشـی ئامـاژەو بەڵگەیـە بۆعەقڵمەنـدی،[7] هەرلەبەرئەمەیـە کـە(ابو موسـی المردار)وەکـو بەرپەرچدانەوەیەك بۆحەنبەلیـەکان دەڵێت هەرکـەس پێیوابێت خودا بە چاو دەبینرێت بـەبێ چۆنێتی ئـەوە کافروبێ باوەڕە.[8] جگە لەمەش موعتەزیلەکان سنورداریی بینینی چاوی مرۆڤیان بەبەڵگەی نەبینینی خودا

---

[1] صحيح البخاري،كتاب مواقيت الصلاة،باب(فضل صلاة العصر)،رقم الحديث(٥٥٤)؛صحيح مسلم،كتاب المساجد ومواضع الصلاة،باب(فضل صلاتي الصبح والعصر والمحافظة عليهما)،رقم الحديث(١٤٦٦)؛مسندالامام أحمد بن حنبل، أول مسند الكوفيين،ومن حديث جرير بن عبد الله عن النبي صلى الله عليه وسلم،رقم الحديث(١٨٧٠٨).واتە **"ئێوە خودای خۆتان دەبینن وەك چۆن مانگ دەبینن بەڕوونی".**

[2] ابن حزم:الفصل،٢/٣؛ابن الجوزي:مناقب،ص٥٢٦_٥٢٧؛ابن قدامةالمقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٨٦؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،ل١٠٢.

[3] بڕوانـە:(ابـن ابـي العز:شـرح العقيـدة الطحاويـة،ص١٥٩؛ابـن قتيبـة:تاويل مختلـف الحـديث،ص٤٠٧_٤٠٨؛حسـن ابـراهيم حسـن:تاريخ الاسلام،٢٢٣/٣).

[4] ابن تيمية:بيان تلبيس الجهمية،٣٤٩/١؛علي بن سعد الضويحي:آراء المعتزلة،ص١٠٣.

[5] القاضـي عبدالجبار:شـرح الاصـول الخمسـة،ص٢٧٠؛نصـرحامد ابوزيـد:الاتجاه العقلـي،ص٢٠٢؛عبدالسـتارالراوي:ثورة العقل،ص٢٥٤؛انشادمحمدعلي:دراسات حديثية في العقيدة،ص٤٢٨.

[6] صـحيح مسـلم،كتاب الفتن،بـاب ذكـرابن صـياد،رقم الحـديث(٧٥٤٠)؛سـنن الترمـذي،كتاب الفتن،بـاب مـا جـاء في علامـة الـدجال،رقم الحـديث(٢٢٣٥)؛مسـند أحمـدبن حنبل،بـاقي مسـند الأنصـار،حديث عمـر بـن ثابـت الأنصـاري،رقم الحـديث(٢٣١٦٠)؛ابـن تيميـة:منهاج السنة،٣٨٧/٥.

[7] الباقلاني:الانصاف،ص١٣٧.

[8] الخياط:الانتصار،ص٦٧_٦٨؛بڕوانە:( الاشعري:المقالات،٢٦٤/١)؛عبدالستار الراوي:ثورة العقل،ص٢٥٩.

**دەدایــە قەڵــەم و پێیــانوابوو چــاوی مــرۆڤ تــەنها شــتی ســنوردار دەبینێت،بۆیــە حەنبەلیــەکان بــەوە ڕەتیانداوەتەوە،کـە ئـەو بینینــەی مەبەسـتمانە بینـینی هەسـتەکی نیە،بـەڵکو خـودا لـەدواڕۆژدا بـەهێزێك دەبینرێت کەهەمان هێزی چاوی مرۆڤەکانی دونیانیە،بەڵکو ئەوهێزە هێزێکە خودا بەمرۆڤەکانی بەهەشتی دەبەخشێت(چاوی مانەوە)،کە هەندێك بەهەستی شەشـەم ناوی دەبەن.[1] لەمەوە دەگەیـنە ئەو باوەڕەی کە خـودا لـەڕۆژی دواییـداو بەچـاوی سـەر و بـە شـێوازێکی حـەقیقی دوور لـەخوازەو مـەجاز دەبینرێـت و ئـەو چاوەشی کە دەیبینێت چاوی مانەوەی بەهەشتیەکانە،ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە حەنبەلیەکان ئەوەی لە دەقی بنەڕەتیدا هاتووە بێگومان کردن و شرۆڤەکاری و لێکدانەوەی بڕوایان پێ هێناوە.**

---

[1] ابن حزم:الفصل،٣/٨؛بڕوانە:(احمدبن حنبل:شرح الاصول السنة،ص٦٣)؛رابحة نعمان توفیق:مشكلة ذات،ص٢٧١_٢٧٢.

## تەوەری چوارەم: مەسەلەی لەسەر عەرش بوون و بالأبوونی خودا

### یەکەم:مەسەلەی لەسەر عەرش بوونی خوداو بالأبوونی لای موعتەزیلەکان.

جیاوازیەکی زۆر لەنێو گروپ و تەیارە فیکریە ئیسلامیەکاندا لەهەمبەر شوێنی خوداو لەسەرعەرش بوون یان نەبوونی هەبووەو هەیە،دیارەئەمەش زادەی تێڕوانین و خوێندنەوەو ڕاڤەی ئەو دەق و بەڵگەو ئیستدلالاتە نەقڵیانەن کە ئاماژە بەم بابەتە دەکەن جائیتر قورئان بێت یان فەرموودە،هەندێکیان بەتێگەیشتن لە ڕواڵەتی دەق فیکریان تێرکردوەو بێدەنگ بوون،هەندێکیش بۆماناو دەلالەتە شاراوەکانی پشت دەقەکان گەڕاون و ژیری و عەقڵیان کردوە بەسەنتەری هەڵهێنجانی(الاستنباط)ئەوماناشاراوانە.یەك لەوبابەتانەشی کە جەدەلێکی زۆری لەبارەوە کراوە مەسەلەی لەسەرعەرش بوونی خودایە.

بۆئەم مەبەستەش تەواوی مسوڵمانان کۆڕان لەسەرئەوەی،کە خودا بەرزو بڵندەو لەسەروی بوونەوەیە،ئەمە لەدەقی بنەڕەتییشدا پشتڕاست کراوەتەوە کە خودا دەڵێت(سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى)،[1] واتە خودا فەرمان دەکات بەناوی بەرزی و بڵندیەوە تەسبیحاتی بکەن،بێگومان خوداش لەگەڵ بەرزیەکەیدا زاڵ و دەست ڕۆیشتوو و بڵندە بەسەر کۆی بڵندەکاندا(ئەوانەی دەکرێت سیفاتی بڵندیان وەپاڵ بدرێت)،چونکە بەرزی و بڵندی سیفاتێکی ستایش کراوە بۆخودا لای هەمو خاوەن ژیرەکان،ئەمەش جێگیربووە،کە خودا بەزاتی خۆی و بەسیفاتی خۆی بەرزوبالأیە،[2] بەلأم موعتەزیلەکان باوەڕیان بەم تەرزە باوەی لەسەر عەرش بوونی خودا نەبوو،بۆیە دەیانگوت ئێمە دەست بەئایەتەکانی پاك ڕاگرتنی خوداوە دەگرین و ڕاڤەوشیکردنەوەی بۆدەکەین و ڕونی دەکەینەوەو ڕووبەڕووی ئایەتەکانی دیکەی وەکو ئایەتی(الاستواء _ ڕاوەستانی خودا لەسەر عەرش) و (الجهة _ ئاراستەکان)دەکەینەوە و تەئویل و خودشیکاری بۆدەکەین بەوچەشنەی،کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ ئایەتەکانی تەنزیهدا نەك پێچەوانەی،چونکە ئیسلام ئاینی یەکخواپەرستی وپاك ڕاگرتنێتی،[3] ئەمەش تێڕوانینی جیاواز و تایبەتی موعتەزیلەکانمان پیشان دەدات لەهەمبەر مەسەلەی لەسەرعەرش بوونی خودا،لەو تێڕوانینەشیاندا دوو بەش بوون،بەشێکیان لەتەئویل کردنی ئایەتەکاندا دەیانەوێ مەبەستێکی دیاریکراو هەڵهێنجێنن،بەوەی کە مەبەست لە لەسەرعەرش بوونی خودا(الاستواء)واتای دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردن(استولى)دەدات(لەڕاستیدا سیفاتی داگیرکردن دوورە لەخوداوە،چونکە دەست بەسەرداگرتن بەرمەبنای ڕکابەرێتیە و هەرلەئەزەلەوە تائەبەد هیچ کەس نەیتوانیوە و ناتوانێت و نەبوەو نابیت،کە دووبەرەکی و ڕکابەرێتی بکات تاکو خودا بەسەریدا سەرکەوێت و دەست بەسەر ئەملاکیدا بگرێت،بۆیە ئەم بۆچوونە مەردوودە)یاخود واتای پایەبڵندی و مەکانەت و دەسەلأتدارێتی دەدات،یان بەواتای بەکۆتا هاتنی دروستکراوەکانی دێت و لەدوای عەرشەوە هیچ

---

[1] الأعلى/١.مانای ئایەتەکە بەم چەشنەیە **"هەمیشە بە پاکی یادی پەروەردگاری بەرزو بڵندی خۆت بکە"**.

[2] ابن القيم:اجتماع الجيوش،ص٩٢، ٢٩٩؛بڕوانە:(ابن تيمية:مجموع الرسائل،٢١٠/١_٢١١).

[3] احمد امين:ضحى الاسلام،٢٣/٣.

**شتێکی دیکە بوونی نیە.بەشەکەی تریشیان دەڵێن خودا زانایە بەوەی کە ویستی لێیەتی،بەڵام دەزانین،کە خودا نەیویستووە سیفاتێك بداتە پاڵ خۆی لەسیفاتە دەرەکیەکان،بەڵکوتەواویان پەیوەستی خودی زاتی خۆیەتی،[1] هەر لەڕوانگەی بە دەست بەسەرداگرتن و زاڵ بوون زانینی واتای(الاستواء)موعتەزیلەکان ئەوەی،کە لەزمانی عەرەبیدا ناسراوو بەناوبانگە بەبەڵگە دێننەوە بۆقسەکانیان و دەڵێن واتای لەسەرعەرش بوونی خودا(الاستواء)دەست بەسەرداگرتنی پەتیە،خۆ ئەگەر ئەمەش وانەبێت کە خودا دەستی بەسەر جیهاندا گرتووە ئەی کەواتە بۆچی عەرشی تایبەت کردوە بەخۆی؟جاموعتەزیلەکان دەڵێن لەبەرئەوەی عەرش گەورەترین بەدیهێنراوی خودایە بۆیە تایبەتی کردوە بەخۆی،جگەلەمەش دەکرێت عەرش واتای موڵك بدات،[2] بەم پێیەش بێت عەرش ناوێکی خوازەکیە(مەجازی)بۆ مەبەستێکی دیکە،کەئەویش موڵکداری و دەست بەسەرداگرتن و زاڵ بوون و باڵابوونی خودایە بەسەر تەواوی بوونەوە نەك لەسەر عەرش بوونێکی حەقیقی زاتی ئیلاهی.**

**سەرباری ئەوەش موعتەزیلەکان ڕاڤەی دەقی(الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى)[3] یان بەم شێوەیە دەکردو لایان وەهابوو لەسەرعەرش بوونی خودا(الاستوى)مەبەست لێی تەختی پاشایەتی ئیلاهیە(واتە عەرش وێنایەکە بۆ پاشایەتی خودا،هەروەك چۆن تەخت هێمایە بۆپاشایەتی و دەسەڵات)،ئەمەش هاو واتای تەختی پاشایەتی مرۆڤەو هێما یان درکەیە(کنایة)بۆ پاشایەتی،بۆیە کە دەگوترێت فلان لەسەرعەرشە مەبەست لێی ئەوەیە کە بۆتە پادشاو دەسەڵاتی بەدەست گەشتووە ئەگەرچی هیچ کاتێکیش لەسەرتەخت دانەنیشێت،[4]ئەمە بۆخوداش هەر ڕاستە،کەدەگوترێ خودا لەسەرعەرشە واتای دەسەڵاتداری دەگەیەنێت،هەر لەبەر ئەمەیە موعتەزیلەکان وای بۆدەچن کە(الاستواء)واتای داگیرکردن(الاستیلاء)بدات و دەڵێن ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە بڵێین کەسێك دەستی بەسەرشارەکەدا گرت،واتا بە خورتی(تۆپزی)داگیری کرد[5] و لەخاوەنە یەکەمیەنەکەی سەند(کە لەڕاستیدا عەرش هیچ خاوەنێکی نەبووە و نیەو نابێت جگە لەخودا و هەربەخاوەنی دەمێنێتەوە)،هەروەك هەندێکی دیکەی موعتەزیلەکان دەڵێن ئەو ئایەتەی خودا(الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى)بەو واتایە دێت،کە خودا دوای دەست بەسەرداگرتنی عەرشی کردوە بەموڵکی خۆی و زاڵ بووە بەسەریدا،ئەمە سەرباری بڕوابوونیان بەوەی کە خودا**

---

[1] بڕوانە:(ابن حزم:الفصل في الملل والاهواء والنحل،٢/٢٩٠؛ابن قدامةالمقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٦٤)؛هادي طالبي:ابوالحسن اشعري بين المعتزلة وسلف،ص٦٣.

[2] بڕوانە:(القاضي عبدالجبار:المختصرفي اصول الدين،ص٣٣٢_٣٣٣؛شرح الاصول الخمسة،ص٢٢٦)؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢٠٦؛احمدشوقي ابراهيم:المعتزلة في بغداد،ص٩٦.

[3] طه/٥.واتا **"خودای میهرەبان لەسەر تەختی پاشایەتی(عەرش)ی خۆی وەستاوە(بەشێوازێك کەشایستەی خوایەتیەکەی بێت بەبێ ئەوەی ئێمەش چۆنێتیەکەی بزانین)".**

[4] الزمخشري:الكشاف،٤/٦٧؛احمدامين:ضحى الاسلام،٣/٢٥؛ياسرقاضي:مقالات جهم،٢/٥٦١.

[5] ابن تيمية:مجموع الرسائل،١/٢١١_٢١٢؛محمدعبدة وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص٥٢.

لەهــەموو شــوێنێکدا هەیــەو نکــۆڵی لەســەرعەرش بــوونی دەکــەن.[1] ئەمــە وێــڕای ئــەوەی کــە(قاضــي عبــدالجبار)ڕاڤــەی ئــەم ئایەتــەو تێڕوانینــەکانی لەهەمبــەر لەســەرعەرش بــوونی خــودا بــەم شــێوەیە دەخاتــە ڕوو دەڵێــت(الاســتوى)لەئایەتەکــەدا واتــای وەســتان و بــەپێوە بوون،ئــەم دووســیفاتەش ســیفاتگەلێکی تایبــەت بــە جەســتەن(تەن)،ئەگەر ئەمــەش وابێــت کەواتــە خــودا تەنــە و پێویســتە جەســتەبێت،ئەمەش دووره لەڕاســتیەوە و پوچە(چــونکە ناکرێــت خــودا تــەن یــاخود جەســتەبێت).[2] جگــە لەمــە موعتەزیلــەکان چــەندین دەقــی پــیرۆزی دیکــەیان تــەئویل کــردوە کــە دەلالــەت لــەبالأبوونی خــودا دەکــەن لەســەرووی بوونەوە،لەوانــەش(سَــبِّحِ اسْــمَ رَبِّــكَ الْــأَعْلَى)،[3] کــە لەڕوانگــەی ڕاڤــە خودیــەکانی ئەوانــەوە واتــای توانــاداری و دەســتبڕۆیی ڕەهــای خــودا دەدات نــەك واتــای بەرزوبڵنــدی شــوێنەکەی و لەســەرعەرش بــوونی.[4] بــەلاّم لەڕاســتیدا مەبەســت لــەم ئایەتــە بــالأبوونی خودایــە بەســەر تــەواوی بوونــەوە بــەجیهانی ئایــدیالی و میتافیزیقــەوە لــە فەراهــەمهێنراوەکانی و خــودی خــوداش فــەرمانڕەواو دەســەلأتداری ڕەهایــە لەســەرتەرزو وێنایــەکی ئیلاهــی درکپێنــەکراوی جیالــە فەرمانداری مرۆڤایەتی و دروستکراوەکانی.

هــەروەها موعتەزیلــەکان نکــۆڵی بەرزوبڵنــدی خودایــان بەســەر بەدیهێنراوەکانیــەوە کــرد بــەبیانووی ئــەوەی کــە ئــەوە پەیوەســتی دەکــات بەشــوێنەوە وخــوداش هــیچ شــوێنێك پەیوەســتی نــەکردوە و ناکــات بەخۆیــەوە و هــیچ ســنورێکیش ســنوری بۆنەکێشاوە(چــونکە خــودا ناشــوێنە)،هەربۆیە ئەگــەرپێمان وابێــت خــودا لەشــوێنێکدایە،کەواتە بــوونی خودامــان لــە نــاو شــوێنێکی دروســتکراودا ســەلماندوە کــە ئــەویش ئاراســتە و شــوێنە(الجهــة)،[5] هۆکــاری ڕەتکردنــەوەی ئاراســتە(الجهــة)ی خــوداش لای موعتەزیلــەکان دەرهاویشــتەی ئــەو باوەڕەیانــە کــە ئەگــەر بوترێــت ئاراســتەی(الجهــة) هەیــە کەواتــە پێویسـتە بڵــێین شوێنیشــی هەیە،شــوێنیش بــوونی جەســتە و تــەن پێویســت دەکــات و خــوداش بــەدورە لەمانە،کەواتــە هــەموو ئەمانــە کــە(الجهــة)بــەدوای خۆیــدا هێناویــەتی پێویســتە تــەئویل و ڕاڤــەی خودیــان بۆبکرێــت،[6] وەکــو(وَيَحْمِــلُ عَــرْشَ رَبِّــكَ فَــوْقَهُمْ يَوْمَئِــذٍ ثَمَانِيَــةٌ)،[7] چــونکە ئەوانــە هیچــیان حەقیقــەتی ڕەهایــان نیە،بــەڵکو خوازەن(مەجازی).ئەمــەو موعتەزیلــەکان هەربەوچەشــنە هەرچــی ئایــەتێك باســی بــەرزی خــودا و پایەبڵنــدی کردبێــت تــەئویلیان کــردوە بۆخزمــەتی عەقڵکاریــەکانیان،وەکو(يَخَــافُونَ

---

[1] الاشـــعري:الابانة،ص١٠٨؛ابـــن تيميـــة:مجموع الفتـــاوى،١٤٤/٣؛ابـــن القـــيم:المختصـــر،٨٨٨/٣؛منيـــف عـــايش العتيبي:اثرالفكرالاعتزالي،١٠٣٧/٣؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص٨٨.

[2] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٢٢٦.

[3] الاعلى/١.ماناکەی**"هەمیشە بە پاکی یادی پەروەردگاری بەرزو بڵندی خۆت بکە"**.

[4] الزمخشري:الكشاف،٣٥٦/٦؛عبداللطيف الحفضي:تاثيرالمعتزلةفي الخوارج والشيعة،ص٤٤.

[5] محمدعبدة وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص٥٢.

[6] احمدامين:ضحى الاسلام،٢٦/٣؛بڕوانە:(علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢٠٧).

[7] الحاقة/١٧.ماناکەی**"لەو ڕۆژەدا هەشت فریشتە عەرشی پەروەردگاری تۆ هەڵدەگرن لە ژووری هەموو فریشتەکانی ترەوە"**.

رَبَّهُـمْ مِـنْ فَـوْقِهِمْ)،[1] جاموعتەزیلـەكان دەڵـێن ئەگـەر ترسـەكە لـەم ئایەتـەدا پەیوەسـت بێـت بـە(مـن فـوقهم)ئـەوە واتـای ئەوەیـە كـە خـودا لەسـەر سـەریانەوە سـزایان بـۆ دەنێرێـت،خۆ ئەگـەر پەیوەسـتی(بـربهم)بێـت ئـەوكات واتـا لەوخودایـە دەترسـن كـە لەسـەرویانەوەیەو دەسـەڵاتدارو بەتوانایە.[2]

وێـڕای ئـەوەی موعتەزیلـەكان نـەفی لەسـەرعەرش بـوون و بـاڵابوونی خودایـان بەسـەربوونەوە كردوە،لەهـەمان كاتیشـدا نـەفی ئـەوەیان كردوە،كـە خـودا تایبەتمەنـدبێت بەشـوێنەوە و شـوێن سـنوری بۆبكێشـێت و سـنورداری بكات،ئـەوەتا هەنـدێك لەموعتەزیلـەكان دەڵـێن خـودای تـەعالا لـەهیچ شـوێنێكدا نیە،بـەڵكو لەسـەر شـتێكە كـە لەسـەربوونی نادرێتـە پـاڵ و نیەتی(واتـە بـە مـەجازی)،[3] هـەروەك هەنـدێكی دیكـەیان دەڵێن،كـەدەوترێت خـودا لەهـەموو شـوێنێكدایە بـەواتای ئەوەدێت،كـە پـارێزەرو بەڕێوەبـەرێتی و زانایـە بـەوەی كـە تێیدایە،بەڕێوەبـەرێتی خـوداش بۆتـەواوی شـوێنەكان گـوتنی ئەوگوتەزایانـەمان لاپێویسـت دەكـات كـە بڵـێن خـودا لـە ناو(مزگـەوت ، گـەرماو ، لەنێوسـكی ئافرەت)یشـدا بـوونی هەیە،چـونكە خـودا شـارەزایە بـە هـەموو ئـەو شـوێنانە و بەڕێوەبەریانـە،[4] هەرلـەم بارەیـەوە (ابـن حزم)ئامـاژە بـەوە دەكـات موعتەزیلـەكان بڕوایـان وایـە كـە ئەگـەر خـودا لەشـوێنێكدا بێـت یـان ئـەوەتا خـاوەن جەسـتە و تـەن بێـت یـانیش عـەرەز(بوونێكی كاتی)بێـت و لـە شـوێنێكدا بێـت و شـوێنیش دەوری دابێـت لـە هەموولایەكەوە،بـەڵام حەنبەلیـەكان ئەمـە بـەبێ بنـەماو دوور لـەزاتی دەزانن،چـونكە خـودا بۆخـۆی دەوری شـتەكانی داوە نـەك بپێچـەوانەوە،[5] ئـەم بـاوەڕەی موعتەزیلـەكان سـەری كێشـا بۆئـەوەی كـە هەنـدێكیان بڵـێن خـودا لەهـەموو شـوێنێكدایە تەنانـەت لەنیوگـژووگیاو لـەوەڕی ئاژەڵیشـدا،لە(بشرالمریسـي)دەپرسـن تەنانـەت خـودا لـەنێو سـكی گوێدرێژەكەشـتدایە؟دەڵێت بـەڵێ.[6] لەمـەوە دەگەینـە ئـەوەو دەتـوانین بڵـێین موعتەزیلـەكان بـە جۆرێـك لـەجۆرەكان باوەڕیـان بـە توانـەوەی خـودا لـە گـەردوون و بوونـدا هەبوەوهەیە،مەبەستیشـیان لـەوەی كـەخودا لەهـەموو جێگایەكدایـە بـەو واتایـەدێت كـە خـودا سـنورێكی دیـاریكراوی نیـەو هـیچ شـتێك بەربەسـت نەبوەونیـەونابێت لـە بەردەمیدا،كـەدەڵێن شـوێنێكی دیـاریكراوی نیـە وێـڕای ڕەتكردنـەوەی لەسـەر عـەرش بـوونی زاتـی ئیلاهـی؛مەبەستیشـیانە ئـەو پەیامـە بـەگوێی كۆمـەڵگای ئیسـلامیدا بـدەن كە خودا لەهەموو جێگایەكدایەو ئاوێتەو تواوەی بوونەكانی دیكەی گەردونە.

سـەرباری ئەوانـە هەنـدێك لـە حەنبەلیـەكان یـەك لەگوتـەزاكانی دیكـەی موعتەزیلـە كەناتەبایـە بـە بـاڵابوون و شـوێنی خـودایی دەگێڕنـەوە و دەڵـێن موعتەزیلـەكان لەوبڕوایەدان،كـە خـودا لـە شـتەكانی

---

[1] النحـل/٥٠.مانـای ئایەتەكـە بـەم شـێوەیە **"لـە پـەروەردگاریان دەترسـن كـە لەسەروویانەوەیە(مەبەسـت فریشتەكانە،دەترسـن لـە سزای خودا،بۆیە هەرفەرمانێكیان پێ بكرێت ئەنجامی دەدەن)".**

[2] الزمخشري:الكشاف،٣٤٤١؛احمد محمود الصبحي:في علم الكلام،ص١٢٧.

[3] بڕوانە:(ابن حزم:الفصل،٢٩١/٢؛غالب علي عواجي:فرق الاسلامية تنتسب الى الاسلام،٢٠٦/٣).

[4] البغدادي:اصول الدين،ص٩٩؛الاشعري:المقالات،٢١٧/١؛النسفي:تبصرة الادلة،٣٢٧/١؛محمدعمارة:المعتزلة ومشكلة،ص٥٦.

[5] الفصل،٢٩١/٢؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلاميةالاسلامية،ص٢٠٧.

[6] ابن العمراني:الانتصار،٦٠٩/٢؛بڕوانە:(السفاريني:لوامع الانوار،١٩٨/١).

**بووندا هاوشێوەی نیەو وەك چۆن لەسەر عەرشە ئاواش لە ژێرحەوت چینی زەویشدا بوونی هەیە و هیچ شتێکی بوون نیە کە خودای لەخۆنەگرتبێت هەروەك چۆن هیچ شوێنیکی تایبەت نیە خودای تێدابێت و لەشوێنەکانی دیکەدا بوونی نەبێت،[(١)] هەرلەم بارەیەوە نەفیکارانی سیفاتەکانی خوداو لەنێویشیاندا موعتەزیلەکان دەڵێن خودا بوونی هەیەو پەیوەستە بەزاتی خۆیەوە و نەلەناوجیهاندایەو نەلەدەرەوەی،نە جیابۆتەوە لێی و نەلە ناویشیدا دەژێت،نەهیچ شتێکی لێ نزیك دەبێتەوە و نەلە هیچیش نزیك دەبێتەوە و هیچ شتێکیش بەرزنابێتەوە بۆلای خوداو لەویشەوە هیچ دانەبەزیوە،[(٢)] ئەمە والەموعتەزیلەکان دەکات بڵێن زاتی خودا پاك و دورە لە هەموو سنورو شوێن و ئاراستەیەك،مەبەستیشان لەمە ئەوەیە،کە خودا نەلەناو بەدیهێنراوەکانیدایە نەجیایەو لە دەرەوەیاندایە،لەسەروی ئاسمانەکان و لەسەرعەرشیش نیە و پەیامبەری ئیسلام(د.خ)عروجی نەکردوە بۆلای خودا و دەستەکانیش لەکاتی دوعاکردندا بۆلای خودا بەرزناکرێنەوە،بەڵکو ئەوە تەنها هێمایەکی مەجازیە بۆنزاکردن.[(٣)] هەروەك دەشڵێن مسوڵمانان لەرۆژی دواییدا خودا لەسەروی خۆیانەوە نابینن،بۆیە پەسەندنیە بەپەنجەکانیش ئاماژە بۆخودابکرێت لەسەرەوە.[(٤)] ئەمەش پێچەوانەی تێروانینی حەنبەلیەکانە کە پێیانوایە خودا بالأیەو لەسەرووی دروستکراوەکانێتی. بەلأم بە بڕوای ئێمە ئەم تێگەیەی موعتەزیلەکان تائەندازەیەك نادروستە،چونکە هەر لەڕوانگەی عەقڵگەراییەکەیانەوە موعتەزیلەکان چەندین ئایەت و فەرمودە ڕەتدەکەنەوە،ئەوەتا بەوگوتەزایەیان،کە دەڵێن خودا لەهیچ شتێك نزیك نابێتەوە دەقی(وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ)،[(٥)] ڕەتدەکەنەوە(مەبەست لێی ئەوەیە،کەخودا بەزانستەکەی لەگەڵ مرۆڤەکاندایەو لە شاڕەگی دەماری گەردەنیان لێیان نزیکترە،موعتەزیلەکانیش ئەمە ڕەتدەکەنەوە)،بەو گوتەیەشیان،کە پێیانوایە هیچ شتێك بەرزنابێتەوە بۆلای خودا ئایەتی(تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ)،[(٦)] ڕەتدەکەنەوە،ئەمەسەرباری ڕەتکردنەوەی عروجی پەیامبەر(د.خ)،بەواتایەکی دیکە تەواوی ئەو ئایەت و فەرمودە و بەڵگە نەقڵیانەیان ڕەت دەکردەوە،کە لەگەڵ ژیری مرۆڤدا ناکۆك و ناتەبا بوایەو فەزڵی عەقڵیان دەدا بەسەر نەقڵە ناکۆکەکان بەژیریان.**

**هەروەها موعتەزیلەکان هەرلەوگۆشەنیگایەی کە لەسەرعەرش بوون و بالأبوونی خودایان دەخستە بەرنەشتەری عەقڵ و پرسیارەوە و ڕاڤەی خودیان بۆ بابەتە جیاوازەکان دەکرد،بەهەمان**

---

[(١)] احمد بن حنبل:الرد على الجهمية،ص٩٨، ١٤٣؛ابن مندة:الردعلى الجهمية،ص٢٤؛ابن القيم:اجتماع الجيوش،ص٣١٦_٣١٧.

[(٢)] ابن القيم:شفاء العليل،ص٣١٨؛ابن تيمية:منهاج السنة،١٤٧/٢.

[(٣)] ابن تيمية:درء تعارض عقل والنقل،١١/٢؛السفاريني:لوامع الانوار،١٩٠/١، ١٩٣؛ناصرالعقل:الجهميةوالمعتزلة،ص١٧٩؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢٣٨.

[(٤)] ابن القيم:اجتماع الجيوش،ص٨٩.

[(٥)] ق/١٦.واتا **"ئێمە لە شاڕەگی دەماری دڵی کە دەکەوێتە ڕاست و چەپی گەردەنی؛نزیکترین".**

[(٦)] المعارج/٤.ماناکەی **"فریشتەکان و جوبریل بەرز دەبنەوە بۆلای خودا،لەڕۆژێکدا(قیامەت)کە پەنجاهەزارساڵ درێژە(بە هەژماری مرۆیی)".**

تــەرز ڕاڤــەیان بــۆ دەقــی(وَسِــعَ كُرْسِــيُّهُ السَّــمَاوَاتِ وَالْــأَرْضَ)،[1] كــردوە و پێیانوایــە كــە دەگوترێــت كورســی خــودا لەئاسمانــەكان و زەوی درێــژترووپانترە مەبەســت لێــی بەخشــینی وێنایەكــە بەگــەورەیی خــودا و لەڕاســتیدا نەكورســی بــوونی هەیەونەدانیشــتن و ڕاوەســتان،بەڵكو ئەمــە خــەیاڵكردنێكی ڕووتــە بۆپیشــاندانی گــەورەیی وپێگــەی خــودا و فراوانــی زانســت و زانیاریەكــەی بەئەنــدازی داپۆشینی وجود،هەرلــەم پەنجــەرەوە زانســتی ئیلاهیــان بــە كورســی چــواندوە و پێیــان وایــە ناونانەكــە بــۆ زانســت و پایــەی زاناكــە دەگەڕێتــەوە كەخودایە(نــەك كورسـیەكی حــەقیقی هــەبێت و تایبــەت بێــت بەخودا).[2]

**دووەم:مەسەلەی لەسەرعەرش بوونی خوداو باڵابوونی لای حەنبەلیەكان و جەدەلی ئەم بوارە.**

ئــــەوەی پێشــــتر باســمــــانكرد پوختـــەی تێـــڕوانین و بۆچـــوونەكانی گروپـــی موعتەزیلـــەبوو لەهەمبەرمەســـەلەی بـــاڵابوون و لەســـەرعەرش بـــوون و شـــوێنی ئیلاهی،بـــەڵام ئەوتـــەرزە لەدیـــدو خوێندنــەوە لای حەنبەلیــەكان و ئــەهلی ســونەوجەماعەت نــامۆبوون و پێــی قایــل نەبوون،چــونكە موعتەزیلــەكان عــەقڵیان خســتبووە پــێش نەقڵــەوەو هەرچــی بەڵگــەی نــەقڵی هــەبوون لەئایــەت و فــەرمووده(دەقی پیرۆز)تەســلیمی نەدەبوون،بــەڵكو دەیانخســتە بەرنەشــتەری عەقڵ،ئەمــەش پوچــەڵ بــوو بەنیســبەت حەنبەلیەكانەوە،ئــەوەتا(الغزالــي)ئامــاژە بــەوەدەكات و دەڵێــت بێگومــان ئــەهلی ســوننەو حەنبەلیــەكان هەوڵــەكانیان بۆتێگەیشــتن لەئایــەت و فــەرمووده كــورت هــەڵهێناوە لەســەر ڕاڤەیــەكی گشــتگیری بــێ وردەكــاری و تــەئویل كردن،بــەڵكو بــەوەرگرتنی ڕووكەشــی دەقــەكان ئیكتیفایــان دەكرد،چــونكە پێیانوایــە ئەمــە باشــترو پــارێزراوترە بــۆ بیروبــاوەڕوو ئیمــان.[3] هــەروەك خــودی خۆشــیان بــاس لــەوە دەكــەن كــە وەكــو پێشــینی خۆیــان بڕوایــان بــە بــاڵابوونی زاتــی خــودا هەیــە لــە ســەرووی بوونــەوە؛بــەبێ زیــادەڕەوی كــردن لــە باســكردن و واتــا دانــان بــۆی و،لەكارخســتن و چــەندو چــۆنی و وێنــاكردن،[4] ئەمــەش بەڵگەیــە لەســەر ئەوەی،كــە حەنبەلیــەكان وەكــو پێشــەوای ئــەهلی ســوننە تەســلیمی ڕواڵــەتی دەقــەكان دەبــوون بــەبێ گــەڕان و گومــان و پرســیاركردن،هەروەكو هەنــدێكی دیكــەش دەڵــێن زۆرێــك لــەزانایانی كۆمــەڵگای ئیســلامی و لەنێویشــیاندا(احمد بــن حنبــل)و هــاوەڵ و شــوێنكەوتەكانی بەشــێوەیەكی گشــتی باوەڕیــان بــە تــەنزیهی ئیلاهــی هەبووەوهەیە،خۆشــیان بورانــدوە لــە خســتنە بەرباســی ئایەتــەكانی وەكوبــاڵابوونی خــوداو ئاراســتەكان(الاســتوی والجهــة)ســەرباری بڕوابوونیــان بــەبوونی خــوداو تاكانەییەكەی،جگەلــەوەش بــەدوای هیچــی دیكــەدا نەدەگەڕان،چــونكە پێیــانوابوو ئەمــە پێویســت نیــە لــە ســەرمان كەبیزانین،بــەڵكو ئــەوەی پێویســتە لەســەرمان باوەڕمــان پێــی هــەبێت ئەوەیە،كــە هــەروەكو چــۆن لــەقورئان و فــەرموودەدا هــاتووە.[5]

---

[1] البقــرة/٢٥٥.مانــای ئایەتەكــە **"كورســی خودا(كەشــوێنی پێــی خودایە)لەئاسمانــەكان و زەوی گــەورەترە یــان هــەموو ئاســمــان و زەوی داپۆشیوە".**

[2] الزمخشري:الكشاف،٤٨١/١_٤٨٣؛یاسر قاضي:مقالات جهم،٥٦٠/٢_٥٦١.

[3] الاقتصاد في الاعتقاد،ص٩٥.

[4] ابن تیمیة:مجموع الفتاوی،١٤٢/٣_١٤٣؛ابن قدامةالمقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٦٧.

[5] بڕوانە:(ابن تیمیة:مجموع الرسائل،٢٠٦/١_٢٠٨)؛احمدامین:ضحی الاسلام،٢٣/٣.

هەرلەبەرئەمەیە کە ڕابەری حەنبەلیەکان(ابن حنبل)و ئەهلی سوننە دەڵێن بێگومان و دوودڵی خودا لەسەر عەرشە هەروەك چۆن خۆی هەواڵی لێداوە لە دەقی پیرۆزداو پەیامبەرەکەشی(د.خ)هەواڵی پێداوین،بۆیە نەدەڵێین سنووردارەو نەدەشڵێین پێویستی بەشوێنێکەو لەشوێن و ئاراستەیەکی دیاریکراودایە،بەڵکو خودا هەربووە و لەشوێنکاتیش نەبوەو دواتر کات و شوێنی بەدیهێناوە.[1] بەڵکو خودا لەسەر عەرشە و وەستاوە بەوچەندو چۆنیەی کەخۆی ویستویەتی و دەیەوێت بەبێ هیچ سنوور بۆدانان و وەسف کردنێك و هیچ وەسفکارێکیش پەی بەمە نەبردوە و نابات،[2] هەرلەم گۆشەنیگایەوە هەندێك گوتەزاکانی لەمەڕ حەنبەلیەکانمان بۆدەگێڕنەوە بەوەی،کە خودا بۆخۆی عەرشی بەدیهێناوەو تایبەتمەندی کردوە بەبەرزی و بڵندی بەسەر بووندا،دواتر لەسەری ڕاوەستاوە بەو شێوەیەی کەخۆی ویستی لێ بووە،کورسیش جودایە لە عەرشی خودا و لەبەردەم عەرشی خودادایە و شوێنی پێیەکانی خودان.[3] ئەمە بەهەموو تەرزێك ڕەخنەکردنی موعتەزیلەکانە لە ڕەتکردنەوەی بوونی(عەرش و کورسی و بالاًبوونی خودا) بەوشێوە فەهمەی کە هەیانە بۆی و لەوبڕوایەدان کە خودا لەسەرعەرشە نەك بە داگیرکردن(الاستیلاء)،کەموعتەزیلەکان دەیڵێن،بەڵکو خودی زاتی ئیلاهی لەسەرعەرشە بەمانا ڕاستەقینەکەی و ئەم دەقەپیرۆزەش(الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى)،[4] دەکەنە بەڵگەی یەکالاًکەرەوە،هەروەك بەئایەتی(وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ)،[5] ئەو تەئویل و ڕاڤە خودیانەی کە بۆ دەقی پیرۆزیان کردوە لەمەڕ کورسی ئیلاهی ڕەتدەکەنەوە.

ئەمەو حەنبەلیەکان پێچەوانەی موعتەزیلەکان،کە پێیانوابوو خودا وەك چۆن لەسەر عەرشە ئاواش لەژێرحەوت چینی زەویدا بوونی هەیە،ئەمان پێیانوابوو کە خودا بەتەنها لەسەرووی ئاسمانەکانەوەیە لەسەر عەرش و بالاًیە بەسەر بەدیهێنراوەکانیەوە هەروەك چۆن لەدەقی پیرۆزدا ئاماژە بەمە کراوەو کۆی زانایانی پێشینیش ئاماژەیان بەمەداوە،هەروەك بەرزوبڵندی خوداش بەعەقڵێکی تەندروستی هاوئاهەنگ بە دەقی بنەڕەتی و ڕاست سەلماوە و دەسەلمێنرێت و خوداش فیترەتی مرۆڤی لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد ناوە.[6] هەرئەمەشە وای لەهەندێکیان کردوە لە ڕاڤەی ئایەتی(الاستواء)دا بڵێن خودا لەسەرعەرشەوە دەسەلاًتدارە بەسەر تەواوی

---

[1] بڕوانە:(ابن تیمیة:بیان تلبیس الجهمیة،١٤٠/٢)؛ابن العمراني:الانتصار،٦٢١/٢؛الذهبي:العرش،١٦٧/١.

[2] ابن القیم:اجتماع الجیوش،ص٣٢١.

[3] ابن الكثیر:البدایة والنهایة،١٣/١؛ابن قدامةالمقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٦٤؛ابن ابي زمنین:اصول السنة،ص٩٦؛وەرگیراوە لە(یاسر قاضي:مقالات جهم،٤٧٣/١).

[4] طە/٥.واتای ئایەتەکە **"خودای میهرەبان لەسەر تەختی پاشایەتی(عەرش)ی خۆی وەستاوە(بەشێوازێك کەشایستەی خوایەتیەکەی بێت بەبێ ئەوەی ئێمەش چۆنێتیەکەی بزانین)".**

[5] البقرة/٢٥٥. ماناکەی **"کورسی خودا(کەشوێنی پێی خودایە)لەئاسمانەکان و زەوی گەورەترە یان هەموو ئاسمان و زەوی داپۆشیوە".**

[6] ابن تیمة:مجموع الفتاوی،٩٥/٣؛بڕوانە:(اللالکائي:شرح اصول الاعتقاد،٤٤٥/٣).

بەدیهێنراوەکانیەوە بە بێ نزیک بوونەوەو پێگەیشتن و چۆنێتی،[1] کەخودا بۆخۆی لەقورئاندا ئاماژەی بەم بالأبوونەی زاتی خۆی کردوەو دەفەرموێت(وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ)،[2] کە ئەمەش روەلأمێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ موعتەزیلەکان،کە لەوبڕوایەدان خودا لەسەر عەرش نیەو لەشوێن و شوێنی بالأش نەبووە و نیە،بەڵکو ئەو لەهەموو شوێنێکدایە.

پێشتر باسمان لەوەکرد حەنبەلیەن تەسلیمی ڕواڵەتەکانی دەق و بەڵگەو ئیستیدلالاتە نەقلیەکان دەبن،جابۆئەم مەبەستە باوەڕی تەواویان بەبالأبوونی ئیلاهی هەبوەو هەیە،بەوتەرزەی دەق وێنای کردوە،هەروەکو(الشهرستاني)یش ئاماژە بەم ڕاستیە دەکات و دەڵێت بە عەقڵ ئاراستەکان(الجهة)مان سەلماندو بالأبوون و مەکانەتی ئیلاهیشمان بە بەڵگەی نەقلی سەلماندو لەدەقەکانیشەوە واتایەکمان هەڵهێنجاوە،کەئەویش بوونی خودایە لە باشترینی شوێن و ئاراستەدا کەشایستەی کەماڵیی خوداو خوایەتیەکەی بێت.[3] بۆیە حەنبەلیەکان ئەم چەشنە تێگەیەی خۆیان لەم بارەیەوە دەکەنە ڕەتی موعتەزیلەکان و ئایەتی(ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ)،[4] بە بەڵگەی شیتاڵکردن و هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕی موعتەزیلەکان دەخەنەڕوو دەڵێن ئەم ئایەتە گوتەی لەکارخەران(المعطلة)و موعتەزیلەکان هەڵدەوەشێنێتەوە،کە لایا وەهایە هیچ شتێك جگە لەنەبوون(نابوونی ئەزەلی)لەسەر عەرش نەبوەو نیەو خوداش لەسەرعەرش نەوەستاوەو نیە.[5] ئەم جەدەلەی نێوان موعتەزیلەوحەنبەلیەکان یەکجار قوڵ و بەرفرەیەو هەمیشە لەهەوڵی هێنانەوەی بەڵگەی یەکلاکەرەوەبوون بۆسەرخستنی تێگەکانیان،ئەوەتا(ابن تیمیة)وەکو ڕەتێك بۆگوتەزاکانی موعتەزیلە لە هەمبەرئەوەی کەخودا لەهەموو شوێنێکدایە،ئاماژە بەوەدەکات،کە نابێت وەسفی خودا بکرێت بەوەی کەلە هەموو جێگایەکدایە،بەڵکو ئەو لەسەرووی ئاسمانەکانە لەسەرعەرش و پێویستە سیفاتی وەستانی خودالەسەرعەرش(الاستوى)تەئویل نەکرێت،چونکە خودا بەبوونێکی زاتی لەسەرعەرشە هەروەك چۆن لەهەموو پەرتوکە ئاسمانیەکاندا کە خودا بۆپەیامبەرانی ناردوە ئەمە باس کراوە بەبێ خستنەڕوو باسکردنی چۆنێتی و پرسیارکردن لەبارەیەوە.[6]

ئەهلی سوننەو لە سەرووی هەموشیانەوە حەنبەلیەکان مەبەستیان لە چەسپاندنی باوەڕی بالأبوونی خودا و لەسەرعەرش بوونی ئەوەیە،کە پێیانوایە ناکرێت خودا لەگەڵ دروستکراوەکانیدا هاوئاست بن و لەوبڕوایەدان خودا لەسەرووی هەموو مرۆڤایەتیەوەیە و زاڵ و بەدەسەلأتە بەسەریانەوە،هەروەك چۆن لەدەقی پیرۆزدا هاتووە(وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ)،[7] ئەمەش خستنە ڕووی زەرورەتی هاوشان نەبوونی خودایە مرۆڤ و دروستکراوەکانی لەیەك شوێندا و

---

[1] الباقلاني:الانصاف،ص٢٤؛بروانە:(ابن القيم:المختصر،٣/٨٨٩؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٣/٤٤٦).

[2] الانعام/١٨، ٦١.ماناى ئايەتەكەش بەم چەشنەيە **"هەر ئەو خودايەش زاڵ و دەستڕۆیشتووە بەسەرهەموو بەندەکانیەوە".**

[3] نهاية الاقدام،ص١٠٤.

[4] الاعراف/٥٤؛يونس/٣؛الرعد/٢؛الفرقان/٥٩؛السجدة/٤؛الحديد/٤.

[5] ابن القيم:اجتماع الجيوش،ص٨٨؛السفاريني:لوامع الانوار،١/١٩٠.

[6] مجموع الفتاوى،٣/١٤٢_١٤٣؛مجموع الرسائل،١/٢١٤.

[7] الانعام/١٨، ٦١. ماناکەی **"هەر ئەو خودايەش زاڵ و دەستڕۆیشتووە بەسەرهەموو بەندەکانیەوە".**

لـەوەش زیـاتر خـودا زاڵ و بـاڵاو توانایـە بەسـەریانەوە،[١] ئەمـەش تـەواو ناتەبایـە بـە بـاوەڕی لەگشـت شـوێن بـوونی خـوایی لای موعتەزیلەکان.هەرلـەم بارەیـەوە(ابن حنبـل)ویڕای چەسـپاندن و جیگیرکردنـی بـاڵابوونی خودا،ئامـاژە بەوەدەکات،کەمەبەسـت لـە(وَهُـوَ اللَّـهُ فِـي السَّـمَاوَاتِ وَفِـي الْـأَرْضِ)،[٢] ئەوەیە،کـە ئـەو خودایـە لەئاسمانەکانـدا و خـودای ئەوانەشـە کـە لەسەرزەوین،هەرچـەندە لەسەرعەرشیشـە،بەڵام زانسـتەکەی دەوری هـەموو شـتێکی داوە جگـە لەعـەرش و هـیچ شـتێکی بـوون و نـابوونیش نیـە کەلەزانسـتی خـودا بـەدەربێت و ناکرێـت زانسـتی خـودا لەشـوێنێك بێـت و لەشوێنێکی دیکە نەبێت.[٣]

ئەمـەو هەنـدێکی دیکـەی حەنبەلیـەکان کاتێـك ڕەتـی بۆچـون و تێـڕوانین و ڕاڤـەی موعتەزیلـەکان لەمـەڕ مەسـەلەی لەسـەرعەرش بـوونی خـودا دەدەنەوە،ئـەوە دەخەنـە ڕوو کـە گوتـەزاکانیان مایـەی نـەنگی و شەرمەزارین،چـونکە ئەگـەر وابێـت ئـەوا عـەرش لەپێشـترە لەدروسـتکراوەکانی دیکـەی خـودا تـاکو خـودای لەسـەربێت و ئـەوکات پێویسـتە بڵـێین(الـرَّحْمَنُ عَلَـى الْعَـرْشِ اسْتَوَى)،چـونکە خـودا بـاڵاو دەسـەڵاتدارە بەسـەر عـەرش و تـەواوی دروسـتکراوەکانیەوە.[٤] ئـیتر بـەم تـەرزە جـەدەلیاتی نێـوان ئـەم دوو گرووپـە بـەردەوامی هـەبووە و هەیـەو ئـەهلی سـوننەوحەنبەلیەکانیش وەك هەمیشـە لـە هـەوڵی ڕوون کردنـەوەو پاشـان ڕەتکردنـەوەی دیـدو تیۆرەکانیانـدان و دەبن،ئـەوەتا هەنـدێکیان لـەڕەتی ئەوگوتەیـە موعتەزیلەکاندا،کـە دەڵـێن خـودا لـەناوەوەی جیهانـدا نیـە هـەروەك چـۆن لەدەرەوەشـیدا نیـە، ئـەمان لایـان وەهایـە خـودا لـەنێو جیهـان و لـەدەرەوەی جیهانیشـدایە،لەناوەوەی جیهاندایـە بـە زانسـت و توانسـتەکەی و لـەدەرەوەی جیهانیشـدایە بـە پـاکی و پـیرۆزی،[٥] هـەروەك چـۆن لـەدەقی پیرۆزیشـدا ئەمـە چەسـپاوە و مایـەی جـەدەل نیـە(وَهُـوَ الْقَـاهِرُ فَـوْقَ عِبَـادِهِ)،[٦] هـەروەها(وَنَحْـنُ أَقْـرَبُ إِلَيْـهِ مِـنْ حَبْـلِ الْوَرِيـدِ)،[٧] ئەمـە وێـڕای(وَهُـوَ مَعَكُـمْ أَيْـنَ مَـا كُنْـتُمْ)،[٨] کـە واتـای ئـەم دەقـەی دواییـان ئەوەنیـە کـە خـودا تێکـەڵ بووبێـت لەگـەڵ دروستکراوەکانیدا،چـونکە ئەمـە جیـاوازە لـەوەی کـە پێشـینانی ئوممـەت کـۆدەنگن لەسـەری و جیاوازیشـە لـەو فیترەتـەی کـە خـودا بـۆ مرۆڤایـەتی قەراردا‌وە،بانمونەیـەك بۆئەمـە بهێنینـەوە،مانگ کـە یـەك لەدروسـتکراو بچـوکەکانی خودایـە و شـوێنەکەی لەئاسمانە،گەشـتیاران کەگەشـت دەکـەن لەگەڵیاندایـە هـەروەك چـۆن لەگـەڵ جێنشینانیشـدایە لەهـەرکوێ بن(لەیـەك کاتدا)،ئەمـە بۆخـوداش هـەر ڕاسـتە کەلەسـەر عەرشـدایەو

---

[١] ابن القيم:المختصر،٣/١٠٦٣.

[٢] الانعام/٣.ماناى ئايەتەكە **"تەنها ئەو خودايە لە ئاسمانەکان و زەويداو بالآدەستە"**.

[٣] ابن القيم:اجتماع الجيوش،ص٣٠٢، ٣٠٨؛بڕوانە:(الباقلاني:الانصاف،ص٢٤؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٣/٤٤٥_٤٤٦).

[٤] ابن حزم:الفصل،٢/٢٨٩؛بڕوانە:(ابن تيمية:مجموع الرسائل،١/٢١٢_٢١٣).

[٥] الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص١٠٤؛بڕوانە:(ابن القيم:المختصر،٣/٩٠٨).

[٦] الانعام/١٨ ، ٦١.ماناكەى **"هەر ئەو خودايەش زاڵ و دەستڕۆيشتووە بەسەرهەموو بەندەكانيەوە"**.

[٧] ق/١٦. بە واتاى **"ئێمە لە شاڕەگى دەمارى دڵى كە دەكەوێتە ڕاست و چەپى گەردەنى؛نزيكترين"**.

[٨] الحديد/٤.ئەم ئايەيەتەش بەواتاى **"لە هەرجێگايەكدا بن ئەو خودايەتان لەگەڵە(هەڵبەت بەزانست نەك بە زات)"**.

**هەرلەوێوە چاودێرە بەسەر دروستکراوەکانیەوە و بالأدەست و تواناداره بە سەریانەوە و لێیان دەڕوانێت و(بە زانستەکەی لە هەموو جێگایەکدایە)،کەئەمەش خوایەتی خودا دەسەلمێنێت.[(١)]**

**ماوەتەوە بڵێین حەنبەلی و حەنبەلیزمەکان لەگەڵ موعتەزیلەکان و ئایدۆلۆژیاکەیاندا دەرگیربوون وکەوتوونەتە جەدەلەوەو هەوڵی ڕوونکردنەوەی بیروڕاکانیان داوە بۆگشتەی خەڵکی بەئامانجی تواندنەوەیان و لەناو بردنیان ئەوەتا(ابن تيمية)دەڵێت ئێمە باوەڕمان وایە،کەخودا بەشێوازێکی حەقیقی لەسەر عەرش وەستاوە بەتەرزێك کەشایستەی جەلالەت و قابیلی خوایەتیەکەی بێت و وەستانەکەشی چەشنی وەستانی مرۆڤ نیە،بەڵکو چۆنێتیەکەی نەزنراوە بەنیسبەت ئێمەی مرۆڤەوە،[(٢)] بۆیە ئەمە وادەکات بڵێین(ابن حنبل)و شوێنکەوتەکانی بەجۆرێك لەجۆرەکان دەمارگیریان بۆدید و بۆچوونەکانیان هەبووە،کەوەك خۆیان دەڵێن هەڵقولأوی دەقی پیرۆز و دەقی سافن،زۆرێکیش لەسەرچاوەکانی ئاینزای حەنبەلی ئاماژەیان بەم بابەتە داوە و ئەوفەرموودەیە دەکەنە بەڵگەی ڕاستی بۆچوونەکانیان کە(حسن البصري)لە (أم سلمة)ەوە دەیگێڕێتەوەو(الامام مالك) و (احمدبن حنبل)یش باسیان کردوەو بەڕاستیان زانیوە،ئەویش ئەوەیە،کە کەسێك سەبارەت بە چۆنێتی لەسەرعەرش بوونی خودا پرسیاردەکات و دوای تێرامان و ووردبوونەوە پێی دەوترێت لەسەرعەرش بوونی خودا(الاستواء)شاراوە نیەو ڕوون و ئاشکرایە(واتە واتاکەی زانراوە و جێگیرە)،بەلأم پرسیارکردن لەبارەی چۆنێتیەوە ڕێگەپێدراونیەو چۆنێتیەکەی نازانرێت(واتە وەستانی خودا لە سەر عەرش بۆ ئێمەی مرۆڤ درك پێکراو نیە بە عەقڵ و خوداش باسی چۆنێتیەکەی نەکردوە)،هەروەك دان پێدانان و باوەڕپێبوونی فەرزو واجبە(چونکە دەقی بنەڕەتیی لە بارەوە هاتووە)و گومان و پرسیارکردنیش لەبارەیەوە بیدعەیە.[(٣)] لەمەوە دەگەینە ئەوەی لەدیدی حەنبەلیەکانەوە پرسیارکردن لەشتە غەیبانیەکان بەتاوان هەژمارکراوەو،ڕێگە پێدراو نەبووە پرسیار لەچەندێتی و چۆنێتی پرسە دەرئاگاو میتافیزیقیەکان بکریت،چونکە ئەمان شوێنی ئیلاهیان ڕەتنەکردۆتەوە،بەڵکو تەنها بە سەلماندنی ئیکتیفایان کردوە هەروەك چۆن خوداو پەیامبەرەکەی(د.خ)باسیان لێوەکردوە.[(٤)]**

**سەرباری ئەو بەڵگانەی لەهەمبەر شوێن و یاگەی خوداوە بەردەستمان خست(ابن حنبل) فەرموودەیەکمان بۆدەگێڕێتەوە کە پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکی ڕەش پێستی عەجەمیەوە دێت بۆلای پەیامبەری ئیسلام(د.خ)و دەڵێت ئەی سەروەرمان من لەسەرمە کۆیلەیەکی مسوڵمان ئازادبکەم(دیارە دلنیا نەبووە لە مسوڵمانێتی ئافرەتەکە)،بۆیە پەیامبەریش(د.خ)لەئافرەتەکەی**

---

[(١)] ابن تيمية:مجموع الفتاوى،١١٥/٣، ١٢٨؛بروانە:(ابن قدامةالمقدسي:اثبات صفة العلو،ص١١٥_١١٦).

[(٢)] مجموع الفتاوى،٢٥/٣؛بيان تلبيس الجهمية،٣٨/٢؛ابن قدامةالمقدسي:ذم التاويل،ص١٥.

[(٣)] الدارمي:الردعلى الجهمية،ص٥٤؛ابن مندة:الردعلى الجهمية،ص١٤؛ابن قدامةالمقدسي:اثبات صفة العلو،ص١٠٩، ١١٤، ١١٩؛ذم التاويل،ص١١، ٢٤؛ابن العمراني:الانتصار،٦١٤/٢؛التفتازاني:علم الكلام،ص١٢٥_١٢٦؛صابرعبدة ابازيد:منهاج اهل السنة،ص٩١؛سالم الثقفي:مفاتيح،٣٤٢/١؛احمدشوقي ابراهيم:المعتزلة في البغداد،ص١١٣.

[(٤)] ابن تيمية:بيان تلبيس الجهمية،٣٧/٢.

**پرسی خودا لەکوێیە؟ئەویش بەپەنجەی دۆشاومژەی ئاماژەی بۆئاسمان کرد،پاشان لێی پرسی من کێم؟ بەپەنجەی ئاماژەی بۆپەیامبەر(د.خ)کردو پاشان پەنجەی بۆئاسمان بەرزکردەوە(وەکو ئامازەیەك بۆئەوەی کە ئەو پەیامبەری خودایە)،پەیامبەریش(د.خ)فەرمووی دەتوانی ئازادی بکەی چونکە ئەمە مسوڵمانە.[1] لێرەشەوە بەڕوونی ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کەباوەڕبوون بەبالأبوونی خودا لەسەروی بوونەوە لەگۆشەنیگای حەنبەلیەکانەوە پتەوی باوەڕەو نیشانەی سەلیمی باوەڕەکەیەتی،هەر لەم تێگەیەوە حەنبەلیەکان لایان وەهابووە مادام موعتەزیلەکان پرسیار لە شتە پەنهان و دەرئاگاکان دەکەن،ئەوا کەسانی لادەرن و باوەڕیان تەواونیە.**

[1] احمد بن حنبل:المسند،٢/٢٩١؛ابن قدامةالمقدسي:اثبات صفة العلو،ص٤٧، ١٢٩؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٣/٩٤؛ابن القيم:اجتماع الجيوش،ص١٠٥، ٣٠٠؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٣/٤٣٤_٤٣٥؛انشادمحمدعلي:دراسات حديثية في العقيدة،ص٣٢١.

## بەشی سێیەم

## قەزاو قەدەر ماناو مێژوو

### تەوەری یەکەم : قەزاوقەدەر لای موعتزیلەکان

٤- چەمك و واتای قەزاوقەدەر

٥- مێژووی دەرکەوتنی پرسی قەزاوقەدەر

٦- دیدگای موعتەزیلەکان بۆقەزاوقەدەر

### تەوەری دوەم :دیدی حەنبەلیەکان بۆقەزاوقەدەر و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزیلەدا

### تەوەری سێیەم :باش و خراپی ( جوانی و ناشیرینی ) ژیری

٤- چەمك و زاراوەی باش و خراپی

٥- دیدی موعتەزیلەکان بۆباش و خراپی

٦- حەنبەلیەکان و باش و خراپی و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا

## تەوەری یەکەم: قەزاوقەدەر لای موعتەزیلەکان

**چــەمك و واتــای قەزاوقــەدەر:** قەزاوقــەدەر دوو شــاخەی یــەك پرســی وابەســتەن و دووەمیــان بەشێکە لەکایە گەورەکە،کە یەکەمیانە. بۆیە بەپێویستی دەزانین بەجیا جیا ئاماژەیان پیٚ بکەین.

**یەکــەم:**(القضــاء) لــەڕوی زمانەوانیــەوە لەلایــەن(ابن فــارس)ەوە بــەوە ئامــاژەی پــیٚ کراوە،کە(پیتــەکانی "قــاف" و "ضــاد" و پــیتی "القضــی")بنەمایــەکی دروســتە و بەڵگەیــە لەســەر ئــەحکامی فــەرمان و ئەنجامــدانی بەچەشــنێکی ڕێکوپێــك و تــەواو و بەجێگەیانــدنی لــەکات و شــوێنی خۆیــدا،دواتر دەڵێـت(قضـاء)لـەڕوی زمانەوانیـەوە بەچـەند شـێوەیەك هـاتووەو دەگەڕێتـەوە بـۆ بـە کۆتاهێنـانی شـتێك و تــەواوکردنی و هــەموو ماناکــان لــەزمانی عەرەبیــدا دەگەڕێنــەوە بۆســەرهەمان مانا،هــەروەك بێــژەی قــەزاو هــاو واتاکــانی لــەزۆر شــوێنی قورئــانی پــیرۆزدا هــاتوون و هــەموو واتاکــانیش تێکهەڵکێشــی یــەکترو هاوشێوەن،هەرچــی بێــت بــەلاٌم لەکۆتاییــدا دەگەڕێتــەوە بــۆ واتــا ســەلمێنراوەکەی کــەباسمان کرد،ئــەویش فــەرمان و ئەنجامــدانی بەچەشــنێکی ڕێکوپێــك و تــەواوو بەجێگەیانــدنی لــەکات و شوێنی خۆیدا.[1]

هــەروەها بــە مانــای جیاکردنــەوەو حوکمــدان و بڕیــاردان دێــت،[2] ئەمــەش لەبەرئــەوەی لــە چــەمکی(قضــیت)ەوە هــاتووە،(قضــاهما)ش کــە لــە چــەمکە هــاو واتاکــانی (قەزا)یە،بــەواتای تــەواوکردنی کارەکانیــان دێــت، قەزاوقــەدەریش بەدەرنیــە لەمانە،هــەروەك (فیروزئابــادی)ش دەڵێــت قــەزا بەدرێژکردنــەوە(قضــاء)و کورتکردنەوەشــی(قضــی)هەربــەواتای بڕیــاردان دێت،بۆیــە لەکۆتاییــدا هــەموو واتاکــان دەچــنەوە ســەر ئــەوەی کــە(القضــاء) بــەدیهێنان و بڕیارلەســەردان و جیاکردنــەوە وتــەواوکردن و بەیانکردنــە،[3] هــەروەك بــە واتــای جیاکردنــەوەی شــتەکان دێــت جــا چ بــەکرداربێت یــان گوفتــار و هەریەکەشــیان دوو بەشــە(ئیلاهی) و (مرۆیی)،جالەبەشــە ئیلاهیەکەیــدا ئەوەیــە کــە لــەدەقی پــیرۆزدا هــاتووە(وَقَضَــى رَبُّــكَ أَلَّــا تَعْبُــدُوا إِلَّــا إِيَّــاهُ وَبِالْوَالِــدَيْنِ إِحْسَــانًا)،[4] لێرەشــدا قــەزا بــەواتای خودا(فەرمانیـــــدا یـــــان بڕیاریـــــدا)دێت،یان بـــــەواتای بڕیـــــاردانی حـــــەتمی دێــت،(وقضـــی)بەواتای(بڕیاری)دا،قەزاوقــەدەریش هەرلەمەوەیە،ئەمەســەرباری ئــەوەی ئــەم ئایەتــە بەڵگەیــە لەســەر بڕیــاری خــودا و حــەتمی بوونی،ئەمــەش فــەرمانێکی بــڕاوە و نــەگۆڕ و حەتمیــە،[5] هــەروەك لــەدەقی پــیرۆزدا خــودا ئامــاژەی پێکــردوە(وَقَضَــيْنَا إِلَــى بَنِــي إِسْــرَائِيلَ فِــي الْكِتَــابِ)،[6] ئەمــەی کــەخودا ئامــاژەی پێکــردوە قەزاوئەندازەگیریە،کــەخودا دەفــەرموێت ئاگادارمــان کردنــەوەو ســروشمان

---

[1] ابن باز:الايمان بالقضاء والقدر،ص٢٨؛محمد حسان:الايمان بالقضاء والقدر،ص٣٧.

[2] الزبيدي:تاج العروس،باب القاف،٨٥٥٣/١؛ابن منظور:لسان العرب،٣٨٦/١٠.

[3] قاموس المحيط،فصل القاف،١٧٠٧/١.

[4] الاسـراء/٢٣.مانـای ئایەتەکـە **"خـودا بڕیـاری داوە کـە جگـە لەئـەو هـیچ شـتێکی تـر نەپەرسـتن،لەدوای ئـەویش چـاکە لەگـەڵ دایـك و باوکدا بکەن".**

[5] ابن منظور:لسان العرب،٣٦٩/١٠؛النسفي:تبصرة الادلة،٩٧٩/٢.

[6] الاسراء/٤.بەواتای **"ئێمە لە کتێبی تەورات یان لە(لوح المحفوظ)دا بڕیارمانداوەو پێمان ڕاگەیاندون(بە بەنی ئیسرائیل)".**

**بۆناردن بەسروشتێکی یەکالاکەرەوە.[1] لێرەوەش بەیانکردنی خودا و بڕیاردانەکەی کە کرۆك و جەوهەری قەزایە؛بەڕوونی دەردەکەوێت.**

**دووەم:(القدر)لە ڕووی زمانەوانیەوە لە فەرهەنگە زمانەوانیەکاندا بەواتای ئەندازەگیری کردنی شتێك بەشتێکی دیکە هاتووە،وەك دەوترێت پێوانەی کردو ئەندازەی بۆ داناو ئامادەی کرد لەکاتێکی دیاریکراودا،[2] هەرلەم بارەیەوە(ابن فارس)دەڵێت قەدەر(بەپیتەکانی "قاف" دال" راء")بنەمایەکی دروستەو بەڵگەیە لەسەر گەیشتن بەچەندێتی شتێك و ناوەڕۆك و کۆتاییەکەی،کەواتە قەدەر نرخ و چەندێتی زانراوی هەر شتێکە،قەدەریش قەزای خودایە بۆشتەکان بۆگەیشتن بەوکۆتاییانەی،کەخودا ویستوویەتی بۆمرۆڤەکان،ئەوەش دیسان قەدەرە،[3] ئەمە سەرباری ئەوەی هەریەك لە(ابن العباد)[4] و (الفراهیدي)[5] و (الازهري)[6] کە مێژوویەکی کۆنتریان لە(ابن فارس)هەیە،لەبەرهەمەکانیاندا کەتایبەتن بەزمانەوانی،پێیانوایە قەدەر قەزایەکی سەرکەوتووە،بۆوێنە کە دەوترێت خودا ئەندازەگیری بۆشتێك کردوەو قەدەری بۆشتێك داناوە بەشێوازێکی دروست(ئەمەش مەبەست لە هاوسەنگ و هاوشێوەیی شتێکە بەشتێکی دیکەو،دەوترێت بەقەدەری خۆی شتەکانی بەسەردا هاتووە،واتا"شایستەی ئەوەبوو کەبەسەریدا هات")،بەواتای ئەوە دێت،کە خودا بەزانستە لەپێشینەکەی ئەو شتانەی لەقەزادا لەسەر نوسیووە،جا قەدەری و موعتەزیلەکانیش کۆمەڵێك بوون باوەڕیان بە مەسەلەی قەدەری ئیلاهی نەبوو بەوتەرزەی کە باسمانکرد.**

**هەندێکی تریش ئاماژە بەوە دەکەن،کە قەدەر واتە(قەزا و بڕیاردان)،ئەمەش ئەوەیە کە خودا لە قەزادا ئەندازەگیری بۆشتەکان دەکات و بڕیاریان لەسەردەدات،هەروەك لەدەقی پیرۆزدا هاتووە(إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ)،[7] لێرەدا بەواتای(حوکمدان یان بڕیاردان)دێت،[8] واتا بڕیاریدا لەشەوی ڕێزلێگیراودا قورئان دابەزێنێت.هەروەك لەشوێنێکی دیکەدا دەفەرموێت(إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ)،[9] کە مەبەست لێی ئەندازەگیری خودایە بۆشتەکان بەچەشنێکی جوان و ڕێکو سنووربۆ دانراوەوە،جا مانای قەزاوقەدەر واتا(بڕیارداو ڕێکیخست)،کە مەبەست لە بڕیاردانی خودایە لەسەرشتەکان بە باش و خراپیەوە،[10] ئەمەش واتا هەموو شتەکان بەباش و خراپەوە لەقەزاوقەدەرەوەیە و خودا بڕیاریان لەسەر دەدات.**

---

[1] ابن تيمية:القضاء والقدر،ص٤٤.

[2] سميع عاطف الزين:طريق الايمان،ص٢٥٢.

[3] معجم مقايس اللغة،باب قدر،٦٢/٥؛ابن باز:الايمان بالقضاء والقدر،ص٢٧.

[4] المحيط في اللغة،٢١٢/١ ، ٤٦٠ .

[5] العين،باب القاف،٢٠٠/٥ ، ٢٠٠/٩ .

[6] تهذيب اللغة،باب قدر،١٨٣/٣.

[7] القدر/١.واتا **"بەڕاستی ئێمە لە شەوێکی زۆر پیرۆزو ڕێزلێگیراودا قورئانمان دابەزاند(بێگومان لە ئاسمانەوە)".**

[8] ابن سيدة:المحكم ومحيط الاعظم، باب القدر(ق.د.ر)،٢٢/٣؛ابن منظور:لسان العرب،باب القدر،٧٤/٥.

[9] القمر/٤٩.مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە **"بەڕاستی ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازەیەکی دیاریکراو دروستکردوە".**

[10] ابن حزم:الفصل،٧٨/٣؛النسفي:تبصرة الادلة،٩٨٠/٢.

لای هەنـدێکی تـر قـەدەر واتـای جـودای لەوانـەی سـەرەوە هەیـە و پێیانوایـە قـەدەری هەرشـتێك نـرخ و بەهاکەیەتی،ئەمـەش ئەگـەر قـەدەر(قـدَر)بـە زەنە(سـکون)و فەتحەی(دال)ەکـە هاتبێـت،وەکو بنـەمای قـەدەری خودا(الایمـان بالقـدر)و ئەندازەگیریەکـەی ،ئەمـەش لـەدەقی پـیرۆزدا خـودا ئامـاژەی پێـداوە(وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ)،[1] واتـا قـەدری خودایـان نـەگرت و بەگـەورەیان نـەزانی بـە ئەنـدازەی پێویست.[2]

وێـڕای ئـەوەی باسمانکرد(قەدەر)لـەڕوی زاراوەوە بریتیـە لەوەی،کـە خـودا لەپێشـتردا زانسـتی هـەبووە بەتـەواوی بـوون و پێنوسـیش هـەموو ئەوشـتانەی تۆمارکردوە،کـە لەزانسـتی خوداوەیـە و دەبێـت ڕووبـدەن تـا دواڕۆژ و خـودا ئەنـدازەگیری بۆتـەواوی دروسـتکراوەکانی بـەبێ جیاکردنـەوە(الاسـتثناء)کـردوە لەوشـتانەی کـە دەیانهێنێتـەبوون بـەبێ ئـەوەی لەبنەڕەتـدا بوونیـان هەبووبێت(واتـە هێنانـەبوون لەنەبوونەوە)،چـونکە خـودا زانسـتی بـەوە هـەبووەو زانیویـەتی لـە کـات و سـاتێکی دیـاریکراودا ڕوودەدەن،ئەمـەش لەسـەر شـێوازگەلێکی تایبەت،ئـەوەش بـەپێی ئەنـدازەگیری و ویسـتی خـودا ڕوودەدات،هـەروەك(ابن حجر)لـە پێناسـەکەیدا دەڵێت مەبەسـت لێـی ئەوەیـە کـە خـودا زانـا بـووە بـە قـەدەرو ئەنـدازەگیری شـتەکان و کاتـەکانیان پـێش بەدیهێنانیان،بـە پێـی ئـەم بـاوەڕەش تەواوی وجود لەزانست و قەدەرو ئەندازەگیری و ویستی ئیلاهیەوە دەقی گرتووە.[3]

هەرلـەم گۆشـەنیگایەوە(القاضـي عبـدالجبار)ی موعتـەزیلی پێیوایـە خـودا ئەنـدازەگیری و قـەزای هـەموو ئـەوەی کردوە،کـە بـەدیهێناوە،جا چـی خۆشـی بێـت یـان تەنگانـەو ناخۆشـی،بەڵام سـەبارەت بـە کـوفرو تـاوان و بێبـاوەڕی پەنابـەخوا لـەوەی کـەخودا بـەدیهێنابن و قـەزاو قـەدەرو ئەنـدازەگیری کردبن،بـەڵکو ئەمـە تـەنها بـەواتای ئـەوە دێـت کـە ئاگـاداری کردوینەتـەوە لـەو کارانـە و هـەواڵی پێـداوین لەبارەیانـەوە،بۆ پشـت ئەسـتورکردنی گوتەزاکانیشـی دەقـی پـیرۆزی( وقضـينا الى بـني اسـرائيل...)،[4] دەهێنێـت و دەڵێـت لێـرەدا بـەواتای ئاگادارکردنـەوە هاتووە،هـەروەها دەڵێـت چـۆن دەکرێـت خـودا قـەزای کـوفروبێ بـاوەڕی بکـات و دواتـر سـزای ئەنجامدەرانیشـی بـدات؟[5] هەرلـەم بارەیـەوە(البيهقـي)پەیوەنـدی نێـوان قەزاوقـەدەروکردەی بەنـدەکانی خسـتۆتە ڕوو بـەوەی کـەدەڵێت باوەڕهێنـان بـە قەزاوقـەدەر باوەڕهێنانـە بـە ئەزەلیـەتی زانسـتی ئیلاهـی لـەوەی کەزانایـە بـەوەی مرۆڤـەکان چـی کردەوەیـەك هەڵدەبـژێرن و ئـەنجامی دەدەن،ئەمـەش بـەدیاریکردنی کـات و شـوێنی هـەمووی بەئەنـدازەگیری ئیلاهـی و خێروشـەڕو بـاش و خراپیشـی بۆدروسـتکردوون،[6] جامرۆڤـەکان

---

[1] الزمر/٦٧.ماناکەی **"ئەوانە وەکو پێویست خودایان نەناسیوەو قەدریان نەگرتووە"**.

[2] الرازي:مختارالصحاح،باب القاف،٥٦٠/١ ، ٩/٢.

[3] عقيدة السفاريني،٣٤٨/١؛عمر سليمان الاشقر:القضاء والقدر،ص٢١_٢٢.

[4] الاسـراء/٤.ئەمـەش بـەواتای **"ئێمـە لـە کتـێبی تـەورات یـان لـە(لـوح المحفـوظ)دا بڕیارمانـداوەو پێمـان ڕاگەیاندون(بـە بـەنی ئیسرائیل)"**.

[5] شرح الاصول الخمسة،ص٩٩؛العلامة الحلي:كشف المراد،ص٢٩٣.

[6] الاعتقاد والهداية الى سبيل الرشاد،ص٨.

خۆیان بڕیار لەکردەوەکانی خۆیان دەدەن بەوەی کامەیان هەڵدەبژێرن(باش یان خراپ)و هەرخۆشیان لێی بەرپرسیارن.

سەرباری ئەوانەی باسمانکرد(ابن القیم)ئاماژەی بە قۆناغەکانی قەزاوقەدەر کردوە و دەڵێت قۆناغ و پلەکانی قەزاوقەدەر چوارن،یەکەمیان،زانستی لەپێشینەی خودا بە شتەکان پێش بەدیهێنانیان،دوەمیان،تۆمارکردن و نوسینەوەی پێش بەدیهێنان،سێیەمیان،ویستی خودا بۆ بۆبەدیهێنانی ئەوشتە،چوارەمیان،بەدیهێنانی شتەکان.جاپلەی یەکەم هەموو پێغەمبەران لە یەکەمینیانەوە تا دواهەمینیان یەك دەنگن لەسەری،هەروەك کۆمەڵی مسوڵمانان و پێشەوایانیشیان(لەنێوانیاندا حەنبەلیەکان)کۆدەنگن لەسەری،بەڵام مەجوسی ئوممەت کەمەبەست لێیان قەدەری و موعتەزیلەکانن پێچەوانەی هەموو ئەوانەی سەرەوەن.[1]

**مێژووی دەرکەوتنی پرسی قەزاوقەدەر:** یەك لە پرسە غەیبانیە ئاڵۆزەکان،کە مشتومڕوجەدەلێکی زۆری لەبارەوە کراوە،مەسەلەی قەزاوقەدەر بووە لەئیسلامدا،سەرەتای دەرکەوتنی ئەم پرسە بەدیوە جەبریەکەیدا بۆ سەروبەندی فەرمانڕەوایەتی خیلافەتی ئومەوی دەگەڕێتەوە،دیارە ئەم دەسەڵاتە ئەمەشیان وەکو پاساوێك بۆهێشتنەوەی دەسەڵات لەدەستی خۆیان و ملکەچ کردنی کۆمەڵگای ئیسلامی و گوێڕایەڵی کردنیان بۆ دەسەڵاتی ناوبراو؛بەکارهێناوە،بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین یەکەمین کەسێك کەباسی لە تیۆرەی جەبری کردبێت و خستبێتیە ڕوو(معاویة بن ابي سفيان٤١_٦٠ھ/٦٦١_٦٨٠م)بوو،هەروەك ئەوەشی پیشانداوە ئەوەی کە ڕودەدات و بەسەرخەڵکیدا دێت لەقەزاو قەدەرەوەیە،ئەمەشی وەکوبیانوویەك دەهێنایەوە بۆ کردەوەکانی،کە بەرانبەر خەڵکی ئەنجامیدەداو دەیگوت خودا ئەوی کردوە بە پێشەواو کاربەدەستی مسوڵمانان بۆیە کردەوەکانیشی بەرمەبنای قەدەری ئیلاهیە،دواتر ئەم تیۆرەیە لەنێو بنەماڵەی ئەمەویەکاندا بڵاوبوویەوەو درێژەی پێدرا،[2] ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئومەویەکان مەسەلەی قەدەریان بەبیانووی ستەمکاریەکانیان دەهێنایەوەو ئەوەیان بەگوێی خەڵکیدا دەچرپاند،کەگوایە ئەوەی بەسەریان دێت لەقەدەرەوەیەو خودا لەچارەی نوسیوون.

لەبەرانبەر ئەم ڕەوتە جەبریەداو لەساڵانی(٧٠ك/٦٩٠ز)[3] بەدواوە ڕەوتێکی قەدەری ئیختیاری پەیدابوون و دواتر جەدەل و پەیڤینێکی زۆرو کراوەیان بۆئەم مەبەستە لەگەڵ ئەهلی سوننە و پاشانیش حەنبەلیەکاندا کردوە.هەروەك لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێدراوە یەکەم کەسێك کەمەسەلەی قەدەری لە ئیسلامدا وروژاند و باسی لێوەکرد کەسێك بوو لەشاری (البصرة)بەناوی(معبد الجهني ٨٠ك/٧٠٠ز)،کەسەرەتا لەکۆڕی وانەوتنەوەکانی(حسن البصري)دادەنیشت،بەڵام دوای باسکردن لە قەدەر ناوبراو لەمەجلیسەکەی وەدەرینا و ڕێگری

(١) شفاء العليل،ص٦٣؛انفال يحيى امام:موقف الرازي من القضاء والقدر،ص٤١٦.

(٢) القاضي عبدالجبار:المغني،٤/٨؛بڕوانە:(شيخ جعفر السبحاني:بحوث في الملل،٢٤٠/١ ، ٢٦١)؛سميع دغيم:الفلسفة القدر،ص٨٢؛نصرحامد ابوزيد:الاتجاه العقلي،ص٢١٧؛محمد عمارة:المعتزلة ومشكلة،ص١٥١.

(٣) بڕوانە:(تەوەری پێشینەیەکی فیکری ئیعتیزالی،لا٢٢) بەدرێژی باسمان لەم بابەتە کردوە.

لێكرد بەشداری وانەوتنەوەكانی بكات،[1] وێڕای ئەوەش(ابن تيمية)لەباسی پەیدابوونی تیۆرەی قەدەردا دەڵێت ئەوتەرزە قەدەرەی كە(قەدەری و موعتەزیلەكان)ڕەتیانەكردەوە لە كۆتاییەكانی سەردەمی هاوەڵاندا(یارانی پەیامبەر"د.خ")سەری هەڵدا،داهێنەرەكەی كەسێكی خەڵكی عێراق و دانیشتوی شاری(بەسرە)بوو،كەپێیان دەگوت(سنسوية المجوسي)جا دواتر(معبدالجهني)تیۆرەی قەدەری لەم كەسایەتیەوە وەرگرتووە،[2] لەدوای ناوبراویش ئەم ڕەوتە قەدەریە كۆتایی پێ نەهات،بەڵكو بەردەوامی بەخۆیداو هەریەك لە(غيلان الدمشقي)و(جعد بن درهم)و(جهم بن صفوان)،جەدەلیان لەهەمبەر قەدەر گەرموگوڕتر كرد.[3]

بۆیە دواتر ئەم ڕەوتە قەدەریە داپژان و بڵاوبوونەوەو بڕوایان بە ئازادی ئیرادەی مرۆڤ و توانستی بەسەر كردەوەكانی و بەدیهێنان و ئەنجامدانیدا هەبوو،پێشەواوسەرجەلەی ئەم ڕەوتەش(غيلان الدمشقي)بوو،كەبەمامۆستای پێشینانی موعتەزیلە(موعتەزیلە بەراییەكان)دادەنرێت لەهەمبەر تیۆرەی ئازادی ئیرادەی مرۆیی،[4] سەرەڕای ئەوە هەندێكی تر پێیانوایە سەرەتای دەركەوتنی بیروباوەڕی ئیعتیزالی بە تیۆرەیەكی داهێنراو دەستی پێكردوە،ئەویش بڕوابوون بوو بەئازادی ئیرادەی هەڵبژاردەی ڕەهای مرۆیی لەتەواوی ئەو كردانەی ئەنجامی دەدات،هەروەك بڕوابوون بەوەی كەتەواوی كردەی مرۆڤەكان سەرپشكانەیەو مرۆڤەكان خۆیان بڕیار دەدەن كام كردەوە ئەنجام بدەن و،هەرخۆشیان كردەكانی خۆیان بەدی دەهێنن،لەبەرهەموو ئەمانە مرۆڤیش كائینێكی موكەلەفە.لەوكەسایەتیە دیارو ناسراوانەشی ئەم باسانەیان وروژاند(غيلان الدمشقي)بوو،كەئەم گوتەزایانەی لەسەردەمی (عمربن عبدالعزيز ٩٩_١٠١ك/٧١٧_٧٢٠ز)بڵاوبویەوە تاگەشتە سەردەمی خەلیفە(هشام بن عبدالملك١٠٦_١٢٦ك/٧٢٤_٧٤٣ز) بۆیە لەسەردەستی خەلیفە و لەسەرهەمان بابەت و تیۆرە كوژرا.[5]

دواتر و لەكۆتاییەكانی سەردەمی خیلافەتی ئەمەویدا(جهم بن صفوان١٧٨ك_١٢٨ك/٦٩٦_٧٤٥ز)هاتە گۆڕەپانی جەدەلیاتی قەدەرەوە بەدیوە جەبریەكەیدا و هەموو توانستێكی مرۆیی بەسەركردەوەكانیدا ڕەتكردەوەو ئەوەی خستەڕوو كەبەتەنها خودا توانایە بەهەموو كردەوەكانی مرۆڤ،هەروەك دەیگوت مرۆڤ توانای بەسەر هیچ شتێكدانیە و نابێت ئەوسیفاتانەی بدرێتە پاڵ،بەڵكو ناچاردەكرێت و بەناچاری كردەوەكانی ئەنجام دەدات و نەتوانای بەسەریانەوە هەیە نە ئیرادەو نەتوانستی هەڵبژاردن،هەروەك بڕوای وابوو،كە خودا كردەوە

---

[1] الذهبي:ميزان الاعتدال،٤٦٥/٦؛سالم الثقفي:مفاتيح الفقه الحنبلي،٢٠٠/١.

[2] مجموع الفتاوى،٢٤٠/٧؛ياسر قاضي:مقالات جهم،٧٣٣/٢.

[3] بڕوانە:(پێشینەیەكی فیكری ئیعتیزالی ،لا٢٢).

[4] احمد علي زهرة:الكلام والفلسفة،ص٩٧.

[5] بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٤٣٩؛التفتازاني:علم الكلام،ص١٣٩_١٤٠)؛الموسوعة الميسرة،ص٤٢؛بڕوانە:(پێشینەیەكی فیكری ئیعتیزالی لە دەروازە،لا٣٥).

لەمرۆڤەکانــدا دەخــوڵقێنێ هــەروەك چــۆن لەشــتەبێ گیانەکانــدا دەیخوڵقێنێــت،[1] دیــارە ئــەم تیۆرەیــە لەلایـــــەن قـــــەدەری و موعتەزیلـــــەکان و ئـــــەهلی ســـــوننەو ســـــەلەف و حەنبەلیەکانیشـــــەوە ڕەتکراوەتەوە،هــەروەك دواتــر دێینــە ســەر دیــدی موعتەزیلــە و حەنبەلیــەکان و ئــەهلی ســوننەش لــە هەمبەر قەدەرو ئازادی مرۆڤ.

دواتــریش کــە موعتەزیلــەکان لەسەردەســتی(واصــل بــن عطــا ٨٠_١٣١ك/٧٠٠_٧٤٨ز)دەرکــەوتن درێـــژە و بـــەردەوامیان بەپرســـی قەدەردا،هەڵبـــەت لەســـەرتاپیەکەی (معبـــد الجهني)و(غـــیلان الدمشـــقي)،(واصـــل)و هاوبیرەکـــانی لەموعتەزیلـــەکان پێیـــانوابوو خـــودی مـــرۆڤ بەتوانســـتی خـــۆی ئەنجامــدەری کردەوەکــانێتی لــە بــاش و خــراپ و خێروشــەڕ،خوداش زاناودانــاو دادپــەروەرەو ناکرێــت و نابێــت شەڕوســتەمکاری بدرێتــە پاڵ،هــەروەك ناکرێــت خــوداش داوای شــتانێك لەدروســتکراوەکانی بکــات کــە پێچــەوانەی فەرمانــەکانی بێــت وشــتانێك پێویســت بکــات لەســەریان و پاشــان ســزایان بــدات لەســـــەری،بۆیە لێـــرەوە دەبێـــت بڵـــێین مـــرۆڤ ئەنجامـــدەری کردەوەکـــانی خۆیـــەتی لـــەباش و خراپ،لـــەباوەڕو بـــێ باوەڕی،لەگوێڕایـــەڵی و بـــێ گوێیی،بەشـــێوازێکی خـــوازەکی و میتـــافۆری.[2] ئەمــەش بــەو واتایــە دێت،کــە موعتەزیلــەکان بــاوەڕی تــەواویان بــەتواناو ئیرادەی مرۆیــی بەئاراســتەی ئەنجامــدانی کردەوەکانیــدا هــەبووە و هەیــە، هــەروەها (واصــل)ی ڕابــەری موعتەزیلــەکان ئەمــەی وەکــو پــێش مــەرجێك بۆئــازادی ئــیرادەی مرۆیــی قەرارداوە،چــونکە خواســت بــۆ ئەنجامــدانی کــردەوە بەتــەنها تایبەتــە بــەمرۆڤ و خــوداڵێی بــەدورە و بەشــدارنیە تیایــدا،خوداش هــیچ کارێــك ئــەنجام نــادات ئەگــەر لەبەرژەوەنــدی مرۆڤــدا نــەبێت و ســزای کــەس نــادات لەســەر ئەوانــەی کەلــە قــەزاو قــەدەرەوە بەســەریاندا دێــت.[3] لــەم باســەوە دەگەینــە ئەوەی،کــە کۆمــەڵگای جیهــانی ئیســلامی لەهەمبــەر پرســی قــەدەر بەســەر دووبــەرەدا دابــەش بووبوون،ئــەوانیش سەرپشــك وئــازای و ناچــاری(الاختیــار والجــبر)ی بوون.ئەمــەو موعتەزیلــەکان بــۆ پشــتگیری تیۆرەکــەیان لەهەمبــەر قــەدەر بــاس لەنامەیــەك دەکەن،کــە هی(حســن البصـــری)بووە و بـــۆ خەلیفە(عبـــدالملك بـــن مـــروان ٦٥_٨٦/ ٦٨٤_٧٠٥ز )ی نوســـیووە و خەلیفـــە پرســیاری لــەبارەی قــەدەر و جــەبرەوە لــێ کردوە،ئــەویش بــە چەشــنێك وەڵامــی داوەتــەوە کەوەڵامەکــەی هــاوڕای بیروبــاوەڕی قــەدەری و موعتەزیلــەکان بووە،وەڵامەکەشــی بەچــەندین بەڵگــەی نــەقڵی و عــەقڵی پشـــت ئەســـتوور کردبـــوو. [4] وەك ئاشـــکرایە موعتەزیلـــەکان ئەمـــە دەکەنـــە بەڵگـــەی ڕاســـتی تیـــۆرە قەدەریەکەیان،کـــە گوایـــە پێشـــەوایەکی ناســـراوی وەکو(حســـەی البصـــری) هـــەمان بـــاوەڕی ئـــەوانی هــەبوە لەســەر پرســی قــەدەر،یان ڕاســتتر بــاوەڕی هــەردوولا لــەم پرســەدا تــەریب بووە.بــەبڕوای ئێمــە ئەمــە سروشــتی هــەموو گروپــەکانی کۆمــەڵگای ئیســلامی بــوون و دەبن،ئــەم کارەشــیان بــۆ برەودانــە بــە

[1] الشهرستاني:الملل،٢٨/١ ، ٨٧ ، ٩١؛هانم ابراهيم يوسف:اصل العدل،ص٦٩؛زهدي جارالله:المعتزلة،ص٩١_٩٢.

[2] الشهرســـتاني:الملل،٦١/١؛التفتـــازاني:علم الكـــلام،١٤٠_١٤١؛عمرســـليمان اشقر:القضـــاء والقـــدر،ص١٧؛صـــابر عبـــدة ابازيـــد:منهاج اهـــل السنة،ص١١٢؛ايهاب كمال محمد: الفرق الاسلامية،ص٨١.

[3] القاضي عبدالجبار:المغني،١٨/١٤؛عبدالستار الراوي:ثورة العقل،ص٥٤.

[4] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٥٣_١٥٤؛الشهرستاني:الملل،٦١/١؛ايهاب كمال محمد:الفرق الاسلامية،ص٨١.

باوەڕە نوێیەکەیان و پێدانی شوناسێکی کۆنی موعتەبەرە پێی تاکو زۆرترین دەنگ و ڕەنگ لە خۆیان کۆبکەنەوە.

هەر لەم گۆشەنیگایەوە هەندێك لە مێژوونووسانی ئەم بوارە ئاماژەیان بە دابەش بوونی کۆمەڵی مسوڵمانان کردوە،ئەوەتا(ابن حزم)دەڵێت"خەڵکی جیاوازیان تێکەوت لەڕووی قەدەرەوە،گروپێك لەو بڕوایەدابوون کە مرۆڤ ملکەچ دەکرێت لەئەنجامدانی کردەوەکانیدا و هیچ توانستێکی نیە لەئەنجامدانیاندا،ئەمەش گوتەزای(جهم بن صفوان)و شوێنکەوتەکانی بوو،گروپێکی تر پێیوایە،کە مرۆڤ ملکەچ نیەو تەواو سەرپشکە لە ئەنجامدانی کردەوەکانیداو بەهێز و ئیرادەیەك کەخودا پێی بەخشیون؛ئەوکارانە هەڵدەبژێرێن کە ویستیان لێیەتی"[1] ئەمەش گوتەزاودیدی موعتەزیلە و هاوبیرەکانیانە.ئەم باسە دەمانباتەسەر ئەو باوەڕەی کە پرسی قەزاوقەدەر پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و دانەبڕاوی بە ئازادی ئیرادەی مرۆڤەوە هەیەو تەواوکەری یەکترن.

## دیدگای موعتەزیلەکان بۆ قەزاوقەدەر

دوای ئەوەی(واصل بن عطاء)درێژەی بە پرسی قەدەردا،دواتر موعتەزیلەکان بەگشتی شوێن پێی ناوبراویان هەڵگرت لەم پرسەدا،ئەوەتا هەندێك ئاماژە بەوە دەکەن کاتێك موعتەزیلەکان پەیدا بوون گوتەزای قەدەریەکانیان سەبارەت بە قەدەر بەمیرات وەرگرت و تەبەنای ئایدیاکانیان دەکردن و بەڵکو چونە سەر بڕواکەشیان و وەریان گرت،هەتاکو ئەمان بەئەندازەیەك بەتواناتربوون لە قەدەریە یەکەمینەکان لە ڕاڤەکردنی بنەماکانیان و بەرگری لێکردنیدا.[2]

هەر لە سەرەتای ئەم پرسەوە موعتەزیلەکان نکوڵی ئەوەیان دەکرد،کە خودا هەرلەئەزەلەوە زانا بووبێت،بەڵکو وتیان زانیاری و ئاگای لەکردەی مرۆڤەکان نیە تائەوەی کە ئەنجامی دەدەن،[3] ئەمەش بۆخۆی ڕەتکردنەوەی مەرتەبەو قۆناغی یەکەمی قەزاوقەدەرە (کە زانستی خودایە بەتەواوی بوون پێش بەدیهێنان)،بەڕەتکردنەوەی زانستی ئەزەلی خودا بەبوون،بۆخۆی قۆناغی چوارەمی قەزاوقەدەر کە تەواوی کۆمەڵی مسوڵمانان و پێشەواکانیان بە حەنبەلیەکانیشەوە باوەڕیان پێیەتی؛ڕەتدەبێتەوە،کەئەویش قۆناغی بەدیهێنانە(الخلق)،[4] هەرلەم ڕوانگەیەوە موعتەزیلەکان وایان بینیوە،کە کرداری مرۆڤەکان دروستکراوی خودا نین،بەڵکو ئەوە خودی مرۆڤەکانن کردەوەکانیان بەدی دەهێنن و مرۆڤەکان ویست و توانای سەربەخۆی خۆیان هەیەو جودایە لە ویست و توانای ئیلاهی،کەواتە کردارەکانیان هیچ بکەرو بەدیهێنەرێکیان نیە جگە

---

[1] الفصل في الملل،٣٣/٣؛عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين،ص١٠١.

[2] جارالله:المعتزلة،ص٩٢.

[3] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٢٢٥؛بڕوانە:(الخياط:الانتصار،ص١٢٢_١٢٣؛عمر سليمان اشقر:القضاء والقدر،ص)٥٣.

[4] (ابن القيم)دەڵێت:(المرتبة الرابعة من مراتب القضاء والقدر،وهي خلق الله تعالى لافعال المكلفين،ودخولها تحت قدرته ومشيئته،كما دخلت علمه وكتابه)،بڕوانە:(شفاء العليل،١٩٣/١ ، ٢٠٣؛انفال يحيى امام:موقف الرازي من القضاء والقدر،ص٤١٦).

لــەخۆیان، [1] هــەروەك ئــەوەیان ڕەتدەکردەوە،کــە خــودا هەڵســوڕێنەری هــەموو شــتێکی بــوون بێــت و ویستیشــی تیایانــدا بەرجەســتە ببێت،ئەمــە ســەرباری ئــەوەی ئەوەشــیان ڕەتدەکردەوە،کــە خــودا بەدیهێنــەری هــەموو شــتێك بێت،هــەروەك(النســفي)ئــەوەمان بــۆ ڕوون دەکاتەوە،کــە موعتەزیلــەکان مەبەســتیان چــیە لــەو گوتەزایانەیان،کــە دەڵــێن مــرۆڤ بەدیهێنــەری کردەوەکــانێتی و دەڵێــت موعتەزیلــەکان پێیانوایــە تــەواوی کــردەی مرۆڤــەکان دروســتکراوی خــودی مرۆڤەکانن،ئــەوە مــرۆڤ خۆیــەتی کــە کــرداری خــۆی دروســت دەکــات بەچــاك و خراپییەوە،لەبەرئــەوەی مــرۆڤ لای ئــەوان توانــادارە بــەو تواناداریــەی خۆی،کــە خــودا پێــی بەخشــیوە پــێش ئەنجامــدانی کردارەکانی،بــەم پێیەش بێت کەواتە کردارەکانی لەلایەن خۆیەوە بەدی دەهێنرێت،[2] نەك خوای بەدیهێنەر.

هــەروەها دەڵــێن کــرداری بەنــدەکان لەهــەڵس و کــەوت و هەســتان و دانیشــتنیان لەلایــەن خۆیانــەوە بەدیهێنراوە،چــونکە خــودا لەســەر ئەمــە توانــاداری کردون،بۆیــە هەرکەســێك بڵێــت خــودا بەدیهێنەریانــە ئەواهەڵەیــەکی گــەورەی کــردوە،[3] ئەمــەش لەبەرئــەوەی ئــەم کارانــە پەیوەســتن بــەخودی مرۆڤــەوەو مــرۆڤ پێیــان هەڵدەســتێ و ئەنجامیاندەدات،بۆیــە ناکرێــت بدرێنــە پــاڵ خودا.چــونکە موعتەزیلــەکان کــۆڕان لەســەرئەوەی خــودا دادگــەرەو زوڵــم و ســتەم لــە مرۆڤــەکان ناکات،بۆیــە بڕیاریانــدا بەڕەتکردنــەوەی قــەدەرو،پێیانوابوو کــە مــرۆڤ ئــازادە لەهەڵبــژاردنی کردارەکــانی و هەرخۆشــی بەرپرســیارە لێی،بەمــەش خۆیــان بەســەرخەری دادگــەری ئیلاهــی وەســف دەکرد،هــەروەك ئــەو کەسانەشــیان بەبێباوەڕدەزانی،کــەباوەڕیان بــە جەبرومڵکەچــیی هــەبوو،یان گومــانی لــە بێباوەڕبوونیــان هــەبێت.[4] هەرســەبارەت بــە دادپــەروەری ئیلاهــی موعتەزیلــەکان دەڵــێن دادگــەری خــودا وەهــا دەخوازێــت کــە مادامــەکیٚ مرۆڤــی موکەلــەف کردوە،ئــەوا دەبێــت توانــاو ویستیشــی پــێ ببەخشــێت تــا بــەجۆرێك لــەجۆرەکان مرۆڤــەکان خۆیــان ئەوکردارانــە بەدیبهێنن،کــە بەرپرســیارن لێــی و نابێــت خــودا دەســتیان تــیٚ وەردات ،جــا خودیمرۆڤــەکان بەدیهێنــەرو داهێنــەری کردارەکــانی خۆیــانن بەحــەقیقی،خوداش لــە کــردارە ئیکتیســابیەکانی مرۆڤــدا هــیچ بــەدیهێنان و ئەندازەگیریــەکی ئــەنجام نەداوە،نەبــە هێنانــە بــوون و نــە بەنــەبوون.[5] هــەروەها لــەنێو گروپــی موعتەزیلەکانــدا بۆچــونێکی دژ نیــە بــە بــاوەڕی نــەفی قــەدەر و ئــەوەی کــە خــودا کــرداری خــەڵکی و مرۆڤــەکان بــەدی دەهێنێت،بــەڵکو

---

[1] القاضــي عبدالجبار:شــرح الاصــول الخمســة،ص٣٤٠،٣٣٦،٣٢٣؛بروانــە:(المغــني،٨/٤٣_٤٤؛ابــن حزم:الفصــل،٥/٥٧)؛دي بور:تــاريخ الفلسفة في الاسلام،ص٨٨؛وليد بن صالح باصمد:اثر علم الكلام،ص٢٥٠.

[2] بحــرالكلام،ص١٤٧؛التفتــازاني:علم الكــلام،ص١٤٣؛احمــد امين:ضــحى الاســلام،٣/٤٥؛فجرالاســلام،ص٢٨٤؛عبــدالله الامين:دراســات في الفرق،ص٣١٩.

[3] القاضــي عبــدالجبار:المغني،٨/٣؛ ابــن حزم:الفصــل،٥/٧٥؛محمــد عمارة:المعتزلــة ومشــكلة،ص٧٠؛احمــد محمــود صــبحي:في علــم الكــلام،ص١٤٩؛علــي بــن ســعد الضــويحي:آراء المعتزلــة،ص١٠٩؛عوادالمعتق:المعتزلــة واصــولهم الخمســة،ص١٦٩؛مواهــب علــي منصور:عدل الالهي،ص١٤٣.

[4] الخياط:الانتصــار،ص٦٦_٦٨؛جارالله:المعتزلــة،ص٩٩؛هــانم ابــراهيم يوســف: اصــل العــدل،ص٧٢؛بروانــە:(حناالفــاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١/١٦٤؛مهند الجبالي:اثرالاعتزال،ص٧٠_٧٢)؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،لا٥١.

[5] البغدادي:الفرق،ص٩٤؛محمد علي ابوريان:تاريخ الفكر الاسلامي،ص٢٨٠؛بروانە:(حمەكريم هەورامی:زانستی کەلام،١/٤٧١).

**خۆیان دروستکەری کردەوەکانیانن و هەرلەسەر ئەوکردانەش پاداشت و سزا وەردەگرن،پێشیان وایە تەنها ئەمە بەسە بۆئەوەی خودا شایستەی سیفەتی دادگەری بێت،[1] هەرئەمەیە وای لەمێژوونووسان کردوە بڵێن موعتەزیلەکان بەکۆدەنگیەوە بانگەشە بۆئەوە دەکەن،کە خودی مرۆڤەکان خۆیان کردارەکانیان دەخوڵقێنن بەوتوانایەی خودا چاندویەتی و بەدیهێناوە تیایاندا،[2] ئەمەش وادەکات بڵێین موعتەزیلەکان نکۆڵیان لەوە دەکرد،کە توانای خودا پەیوەست بێت بە کرداری بەندەکانەوە و بڕوایان وایە مرۆڤ کردارەکانی خۆی بەدیدەهێنێت بەو توانایەی کەخودا تیایاندا دروستیکردوە و سەرپشکە لە هەموو کردارەکانی،جا هەرخۆی باوەڕ دێنێ و کافر دەبێت و گوێڕایەڵ دەبێت و تاوان دەکات بە ویست و ئیرادەی ئازادی خۆی،بۆیە هەموو کردارە تەکلیفیەکانی کەجێگای پاداشت و سزایە لە توانا و ویستی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت.[3] (القاضي عبدالجبار)یش بۆچونی خۆی و موعتەزیلەکانی لەم بارەیەوە بەپرسیار دەخاتەڕوو و دەڵێت مەبەست چیە لەوەی کە باوەڕو بێباوەڕیی ڕوونادەن تەنها بەقەزای ئیلاهی نەبێت؟ئایا مەبەستتان ئەوەیە،کە خودا باوەڕو بێباوەڕیی بەدیهێناوە لە باوەڕدارو بێباوەڕدا؟ئەگەر دروستی نەکردایە درووست نەدەبوو لە لایەن مرۆڤەوە؟ئەمەش بەبەڵگە سەلمێنراوە کە نەشیاوو نادروستە،چونکە ئەم باوەڕە وادەخوازێت کە فەرمان و نەهی و تەکلیف و پاداشت و سزا بوونیان نەبێت.[4] ئەم باوەڕە موعتەزیلەکانی کۆکردۆتەوە لەسەر ئەوگوتەزایەی کەخودا بێباوەڕی و تاوانەکانی بەدی نەهێناوە،بەڵکو هیچ شتێکیشی لەکردار دروست نەکردوە جگە لە مرۆڤ خۆی نەبێت.[5]**

**بەڵگەشیان بۆ ئەم گوتەزایانەیان ئەوەیە کە(ابن تیمیة)دەڵێت خودا لای موعتەزیلەکان دادگەرەو ستەم ناکات،لەبەر ئەوەی ویستی نەبووە لەبوونی هیچ شتێك لە تاوان و کوفر و لادان و بێ گوێیی،بەڵکو مرۆڤەکان خۆیان ئەم کارانە ئەنجام دەدەن بەبێ ویستی خودا،هەروەها خودا هیچ شتێکی لەکرداری مرۆڤەکان بەدینەهێناوە نە چاك و نەخراپ،لەبەر ئەوەی ئەگەر دروستکەری کردەکان بێت و پاشان سزای تاوانکاران بدات ئەوا ستەمکار بووە بۆیان،[6] هەروەها(قاضي عبدالجبار)دەڵێت ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت خودا بەدیهێنەری کرداری مرۆڤەکان بێت،لەبەرئەوەی هەندێ لە کرداری مرۆڤەکان زوڵم و ستەمە،ئەگەر خودا بەدیهێنەریان بێت کەوایە خودا زاڵم و ستەمکارە نەك مرۆڤەکان(چونکە ئەوکات مرۆڤەکان تەنها ئالەتێکی جێبەجێکاری**

---

(١) احمد امين:فجرالاسلام،ص٢٩٧؛نصرحامد ابوزيد:الاتجاه العقلي،ص٢١٦.

(٢) البغدادي:الفرق،ص١١٦؛بڕوانە:(اصول الدين،ص١٥٧؛غالب علي عواجي:فرق المعاصرة،١١٨٢/٣).

(٣) الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٧٧؛بڕوانە:( عبدالله الامين:دراسات في الفرق،ص٣١٩؛محمدعبده وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص٦٠_٦١).

(٤) فضل الاعتزال،ص١٦٩ .

(٥) الاشعري:المقالات،٢٧٣/١؛بڕوانە:( ابن حزم:الفصل،٨١/٣، ٨٢ )؛ناصر العقل:الجهمية والمعتزلة،ص١٨١.

(٦) جامع الرسائل،١٢٣/١؛ابن القيم:المختصر،٥٧٧/٥؛قاضي عبدالجبار:المتشابه القرآن،ص١٥٥_١٥٧ ، ١٧٥_١٧٦؛وليد بن صالح باصمد:اثر علم الكلام،ص٢٥٥؛ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٥٣٨.

ویستەکانی خودان نەك هی خۆیان)،ئەمەش وەك ئەوە وایە بڵێین مادام خودا دروستکەری بێت هەرئەویش بکەرێتی،[1] ئەمە بەڵگەیەکی عەقڵی ڕوونە کە موعتەزیلەکان تیۆرەی جەبرو خەلقی کاروکردەوەی مرۆڤی پێ ئاوەژوو دەکەنەوە،هەروەك دەیانەوی لەو ڕێباوەڕەوە نەفی ستەم و زوڵم لەکاری ئیلاهیدا بکەن و پێیانوایە ناکرێت خودا بەدیهێنەری زوڵم و ستەم و درۆ بێت،لەبەرئەوەی هەرکەسێك زوڵم بکات زاڵمە و هەرکەسێك ستەم بکات ستەمکارە،هەرکەسێکیش درۆ بکات درۆزنە،خوداش پاك و بێ پەڵە و دوورە لەهەموو ئەمانە،کەواتە ئەم شتانە نەکرداری خودان و نە خوداش دروستی کردون، [2] بەڵکو مرۆڤەکان ئەنجامدەری ڕاستەقینەیانن.هەرئەمە وای لە موعتەزیلەکان کردوە بپرسن چۆن گوتەزاکانتان تەریب دەبێت بەو وتەیەتان،کە دەڵێن خودا سزای مرۆڤەکان دەدات لەسەر تاوانەکانیان لەکاتێکدا خودا بۆخۆی دروستی کردوە تیایاندا؟ئەی دادگەری خودا لەکوێی سزادانی مۆڤەکاندایە لەسەر شتانێك کە خۆی بکەرو دروستکەری بێت؟[3] هەروەها بەڵگەیەکی دیکە لەبەڵگە عەقڵیەکانی موعتەزیلە ئەوەیە،کە دەڵێن ئەگەر خودا دروستکەری کردەی مرۆڤەکان بێت و مرۆڤەکان هیچ دەستیان تێدا نەبێت،ئەوا تەکلیف و داخوازی پوچ دەبێتەوە،لەبەرئەوەی کاتێك خودا مرۆڤی موکەلەف کردووە ویستوویەتی کردارگەلێك ئەنجامبدەن تا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات لەسەری،جا چۆن خۆی کردەکانیان دروستدەکات و پاشان لەڕۆژی دواییدا لێپرسینەوە دەکات لەسەر کردارگەلێك کەخۆی بەدیهێناوەو مرۆڤەکان هیچ دەستێکیان لە بەدیهێنان و ئەندازەگیریدا تێدا نەبووە،[4] ئەگەر وابێت ئەوکات شیاوی بڕیاردانی بەباش و خراپ بەسەریدا پوچ دەبێتەوەو زەمکردن و پیاهەڵدانیش،چونکە هەموو ئەمانە دروستکەری خودی مرۆڤ نین و ویستی هەڵبژاردنی مرۆیی تێدانیە،[5] لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە موعتەزیلەکان دەیانەوێ بەم پرسیارو گومانانە تیۆرەی بەدیهێنانی کردەی مرۆڤ لەلایەن خوداوە ڕەت بکەنەوەو، تیۆرەی ئازادی مرۆیی بسەلمێنن.

ئەوەتا هەرلەچوارچێوەی ڕەتکردنەوەی قەزاوقەدەر و تیۆرەی ملکەچیی(الجبر)ئیلاهیدا،موعتەزیلەکان چەند بەڵگەیەکی عەقڵی دەخەنەڕوو:-

---

(1) شرح الاصول الخمسة،ص٣٤٥؛ابن العمراني:الانتصار،١٨٧/١؛عادل عوا:المعتزلة وفكرالحر،ص٣٢٤؛عبداللطيف الحفضي:تاثيرالمعتزلة،ص٧١.

(2) الباقلاني:الانصاف،ص١٥٠؛صابر عبد ابازيد:منهاج اهل السنة،ص١٢٠؛علي بن سعد الضويحي:آراء المعتزلة،ص١٠٩.

(3) ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٤٤٢_٤٤٣؛بڕوانە:(قاضي عبدالجبار:المغني،١٧٣/٨ ، ١٩٣_١٩٤؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٧٩)؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،ل٤٩.

(4) الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص٨٣_٨٤؛صالح زين العابدين:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٨٣؛بڕوانە:(احمد امين:ضحى الاسلام،٥٣/٣؛عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص٧٣).

(5) القاضي عبدالجبار:المغني،٢٠٨/٨سميع دغيم:فلسفة القدر،ص٢٤٩ .

١- ئەگەر كردەی مرۆڤەكان دروستكراوبن لەلایەن خوداوە ئەوا مرۆڤەكان شیاوی پیاهەڵدان و سەرزەنشتكردن و پاداشت و سزا نەدەبوون لەسەری.[١]
٢- ئەگەر كردەی مرۆڤەكان هەمووی لەقەزاوقەدەری ئیلاهیەوە بێت،ئەوا پێویست دەكات ڕەزامەندبن لەسەر هەمووی بەباوەڕو بێباوەڕیشەوە،ڕازی بوونیش بە بێباوەڕی دیسان بێباوەڕییە.[٢]

هەربۆیە موعتەزیلەكان پێیانوایە ئەگەر مەبەستی قەزاوقەدەر بەدیهێنان بێت،چۆن دەكرێت كرداری مرۆڤەكان دروستكراوی خودابن لەكاتێكدا وەستاوەتە سەر مەبەست و پێداویستی مرۆڤەكان،ئەگەر بیانەوێت ئەنجامی دەدەن و ڕقیشیان لێ بێت وازی لێ دێنن،[٣] ئەمەش تەواو تەریبە بەوگوتەزایانەیان،كە پێیانوایە هەموو خاوەن ژیریەك لای خۆیەوە هەست بەوە دەكات،كەخودی خۆی بكەری ئەو كردانەیە كە لێیەوە دەردەچێت بە پێی ویست و زەروریات و پێداویستی خۆی،بەپێچەوانەی جوڵەی لەرزۆكەوە كە هیچ خاوەن ژیریەك مناقەشەی ناكات و جێگای گومان و ڕەخنە كردن نیە،بەڵگە هێنانەوە لەسەر پێچەوانەی ئەمە بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر پوچیی شتێك كە ڕاستیەكەی بە زەرورەت زانراوە،كەواتە وەرناگیرێت،[٤] بۆیە موعتەزیلەكان لەچوارچێوەی بڕوابوونیان بە تواناوئیرادەی مرۆیی بە ئاراستەی ئەنجامدانی كردەوەكانی دەڵێن خودا تواناو ویستی بەمرۆڤەكان بەخشیووە وبەهۆیەوە كردن و نەكردنی كرداری داوەتە دەستی خۆیانەوەو سەرپشكی كردون لەوەی كەچیان دەوێت،جامرۆڤیش چی دەكات و ناكات بەتواناو ویستی ئیختیاری خۆیەتی،[٥] ئەمە سەرباری ئەوەی لایان وایە ناكرێت كردەی مرۆڤەكان بەوە وەسف بكرێت كە خودا بەدیهێناون،چونكە بەپێی مەبەست و پێداویستی خودی مرۆڤەكان دێتەكایەوە و شایستەی پیاهەڵدان و سەرزەنشتكردن و پاداشت و سزان لەسەری،ئەگەر لەلایەن خوداوە بەدی هاتبا ئەوكات پاداشت و سزا لەسەریان دروست نەدەبوو(جائیزنەدەبوو).[٦]

هەر لەم ڕوانگەیەوە(ثمامة بن الاشرس)[٧] ڕۆژێك بە خەلیفە(المامون)دەڵێت كردەی مرۆڤەكان لە سێ شێوە بەدەرنیە،یان هەمووی لەلایەن خوداوەیەو مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێكی تێدانیەو نابێت و

---

[١] بڕوانە:(هادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص١٠٨؛البيضاوي:طوالع الانوار،ص٢٠١؛مواهب علي منصور:عدل الالهي،ص٣٦٨؛حمەكەریم هەورامی:زانستی كەلام،٤٧٥/١).

[٢] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٧٧١؛عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص١٠٣؛عبداللطيف الحفضي:تاثيرالمعتزلة،ص٧٠؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص١٥١ .

[٣] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٧٧١؛محمدعمارة:المعتزلة ومشكلة،ص٧٠؛وليدبن صالح باصمد:اثرعلم الكلام،ص٢٥١.

[٤] ابن القيم:شفاء العليل،ص٣١٦؛بڕوانە:(احمدامين:ضحى الاسلام،٥٣/٣).

[٥] ابن القيم:شفاء العليل،ص١١١؛غالب علي عواجي:فرق المعاصرة منتسب الى الاسلام،١١٨٢/٣.

[٦] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٧٧٨؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،٣٥١/١؛مواهب علي منصور:عدل الالهي،ص١٤٤.

[٧] ثمامة بن الاشرس:ناوی تەواوی(ابوبشرثمامة بن أشرس النميري)ونازناوی(ابو معن)ە،لەشاری(البصرة)لەدایكبووە لەدەوروبەری ساڵی(٢٣١ك/٨٤٥ز)لە شاری بەغداد كۆچی دوایی كردوە،یەك لەگەورە زانایانی موعتەزیلەو سەرداری گرووپی(الثمامية)ی سەربە

**شایستەی پاداشت و سزا و پیاهەڵدان و سەرزەنشتکردن نین لەسەری،یان لەلایەن مرۆڤەکان و خودایە پێکەوە،ئەوکات پێویستە پیاهەڵدان و سەرزەنشتکردن بۆهەردولایان بێت،یان تەنها لەلایەن خودی مرۆڤەکانەوەیەو شایستەی پاداشت و سزاو پیاهەڵدان و سەرزەنشت کردنن لەسەری.**[1]

**هەروەها هەندێکی تر لەموعتەزیلەکان کرداری مرۆڤەکان بەدوو جۆر دەزانن،جۆرێکیان ویست و ئیرادەی هەڵبژاردن(ئیختیار) پەیوەستە پێیەوە(وەکو هاتن و چوون و نووسین و خوێندنەوەو...تاد)،جۆرەکەی دیکەیان ویست و ئیختیاری مرۆڤی تێدانیە(وەکو هەناسەدانەوەو خەوتن و جووڵەی خوێن)،جا مرۆڤ لەجۆری یەکەمیاندا خۆویستە(مخیر)و ملکەچ(مسیر)نیە،بەپێچەوانەی جۆری دووەمەوە،کە مرۆڤەکان تێیدا ملکەچن(مسیر)و خۆویست(مخیر)نین.**[2]

**بەخوێندنەوەی ئەودەقانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی،کەموعتەزیلەکان بەڕەتکردنەوەی خەلقیەتی ئیلاهی بۆ کردەی مرۆیی دەیانەوێ نەفی زوڵم و ستەم لە زاتی ئیلاهیدابکەن،بۆیە چەندین بەڵگەی نەقڵی دەقی پیرۆز بۆپێتەوکردن و بەهێزکردنی تیۆرەکەیان دەهێننە بەرباس،بۆیە(القاضي عبدالجبار)دەڵێت خودا وەسفی خۆی دەکات بەنەفی زوڵم لەزاتیدا و ئەم وەسفەش تەنها قسەنیە،بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆکردارەکانی،کاتێك دەڵێت(وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ)،**[3]

---

موعتەزیلەکان بووەو،بە شوێنکەوتووەکانیشی وتراوە(الثمامیة)،هەروەك هەریەکە لە(بشر بن المعتمر)و (الجاحظ)ی زانایانی موعتەزیلە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری لێهاتووییە زانستی و ڕەوانبێژیەکەیەوە،(ثمامة)لە لایەن خەلیفە(الرشید١٧٠_١٩٣ك/٧٨٦_٨٠٩ز)ەوە کراوەتە والی خۆراسان،بەلاّم دواتر گەڕاوەتەوە بەغدادو دەچێتەکۆشکی خیلافەتەوە،بۆیە لە سەردەمی خەلیفە(المامون١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز)یشدا خاوەن پێگەو دەسەلاّتێکی بالاّبووە لای خەلیفەو خەلیفە لە دانان و لابردنی والی و کاربەدەستاندا پرسی پێکردوە،چونکە ناوبراو یەك لە زاناو ڕابەرانی موعتەزیلە بووە و خودی خەلیفە(المامون)یش هەر لە سەردەستی ناوبراو هەندێك لە مەسائیلە ئیعتیزالیەکانی وەرگرتووە،لەسەردەمی خەلیفە(المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز)و خەلیفە(الواثق ٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٦ز)خاوەن پێگە بووەو پرس ورای پێکراوە،لە گرنگترین باوەڕو گوتەزاکانی:(فاسق و ئەوانەی بەردەوامن لەسەر یەك گوناهی گەورە؛بە هەتایی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە،ئەگەر بە بێ تەوبە کردن و پاشگەز بوونەوە دونیا بەجێ بهێڵن.موتەوەلیدا کردارگەلێك کە بکەریان نیە(واتە خۆڕسکن)هەروەك مەعریفەش شتێکی زەرووری و پێویستکراوە لەسەر مرۆڤ.باش و خراپی ژیری بە عەقڵ جیادەکرێتەوە پێش هاتنی شەرع.بێباوەڕان لەڕۆژی پەسلاّندا دەبنە خۆڵ و زیندووناکرێنەوە.قورئان کەلامی خودا نیەو(خودا قسەناکات)،بەڵکو دروستکراوی خودایە،هەروەك لەو بڕوایەدابوو کە خودا نابینرێت نەلەدونیاو نەلەڕۆژی دواییشدا،هەر لەبەر ئەمەش چووە بن کلێشەی خەلیفە(الواثق ٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٦ز) تا(احمد بن نصر الخزاعي)لە ساڵی(٢٣١ك/٨٤٥ز)زانای بە ناو بانگی ئەهلی سوننە و حەنبەلیەکان بکوژێت.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٧٢؛الاسفرايني:التبصير في الدين،ص٤٨؛ابن النديم:الفهرست،ص٢٠٧؛الشهرستاني:الملل والنحل،٨٤/١؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٠٣/١٠؛ابن المرتضى:المنية والامل،ص٦٢؛طبقات المعتزلة،ص٦٢؛الزركلي:اعلام،١٠٠/٢_١٠١).

[1] ابن المرتضى:المنية والامل،ص٣٥؛طبقات المعتزلة؛صبري عثمان:الميتافيزيقيا،ص٣٥؛هانم ابراهيم يوسف:اصل العدل،ص٧٨، ١٠٦؛عواد المعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٧٥، ١٧٧.

[2] بڕوانە:(عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين،ص٤٤٩؛صالح زين العابدين:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٨٠)؛حناالفاخوري وآخر:تاريخ الفلسفة العربية،١٥١/١؛محمد جواد مغنية: معالم الفلسفة الاسلامية،ص١١٩.

[3] فصلت/٤٦.واتا **"خودا هەرگیز غەدربازو ستەمکارنەبووەو نیە لە بەندەکانی".**

هــەروەها(إِنَّ اللَّــهَ لَــا يَظْلِــمُ مِثْقَــالَ ذَرَّةٍ)،[1] هــەروەها دەفــەرموێت(وَلَــا يَظْلِــمُ رَبُّــكَ أَحَــدًا)،[2] لــەم دەقــە پیرۆزانــەدا خــودا زوڵــم و ســتەم لــە زاتــی خــۆی دوردەخاتــەوەو دادگــەری دەســەلمێنی،بۆیە جــوان نیــە وەسفی خۆی بکات بەنەفی زوڵم و ستەم لەزاتی خۆیدا لەکاتێکدا توانستی بەسەریانەوە نەبێت.[3]

لــە بەڵگــە نەقڵیــەکانی دیکــەی موعتەزیلــەکان ســەبارەت بەنــەفی زوڵــم و ســتەم لــەزاتی ئیلاهیــدا دەقــی(وَمَــا اللَّــهُ يُرِيــدُ ظُلْمًــا لِلْعِبَــادِ)ە،[4] کەڕاڤەیــەکی خــودی بــۆ دەکــەن بەوەی،کــە گوتــەکانی خــودا ســەبارەت بــە زوڵــم و ســتەم نەناســراوەو تایبــەت نــەکراوە بەشــتێکی دیاریکراوەوە،بــەڵکو گشــتێنراوە بــۆ تــەواوی زوڵــم و ســتەم و جۆرەکانی،جەوهــەری دەقەکــەش ئــەوە دەخوازێ،کــە خــودا هــەموو ئەوشــتانەی نــاوی زوڵــم و ســتەمی پێوەنووســابێ نەویســتووەو نایــەوێت،[5] ئەمــەو موعتەزیلــەکان نــەبوونی یــاخود نــەفی کردنــی زوڵــم و ســتەم لــەزاتی ئیلاهیــدا بــە بەڵگــەی دادپــەروەری خــودا دەزانــن بەوەی،کـــە لەگۆشـــەنیگای ئەمانـــەوە دادگـــەری ئیلاهـــی ئەوەیە،کـــە خـــودا کـــردەی مرۆڤـــەکان بــەدیناهێنێت و حــەزی لەخراپــەکاری نیە،بــەڵکو ئــەوە خــودی مرۆڤــەکانن کردەوەکانیــان ئەنجامــدەدەن بەویســـتی خۆیـــان و دەستبەرداریشـــی دەبـــن هـــەر بەویســـتی خۆیـــان،[6] ئەمـــەش بـــەهۆی ئـــەو توانســـتەوەیە کــە خــودا لەمرۆڤەکانــدا بــەدیهێناوە،خوداش فــەرمان بەشــتێك ناکــات کــە خواســتی مرۆڤــەکانی لەســـەر نـــەبێت و نـــەهی لـــەهیچ شـــتێکیش ناکـــات تـــەنها بەویســـتی نـــەهیکاری مـــرۆڤ نەبێت،بـــەڵکو خـــودا خـــاوەنی هـــەموو کردەیـــەکی باشـــە کەفـــەرمانی پێکـــردووەو دوورە لەتـــەواوی خراپەکاریەکانی،کەنـــەهی لێکردوە،تـــەکلیفیش لـــە مرۆڤـــەکان نـــەکات بـــۆ بەئـــەنجام گەیانـــدنی کردارگــەلێك کــە توانــاین بەســەریدا نەشــکێت،[7] بەڵگەشــیان بــۆ ئــەم گوتەزایانــەیان چــەند دەقێکــی پیرۆزە،لەوانــە(وَاللَّــهُ لَــا يُحِــبُّ الْفَسَــادَ)،[8] کــە بەڵگەیــە لەســەرئەوەی خــودا فەســادو خراپــەکاری نەویســتووە و نایەوێ،بــەڵکو ڕقــی لێیانــە جــا ئــەو فەســاد و خراپەکاریانــە چ لەلایــەن خۆیــەوە بــن یــان لەلایــەنێکی دیکەوە،ئەمــە ســەرباری ئــەوەی ئەگــەر خــودا تــاوان وفەســاد و کــوفرو بــێ بــاوەڕی بویســتایە ئــەوا دەبــوو مرۆڤــەکان گوێڕایــەڵی خــودا بوونایە،چــونکە خــودا بۆخــۆی وەهــا شــتانێکی لەمرۆڤــەکان داواکــردوە و مرۆڤــەکانیش ئەوکارانــەیان بەئــەنجام گەیاندوە،کــە خــودا لێــی داواکــردون و

---

[1] النساء/٤٠.ماناکەی بەم چەشنەیە **"بێگومان خودا بە سەنگی بچووکترین گەردیلەش(زەررە)ستەم لە هیچ کەس ناکات".**

[2] الکهف/٤٩.مانای ئایەتەکەش ئاوایە **"خوداش ناهەقی و ستەم لە هیچ کەسێك ناکات و بەناهەق سزای کەس نادات".**

[3] شـرح الاصـول الخمسـة،ص٣١٥_٣١٦؛ابـن قدامـة المقدسـي:لمعة الاعتقـاد،ص٢٥؛احمـد علـي زهـرة:الكلام والفلسـفة،ص٩٨؛عـادل عوا:المعتزلة وفكرالحر،ص٣٢٢؛مهند الجبالي:اثرالاعتزال،ص٦٩.

[4] غافر/٣١.ئەمەش بەواتای **"خۆ خودا نایەوێت ناهەقی و ستەم لە بەندەکانی بکات".**

[5] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٤٥٩؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،٣٤٥/١.

[6] بڕوانــە:(المسـعودي:مروج الـذهب،١٨٤/٣؛عبدالسـتار الراوي:ثـورة العقـل،ص٣٦؛عبـدالله الامـين: دراسـات في الفـرق،ص٣١٩؛موسـوعة الميسرة،ص٤٣).

[7] بڕوانـــە:(الاشـــعري:الابانة،ص١٠٧؛بلخي:فضـــل الاعتـــزال،ص٦٣؛علـــي بـــن سعدالضـــويحي:آراء المعتزلـــة،ص١٠٩؛صـــالح زيـــن العابدين:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٨٥).

[8] البقرة/٢٠٥.واتا **"هەرگیزخودا خۆشی بە خراپەکاری نەهاتووەو نایەت".**

ویستویەتی،[1] بۆ بەهێزترکردنی دیدوبۆچونەکانیان ڕاڤەی خودی بۆدەقی(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)،[2] دەکەن و دەڵێن ئەم ئایەتە مەبەست لێی ئەوەیە،کەخودا هیچ شتێکی لەمرۆڤەکان نەویستووە و ناوێت تەنها پەرستش و بەندایەتی و گوێڕایەڵی کردنی زاتی خۆی نەبێت،لەبەرئەوەی ئەم(لام)ە لامی مەبەست داریە(واتە مەبەست لەدروست کردنی جنۆکەومرۆڤ تەنها بۆپەرستشی خودایە)،کە زمانەوانان پێی دەڵێن لامی(کی)یان(بۆئەوەی)،بەڵام ئێوە(مەبەستیان حەنبەلیەکانە)دەڵێن خودا کردەوەی مرۆڤەکانی دروست کردوە(تەنانەت کوفرو بێ باوەڕییش)واتە خودا مرۆڤەکانی بۆ بێباوەڕی دروست کردوە،ئەمەش نەشیاوو نادروستە.[3]

هەر بە بەڵگەی ئەودەقانەی سەرەوە موعتەزیلەکان پێیانوایە مرۆڤەکان بەویستی خۆیان کردەوەکانیان لەباش و خراپ ئەنجام دەدەن و شایستەی پاداشتن لەسەرکردەکانیان،ئەمە پرسێکە،داواکاریەکان لێرەدا بەڵگەیە لەسەری،بۆوێنە ستەم ئیشی ستەمکارانە،فەساد و خراپەکاری کاری موفسید وخراپەکارانە،ئەگەر خودا فەرمان بەستەم و خراپەکاری بکات،ئەوادەبێتە یەکێك لەسیفاتەکانی خودا(بۆ وێنە لەبری ئەوەی بگوترێت خودا میهرەبانە دەبوو بمانگوتبا خودا زاڵمە یان خراپەکارە)ئەمەش لەخودا بەدورەو هەرگیز لەوەوە دەرنەچووەو ناچێت و مەحاڵە.[4]

ئەم تەرزەی بیرکردنەوە وای لەموعتەزیلەکان کردوە بڵێن خودا کە دادگەرە لەفەرمانڕەواییدا،نەرم و نیانە بەدروستکراوەکانی،بەئارامە بەرانبەر خراپەکاری مرۆڤەکان،ڕازی نابێت مرۆڤەکان بێباوەڕی هەڵبژێرن و بێباوەڕبن و ستەمیشی لەهیچ دونیایەکدا نەویستووەو ناوێ،جا چی لەلایەن خۆیەوە بێت یاخود لایەنێکی دیکەوە،هەروەك هیچ شتێکیشی لەمرۆڤەکان نەگرتۆتەوە کەبزانێت دەبێتەهۆی گوێڕایەڵی و چاکەخوازی لای مرۆڤەکان،[5] هەرئەمەش هۆکاری ئەوەیە تیۆریستە موعتەزیلیەکانی(بەغداد)بەپێویستی بزانن لەسەر خودا کەباشترین کردەوە هەڵبژێرێت بۆمرۆڤەکان لەدین و دونیادا،هەروەك دەشڵێن خودا هیچ شتێك لەمرۆڤەکان ناگرێتەوە مەگەر ئەوەی کەدەیکات ئەوەیە کەمرۆڤ توانستی بەسەریدا هەبێت و ئیسلاحی ناخی مرۆڤەکانی پێبکات،ئەگەر بەم تەرزەش نەبێت ئەوا خودا ڕژد(بەخیل)و ستەمکارە بە دروستکراوەکانی،[6] بۆیە موعتەزیلەکان هاوئاهەنگن لەسەر ئەوەی،کە خودا جگە لەچاکەکاری و کاری باش هیچی دیکەئەنجام نادات و پێویستە خودا بەحیکمەت و داناییە ئیلاهیەکەی

---

[1] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٤٦٠؛مواهب علي منصور:العدل الالهي،ص٣٦٥.

[2] الذاريات/٥٦.ماناکەی **"بێگومان ئێمە جنۆکەو مرۆڤەکانمان دروست نەکردوە تەنها بۆ پەرستشی خۆم نەبێت".**

[3] القاضي عبدالجبار:متشابه القرآن،ص٦٢٨، ٦٢٩؛النسفي:تبصرة الادلة،٩٥٣/٢؛نصرحامد ابوزيد:الاتجاه العقلي،ص٢٢١؛عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص٩٢؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٤٤٣.

[4] احمد محمود صبحي:الفلسفة الاخلاقية في الفكر الاسلامي،ص١٦٥؛عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص١٠١.

[5] الشهرستاني:الملل،١٠٧/١؛احمد محمود صبحي:في علم الكلام،ص١٤٥ .

[6] بروانە:(ابن حزم:الفصل،٢٠١/٣)؛الجويني:الارشاد،ص٢٨٧؛السفاريني:لوامع الانوار،٣٢٩/١؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٥٧/٨؛سميع دغيم:الفلسفة القدر،ص٣٢٤.

بەرژەوەندی مرۆڤەکان ڕەچاوبکات،[1] و نابێت خراپەکاری بۆ دروستکراوەکانی بوێت،ئەگەررهاتوو ئەوەی بوێت بۆیان،ئەوا دەکرا بەیەکێك لەسیفاتە ناکاملەکان بۆخودا هەژماربکرایە،ئەمەش بۆخودا نەشیاوو نادروستە.[2] موعتەزیلەکان بەم دیدگا تازەیەیان دەیانەوێ سیفاتی ناکاملی وەکو(زوڵم و ستەم و ڕژدی و فەسادوخراپەکاری)لەزات و کاری ئیلاهیدا وەدەربنێن و،ئەوە بەگوێی کۆمەڵانی ئیسلامیدا بچرپێنن ،کە ناکرێت دیدگای لەوچەشنەمان بەرامبەر خودا هەبێت.هەروەك دیدگاکەیان فاکتەربوو بۆ ڕەتکردنەوەی بەدیهێنانی کردەی مرۆڤەکان لەلایەن خوداوە،ئەمەش موعتەزیلەکانی لەسەر ئەوڕایە کۆکردەوە کە مرۆڤەکان توانادارن لەبەدیهێنانی کردەوەکانی خۆیان بەچاك و خراپییەوە و لەدواڕۆژیشدا شایستەی پاداشت و سزان لەسەریان،هەروەك خودا پاك و بەدورە لەوەی خراپەوستەمی بدرێتەپاڵ،وەکردارەکانی مرۆڤیش تێیاندا هەیە کوفروتاوان و خراپەکاریە،بۆیە ناکرێ خودا بەدیهێنەریان بێت،لەبەرئەوەی ئەگەر خودا ستەم دروستبکات ئەوا دەبێتە ستەمکار،هەروەك چۆن دادگەری دروست و بەجێ بهێنێت دەبێتە دادگە؛خوداش دانایە و هیچ شتێك دروست ناکات مەگەر چاکە وچاکەخوازی نەبێت،بەم کارانەشی بەرژەوەندی مرۆڤەکانی لەبەرچاوگرتووە،[3] لێرەوە دەگەینە ئەوەی کەبتوانین بڵێین موعتەزیلەکان ئازادی ڕەها بۆ مرۆڤەکان قەراردەدەن لەهەموو کارەکانیاندا تائەندازەیەك کەلەگەڵ ئەو ئازادیەدا نەفی قەزاوقەدەریان کردوە ئەمە لەلایەك،لەلایەکی دیکەوە لەژێرپەردەی دادگەری ئیلاهیدا ئازادی خوداو توانستەکەی پەیوەست و کۆتوبەند دەکەن،لەوەش زیاتر پێویستی دەکەن لەسەرخودا کە ڕەچاوی باشترینەکان بکات بۆمرۆڤەکان.[4]

سەرەڕای ئەوگشتاندنەی بۆموعتەزیلەکان کراوە سەبارەت بە ئازادی مرۆڤ و بەدیهێنانی کردەوەکانی؛بەهۆی ئازادی بیروڕاوە لە نێو موعتەزیلەکاندا؛هەندێکیان،وەکو(ثمامة بن الاشرس) و (الجاحظ)[5] دەڵێن،ئەگەر قەدەر بەچاك و خراپییەوە بدەینە پاڵ مرۆڤەکان،ئەوا دەکرێت بڵێین

---

[1] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٥٠؛الشهرستاني:الملل،٥٧/١؛احمد امين:ضحى الاسلام،٤٥/٣؛احمد شلبي:موسوعة تاريخ الاسلامي،٢٩٣/٢؛محمدابوريدة:ابراهيم بن سيارالنظام،ص٨٨_٨٩.

[2] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٤٦٢؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٥٨.

[3] البغدادي:الفرق،ص١١٤_١١٥؛بڕوانە:(المسعودي:مروج الذهب،١٨٤/٣؛احمدامين:فجرالاسلام،ص٢٩٧؛علي سامي نشار:نشأة الفكر الفلسفي،٤٣٤/١؛مهندالجبالي:اثرالاعتزال،ص٨٩.

[4] بڕوانە:(الغزالي:احياء علوم الدين،١١١/١؛ابن حجر:فتح الباري،٢٨٦/١٤؛احمدامين:ضحى الاسلام،٤٥/٣؛محمد ابوريدة:ابراهيم بن سيارالنظام،ص٨٨، ٨٩).

[5] الجاحظ:ناوی( ابوعثمان،عمرو بن بحر بن محبوب بن فزارة الليثي الكناني البصري)ە،لەساڵی(١٥٩ك/٧٧٦ز)لەشاری(البصرة)لەدایکبووەو،لەساڵی(٢٥٥ك/٨٦٩ز)هەرلەوارە کۆچی دوایی کردوە،ئەدیب و زانایەکی گەورە بووەو لەپێشەوایانی ئەدەبی عەرەبی بووە لەسەردەمی عەباسیەکاندا،ناوبراو خوێندکاری(النظام)بووەو مەسائیە ئیعتیزالیەکانی لەئەوەوە وەرگرتووەو،لەشاری بەغدادیش زانستەکانی زمانەوانی لە(الاصمعي)ەوە فێربووەو،لای چەندین زانای دیکە فیقهو ئوسوڵ و بابەتەکانی دیکەی خوێندوە،دواتریش تێکەڵی فەلسەفە بووە،هەمووئەمانەش پێکەوە(الجاحظ)یان کردە زانایەکی گەورەودرەوشاوەی دیاری ئیسلامی،بەلاّم لەکۆتاییەکانی تەمەنیداو لەسەردەمی خەلیفە(المهدي)دا ئیفلیج دەبێت ودواتر کتێبخانەکەی بەسەردا دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات.ناوبراو چەندین دانراوی هەیە،لەوانە(البيان والتبين،كتاب الحيوان،كتاب الامصار،كتاب الرسائل،الرد على المشبهة،البخلاء).سەرباری ئەوانەش چەندین بیروڕای تایبەت بەخۆی

**ئەوکردانە دەبنە کردارگەلێکی بەدەستهاتوو(الکسب)،ئەمەش بەهۆی تواناوئیرادەی مرۆڤەکانەوە،بەلاّم کردارەکانی دیکە لەسروشتێکی تەواوەوە یان بەتەواوی لەسروشتەوە دەق دەگرن هەروەك چۆن تیشك و ڕووناکی لە خۆرەوە سەرچاوەدەگرن و ڕۆشناییش لە مانگەوە.[(١)]**

**جیاواز لە موعتەزیلەکانی تر(النظام)پێی وایە وێڕای ئەوەی قەدەر بەچاك و خراپییەوە لەخۆمانەوەیە،لەولاشەوە پێیوایە خودا وەسف ناکرێت بەوەی،کەتوانابێت لەسەرقەدەری خراپ و تاوان،بەڵکو ئەمانە لەدەسەلاّتی خودادانیە،بەپێچەوانەی هاوڕێکانی لەموعتەزیلەکان کەئەوان لەوبڕوایەدان خودا توانستی بەسەریاندا هەبووە و هەیە،بەلاّم نایکات لەبەرئەوەی ناشیرینە.[(٢)]**

**لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە موعتەزیلەکان سەرەڕای جیاوازیەکانی نێوانیان"قەزاوقەدەری ئیلاهیان ڕەتکردۆتەوەو،لەبەرامبەردا بڕوایان بە ئازادی ڕەهای مرۆڤەکان و سەرپشکییان لەئەنجامدانی کردەوەو توانستی هەڵبژاردنیدا هەبووەوهەیە،بەڵگەسازیشیان بۆئەم دیدگایەیان کردوە جاچی بەڵگەی عەقڵی بێت یان نەقڵی.**

---

هەیە،لەوانەش:(پێی وایە کردەوەی مرۆڤەکان هەموویان بەدەستهاتووە،بۆیە پاداشت و سزایان لەسەرنیە.هەروەها بڕوای وابوو جەستەکان لەدوای بەدیهێنانیان جارێکی تر لەناوناچن،ئەمەش واتا خودا توانستی بەدیهێنانی هەرشتێکی هەیە،بەلاّم توانستی لەناوبردنیانی نیە.پێی وابوو،تەواوی دروستکراوەکان لە عەقلّمەندەکانن و دەزانن کە خودا درستی کردون و پێویستیشیان بەپەیامبەرهەیە،"واتە مەعریفەی ناسینی خودا خۆڕسکانەیە نەك بەدەستهاتوو").بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٥٧؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،٣/٤٧٠؛ابن نباتة:سرح العيون،ص٢٤٨؛ابن النديم:الفهرست،ص٢٠٨؛الشهرستاني:الملل والنحل،١/٨٧).

(١) الشهرستاني:الملل ،١/٨٨؛ابولبابة حسين:موقف المعتزلة من السنة،ص٦١_٦٢؛بڕوانە:(صبري عثمان:الميتافيزيقيا،ص٣٠).

(٢) القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١١٤_١١٥؛دي بور:تاريخ الفلسفة في الاسلام،ص٨٩؛محمد ابوريدة:ابراهيم بن سيارالنظام،ص١٧١.

## تەوەری دووەم: دیدی حەنبەلیەکان بۆ قەزاوقەدەر و جەدەلیان لەگەڵ موعتەزیلەدا

پێچەوانەی موعتەزیلەکان،تەواوی مسوڵمانان بەئەهلی سوننەوسەلەف و حەنبەلیەکان و ئاینزاکانی دیکەوە،بڕوایان بە پرسی قەدەری ئیلاهی هەبووەو بەیەك لەپرسە باوەڕییەکانی مسوڵمانانیان زانیوەو دەزانن.ئەوەتا لێکۆڵەرانی ئەم بوارە ئاماژە بەوەدەکەن زۆرینەی مسوڵمانان(تائەمڕۆش)ڕایان لەجێگیر کردنی قەدەر بۆخودا هەیە نەك ڕەتکردنەوەی،هەروەها زیاتر بڕوایان بەوەهەیە،کەخودا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر هەموو کردارەکانی مرۆڤەوە هەیە،وەك لەئازادی مرۆڤ لەهەڵبژاردنی کردارەکانی،جا بەگشتی باوەڕیان بەقەدەر وەهایە،کە تەواوی کردەی مرۆڤەکان خودا بەدیهێناون لەبکەرەکانیاندا(مرۆڤ)،[1] لەوسوننەتە بەڵگەنەویستانەشی کە هەرکەسێك دەستبەرداری تایبەتمەندیەکی بێت و وەری نەگرێت یان بڕوای پێی نەبێت ناچێتە نێوبازنەی باوەڕەوە؛باوەڕبوونە بەقەدەری ئیلاهی بەچاك و خراپیەوە و بەڕاست زانینی ئەوفەرمودانەی لەوبارەوە هاتوون و نابێت لەم بابەتەدا بگوترێت بۆ،یان چۆن،یان گومان و ناڕازی بوون هەبێت،بەڵکو تەنها پێویستە بەڕاست بزانرێن و بڕوایان پێ بهێنرێت،[2] ئەمە وای لەحەنبەلیەکان کردوە باوەڕبوون بەقەزاوقەدەر بەیەك لەپایەوبنەماکانی ئیمان و باوەڕ بناسێنن و بڵێن باوەڕهێنان بەقەدەر یەکێکە لەشەش پایەکانی باوەڕ،ئەویش ئەوەیە مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبێت کەخودا لەئەزەلەوە زانیویەتی چی دەبێت و لە(لوح المحفوظ)دا تۆماری کردوە،هەروەك باوەڕی وابێت کەوا هیچ شتێك لەبووندا ڕوونادات بەویستی ئیلاهی نەبێت و هیچ شتێك نابێت ئەوەنەبێت کە ئەو دەیەوێت،هەروەها باوەڕی وابێت،کەخودا دروستکەری هەمووشتێکەو هیچ شتێکی بوون نیە لە(دروستکراوەکان و کردارەکان و ئەحکامەکان)،مەگەرئەوەی کەخودا دروستکەرێتی،دوای هەموو ئەمانە ئەوکات باوەڕ بەوەدەهێنێت،کەئەوەی توشی بووە نەدەبوو تووشی نەبێت و ئەوەشی تووشی نەبووە نەدەبوو توشی بێت.[3] دیارە ئەم دیدو بیروبۆچوونەی حەنبەلیەکان تەواوپێچەوانەی تێڕوانینی موعتەزیلەکانە،چونکە ئەوان باوەڕیان بەم تەرزە لەقەدەر نیەو ڕەتی دەکەنەوە.

ئەمەو حەنبەلیەکان بنەمای تێڕوانینەکانیان لەسەر چەندین دەقی پیرۆز بیناکردوە،کەزیاتر مۆرکی جەبریەتیان پێوەدیارە،لەوانە(وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا)،[4] هەروەك پەیامبەر(د.خ) لەم بارەیەوە دەفەرموێت(خودا تەواوی قەدەر و "ئەندازەگیری "بەدیهێنراوانی تۆمارکردوە پێش

---

[1] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٩٤؛ابن حزم:الفصل،٣٣/٣، ٣٤؛الغزالي:الاقتصادفي الاعتقاد،ص٣١؛جارالله:المعتزلة،ص٨٩.

[2] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٣٥٣؛الالكائي:شرح اصول اعتقاد،١٥٧/١؛عمرسليمان اشقر:القضاء والقدر،ص٤٦.

[3] احمدبن حنبل:شرح الاصول السنة،ص٥٤؛ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٩٢؛هەروەها بڕوانە:(یاسرقاضي:مقالات جهم،٧٤٣/٢).

[4] الفرقان/٢.ماناکەی**"هەموو شتێکی لە عەدەمەوە بەدیهێناوەو ئەندازەگیری تەواویشی بۆکردوە بە ئەندازەیەکی وورد"**.

**ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروستبکات بەپەنجا هەزارساڵ»،[(١)] (هەرچەندە ئەم فەرموودەیە بخەیتە بەرنەشتەری عەقڵ و زانست،تەریب نایەتەوە،بەلاّم ئەو"پەنجاهەزارساڵە"بە هەژماری مرۆیی ئاوایە،نەك بەهەژماری خودایی).جگەلەمەش دەفەرمویّت(د.خ):((هیچ مرۆڤێك باوەڕدارنابێت تائەوەی بڕوای بە خێروشەڕوباش و خراپی قەدەرنەبێت))،[(٢)] ئەمە سەرباری ئەوگوتەیەی کە دەفەرمویّت:((هیچ نەفسێکی خاوەن ڕۆح نیە مەگەر ئەوەی کە خودا شوێنەکەی بۆدیاریکردوە لەبەهەشت یان دۆزەخ،ئەوەشی لەسەر تۆمارکراوە کە چاکەکارە یان خراپەکار،جا دەڵێت هەرکەس لە چاکەکاران بێت ئەوا بە ئاراستەی چاکەکاری و بەختەوەری دەچێت و بەپێچەوانەشەوە هەرکەس لە خراپەکاران بێت ئەوا بەئاراستەی خراپەکاریدا دەچێت،بۆیە کاربکەن بۆئەوەی دەتانەوێت،هەرکەسەو ئەوکارەی بۆئاسان کراوە کەبەدیهێنراوە بۆی،جائەهلی بەختەوەری وچاکەکاری بەرەو کرداری چاك دەچن و ئەوەشیان بۆئاسان دەکرێت و ئەهلی خراپەکاریش بۆخراپەکاری دەچن و بۆشیان ئاسان دەکرێت))،[(٣)] پاشان دەستی بەخوێندنی دەقی پیرۆزی(فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى)،[(٤)] ئەم دەقانە دەلالەتی تەواو لەقەزای خودایی و پاشان قەدەرەکەی دەکەن،ئەمە سەرباری ئەوەی بەڕوونی جەبریەتیان پێوەدیارە،چونکە خودا بۆخۆی ئاماژەبەوە دەکات،کە دەیانخەینە سەر ڕێی ڕاست یان تەنگانە،یاخود بۆیان ئاسان دەکەین،ئەمەش مرۆڤ بە کەسێکی بێ ڕۆڵ وێنادەکات و تەنها وەکو کاراکتەرێکی گوێڕایەڵ دەیناسێنێت.ئەمەو پەیامبەری ئیسلام(د.خ) لەفەرموودەیەکی دیکەی ئەم بوارەدا کە(ابن مسعود)گێڕاویەتیەوە،ئاماژە بەوەدەکات کە(هەموو مرۆڤێك پیش لەدایکبوون و لەسکی دایکیدا"ڕزق وڕۆزی وئەجەل و شوێن وکاتی مردنی وکاروکردەوە و باش و خراپی" دیاری دەکرێت).[(٥)]**

---

[(١)] صحيح مسلم،كتاب القدر،باب(حجاج آدم وموسى)،رقم الحديث(٦٩١٩)؛ مسند أحمد بن حنبل،كتاب مسند المكثرين من الصحابة،باب(مسند عبد الله بن عمرو بن العاص)،رقم الحديث(٦٥٤٣)يان(٢/١٦٩)؛هەروەها بڕوانە:(السفاريني:لوامع الانوار،١/٣٥٢؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٧/٢٤٠، ٨/٢٥٥؛الالكائي:شرح اصول اعتقاد،٤/٦٣٩).

[(٢)] احمدبن حنبل:مسند،٢/١٨١؛بڕوانە:(ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٩٠_٩١).

[(٣)] ابي داود:سنن،باب في القدر،رقم حديث(٤٦٩٦)؛ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٢٢٣؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٨/٢٣٧؛القضاء والقدر،ص٨_٩؛شيخ جعفرالسبحاني:بحوث في الملل،١/١٥٨؛احمدامين:فجرالاسلام،ص٢٨٤؛ابن العثيمين:بيروباوەڕی ئەهلی سوننەوجەماعە،لا٥٩_٦٠.

[(٤)] الليل/٥_١٠.واتای ئایەتەکان **"ئەوەی ماڵ و سامانی خۆی لەپێناو خودادا ببەخشێت و لەخوا بترسێت و پارێزگاربێت،بڕوای بەتینی بەپاداشتی چاك و بەنرخی خوایی هەبێت،ئەوەی ڕێگەی چاکەوچاکەکاری بۆئاسان دەکەین و دەیخەینەخێروخۆشیەوە،بەلاّم ئەوەی ڕەزیل و دەست داخراوبێت و خۆی بێ نیازبزانێت و ڕەزامەندی خودای مەبەست نەبێت،بڕواشی بە پاداشت و بەهرەی چاکی خوایی نەبێت و بەدرۆی بزانێت،ئەوا ئێمەش ڕێگای تەنگانەوناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین".**

[(٥)] (ابن مسعود)لە پەیامبەرەوە(د.خ)دەگێڕێتەوە،کە فەرموویەتی:هەموو کەسێك لە ئێوە لە سکی دایکیدا دروستدەکرێت و دوای چل ڕۆژ دەبێتە(نطفة )یەك،کۆ دەکرێتەوە و پاشان دەبێتە پارچە گۆشتێکی هەڵواسراو بۆ ماوەی چل ڕۆژی تر،پاشان دەبێتە(مضغة)بۆ ماوەی چل ڕۆژی تر،پاشان فریشتەیەکی بۆ دەنێردرێت و فەرمانی پێدەکرێت بە نووسینی چوار

دوای خستنەڕووی ئەم بەڵگە نەقڵیانە،پێویستە ئاماژە بەوەبدەین،کە ڕابەری حەنبەلیەکان(احمدبن حنبل) بەهیچ تەرزێك لای نەداوە لەپێشینی خۆی و چیان گوتبێت و چیان کردبێت ناوبراو زیادوکەمی بۆنەکردوە،ئەمەوهەندێك ئاماژەبەوەدەکەن میتۆدی(احمد بن حنبل)لە لێکۆڵینەی پرسە ئاینیەکاندا بریتی بووە،لە هەمان ڕێبازو میتۆدی سەلەف و بەتەنها پشتی بەعەقڵ نەبەستوە بەبێ دەقێکی پاڵپشتیکەری نەقڵی؛باسی لەشتانێك دەکرد کەپێشینی خۆیان باسیان لێوەکردوەو لە شتانێکیش بێدەنگ دەبوو،کە پێشینی خۆیان لێی بێدەنگ بووبوون،هەروەك گوتەزاکانی لەهەمبەر قەزاوقەدەرو کردەی مرۆڤەکان چەشنی سەلەف خۆی بووە و لە بابەتە عەقڵیەکاندا ڕۆنەدەچوو،کە سەلەف خۆی لێی ڕۆنەچووبن و جەدەلیشی لەوبارەوەنەدەکرد.[1] هەرلەبەر ئەم بەڵگەو ئیستدلالاتە نەقڵیانەن،کەحەنبەلیەکان قسەکردنیان لەهەمبەر قەدەر بەداهێنانکاری هەژمارکردوەو لەم بوارەدا وێنایەکی جەبریان پیشانداوە،کەتەواو پێچەوانەی موعتەزیلەکانن،ئەوەتا دەڵێن هەرکەسێك باوەڕی بەقەدەرنەبێت،ئەواباوەڕی بەئیسلام نیە،چونکە خودا قەدەری ئەندازەگیرکردوەو بوونی بەدیهێناوەو ئەجەلی مرۆڤەکانی دابەشکردوە،هەروەك ڕزق و ڕۆزی و بەلا،خۆشی،فەرمان و ڕێگری(الامر والنهی)هەمووی لەقەدەری خوداوەیە،(ابن حنبل)یش لەم بارەیەوە گوتویەتی(قەدەر توانستی ئیلاهیە)،[2] جگەلەو گوتەزایانە هەرشتێکی دیکە لەم بارەوە بگوترێت،ئەواناداني و داهێنانکاری و دەرچوونە لە بنەماکانی قەدەر،ئەمەش بۆخۆی جۆرێك لەدەمارگیری پێوەدیارە لای حەنبەلیەکان.

هەر ئەم تێڕوانینەیە وای لەپێشەوای حەنبەلیەکان(احمد بن حنبل)کردوە،بڵێت باش و خراپی قەدەرو چەندێتی و چۆنێتی و،دیاروناتدیاری و،خۆشویستراوو نەویستراوی،جوانی و شیرینی و تاڵی و ناشیرینی،سەرەتاوکۆتایی،هەمووی لەخوداوەیە،قەزا قەزای خودایەو قەدەریش بەهەمان تەرز،بەڵام قەدەری لەقەزادا ئەندازەگیرکردوە و هیچ مرۆڤێك ویستی خودا تێپەڕناکات و لەقەزای خودا لانادات،بەڵکوهەموویان بەرەوئەوە دەچن و هەنگاودەنێن،کەخودا بۆیانی ویستووەو بەدیهێناوە و دەکەونە نێوئەوەی،کە ئەندازەگیرکراوە بۆ خۆیان و کردارەکانیان،ئەمەش دادگەریە لەلایەن خوداوە،[3] بەم پێیەش بێت مرۆڤ هیچ ئازادی و توانایەکی هەڵبژاردنی لەژیانیدا نامێنێت،بەڵکو وچەشنی پوش وپەلاشێك وەك چۆن با یاری پێدەکات،هاش مرۆڤ کەوتۆتە نێو گێژەڵوکەی قەزاوقەدەرەوە و چۆنی بوێت یاری پێدەکات و دەیجوڵێنێت،ئەمەش پێچەوانەی

---

شت،ئەویش(ڕزق و ڕۆزی و ئەجەل و شوێن وکاتی مردنی و کاروکردەوەو باش و خراپی). صحیح البخاري، كتاب القدر ،باب في القدر،رقم الحديث(٦٥٩٤)؛ صحيح مسلم، كتاب القدر، باب كيفية خلق الآدمي في بطن أمه،رقم الحديث(٦٨٩٣)حديث الصادق والصدوق؛سنن ابي داود،كتاب السنة،باب في القدر،،رقم الحديث(٤٧١٠)؛احمد بن حنبل:شرح اصول السنة،ص٥٥؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٨/٢٥٥_٢٥٦.

[1] محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٨٣.

[2] ابن القيم:شفاء العليل،ص٦١.

[3] ابن عساكر:تبين كذب المفترى،ص١٥٩؛ابي يعلى:طبقات الحنابلة،١/١٥؛شيخ جعفرالسبحاني:بحوث في الملل،١/١٦٤،٢٤٤؛سالم الثقفي:مفاتيح،١/٣٣٩؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،٤/١٠٤.

گوتەزای موعتەزیلەکانە،کەبڕوایان وایە(کاروکردەی مرۆڤەکان لەلایەن خوداوە بەدی نەهێنراوە،بەڵکو مرۆڤەکان بۆخۆیان کردەکانی خۆیان دەخوڵقێنن).[١]

سەرباری ئەوانە وەکو پێشتر باسمان کرد،موعتەزیلەکان نکۆڵی لە زانستی ئیلاهی دەکەن وپێیانوایە(خودا زانستی لەبارەی کردەوەی مرۆڤەکانەوە نیە تاوەکو ئەنجامی نەدەن)،[٢] حەنبەلیەکان و ئاینزاکانی دیکەش کەوتونەتە تەکفیرکردنی قەدەری وموعتەزیلەکان و پێیانوایە ئەوە نکۆڵی کردنی زانستی ئەزەلی ئیلاهیە،کە دەگەڕێتەوە بۆ(معبدالجهني)و هەندێك لەقەدەری و موعتەزیلەکان،بۆیە پێشەوایانی ئاینزاکان تەکفیریان کردن،هەرچەندە دواتر لەم گوتەزایە پاشگەزبوونەوە،بەڵام نکۆڵیان لە ویستی ئیلاهی و دروستکردنی کردەی مرۆڤەکان و تەواوی قەدەر دەکرد، [٣] بۆیە پێشەوایان و ئەوانەی دەکەوتنە دەرەوەی ئەم چەشنە باوەڕانەوە؛بەردەوام بوون لەتەکفیرکردنیان.دیارە ئەم تەکفیرکرنەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە،کە موعتەزیلەکان باوەڕیان بەقۆتاغی یەکەمی قەزاوقەدەر نەبووەونیە،کەئەویش(زانستی ئیلاهیە بەتەواوی شتەکان پێش بەدیهێنانیان)،[٤] ئەمە ئەگەر بزانین قەزاوقەدەر یەك لەپایەکانی باوەڕەو تەواوی ئاینزاکانی سەربەئەهلی سوننەوجەماعەت بەحەنبەلیەکانیشەوە بڕوایان پێیەتی.[٥] هەروەك دەشڵێن قەدەر بریتیە لەئەندازەگیری شتەکان هەرلەئەزەلەوە بەپێی زانست و ویستی خودا،پەیامبەری ئیسلامیش(د.خ)لەم بارەیەوە ئاماژە بەوەدەکات کاتێك خودا بوونی بەدیهێنا،لەپەرتوکێکدا کەلای خۆیەتی لەسەرعەرش ئەو گوتەیەی تۆمارکرد،کە دەڵێت(ڕەحمەتم پێش توڕەبوونم کەوتووە)،[٦] ئەمەش بۆخۆی سەلماندنی زانستی ئەزەلی ئیلاهیە بەتەواوی بوون پێش بەدیهاتنیان،کەموعتەزیلەکان ڕەدیان کردۆتەوە.

دیارە پرسی قەزاوقەدەر پرسێکی یەکجار ئاڵۆزەو پانتاییەکی بەرفرەی لەمەسەلەی باوەڕدا داگیرکردوە،چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکردەی مرۆڤەوە هەیە،کەجەدەلێکی فراوانی لەلایەن موعتەزیلەو حەنبەلیەکانەوە لەبارەوە کراوە،جاسەرەتا تێڕوانینی موعتەزیلەکانمان خستەڕوو،لێرەشدا جەدەلیاتی نێوان هەردوولا و تێڕوانینی حەنبەلیەکانیش دەخەینەڕوو.

ئەمەو ئەو گوتەزایەی موعتەزیلەکان،کە لایان وایە(کاروکردەی مرۆڤەکان لەلایەن خوداوە بەدینەهێنراوە،بەڵکو مرۆڤەکان بۆخۆیان کردەکانی خۆیان دەخوڵقێنن)،[٧] لای حەنبەلیەکان

---

[١] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٣٢٣، ٣٣٦؛المغني:٤٣/٨_٤٤؛ابن حزم:الفصل،٥٧/٥.

[٢] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٢٥٥؛بڕوانە:(عمرسليمان اشقر:القضاء والقدر،ص٥٣).

[٣] ابن العمراني:الانتصار،٦٤/١؛بڕوانە:(هاوژین مەلائەمین:دەروازەیەك بۆئاشنابوون بەزانستی کەلام،لا١٦٩).

[٤] ابن القيم:شفاء العليل،ص٦٣؛انفال يحيى امام:موقف الرازي من القضاء والقدر،ص٤١٦.

[٥] بڕوانە:(لاپەڕەی یەکەمی ئەم تەوەرە،لا ١٢٣؛بڕوانە تێروانینی"ابن حنيل"بۆ قەزاوقەدەر،لا ١٢٥).

[٦] صحيح البخاري،كتاب التوحيد،باب وكان عرشه على الماء،رقم الحديث( ٧٤٢٢؛صحيح مسلم،كتاب التوبة،باب في سعة رحمة الله تعالى وأنها سبقت غضبه،رقم الحديث(٧١٤٥،٧١٤٧،٧١٤٦)؛سنن ابن ماجه،كتاب الزهد،باب ما يرجى من رحمة الله يوم القيامة،رقم الحديث(٤٢٩٥)؛الذهبي:العرش،٩٢/٢.

[٧] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٣٣٦، ٣٤٠؛المغني،٤٣/٨_٤٤.

مەردووده بەبەڵگەی ئەوەی ئەگەر مرۆڤ خۆی بەدیهێنەری کردارەکانی بوایە،ئەوکات زانادەبوو بە تەواوی وردەکاریەکانی،چوون زەرورەتی بەدیهێنانی شت بەتواناو ویستەوە بەندەو هەروابووەو دەبێت هەرواش بێت،ئەمەش پوچ و بێ کەڵکە،چونکە ڕێکردن لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر ڕەنگە چەندین وەستانی نەزانراوو جوڵە لەخۆ بگرێت،هەندێکیان خێراترو هەندێکی دیکەیان لەسەرخۆترن،بابای ڕێکەریش هەست بەمە ناکات،ئەمەش لەبیرچونەوە نیە لەزانستدا،بەڵکو پرسیاری لێبکرێ وردەکاریەکانی نازانێت،لەکاتێکدا ئەوە لەدیارترین کردەکانی مرۆڤە،[1] جائەگەر وابێت،کەوایە چۆن دەبێت مرۆڤەکان خۆیان بەدیهێنەری کردەکانی خۆیان بن لەکاتێکدا نازانن ئەوکردانەی دەیکەن کۆتاییەکەی چیە.هەرسەبارەت بەم بابەتە(الجويني)دەڵێت کەسێك کە وەسفی خۆی بکات بەوەی بەدیهێنەرە بەدڵنیاییەوە گەورەترین درۆی هەڵبەستووە،لەبەرئەوەی بانگەشەی خالقێتی بۆخۆی دەکات،لەکاتێکدا ئاگاداری وردەکاریەکانی کردارەکانی خۆی نیە،هەرکەسیش حەقیقەتی ئەوە نەزانێت کە لەخۆیەوە دەردەچێت و ئەندازەونرخەکەی نەزانێت چۆن دەبێت دروستکەر(خالق)بێت،لەکاتێکدا زانست بەشتێك لەپێشترە لەدروستکردنی؟[2] ئەمەش ڕێك واتای(وَأَسِرُّوا قَوْلَكُمْ أَوِ اجْهَرُوا بِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ، أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ).[3]

یەك لەوگوتەزایانەی دیکەی موعتەزیلەکان،کە بۆتە فاکتەری هاتنەکایەوەی جەدەلیان لەگەڵ حەنبەلیەکاندا ئەوەیە،کەدەڵێن(هەرکەسێك پێیوابێت کاروکردەوەی مرۆڤەکان لەلایەن خوداوە دروستکراوە،ئەواهەڵەیەکی گەورەی کردوە)،[4] حەنبەلیەکان بەچەشنێك وەڵامیان داونەتەوە،بەجۆرێك لەجۆرەکان موعتەزیلەکانیان خستۆتە نێوبازنەی کوفروبێباوەڕیەوە،کاتێك لەم بارەیەوە دەڵێن هەرکەسێك نکوڵی لە دروستبوونی کرداری مرۆڤەکان بکات لەلایەن خوداوە و پێیوابێت بەدیهێنەرێکی تر هەیە لەگەڵ خوادا،ئەوا کوفری کردوە،بۆیە لای زۆرێك لە پێشین و حەنبەلیەکانیش ئەوە جێگیربووە،کە وەسفی قەدەری و موعتەزیلەکان بەمەجوسی ئەم ئوممەتە بکەن،[5] کەبڕوایان وایە بەدیهێنەری دیکە هەیە لەگەڵ خودادا،ئەوانیش ئەومرۆڤانەن کە خۆیان

---

(1) بڕوانە:(العلامة الحلي:كشف المراد،ص٢٨٧)؛البيظاوي:طوالع الانوار،ص١٩٧؛التفتازاني:شرح العقائد النسفية،ص٢٠١؛بڕوانە:(عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص٩٨)؛حمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام،١/٤٦٩_٤٧٠.

(2) العقيدة النظامية،ص٤٧.

(3) الملك/١٣_١٤.مانای ئایەتەکەش بەم چەشنەیە **"خەڵکینە چی بەنهێنی قسەبکەن یاخود ئاشکرا هیچ جیاوازیەکی نیە بۆ خودایەك کە بەهەموو ئەو خەیاڵاتانەی کە دێن بە دڵتاندا زاناوئاگایە،ئایا مەگەر خودا نازانێت کێی دروستکردوەو چۆنی دروستکردوە؟لەکاتێکدا ئەوزاتە ووردەکارو بەسۆزوئاگایە".**

(4) القاضي عبدالجبار:المغني،٨/٣؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،١/٣٥١؛صالح زين العابدين:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٨١.

(5) لە(عمر ابن خطاب)ەوە دەگێڕنەوە،کەپەیامبەر فەرموویەتی:(القدرية مجوس هذه الامة،ان مرضوا فلاتعودوهم،وان ماتوا فلاتشهدوهم،وهم شيعة الدجال) سنن ابي داود،كتاب السنة،باب في القدر،رقم حديث(٤٦٩٢،٤٦٩٤)؛مسند أحمدبن حنبل،باقي مسند الأنصار،حديث حذيفة بن اليمان،رقم الحديث(٢٢٩٤٦)؛الآجري:الشريعة،٥/٨٠٥_٨٠٦؛البيهيقي:القضاء

کردەکانی خۆیان بەدیدەهێنن.[1] ئەمەشیان بۆیە پێ دەگوتن،چونکە موعتەزیلەکان لەمەسەلەی بەدیهێناندا هاوبەشیان بۆخودا قەراردەدا،بەلاّم حەنبەلیەکان پێچەوانەی ئەمان تەواوی کردەی مرۆڤیان دەدایە پاڵ خوداو مرۆڤیان لێی بێبەری دەکرد،ئەوەتا(ابن حزم)لەم بارەیەوە دەڵێت تەواوی ئەهلی سوننە و لەنێویشیاندا حەنبەلیەکان،لەو بڕوایەدان کەهەموو کرداری مرۆڤەکان بەدیهێنراون و خودا بەدیهێناوە لەبکەرانیدا(مرۆڤ).[2]

ئەمەو حەنبەلیەکان لەڕەتی موعتەزیلەکاندا لەهەمبەر هەمان بابەت لایان وایە کرداری مرۆڤەکان هەمووی لەلایەن خوداوە بەدیهێنراوە بەباش و خراپیەوە،بۆ پشتگیری گوتەزاکانیشیان دەقی پیرۆزی(وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ)[3] دەهێننەوە،هەروەك دەقی(هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ)،[4] دەکەنە بەڵگەی ئەوەی،کە تەواوی مرۆڤەکان و کردەکانیشیان دروستکراوی خودان،[5] ئەمەش تەواو ناتەبایە بەوردیدەی موعتەزیلەکان،کە پێیانوایە(مرۆڤەکان خۆیان کردارەکانیان لەخێروشەڕ دروستدەکەن بەوتوانایەی کەهەیانە)،[6] ئەمەش بەو واتایە دێت،کە موعتەزیلەکان لەمەسەلەی قەزاوقەدەردا تەواو دژە ئاراستەی حەنبەلیەکان و ئەهلی سوننە بوون،کە لەڕەتی ئەم گوتەزایەی موعتەزیلەکاندا دەڵێن چاك و خراپ،تاڵی و تەنگانەو خۆشی وشادی هەمووی لەقەزای خودادا بڕیاری لەسەردراوە و خودا ئەندازەگیری بۆکردوە،بۆیە مرۆڤەکان هیچ دەسەلاّتێکیان لەقازانج و زەرەر تێدانیە،مەگەر بەویستی خودا نەبێت،هەروەك هەمووان ئاتاجی بارەگای خوداین و هەرگیز لێی بێ نیاز نابین.[7]

هەڵبەت حەنبەلیەکان لەم جەدەلەیان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا زۆرێك لەبیروباوەڕی موعتەزیلەکانیان لێك شیتاڵ کردوەو ڕەتیانداوەتەوە،یەك لەوبیروباوەڕانەی موعتەزیلەکانیش ئەوەیە کەلایان وایە(خودا تاوان و بێباوەڕی و کردەوەی بەدیهێنراوەکانی دروست نەکردوە،جا چی خێروشەڕ بێت یان باش وخراپ)،[8] جا حەنبەلیەکان دەڵێن هەموو جۆرەکانی پەرستش و

---

والقدر،٢/٦٧٨_٦٨١؛النسفي:تبصيرالادلة،١/١٠٥.مانای فەرموودەکەش بەم شێوەیە" **قەدەریەکان مەجوسیەکان(ئاگرپەرست)ی ئەم ئەومەتەن،بۆیەئەگەر لێیان نەخۆش کەوت سەردانی مەکەن و ئەگەر لێشیان مرد دوای تەرمەکەی مەکەون،ئەوانە لایەنگرانی دەجالن".**

[1] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٤٣٩؛ابن العمراني:الانتصار،١/٥٩؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٤/٦٤٦_٦٤٩؛النسفي:بحرالكلام،ص١٤٨.

[2] الفصل،٣/٨١؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم خمسة،ص١٧٠.

[3] الصافات/٩٦.مانای ئایەتەکە **"خودا بەدیهێنەری خۆتان و ئەو بتانەشە کەدروستتان کردوە".**

[4] فاطر/٣.واتاکەی **"ئایا بەدیهێنەرێکی ترهەیە جگە لەخودا".**

[5] بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٢٢٥، ٤٤١_٤٤٢؛النسفي:بحرالكلام،ص١٤٧؛الاشعري:الابانة،ص٢٣_٢٤؛ اللمع،ص٨٤؛بڕوانە:(الغزالي:احياء علوم الدين،١/١١٠)؛التفتازاني:علم الكلام،ص١٤٨؛ابن العثيمين:بیروباوەڕی ئەهلی سوننەوجەماعە،لا٥٦.

[6] الشهرستاني:الملل،١/٦١؛عمرسليمان اشقر:القضاء والقدر،ص١٧؛ايهاب كمال:الفرق الاسلامية،ص٨١.

[7] بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٣٥٣؛ابن ابي زمنين:اصول السنة،ص١٩٧؛الاسماعيلي:اعتقاداهل الحديث،ص٦١_٦٢؛ياصرقاضي:مقالات جهم،٢/٧٤٧؛محمدالخميس:اعتقاداهل السنة،ص)٤٨.

[8] الاشعري:المقالات،١/٢٧٣؛ابن حزم:الفصل،٣/٨٢؛ابن القيم:المختصر،٥/٥٧٧.

**کوفروتاوان و خراپەکاری بەقەزاوقەدەری خودا ڕوودەدەن و جگە لەخودا دروستکەری دیکەیان نیە و کردارەکانی مرۆڤ بەچاك وخراپ و جوانی و ناشیرینیانەوە خودادروستی کردون،بەلاَم مرۆڤ ملکەچ و ناچارنەکراوە لەسەریان،بەڵکوتواناداره بەسەریانەوە وئیختیاری هەڵبژاردنی پێ دراوە لەلایەن خوداوە.[1]**

**هەروەها هەندێکی تر لە حەنبەلیەکان لە ڕەتی هەمان بیروباوەڕی موعتەزیلەکاندا دەڵێن خودا بەدیهێنەری هەموو شتێکە لەکرداری مرۆڤەکان،کاری چاکە و تاوانەکانی،جوڵەو گوتەکانی،جا مرۆڤ ئەگەر کردارێکی خراپ و قەدەغەئەنجام بدات،ئەوا خراپەی ئەنجامداوەو خوداش وای لێکردوە بکەری ئەوکارەبێت،جا ئەم ناچارکردنەی لەلایەن خوداوە دادگەری و داناییەو دروستەو(واتە توانادار کردنی مرۆڤ بۆکردنی کارەکە)چاکەوخێرە،بەلاَم تەواوکراوەکە(کردارەکە)شەڕوخراپەکاریە.[2] ئەمەو ئەوانەی بڕوایان بەقەدەر هەیە لەحەنبەلیەکان پێیانوایە بنەڕەتی قەدەر نهێنی خودایە لە دروستکراوەکانیدا هەرئەوە(بەدیهێنەرولەناوبەر،هەژارکارو دەوڵەمەندکەر،ژێنەرومرێنەر،هیدایەت دەروگومڕاکەر)،لەمەشەوە ئەهلی سوننەوجەماعەت وحەنبەلیەکان و پێشەواکانیان دەڵێن کرداری مرۆڤەکان شتەو هەموو شتێکیش لەقەزاوقەدەری خوداوەیەو خوداش دروستکەری کردەی مرۆڤەکانە،بۆپشت ئەستورکردنی گوتەکانیشیان دەقی پیرۆزی (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ)،[3] دەهێننەوە،هەروەها دەشڵێن خوا ویستی دروستکردنی کوفری لە بێباوەڕدا هەبووە،بەلاَم پێی ڕازی نیەو پێی خۆش نیە،بەلاَم وەکو بوون ئەمەی ویستووە،لەگەڵ ئەوەشدا وەکو دین پێی ڕازی نیە.[4]**

**هەروەها(الاشعری)ش لەڕەتی ئەو گوتەزایەی موعتەزیلەکاندا،کەدەڵێن(کوفروتاوان و بێباوەڕی لەلایەن خوداوە دروستکراوە و لەقەزادا ئەندازەگیری بۆکردوە)،[5] دەڵێت،ئەگەر کەسێك گوتی ئایا خودا تاوانی لەقەزاوقەدەرەوە دروستکردوە؟پێی دەوترێ،بەڵێ،بەوپێیەی دروستی کردوەو تۆماری کردوەو هەواڵی لێداوە،هەروەکو دەفەرموێت(وَقَضَيْنَا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي الْكِتَابِ)،[6] واتا ئاگارارمان کردنەوە هەواڵمان پێدان.هەروەها دەفەرموێت(فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَاهَا مِنَ الْغَابِرِينَ)،[7] کە مەبەست لێی ئەوەیە تۆمارمان کردو هەواڵماندا بەوانەی کە لەبەجێماوانن،[1]**

---

[1] الغزالي:الاقتصادفي الاعتقاد،ص٧٨؛السفاريني:لوامع الانوار،٣١١/١؛التفتازاني:شرح العقائدالنسفية،ص٢٠٠؛صابرعبدة ابازيد:منهاج اهل السنة،ص١١٨.

[2] ابن القيم:شفاء العليل،ص٣٦١؛اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٥٣٤/٣؛بڕوانە:(ابن تيمية:القضاء والقدر،ص١٢).

[3] القمر/٤٩.مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە **"بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەو نەخشەی دیاریکراو بەدیهێناوە"**.

[4] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٢٢٥؛بڕوانە:(ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٩٢)؛عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص٧٧.

[5] القاضي عبدالجبار:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٩٩؛العلامة الحلي:كشف المراد،ص٢٩٣.

[6] الاسراء/٤.ئەمەش بەواتای **"ئێمە لە کتێبی تەورات یان لە(لوح المحفوظ)دا بڕیارمانداوەو پێمان ڕاگەیاندون(بە بەنی ئیسرائیل)"**.

[7] النمل/٥٧.واتاکەی **"سەرئەنجام(لوط)وخاوخێزانیمان ڕزگارکرد،جگە لەژنەکەی،کەبڕیارمان دابوو لە تیاچوان بێت"**.

**هـەروەها پەیامبەریش(د.خ)دەفـەرمویت(کـل شـیء بقضـاء وقـدر حتـی العجـزوالکیس)،[2] بۆیـە دەڵـێن ناکرێـت مـرۆڤ دروسـتکەری کـرداری خـۆی بێت،چـونکە ناکرێـت دوو توانـای کاریگـەری سـەربەخۆ لەسـەریەك کردارکۆببنەوە،لـەوڕووەوە کـە شـتەکە شـوێنەواری تـەنها یـەك وروژێنەر(کارتێکەر)ە،بۆیـە (ابـو الحنیفـة)دەڵێـت کردارێـك بچـێتە ژێـر دوو توانـاوە یـەکێکیان توانسـتی داهێنـان و ئـەوی تریـان توانـــای بەدەســـتهێنان بێت،دروســـتەو دەبێت،بـــەلاّم ئـــەوەی مەحاڵـــەونابێت کۆبوونـــەوەی دوو وروژێنەر(کارتێکەر)ە لەسەر یەك کردار.[3]**

**سـەرباری ئەوانـە حەنبەلیـەکان لـەوەلاّمی ئـەو ڕایـەی موعتەزیلەکانـدا کـە دەڵـێن( خـودی مرۆڤـەکان خۆیـان کاروکردەوەکانیـان بـەدی دەهێـنن بەتوانایـەك کـەخودا پێـی بەخشـیون)،[4] بـەوە دەدەنەوە،کـە وتوویانـە چـۆن دەبێـت کردارێـك لـەنێوان دوو توانـاداردا بێت،بـەڵکو ڕاسـتیەکەی ئەوەیـە کـە خـودا بەدیهێنـــەری کردارەکـــانی مرۆڤـــەو مـــرۆڤ تـــەنها بەدەستهێنانی(الکسب)بەدەســـتە،جامرۆڤ کۆمەڵـــە کردارێـــك بەدەســـت دەهێنێـــت بەتوانایەك،کـــەخودا پێـــی بەخشـــیوە،کەواتە خـــودا دروســـتکەری تواناکەیـە ودروسـتکەری کردارەکەشە(جوڵەوقسـەکردن و ڕێکـردن و....تاد)،جـاخودا بـەتوانای خـۆی کـرداری مرۆڤـەکان دروسـت دەکـات و مرۆڤـەکانیش تـەنها بەدەسـتهێنانیان بەدەسـتەو بەدروسـتکەری کردارەکـانی خۆیـان هـەژمارناکرێن،[5] بۆیـە(ابن تیمیـة)کـە لـە حەنبەلیـە پاشـەکیەکانە،دەڵێت کـرداری مـــرۆڤ لـــە حەقیقەتـــدا کـــرداری خۆیـــەتی ،بـــەلاّم دروســـتکراوە لەلایـــەن خـــوداوەوکرداری خودایە،هەرچـەندە نـاڵێین بریتیەلـە خـودی کـرداری خـوداو جیـاوازی دەکـەین لـەنێوان دروسـتکردن و دروســتکراودا،هەروەها کردەوەوکــردار.[6] هــەروەك لەگوتەیــەکی دیکەیــدا(ابــن تیمیــة)دەڵێــت خــودا دروســتکەری هەمووشــتەکانە بــەو فاکتەرانەی،کــە دروســتی کردون،هــەروەها خــودا توانــای بــۆمرۆڤ بـــەدیهێناوە کـــە بەهۆیـــەوە کردارەکـــانی هەڵدەبـــژێرێت و پاشـــان ئـــەنجامی دەدات،جـــامرۆڤ بکـــەری کردەکـانی خۆیـەتی بەحـەقیقی و گوتـەی ئـەهلی سـوننە و حەنبەلیـەکان لـە دروسـتکردنی کردارەکـانی مـــرۆڤ بەویســـت و تواناوجوڵەکانیـــەوە و جگەلەمانـــەش؛وەکـــو گوتەیانـــە لەدروســـتکردنی بـــاقی ڕوداوەکـــانی تـــر بەهۆکارەکانیەوە،کـــەخودا هـــەمویانی بـــەدیهێناوە،[7] ئـــەم تـــەرزەی بـــاوەڕ وای لەحەنبەلیـەکان کردوە،لایـان وابێـت خـودا توانـاو ویسـت و کـردەی مرۆڤـەکانی بـەدیهێناوە،مرۆڤ**

---

[1] الاشعري:اللمع،ص٨١.

[2] صحیح مسلم،کتاب القدر،باب کل شيء بقدر،رقم الحدیث(٦٩٢٢)؛مسند الامام احمد بن حنبل،کتاب مسند المکثرین من الصحابة،باب(مسند عبد الله بن عمر بن الخطاب)رقم الحدیث(٥٨٥٩)؛هـەروەها بڕوانـە:(اللالكائي:شرح اصول الاعتقاد،٦٤٠/٤). **واتـە هـەموو شـتێك لـە قەزاوقەدەرەوەیە تەنانەت تەنگانە و ناخۆشی.**

[3] شرح الفقه الاکبر،ص٨٢؛بڕوانە:(التفتازاني:شرح المقاصد،٢٢٧/٤_٢٢٨).

[4] الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٧٧؛محمدعبده وآخر:المعتزلة بین القدیم والحدیث،ص٦٠_٦١؛عبدالله الامین:دراسات في الفرق،ص٣١٩.

[5] الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٨٠؛بڕوانە:(البغدادي:اصول الدین،ص١٥٦؛ابن حزم:الفصل،٨١/٣؛الایجي:شرح المواقف،١٦٣/٨)؛التفتازاني:علم الکلام،ص١٣٦.

[6] منهاج السنة،٢٩٨/٢؛مجموع الفتاوی،٢٣٤/٨؛ابن ابي العز:شرح العقیدة الطحاویة،ص٤٣٩_٤٤٠؛هادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص١٠٩_١١٠.

[7] بڕوانە:(منهاج السنة،٢٩٥/٢؛محمد ابوزهرة:تاریخ المذاهب الامیة،ص١٨٨).

بۆخـۆی بکــەری کردەکــانی خۆیــەتی لەحەقیقەتــداو ئەنجامدەریانە،بــەلاّم خــودا وای لەمرۆڤەکــە کــردوە ببێتــە بکــەر و ئەنجامدەری،هــەروەکو لــەدەقی پیرۆزیشــدا ئەمــە ڕون کراوەتــەوە(وَمَــا تَشَــاءُونَ إِلَّــا أَنْ يَشَــاءَ اللَّــهُ رَبُّ الْعَــالَمِينَ)،[1] کــەلێرەدا خــودا ویســتی مرۆڤــەکان جێگیردەکــات و ڕاشــیدەگەیەنێت کــە هــیچ شــتێك نابێــت مەگــەر بەویســتی خــودا نــەبێت ،[2] هەڵبــەت ویســتی مــرۆڤیش لــەم بــوارەدا خــۆی لــە بەدەستهێنان(کســـب)دا دەبینێتەوە،چــونکەحەنبەلیەکان لەوبڕوایـــەدان تـــەواوی کـــرداری مرۆڤـــەکان دروســـتکراوی خـــودان و بەدەســـتهێنانیش لەلایـــەن مرۆڤەکانەوەیـــە(وەکو هۆکارەکـــان بـــۆ کـــردەوە و ڕوداوەکان)،جــا مرۆڤــەکان توانــا و ویســت و ئیرادەیــان هەیە،بــەلاّم لــەژێرتواناو ویســت و ئــیرادەی ئیلاهیدایــە[3] هــەروەك خــودا ئامــاژەی پــیّ دەدات((وَمَــا تَشَــاءُونَ إِلَّــا أَنْ يَشَــاءَ اللَّــهُ رَبُّ الْعَــالَمِينَ)،[4] ئەمــەو(ابــن تیمیــة)ش لــەم بــارەوە دەڵێــت خــودا توانــای تــەواوو ویســتی یەکالاّکــەرەوە دروســت دەکــات و لــەکاتی بــوونی ئــەم دوانەشــدا دەبێــت کــردار بــوونی هەبێت،لەبەرئــەوەی ئەمــە هۆکــاری تــەواوە بۆکردارەکە،ئەگـــەر هۆکـــاری تـــەواویش هـــەبوو ئـــەوا کـــرداری دەبێت،بـــەلاّم دیســـانەوە خـــودا دروستکەری کردارەکەشە.[5]

هەنــدێکی دیکــە دەڵــێن ئــەو(تواناو ویســت و ئیرادەیــە)خودا لەمرۆڤەکانــدا بــەدی دەهێنێت،بۆیــە بەوتوانایــە دەتوانێــت بــەو ئەرکانــەی هەســتێت کــە پێویســتە لەســەری ئــەنجامیان بــدات کــە بــە ئــیرادە و ویســتی ئیلاهــی خیتــابی خــودا لــە فــەرمان و نــەهی ئاراســتە دەکرێت،جــا پاداشــتی چــاکە لەسەرچــاکە و خراپــەش لەســـەر خراپــە بــەهۆی کردارەوەیە،مەگـــەر خـــودا بۆخـــۆی لەســـزای خراپـــەکاران خـــۆش بێت.[6]

وێــڕای ئــەوە حەنبەلیــەکان ئەوەدەکەنــە بەڵگــەی بیروڕاکــانی ســەرەوە،کە لەبوونــدا هــیچ بڕیاردەرێــك نیــە جگەلــە خــوداو ویســتی خــودا بەتەنها،بۆیــە ئــەوەی ئــەو بیــەوێت دەبێــت و ئەوەشــی ویســتی لێــی نــەبێت نابێــت و هــیچ شــتێك لــەئیرادەی خــودا بەدەرنیــەو نابێــت و هــیچ ڕوونــادات بــەبیّ ئــیرادەی ئەو،ئەمــەش گشــتەی ئــەو یەکتاپەرســتیەیە،کە ئــەم بــاوەڕە نــەبێت دانامەزرێت،تــەواوی مســـوڵمانان و پێشـــەوایان لەســـــەرەتاوە تاکۆتـــایی کـــۆڕان لەســـــەرئەمە،هەروەها دەڵـــێن مرۆڤـــەکان هـــیچ پێویســـــت(واجب)ناکەن لەســـــەرخودا،[7] بەڵگەشـــیان بۆئـــەم گوتەزایانەشـــیان فەرموودەیـــەکی پەیامبــەری ئیســلامە(د.خ)،کە ئامــاژە بــەوە دەکــات هــیچ دڵێــك نیە،مەگــەر ئــەوەی لــەنێوان دوو پەنجەیــە

---

[1] التكوير/٢٩.مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە **"ویستی ئێوە بەدی نایەت،مەگەر کاتێك خودای بالاّ بیەوێت".**

[2] الســـفاريني:لوامع الانـــوار،٣١٣/١_٣١٤؛اللالكائي:شـــرح اصـــول الاعتقـــاد،٧٧٨/٤؛یاسرقاضـــي:مقالات جهـــم،٧٥١_٧٥٢؛محمـــد الخميس:اعتقاد اهل السنة،ص٥١.

[3] بڕوانە:(ابن حزم:الفصل،٨١/٣)؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٢٣١/٨، ٢٣٤؛عواد المعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٨٣.

[4] التكوير/٢٩. ماناکەی **"ویستی ئێوە بەدی نایەت،مەگەر کاتێك خودای بالاّ بیەوێت".**

[5] منهاج السنة،٢٦٩/٣_٢٧٠؛مواهب علي منصور:العدل الهي،ص١٩٧؛انفال يحيى امام:موقف الرازي من القضاء والقدر،٤٥٧/١.

[6] ابن العمراني:الانتصار،٥٣/١ .

[7] بڕوانـــە:(ابـــن ابـــي العز:شـــرح العقيـــدة الطحاويـــة،ص٤٣٩؛ابـــن القيم:شـــفاء العليـــل،ص٩٣؛قدريـــة عبدالحميـــد:موقف ابـــن تيمية،ص٤١٨؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،٣٤٨/١.

لەپەنجەکانی خـودا(الـرحمن)؛ئەگـەر بیـەوێ جـێگیرو دامـەزراوی دەکـات وئەگـەریش ویسـتی لێـی بێـت بەفەتارەتـدا دەیبـات.[1] ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە خـودا بـە ویسـتی خـۆی مامەڵـە لەگـەڵ مرۆڤەکانـدا دەکـات بـە بـێ ئـەوەی مرۆڤـەکان بتـوانن هـیچ مـەرج و پێشـمەرج و گریمانەیـەك لەسـەر خودا واجب بکەن و بیسەپێنن.

سـەرەڕای ئـەوە(ابـن تیمیـة)ئاماژەبەوەدەکات،کـە حەنبەلیـەکان و ئـەهلی سـوننەو ئەوانـەی باوەڕیـان بەقەدەرهەیـە دەڵـێن خـودا توانـادارە بەسـەر هـەموو تواناداریێکـەوەو هـەموو ئەوانەشـی کـەدەکرێت کرداریێـك ئـەنجام بـدەن و توانـادارین بۆکردار،جاهەرشـتێك بکرێـت ئـەواخودا تواناودەسـەڵاتی بەسـەریەوە هەیـە و ئـەوەش وێناناکرێ،کـە مـرۆڤ دەسـەڵات و توانسـتی بەسەرشـتێکەوە هـەبێت و خـودا نـەیبێت،[2] ئەمـەش ڕێـك تەریبـە بەودەقـەپیرۆزەی خودا،کەدەفـەرموێت(إِنَّـهُ عَلَـى كُـلِّ شَـيْءٍ قَـدِيرٌ)،[3] جالـەو دەقـەپیرۆزەدا ئەوەهاتووە،کـە تـەواوی موڵکی(الاملاك)بـوون بەتـەنها هـی خودایـە و تەنهاخۆشـی هەڵسـوکەوتی تێـدادەکات و تواناکانیشـی گشـتگیری بـێ سـنورە،هەروەك دەکـرێ ئـەوەی لـێ بخوێنرێتەوە،کـە هـەموو هـەڵس وکەوتـەکان بەدەسـتی خودایـەو هەمووشـی چاکەوخێرە،تواناودەسـەڵات لەکەسـێك وەربگرێتـەوە کـەخۆی ویسـتی لێـی بێـت و بیـەوێت و زەلیـل و سەرشۆڕکردنیشـی خێروچاکەیە،هەرچـەندە بەنسـبەت مرۆڤـەوە شەڕە،چـونکە ئـەو هەڵسـوکەوتانە لـەنێوان دادگـەری و فـەزڵ ودانـایی و بەرژەوەندیـدا دەخولێتـەوە و لێـی دەرناچـێت.[4] دواتـر(ابـن تیمیـة)زیـاتر ئـەم بابەتـە ڕوون دەکاتـەوە و دەڵێـت ئـەوەی خـودا ویسـتی لەسـەربێت دەبێـت و ئەوەشـی ویسـتی لەسـەرنەبێت نابێت،ئەوەشـی خـودا ویسـتی لەسـەربێت ئـەوا تواناشـی بەسـەریەوە هەیە،ئەگـەر ویسـتی شـتێك بکـات ئـەوا ویسـتێکی خـۆی هێناوەتەدی،چـونکە لەقـەزادا ئەنـدازەگیری بـۆکردوە و دەبێـت بێتـە بوون،بـەڵام ئەگـەر ویسـتی لەسەرشـتێك نـەبێت ئـەوا نایـەوێت ببێـت و ناشبێت(هەرچـەندە تواناداریشـە بەسەریەوە)،چـونکە پێویسـتی تـەواو نـەبووە بـۆ هێنانەبوونی،کەواتـە نابێـت ببێـت،[5] (ابـن ابـی العـز)یش لـەم بـارەوە دەڵێـت خـودا زۆر لـەوە گەورەترە،کـە دژو هاوبەشـی هـەبێت،پاك و بێگـەردەو کێبـەرکێکاری نیە،بـەڵکو ئـەوەی ویسـتی لەسـەری هـەبێت دەیکـات و ئەوەشـی ویسـتی لەسـەرنەبێت و نەیـەوێت نایکـات و ناشـبێت ببێت،لەمەشـدا هاوشـێوە و ڕکابـەری نیە،هـەروەك خـودی خـۆی دەفـەرموێت(وَلَـمْ يَكُـنْ لَـهُ كُفُـوًا أَحَـدٌ)،[6] ئـەم دەقـە پـیرۆزەش بەڵگەیـەکی ڕوون و ئاشـکرایە بۆنـەفی کردنـی دژووهاوبـەش و کێبـەرکێکاری دەسـەڵاتدار،ئەمەش ڕەتـی ئەوگوتەیـەی موعتەزیلەکانە،کـە پێیانوایـە مـرۆڤ خـۆی کردەکـانی خـۆی

---

[1] سنن الترمذي،كتاب القدر،رقم ٢١٤٠؛صحيح مسلم،كتاب القدر،رقم ٦٩٢١؛ابي يعلى:طبقات الحنابلة،٢٨٤/١.

[2] منهاج السنة،٢٨٩/٢.

[3] فصلت/٣٩.واتاكەی**"بێگومان ئەو خودایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە"**.

[4] بڕوانە:(القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٤٨)؛ابن القيم:شفاء العليل،ص٣٥٩.

[5] منهاج السنة،١٦٣/١.

[6] الاخلاص/٤.بەواتای**"هەرگیزهاوتاو هاوشێوەی نەبووەو نیەونابێت"**.

بەدی دەهێنێت،[١] بەڵام موعتەزیلەکان دەڵێن خودا دادگەرو دانایەو ستەم لەکەس ناکات و کرداری ناشیرین ئەنجام نادات،چونکە ئەگەر ئەمانەی کرد ئەوا دەکرێت نەزانی و پێویستی بوونی بەجگە لەخۆی بدرێتە پاڵ،[٢] بەڵام حەنبەلیەکان بەوە ڕەتیاندەدەنەوە کە ئەمە کۆدەنگی لەسەرە لەنێومسوڵمانان‌دا،کە خودا کاری ناشیرین و ستەم لەکەس ناکات،بەڵام ڕاجیایی لەتەفسیرو خوێندنەوەی ئەمەدا هەیە؛جائەگەر خودا بەدیهێنەری کردەی مرۆڤەکان بێت دەکرێت پێی بگوترێ کارێکی ناشیرینی ئەنجام داوەوستەمی کردوە یان نا؟ لێرەدا حەنبەلیەکان و ئەهلی سوننەو ئەوانەی بڕوایان بە قەدەرە دەڵێن خودا بەو بەدیهێنانە نابێتە ستەمکارو بکەری کاری ناشیرین،[٣] هەروەك (ابن القیم)ئاماژەبەم بابەتە دەکات و دەڵێت بەدیهێنەری کرداری مرۆڤ و قەزاوقەدەر هەمووی خێروچاکەیە،بۆیە خودا خۆی پاك و دوور ڕاگرتووە لە ستەم کردن،کە حەقیقەتەکەی دانانی شتێکە لەشوێنی نەشیاوو هیچ شتێکیش دانانێت مەگەر لەوشوێنانەی،کەشیاوی خۆیان بن،ئەمەش دیسان خێروچاکەیە،شەڕوخراپەش دانانی شتەکانە لەو شوێنانەی نەشیاون بۆی،جائەگەر لەشوێنی خۆی دانرا ئەوا بە شەڕوخراپە دانانرێت،[٤] چونکە بەنیسبەت خوداوە ئەوەی خێروچاکەی تێدابێت بۆ مرۆڤەکان ئەوە ئەنجامدەدات،بەڵام بەنیسبەت مرۆڤەکانەوە دەکرێت ئەوەی بەسەریان دێت دڵتەنگ و ناشادیان بکات و گلەیی لەو قەدەرە بکەن کەبەسەریاندا دێت،چونکە مرۆڤەکان نازانن کامە خێری تێدایە بۆیان و ئەگەرخودا قەدەریان پیشان بدات هەرئەوە هەڵدەبژێرن کەخودا بۆی هەڵبژاردوون.

بۆیە لەڕاستیدا حەنبەلیەکان خودا بە ستەمکار نازانن،لەبەرئەوەی ئەو بکەرە لەحەقیقەت و کۆتایی شتەکاندا،هەرئەوە خاوەنداری شتەکانە لەحەقیقەتدا و دادگەرە لەکردارەکانیدا بەومانایەی،کەهەڵسوکەوت لەموڵکی خۆیدا دەکات و هەرچی بوێت دەیکات و بڕیاری لەسەردەدات،جا دادگەریی دانانی شتە لەشوێنی شیاوی خۆیدا،ئەوەش هەڵسوکەوتە لەموڵکی خۆیدا بەپێی ویست و زانستە ئەزەلیەکەی،ستەمیش دژی ئەمەیە و ناکرێت خودا زوڵم و ستەم لە بڕیاروهەڵس و کەوتەکانیدا بکات،[٥] ئەمە ئەگەر بزانین ستەم دەستەواژەیەکە سەبارەت بە هەڵسوکەوتکردن لەموڵکی کەسانی تر بەبێ پرسی خاوەنەکەی بەکاردێت،ئەمەش مەحاڵە سەبارەت بەخودا،چونکە ناکرێ جگە لەخۆی موڵکیەتی گەردوونی هەبێت تابگوترێت هەڵسوکەوت کردن تیایدا ستەمە.[٦]

---

[١] شرح العقيدة الطحاوية،ص١٠٧.

[٢] بڕوانە:(الخياط:الانتصار،ص٦٦_٦٨؛ابن القيم:المختصر،٥/٥٧٧؛جارالله:المعتزلة،ص٩٩).

[٣] ابن تيمية:منهاج السنة،٢/٢٩٤.

[٤] شفاء العليل،ص١٧٩؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،١/٣٤٦.

[٥] الشهرستاني:الملل،١/٤٢ ، ٥٦؛سيد سابق:العقائدالاسلامية،١/٩٤؛التفتازاني:علم الكلام،ص١٤٩؛علي سامي نشار:نشأة الفكرالفلسفي،١/٤٣٢_٤٣٣.

[٦] الغزالي:أحياء علوم الدين،١/١١١؛بڕوانە:( ابن القيم:المختصر،٥/٥٧٧).

هــــروەها حەنبەلیـــەکان و ئـــەهلی ســـوننە لـــەوەڵامی ئـــەو گوتەزایـــەی موعتەزیلەکان،کـــەدەڵێن لەڕاســـتیدا لـــە نێـــوکرداری مرۆڤەکانـــدا زوڵـــم و ســـتەم هەیە،جائەگـــەر خـــودا بەدیهێنـــەری ئەمانـــە بێت،ئـــەوا پێویســـتە خـــودا زاڵـــم و ســـتەمکار بێـــت.[1] ئـــەمان لایـــان وایـــە ئەگـــەر خـــودا ســـتەمی بـــەدی هێنابێـــت و کـــەس ئـــەنجامی نەدات(کەســـبی نەکات)ئـــەوا خـــودا بـــەوە نابێتـــە ســـتەمکار،کەواتە ســـتەمە بـــۆ ئـــەو مرۆڤانـــەی کەســـبی دەکـــەن وپێشـــی دەبنـــە ســـتەمکار،[2] هەنـــدێکی دیکـــەش دەڵـــێن ئـــەم(الزام) کردنـــەی خـــودا نەشیاوە،چـــونکە خـــودا کـــەس ناچـــارناکات بەخراپـــەکاری و دوورە لـــە ئەنجامـــدانی کـــاری خراپ،هەرچـــەندە بەدیهێنەریشـــیان بێت،مرۆڤـــەکان دەتـــوانن زوڵـــم و ســـتەم ئـــەنجام نەدەن،بـــەڵام ئـــــەوە خـــــودی مرۆڤـــــەکانن ســـــتەم و خراپـــــەکاری ئەنجامـــــدەدەن بـــــە کەســـــبکردنیان،نەك ئـــــەوەی ناچارکرابێت لەلایەن خوداوە بۆ ئەنجامدانیان،بەڵکو خودا بەتەنها بەدیهێنەری کردەوکارەکانە.[3]

هەرلـــەم گۆشـــەنیگایەوە موعتەزیلـــەکان دەڵـــێن دادپـــەروەری خـــودا لـــەکوێی ســـزادانی مرۆڤدایـــە لەســـەرئەنجامدانی کردارگـــەلێك کـــە خـــۆی خوڵقاندویـــەتی لـــەباش و لـــەخراپ،[4] حەنبەلیـــەکانیش بـــەوە ڕەتـــی ئـــەم گوتەزایانـــەیان دەدەنەوە،کـــە ئـــەوەی مرۆڤـــی پـــێ تاقیدەکرێتـــەوە لـــەو تاوانانـــەی کەهەیـــە هەرچـــــەندە خـــــوداش بەدیهێنابن،ئەواســـــزایە بۆئەوکەســـــە لەســـــەرتاوانی پێشوتری،چـــــونکە تـــــاوان تـــاوانی دیکـــەی بـــەدوادا دێـــت و کـــاری خراپـــەش خراپـــە بـــەدوای خۆیـــدا دەهێنێت،کەواتـــە تـــاوان وەکـــو ئەونەخۆشـــیانە وایـــە کەتەواوکـــەری یـــەکترن و هەنـــدێکیان هەنـــدێکی دیکـــەیان بـــەدوای خۆیانـــدا ڕادەکێشن.[5]

وێـــڕای ئەوانـــەی خســـتمانە بەرباس،موعتەزیلـــەکان وەکـــو وەڵامدانەوەیـــەك بۆگوتـــەزای ئەوانـــەی باوەڕیـــان بەقـــەدەرو دروســـتکردنی کـــاروکردەوەی مـــرۆڤ لەلایـــەن خـــوداوە هەیـــە،دەڵێن ئەگـــەر کـــردەی مرۆڤـــەکان دروســـتکراوبن لەلایـــەن خوداوە،ئـــەوا تـــەکلیف(داخوازی)و پاداشـــت و ســـزا پـــوچ دەبێتـــەوەو مانایـــەکی بۆنامێنێتەوە،چـــۆن دەکرێـــت خـــودا ســـزای مرۆڤـــەکان بـــدات لەســـەر شـــتگەلێك،کە خـــودی خـــۆی تێیانـــدا بـــەدیهێناوە،[6] هەڵبـــەت حەنبەلیـــەکانیش دەستەوەســـتان و بـــێ وەڵام نین،بۆیـــە لەڕەتیانـــدا دەڵـــێن بەبەڵگـــەی یەکالاکـــەرەوە ئـــەوە براوەتـــەوە کـــە خـــودا بەدیهێنـــەری کـــردەی مرۆڤەکانە،هـــــەروەك ئـــــەوەش ســـــەلمێنراوە،کەمرۆڤ موکەلەفـــــە(داوالێکراوە)و لـــــەڕۆژی دواییـــــدا لەســـــەرکاروکردەوەکانی کەلـــەدونیادا ئـــەنجامی داوە بەپاداشـــت و ســـزای خـــۆی دەگـــات،خوداش بەڵگـــەی بەســـەر مرۆڤەکانـــەوە دانـــاوە(اقامـــة الحجـــة)و توانـــاو ویســـتی هەڵبـــژاردنی پـــێ بەخشـــیون،خودی

---

[1] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٣٤٥؛ابن العمراني:الانتصار،١/١٨٧؛عادل عوا:المعتزلة وفكرالحر،ص٣٢٤.

[2] الاشعري:اللمع،ص٧٩.

[3] بڕوانـــە:(ابـــن تيميـــة:جامع الرســـائل،١/١٣٠؛منهـــاج الســـنة،١/٣٢١)؛باقلاني:الانصـــاف،ص١٥٥_١٥٦؛عبـــداللطيف الحفظي:تأثيرالمعتزلة،ص٧١؛مواهب علي منصور:العدل الهي،ص٢١٢.

[4] القاضي عبدالجبار:المغني،٨/١٧٣، ١٩٣_١٩٤؛عوادالمعتق:المعتزلة واضولهم الخمسة،ص١٧٩.

[5] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٤٤٣.

[6] القاضـــي عبـــدالجبار:المغني،٨/١٧٣ ، ١٩٣ ،٢٠٨؛الشهرســـتاني:نهاية الاقـــدام،ص٨٣_٨٤؛سميـــع دغيم:الفلســـفة القدر،ص٢٤٩؛صالح زين العابدين:الاصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٨٣.

مرۆڤەكان خۆیان بكەری ڕاستەقینەی كردەكانی خۆیانن هەرچەندە خودا بەدیهێناون و مرۆڤەكان تەنها كەسبی دەكەن،بەمەش ئەو پرسیارەی موعتەزیلەكان پوچەڵ دەبێتەوە،كەواتە دژیەك لەنێوان تەكلیفی مرۆڤەكان و خەلقی كردەوەكاندا نیە.[1]

هەروەها یەك لەو گوتەزایانەی موعتەزیلەكان،كە جەدەلی نێوانیانی خۆشكرد ئەوەبوو،كە موعتەزیلەكان دەیانگوت ئەگەر كردەی مرۆڤەكان هەمووی لەقەزاوقەدەری ئیلاهیەوە بێت،ئەوا پێویست دەكات ڕەزامەندبین بەهەمووی بەكوفروبیٚ باوەڕیشەوە،ڕازی بوونیش بەكوفر كوفرە.[2] جیا حەنبەلیەكان دژی ئەم باوەڕە وەستانەوەو گوتیان ڕازی بوون بەهەموو ئەوەی،كە خودابەدیهێناوە و ئەندازەگیری بۆكردوە،هیچ بەڵگەیەكی لەسەرنیە نەلە كیتاب(قورئان)و نەلەفەرموودە و نەكەسیش لەئەهلی پێشین(سەلەف) شتێكی لەوجۆرەی باس كردوە،بەڵكو خودا ئاماژە بەوەدەكات،كە ڕازی نابێت بەهەندێك شت هەرچەندە خۆشی بەدیهێنەریانە،ئەمەش وەكو كوفر،كە لەدەقێكی پیرۆزدا دەفەرموێت(وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ)،[3] كە تیایدا خودا ئەوەی خستۆتەڕوو ڕازی نابێت مرۆڤەكان كوفرو بێباوەڕی هەڵبژێرن و ڕقیشی لەزۆرێك لەڕووداوەكانە و خۆشی ناوێت و فەرمانیشی پێكردوین كەڕقمان لێی بێت و خۆشمان نەوێت و لێی دوركەوینەوە،[4] (الاشعري)ش لەم بارەوە دەڵێت ئەگەر پرسیاركرا لەوەی،كەئایا ڕازین بەقەزاوقەدەری خودا لە كوفروبێباوەڕی،دەكرێت بڵێین ڕازین بەوەی قەزای خودایە كە كوفروبێباوەڕی ناشیرینەو قەدەروئەندازەگیری بۆكراوە بەخراپەكاری،بەڵام ڕازی نین بەوەی كافر كافر بێت،چونكە خودا نەهی لەمرۆڤەكان كردوە لەمەدا و ئەمەی ناوێت،[5] بەڵكو ئەوە خودی مرۆڤەكانن كوفرو بێباوەڕی هەڵدەبژێرن.

هەرسەبارەت بەقەزاوقەدەری ئیلاهی،موعتەزیلەكان جیا لەئەهلی سوننەو حەنبەلیەكان لەسەرئەو بڕوایەن،كە كردەی مرۆڤەكان نابێت بدرێتەپاڵ خوداو بگوترێت خودا دروستی كردون لەكاتێكدا لەلایەن خۆیانەوە بەدیهێنراون و وەستاوەتەوە سەر ویست و مەبەستی خودی مرۆڤەكان،[6] بەڵام دیارە لەم جەدەلەیاندا لەگەڵ موعتەزیلەكان،حەنبەلیەكان وەڵامی تەواوی بەڵگەو ئیستدلالاتە عەقلی و نەقلیەكانی موعتەزیلەكانیان داوەتەوەو لەڕەتی ئەم باوەڕەی موعتەزیلەكانیشدا دەڵێن ئەوبەڵگەیەی موعتەزیلەكان وەرناگیرێت،چونكە پێویستی لەكارخستی ویستی ئیلاهی لەكردەی مرۆڤەكاندا بەرجەستە دەبێت،بەوپێیەی نابێت خودا ویستێكی پراكتیزەكراوی لە كردەكانیاندا هەبێت،بەڵكو ئەوان ویستی ڕەهایان دەوێت لەتەواوی ئەوهەڵس و

---

[1] بڕوانە:(ابن القيم:المختصر،ص٣٢٥_٣٢٦؛ابن العمراني:الانتصار،٥٣/١؛وليد بن صالح باصمد:أثرعلم الكلام،ص٢٥٥).

[2] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٧٧١؛عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص١٠٣.

[3] الزمر/٧.واتا **"خودا ڕازی نیە بەبێباوەڕیی مرۆڤەكان"**.

[4] ابن تيمية:منهاج السنة،٢٠٣/٣_٢٠٨؛بڕوانە:(السفاريني:لوامع الانوار،٣٣٨/١_٣٣٩)؛عبداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلة،ص٧٠.

[5] اللمع،ص٨٢.

[6] القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٧٧٨؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،٣٥١/١؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية من المعتزلة،ص٤٣٨.

کەوتانەی کەئەنجامی دەدەن،ئەمەش نەفی توانستە لە زاتی خودادا وبەم باوەڕەیان بیٚ دەسەلاٌتی خودا دەسەلمێنن،بەجۆرێك نەتوانێت هیدایەتی گومڕایەك بدات و هیدایەت دراوێکیش گومڕابکات،بەمەش مرۆڤ توانادارتر دەبێت بەسەر کردارەکانیەوە وەك لەخودا،[1] لەکاتێکدا بە بەڵگەی نەقڵی ئەوە جێگیربووە کە هیدایەت و گومڕایی بەدەستی خودایە(من یهدالله فلامضل لە ومن یضلل فلاهادي لە)،[2] کە ئەمە شایەتیەکە لە لایەن پەیامبەرەوە(د.خ)بۆخودا بەویست و توانا و دانایی و زانستی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ دروستکراوەکانیدا دەکات و ئەوەی ویستی لەسەر بێت هیدایەتی دەدات و ئەوەشی ویستی لەسەر نەبێت گومڕای دەکات و ئەگەر مرۆڤێکی هیدایەتدا کەس گومڕای ناکات و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە،لەمەشدا خوایەتی خوداو توانا و زانست و دانایی و قەزاوقەدەری خودا بەرجەستە دەبێت،ئەمەش گرێبەست و پەیمانی یەکتاپەرستی و بنەڕەت و ئەسڵەکەیەتی.[3] سەرباری ئەوەی ویست و ئیرادەی ئیلاهیمان سەلماندو جێگیرمان کرد لەمەسەلەی قەزاوقەدەردا،بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەموعتەزیلەکان دەیڵێن ئەویش ئەوەیە،کە لایان وایە خودا فەسادوخراپەکاری ناوێت وخۆشیشی ناوێت جاچی لەلایەن خۆیەوە بێت یاخود لایەنێکی دیکە،[4] جا(ابن تیمیە)لەڕەدی ئەمەدا دەڵێت شتێك لەمولکی خودادا نابێت،کە ویستی لەسەری نەبێت و لەهەموو دروستکراوەکانیدا دانایی تەواوهەیە،بۆیە خۆشی ناوێت و ڕقی لێیەتی و لەبکەرەکەشی توڕەدەبێت و خراپەو خراپەکاری خۆش ناوێت و بەکوفروئیلحادیش ڕازی نابێت بۆمرۆڤەکان،هەروەها بەئیرادەی دینی کە(خۆشەویستی و ڕەزامەندی)ئیلاهی لەخۆگرتووە ئەمەی ناوێت،هەرچەندە وەکو ئیرادەی کەونی(بوون)ئەمەی ویستووە،کە دەچێتە نێوبازنەی قەزاوقەدەرەکەیەوە.[5]

هەروەها حەنبەلیەکان لەڕەتی ئەوەی،کەموعتەزیلەکان پێویستی دەکەن لەسەرخودا باشترین کردەوە هەڵبژێرێت بۆمرۆڤەکان لەدین و دونیادا، [6] ئاماژە بەوە دەکەن،کە ئەمە وتەیەکی پڕوپووچ و بەسەرچوو هەڵەیە،چونکە ئەگەر بە وازهێنان لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان زیانی پیٚ نەگات،ئەوا بۆ پێویست بوونی هیچ مانایەك نامێنێتەوە،دواتر بەرژەوەندی خودا لەکوێی

---

[1] بڕوانە:(ابن القیم:شفاء العلیل،ص١٠٨؛علي بن سعدالضویحي:آراء المعتزلة،ص١١٠.

[2] سنن الدارمي،کتاب النکاح،باب في خطبة النكاح ،رقم الحديث(٢٢٥٧)؛سنن ابن ماجه،کتاب النکاح،باب خطبة النكاح،رقم الحديث(١٩٦٨)؛صحيح مسلم،کتاب الجمعة،باب تخفيف الصلاة والخطبة،رقم الحديث(٢٠٤٤)؛سنن أبي داود،کتاب النکاح،باب في خطبة النكاح،رقم الحديث(٢١٢٠)؛مسند أحمدبن حنبل،مسند المكثرين من الصحابة،مسند عبد الله بن مسعود،رقم الحديث(٤١٠٤)؛الاشعري:تبيين كذب المفترى،١٥٩.

[3] بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٤٣٦)؛ابن القيم:شفاء العليل،ص٣٣٨؛محمد خميس:اعتقاد اهل السنة،ص٥٧_٥٨؛عبدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص٨١.

[4] القاضي عبداجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٤٦٠؛مواهب علي منصور:العدل الالهي،ص٣٦٥.

[5] مجموع الرسائل،٥/١١٥.

[6] بڕوانە:(ابن حزم:الفصل،٣/٢٠١)؛الجويني:الارشاد،ص٢٨٧؛السفاريني:لوامع الانوار،١/٣٢٩.

**دروســتكردنی مرۆڤدایــە لــەدونیاداو توشــكردنیان بــە هەڵەوخراپــەكاری و پاشــان ڕووبەڕووكردنــەوەی سزاوناڕەحەتی و دادگایی كردنیان،چی گەورەییەك لەمەداهەیە لای خاوەن ژیریەكان.**[1]

**ئەمەســەرەڕای ئــەوەی هەنــدێكی تریــان دەڵــێن خــودا هیدایــەتی مرۆڤــەكان بەویســتی خــۆی دەدات و سەرشــۆڕو توشــی ناڕەحــەتیان دەكــات بەدادگــەری خۆی،ئەمــەش ڕەدی ئەوگوتەزایــەی موعتەزیلەكانە،كــە لایــان وایــە پێویســتە لەســەرخودا ڕەچــاوی باشــترین بكــات بــۆ مرۆڤەكان،بەڵگــەش لەســەرئەوەی باسمــانكرد ئەودەقــەپیرۆزەی خودایە،كەدەفــەرموێت(إِنَّـكَ لَـا تَهْـدِي مَـنْ أَحْبَبْـتَ وَلَكِـنَّ اللَّـهَ يَهْـدِي مَــنْ يَشَــاءُ)،**[2] **ئەگەرهیدایــەت مەشــخەڵی ڕونكردنــەوەی ڕێگەكــە بوایــە ئــەوا دروســت نــەدەبوو ئەمــە لــەزاتی پەیامبــەری ئیســلامدا نــەفی بكرایە،چــونكە پەیامبــەر(د.خ) ڕێگەكــەی ڕون كردۆتــەوە بۆئەوەی خۆشی دەوێت و ئەوەشی خۆشی ناوێت.**[3]

---

[1] بڕوانە:(الغزالي:أحياء علوم الدين،١١٢/١ ).

[2] القصــص/٥٦.مانــای ئایەتەكــە بــەم شــێوەیە **"بەڕاسـتی(ئەی موحەممــەد)تۆناتوانی بـاوەڕ بەوكەسـە ببەخشـیت و هیدایـەتی بـدەیت كە خۆشت دەوێت،بەڵام خودا هەركەسێكی بوێت هیدایەتی دەدات".**

[3] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٠٦؛بڕوانە:(ابن تيمية:مجموع الرسائل،١٢٢/٥).

## تەوەری سێیەم: باش و خراپی( جوانی و ناشیرینی )ژیریی

**١- چەمك و زاراوەی باش و خراپی(جوانی و ناشیرینی): باش و خراپی و جوان و ناشیرینی،چەشنی چەمکەکانی دیکە بەدواداچوون بۆلایەنە زمانەوانیەکەی کراوە و لێکدراوەتەوە،شارەزایانی بواری زمانەوانی باش(جوان)ی بەوە لێکدەدەنەوە،کە دژی خراپیە(ناشیرینی)،کە بەرانبەرەکەی لەزمانی عەرەبیدا(حُسن ،قُبح)ە و کۆیەکەشی(حُسانون)ە،ئەگەر بە(هاء)یش بێت،ئەوا کۆیەکەی دەبێتە(حسان و حُسانات)،[١] ئەمەو زمانناسەکان کۆدەنگن لەسەرئەوەی،کە ماددەی باشی(حسن ـــ جوان)لەزماندا دژی خراپی(قبح ـــ ناشیرین) دانراوە،کەواتە باش و جوان دژی خراپ و ناشیرینە و باشی و جوانی دژی خراپی و ناشیرینیە.[٢]**

**سەرباری ئەوانە شارەزایانی ئەم بوارە لایان وایە باش و خراپ(جوان و ناشیرین)بۆ سێ مانا بەکار دەهێنرێت،یەکەم،وەکو سیفاتێکی کامڵ یان ناکامڵ و کەمی بۆخودی شتەکە بەکاردێت،هەروەکو دەوترێت(زانست باش و جوانە و نادانی خراپ و ناشیرینە)،دووەم،گونجاوبێت لەگەڵ مەبەست و ئامانجدا یان دوور بێت لێی،ڕەنگە بە بەرژەوەندی و خراپییش(المصلحة والمفسدة)گوزارشتی لێوەبکرێت،سێیەم،پەیوەست بوونی پیاهەڵدان و زەمکرن هەرلەدونیاداو ، پاداشت و سزا لەدواڕۆژدا،[٣] بۆیە هەرکردارێکی مرۆڤ باش بێت ئەوا لەدونیادا پیایدا هەڵدەدرێ و لەدواڕۆژیشدا پاداشتی خوایی دەستدەکەوێت؛ئەگەریش خراپ بێت هەرلەدونیادا زەمدەکرێت و لەدواڕۆژیشدا سزای ئیلاهی دەچێژێت. کەواتە باشی (جوانی)ئەوەبێت،کە پیاهەڵدان و پاداشتی پێوە پەیوەست بێت لەدونیاودواڕۆژدا و ،خراپی(ناشیرینی)ئەوەبێت کەزەمکردن و سزای پێوە پەیوەست بێت لەدونیاودواڕۆژدا،ئەوا ئەوەی کە هیچ یەك لەمانەی پێوە پەیوەست نیە ئەوا لەدەرەوەی جوانی و ناشیرینیە،ئەمەش ئەومانایەیە ڕاجیایی لەسەرە.[٤]**

**باشی یان جوانی،کەلەزمانی عەرەبیدا بە(حسن)هاتووە،لەڕوی زاراوەوە بەبوونی(سەرە ـــ فەتحە) ی ( حاء)ە،کە بەسێ واتادێت،یەکەم،مەبەست لێی ئەوشتانەیە کەخاوەن شەرع(خودا) مۆڵەتی بە کردنی داوە،یان بەواجبی داناوە و قەدەغەکردنی و وازلێهێنانی سزای لەسەرە،دووەم،بەو واتایە دێت کە ئەگەر سزادان لەسەر تەرککردن و وازلێهێنانی نەبوو ئەوە بە سوننەت(مەندوب)هەژمار دەکرێت،سێیەم، ڕەوایەتی پێدانی و حەڵاڵکردنی واتای سێیەمیانە کەئەویش موباحە(ڕەوایە)،کەواتە باشی و جوانی(واجب و سوننەت و**

---

[١] ابن سيدة:المخصص،كتاب الغرائز،٢٣٣/١.

[٢] الفراهيدي:العين،٣٥/٣؛الازهري:تهذيب اللغة،٣١٤/٤؛عايض الشهراني:التحسين والتقبيح العقليان،١٦٧/١.

[٣] ابوالبقاء الكفومي:كتاب الكليات،فصل الحاء،٦٣١/١؛البيضاوي:طوالع الانوار،ص٢٠٢؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٨/ ٢٥٨_٢٥٩، ٣١٠؛جارالنبي:الحسن والقبح،ص٧_٨.

[٤] الشهرستاني:نهايةالاقدام،ص٣٦٢_٣٦٣؛ابن تيمية:منهاج السنة،١/ ٤٤٩؛مجموع الرسائل،١٢١/٥؛الرازي:الاربعين في اصول الدين،٣٤٦/١؛بڕوانه:(الايجي:المواقف،١٧٢/٨، ٢٠٣؛التفتازاني:شرح المقاصد،٢٨٢/٤).

**موباح)لەخۆدەگرێت.خراپیش(ناشیرینی) ئەوەیە،کە خاوەن شەرع(خودا) مۆڵەتی پێی نەداوە،جایان بەنەهی لێکردنی و بەنەهی قەدەغەکردن(حەرام)، یانیش بە مەکروهـ(ناپەسەند)ڕێگەی پێ نەداوە،کەواتە خراپی و ناشیرینی (قەدەغەکراو"حەرام" و مەکروهـ(ناپەسەند)دەگرێتەوە.[١]**

**هەروەك هەندێکی تر ئامـاژە بەوەدەکەن،کە باشی(جوانی)دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆهەموو ئەوشتانەی،کە باش و جوانن لەلایەن ژیری و ئارەزوو و ئاوەزو هەستی مرۆڤەوە،[٢] بۆیە فێندەمێنتاڵیزمەکان بە شێوازێکی ڕەها باش(جوانی)یان لەبەرانبەر خراپ(ناشیرین)داناوە،لەمەشەوە خراپی دژی باشیەو ناشیرینیش دژی جوانیە،خوداش لەدەقی پیرۆزدا دەفەرمویێت(إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا)،[٣] هەروەك (وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ)،[٤] کە مەبەست لێی حوکمدانی شتەگشتگیرەکانە بەگشتگیرتر و تایبەت بەتایبەتتر،لەمەشدا ناشیرینی تایبەتترە لەخراپی،هەروەك چۆن جوانی تایبەتترە لەباشی و تایبەتترە بەوەی کە پیاهەڵدانی لەگەڵدا بێت.[٥]**

**سەبارەت بەلایەنی زمانەوانی خراپ(قبح)،زمانناسە مسوڵمانەکان کۆدەنگن لەسەرئەوەی،کەخراپی(ناشیرینی)لەزمانەوانیدا دژوبەرانبەری باشیە(جوانی)،هەروەك چۆن ناشیرینی دژەکەی جوانیە،[٦] هەروەها خراپی(القُبح)بەبۆری(زەنە ـ زەمە)ی (قاف)ەکەوە دژی باشی(الحُسن)ە،بەبۆری(زەنە ـ زەمە)ی (حاء)ەکە و کۆیەکەشی(قباح)ە،[٧] لەدەقی پیرۆزیشدا بەم چەشنە ئامـاژەی پێدراوە(وَأَتْبَعْنَاهُمْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ هُمْ مِنَ الْمَقْبُوحِينَ).[٨] ئەمەسەرەڕای ئەوەی(الازهري)دەڵێت خراپی(ناشیرینی)بریتیە لەدژی باشی(جوانی)و ئەمەش گشتگیرە لەهەمووشتێکدا،وەك لە فەرموودەشدا هاتووە(لاتقبحوا الوجه)واتا(مەڵێن ڕووخسار ناشیرینە)،ئەمەش لەبەرئەوەی،کە خودا بەدیهێناوە و خوداش هەمووشتێکی بەجوانی بەدیهێناوە،[٩] ئەم گشتگیریە بۆ مەسەلەی کردەی مرۆڤەکانیش هەرڕاستە.هەربۆیە واتای خراپی ئەوکردارەیە،کە خودا مۆڵەتی پێ نەداوە،واتا ئەوەی،کە خودا نەهی لێکردوە بەنەهی**

---

(١) البيضاوي:طوالع الانوار،ص١٩٧_١٩٨؛الابهاج،٦٣/١؛جارالنبي:الحسن والقبح،ص٤؛بڕوانە:(ابن الزركشي:البحرالمحيط،١٣٤/١).

(٢) الزبيدي:تاج العروس،١٧٥/٧، ١٤٠/١٨؛بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(عايض الشهراني:التحسين والتقبيح العقليان،١٧٠/١).

(٣) الاسراء/٧.واتاکەی**"ئەگەر ئێوە چاکەبکەن بۆختتان دەیکەن،ئەگەرخراپەش بکەن هەربۆخۆتان دەیکەن".**

(٤) فصلت/٣٤.مانای ئایەتەکە **"هەرگیز چاکەوخراپە وەکو یەك نین،خودا یەکەمیانی خۆشدەوێت و ڕقی لە دووەمیانە".**

(٥) ابن الزركشي:البحرالمحيط،١٣٤/١.

(٦)الازهري:تهذيب اللغة،٥٧/٤؛ابن فارس:معجم مقاييس اللغة،باب قبح،٤٧/٥؛فيروزابادي:القاموس المحيط،فصل القاف،ص٣٠٠.

(٧) ابن منظور:لسان العرب،فصل قبح،٥٥٢/٢؛إبراهيم مصطفى وآخرون:المعجم الوسيط،٧١٠/٢.

(٨) القصص/٤٢.مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە **"هەرەلم دونیایەدا نەفرینمان خستە شوێنیان و لەڕۆژی دواییشدا ئەوانەزۆر بێزراوو ناشیرینن".**

(٩) الفراهيدي:العين،باب (كشح)،١٧٦/١؛الازهري:تهذيب اللغة،٤٦٤/١.

قەدەغەکردن(حــــەرام)،یان کەراهەت(ناپەســــەند)،کەواتە خراپـــــی ناشیرینی(قەدەغەکراوو،مەکروهـــــ) دەگرێتەوە،بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.[1]

ســەرباری ئەوانــەی خســتمانە ڕوو بــاش و خراپی(جــوانی و ناشــیرین)لەڕووی کــردارەوە چــەندین پێناسەی بۆکراوە،لەوانە:-

أ_ باش(جوان ـ الحسن)، ئەوکردارەیە،کەبکەرەکەی شایستەی زەمکردن نیەونابێت.[2]

ب_خراپ(ناشیرین ـ القبح)،ئەوکردارەیە،کەبکەرەکەی شایستەی زەمکردنەودەبێت.[3]

ئەمــەو مانــای بــاش و خراپی(جــوانی و ناشــیرینی)لای حەنبەلیــەکان بەوەهاتووە،کــە ئەگــەر خــاوەن شــەرع(خودا)فەرمانی بەشــتێك کــرد ئــەوە بــەباش هەژماردەکرێت(چــونکە خــودا فــەرمان بەشــتی خــراپ ناکات)،ئەگــەر نەهیشــی لێکــرد ئــەوا بــەخراپ هــەژمار دەکرێــت،(چونکە خــودا نــەهی لەشــتی بــاش ناکات).[4]

ســـەرباری ئەوانـــەی باسمـــانکرد توێـــژەرانی ئـــەم بـــوارە ئاماژەبەوەدەکەن،کـــە لەڕاســـتیدا بـــاش وخراپی(جــوانی و ناشــیرینی)دەگەڕێتەوە بــۆ وەك یــەکبوون یــان پێچــەوانەبوونی مەبەســت و ئامــانج وئاواتەکان،بــەلاّم ڕەنگــە ببیــنین کەســێکی ژێــر شــتێك بــەباش بزانێــت و هــیچ سودیشــی تێدانــەبێت و شــتێکیش بــەخراپ بزانێــت و سودیشــی تێــدابێت.[5] هــەروەها ئەوەشــی گونجاوبێــت لەگــەڵ مەبەســتی قســـەکەر پێـــی دەوترێـــت بـــاش(جوان)و پێچەوانەکەشـــی پێـــی دەوترێـــت خراپ(ناشـــیرین)،دەکرێت بـــــــەوەش گوزارشـــــــتی لێوەبکرێت،کەبەرژەوەنـــــــدی و دژەبەرژەوەنـــــــدی(المصـــــــــلحة والمفســـدة)تیادابێت،بۆیـــە دەگـــوترێ باش(جوان)ئەوەیـــە کەبەرژەوەنـــدی تێـــدابێت و خـــراپیش ئەوەیە،کـــە خراپـــەی تێدابێت،ئەمـــەش بـــەم واتایـــەوە بەخودی(زاتی)دانانرێت،بەڵکوئـــەوە زیـــاتر عەقڵیە.[6]

**٢- دیــدی موعتەزیلــەکان بۆبــاش و خراپــی:** مەســەلەی بــەباش زانــین و خــراپ زانــینی عــەقڵی یەکێکــە لەوســێ بابەتــە گرنگانەی،کەلــە بنــەمای دادگەری(العــدل)ی موعتەزیلــە جیــابووەوە و یــەك لەمەسەلە ژێربێژی و جێ بایەخەکانی موعتەزیلەکان بوو.

لێـرەدا پێویســتە ئەوەبخەینەڕوو،کەموعتەزیلــەکان یەکــەمین گــروپ نــەبوون گرنگیــان بــەم بابەتــە دابێـــــت و لێکۆڵینـــــەوەیان لـــــەم تیۆرەیـــــەدا کردبێت،بـــــەڵکو پـــــێش ئـــــەمان هەریـــــەك لـــــە (الثنوية،والتناســخية،والبراهمة)ەکــان باســیان لــەوەها تیۆرەیــەك کــردوە کەتیایــدا هــاتووە(دەکرێ

---

[1] الجرجاني:شرح المواقف،٨/٢٠١_٢٠٢؛التفتازاني:شرح المقاصد،٤/٢٨٢_٢٨٣؛بروانە:(احمدامين:ضحى الاسلام،٣/٤٩).

[2] بروانــە:(السيدالمرتضــى:الذريعة الى اصــول الشــريعة،باب الكــلام في الافعــال،٢/٥٦٣؛البيضــاوي:الابهاج،١/٦٣)؛قاضــي ابــي يعلى:العدة،١/١٦٨.

[3] الايجي:شــرح المواقــف،٨/٢٠٥؛بروانــە:(الآمــدي:الاحكام،١/١١٢)؛السيدالمرتضــى:الذريعة الى اصــول الشــريعة،باب الكــلام في الافعال،٢/٥٦٣؛محمد جوادمغنية:معالم الفلسفة الاسلامية،ص١٢٦.

[4] ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٨/٢٥٩؛بروانە:( الايجي:شرح المواقف،٨/٢٠١_٢٠٢)؛البيضاوي:الابهاج،١/٦٢.

[5] الغزالي:الاقتصاد،ص١٢٢ .

[6] الغزالي:المستصفي،١/١٨٠؛الامدي:الاحكام،١/١١٢، ١٢٠.

**ژێری مرۆڤ بڕیاری سەربەخۆی هەبێت لەهەمبەر هەندێك كردار لەڕووی خراپی و پێوست بوون و باشییەوە،وەكو باشی(ڕاستگۆیی و باوەڕو سودەكانی) و (خراپی بێباوەڕی و زیانەكانی).[1] سەرەتای جیاوازی و ململانێ فیكریەكانیش لەئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆئەوكاتەی،كەهەر گروپێكی وتوێژكاری ئەم بوارە گوتەزاكانی خۆی لەم بارەیەوە خستەڕوو،ئەوەبوو موعتەزیلەكانیش گوتیان باش و خراپی كرداروشتەكان و پاداشت و سزاكانی سەریان لەڕێگەی ژێریەوە دركی پێدەكرێت و دەناسرێت.[2] بەلاَم حەنبەلیەكان لەڕەتی ئەم باوەڕەی موعتەزیلەكاندا دەڵێن لەڕاستیدا باش و خراپی شتەكان پاداشت و سزاكانی سەریان لەڕێی ژێری مرۆڤەوە هەستی پێدەكرێت و دەزانرێت،بەبێ ئەوەی پاداشت و سزاكە لەسەر ئەم زانین و ناسینە بنیات بنرێت،[3] ئەمەش واتا هەرچەندە عەقڵە باش و خراپی شتەكان دەناسێت و جیایان دەكاتەوە،بەلاَم ئەوپاداشت و سزایەی كەخودا دایناوە تەنها بۆئەوشتانەیە كەشەرع باش و خراپیانی سەلماندوە.**

**دیارە موعتەزیلەكان لەپرسە كەلامیەكاندا خاوەن گۆشەنیگای تایبەت بەخۆیان بوون و هەرگیز دەق نەیتوانیوە ملكەچ و كۆتیان بكات،بۆیە تێڕوانینیان بۆ ئەم پرسە جودایە لەتێڕوانینی گروپەكانی دیكەی ئیسلام،چونكە موعتەزیلەكان باشی عەقڵیان بەوە دیاریكرد كە بكەرەكەی شایستەی زەم نەبێت و خراپەی عەقڵیش بەوەی كە بكەرەكەی شیاوی زەمكردن بێت،بەلاَم باشی شەرعی ئەوەیە كەبكەرەكەی شیاوی سزادان نیەو خراپەی شەرعیش ئەوەیە،كەبكەرەكەی شیاوی سزادان بێت(ئەمەش بە واتای ئەوە دێت كە موعتەزیلەكان لایەنی شەرعی و عەقڵیان لەیەكدی جوداكردۆتەوە)،[4] هەروەها دەڵێن باشی و خراپی نابێت مەگەرلەسەرشێوەیەكی تایبەت ئەنجام بدرێت و بەهۆیەوە بكەرەكەی شیاوی پیاهەڵدان یان زەمكردن بێت لەدونیاداو،پاداشت و سزابێت لەڕۆژی دواییدا،كەواتە موعتەزیلەكان پیاهەڵدان و پاداشت و زەمكردن و سزایان لەسەر بەباش دانان و بەخراپ دانانی ژێری بنیات ناوە.[5]هەرلەم گۆشەنیگایەوە دەڵێن خراپی كردارو باشیەكەی لەسەر هاتنی فەرمان و نەهی شەرعی بۆڕونكردنەوەیان نەوەستاوە،چونكە هەردووكیان ڕوون و ئاشكران و بەعەقڵ دركیان پێدەكرێت،[6] و (النظام)ی موعتەزیلیش هەمان باوەڕی هەیە سەبارەت بە باش وخراپ دانانی عەقڵی لە تەواوی ئەو كردانەی مرۆڤ بە ژێریی**

---

[1] بڕوانە:(البغدادي:اصول الدين،ص٤٣)؛الشهرستاني:نهايةالاقدام،ص٣٦٢؛الآمدي:الاحكام،١/١١٣؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،٤٠_٤١.

[2] بڕوانە:(الغزالي:المستصفى،١/١٧٨؛القاضي عبدالجبار:المغني،١٤/٧؛شرح الاصول الخمسة،ص٥٦٥_٥٦٦).

[3] ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٨/٣١٠؛الردعلى المنطقيين،ص٤٦٤_٤٦٥؛بڕوانە:(ابن القيم:مفتاح دارالسعادة،٢/٨٧٧_٨٧٨).

[4] بڕوانە:(القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٤٨)؛محمد جوادمغنية:معالم الفلسفة الاسلامية،ص١٢٦؛بڕوانە:(جولدتسهير:مذاهب التفسير،ص١٧٢).

[5] بڕوانە:(البغدادي:اصول الدين،ص٤٤،٤٣؛الرازي:اربعين في اصول الدين،١/٣٤٦؛مطالب العالية،٣/٢٨٩؛ابن القيم:مدارج السالكين،١/٢٥٤؛مفتاح دارالسعادة،٢/٩٢٦).

[6] الجويني:الارشاد،ص٢٥٨، ٢٥٩؛بڕوانە:(القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٣١١_٣١٢)؛احمد محمد بناني:تنزيةالله تعالى،ص٨٩.

دەیانکات و،ئەوەشی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات،سەرەڕای ئەمە ئەوەشی زیادکردوە،کەئەم باوەڕە دەبێت دووڕوانگەو بیرکردنەوەی عەقڵی بێت،یەکێکیان عەقڵ فەرمان بەئەنجامدانی بکات،ئەوی دیکەشیان بەوازهێنانی،بەمەش ئازادی ئیرادەو هەڵبژاردنی مرۆڤ ڕاست و دروست دەبێت،[1] ئەگەرنا مرۆڤ ئازادنیە و بگرە پەیوەست و ملکەچ دەکرێت.ئەمەش وادەکات بگەینە ئەو باوەڕەی،کە عەقڵ دەکرێتە پێوەر و سەنتەر بۆباشی و خراپی کردارەکان،بەو واتایەی کەعەقڵ کردەی باش و خراپ واجب دەکات،چونکە کردارەکان سیفەتگەلێکی دەروونی باش و خراپن و پێویستە مرۆڤەکان بیانناسن،ئەگەر شەرعیش ئەم مەسەلەیە بوروژێنێت ئەوا تەنها هەواڵی لێداوە نەك جێگیری کردبێت.[2] لێرەوە لەوە تێدەگەین،کەموعتەزیلەکان ژێری مرۆڤیان کردۆتە سەنگی مەحەك و یەکالاکەرەوەی ئەم پرسە،ئەوەتا(ابوالهذیل)پێیوایە پێویستە لەسەر موکەلەف پێش هاتنی بەڵگەی بیستراو خودا بناسێت بەبەڵگەوە و باشیەکانی باشی و خراپیەکانی خراپیش بزانێت،هەروەك پێویستە لەسەری باشەکان ئەنجام بدات وەکو(ڕاستگۆیی و دادگەری)و دووربکەوێتەوە لەخراپەکان وەکو(درۆکردن و خراپەکاری).[3]

موعتەزیلەکان ئەم بەڵگە عەقڵیە دەکەنە بنەمای تێڕوانینەکانی سەرەوەیان،کە لایان وایە خودا لەکردارەکانی و فەرمان و نەهیەکانی لەباش زیاتر هیچ شتێکی دیکە ناکات و فەرمان بەشتێك ناکات مەگەرئەوەی باش بێت و هەروەها دورە لەخراپەکاری و نەهیشی لێدەکات،بنەمای ئەمەش ئەوەیە کەشتەکان لای ئەوان باشی خودی و خراپی خودییان هەیە، [4] ئەم بەخودزانینەی باش و خراپ (ابوالهزیل)ی ئاراستە کردوە تابڵێت باش و خراپ دووشتی زاتین و بەعەقڵ درك دەکرێن پێش ئەوەی شەرع باسیان بکان،واتا باش و خراپ پەیوەست نین بەوەی بۆیان درك بکرێت یان دەقێکی شەرعی لەبارەوە هاتبێت،بەڵکو مرۆڤەکان خودی خۆیان درکی پێ دەکەن،چونکە عەقڵ دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان باش و خراپ و جوان و ناشیرین بەبێ ئەوەی پێویستی بە وەحی و پەیامبەر هەبێت،لەبەرئەوەی شەرع تەنها هەواڵیان لێ دەدات نەك جێگیریان بکات،عەقڵیش درکیان پێ دەکات نەك دروستیان بکات.[5] دوای ئەوەی باش و خراپیان بەخودیی زانی موعتەزیلەکان باس لەوەدەکەن،کە ئەم سیفاتە خودییانە هەیانە باشەوهەیانە خراپ،جا ڕۆڵی شەرع تەنها کورت دەبێتەوە لەسەر دۆزینەوە و باش و خراپی کردارەکانمان بۆدەدۆزێتەوە و بەیانی دەکات،بەڵام بڕیاردان لەسەرئەوەی،کەباشە یان خراپ دەگەڕێتەوە بۆعەقڵ،ئەمەش بەبنیات

---

[1] الشهرستاني:الملل،٧٢/١؛التفتازاني:علم الكلام،ص١٥٥ .

[2] الشهرستاني:نهايةالاقدام،ص٣٦٢_٣٦٣؛قاضي عبدالجبار:المختصرفي اصول الدين،ص٢٢٢؛احمدامين:ضحى الاسلام،٤٨/٣؛صبري عثمان:الميتافيزيقيا،ص٤٨؛عبداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلة،ص٦٩؛حمەكريم هەورامی:زانستی كەلام،٤٨٠/١.

[3] الشهرستاني:الملل،٦٦/١؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٦٤؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،٣٤٩/١.

[4] بڕوانە:(القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١١٥، ١١٧)؛محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٩١.

[5] الغزالي:المستصفي،١٨٢/١؛الشهرستاني:نهايةالاقدام،ص٣٦٣؛ ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٢٥٦/٨؛ابوريان:تاريخ الفكرالفلسقي،ص٢٨١_٢٨٨؛محمدعبده وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص٧١.

**نـان لەسـەر سـيفاتى بـاش و خراپـى خـوديى لەكردارەكـەدا دەبێت،بـەڵام شـەرع تـەنها ڕونكـەرەوەى ئەوسـيفاتانەيە،[١] چـونكە هـەموو خـاوەن ژيريـەك درك بـەباش و خراپـى شـتەكان دەكـات و يـەكالآ دەبێتـەوە بـەبێ ئـەوەى بڕوانێتـە شـەرع،جا سـوپاس و پياهەڵـدان دەكرێـت لەسەرچـاكەكەى و زەمـى خراپەكاريش لەسەرخراپەكەى.[٢]**

**سـەربارى ئەمـە موعتەزيلـەكان پێانوايـە بنـەماكانى زانـين و سوپاسـگوزارى نيعمـەت واجبـە پـێش هـاتنى بەڵگـەى بيسـتراوو دەق،هـەروەك پێويسـتە بـاش و خراپـى بەعـەقڵ بزانرێـت و ئـەوەش بزانرێـت كـــە ئەنجامـــدانى كـــارى باشـــە و دووركەوتنـــەوە لەخراپـــە واجبـــە،[٣] بـــەڵام هـــاتنى داخوازييـەكان(التكاليف) سـۆزى خودايـە و ناردويـەتى بـۆ بەنـدەكانى بـەهۆى پەيامبەرانـەوە وەكـو تاقيكردنەوەيـــەك،[٤] هـــەروەكو ئـــەم گوتەيـــە بـــە دەقـــى پيرۆزپشـــت ئەســـتورە،كە خـــودا دەفـەرموێت(لِيَهْلِـكَ مَـنْ هَلَـكَ عَـنْ بَيِّنَـةٍ وَيَحْيَـى مَـنْ حَـيَّ عَـنْ بَيِّنَـةٍ)،[٥] هـەروەك موعتەزيلـەكان بەپشـت بەسـتن بـەدەقى(يَـأْمُرُهُمْ بِـالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَـاهُمْ عَـنِ الْمُنْكَـرِ)،[٦] دەڵـێن ئەوچـاكەيەى،كەخودا فـەرمانى پـێ دەكـات ئەوەيـە كـە عەقڵـەكان بەباشـى دەزانـن و ئـەو خراپەيـەش كـە نـەهى لێكـردوە ئەوەيە،كـە دڵـەكان بـەخراپى دەزانـن و نكـۆڵى لێدەكـەن، جائەگـەر كـردارى چـاكەوخراپە نـەزانراو بوايـە تـەنها بـەهۆى شـەرع و سروشـەوە بزانرايە،ئـەوكات واتـاى ئايەتەكـە دەبووە(فـەرمانيان پـێ دەكـات بـەوەى فـەرمانى پێكردون و نەهيان لێدەكات بەوەى نەهى لێكردون،ئەمەش دورە لەڕاستيەوە).[٧]**

**بۆيـە بەكۆدەنگيـەوە دەڵـێن هـەموو ديـن بەتـەواوى لەسـەرەتاوە بەيەكتاپەرسـتى و كـردارى بـاش دەسـتى پێكـردوە و دەشـكرێت هـەموو قەدەغەوحـەرام كـراوە خراپـەكان باشـى و خراپيەكـەيان بەعـەقڵ دركـى پێبكرێـت پـێش نـاردنى پەيامبەران،پاشـان مرۆڤـەكانيش پاداشـت و سـزادەدرێن لەسەر كارە باش و خراپەكانيان بەبێ ناردنى پەيامبەر و دابەزاندنى كتێب و مەوعيزە.[٨]**

**سـەربارى ئـەوەش موعتەزيلـەكان لەوبڕوايـەدان شـەرع يـان دەقـى سـاف تـەنها گوزارشـت لەوشـتانە دەكـات و بـاش و خراپيـان دەستنيشـان دەكات،كەپێشـتر ژيـرى مـرۆڤ دركـى بـەباش و خراپيـان كـردوە**

---

[١] بڕوانـە:(الايجي:شـرح المواقـف،٢٠٢/٨)؛قدريـة عبدالحميـد:موقف ابـن تيميـة،ص٤٠٤؛عمرسـليمان الاشقر:القضـاء والقـدر في ضـوء الكتاب والسنة،ص٢٥٥.

[٢] القاضـــي عبدالجبار:شـــرح الاصـــول الخمســـة،ص٣٣٢؛العلامـــة الحلي:كشـــف المـــراد،ص٢٨١؛احمـــدعلي زهـــرة:الكلام والفلسفة،ص٩٨٠؛ابراهيم تركي:السببية عندالقاضي عبدالجبار،ص٥٧ .

[٣] الشهرســـتاني:الملل،٥٦/١، ٥٨؛البيضـــاوي:الابهاج،١٣٨/١؛ابوحامدمقدسي:رســـالةفي الردعلـــى الرافضـــة،ص١٦٧؛نصـــرحامد ابوزيد:الاتجاه العقلي،ص٩٥؛هانم ابراهيم يوسف:اصل العدل،ص٩٠؛مهندالجبالي:اثرالاعتزال،ص٧٢.

[٤] التفتازاني:علم الكلام،ص١٥٤؛ابوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٨١؛بڕوانه:(صبري عثمان:الميتافيزيقا،ص٥٠، ٥٢).

[٥] الانفـال/٤٢.مانـاى ئايەتەكـەش بـەم چەشـنەيە **"ئـەوەى بڕيـارە لـەناو بچێت لەناوبچـێت و بەهانـەى نـەمێنێت كـە لەزانسـتى خـوداوە لەناوچووەو،ئەوەشى بڕيارە بژى و زيندووبێت لەسەر بەڵگەوبەرچاوڕوونى دەژێت ولەزانستى خوداوە دەژى".**

[٦] الاعراف/١٥٧.واتاكەى بەم شێوەيە **"فەرمانيان بەچاكە پێدەكات و لەشتى خراپ و ناپەسەنديش ڕێگرييان لێ دەكات".**

[٧] ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٢٥٧/٨_ ٢٥٨ ،٤٣٣؛منهاج السنة،١٧٩/٣.

[٨] محمدعبـــدة وآخر:المعتزلـــة بـــين القـــديم والحـــديث،ص٧٢؛عبـــداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلـــة،ص٨٤؛بڕوانـــە:(عـــادل عوا:المعتزلـــة وفكرالحر،ص٣٢٣؛ابوريدة:ابراهيم بن سيارالنظام،ص١٦٧).

و زانیویەتی و ناسیویەتی،بۆیە(القاضي عبدالجبار)دەڵێت بزانە ئەو نەهیەی،کە لەلایەن خوداوە هاتووە خراپی خراپەکە دەردەخات نەك خراپیەکەی واجب بکات،هەروەك باشی کردەکە دەدۆزێتەوە پیشانی دەدات نەك ئەوەی کە واجبی بکات،[1] بەم پێیەش بێت ناردنی پەیام و پەیامبەر لەلایەن خوداوە بۆڕێنموونی،هیچ ئەرزش و بەهایەکی نامێنیت،چونکە موعتەزیلەکان و لەنێویشیاندا(القاضي عبدالجبار)دیسانەوە ئاماژەبەوەدەکەن،کە خودا زانایە بەخراپی خراپەکان و بێ پێویستە لێیان و زاناشە بەبێ پێویستبوونی لێی،هەرکەسیش ئەمەی بۆڕوون ببێتەوە هیچ کات و بەهیچ تەرزێك خراپەکاری هەڵنابژێرێت و ئەنجامی نادات.[2]

لەم گۆشەنیگاوەیە،کە کەسایەتیەکی موعتەزیلی وەکو(هشام الفوطي)دەڵێت ئەگەرخودا هەرلەسەرەتاوە زانایە بەبێباوەڕبوونی بێباوەڕان،کەوایە چی مانایەك بۆناردنی پەیامبەر ماوەتەوە بۆیان و مانای بەڵگە ڕاستکردنەوە لە سەریان چیە؟هەروەها مانای توشهێنان و گیرۆدەکردنیان چیە بەوەی کەزانراوو نەگۆڕە؟ئایاکەسێك بەدانا دادەنرێت کە بانگەشەی کەسێك بکات و بشزانێت وەڵامی ناداتەوە و نایەت بەدەم بانگەشەکەیەوە و چاوەڕێی وەڵامدانەوەی لێناکرێ،[3] (هشام الفوطي)لەم پرسیارانەدا مەبەستی خودایەو لەوەی کە هەرلەئەزەلەوە دەزانێت مرۆڤەکان چ کردەوەیەك ئەنجامدەدەن و کافردەبن یان ئیماندار،جادەیەوێ بەوەی،کە خودا زانایە بەکوفری کافران و بانگەشەشیان دەکات بۆباوەڕ؛دانایی لەخودا دابماڵێت،هەروەك مەبەستێتی ئەوە بخاتەڕوو،کە مرۆڤەکان خۆیان کردەکانی خۆیان دەخوڵقێنن و خوداش زانستی بەکردەکانی مرۆڤ نیە،ئەوەتا ئاماژە بەوەدەکەن و دەڵێن مرۆڤ ئەگەر بەدیهێنەری کردەکانی خۆی نەبێت بەشێوازێکی سەربەخۆ،ئەوا لەڕووی عەقڵیەوە دروست و ڕاست نیە پێی بگوترێ ئەوەبکە و ئەوەمەکە،ئەو ئەدەبدانە پوچ دەبێتەوە کەشەرع باسی دەکات،چونکە مانای ئەدەبدان نامێنێتەوە بۆکەسێك کە سەربەخۆ نەبێت لەبەدیهێنانی کردەوەکانی خۆیدا،بەمەش پیاهەڵدان و زەمکردن هەڵدەگیرێت.[4]

سەرباری هەموو ئەوانە موعتەزیلەکان جگە(العباد)،کۆدەنگن لەسەرئەوەی کەخودا باوەڕی بەباش و بێباوەڕیی بەخراپ هەژمارکردوە،هەروەها خودا بێباوەڕی بەبێباوەڕ و باوەڕداریشی بەباوەڕدار خەلق نەکردوە(چونکە ئەمە پێچەوانەی فیترەتی مرۆڤەو ناکرێت مرۆڤ کە لەدایك دەبێت باوەڕدار یان بێباوەڕبێت)،[5] بەڵکو ئەوەخودی مرۆڤەکانن لە ژێر سایەی توانستیاندا کردەوەکانیان بەدیدەهێنن و بەئازادی هەڵبژارنەکەشیان چ کردەو ڕێگایەکیان بوێت هەڵی دەبژێرن.هەروەها نکوڵیشیان لەوە دەکرد کە خودا ویستی شەڕوخراپەکاری هەبێت بۆبەندەکانی،تاگەشتنە ئەوباوەڕەی،کە وتیان خودا لەکافروخراپەکارانیشدا ویستی ئیمان و

---

[1] المغني،١٤/١٦٤؛المحيط بالتكليف،٣/٣٤٤_٣٤٥؛البيضاوي:طوالع الانوار،ص١٩٧_١٩٨.

[2] شرح الاصول الخمسة،ص٣٠٢؛الرازي:الاربعين في اصول الدين،١/٣٥٢_٣٥٣؛موهب علي منصور:العدل الالهي،ص١٢٦.

[3] الخياط:الانتصار،ص١١٧؛بڕوانە:(الباقلاني:الانصاف،ص١٦١؛سميع دغيم:الفلسفة القدر،ص٢٠٩)؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٨١.

[4] الايجي:شرح المواقف،٨/١٧٢.

[5] الاشعري:المقالات،١/٢٧٣؛هانم ابراهيم يوسف:اصل العدل،ص٧٥.

**گوێڕایـەڵیٛ هەبووە،نـەك كـوفروبیٛ بـاوەڕی و خراپەكاری،بـەڵام مرۆڤـەكان بۆخۆیـان كوفریـان دەوێـت و هەڵیدەبـژێرن و،بەبۆچـوونی ئـەوان ویسـتی خراپـەكاری بـەدیهێنانی خراپەكاریە،بـەڵام ئێمـە ئەمـە بەقەدەغـەكراوو نـاڕەوا دەزانین،بـەڵكو خراپـەكاری بەدەسـتهێنان و(كەسـب)و ئەنجامـدانی كـردەوەی خراپەیـە، لای ئـەوان زۆرێـك لـەكرداری مرۆڤـەكان بەپێچـەوانەی ویسـتی خـوداوە ڕوودەدات،ئەمـەش باوەڕێكی خراپ و پوچە.[1]**

**موعتەزیلـەكان هەربـەو بەڵگەعەقڵیانـە ئیكتیفایـان نەكردوە،بـەڵكو بۆبـەهێزتركردنی دیـدو بیروبۆچـوونەكانیان ئـەم ئایەتـە دەكەنـە بەڵگـە بۆنـەفی كردنـی ویسـت و ئـیرادەی ئیلاهـی بۆخراپـەو كوفروبێبـاوەڕی(وَمَـا خَلَقْـتُ الْجِـنَّ وَالْـإِنْسَ إِلَّـا لِيَعْبُـدُونِ)،[2] (الزمخشـري المعتزلـي)لـە ڕاڤەیـدا دەڵێـت خـودا ئـەوەی لـیٛ ویسـتوون كەبەهەڵبـژاردن و ئیختیـاری ئـازادی خۆیـان بۆپەرسـتش بیپەرسـتن،نەك ئـەوەی كەناچـاریان بكـات بۆی،لەبەرئـەوەی خـودا مرۆڤـی بـەتواناداری دروسـتكردوە،جاهەندێكیان دەسـتبەرداربونیان لەخوداپەرسـتی هەڵبـژارد هەرچـەندە داوای ئـەوەی لێكـراوە كەبەندایـەتی و پەرسـتش بۆخـودا بكات،(ئەمـەش مانـای تـەواوی ئەوئازادیەیـە كـەمرۆڤ هەیـەتی لەهەڵبـژاردنی كردارەكانیدا)،ئەگـەر خـودا بـەخورتی و ملكەچـی ئـەوەی لـیٛ بویسـتنایە،ئەوا لەهەموویانـدا ئـەوە دەردەكـەت كـەخودا دەیـەوێت.[3] بـەڵام لەبەرئـەوەی خـودا ئـەوەی خسـتۆتە ئیختیـاری مرۆڤەكان،بۆیـە موعتەزیلـەكان ڕاڤـەی خـودی بـۆ هـەمان دەق دەكـەن و لایـان وایە،ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەرئەوەی كـەخودا تـــەنها عیبـــادەت و گوێڕایـــەڵیٛ لـــە مرۆڤـــەكان ویســـتووە،لەبەرئەوەی ئـــەو(لام)ە لامـــی مەبەسـتداریە،ئەوەی كەئـەهلی زمانـەوانی پێـی دەڵـێن لامـی(كـي).[4] لێـرەوە بۆمـان دەردەكـەوێت كـە موعتەزیلـەكان ڕۆڵـی شـەرع و عـەقڵی مرۆڤیـان لەهەمبـەر كـردەوەی بـاش و خـراپ جیاكردۆتـەوە و شـەرعیان كـورت كردۆتـەوە بـۆ هەواڵـدان لـە كـردەی بـاش و خـراپ و ڕۆڵـی سـەرەكی جیاكردنـەوەی كردەوەكانیشیان بە عەقڵ سپاردوە و عەقڵ سەنتەرییان لە مرۆڤدا پێش شەرع باوەڕیی خستووە.**

**حەنبەلیـەكان و بـاش و خراپـی(الحسـن والقبح) و جـەدەلیان لەگـەڵ موعتەزیلەكانـدا:** **وەك ڕوونـە جەدەلـە فیكریـەكانی نێـوان موعتەزیلـەو حەنبەلیـەكان زۆربـواری گرتۆتەوە،یـەكێكی دیكـە لەوپرسـانەی كەجـەدەلی بـەدوای خۆیـدا هێنـا پرسـی بـاش و خراپـی ژێـری(الحسـن والقـبح العقلیـان)بـوو لـەنێوان هـەردوو گروپـی ناوبراودا.**

**لـەم بارەیـەوە حەنبەلیـەكان وەڵامـی زۆرێـك لـەوبیروباوەڕو تێڕوانینانـەی موعتەزیلـەكانیان داوەتەوە،كـە لەدیدی ئەمانەوە لادان و نادانیە.ئەوەتا لەڕەتی ئەوەگوتەیـەی موعتەزیلەكاندا،كەلایان وایە(عـەقڵ پێـوەرە بـۆ**

---

[1] بڕوانـه:(ابـن ابـي العز:شـرح العقيـدة الطحاويـة،ص٢٢٥؛العلامـة الحلي:كشـف المـراد،ص٢٨٥؛وليـدبن صـالح باصـمد:اثرعلم الكلام،ص٢٥٢)؛التفتازاني:شرح العقائد النسفية،ص٢٠٧_٢٠٨؛مصطفى الحلمي:قواعدمنهج السلفي،ص١١٥.

[2] الـذاريات/٥٦. مانـای ئایەتەكـە بـەم شـێوەیە **"بێگومـان ئێمـە جنۆكـەو مرۆڤـەكانمان دروسـت نـەكردوە تـەنها بـۆ پـەرستشـی خـۆم نەبێت".**

[3] الكشاف،٥/٦٢٠_٦٢١؛نصرحامد ابوزيد:الاتجاه العقلي،ص٢٢١؛احمدشوقي ابراهيم:المعتزلة في بغداد،ص٩٨.

[4] القاضـــي عبدالجبار:شـــرح الاصـــول الخمســـة،ص٣٦٢_٣٦٣؛متشـــابه القـــرآن،ص٦٢٨، ٦٢٩؛عبـــدالباري داود:الارادة عندالمعتزلة،ص٩٢؛قدريةعبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٤٤٣.

باش و خراپی کردەوە و ناسین و جیاکردنەوەیان)،[١] ئەمان پێیانوایە عەقڵ بەڵگەوپێوەرنیە لەسەرباشی و خراپی شتەکە لەحوکمی تەکلیف لەخوداوەو لەڕووی شەرعەوە،بەومانایەی کەکردەی مرۆڤەکان لەسیفاتە نەفسیەکاندا باش و خراپ نین،بەجۆرێك ئەگەرکەسێك ئەنجامی بدات یان دوور بگرێ لێیان،ئەوا پاداشت و سزا بەم کردارەیان لەسەر خودا واجب بێت،[٢] بەواتایەکی تر ناکرێت بڵێین مرۆڤەکان بۆخۆیان باش و خراپ دەناسن و جودای دەکەنەوەو ئەنجامی دەدەن یان دووری لێدەگرن،بەو ئەنجامدان و دوورگرتنە خوداپاداشت وسزا لەسەرکردەوەکانیان دابنێت،بەڵکوئەوەی لەڕووی شەرعەوە فەرمان و نەهی لێ کراوە،هەرلەسەرئەمانەش پاداشت و سزای ئیلاهی دادەنرێت.هەروەك حەنبەلیەکان دەڵێن ڕەنگە شتێك بەپێی شەرع باش بێت،بەڵام هاوشێوەکەی لەهەموو سیفاتە نەفسی و خودیەکاندا خراپ بێت،بۆیە باشی ئەوەیە کەشەرع پیاهەڵدانی بکەرەکەی بکات و خراپیش ئەوەیە کەشەرع زەمی بکەرەکەی بکات،[٣] ئەم تێڕوانینەش تەواو پێچەوانەی تێڕوانینی موعتەزیلەکانە،کە پێیانوایە باش و خراپی عەقڵی مرۆڤ یەکلای دەکاتەوە و دەیناسێت،بەڵام حەنبەلیەکان دەڵێن ئەم پرسە تەنها شەرع یەکلای دەکاتەوە،هەروەك(الشهرستانی)لەخستنە ڕوی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەوحەنبەلیەکاندا دەڵێت ئەرکەکان هەموویان بەبەڵگەی بیستراو(دەقی بنەڕەتی)واجب دەبن و زانینیشیان بەعەقڵە،جاعەقڵ هیچ شتێك بەباش و خراپ دانانێت و واجبی ناکات،بەڵگەی بیستراویش هیچ زانینێك بۆمرۆڤ ناهێنێتە بوون بەڵکوتەنها شتەکان واجب دەکات.[٤] بۆپشت ئەستورکردنی گوتەزاو تێڕوانینەکانیان حەنبەلیەکان دەڵێن ئەگەرعەقڵ بڕیاری باش و خراپی لەسەرشتێك بدات ،بەڵام پێچەوانەی کردارەکانی خودابوو،ئەوا ئەوشتە خراپ بووە لەلایەنی خوداوە بۆیە فەرمانی پێ نەکردوە و بەمرۆڤی ڕانەگەیاندوە،کە ئەگەر فلأن کردار بکەیت یان وازلەفلأن کرداربێنیت سزات دەدەم،بەکۆدەنگیش ئەمە خراپ ناکرێت و خراپ نابێت،بەم پێیەش بێت پێویستە عەقڵ بخرێتە دەرەوەی بازنەی بڕیاردانی باش و خراپیەوە.[٥]

هەروەها موعتەزیلەکان باش و خراپی عەقڵی و واجب بوونی پاداشت و سزالەسەریان پێویست دەکەن،هەرچەندە دەق و شەرعیش لەم بارەوە نەهاتبێت،[٦] بەڵام حەنبەلیەکان ڕەتی ئەم گوتەزایەشیان دەدەنەوە بەوەی،کە کرداری مرۆڤەکان بۆخۆی باش و خراپە،هەروەك هەندێکیان سودبەخش و هەندێکی تریان زیان بەخشە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاداشت و سزایان لەسەر پێویست نابێت مەگەر بەفەرمان و نەهی ئیلاهی نەبێت،پێش هاتنی فەرمان و نەهی ئیلاهیش سزالەسەر خراپە واجب نابێت؛هەرچەندە خودی کردەکە خراپیش بێت،چونکە ئەوە لە تێڕوانینی ئێمەوە خراپە،بەڵام خودا سزای بۆدانەناوە تەنها لەدوای هاتنی پەیامبەرنەبێت،بۆ وێنە زوڵم

---

[١] القاضي عبدالجبار:المختصر،ص٢٢٢؛صبري عثمان:الميتافيزيقيا،ص٤٨؛عبداللطيف الحفضي:تأثيرالمعتزلة،ص٦٩.

[٢] الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص٣٦٢؛الجويني:الارشاد،ص٢٥٨.

[٣] الجويني:الارشاد،ص٢٥٨؛احمد امين:ضحى الاسلام،٣/٤٩؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٤٠٤.

[٤] الملل والنحل،١/٤١؛بڕوانە:(ابن القيم:مفتاح دارالسعادة،٢/٩٢٥_٩٢٦؛الايجي:شرح المواقف،٨/٢٠٢؛البيضاوي:الابهاج،١/٦٢).

[٥] الرازي:مطالب العالية،٣/٢٢٣ ، ٢٩٨.

[٦] بڕوانە:(القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٣٣٢؛العلامة الحلي:كشف المراد،ص٢٨١؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢٧٣).

وستەم و خراپەکاری ناشیرینن،بەڵام سزا واجب دەبێت لەسەریان ئەمەش بەمەرجی هاتنی شەرع لەبارەیانەوە.[1]

وێڕای ئەوانە موعتەزیلەکان پێیانوایە،کە ڕاستکردنەوەی بەڵگە لەسەر مرۆڤەکان بەبێ ناردنی پەیامبەریش دەبێت،بەڵام حەنبەلیەکان لەم جەدەلەیاندا لەگەڵ موعتەزیلەکاندا دەڵێن حیکمەت و دانایی خودا وای خواستووە،کەپێغەمبەران ڕەوانەبکات و بیانوو بۆخەلق و بەدیهێنراوەکانی بهێنێتەوە و هیچ کەس سزانەدات،مەگەر لەبەر سەرپێچی کردنی پەیامبەران نەبێت،هەروەك خودا ئەمەی لەم بارەیەوە دەفەرموێت(وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا)،[2] دەڵێن ئەمەش لەفەزڵ و بەخشندەیی خوداوەیە بەسەرمرۆڤەکانەوە و بەسۆزە بۆیان،بەوەی کەهیچ کەس سزانەدات مەگەر پاش ناردنی پەیامبەران نەبێت، هەوەك لە دەقێکی دیکەدا خودا دەفەرموێت(رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ)،[3] ئەمەش بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرایە،کەخودا بەناردنی پەیامبەران بەڵگەی لەسەر مرۆڤەکان ڕاست کردۆتەوە،بەهاتنی پەیامبەرانیش خەڵکی حوجەیان لەسەرخودا نامێنێت لەو پاداشت و سزایەی کەبۆی ئامادەکردون،نەك ئەوەی کە واجبی کردبێت لەسەریان و ناچاریان بکات بۆی هەروەکو موعتەزیلەکان دەڵێن،ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسزا جێگیر نابێت تەنها بەشەرع نەبێت،[4] و لەئایەتەکەشدا ئەوە دەخوێنرێتەوە،کە ڕاست و دروست نیە سزا بەسەرهیچ مرۆڤێکدا بدرێت تەنها بەبنیاتنان لەسەر ناردنی پەیامبەران نەبێت بۆخەڵکی،جاخودا بیانوی بۆخەڵکەکەی هێناوەتەوە و پەیامی خۆی پێ ڕاگەیاندون و بەڵگەی تەواوی لەسەر ڕاست کردونەتەوە بەناردنی پەیامبەران،[5] لەگەڵ ئەوەشدا دەقی (تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ)،[6] جائایەتەکە بەڵگەیە لەسەرئەوەی،کە سزاجێگیرنابێت مەگەر بەشەرع نەبێت،چونکە

---

[1] ابن القيم:مدارج السالكين،١/٢٥٤_٢٥٥؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،١/٣٥٠؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٦٧؛هەروەها بڕوانە:(حمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام،١/٤٨٠_٤٨١).

[2] الاسراء/١٥.ماناکەی **"ئێمە سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوەو تۆڵەمان لێ نەکردۆتەوە،هەتا پەیامبەرێکمان بۆنەناردبن و ڕێگای بۆڕۆشن نەکردبێتنەوە".**

[3] النساء/١٦٥.بەواتای **"هەموو پەیامبەران مژدەدەرو ترسێنەربوون و تا دوای ناردنی ئەو پەیامبەرانە هیچ بەڵگەوبیانوویەك بۆئەوخەڵکە لادەروولاسارانە نەمێنێتەوە لای خودا".**

[4] ابن تيمية:درء تعارض عقل والنقل،٨/٤٩١_٤٩٢؛مجموع الفتاوى،٨/٥٧، ٥٨؛مجموع الرسائل،٥/١٢٢؛ابن القيم:مفتاح دارالسعادة،٢/٩٥٦؛عايض الشهراني:التحسين والتقبيح العقليين،١/٤١٩؛غالب علي عواجي:فرق المعاصرة،٣/١١٨٧؛مواهب علي منصور:العدل الالهي،ص٣٥٢ .

[5] محمدعبدة وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص٧٣؛ابن العثيمين:بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە،ل٥٧.

[6] الملك/٨_٩.مانای ئایەتەکە بەم چەشنەیە **"نزیکە دۆزەخ لە ڕقا هەپرون هەپرون بێت،هەرچەندە دەستەیەکیان لێ فڕێ دەدرێتەناویەوە،دەرگاوانەکە لێیان دەپرسێت،ئایاپەیامبەرێکی ترسێنەرتان بۆنەهاتووە لەدونیادا؟ئەوانیش دەڵێن بەڵێ،بەڵام بەدرۆمان دەزانی و پێمان دەوتن خودا هیچی نەناردۆتەخوارەوە ئێوە لەنێو گومراییەکی گەورەدان".**

خەزنـــەداری دۆزەخ پرســـیاری ســـەبارەت بـــە سەرپێچـــی کردنـــی عـــەقڵ لێنەکردن،بـــەڵکو ســـەبارەت بەسەرپێچی کردنی پەیامبەرانیان پرسیاریان لێدەکات.[1]

هەرســـەبارەت بـــەم پرســـە حەنبەلیـــەکان لـــەڕەتی موعتەزیلەکانـــدا دەڵـــێن خـــودا لـــە دەقـــی پـــیرۆزدا هـــەواڵی داوە،کـــە خـــاوەن ژیریـــەکان پـــێش نـــاردنی پەیامبـــەران بۆیـــان پـــارێزراون لەســـزا،کەواتە زانـــرا کـــە خـــودا هـــیچ شـــتێکی واجـــب نـــەکردوە لەســـەریان لەلایـــەن عەقڵەوە،بـــەڵکو ئـــەوەی واجـــبی کـــردوە لەســـەریان ئەوەیە،کـــە دوای هـــاتنی پەیامبـــەران بەپـــەیام بۆیـــانی نـــاردوە،[2] ســـەرباری ئەوانـــەش پەیامبـــەری ئیســـلام(د.خ)ئاماژە بـــەوەدەکات هـــیچ کـــەس بەئەنـــدازەی خـــودا عـــوزری پـــێ خـــۆش نیە،هەرلەبەرئەمەیـــە پێغەمبـــەرانی بەترســـێنەر و مـــژدەدەر نـــاردوە بۆئـــەوەی بیانکاتـــە حوجـــە بەســـەر مرۆڤەکانـــەوە و ئەودەقانەشـــی کەبەڵگـــەن لەســـەرئەوەی خـــودا ســـزای کـــەس نادات،مەگـــەر دوای نـــاردنی پەیامبـــەران نـــەبێت زۆرن و ڕەدی ئەوانـــەی کـــەبڕوایان بـــەباش و خراپـــی عـــەقڵی هەیـــە دەداتەوە،کـــە پێیانوایـــە خـــەڵکی لەســـەر کردەبـــاش و خراپـــەکانیان ســـزادەدرێن بـــەبێ نـــاردنی پەیامبـــەران بۆیـــان،[3] هـــەروەها(ابـــن تیمیـــة)ش دەڵێـــت ئەگـــەر بـــاش و خراپـــی بەعـــەقڵ دەزانرێـــت ، ئـــەی چـــۆن خـــودا پەیامبـــەرانی بۆهـــەمان بابـــەت نـــاردوە؟دەکرێ بۆئەمـــە بگوترێـــت لەبەرئـــەوەی پەیامبـــەران نمونـــەی عـــەقڵی بۆخـــەڵکی دەهێننـــەوە کەبەهۆیـــەوە هاوشـــێوە و پێچـــەوانەکانیان دەزانن.چـــونکە پەیامبـــەران ڕێنیشـــاندەری خـــەڵك و ڕێنمونیکـــارن بۆئـــەوەی کەبەهۆیـــەوە دادگـــەری دەزانـــن و دەناســـن،هەروەك بەهۆیـــەوە پێـــوەرە عەقڵیـــە ڕاســـتەکان بەهەماهـــەنگی لەگـــەڵ شـــەرعدا دەزانن،کەدەکرێتـــە بەڵگـــە لەســـەرداواکاریەکانی دین،جازانســـتی پەیامبـــەران کـــورت هەڵنـــەهاتوە تـــەنها لەســـەرهەواڵدان هـــەروەکو موعتەزیلەکان لایان وایە ئەوەی کەبەعەقڵ دەزانرێت دەکرێتە هاوبەشی زانستی پەیامبەران.[4]

لەگـــەڵ ئـــەوەی حەنبەلیـــەکان حـــوکمی عـــەقڵ لەپرســـی بـــاش و خراپیـــدا ڕەتدەکەنـــەوە و چەســـپاندن و جێگیرکردنـــی پاداشـــت و ســـزا بـــۆ ئەنجامـــدەرانی کـــردەوە بـــاش و خراپـــەکان دەخەنـــەڕوو پێشـــیانوایە خـــودا لەگـــەڵ دروســـتکردنی ویســـت و ئیرادەوتوانـــا بۆمرۆڤـــەکان لەسەرکردار،پەیامبەرانیشـــی بـــۆ ڕەوانـــەکردوون بـــەموژدەدەرو ترسێنەر،پاشـــان بـــانگی مرۆڤـــەکان دەکـــەن بـــۆلای خـــودا و ڕێگـــەی سەرفرازی و سەرکەوتنیان بۆڕوون دەکەنەوە،[5]

هـــەروەك پێشـــتر باسمـــانکرد موعتەزیلـــەکان لەوبڕوایـــەدان (خـــودا ئیمـــان و بـــاوەڕو گوێڕایـــەڵی لەکافروخراپـــەکاران ویســـتووە و دەوێت،نـــەك کوفروبێبـــاوەڕی ولادان،بـــەڵام ئـــەوە خـــودی بێبـــاوەڕانن بێباوەڕیـــان دەوێـــت و هەڵیدەبـــژێرن)،[6] جاحەنبەلیـــەکان بـــەوە ڕەتیـــان دەدەنەوە،کـــە خـــودا ویســـتی

---

[1] ابن القيم:مدارج السالكين،٢٥٥/١؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٦٥.

[2] بڕوانە:(التفتازاني:شرح المقاصد،٢٨٤/٤_٢٨٥)؛ابن القيم:مفتاح دارالسعادة،٩٥٦/٢.

[3] البخاري،كتاب التوحيد،(٧٤١٦)؛مسلم:كتاب اللعان(١٤٩٩/١٧)؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٢٥٩/٨.

[4] الرد على المنطقيين،ص٤٢٧.

[5] ابن العمراني:الانتصار،٥٤/١؛بڕوانە:(صالح زين العابدين:اصول الخمسة عندالمعتزلة،ص٩١).

[6] بڕوانـــە:(العلامةالحلي:كشـــف المـــراد،ص٢٨٥)؛وليـــد بـــن صـــالح باصـــمد:اقرعلم الكـــلام،ص٢٥٢؛مصـــطفى حلمي:قواعـــدمنهج سلفي،ص١١٥.

(بێبــاوەڕی)لــەبێباوەڕو خراپــەکار و،(باوەڕی)لــەباوەڕداردا هەبووە،ئەمــەش بەهەڵبــژاردنی خــودی مرۆڤــەکان و بــەبێ ســەپاندن،هەروەکو خــودا زانیویــەتی لەهەردوکیانــدا بــڕوادار و بێبــاوەڕ بــاوەڕ و بێبــاوەڕی و فوســق و خراپــەکاری هەڵدەبــژێرن و شــتێکی ئەستەمیشــی داوا نــەکردوە لەمرۆڤــەکان،[1] هەرلــەم بارەیــەوە(الاشــعري)هەرچــەندە(حەنبەلیش نیــە)دەڵێــت ئێمــە بینیمــان کــوفر خراپەیــە و ناشــیرین و پوچــە و هەڵوەشــێنەرەوەی کردەوەیە،بەپێچــەوانەی ئەوکەســەی هاوڕانیەلەمەدا،هــەروەها بینیمـــان بـــاوەڕ بـــاش و جـــوان و ماندوکـــەرو بەئازارە،هـــەروەك بینیمـــان بێبـــاوەڕ بەمەبەســـت و خـــۆگێلکردنێکی خـــودیی کـــوفر و بێبـــاوەڕی بـــەباش دەزانێت،بـــەلاَم بەدڵنیاییـــەوە پێچـــەوانەی مەبەســتەکەیەتی،هەروەك بینیمــان بــاوەڕدار ئەگــەرباوەڕی بوێــت بــەبێ مانــدوبوون و ئازارچەشــتن پێــی ناگات،ئەمــەش بــەپێی ویســت و ئــیرادەی خــۆی نابێت،بــەڵکو تــەواوی ئەمانــە دەق گرتــووی ویســت و ئــیرادەی ئــیلاهین.[2] بــەم پێیــەش بێــت ویســتی ئیلاهــی بۆتــاوان و بێبــاوەڕی بــەواتای ئــەوە دێــت کــەخودا بــەپێی ویســتی مرۆڤــەکان ڕوداوەکــان و کــردەی مرۆڤــەکان دەخوڵقێنێــت ،نــەك ئــەوەی کــە بەویسـتی خـۆی مرۆڤـەکان ناچـاربەبێ بـاوەڕی بکـات و ئـیرادەی مـرۆڤ بـەلاوە بنێت،ئەمــەش بەرمــەبنای زانسـتە ئەزەلیەکـەی خودایــە پــێش بەدیهێنان،بــەوەی مرۆڤــەکان کــام بــژاردە هەڵدەبــژێرن،ڕێی ڕاســت و باوەڕوکــاری چــاکە یــان کــاری چــەوت و خراپــەکاری و بێباوەڕی،جــاخودا بــەپێی بــژاردەو ویســتی مرۆڤــەکان کردەکــان دەخوڵقێنێت،دیارەئەمــەش لەبەرئەوەیــە کــەهیچ شــتێکی ئــەم گەردوونــە بەرینــە لەزانستی ئەزەلی و ویستی ئیلاهی بەدەرنەبووە و نیەو نابێت.

ویــــڕای ئەوانــــەی ســــەرەوە حەنبەلیــــەکان و ئــــەهلی ســــوننە لەجــــەدەلی ئەوگوتەزایــــەی موعتەزیلەکاندا،کەپێیانوایــە خــودا هــەرگیز نــەك هــەرکاری خــراپ و ناشــیرین ناکات،بــەڵکو هــەموو کردەکـانی خـودا بـاش و جوانن،ئـەمان دەڵـێن(وَمَـنْ يَعْمَـلْ مِـنَ الصَّـالِحَاتِ وَهُـوَ مُـؤْمِنٌ فَلَـا يَخَـافُ ظُلْمًـا وَلَـا هَضْـمًا)،[3] زوڵـم و سـتەم لێـرەدا ئەوەیـە لەخراپـەکاری کەسـی تـر بخرێتەسـەری و کەمکردنـەوەش ئەوەیـە لەچـاکەکانی کـەم بکرێتەوە،هــەروەك خـودا دەفـەرموێت(مَـا يُبَـدَّلُ الْقَـوْلُ لَـدَيَّ وَمَـا أَنَـا بِظَلَّـامٍ لِلْعَبِيـدِ)،[4] لــەم ئایەتــەدا نــەفی ســتەم لــەزاتی خــۆی مانیفێســت دەکات،ئەمــەش بەڵگەیــە لەســەرئەوەی کــەخودا ڕاپەناکات،بــەڵکو تــەواوی کردارەکــانی بــاش و [5] هێنــدە جوانــە کــە هیچــی لــێ ناشــیرین ناکرێــت هــەروەکو لــەدەقی پــیرۆزدا هــاتووە(الَّـذِي أَحْسَـنَ كُـلَّ شَـيْءٍ خَلَقَـهُ)،[6] پەیامبــەریش(د.خ)

---

[1] بڕوانــە:(ابــن ابــي العز:شــرح العقيــدة الطحاويــة،ص٢٢٥؛العلامةالحلي:كشــف المــراد،ص٢٨٥؛التفتازاني:شــرح العقائــد النسفية،ص٢٠٧؛ابوالحنيفة:شرح الفقه الاكبر،ص١٢٨).

[2] اللمع،ص٧١.

[3] طـه/١١٢.واتـا **"ئــەوەی کــردەوەی چــاکی ئــەنجام دابێــت و باوەڕداربووبێت،ئــەوە نەلەســتەم دەترســێ و نەلەکەمکردنــەوەی پاداشتی".**

[4] ق/٢٩.ماناکەی **"بەڵێنی من هیچکات گۆڕانی بەسەردانایەت وهیچ جۆرەستەمێکیش لە مرۆڤەکان ناکەم".**

[5] ابــن تيميــة:مجموع الرســائل،١٢١/٥؛مصــطفى بــن محمد:اصــول والتــاريخ الفــرق،٣٤٦/١؛عوادالمعتق:المعتزلــة واصــولهم الخمسة،ص١٥٩.

[6] السجدة/٧.مانای ئایەتەکەش بەم شێوەیە **"زاتێکە(خودا)هەموو شتێکی بەجوانترین شێوە بەدیهێناوە".**

دەفــەرموێت خــودا جوانــە و جوانیشــی خۆشــدەوێت،کەواتە کردارەکــانی خــودا بەتــەواوی جودایــە لەکرداری دروستکراوانی و دووره لەخراپەو ناشیرینی ،بەڵکو هەمووی باش و جوانە.[1]

هــەروەها حەنبەلیــەکان لــەڕەدی ئەوگوتەیــەی موعتەزیلەکاندا،کــەلایان وایە(بنــەماکانی زانــین و سوپاســگوزاری ســەبارەت بــە بــاش و خراپــی کــردەی مرۆڤــەکان واجبــە پــێش هــاتنی بەڵگــەی بیســتراو"دەق")،[2] دەڵـێن بـزانن کـەوا هـیچ حاکمێـك نیـە لەگەردوونـدا جگـە لـە خـودا و هـیچ بڕیارێـك نیـەونابێت تـەنها لەخوداوەنەبێت،واتــە مــرۆڤ لــەدەرەوەی بڕیارەکــانی دویناداپـە و تــەواوی بڕیارەکــان لای خودایە،لەمەشــدا ئــەوە دەردەکــەوێت کــە عــەقڵ بــاش و خراپــی شــتەکان نازانێــت وتوانــای ئەوەشــی نیە،هــەروەك ئەوکردەوانــەی شایســتەی سوپاسن(سوپاســگوزاری بــەخش) واجــب ناکات،چـونکە هـیچ بڕیـارو حوکمێـك لەگۆڕێدانیـە پـێش هـاتنی شـەرع یـان بەڵگـەی دەقـی بنـەڕەتی،[3] هــەروەك کــردەوە ســوپاس بەخشــەکان کەعــەقڵ بڕیــاری لێدەدات،لەســەر مرۆڤــەکان واجــب نیەونابێت،چونکە پاداشت و سزادانی لەسەرنیە پێش هاتنی شەرع.[4]

هــەروەها موعتەزیلــەکان لەگوتەزایــەکی دیکەیانــدا دەڵــێن ئەگــەر کــرداری چــاکەوخراپە نــەزانراو بوایــە تــەنها بــەهۆی شــەرع و سروشــەوە بزانرایە،ئــەوکات واتــای ئایەتەکــە دەبووە(فــەرمانیان پــێ دەکــات بــەوەی فــەرمانی پــێ کــردون و،نــەهیان لــێ دەکــات بــەوەی نــەهی لــێ کردون،ئەمــەش دوره لەڕاســتیەوە)،[5] بــەلاّم(ابــن القــیم)لــەم بــارەوە باوەڕێــك دەخاتــە ڕوو،کەپێچــەوانەی باوەڕەکــانی موعتەزیلەکانــە و دەڵێت،خودالــەدەقی پــیرۆزدا دەفــەرموێت(يَــأْمُرُهُمْ بِــالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَــاهُمْ عَــنِ الْمُنْكَـرِ)،[6] ئـەم ئایەتـە جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە ئـەم دینـەی لەڕێگەیـەوە فـەرمان ونـەهی هاتووە،ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە عەقڵـە سـەلیمەکان شـایەتی و دان بـەکردەوە باشـەکاندا دەنـێن و نـەهی لــەکردەوە خراپــەکان دەکــەن و لێــی دوور دەکەونەوە،چــونکە ئەگــەر بــەم تــەرزە نەبوایــە و خــودی چاکەوخراپە لـەڕێی سروشـەوە بوایـە ئـەوکات فـەرمان و نـەهی پەیوەسـت دەبـوو پێـوەی و لـەبری ئـەوە دەگـوترا(یـأمرهم بمـا یـأمرهم بـە وینهـاهم عمـا ینهـاهم عنـە) بەواتا:(فـەرمانیان پـێ دەکـات بـەوەی فــەرمانی پێکــردون و نــەهیان لێــدەکات بــەوەی نــەهی لێکردون)ئەمــەش دووره لەڕاســتیەوە وهــیچ ســودێك لەمــەدا نیە.بـەلاّم ڕاسـتیەکەی ئەوەیـە کـە بـاش و خراپـی کردەکـان عـەقڵ خۆڕسـکانە درکـی پێـدەکات و جـودای دەکاتـەوە،وەلێ شـەرع پاداشـت و سـزاکەی دیـاری دەکـات.[7] بۆیـە جێـی خۆیـەتی ئامــاژە بــەوە بکــەین کــە جــەدەلی نێــوان موعتەزیلــەو حەنبەلیــەکان لــەم بارەیــەوە ڕەگ و ڕیشــەیەکی

---

[1] ابن تیمیة:مجموع الفتاوی،٤٣٣/٨؛منهاج السنة،١٧٩/٣.

[2] الشهرستاني:الملل،٥٨/١؛هانم ابراهیم یوسف:اصل العدل،ص٩٠؛بڕوانە:(ابوریدة:ابراهیم بن سیارالنظام،ص١٦٧).

[3] الآمــدي:الاحکام،١١١/١؛التفتــازاني:علم الکــلام،ص١٦٠؛عــایض الشهراني:التحســین والتقبــیح العقلیــان،٣٤٣/١؛یاسرقاضــي:مقالات جهم،٧٥٩/٢.

[4] البیضاوي:الابهاج،١٣٩/١؛الشهرستاني:الملل،١١٥/١.

[5] ابن تیمیة:مجموع الفتاوی،٢٥٧/٨_ ٢٥٨، ٤٣٣؛منهاج السنة،١٧٩/٣.

[6] الاعراف/١٥٧.واتاکەی بەم شێوەیە **"فەرمانیان بەچاکە پێدەکات و لەشتی خراپ و ناپەسەندیش ڕێگریيان لێ دەکات".**

[7] مدارج السالکین،٢٥٨/١؛بڕوانە:(ابن تیمیة:مجموع الفتاوی،٢٥٧/٨_ ٢٥٨).

عـــه قلاّنی هەیـــه و موعتەزیلـــەکان بـــه هێنانـــەوەی بەڵگـــەی عـــەقڵی و نـــەقڵی ویســـتوویانه ڕۆڵـــی شـــەرع لـــه بـــه بـــاش و خـــراپ دانـــانی کـــردەوەدا وەدەرنـــێن و عـــەقڵ بکەنـــه ســـەنتەری جیاکردنـــەوەی ئـــەو دوو وێستگەیه،لەبەرامبەریشـــدا حەنبەلیـــەکان بـــه دەقـــی ڕەســـەن ڕووبـــەڕووی عەقڵکاریـــەکانی موعتەزیلـــەکان وەســـتانەوه و تـــەواوی کردەوەیـــان بـــه بـــاش و خراپـــەوه وابەســـتەی دەق کـــردو عـــەقڵیان بێ ڕۆڵ کردوو لەکاریان خست.

## بەشی چوارەم

## جەدەلی کەلامی ئیلاهی و خەلقی قورئان

تەوەری یەکەم: جەدەلی کەلامی ئیلاهی و خەلقی قورئان لەنێوان حەنبەلی و موعتەزیلەکاندا

تەوەری دووەم: قۆناغی جەدەلیاتی تیۆری( سەردەمی خەلیفە مەئمون ١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز)

یەکەم: فاکتەرەکانی دەرکەوتنی مەسەلەی خەلقی قورئان

دووەم: خەلیفە مەئمون ومەسەلەی خەلقی قورئان

تەوەری سێیەم: قۆناغی جەدەلیاتی کردەیی

یەکەم: سەردەمی خەلیفە( المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز)

دووەم: سەردەمی خەلیفە( الواثق٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٦ز)

تەوەری چوارەم: خەلیفە( المتوکل٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٦_٨٦١ز)و لێدان لەموعتەزیلەکان

یەکەم: فاکتەرەکانی لەناوچوونی دەسەڵاتی موعتەزیلەکان( وەکوگروپ)

دووەم:خەلیفە( المتوکل)و قۆناغەکانی لێدان لە موعتەزیلەکان

## تەوەری یەکەم: جەدەلی کەلامی ئیلاهی و خەلقی قورئان لەنێوان حەنبەلی وموعتەزیلەکاندا

بۆ قسەکردن لەسەر خەلقی قورئان و جەدەلەکانی ئەوبوارەو دەرهاویشتەکانی،پێویستە سەرەتا قسەلەسەر پرسی کەلامی ئیلاهی بکەین،کە دەروازەی مەسەلەی خەلقی قورئان و فاکتەری هێنانەکایەوەیەتی،مەسەلەوتیۆری خەلقی قورئان پەیوەندیەکی ڕاستەوانەو توندوتۆڵی بەپرسی سیفاتی کەلامی ئیلاهیەوە هەیە لای خودا،هەروەك پرسی کەلامی ئیلاهی و خەلقی قورئان هێڵەکانی یەك بازنەن و دوانەیەکی لێك دانەبڕاون،ئەمەو ئەم پرسە(دروست کراوەیان نا)زادەی ئەوتیۆرەی سەرەوەن و لەپرسی سیفاتی کەلامی ئیلاهیەوە دەقیان گرتووە،کەکێشەیەکی قوڵی لەنێو دونیاوفەزای مەعریفی و ئیسلامیدا هێناوەتەکایەوە.

وێڕای ئەوە تەواوی گروپ و ئاینزاکانی ئیسلام،قورئان بەکەلامی ئیلاهی دەزانن و تەنانەت موعتەزیلەکانیش،کە دەڵێن قورئان دروستکراوە دیسان قورئان بەکەلامی ئیلاهی دەزانن ،هەروەك موعتەزیلەکان و نەیارەکانیشیان لەحەنبەلیەکان و ئەهلی سوننەش لەم بارەیەوە جیاوازی ئایدۆلۆژی لەنێوانیاندا دروست نەبووە،بەڵکو ئەوەی کێشەی نێوانیانی خستەڕوو لێکدانەوەو ڕاڤەی ئەم گروپانەیە بۆ واتای کەلام و هەرلایەنەو تێگەو گۆشەنیگایەکی جودای هەیە لەهەمبەر ئەوەی کە قورئان دروستکراوە یان نا. بۆیە لێرەدا تێگەوتێڕوانینی موعتەزیلەو حەنبەلیەکان و جەدەلەکەیان لەم بارەیەوە کەجێ مەبەستی ئێمەیە دەخەینەڕوو:-

### کەلامی ئیلاهی لای موعتەزیلە

موعتەزیلەکان گۆشەنیگای تایبەت بەخۆیان هەیە سەبارەت بەکەلامی ئیلاهی،کە جیاوازە لەتەواوی ڕوانگەکانی ئەهلی سوننە بۆهەمان بابەت،پێش ئەوەی بچینە سەر باسی کەلامی ئیلاهی و بەڵگەکانیان بخەینە ڕوو،دەبێت بزانین کەلام لای موعتەزیلەکان چی دەگەیەنێت،هەروەك هەندێك باس لەوە دەکەن،کەلام ئەوەیە،کە ڕوودەدات لەسیستەمێکی تایبەتی و پێکهاتوو لە پیت و وشەی گونجاو کە پێکدێت لە دووپیت یان چەند پیتێك،یان سیستەمێکی تایبەت و دیاریکراوی نیە لەپیتەکاندا،هەرچی چووە ئەو چوارچێوەیەوە ئەوا بەکەلام هەژماردەکرێت و،بەپێچەوانەشەوە.[1] هەربۆیە لای موعتەزیلەکان کەلامی خودایی ئەوەیە بەپیت و دەنگ و وشە ڕیزبەندبکرێت،ئاخاوتنێك ئەوە حەقیقەتی بێت نوێ وداهاتەو(حادث)نوێ و داهاتیش نابێت بەخودی خوداوە بەندبکرێت،کەدەوترێت خوداقسەدەکات بەومانایە دێت،کەئەو فەراهەمهێنەری ئاخاوتنە لەجەستەی ئافەریدەکانیدا،بۆ وێنە لەسەرزاری جوبرەئیل یان پەیامبەرێك فەراهەمی دەهێنێت لەسەرزاری ئەوانەوە دەنگ و پیت و وشەکان بۆگەیاندنی ماناومەبەستەکان فەراهەم دەهێنێت.[2](هەرئەمەیە وادەکات موعتەزیلەکان بڵێن خودا لەگەل موسادا قسەی نەکردوە،کەدواتردێینەسەری).لێرەوە ئێمە هەوڵدەدەین بە خاڵ تێگە و تێڕوانینی موعتەزیلەکان سەبارەت بە کەلامی ئیلاهی بخەینەڕوو:-

---

[1] القاضي عبدالجبار:المغني،٦/٧؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢١٩؛منيف عايش:اثرالفكرالاعتزالي،٧٩٦/٢؛رابحة نعمان:مشكلة الذات،ص٢٢٤.

[2] الغزالي:الاقتصادفي الاعتقاد،ص٩٩؛بڕوانە:(ابن القيم:المختصر،١٣٤٠/٤؛النسفية:عقائدالنسفية،ص١٦٧)؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٩٠؛حمەکەریم هەورامی:زانستی کەلام،٤٦٠/١.

١_ هەر لەبەر ئەمەیە هەندێك لە موعتەزیلەكان لەوبڕوایەدابن،كە كەلامی ئیلاهی دروستكراوە،چونكە كەلام سیفاتی ئیلاهیەو سیفات و كەلامی ئلاهیش جودان لەزاتی خودا،ئەوەش وادەكات مادام سیفات و كەلامی ئیلاهی جگە لە زاتی خودان؛كەواتە كەلام دروستكراوە،مادام كەلامی ئیلاهیش دروستكراوبێت كەواتەقورئانیش دروستكراوە،[1] چونكە كەلامی ئیلاهی جەستەیە و بەرجەستەیە و ئەو جەستەیەش دەنگی پچڕو بڕگەی دروستكراوی بیستراوە،كە ئەوەش بریتیە لە كردارەكانی ئیلاهین،كردارەكانی ئێمەش كە بریتین لە خوێندنەوە و بزووتن و جوڵە،ئەمانەش جگەلەقورئانن.[2] ئەمەش لەبەرئەوەی خودی كەلام عەرەزەو عەرەزیش پێویستی بەبزوتن هەیە،ئەو بزوتنەش ڕووداوێكە ڕوونادات تەنها لەجەستەیەكدا نەبێت.[3]

هەندێكی دیكەیان دەڵێن مادام كەلام لەپیتی ڕێكخراوو دەنگ و ئاوازی پچڕپچڕو بڕگە پێكهاتبێت،كەواتە عەرەزە(وارس)و خودا بەدیهێناوە،چونكە عەرەزەكان نویٚ و داهاتن،هەر لەبەر ئەمەیە دەڵێن كەلامی ئیلاهی بەدیهێنراوە،مادام كەلامیش بەدیهێنراوە،كەواتە قورئانیش داهات و دروستكراوە،چونكە كەلام و عەرەز هەردووكیان دروستكراوو داهاتن.[4]

بەڵام هەندێكی دیكە لەموعتەزیلەكان دەڵێن تەنە یاخود جەستەیە و هەندێكی دیكەشیان پێیانوایە عەرەزە(وارس)،قورئانیش كەلامی خودایە بۆیە دەكرێت بلێین قورئانیش دروستكراوەو خودا لەشوێنێك بەدیهێناوە.[5] بەڵام هەرچەندە كەلامی ئیلاهی داهات و بەدیهێنراوە ، دەبێت بپرسین چۆن،ناكرێت خودا كەلامی لەزاتی خۆیدا بەدیهێنابێت،چونكە لەلایەكەوە ئەگەرخودا قسەبكات ئەوا لەزاتی خۆیدا دەنگی خەلق كردوە كەجەستەیە یان عەرەزە،ئەمەش نابێت،چونكە بەمە زاتی خودا دەبێتە شوێنی داهێنان و نابێت خوداش شوێنی داهێنانی شتی نویٚ بێت،لەلایەكی دیكەوە ناكرێت كەلە ناشوێن بەدیبهێنێت،چونكە جەستەو تەنەكان و تەواوی ڕووداوەكانی تر،پێویستیان بەشوێنە بۆئەوەی تیایدا ڕووبدەن.[6]

٢_ وێڕای ئەوانە موعتەزیلەكان كۆڕان لەسەر ئەوەی كە قورئان نویٚ وداهاتە،چونكە فەرمان و نەهی و هەواڵ پێدان و ئاگاداركردنەوەكانی بۆمرۆڤایەتی بەهەمان شێوە نویٚ و داهاتە،هەموویان دەڵێن كەلامی ئیلاهی نوێیە لەكاتێكدا زۆرینەیان،وەكو دروستكراوێك لەكەلامی ئیلاهی دەڕوانن[7] و پێیانوایە كەلامی خودا لەبری ئەوەی كەلامێك بێت و لەخوداوە دەربچێت دروستی دەكات،هەروەك لەم ڕوانگەیەوە(ابوالهذیل العلاف)كەلامی ئیلاهی دابەشكردوە بۆئەوەی كەپێویستی بەشوێنەو ئەوەشی كەپێویستی بە شوێن نیە،جاكەلام و فەرمایشتی

---

[1] الاشعري:المقالات،ص١/٢٤٥_٢٤٧؛مواهب علي منصور:عدل الالهي،ص٥٤.

[2] ابن القيم:المختصر،١٣٠٦/٤؛احمدعلي زهرة:الكلام والفلسفة،ص٩٤؛عبدالحكيم العبد:علم الكلام في الاسلام،ص٥٠؛عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين،ص١٦٤؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١١٧.

[3] ابن تيمية:مجموع السائل،٣٠/٦؛منهاج السنة،١٦٩/٢؛ابولبابة حسين:موقف المعتزلة،٥٦.

[4] عبدالستارالراوي:ثورةالعقل،ص٢٠٨؛باباسوهەيل:موعتەزیلە،لا٩٧.

[5] البغدادي:اصول الدين،ص١٢٦؛بڕوانە:(ابن تيمية:مجموع الرسائل،١٠٢/٣؛ابوريان:تاريخ الفكرالاسلامي،ص٣٠٧).

[6] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٣٣؛سيف الدين الآمدي:غاية المرام،ص٩٢؛بڕوانە:(الشهرستاني:نهاية الاقدام،ص٢٥٧، ٢٦٨)؛احمدعلي زهرة:الكلام والفلسفة ،ص٩٥.

[7] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١١٤؛ابراهيم الفيومي:المعتزلة تكوين العقل،ص١١٠؛ابولبابة حسين:موقف المعتزلة،٥٦.

**خودا،كه(ببه–كن)ه،بۆ بوون داهاته بەبێ بوونی شوێن،بەڵام تەواوی كەلامەكانی دیكەی داهاته لەجەستە یان تـەنێك لەتەنەكان،وەكو(فـەرمان و نەهی)لەسـەرئەم شـێوازەش(ابوالهـذیل العـلاف)وای دەبینێـت فـەرمانی بوون(ببه–كن)،جیاوازە لەفەرمانەكانی تەكلیف و پێسپاردن.[1] بۆپشت ئەستوركردنی باوەڕەكەشیان ڕاڤەی ئایەتی(وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ)[2] بەوەدەكەن كەوەستاوەتە سەر شێوەی داخوازی و وەڵام لەسـەرفراوانی،فەرمانی(ببه–كن)یـش لەئایەتەكـەدا لەچـاوگی(كان)ەوە هاتووە،كـەواتای(دایهێنا،دادێت) دێت،كە ئەمە زیاتر خوازەیە لە قسەكردندا بۆ زیاتر نواندن وپیشاندانی حەقیقەتی شتەكە،نەك شتی ترو واتـای تر،ئایەتەكـەش واتـای ئەوەدەدات،كـەخودا هـەركارێكی ئەنـدازەگیركردبێت و ویسـتی بـوونی هەبێت(بەدیهێنان)ئـەوا ئەوشـتە دەبێـت و دەچـێتە چوارچـێوەی بوونـەوە بـەبێ بەربەسـت و كۆسـپ و وەسـتان،[3]بۆیـە بەگوتـەی ئـەمان خـودا وەك چۆن تـەواوی جیهـانی ماددیگـەرایی بەگوتنی(ببـە–كن)،لەگـەڵ ویست و ئیرادەی بووندا بەدیهێناوە،ئاواش بە(ببه–كن)ێك قورئانی بەدیهێناوە.**

**٣_ یەكێكی دیكە لەباوەڕەكانی موعتەزیلە كەوای كردوە بڵێن قورئان داهات و نوێ و دروستكراوە،ئەوەیە كـەدەڵێن قورئـان كـەلامی ئیلاهـی و داهاتە،لەبەرئـەوەی تـەواوی سیفاتەكانی زاتیـی تێدا بەرجەستە دەبێت لە(وشـەو پیـت و سـورەت و ئایەت،دەخوێندرێتـەوە و دەبیسـترێت و سەرەتاوكۆتاییشـی هەیە)،بۆیـە نابێت ئـەزەلی و كـۆن بێت،چـونكە لەشـوێنێكدا دروسـتكراوە و هەرلەشوێنیشـدا گوێبیسـتی دەبـین،[4] ئەمانـەش هـەموویان پیشـاندەری ئـەوەن كەكـەلامی ئیلاهـی داهاتە،هەرئەمـەش نا،بـەڵكو ئەوبەڵگانـەی باسمـانكرد سـەلمێنەری ئەوڕاسـتیەن كـە تـەواوی كتێبـەكانی خـوداو فەرمایشـتەكانی نێویـان داهات،ئەمـەش چەشـنی چاكەوبەخششـەكانی خـودا لەفـەرمان و نـەهی و ڕێنمـونی كردنـی مرۆڤـەكان،[5] كـە هـەمویان دوای هـاتنی كتێبـەكانی خودا(پەرتوكـە ئاسمانیـەكان)و بـۆ گـەلێكی دیـاریكراو دابەزێنراون،ئەمـەش ئەزەلیـەتی كـەلام و قورئـان ڕەتدەكاتەوە،چـونكە لەقورئاندا(فـەرمان و نـەهی و پـەیمان و هەڕەشـەو هاوشـێوەكانیان)هاتوەو دەبینرێت،ئەمانـەش پێویسـتیان بە(فـەرمان پێكـراوو نـەهی لێكـراوو بـەڵێن پێدراو)هەیە،كەتـەواوی ئەكانـە نوێن،هەربۆیە قورئانیش نوێیەوئەزەلی نیە،[6] بەڵام ئەگەر كـەلامی خـودا یـەك لەسیفاتە ئـەزەلی و زاتیـەكانی بوایە،ئـەواقورئانیش شـتێكی كـۆن دەبوو،دەبـووە هاوبـەش و هاوتـای ئەزەلیـەتی خـودا لەخوایەتیدا،چـونكە**

---

[1] الشهرسـتاني:الملل ،٦٥/١؛بڕوانـه:(عبـدلقادر السـنندجي:تقريب المـراد،١٤٢/٢؛عبـدالرحمن بدوي:مـذاهب الاسـلاميين،ص١٦٢)؛دي بور:تاريخ الفلسفة الاسلام،ص٩٤.

[2] البقـرة/١١٧.مانـای ئایەتەكـە بـەم شـێوەیە **"هـەركاتێك خـودا بیـەوێت یـان بڕیـار لەدروسـتكردنی شـتێك بدات،تـەنها دەفـەرموێ ببە،ئەویش دەست بەجێ دەبێت".**

[3] الزمخشري:الكشاف،١٨٠/١_١٨١؛مهندالجبالي:اثرالاعتزال،ص٥٨.

[4] بڕوانـه:(الغزالي:الاقتصـادفي الاعتقـاد،ص٩٧)؛الشهرسـتاني:نهايةالاقدام،ص٢٩٩؛محمـدجواد مغنيـة:معالم الفلسـفة الاسلامية،ص١٠٩؛احمدعلي زهرة:الكلام والفلسفة،ص٩٤.

[5] القاضي عبدالجبار:المختصرفي اصول الدين،ص٣٤١.

[6] القاضي عبدالجبار:المغني،٦٣/٧؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢١٩؛جارالله:المعتزلة،ص٧٨ .

**قیــدەم و کــۆنی یــەك لەســیفاتەکانی خوایەتیەوهــەموو کــۆن و ئەزەلیــەك خودایــە[١] ئەمەشــیان لەپێناویەکتاپەرســتی و پــاك ڕاگــرتنی خــودادا دەکرد،کــەپاك ڕاگــرتنی خــودا لای موعتەزیلــەکان ئەوەبوو،کەبڕوات وابێت قورئان دروستکراوە و نوێیە،ئەوەشی پێیوایە قورئان کەلامی خودایەو سیفاتێکی ئەزەلی ئەوەو لەگەڵ بوونی خودادا بوونی هەبووەو دروستکراونیە،ئەواشیرك و کوفری کردوە،چونکە ئەم باوەڕە سەردەکێشێت بۆ فرە ئەزەلێتی و سەلمێنەری دووخوداییە.[٢] چونکە ئەگەرقورئان کۆن بوایە دەبوو وەکو خودا لێمان بڕوانیبا،ئەمەش لەبەرهاوبەشی لەسیفاتی کۆنی و ئەزەلی زاتیدا،ئەگەر هەرشتێکیش جیابوو لەسیفاتە زاتیەکاتی خودا(وەکو کەلام،کەداهاتە)ئەوا مەحاڵە بەکۆن و ئەزەلی هەژماربکرێت.[٣] ئەمەیە وایکردوە موعتەزیلەکان هاودەنگ بن لەسەرئەوەی،کە قورئان کەلام و دروستکراوی خودایە،چونکە خودا قسەکەرنیە لەزاتی خۆیداوکەلامیش کۆن نیە بەبۆچوونی موعتەزیلەکان،بەڵکو خودا قسەکەرە بەکەلامێکی نوێ وداهات(کەئەویش کردارەکانی خودایە)،[٤] چونکە ئەوان پێیانوایە هەرشتێك بەکۆن بزانرێت لەگەڵ خــودا ئــەوا شــیرکە،بۆیە قورئــان کەلامــەو کــەلامیش نــوێ و داهــات و دروســتکراوە،بۆیە قورئــانیش دروســتکراوە،ئەوەتا(القاضـي عبـدالجبار)ئاینزاوباوەڕی خۆیـان سـەبارەت بەکـەلامی ئیلاهـی دەخاتـەڕوو دەڵێت،ئێمــە پێمانوایــە قورئــان کــەلام و سروشــی ئیلاهیــەو دروســتکراوو داهاتەو،دایبەزانــدوە بۆسەرپەیامبەر(د.خ)،وەکو بەڵگەیەك بۆپەیامبەرێتیەکەی،[٥] خوداش لەقورئاندا ئەمەی باسکردوە(مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ)،[٦] کەبەڵگەیە لەسەر خەلقیەتی قورئان لەبەرئەوەی خودا دەقاندویەتی،کە زیکر(کتێبە ئاسمانیەکان)داهات و نوێیە،لەئایەتی دیکەشدا ئەمەی زیاتر ڕوون کردۆتەوە،کە زیکر (قورئان)ە،کاتێك دەفەرموێت(إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُبِينٌ)،[٧] و (وَهَذَا ذِكْرٌ مُبَارَكٌ أَنْزَلْنَاهُ)،[٨] بۆیە ئەگەرئەمە ڕاست و دروست بێت کەقورئان زیکرەو بەئایەتەکانیش سەلمێنرا کە زیکر نوێ و داهاتە،بۆیە پێویستە بڵێین قورئانیش نوێ و داهاتە و دروستکراوە.[٩]**

---

[١] الشهرســـتاني:نهاية الاقـــدام،ص٢٧٧؛احمدمحمودالصـــبحي:في علـــم الكـــلام،ص١٣٠؛محمدعبـــدة وآخر:المعتزلـــةبين القـــديم والحديث،ص٥٣.

[٢] دي بور:تـــاريخ الفلســـفة الاســـلام،ص٩١؛منيـــف عـــايش:اثرالفكرالاعتزالي،٧٩٨/٢ ، ٨٠١_٨٠٢ ،١٠٤٢/٣؛محمدعمارة:رســـائل العـــدل والتوحيد،١٣٧/١ ، ٢١٢ ، ٧٦/٧، ١١٦ ، ١٢٩.

[٣] القاضي عبدالجبار:المغني،٨٠/٧_٨٦؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،ص١١٥ .

[٤] ناصرالعقل:الجهمية والمعتزلة،ص٦٨؛رابحة نعمان:مشكلة الذات،ص٦٤؛البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١١٤.

[٥] شـــرح الاصـــول الخمســـة ،ص٥٢٨ ، ٥٣٢؛ياسرقاضـــي:مقالات جهـــم،٥٧٠/٢؛عبـــدالرحمن بدوي:مـــذاهب الاســـلاميين،ص٤٧٣؛قدريـــة عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢٩٢_٢٩٣؛مهندالجبالي:اثرالاعتزال،ص٥٧.

[٦] الانبياء/٢.ماناکەی واتە **"هەربەش و پەندێکی نوێی قورئانیان لەلایەن خوداوە بۆبێت،گوێی بۆڕادەگرن بزانن چیە".**

[٧] یـــس/٦٩.بـــەواتای **"ئـــەوەی کـــە فێری(موحەممـــەد)مان کردوە،تـــەنها یادخـــەرەوەو پەندوئامۆژگاریـــەو قورئـــانێکی ڕوون و ئاشکرایە"دێت.**

[٨] الانبياء/٥٠.مانای ئایەتەکە **"ئەم قورئانە یادخەرەوەیەکی بەفەڕوپیرۆزە کە ناردومانەتەخوارەوە".**

[٩] القاضي عبدالجبار:متشابه القرآن،ص٤٩٦؛بڕوانە:(النسفي:بحرالكلام،ص١٣٤)؛حەمید عەزیز:فەلسەفەی زانستی کەلام،لا٦١.

**٤_ سەربارى ئەو بەڵگەوئيستدلالاتانەى خستمانەڕوو،موعتەزيلەكان بۆپشتگيرى گوتەزاكانيان بەڵگەى نەقلى(اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ)،[١] دەهێننەوە و دەڵێن ئەم دەقاندنەى خودا گشتگيرە بۆهەموو شتێك و قورئانيش شتە،بۆيە قورئانيش دەچێتە نێو ئەوگشتاندنەوە،كەخوداكردويەتى لەدروستكردنى شتەكاندا،بەم پێيەش بێت قورئان دروستكراوە.[٢] جا موعتەزيلەكان جەدەلێكى ئەم بوارە كە لەگەڵ(عبدالعزيزالمكى)[٣]ئەنجامدراوە،وەكو وێنەيەك پيشان دەدەن بۆئەوەى بيسەلمێنن كە ئەهلى سوننەو حەنبەليەكانيش قورئانيان بە شت هەژماركردوە،ئەمەش ئەوكاتە بوو كە(بشرالمريسى)بە(عبدالعزيزالمكى)دەڵێت تۆ پێتوايە قورئان شتە يان شت نيە،ئەويش لەوەڵامدا دەڵێت بەڵێ قورئان شتە،(بشر)يش ئەمە بەهەند وەردەگرێت و بەخەليفە(المعتصم)دەڵێت ئەى ئەميرى باوەڕداران كەواتە قورئان دروستكراوە،چونكە لەدەقى پيرۆزدا ئەمە سەلمێنراوە و جێگيربووە،[٤] ئەوەتا خودا دەفەرموێت(اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ)،[٥] ئەمەش دەلالەتە لەسەرئەمە،چونكە هيچ شتێك نيەو نابێت مەگەر دەچێتە نێوبازنەى خەلقى ئيلاهيەوە و هيچ شتێك نيە ناوى دروستكراوى پێوەبێت و بەدەربێت لەم ياساگەردونيەى خەلق،چونكە ئەو گوتارەى خودا تەواوى بوونەكانى جيهانى ماددى و ميتافيزيقى لەخۆگرتووەو دەگرێت لەوەى كەخوداباسى كردوەو لەوەشى باسى نەكردوە.بەهۆى ئەم گشتاندنەوە بۆشتە هەبووەكانى بوون قورئانيش دروستكراوە وەك هەردروستكراوێكى ديكە،چونكە قورئان شتە.[٦]**

**٥_ وێستگەيەكى ديكەى بەڵگە نەقڵيەكانى موعتەزيلەكان ئەوەيە كە ئايەتى(انا جعلناه قرآناً عربياً)[٧] دەكەنە بەڵگەى نوىٚ بوون و داهاتيى قورئان،ئەوەتا(القاضي عبدالجبار)دەڵێت ئەم ئايەتە نوىٚ بوونى قورئان پێويست و واجب دەكات،چونكە(جعل) و (فعل)هاوتان لەحەقيقەتدا،ئەمەش واتا خودا قورئانى**

---

[١] الزمر/٦٢.ماناى ئايەتەكە بەم چەشنەيە **"خودا بەديهێنەرى هەموو شتێكە".**

[٢] القاضي عبدالجبار:المغني،٧/٩٤؛ابن العمراني:الانتصار،٢/٥٨٠؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص٩٥؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١١٨.

[٣] ناوى(ابوالحسن عبدالعزيز بن يحيى بن مسلم بن ميمون الكناني المكي)ە،لەساڵى(٢٤٠ك/٨٥٤)لەديكبووە،ناوبراو فەقيهێكى گەورەى شافيعى مەزهەب بووەو خوێندكارى خودى(الامام الشافعي)بووەوزانستەشەعيەكانى لێوەفێربووە،ناوبراو لەسەردەمى خەليفە(المامون)دا دەچێتە شارى بەغدادو،لەگەڵ(بشرالمريسى)داو لەكۆشكى خەليفە،جەدەلێكى زۆر دەكەوێتە نێوانيانەوە سەبارەت بەخەلقى قورئان،،جا ناوبراو جەدەلەكەى خۆى و(بشر)لەدووتوێى كتێبێكدا بەناوى(الحيدة والاعتذار في الرد على من قال بخلق القران)دا دەنووسێتەوە،بەلاٚم ئەوەى مايەى سەرنجە ئەوەيە كەناوبراو لەجەدەلەكەيدا قورئان بەشت دەزانێت و،هەمووشتێكيش دروستكراوە،وەك لەجەدەلەكەياندا باسمان كردوە،جا كاتێك دەچێتە كۆشكى خەليفەوە،خەليفە دەست بە پێكەنين دەكات بەهۆى ناشيرينى ناوبراوەوە،بەلاٚم(عبدالعزيزالمكي)بە خەليفە دەڵێت،بۆچى پێدەكەنى؟شێوەوشێوازم قسەت لەگەڵدا ناكات،ئەوەى قسەت لەگەڵدا دەكات زمانمە.بۆزانيارى زياتربڕوانە:(ابن الكناني:الحيدة والاعتزار"كە كتێبى ناوبراوەو بيروباوەڕو جەدەلەكانى لەگەڵ(بشر)داتياداخراوەتەڕوو"؛ابن العماد:شذرات الذهب،٣/١٨٣؛ابن النديم:الفهرست،ص٢٣٦).

[٤] الباقلاني:الانصاف،ص٦٩ .

[٥] الزمر/٦٢.ماناى ئايەتەكە بەم چەشنەيە **"خودا بەديهێنەرى هەموو شتێكە".**

[٦] ابن الكناني:الحيدة والاعتزال،ص١٦٤؛عبداللطيف الحفظي:تأثيرالمعتزلة،ص٥١؛عبدالستار الراوي:ثورةالعقل،ص٢٠٨.

[٧] الزخرف/٣.ماناكەى **"بەڕاستى ئێمە قورئانمان بەزمانى عەرەبى داناوە".**

بەدیهێناوە،ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نویٚ بوون و داهاتیی قورئان،نەك كۆنی وئەزەلیی.[1] هەروەك لە ڕاڤەی ئایەتەكەدا دەڵێن(جعلناه)،بەواتای ئەوەی،كە خودا دەفەرموێت(دامانئا)بەبیٚ بوونی دەسەڵاتی بەدیهێنراوەكە تیایدا،ئەمەسەرباری ئەوەی بەواتای ئەوە دێت كە خودا قورئانی بەعەرەبی بەدیهێناوە نەك عەجەمی،چونكە لایان وایە كە(جعلناه)بەواتای(خلقناه أو أحدثناه)دێت،[2] ئەمەش واتای ئەوەی قورئان نوێیە،چونكە تەحەداكردنی خوداش بۆعەرەب بەقورئان بەڵگەیەلەسەر داهاتی قورئان،چونكە تەحەداكردن بەشتی كۆن بەرامبەر نویٚ ئەنجام نادرێت.[3]

٦_ سەرباری ئەوانەی باسمان كرد جەهمی و موعتەزیلەكان پێیانوایە خودا قسەی لەگەڵ موسادا نەكردوە،بەڵكو كەلام وقسەی لەدرەختێكدا خەلق كردوە و موساش لەودرەختەوە گوێبیستی قسەكان بووە نەك لەخوداوە.[4] چونكە تەنها لەجگە لەخوداوە گوێمان لەكەلامی ئیلاهی دەبێت،ئەمەش لەبەرئەوەی خوداقسەناكات،بەڵكو كەلام لەبوونەكانی دیكەدا بەدیدەهێنێت،[5] چونكە كەلام سیفاتی خودا نیە،بەڵكو دروستكراوێكە وەكو هەر دروستكراوێكی دیكەو لەڕاستیدا خودا قسەناكات[6]،بەڵكوخودا لە بوونەكانی دیكەدا قسە دروستدەكات و دەیانهێنێتە قسە،بەڵام خودی خودا قسەكەر نیە،چونكە قسەكردن پێویستی بەكۆئەندامی قسەكردن و هەناسەدان و زمان و قوڕگ هەیە،خوداش بەدووره لەوشتانە.[7] بەتێڕوانینی ئێمە خودا هەركات بیەوێت قسەبكات و پەیامێك بۆ بەدیهێنراوەكانی بنێرێت،ئەوا لە ڕێگای فریشتەیەكەوە بەناوی(الجبریل)ئەوپەیامە دەنێرێت،ئەمەش واتاخودا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ مرۆڤدا نەكردوە(جگەلە

---

[1] القاضي عبدالجبار:المغني،٩٤/٧؛النسفي:بحرالكلام،ص١٣٤؛تبصرة الادلة،٤٣٩/١؛بڕوانە:(ابن العمراني:الانتصار،٥٨٠/٢)؛مصطفى بن محمد:اصول والتاريخ الفرق،ص٣٣٦؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٢٠.

[2] الزمخشري:الكشاف،٢٣٠/٤؛ابوالحنيفة:شرح الفقه الاكبر،ص٣٤؛مهندالجبالي:أثرالاعتزال،ص٦١؛محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٣٨، ٤٠؛علي سامي نشار:نشأة الفكر،٢٥٧/١.

[3] بڕوانە:(الجويني:الارشاد،ص١٢٢)؛القاضي عبدالجبار:المغني،٨٠/٧_٨٦؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الاكلاميةالاسلامية،ص٢٢١.

[4] ابن عساكر:استحسان الخوض في علم الكلام،ص٢٢؛ابن تيمية:مجموع الرسائل،١٣١/٣؛الصواعق المرسلة،٣٣٠/٢؛ابن حزم:الفصل،١١/٣؛بڕوانە:(محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٢؛منيف عايش:أثرالفكرالاعتزالي،٨٠٧/٢).

[5] ابن القيم:المختصر،١٣٩٥/٤؛ابن تيمية:منهاج السنة،٤١٧/٥؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص٤٧.

[6] هەندێك ئاماژە بەوە دەكەن،كە موعتەزیلەكان خۆیان ئەوەیان زانیوە،كە قورئان كەلامی خودایە و هەوڵیانداوە ئەوە تیۆریزە بكەن كە كەلامی خودا نیە و خوداش قسەناكات،بۆ ئەم مەبەستە هەندێك لە موعتەزیلەكان ویستویانە تەحریفی قورئان بكەن بۆ پشتگیری تیۆرەكەیان،بۆیە بە(أبي عمرو بن العلاء)ی قورئان خوێن دەڵێن،دەمانەویٚ لەفزی خودا لە ئایەتی(وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا،النساء/١٦٤)،بگۆڕیت(نصب)ی بكەیت،بەمەش(موسا) دەبێتە قسەكەرەكە نەك خودا،بەڵكو خودا قسەی نەكردوە و ناكات،چونكە كرداری قسەكردن ئەنجام نادرێت تەنها دوای بوونی دەم و زمان و كۆئەندامی قسەكردن نەبێت،جا لەم كاتەدا(أبي عمرو بن علاء)بە موعتەزیلیەكە دەڵێت دەمت دابخە و بیٚ دەنگبە؛منیش هاوڕاتم لە ڕەتكردنەوەی كەلامی ئیلاهی،بەڵام چی لە ئایەتی(وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ،الاعراف/١٤٣)بكەین،كە بە ڕوونی خودا وەكو قسەكەرێك دەردەكەوێت؟.بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٣٠_١٣١؛عبداللطيف العكلوك:منهج المعتزلة،ص١٤٨؛محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٢٨).

[7] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٣٠_١٣١؛ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٧٢؛ابن تيمية:مجموع الرسائل،١٢٤/٣؛هاوژین مەلائەمین:دەروازەیەك بۆئاشنابوون بەزانستی كەلام،لا١٥٧.

موساو،قسەكردنی خودا لە ڕۆژی دواییدا)،بەڵكو لەگەڵ فریشتەكاندا قسەی كردوەودەكات و،كێش دەزانی قسەكردنی نێوان خوداوفریشتەكان چۆنەو بەچی شێوازودەربڕینێكە؟بێگومان قسەكردنەكانیان جودایە لەقسەكردنی مرۆیی.هەرچۆنێك بێت،بۆئەوەی شەرعیەت بەگوتەزاكانیشیان بدەن موعتەزیلەكان ئایەتی(وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا)،[1] بەوە ڕاڤە دەكەن،كە كەلام لێرەدا پێكدێت لەفەرمان و نەهی و هەواڵ پێدان و هەواڵ گواستنەوە لە گەلەكانی پێشوەوە بۆئێمە،مەحاڵیشە یەكێك لەمانە ڕاستی جوداو تایبەتمەندی جیاكاری لەخۆبگرێت،(بەڵكو هەموویان پێكەوە پەیوەستن و تەواوكەری یەكترن)لەگەڵ ئەوەشدا ناكرێت قورئان ئەزەلی و تاهەتایی بێت،لەبەرئەوەی ئەگەر فەرمان بەنمونە وەربگرین بۆمان دەردەكەوێت پێویستی بەفەرمان پێكراو هەیەو خودا بە ڕەمەك فەرمانی نەكردوە،چونكە قسەكردن لەگەڵ نەفسی خۆیدا بەبێ بوونی كەسی بەرامبەر(المخاطب)لە نەزانی و گێلیدایەو خۆوێژیە.[2] بۆیە بە پێی تێگەی موعتەزیلەكان ئەمە بۆ خودا نەشیاوە و نابێت خودا قسە بكات،بۆ ئەم مەبەستەش(القاضي عبدالجبار)فەرموودەیەكی پەیامبەر(د.خ)بە بەڵگەی نویێ بوون و داهاتیی قورئان دەهێنێتەوەو دەڵێت پەیامبەری خودا(د.خ)فەرموویەتی:(ماخلق الله عزوجل من سماء ولاأرض أعظم من آية الكري في البقرة)[3]،ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نوێ بوونی قورئان و ڕەتكردنەوەی كۆنی وئەزەلێتی،[4] بەمەش قسەكردنی خودا لەئەزەلەوە ڕەت دەكەنەوە،هەرچەندە ئەم فەرموودەیە مەبەست لێی ئەوەیە،كە(ئ‌يە الكرسي)لەتەواوی بوون گەورەترە،بەلأم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت،كەوەكو هەردروستكراوێكی تر دروستكراوە،بەڵكو مەبەست لێی ئەوەیە،كەقورئان كەلامی خودایەو،كەلامی خوداش لەهەموو شتێك گەورەترە.ئەمەو موعتەزیلەكان ئایەتی دیكەی وەكو(فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ مِنْ شَاطِئِ الْوَادِ الْأَيْمَنِ فِي الْبُقْعَةِ الْمُبَارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ)،[5] دەكەنە بەڵگەی ئەوەی كەخودا قسەدەكات،بەلأم بە كەلامێك كە لە جەستەیەكدا بەدی دەهێنێت،هەروەك لەدەقە پیرۆزەكەدا ئەوە بەڕوونی دیارەو بەڵگەی گوتەكانمانە كە(موسا)دەنگەكەی(بانگكردنەكە)لە درەختێكەوە گوێ لێ بووەو درەختەكە شوێن و دەرخەری كەلامی ئیلاهیە،قسەكەرەكەش كە بانگی موسادەكات خودی خودایە،كەدوورە لەوەی جەستە یان تەنێك بێت(ئەمەش واتا خودا مادام جەستەنیە بۆیە ناكرێت قسە لەئەوەوە دەربچێت،بەڵكو كەلامی خۆی لە بوونێكی دیكەی دروستكراوی خۆیدا بەدی دەهێنێت و،ئەودروستكراوە دەهێنێتە قسە)ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە،كەخودا هەركات بیەوێت قسەبكات،ئەوا لە جەستە یاخود تەنێكدا دروستی دەكات و دەیهێنێتە قسە بۆگەیاندنی پەیام و مەبەستەكانی.[6] كە لەڕاستیدا وانیە،بەڵكوخودا

---

[1] النساء/١٦٤.مانای ئایەتەكە**"خودا بۆخۆی ڕاستەخۆ قسەی لەگەڵ موسادا كردوە"**.

[2] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١١٧؛الشهرستاني:الملل،٥٧/١؛ابراهيم الفيومي:المعتزلة تكوين العقل،ص٢٦؛ابوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٢٨٦.

[3] ابن حجر:فتح الباري،١٣/٤٠٠_٤٠١.ئەمەش واتا**"خودا هیچ شتێكی دروست نەكردوە لە نێوان زەوی و ئاسمانەكاندا لە(آية الكرسي)گەورەتر بێت"**.

[4] المنية والامل،ص١١٩.

[5] القصص/٣٠.مانای ئایەتەكەش ئاوایە **"جا كاتێك موسا هاتە نزیك ئاگرەكەوە،لەكەناری لای ڕاستی شیوەكەوە لەو پارچە زەویە بەفەڕوپیرۆزەی نزیك درەختەكەوە بانگی لێ كرا"**.

[6] ابن تيمية:منهاج السنة،٤١٨/٥ ، ٤٢٣_٤٢٤؛ابن القيم:المختصر،١٣٢٨/٤؛عبدالله الامين:دراسات في الفرق،ص٣٢٥؛محمدعبدة وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص٥٣؛عبداللطيف الحفظي:تأثيرالمعتزلة،ص٤٩؛رابحة نعمان:مشكلة الذات،ص٢٩.

**بۆخـۆی هــەرکات پێویســت بێــت قسەبکات،ئەواقســەدەکات و قسەکانیشــی لــەخودی زاتــی خۆیــەوە دەردەچن،بەڵام بەبێ زانینی شێوازو چۆنێتیەکەی.**

## **کەلامی ئیلاهی لای حەنبەلیەکان و جەدەلی ئەو بوارە**

**حەنبەلیـەکان بـەوە لـە موعتەزیلـەکان جیادەکرێنـەوە کەلـە پرسـی کـەلامی ئیلاهـی و خـەلقی قورئانـدا لەلایەکـــەوە تـــەواو ناتـــەباو پێچـــەوانەی گروپـــی موعتەزیلـــەبوون و ڕەدی تـــەواوی تێگـــەو ڕوانگـــەی موعتەزیلـەکانیان لـەم بارەیـەوە داوەتەوەو،لەلایـەکی دیکەشـەوە تـەواو هاوئاهـەنگی پێشـینی خۆیـان بـوون و هەوڵیانـداوە لەگۆشـەنیگاو پەنجـەرەی ئەوانـەوە لـە تـەواوی پرسـەکان بڕوانن و لێیـان لانەدەن.بۆیـە تـەواوی وێسـتگە فیکریـەکانی موعتەزیلـەکانیان پـێ ناپەسـەندبووە،بەهۆی لادان لەپێشـینی خۆیـان و زیـادەڕەوی کردنیانەوە،ئەوەتا:**

**١ـ لەوەڵامی ئەو تێگەیەی موعتەزیلەکاندا،کە دەڵێن ئەگەرکەلامی ئیلاهی پیت و وشە بێت ئەوا داهات و نوێ و بەدیهێنراوە،بۆیە خودا کەلام لەسەر زاری جوبرەئیل یان پەیامبەرێك بەدیدەهێنێت،[1] حەنبەلیەکان دەڵێن ئەم باوەڕەی موعتەزیلە پوچ و بێ بنەمایە،چونکە پێشینان و پێشەوایانی ئیسلام کۆدەنگن لەسەرئەوەی،کە خودا قسەدەکات بەکەلامێك کە تایبەتە بەخۆی وعیبارەتە لـە(دەنگ و پیت و وشـە)ی بـەدوای یەکدا هـاتووی ڕیزکراو هەرلەئەزەلەوە،هـەرپیت و دەنگێك کە لـەخوداوە دەردەچێت پیت و دەنگـی دیکـەی بـەدوادا دێـت،[2] ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە حەنبەلیـەکان لەوبڕوایـەدان ئـەو قورئانـەی ئێسـتا هەیـە کۆن و ئەزەلیـە لەگـەڵ خودادا،چونکە بەشێکە لەزانستی خوداو ناکرێت خـودا هـەبووبێت بـەبێ زانسـت،بۆیە ئـەمان پێداگرن لەسـەر کــۆنی و ئەزەلیــەتی کــەلام و قورئــان و مــەخلوق نــەبوونی و دەڵێن(نــەپیت و نــە بڕگــە و نــە واتــاو مەبدەئەکانی)بـەدیهێنراو نین و هەرکەسیش بڵێـت مەخلوقـە ئـەوا کـوفری کـردوە و کافربووە،چونکە خـودی قورئـان لەلایـەن (جوبرەئیـل)ەوە بەبیسـتن لـەخوداوە هێنـراوە وەکـو سـروش و پـەیامێك بۆپەیامبەر(د.خ)نـەك هێنانــە خــوارەوەی خودی(پیــت و دەنگ)،پەیامبەریش(د.خ)لــە(جوبرەئیل)ەوە بیســتویەتی و بــە هــاوەڵانی گەیانــدوە و دواتــر تابعیەکانیش(شــوێنکەوتوان)بە نــەوەکانی دوای خۆیــان گەیانــدوە،[3] جاتــەواوی ئــەم پرۆسەیە بریتیە لە دەربڕین و وەرگرتن لەخوداوە تاهەنوکەش،نەك بەدیهێنان و گواستنەوەی خـودی کـەلام و قورئـان لەشـوێنێك بۆشـوێنێك و لەسـەردەمێك بۆسـەردەمێکی تر.بۆیـە حەنبەلیـەکان پێیانوایـە پێویسـتە لەوبڕوایەدابین،کەقورئان ناوێکی هاوبەشە لەنێوان کۆنی و ئـەزەلی لەگـەڵ زاتـی خودادا،کەکـەلامی نەفسـی و تایبەتە بەخودی خوداوە لەلایەك و،لەلایەکی دیکەشەوە(نوێ و داهات)،کەبریتیە لە پیتی نوسراوو خوێندراو بەدەنگ.هەربۆیـە ئەگـەر قورئـان بـەکۆن ناوببرێت ئـەوا مەبەسـت لێـی جـۆری یەکەمـە و ئەگـەر بگوترێـت ئـەو**

---

[1] الغزالي:الاقتصاد في الاعتقاد،ص٩٩؛بڕوانە:(ابن القيم:المختصر،١٣٤٠/٤)؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٩٠.

[2] بڕوانە:(الباقلاني:الانصاف،ص٣٦)؛سعيد فودة:الكاشف الصغير،ص٣٠٩؛حەمە کەریم هەورامی:زانستی کەلام،٤٥٩/٢.

[3] بڕوانـــــە:(ابـــــن قدامةالمقدسي:الصــــراط المســــتقيم في اثبــــات الحــــرف القــــديم،ص٢٦)؛الســــفاريني:لوامع الانوار،١٤٠/١؛النسفي:بحرالكلام،ص١٣٠_١٣١؛ابن تيمية:مجموع الرسائل،٢٣/٣، ١٢٣؛حمودالتويجري:تنبيه الاخوان،ص٥١.

**قورئانەی کە دەخوێندرێتەوە ئاوازی بەرگوێمان دەکەوێت نوێیە،ئەوا لەجۆری دوەمیانەو دەلالەتە لەشێوازی نووسین و خوێندنەوەکەی،کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت و ئەنجامی دەدات.**[1]

**٢ـ هەروەها حەنبەلیەکان لەوبڕوایەدان،کە کەلامی ئیلاهی یەك لەسیفاتە ئەزەلیەکانی ئەوەو نویٚ و داهات نیەو نە بەدیهێنراوە و نەبەدیهێنراویشی هەیە و نەبە هەڕەمەکیش هاتۆتە بوون،(واتە سروشت کردنیە)،ئەمەش پێچەوانەی ئەوباوەڕەی موعتەزیلەو قەدەریەکانە کەبانگەشە بۆ ئەوە دەکەن خودا کەلام و قسە لەجەستەیەك لەجەستەکان یان لە تەنێکدا بەدیدەهێنێت.**[2] **بەڕاستی ئەم تێگەیەی موعتەزیلەکان لای حەنبەلیەکان ناپەسەندبوو،چونکە ئەوان لەوباوەڕە باوو ناسراوەی کۆمەڵگای ئیسلامی لایاندابوو،کە خودایان بەقسەکەر دەزانی وپێیانوابوو کەلامی ئیلاهی تایبەتە بەزاتی خوداو کۆن و ئەزەلیەو سیفاتێکە لەسیفاتە زاتیەکانی خودا چەشنی زانست و تواناو ئیرادەکەی،**[3] **ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە،کە حەنبەلیەکان سیفاتی کەلامیان بۆخودا قەراردراوە،کەموعتەزیلەکان ڕەتیان کردۆتەوە،هەرلەبەرئەمەیە ڕابەری حەنبەلیەکان پێی وایە قورئان خودی ئەوکەلامەیە،کە خودا قسەی پێکردوەو لەزاتی ئەوەوە دەرچووە نەك جگە لەئەو،ئەوەشی کە هەوالیٚ لێدراوە لەسەدەکانی پێشووداو ئەوەشی کە لە(لوح المحفوظ)و پەرتوکە ئاسمانیەکاندا هەیە لەگەڵ ئەوەشی کە مرۆڤ دەیخوێنێتەوە،هەمووی یەك شتەو هەر کەلامی خودایەو بەدوورە لەبەدیهێنان،**[4] **بەڵکو خودا بە ویست و ئیرادەی خۆی هەرکات بیەوێت قسەدەکات بەتەرزێك کە دەبیسترێت،ئەمەش سیفاتێکی کۆن و تایبەتی خودایە؛کە زۆرینەی فەرموودەناسان لەهاوەڵانی(ابن حنبل)بڕوایان پێیەتی و ئیقراریان لەسەرکردوە.**[5] **بۆ پشت ئەستوور کردنی قسەکانیشمان ئەو پرسیارەی (عبدالله بن احمد بن حنبل)دەخەینە ڕوو کە لەباوکی دەپرسێت،گروپێك پێیانوایە خودا هەرگیز بەدەنگ قسەی نەکردوەو نایکات،ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت ئەوانە جەهمیەکانن و بەو قسانەیان گومان لە دڵی گشتەی خەڵکدا دروست دەکەن و چاوبەستیان لیٚ دەکەن،بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خودا قسەدەکات بەدەنگ و بەڵگەش بۆئەمە ئەوفەرموودەیەی پەیامبەرە(د.خ)کە دەفەرموێت(اذا تكلم الله بالوحي سمع صوته اهل السماء صلصلة كجرالسلسلة على الصفا)،**[6] **ئەمەش گوتەی موعتەزیلەکان پوچەڵ دەکاتەوەو قسەکردن بۆخودا**

---

[1] بڕوانە:(ابن مندة:الردعلى الجهمية،ص٢٠؛ابن خلدون:مقدمة،ص٥١٢).

[2] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص٣٣٧؛اصول الدين،ص١٢٥؛بڕوانە:(سعدروستم:الفرق والمذاهب،ص٨٥؛محمد الخميس:اعتقاد اهل السنة،ص٦٨).

[3] الباقلاني:الانصاف،ص٦٧؛بڕوانە:(الجويني:الارشاد،ص١١٧، ١١٨)؛احمد محمود الصبحي:في علم الكلام،ص١٣٥؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،ص١١١.

[4] بڕوانە:(احمدبن حنبل:عقيدة اهل السنة،ص٨٠؛ابن العمراني:الانتصار،٥٦٤/٢؛ابن الجوزي:مناقب،ص٢٢٥؛النسفي:تبصرة الادلة،٤٣٦/١؛ابن بدران:مدخل الى مذهب الامام احمد،ص٥٣؛سالم الثقفي:مفاتيح،٣٥٤/١).

[5] احمدبن حنبل:شرح اصول السنة،ص٥٩؛ابن تيمية:مجموع الرسائل،١١٤/٣؛منهاج السنة،٢٢٤/١؛هادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص٨٦.

[6] صحيح البخاري،صحيح البخاري،كتاب بدء الوحي،باب بدء الوحي،رقم الحديث(٢)،كتاب تفسير القرآن،سورة سبإ،باب حتى إذا فزع عن قلوبهم،رقم الحديث(٤٨٠٠) ؛سنن أبي داود،كتاب السنة،باب في القرآن،رقم الحديث(٤٧٤٠)؛سنن الترمذي،كتاب تفسير القرآن،باب ومن سورة سبأ،رقم الحديث(٣٢٢٣)ابن القيم:المختصر،١٣٨٩/٤؛السفاريني:لوامع الانوار،١٤٢/١؛ابن تيمية:مجموع الرسائل،٢٣/٣؛ابن الحجر:فتح الباري،٤٥٦/١٣.

دەسەلمێنێت.جگە لەوەش حەنبەلیەکان بۆسەلماندنی زیاتری گوتەکانی خۆیان و ڕەتدانەوەی گوتەزاکانی موعتەزیلە فەرموودەی(مامنکم احد الا سیکلمە ربە لیس بینهم وبینە ترجمان)،[1] دەکەنە بەڵگەی ڕاستێتی قسەکردنی خودا،هەروەك لەفەرموودەکەدا بەڕونی ئاماژەبەوەکراوە کە خودا لەگەڵ تەواوی مرۆڤەکاندا لەوادەی لیقادا قسەدەکات.[2] ئەم بەڵگانەش بۆخۆی خودایەکی قسەکەرمان بۆ دەسەلمێنێت،کە موعتەزیلەکان باوەڕیان پێی نیە.

٣ــ یەك لەباوەڕەکانی دیکەی موعتەزیلە،کە حەنبەلیەکان لێکیان شیتاڵکردوە ئەوەیە،کە پێیانوایە خودا بەفەرمانی بوون (ببە–کن)ویستی لەهەرشتێك هەبێت ئەوا بەدیدەهێنێت و قورئانیش لەمە بەدەرنیە،چونکە قورئانیش شتە.[3] ئەهلی سوننەو حەنبەلیەکان ئایەتی(وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ)،[4] دەهێنن و دەیکەنە بەڵگەی کۆنی و ئەزەلیەتی کەلامی ئیلاهی،چونکە خودا لە ئایەتەدا ئەوە بەیان دەکات کە تەواوی دروستکراوەکانی تەنها بەفەرمانێکی گوتراو(کەلام)بەدیدەهێنێت،کە ئەویش فەرمانی بوونە(ببە–کن)،جائەگەر کەلامی ئیلاهی داهات و بەدیهێنراوبێت لەلایەن خوداوە،ئەوا ئەو بەدیهێنانە پێویستی بەکەلامێکی دیکە دەبێت کە دیسان(ببە–کن)ە،بۆیە ئەگەر قورئان دروستکراوبێت،دەبێت خودا کەگوتی(کن _ ببە) قورئان بێتە بوون[5] و ناشکرێت بەگوتەیەك گوتەزایەك دروست ببێت کەپێشتر خۆیشی بۆئەوەی بێتە بوون پێویستی بەگوتەی دیکە هەبوو(ببە–کن)،چونکە ئەمە ڕیزبەندی بەدوای یەکداهاتوی دوانەهاتوو پێویست دەکات و ئەمەش باتڵ و پووچە،لەبەرئەوەی خودی(ببە–کن)کەلامە و بۆهاتنە بوونی پیویستی بە(ببە–کن)ێکی دیکە هەیە،(ئەمە بەپێی باوەڕی موعتەزیلەکان)،چونکە خودا دەفەرموێت کەگوتمان(ببە–کن)شتەکە دێتە بوون،ناشکرێت(وشەیەك_کن)بەوشەیەکی دیکە دروست ببێت،بۆیە پێویستە بڵێین قورئان بەدیهێنراونیە،بەڵکو کەلامی ئەزەلی ئیلاهیە.[6]

سەرباری ئەوەش لەدەقی پیرۆزدا هاتووە(الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ خَلَقَ الْإِنْسَانَ)[7] کەتیایدا خودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەهەرخۆی مرۆڤی دروستکردوە و دەکات و قورئانیشی فێری ئادەمیزاد کردوەودەکات،نەیگوتووە قورئانی دروستکردوە،چونکە قورئان شت نیە،بەڵکو کەلامە و بەشێکە لەزاتی خودا.[8]

---

[1] صحيح البخاري،كتاب التوحيد،باب(وجوه يومئذ ناضرة إلى ربها ناظرة)،رقم الحديث(٧٤٤٣)،سنن ابن ماجه،كتاب المقدمة،باب(فيما انكرت الجهمية)،رقم الحديث(١٩٠).واتا **"هیچ کەسێك نیە لەئێوە مەگەر ئەوەی کە خودا قسەی لەگەڵدا دەکات،بەبێ ئەوەی وەرگێڕلەنێوانیانابێت"**.

[2] احمد بن حنبل:شرح اصول السنة،ص٦٧؛اللالكائي:شرح الاصول اعتقاد،١٧٨/١؛ابوحنيفة:شرح الفقه الاكبر،ص٢٢٣.

[3] الزمخشري:الكشاف،١٨٠/١_١٨١؛مهند الجبالي:اثرالاعتزال،ص٥٨.

[4] البقرة/١١٧.مانای ئایەتەکە **"هەرکاتێك خودا بیەوێت یان بڕیار لەدروستکردنی شتێك بدات،تەنها دەفەرموێ ببە،ئەویش دەست بەجێ دەبێت"**.

[5] بروانە:(ابن العمراني:الانتصار،٥٤٢/٢؛سيف الدين الآمدي:غاية المرام،ص١٠٥؛علي بن سعد الضويحي:آراء المعتزلة،ص٩٦).

[6] بروانە:(ابوحنيفة:شرح الفقه الاكبر،ص٢٠٥_٢٠٦ ، ٢١٦؛الباقلاني:الانصاف،ص٦٨؛ابن تيمية:منهاج السنة،٢١٦/١؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢٢٣).

[7] الرحمن/١_٣.**واتا "خودای میهرەبان،قورئانی فێری موحەممەد(د.خ)کرد،مرۆڤیشی دروستکرد"**.

[8] بروانە:(ابن العمراني:الانتصار،٥٤٦/٢، ٥٤٧؛عبدالرحمن بدوي:المذاهب الاسلامية،ص٤٧٥).

**٤ـ موعتەزیلەکان پێیانوایە خودا کە دەفەرموێت(اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ)،[١] مەبەستێکی گشتگیری هەیە و هیچ شتێك لە بازنەی خەلقی ئیلاهی بەدەرنابێت،قورئانیش شتە،کەواتە قورئانیش دەچێتە نێوبازنەی خەلقی ئیلاهیەوە.[٢] بەلاّم حەنبەلیەکان بۆئەمەش بیّ وەلاّم نین،بەلّکو ئەوان دەلّێن قورئان لەیەك لەسیفاتەکانی خوداوە دەقی گرتووە ئەویش کەلامە نەك ئەوەی کە دروستکراوبێت،هەروەك خودا زاتی خۆی بەشت ناودەبات(قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ)،[٣] ئەی کەوایە بۆچی زاتی ئیلاهی نەچۆتە نێوبازنەی خەلقەوە،بۆیە قورئانیش کەکەلامی خودایە،هەرچەندە بەشتیش ناوی ببات(کەناوی نەبردوە)،بەلاّم ناچێتە چوارچێوەی خەلقەوە.[٤] سەرباری ئەوەش وەك دەزانین خودا کەلامی خۆی لەقورئاندا بەشت ناونەبردوە،بەلّکو ئەوەی کەباسی کردوە ناوی لیّ ناوە شت،ئەوەتا لەدەقی پیرۆزدا هاتووە(إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَا أَرَدْنَاهُ أَنْ نَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ)،[٥] بۆیە کەلامی خودا شت نیە،بەلّکوئەوەی کە دەیلێت و باسی لێوەدەکات شتە،هەروەك لەئایەتێکی دیکەدا هاتووە(انا امره)بەواتای ئەوەی ئەگەر خودا شتێکی بوێت فەرمان دەکات ببێت،ئەمەش واتا شتەکە فەرمانەکەی نیە(کەقسەیە)،بەلّکو شتەکە ئەوەیە کە خودا فەرمانی پیّ دەکات و دێتە بوون.[٦]**

**ئەمەو حەنبەلیەکان پێیانوایە خودا لەوێدا مەبەستی تایبەتی هەیە لە(کل شيء)و نەیگشتاندوە،چونکە خودا لەچەندین شوێنی دیکەدا چەمکی(کل)ی بەکارهێناوە بۆ مەبەستی تایبەتی و هەندێك شتی لێی بەدەرکردوە،ئەوەتا هەرچەندە دەفەرموێت(كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ)،[٧] بەلاّم نەفسی ئیلاهی ناچێتە بازنەی ئەم(کل)ەوە،چونکە خودا ناکۆتاو نەمر و سەرمەدیە،بەلّکو مەبەستی لێی تەواوی نەفسە بەدیهێنراوەکانە،[٨] بۆیە لەڕاستیدا ئەم بەلّگانەی موعتەزیلەکان سەبارەت بەخەلقیەتی قورئان مایەی هەلّوەستە لەسەرکردنە،چونکە وەك پێشتر باسمان لەوەکرد،کە موعتەزیلەکان کاروکردەوەی مرۆڤەکانیان بە دروستکراوی خودا نەدەزانی،کە ئەویش(شتە)بەلّکو دروست کردنیان دەدایە پالّ خودی مرۆڤەکان،ئەمەجگە لەوەی کە دەلّێن قورئان شتە و هەموو شتێکیش دەبیّ داخلی بازنەی گشتاندنی ئیلاهی**

---

[١] الزمر/٦٢.مانای ئایەتەکە **"خودا بەدیهێنەری هەموو شتێکە"**.

[٢] بڕوانە:(ابن الكناني:الحيدة والاعتزار،ص١٦٤؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٠٨؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص٩٥).

[٣] الانعام/١٩.واتا **"ئەی موحەممەد_د.خ)بەوانە بلّێ کەشایەتیان دەوێت لەسەر پەیامبەرایەتی تۆ،چی شتێك گەورەترو ڕاستترە لە شایەتیداندا،هەرخۆت بلّێ خودا گەورەترین شایەتە"**.

[٤] ابن العمراني:الانتصار،٥٨١/٢؛علي سامي نشار:نشاة الفكر،٢٥٦/١.

[٥] النحل/٤٠.واتا **"ئێمە هەرکات بمانەوێت شتێك بەدی بهێنین پێی دەلّێین ببە،ئەویش دەست بەجێ دەبێت و دێتەبوون بەبیّ هیچ ناڕەحەتیەك"**.

[٦] احمد بن حنبل:الردعلى الجهمية،ص١١٣_١١٥؛هادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص٨٤.

[٧] الانبياء/٣٥.واتا **"هەموو خاوەن نەفسێك دەبێت شەرابی مەرگ بنۆشێت"**.

[٨] بڕوانە:(الباقلاني:الانصاف،ص٦٩_٧٠؛احمدبن حنبل:الردعلى الجهمية والزنادقة،ص٢٧؛محمود الرضواني:البدعة الكبری،ص٥٠).

**بێت لەبەدیهێناندا،بەڵام دەبینی هەرچەندە کردەی مرۆڤەکان(شت)ە کەچی موعتەزیلەکان نایخەنە نێو هەمان گشتاندنی(کل)ئیلاهیەوە لەبەدیهێناندا و دەڵێن خودی مرۆڤە بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی.[1]**

**٥ـ لەڕەتی ئەو باوەڕەی موعتەزیلەکاندا،کە دەڵێن قورئان عەرەزە و لەزۆر شوێندا بوونی هەیە،حەنبەلیەکان ئیقراریان لەسەر ئەوە کردوە،کە قورئان کەلامی خودایە و قسەی پێکردوەو بەپەیام ناردویەتی بۆ پەیامبەرەکەی(د.خ)،بۆیە دەربڕین و خوێندنەوەی کەلامی خودا بەدەنگی خوێنەر(قارئ)و بەوتەرزەی دێتە بەرگوێمان و دەیبیستین ئەوەجگەلە قورئانە،بەڵکو ئەوە خوێندنەوەیەتی لەلایەن مرۆڤەوە نەك وجودی حەقیقی قورئان لەهەموو شوێنەکاندا،بەڵگەش دەقی پیرۆزی(وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ)،[2] ئەم ئایەتە بەڵگەیە لە سەر پوچی و خراپی ئەو کەسەی(مەبەست لێی موعتەزیلەکانە)،کە دەڵێت(بیستراو)بریتیە لە قسەی خودا نەك خودی قسەی خودا بێت،هەروەها ئەوەی کە پەیامبەر(د.خ) گەیاندی بریتیە لە کەلامی ئیلاهی نەك کەلامی خودی خۆی.[3]**

**هەروەك هەندێکی دیکەیان دەڵێن ئەوەی بە دەربڕین دەخوێندرێتەوە و دەگوترێت ئەوە کەلامی خودایەو بەدیهێنراو نیە،بەڵام دەربڕینەکە(لەفزی مرۆڤ)دروستکراوە،چونکە دەربڕینەکە کاری خوێنەرەکەیە،کە بریتیە لەجوڵەو دەنگ و دەربڕینی پیت و وشەکان کە خوێنەر داهێنەریانە،بەڵام خۆ خوێنەر داهێنەری پیت و وشەو ماناکانی قورئان نیە تا بڵێین قورئان بەدیهێنراوە،بەڵکو دەربڕین(لەفز)ئەندازەیەکی(قەدەرێکی)هاوبەشە لەنێوان کەلامی ئیلاهی و گوتنەکەیدا،لەبەرئەوە(ابن حنبل) بەدروستی نەزانیوە قسە لەم بارەوە بکرێت،جاچی بەلایەنی مەخلوقیەتیدا بێت یان نامەخلوقیەت،بەڵکو هەریەك لەو ناولێنانانەی بەهەڵە زانیوە،[4] چونکە(ابن حنبل)و زانایانی دیکەی حەنبەلی پێیانوایە کەلامی مرۆڤ بەدیهێنراوە،لەهەمان کاتدا کاتێك مرۆڤەکان قسەدەکەن بەپیت و ناوگەلێك قسەدەکەن کەلەکەلامی خوداشدا وێنەی هەیە،بەڵام خودا بەدەنگی خۆی و بەپیتگەلێك قسەی کردوەو دەکات،کەلە خودی خۆیەوە دەرچوەو بەدیهێنراونیەو جودایە لەو بێژەوکەلامانەی بەدیهێنراوەکانی.[5]**

**٦ـ حەنبەلیەکان دەڵێن تەواوی قورئان لەخوداوە سەرچاوەی گرتووەو(بەبێ چۆنێتی قسەکردن لەبارەیەوە)،بە سروش ناردویەتی بۆ پەیامبەرەکەی(د.خ)و باوەڕدارانیش بەڕاستیان زانیوەو بەیەقینەوە بڕوایان پێی هەبووە کەکەلامی خودایەو بەدیهێنراونیە چەشنی قسەی خەڵك،بۆیە هەرکەس گوێبیستی**

---

[1] بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٣٢؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢١٦/١؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١١٨).

[2] التوبة/٦.واتا **"ئەگەر کەسێك لە هاوەڵگەران داوای پەنادانی لێ کردیت،تۆش پەنای بدە،تا بەباشی فەرمایشتی خودا دەبیستێت و لێی تێ دەگات،پاشان بیگەیەنە جێگایەك کەئارام بێت و لەهیچ نەترسێت".**

[3] بڕوانە:(الباقلاني:الانصاف،ص٨٤، ٩٠؛الرازي:خلق القرآن،ص٦٦؛السفاريني:لوامع الانوار،١٣٧/١، ١٣٨؛محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلاميين،ص١٨٦؛عبدالله الامين:دراسات في الفرق،ص٣٥٦).

[4] ابن تيمية:مجموع الرسائل،١٢٥/٣_١٢٦؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٨٥/١_٨٦.

[5] ابن تيمية:مجموع الرسائل،٦/٣، ٢١ ،٢٤ ،٤٥؛سعيد فودة:الكاشف الصغير،ص٣٣٩.

**قورئـان ببێـت و پێیوابێـت ئـەوە کـەلامی مرۆییـە نـەك هـی خودا،ئـەوا کـوفری کـردوە،[1] چـونکە قورئـان هەرلـەخوداوە دەسـتی پـێ کـردوەو بلأوبۆتـەوەو هـەربۆلای ئـەویش دەگەڕێتەوە،هـەروەك خـودا بەشێوازێکی ڕاستەقینەو دوورلـە خوازەومـەجاز قسـەی پێکردوە،بۆیـە حەنبەلیـەکان لایـان وەهـابوو ئـەوەی کەلـە دووتـوێی پەرتوکەکانـدا نوسـراوەو خـەڵکی دەیخوێنێتەوە،بەدەرنیـە لەوەی،کـە پەیامێکـە بۆگەیانـدن و مەبەسـت و ئامانجەکانی خودا بەمرۆڤایەتی و تەواوی پیت و واتاکانی قورئان کەلامی خودایە نەك تـەنها پیتـەکانی بـەبێ ماناو بەپێچەوانەشەوە.[2] ئەمەو پێشینان و پێشەوایانی ئیسلام هاوئاهەنگن لەسەر ئەوەی کە بێژەی(لـەوەوە سەرچـاوەی گرتووە)ئەوەیـە کـە خـودا بۆخـۆی قسـەکەرەو قورئـانی لای خۆیـەوە دابەزانـدوە نـەك ئـەوەی کەلە(دارو هەواو جەستە)دا خەلقی کردبێت،هەروەك موعتەزیلـەکان دەڵێن خـودا بەبەدیهێنراوەکانی لەبووندا دەسـتی بەخـەلق کـردوە بـەبێ کەلام،واتـە تـەنها شـتی بـەدیهێناوەو قسـەی نەکردوە.مانای(هـەر بـۆ ئـەویش دەگەڕێتەوە_وإليه يعود)ئەوەیە،کەلە کۆتاییـەکانی دونیـادا تـەواوی پیت و واتـاو ماناومەبەسـتەکانی قورئان دەگەڕێنەوە بۆلای خوداو ئەوەشی کە قورئانی ئەزبەرە هیچ وشەیەك لەخـەیاڵ و ئاوەزیـدا نامێنێتـەوە و بیری دەچێتەوە.[3] سەبارەت بە بۆچوونی موعتەزیلەکان کە دەڵێن تەنها لە جگە لەخوداوە گوێبیستی کەلامی خودا دەبین؛تەواو دروستە،چونکە پەیامبـەری ئیسلام(د.خ)ڕاسـتەوخۆ گوێبیسـتی کـەلامی خـودا نـەبووە لـە خـودی زاتـی خوداوە(هەرچـەندە قسـە کردنـی موسـا لەگـەڵ خـودادا بیروبۆچـوونی جـودای لەسـەرە)،بەڵکو لـە ڕێگـەی سروش و لەلایەن(الجبريل)ەوە گوێبیستی کەلامی خودایی بووە،بۆیە دەکرێت هاوڕای باوەڕی موعتەزیلـەکان بین لەوەی کە لە دونیادا تەنها لە جگە لە زاتی خوداوە گوێبیستی کەلامی خودا دەبین،بەلأم سـەبارەت بـەوەی کە دەڵێن خودا کەلام لە بوونەکانی دیکەدا بەدیدەهێنێت و بۆگەیاندنی مەبەستەکانی خۆی بوونـەکانی دیکـە دێنێتەگۆ؛ئەوا ئێمە بـە دروسـتی نازانین،بـەڵکو پێمـان وایـە لەمـەدا حەنبەلیـەکان پێکاویانـە بـەوەی کـە دەڵێن خودی خودا بۆخۆی قسەدەکات و هەرگیزبوونەکانی دیکە لەبری خۆی ناهێنێتەگۆ(ئەم بابەتەمان لە جەدەلی نێوان هەردوولادا سەبارەت بە قسەکردنەکەی موسا لەگەڵ خودادا باسکردوە).**

**هەرلەم ڕوانگەیەوە(ابن تيمية)دەڵێت گوتەی سەلەف و پێشەوایانی ئیسلام لەم بارەوە دروسـتە،کە دەڵێن قورئـان کـەلامی ئیلاهیـەو کـۆن و ئـەزەلی و دروسـت نـەکراوو دانەبڕاوە(غيرالمنفصـل)لەزاتی خـۆی،هـەروەك دەشـڵێت کـەلامی ئیلاهـی لـەخودی خوداوەیە،نـەك جگـە لەئـەو کەلامەکەشـی سـیفاتێکە لەسـەر زات و ئاوێتەیەتی.[4]**

---

[1] ابــن ابــي العز:شــرح العقيــدة الطحاويــة،ص١٢٧؛المقديسي:رســالةفي الردعلــى الرافضــة،ص١٦٢؛احمــد بــن حنبل:شــرح الاصــول السنة،ص٥٨؛الباقلاني:الانصاف،ص٦٧؛علي بن سعدالضويحي:آراء المعتزلة،ص٩٧.

[2] ابــــن تيميــــة:مجموع الفتــــاوى،١١٤/٣، ١٢٨؛ابــــن ابــــي العز:شــــرح العقيــــدة الطحاويــــة،ص١٧٢؛عبــــداللطيف الحفظي:تاثيرالمعتزلة،ص٤٩_٥٠؛منيف عايش العتيبي:اقرالفكرالاعتزالي،٩٩٣/٣.

[3] ابــن تيميــة:مجموع الرســائل،١٥٠/٣؛منهــاج الســنة،٤٢١/٥؛صــالح البردي:تســهيل الســابلة،٣٩/١، ٤٠؛قدريــة عبدالحميــد:موقف ابــن تيمية،ص٣١٦، ٣٢١.

[4] ابن تيمية:مجموع الرسائل،٣٥/٣، ١٤٢؛عبداللطيف العكلوك:منهج المعتزلة،ص١٤٦_١٤٧ .

٧ـ هەروەها كاتێك موعتەزیلەكان قورئانیان بەزیكر ناوبردوو دەقی (مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ)،[١] یان كردە بەڵگەی گوتەكانیان،حەنبەلیەكان و بەتایبەتیش(ابن تیمیة)لەڕەتی ئەو باوەڕەیاندا دەڵێن ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەرخودی موعتەزیلەكان،چونكە ئایەتەكە زانیاری دەدات لەسەر ئەوەی كە ڕویداوەو داهاتووە و هاتۆتە بوون و لەوانەش كە هێشتا ڕوویاننەداوە و دانەهاتوون،هەروەك دەزانرێت لەئایەتەكەدا ئەوەی باس كراوە كەڕوی داوە(قورئان) دروستكراو نیە،بەڵكو خودا بە جوبرەئیلدا دایبەزاندوە بۆ پەیامبەری ئیسلام(د.خ)ناوبەناوو بەش بەش لەدوای بەش،چونكە دابەزێنراوی یەكەم كۆن و ئەزەلیە بەنیسبەت دابەزێندراوی دووەمەوە.[٢]

٨ـ هەموو ئەوگوتەزاو ڕوانینانەی موعتەزیلەكان سەبارەت بەوەی كە خودا قسەی لەگەڵ موسادا نەكردوەو(موسا)ش گوێی لەكەلامی ئیلاهی نەبووە لەخودی خوداوە،بەڵكو لەجگە لەخوداوە گوێبیستی بووە،[٣] حەنبەلیەكان ڕەتیدەكەنەوەو وەڵامی گومانەكانیان دەدەنەوەو ڕستێك دەقی پیرۆز دەكەنە بەڵگەی گوتەكانیان وەكو(وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا)،[٤] و(وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ)،[٥] و(حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ)،[٦] و(وَنَادَيْنَاهُ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا)،[٧] و دەڵێن ئەم ئایەتانە و هاوشێوەكانیان بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە خودا بە دەنگ قسەی لەگەڵ موسادا كردوە و ئەو دەنگەی موسا بیستویەتی دەنگی خودی خودا بووە و واتایەكی پوخت و ڕووتی هەیە و پێویست بە ڕوون كردنەوە و بەڵگە ناكات،هەروەك بەڵگەشن لەسەرئەوەی كەخودی بانگكەرەكە خودابووەو(دەنگەكەش)جگە لەدەنگی بیستراو هیچی ترنەبووە،چونكە ناچێتە عەقڵەوە،كە بێژەی(النداء_بانگكردن)لەزمانی عەرەبیدا واتای جگە لە(دەنگی بیستراو)بگەیەنێت بەشێوازێكی حەقیقی و دوور لە خوازەو مەجاز.[٨] وێڕای ئەوە حەنبەلیەكان كۆدەنگن لەسەر ئەوەی كە موسا لەخودی خوداوە گوێبیستی كەلامی ئیلاهی بووە نەك لە دار یان بەرد و شتی تر،چونكە ئەگەر موسا لەجگە لە زاتی خوداوە گوێبیستی ئەو دەنگە بووبێت ئەوا بەنوئیسرائیل لەوەدا لە(موسا)لەپێشترن و زیاتر خاوەن فەزیلەتن،چونكە ئەو دەنگەی ئەوان گوێبیستی بوون لەكەسێكەوە(پەیامبەر)بووە،كە باشترە لەوەی كە موسا گوێی لێ بووە(درەختەكە)،لەبەر ئەوەی بەنوئیسرائیل ئەو دەنگ و پەیامەیان لە پەیامبەرێك لە پەیامبەرانەوە گوێ لێ بووە و بیستووە،بەڵام موسا لە مەخلوقێكی بێ گیانی خوداوە بیستوویەتی كە ئەویش درەختە،[٩] ئەگەر بەم چەشنەش بوبێت ئەوا(موسا)هیچ فەزڵێكی نەدەبوو بەسەر مرۆڤایەتیەوە،چونكە ئێمەش كەلامی

---

[١] الانبیاء/٢.واتا"**هەربەش و پەندێكی نوێی خودایان بۆ بێت،گوێی بۆڕادەگرن**".

[٢] مجموع الرسائل،١٤٥/٣.

[٣] ابن تیمیة:منهاج السنة،٤١٧/٥؛ابن حزم:الفصل،١١/٣؛محمدابوزهرة:تاریخ المذاهب الاسلامیة،ص١٤٢.

[٤] النساء/١٦٤.واتا "**خودا بۆخۆی ڕاستەخۆ قسەی لەگەڵ موساداكردوە**".

[٥] الاعراف/١٤٣.واتا "**كاتێك موسا هات بۆ شوێنی موناجاتەكە لەگەڵماندا،خودا كەوتەقسەو گفتوگۆ لەگەڵیدا**".

[٦] التوبة/٦.واتا "**تاكو بەباشی گوێبیستی فەرمایشتی خودا دەبێت و لێی تێ دەگات**".

[٧] مریم/٥٢.واتا "**ئێمەبانگمان لەموساكرد لەلای ڕاستی كێوی(طور)ەوە،بەبێ واسیتەش وتووێژمان لەگەڵ كردو لەخۆشمان نزیك كردەوە تا بەنهێنی قسەوگفتوگۆی لەگەڵدابكەین**".

[٨] السفاریني:لوامع الانوار،١٦٩/١؛بروانە:(ابن تیمیة:مجموع الرسائل،١٤٧/٣_١٤٩ ، ١٥٣، ١٥٥؛منیف عایش العتیبي:اثرالفكرالاعتزالي،٩٩٢/٣_٩٩٣).

[٩] ابوالحنیفة:شرح الفقه الاكبر،ص٢١٢؛ابن قدامة المقدسي:الصراط المستقیم،ص٤٦_٤٧؛السفاریني:لوامع الانوار،١١٤٠.

خودا هەرلەغەیری خوداوە دەبیستین،بەلاّم ڕاستیەکەی ئەوەیە کە(موسا)تایبەتمەندیەکی جودای هەیە جیای کردۆتەوە لە پەیامبەرانی تر،ئەویش ئەوەیە کە گوێبیستی کەلامی خودا بووە بەپێچەوانەی پەیامبەرانی دیکەوە،[1] ئەمەو هەندێك دەڵێن پشت بەستنی موعتەزیلەکان بەدەقی پیرۆزی(فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ مِنْ شَاطِئِ الْوَادِ الْأَيْمَنِ فِي الْبُقْعَةِ الْمُبَارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ أَنْ يَا مُوسَى إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ)،[2] ئەوەیە کەگوایە خودا کەلامی لەدرەختێکدا بەدیهێناوە و موساش لەو درەختەوە گوێی لە گوتەکانی خوا بووە؛[3] پوچ و نادروستە،بەڵگەی ئەوەش سەرەتاو کۆتایی ئایەتەکەیە،کەلەسەرەتاوە خودا ئاماژە بەوەدەکات(فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ مِنْ شَاطِئِ الْوَادِ الْأَيْمَنِ)،[4] جا لێرەدا مەبەست لە بانگکردن(النداء)کەلامە(کەلامی ئیلاهی)کە(موسا)لەکەناری دۆڵەکەوە گوێی لەدەنگەکە بووە(فِي الْبُقْعَةِ الْمُبَارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ)،[5] لەشوێنێکی پیرۆز کە دەکەوتە تەنیشت درەختەکەوە بانگی لێکرا،هەروەك چۆن دەگوترێت گوێم لەدەنگی(ئازاد)بوو لەماڵەوە،جا ماڵەکە لێرەدا مەبەست لێی ئاماژەیە بۆ سەرەتای دەست پێکی ئامانجەکە نەك ئەوەی کەخودی ماڵەکە قسەبکات،هاوشێوەی ئەمەش ئەوەیە کە خودا دەفەرموێت بانگمان کرد لەدرەختەکەوە بۆدەستپێکی مەبەست و ئامانجەکەیە نەك ئەوەی کە درەختەکە هاتبێتە گۆو خودی قسەکەرەکە دارەکە بێت.وەکۆتایی ئایەتەکەش(يَا مُوسَى إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ)ە[6] کەتیایدا خودا بەڕوونی بەموسا دەڵێت ئەوەمنم خودای هەموو جیهان،بۆیە ئەگەر کەلام دروستکراوبوایە لەدرەختەکەدا،ئەوا دەبوو خودی درەختەکە ئەو قسەیەی کردا و ئەمەش نادروستە،[7] چونکە دەکرێت شتێکی دروستکراوی ئەم گەردونە بەرینە بڵێت(يَا مُوسَى إِنَّهُ أَنَا اللَّهُ)،[8] یاخود(إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي)،[9] کە لەهەردوو دەقە پیرۆزەکەدا خودی خودا بانگی(موسا)دەکات و دەفەرموێت(ئەوەمنم خودا)،بۆیە هەرکەس و دروستکراوێك ئەم قسانە بکات ئەوا بانگەشەی خوایەتی کردوەو دەکات،هەروەك چۆن فیرعەون بانگەشەی خوایەتی دەکردو دەیگوت من خودای ئێوەم.[10] ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە،کە حەنبەلیەکان ئەوانەیان کافرکردوە کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەلام دروستکراوە.

---

[1] ابن حزم:الفصل،٥/٣؛ابن قدامة المقدسي:لمعة الاعتقاد،ص٧٠؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢١١/١.

[2] القصص/٣٠.واتا **"جا کاتێك موسا هاتە نزیك ئاگرەکەوە،لەکەناری لای ڕاستی شیوەکەوە لەو پارچە زەویە بەفەڕوپیرۆزەی نزیك درەختەکەوە بانگی لێ کرا،ئەی موسا بەڕاستی من خودی خۆمم(خودا)ی هەمووجیهانەکانم".**

[3] ابن القيم:المختصر،١٣٢٨/٤؛ابوريان:تاريخ الفكرالاسلامي،ص٣٠٧؛رابحة نعمان:مشكلة الذات،ص٢٩.

[4] القصص/٣٠. واتا **"جا کاتێك موسا هاتە نزیك ئاگرەکەوە،لەکەناری لای ڕاستی شیوەکەوە".**

[5] القصص/٣٠.واتا **"لەو پارچە زەویە بەفەڕوپیرۆزەی نزیك درەختەکەوە بانگی لێ کرا".**

[6] القصص/٣٠.واتا **"ئەی موسا بەڕاستی من خودی خۆمم(خودا)ی هەمووجیهانەکانم".**

[7] ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص١٣٥_١٣٦؛ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٥٢/٥_٥٣؛عوادالمعتق:المعتزلة واصولهم الخمسة،ص١٢١_١٢٢.

[8] النمل/٩.واتا **"ئەی موسا بەڕاستی ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات منم(خودا)".**

[9] طه/١٤.واتا **"بەڕاستی هەرمن خودام و هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگەلەمن،کەواتە هەرمن بپەرستەو نوێژەکانت بەجوانی بەجێ بهێنە تامنت بێتەوەیاد".**

[10] احمدبن حنبل:الرد على الجهمية،ص٤٠؛ابن تيمية:مجموع الرسائل،١٣٦/٣؛علي سامي نشار:نشأة الفكر،٢٥٦/١.

**لەڕاستیداو بەبۆچوونی ئێمەش ئەگەر بیخەینە بەرپێوەری ژیری،لامان ڕوون دەبێت،کە گوتەی موعتەزیلەکان لەهەمبەر دروستکردنی کەلام لە درەختدا نادروستە،چونکە ئەگەر خودا قسەی لە درەختێکدا بەدیهێنابێت؛دەبێت(موسا)لەدرەختەکەوە گوێبیستی کەلامی ئیلاهی بووبێت(هەروەك موعتەزیلەکان دەیڵێن)جائەگەر واش بێت درەختەکە چۆن دەڵێت(إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي)،[1] ئەی(موسا)من خودام و جگە لەمن خودایەکی دیکە نیە،چۆن دەکرێت و دەبێت درەختێك بانگەشەی خوایەتی بکات لەکاتێکدا خودی خۆیشی دروستکراوە،ئەکەر واش بێت و خودا کەلامی لەدرەختەکەدا خەلق کردبێت،دەبوو درەختەکە وەکو نامەبەرێك قسەی بکردایەو بیگوتایە خودا دەفەرموێت ئەی(موسا)من خودام و جگەلەمن خودایەکی دیکە نیە؛نەك بەناوی خوداوە قسەبکات و بڵێت من خودام.هەروەك هەندێك لە حەنبەلیەکان بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی هەمان تێگەی موعتەزیلەکان؛باس لەوە دەکەن کاتێك(موسا)لە شەوێکدا ئاگرێکی گەورەی بینی ترسێکی زۆری لیٚ نیشت،لەو کاتەشدا خودا بانگی لە(موسا)کرد بە دەنگی خۆی،(موسا)ش ڕووی لە دەنگەکە کردو وتی(لبیك لبیك)گوێبیستی دەنگت دەبم،بەلاٚم شوێنەکەت پیٚ نازانم و ناتبینم،خوداش فەرمووی(من لە سەرەوەو پێشەوەو ڕاست و چەپتەوەم)،(موسا)ش وتی پەروەردگارم ئایا ئەوەی گوێبیستی دەبم کەلامی زاتی عالیتە یان کەلامی نێردەیەکی تۆیە؛خوداش فەرمووی،بەڵکو کەلامی خودی خۆمە ئەی(موسا).[2] ئەم بەڵگەیە خودامان وەکو قسەکەرێك پیٚ دەناسێنێت،کە بە خودی خۆی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کرداری قسەکردن و سیفاتی کەلام سیفاتێکە لە سیفاتە کەماڵیەکانی خودا؛نەك ئەوەی کە خودا لە بوونێکی دیکەدا(کە درەختە)کەلامی هێنابێتە بوون و پاشانیش بوونە بەدیهێنراوەکەی(درەخت)بە قسە هێنابێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی خۆی(وەك موعتەزیلەکان باسی دەکەن).**

**٩ـ تەواوی ئەوانەی باسمانکرد لەو جەدەلەی نێوان حەنبەلی و موعتەزیلەکاندا لەهەمبەر کەلام سەری کێشا بۆ تەکفیرکردنی یەکتر،ئەوەتا هەروەك پێشتر باسمان کرد موعتەزیلەکان پێیانوابوو هەرکەس پێیوابێت قورئان کەلامی خودایەو سیفاتێکی ئەزەلی ئەوەو لەگەڵ بوونی خودادا بوونی هەبووەو دروستکراونیە ئەوا کوفری کردوە،چونکە ئەگەر قورئان کۆن بێت دەبێت وەکو خودا لێی بڕوانین،لەبەرئەوەی سەلماندنی کۆنێتی قورئان سەلماندنی بوونی دوو خودایە.[3] بەلاٚم حەنبەلیەکان سەرەتا بەوە دەست پیٚ دەکەن،کە هیچ یەك لەئەهلی سەلەف نەیانگوتووە قورئان بەدیهێنراوە یان کۆن و ئەزەلیە،هیچ یەك لەم گوتانەشی باسمانکرد هیچکات و هیچکام لەهاوەڵاٚن و تابعیەکان و ئەوانەشی دوای ئەوان هاتوون لەپێشەوایانی ئیسلام باسیان لێوە نەکردوە،بەڵکو ئەوەی لێیان بەجیٚ ماوەو پێمان گەیشتووە ئەوەیە،کەقورئان کەلامی خودایە[4] و هەرکەس بڵێت قورئان مەخلوقە،ئەوا جەهمیە و هەرکەسیش بڵێت مەخلوق نیە،ئەوا موبتەدیعە و پێویستە**

---

[1] طـــــــه/١٤.واتا**"بەڕاستی هەرمن خودام و هیچ پەرستراوێك نیەشایستەی پەرستن بێت جگەلەمن،کەواتەهەرمن بپەرستە"**.

[2] احمد بن حنبل:كتاب الزهد،ص١٢٠_١٢١؛ابن قدامة المقدسي:الصراط المستقيم،ص٤٧؛لمعة الاعتقاد،ص٧١.

[3] بڕوانــــه:(رشـــيد الخيون:جـــدل التنزيـــل،ص١١٥؛منيـــف عـــايش العتيبي:اثرالفكرالاعتـــزال،٧٩٨/٢، ٨٠١_٨٠٢ ، ١٠٤٢/٣؛علـــي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢٢٠).

[4] ابن تيمية:مجموع الفتاوى،٣٠١/١٢؛ناصرالعقل:الجهمية والمعتزلة،ص٦٩.

**قسەی لەگەڵدا نەکرێت وهەموو پەیوەندیەکی لەگەڵدا بپچڕێنرێت(هجر).[1] ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە حەنبەلیەکان هەرگیز نەیانویستووە توخنی وەها پرسێکی فەلسەفی بکەون،بەڵکو بەهەردوو بارەکەدا ڕەتیان کردۆتەوە.هەروەك ڕابەری حەنبەلیەکان لەبێژەیەکیدا دەڵێت هەرکەس بڵێت قورئان مەخلوقە ئەوا جەهمیەکی کافرە و هەر کەسیش بڵێت کەلامی خودایەو گومانی لەدڵدا دروست بوو وەستاو باوەڕی خۆی پیشان نەدا لەوبارەیەوە،ئەوا لەجۆری یەکەم خراپترە،هەرکەسیش پێیوابێت گفت و خوێندنەوەمان بۆقورئان و دروستکراوە ئەوا کافرەو هەرکەسیش بە کافری نەزانێت ئەویش وەکو ئەوانە،[2] ئەمەش لەبەرئەوەی ئەهلی سوننەو حەنبەلیەکان کۆڕان لەسەرئەوەی،کە قورئان کەلامی خودایەو کۆن و ئەزەلیەو بەشێکە لەزاتی ئەوو تایبەتە پێوەی و نەدروستکراوە و نەداهات و نە نوێیە،بەڵکو کۆنە لەگەڵ کۆنی خوداداو هەرکەسیش بەدەر لەم باوەڕەی هەبێت بڵێت بەدیهێنراوە،بەبێ گومانی کافرە.[3] ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە،کە حەنبەلیەکان هەموو ئەوانەیان تەکفیر دەکرد بڕوایان بەمەسەلەی خەلقی قورئان هەبوو،چونکە ئەوان لەوباوەڕەدان،کە قورئان لە زانستی ئیلاهیەوەیەو زانستی ئیلاهیش بەدیهێنراونیە.[4]ئەم باوەڕەی حەنبەلیەکان وای لە هەندێکیان کرد زیادەڕەویش بکەن لەبەکۆن زانینی قورئان و دەیانگوت نەك هەرقورئان کۆنە،بەڵکو تەنانەت بەرگی قورئان و لاپەڕەکانیشی کەپیتەکانی لەسەر نووسراوە و ئەومەرەکەبەشی کە پیتەکانی پێ نووسراوە هەموویان کۆنن.[5]**

[1] ابن تيمية:مجموع الرسائل،٣/٤، ٢٤ ، ١٢٥؛اللالكائي:شرح الاصول اعتقاد،٣٩٢/١؛ابن العمراني:الانتصار،٥٧٠/٢؛ابن القيم:المختصر،١٣٤٤/٤، ١٣٥١؛حمودالتويجري:تنبيه الاخوان،ص٣٠؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص١٥٣.

[2] ابوحنيفة:شرح الفقه الاكبر،ص٢١٨؛ الاشعري:استحسان الخوض،ص٤٨، ٤٩؛الشيخ جعفرالسبحاني:بحوث في الملل،١٦٩/١؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٠٧/٤؛بڕوانە:(عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٨٥/١؛سالم الثقفي:مفاتيح،٣٥٥/١).

[3] الاشعري:اللمع،ص١٥؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٢٠٨/١٤؛بڕوانە:(الباقلاني:الانصاف،ص٢٦؛الغزالي:الاقتصادفي الاعتقاد،ص٥٢؛احمدشوقي ابراهيم:المعتزلة في البغداد،ص١١٠).

[4] ابن الجوزي:مناقب،ص٢٠٦، ٢١٢؛اللالكائي:شرح الاصول اعتقاد،٢٩٠/١، ٣٩١؛هادي طالبي:ابوالحسن الاشعري،ص٨٣؛عبدالله الامين:دراسات في الفرق،ص٣٥٦.

[5] الايجي:المواقف،٧٦/٣؛ابن بدران:مدخل،ص٥٩؛ابوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٣٠٧؛محمدجوادمغنية:معالم الفلسفةالاسلامية،ص١١٠.

## تەوەری دووەم: قۆناغی جەدەلیاتی تیۆری( سەردەمی خەلیفە مەئمون ١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز)

## یەکەم:فاکتەرەکانی دەرکەوتنی مەسەلەی خەلقی قورئان

جـەدەلی کـەلامی ئیلاهـی و کێشـەی خـەلقی قورئـان یـەك لەپرسـە کـەلامی و باوەڕییـە قوڵـەکان و هــەرەگرنگترین کێشــەو پرســە ئاڵۆزەکانە،کــە زانــاو فــەقیهو عەقڵمەنــدەکانی جیهــانی ئیســلامی بــە خۆیــەوە ســەرقاڵ کــردوەو لــە مێــژووی ئیسلامیشــدا گرنگیــەکی زۆر و جێگایــەکی دیــاری هــەبووەو هەیە،چـونکە ئـەم پرسـە تـەنها وەکـو پرسـێکی فەلسـەفی و قەتیسـی نێـو کایەمەعریفیـەکان و بازنـەی جـەدەلیات نەمایەوە،بـەڵکو دوای ئـەوەی خەلیفـە(المامون ١٩٨_٢١٨ك/٨١٣_٨٣٣ز)ی عەباسـی بـە چاوسـاغی و نماینــدەیی موعتەزیلــەکان لەگــەڵ خەلیفــەکانی دوای خۆیــدا بــوون بــە شــاخەیەکی ســەرەکی تیایدا،وێنایــەکی سیاسیشــی وەرگــرت و بیروبــاوەڕی ئــاینزای موعتەزیلــەکانیش کــرا بەمەزهــەبی فــەرمی خیلافــەت و هێــزو دەســەڵاتیان پەیــداکرد و لەســەپاندنی باوەڕەکەیانــدا بەســەر خــەڵکی ناوچــە جیاوازەکــانی خیلافەتــدا بــەکاریان هێنــا. بــەڵام ئــەوەی گرنگــە لێــرەدا تیشــکی بخەینەســەر ئەوەیــە کەچــی وای لــە خەلیفە(المامون)کرد،بــە ئەنــدازەی ئاوێتــەبوون و توانــەوە لەموعتەزیلەکان نزیك بوویەوە؟

هەنــدێك لەمێژوونوســان بــاس لەوەدەکەن،کــە خەلیفە(المامون)حــەزوو خولیایــەکی بــەتینی بــۆ زانسـت و زانیـاری و سـۆزێکی زۆری بـۆ زانایـانیش هـەبووە بەئەندازەیـەك کەئـەم چەشـنە لـە خولیـا بـۆ زانســـت و زانیــاری لــەنێو کوڕونـــەوەی خەلیفـــەو دەســـەڵاتداراندا نەبووە،بەڵام(المامون)ئەمـــەی لـــە خەلیفــە(هارون الرشــید ١٧٠_١٩٣ك/٧٨٦_٨٠٩ز)ی باوکیـــەوە بـــۆ مـــابووەوە،[1] ئەمـــەو خەلیفـــە مــەئمون مــەیلی بــەلای فەلســەفەدا دەچــوو وەك لەهــەر زانســتێکی تــرو ئــارەزووی جــەدەل و گفتوگــۆی عــەقڵی دەکــردو هەمیشــە کــۆڕو مەجلیســەکانی لێوڕێــژبوو لــە چــەندین زانــای بــوارە جیاوازەکــان و گفتوگــۆو جــەدەلی کــراوە لــە تــەواوی زانســتەکاندا لەنێوانیانــدا گــەرم دەبــوو،[2] مێژوونوســانیش ئــەم خولیاوحـــــەزەی (المامون)یــــان لــــەم بــــوارەدا پشــــت گــــوێ نەخســــتوە و بــــاس لــــەوە دەکەن،کــــــەخودی(المامون)کۆڕی جــــــەدەلی لــــــە نێــــــو زاناکانــــــدا ســــــازوو ئامادە کردوە،ئــەوەتا(المســعودي)وێنــای ئــەو جەدەلیاتــەمان پیشــاندەدات و دەڵێــت خەلیفــە(المامون)ڕۆژانی ســێ شــەممەی تــەرخان کردبــوو بــۆ دانیشــتن لەگــەڵ زاناکانــداو کاتێــك زاناوفەقیهــەکان و جــەدەل کــاران ئامــادە دەبــون و دەبرانــە ژورێکــی گــەورەی پڕلەفەرشــی نــاوازەوەو خــوانێکی گــەورەیان بــۆ ئامــادە دەکــراو خــواردن و خواردنــەوەیان پێشــکەش دەکــرا لــە کەشــێکی ئــارام و پــڕ لــەبۆن و بەرامــەدا،دواترو دوور لەهــەرترس و دڵــەڕاوکێ و زۆر لێکردنێــك دەســتیان بــە جــەدەل و گفتوگــۆ دەکــرد،دوای بــە کۆتــا هــاتنیش دیســان خــوانێکی دیکــەیان بــۆ ئامــادە دەکــرا و پــاش خــواردنی بڵاوەیــان دەکــرد،[3] بۆخـۆی ئـەم وێنایـە نیشـاندەری چـەندو چـۆنی خولیای(المـامون)ە بـۆ زانسـتی کـەلام و پرسـە کەلامیەکان،لـەو

---

[1] قاسمي الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٦٢؛بڕوانە:(محمد هدارة:المامون خليفة العالم،ص١٣٤).

[2] قاسمي الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٦٢؛فالح الربيعي:تاريخ المعتزلة،ص ٢٧.

[3] مروج الذهب،١٧/٤_١٨؛جاراللة:المعتزلة،ص١٦٢_١٦٣؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،ل١٩١.

دەمەشـدا موعتەزیلـەکان سوارچـاکی مەیـدانی زانسـتی کـەلام بـوون و خۆیـان بـە فەلسـەفەوە خـەریك دەکـرد و حـەزیان لـە جـەدەل و گفتوگـۆی زانسـتی بوو،بۆیـە موعتەزیلـەکانی لـەخۆی نزیـك کـردەوە و پاڵپشـتی لێـدەکردن و مـەیلی بـۆ بیروباوەڕەکـەیان هەبوو،چـونکە زۆرتـرین ئـازادی بیرکردنـەوەو بـاوەڕبوونی بـە ژێـری تیـادا بوو،ئەمـەش وایکـرد ژمارەیـەکی زۆریـان بچـنە نێـو کۆشـکی خیلافەتـەوە لە(بەغداد)و کاریگەریان لەسەر دانا.[1]

یـەك لـەهۆکارەکانی دیکـەی دەرکـەوتنی پرسـی خـەلقی قورئـان وپەیوەنـدی(المامون)پێوەی دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی کاریگـەری کەسـایەتیەکانی موعتەزیلـە لەسـەر خەلیفـە(المامون).ئـەوەتا هەنـدێك ئامـاژە بـەوە دەکـەن کاتێـك خەلیفە(المامون)دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت موعتەزیلـەکان ژیانـەوە و(بشرالمریسـي)مەسـائیلە ئیعتیزالیـەکانی فێرکـردو ئـەمیش چـووە سـەر باوەڕەکەیان،هـەروەك(ثمامـة بـن الاشـرس)بەئەندازەیـەك لـە(المامون)نزیك بـووەوە خەلیفـە(المامون)هیچ بابـەتێکی بـەبێ ڕاوێـژ لەگەڵیـدا ئـەنجام نـەدەدا،[2] هەرچـەندە هەنـدێك سـەرەتای پەیوەنـدی خەلیفـە و(ثمامـة بـن الاشـرس)دەگێڕنـەوە بـۆ ئەوکاتەی،کـە مـەئمون لەشـاری(مەرۆ)بوو،لەوکاتەدا مـەئمون هەسـتی بـە توانسـتە زانسـتیەکەی کـردو متمانەشـی پـێ هـەبوو لەوبوارەدا،بۆیـە هـەروەکو(البغـدادي)دەیگێڕێتـەوە کە(المامون)بنەماکانی ئاینزای موعتەزیلەکان لە (ثمامة بن الاشرس)ەوە فێربووە.[3]

هـەروەك دواتـر خەلیفـە مـەئمون لەگـەڵ موعتەزیلەکانـدا تێکەڵاویـەکی باشـتری پەیـدا کـردو بووبـە خوێنـدکاری یـەك لەپێشـەواکانیان بـەناوی(ابـي الهـذیل العـلاف)لـەبوارەکانی(الادیـان)دا[4] بۆیـە خەلیفـە مـەئمون گرنگیـەکی زۆری پێـدەدات و کـردی بەچاوسـاغ و نماینـدەکاری خـۆی لـە بابەتـە عەقیدەییەکانـدا،[5] ئەمـەو مێـژوو نوسـان بـاس لـەوە دەکـەن کـە(ابـي الهـذیل العـلاف)لەسـاڵی(٢٠٣ك/٨١٨ز)چـۆتە شـاری بەغـدادو دواتـر بـەهۆی لێهـاتوویی خۆیـەوە توانیویـەتی بچـێتە کۆشـکی خیلافەتەوە،لـەوەش زیـاتر کاریگـەری کردۆتـە سـەر خەلیفـە(المامون)لـەکاتی تاقیکردنـەوەی زاناکـان بەمەسـەلەی خـەلقی قورئـان و هانـدەری سـەرەکی بـووە بـۆ ئـەوکارەو بانگەشەکارو بانگخوازی ئەوبوارەش بووە.[6]

سـەرباری ئەوکەسـایەتیانە دیـارترین و سـەرەکیترین کەسـایەتی کـە ڕۆڵێکـی بـاڵای گێـڕا لـە بڵاوکردنـەوەی ئەجێنـدای موعتەزیلەکانـدا لەسـەردەمی خەلیفـە(المامون)و ئەوانـەی دوای خۆشـی(قاضـي ابـن ابـي دؤاد الایـادي ١٦٠_٢٤٠ك/٧٧٦_٨٥٤ز)بوو،کـە وەزیـری هەرسـێ خەلیفـەی عەباسی(المامون،المعتصـم،الواثـق)بوو،کەبـە کەسـایەتیە کاریگەرەکـەی تـوانی لـە زۆرینـەی

---

[1] حسـن ابـراهيم حسـن:تاريخ الاسـلام،١٣٢/٢؛محمـد ابـوزهرة:ابن حنبـل،ص٤٧؛ابـراهيم ايوب:تـاريخ العباسـي،ص٨٩_٩٠؛فـالح الربيعي:تاريخ المعتزلة،ص٢٧.

[2] ابن الكثير:البداية والنهاية،٢١٧/١٤؛محمدعبده واخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص١٢١.

[3] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٧٢_١٧٥؛محمد هدارة: المامون خليفة العالم،ص١٣٥.

[4] القاضي عبدالجبار:المنية والامل،ص١٠٢؛محمد ابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٢؛نجلاء لطفي:الفرق والمذاهب، ص٨١.

[5] الذهبي:سيراعلام النبلاء،٥٤٢/١٠_٥٤٣؛الشهرستاني:الملل والنحل،٦٤/١_٦٧؛وليدباصمد:اثرعلم الكلام،ص٥٧.

[6] الدميري:حياة الحيوان الكبرى،٧٨/١، ١١٩؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٦٢.

**دانیشتنەکاندا باسی مەسەلەی خەلقی قورئان بکاتەوەو پرسی خەلقی قورئان لای هەرسێ خەلیفەی ناوبرا و جوان و خۆشەویست بکات و بیانباتە سەرهەمان باوەڕ،[(١)] هەندێك باس لەوە دەکەن پەیوەندی نێوان(ابن ابي دؤاد)و خەلیفە(المامون)دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتانەی کە(یحیی بن الاکثم)[(٢)] کۆڕی جەدەلیاتی لەنێوان زاناو فەقیهەکاندا سازدەکرد و(ابن ابي دؤاد)یش ئامادەی ئەوکۆڕانە دەبوو،تائەوەی نێرداوێکی خەلیفە ڕۆشت و ئەوەی بە(یحیی بن الاکثم)ڕاگەیاند کە خەلیفە بانگهێشتی خۆت و هەموو ئەوانەش دەکات کە لەگەڵتدان،کەچوونە مەجلیسی مەئمونەوە و دەست بەجەدەل وگفتوگۆ کرا(المامون)سەرسام بوو بەلێهاتوییەکەی(ابن ابي دؤاد).[(٣)]**

**هەندێکی تریش باس لەوە دەکەن کاتێك(المامون)چووە بەغدادەوە داوای لە(یحیی بن الاکثم)کرد هەندێ لەهاوەڵ و زاناو فەقیهە دیارەکان هەڵبژێرێت تاکو بەشداری مەجلیسە زانستیەکەی(المامون)بکەن،ئەویش(٢٠)زانای دەست نیشان کرد و لەنێویشیاندا(ابن ابي دؤاد)هەبوو،دواتریش داوای کرد لەو(٢٠)کەسەش پێنج زانایان هەڵبژێرێت،کە پێنج کەسەکەشی هەڵبژارد دیسان(ابن ابي دؤاد)ی تێدا بوو،ئیتر لەوکاتەوە بوبەهاوڕێی تەواوی دانیشتن و مەجلیسەکانی خەلیفە مەئمون،ئەمەش لەسەرداوای خودی خەلیفە مەئمون،[(٤)] بۆیە کاتێك(ابن ابي دؤاد)و (ثمامة بن الاشرس)بوون بەهاوڕێی کۆڕوکۆبوونەوە زانستیەکانی(المامون)و دواتر ئامۆژگار و مامۆستای ومەسەلەی خەلقی قورئانیان فێرکرد و توانیان بیبەنە سەر ئەوباوەڕەی،کە قورئان دروستکراوە چەشنی هەر دروستکراوێکی تر.[(٥)]**

---

(١) انور الجندي:المؤامرة على الاسلام،ص٢٧، ٣٣؛ناصر العقل:الجهمية والمعتزلة،ص٤٧؛فالح الربيعي:تاريخ المعتزلة،ص٢٩.

(٢) يحيى بن الاكثم:ناوی(ابومحمد،يحيى بن محمد بن قطن بن محمد التميمي المروزي)ەو،لەسەردەمی خیلافەتی(المهدي١٥٨-١٦٩ك/٧٧٥-٧٨٥ز)لەدایکبووەو،لەساڵی(٢٤٢ك/٨٥٧ز)کۆچی دوایی کردوە،خەڵکی شاری(مەرۆ)ی خۆراسان بووە،یەکێك بووە لەزاناو شارەزا بەمەعریفەکانی سەردەمی خۆیو بەهۆی زانستەکەیەوە لای خەڵکی ناسراوبووە،،ناوبراو لەسەردەمی خەلیفە(المامون)دا کراوەتە قازی و پێگەیەکی تایبەتی هەبووەلای و،ڕاوێژی پێ کردوە لەکاروبارەکانیدا،بەلاّم دواتر پەیوەندی نێوان خەلیفەو ناوبراو تێك دەچێت،ئەمەش لەبەرئەوەی بەبوێریەوە بۆچوونی خۆی سەبارەت بەمەسەلەی خەلقی قورئان ئاشکراکرد،کە خەلیفە(المامون)بانگەشەی بۆدەردو،ڕووبەڕووی بوویەوەو وتی،قورئان کەلامی خودایەو هەرکەس بڵێت دروستکراوە،پێویستە پاشگەزببێتەوەو تۆبەبکات،ئەگەریش تۆبەی پێویستە لەملی بدرێت،لەبەرئەم قسانەی،خەلیفە(المامون)لەکۆتاییەکانی ساڵی(٢١٨ك/٨٣٣ز)لەدەسەلاّت دووری خستەوەو،وەسێتیشی بۆخەلیفە(المعتصم)کرد،کەخۆی ناوبراو لەخۆی نزیك نەکاتەوەو دەسەلاّتی پێ نەدات،بۆیە(المعتصم)یش لەپۆستەکەی لایبرد،ئەویش دوورەپەرێزی لەخەڵکی هەڵبژارد تاکو کۆتاییەکانی سەردەمی خیلافەتی(الواثق ٢٣٢ك/٨٤٧ز)،بەلاّم کە خەلیفە(المتوکل٢٣٢ك/٨٤٧ز)هات(يحيى بن الاكثم)ی گەڕاندەوە بۆ پۆستەکەی جارانی،ئەمەش بەپشتگیریی(احمد بن حنبل)،چونکە(ابن حنبل)ناوبراوی لاپەسەندبوو،بۆیە هەمیشە پەسنی دەکرد.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(المسعودي:مروج الذهب،١٩/٤؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،٥/١٢؛ابن خلكان:وفيات الاعيان،١٤٧/٦؛ابي اليعلى:طبقات الحنابلة،٤١٠/١).

(٣) جاراللة: المعتزلة،ص١٦٤؛محمد هدارة:المامون خليفة العالم،ص١٣٦؛بابا سوهەيل:موعتەزیلە،ل١٩٢_١٩٣.

(٤) قاسمي الدمشقي:تاريخ الجهمية والمعتزلة،ص٦٤_٦٥؛حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلام،١٣٢/٢؛محمود الرضواني:البدعة الكبرى،ص٢٥.

(٥) ابن الحجر:لسان الميزان،٨٣/٢؛لي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢١٩؛رابحة نعمان:مشكلة الذات،ص٢١١؛عبدالستار الراوي:ثورة العقل،ص٢٢٣.

**هــــەروەك(المامون)دواى نزيـــك كردنـــەوەى كەســـايەتيەكانى موعتەزيلـــە لـــە خـــۆى بـــەجۆرێك لـــەجۆرەكان كەوتـــەژێر ڕكێفيانەوە(لـــەڕوى بيروبۆچـــوونەوە) و (ابـــن ابـــي دؤاد) و (ثمامـــة بـــن الاشـرس)پێگەيـەكى بالأيـان لاى خەليفـە هـەبوو،[1] هەڵبـەت موعتەزيلـەكانيش ئـەم هەلـەيان قۆسـتەوە و دواى ئـــەوەى بينيـــان خەليفە(المامون)خوليايـــەكى زۆرى بـــۆ مەعريفـــە هەيـــەو موعتەزيلـــەكانى لـــەخۆى نزيـــك كردۆتـــەوە و كـــۆڕو مەجليســـى جـــەدەل ئـــاميز سازوچـــێ دەكـــات و هەرلـــەخودى گـــەورەكانى موعتەزيلـــەى كـــردوە بەمامۆســـتاو هـــاوڕێى خـــۆى و بگـــرە تەبـــەنناى ئايـــدياى موعتەزيلــەكانيش دەكات،بۆيــە هەســتيان كــرد كەشــەكە زۆر لــەبارە بــۆ ســەپاندنى بــيرو بــاوەڕو ئاينزاكـــەيان و ئايـــدياو ئەجێنـــداو باوەڕەكـــانى خۆيـــان بەتـــەواوى لاى مـــەئمون ڕازانـــدەوەو خۆشەويســـت كرد.ئالـــەم كاتـــەدا مـــەئمون ڕێچـــكەو ڕێبـــازى موعتەزيلـــەكانى كـــردە مەزهـــەبى فـــەرمى خيلافــەت و خــەڵكى ناچــار و تــاقيكردەوە بەمەســەلەى خــەلقى قورئــان و كــۆڕى تايبــەتى و جــەدەلى بۆســاز كردبــوو بەمەبەســتى بلأوكردنەوەى،فەرمانيشــى كــرد هەركــەس دژى وەســتايەوە بەنــدبكرێت و داركـــارى بكرێـــت و موچـــەكەى بـــبڕن و ئەگـــەر پێويستيشـــى كـــرد بيكـــوژن[2] (دەســـتكردن بـــە تاقيكردنەوە تامردنى خەليفە مەئمون باشترين وێناى سەلمێنەرى گوتەكانمانە).**

**وێـــڕاى ئەوانـــەى باسمـــانكرد هەنـــدێك لەمێـــژوو نـــووس و توێـــژەران پێيانوايـــە دەركـــەوتنى مەســـەلەى خـــەلقى قورئـــان بـــەزەقى دەگەڕێتـــەوە بـــۆ گرنگـــى پێـــدانى خەليفـــەكان بـــە گروپـــى موعتەزيله،چــونكە خەليفــەكانى عەباســى پاڵپشــتيان لــە موعتەزيلــەكان دەكــرد و لــەخۆيان نزيــك كردنــەوە بەمەبەســتى بــەكارهێنانيان لــە دژايــەتى و ڕوبەڕوبوونــەوەى( زەندەقــە)دا،[3] بۆيــە ئەومافــە بــەخۆمان دەدەيــن بڵــێين لەســەرەتادا موعتەزيلــەكان مەســەلەى خــەلقى قورئــان و كــۆنى و ئــەزەلييان دژى گروپێكــى مەســيحيەكان بەكارهێنا،كــەبڕوايان بە(ئەزەليــەتى كەليمــە) واتا(مەســيح)هەبوو،[4] جــا كـۆنى قورئـان كـە كـەلامى ئيلاهيـە(لاى ئـەهلى ئـەهلى سـوننە)هاوشـێوەى بـاوەڕى كـۆنى و ئەزەليـەتى كەليمــەى مەســيحيەكان بوو(ئەمــە بــە بــاوەڕو تێــڕوانينى موعتەزيلەكان)،بۆيــە موعتەزيلــەكان بۆئــەوەى يــەك لەپايــەكانى ئــەركانى بــاوەڕى مەســيحيەكان جــێ لــەق بكــەن و هەڵوەشــێننەوە،(كە پێيــانوابوو مەســـيح كەليمـــەى ئـــەزەلى خودايـــە)تيۆرەى خـــەلقى قورئانيـــان هێنايـــە بەرباس،بەمـــەش ئەگـــەر بگوترێـــت قورئـــان دروســـتكراوە،كەواتە دەبێـــت بگوترێت(مەســـيح)يش دروســـتكراوە،[5] بـــەم لێكچـــواندنەش موعتەزيلـــەكان ويســـتويانە ئەزەليەتى(مەســـيح)ڕەت بكەنەوە،ئەمـــەش ئـــەو ڕاســـتيە**

---

[1] الشهرستاني:الملل والنحل،٧٨/١؛جاراللة:المعتزلة، ص١٦٢؛بابا سوهەيل:موعتەزيلە،لا١٩٠.

[2] المسعودي:مروج الذهب،٢٤٩/٢؛محمود اسماعيل:الحركات السرية،ص١١٣؛علي احمد:تاريخ الفكرالعربي الاسلامي،ص٧٢؛ناصر العقل:الجهنية والمعتزلة،ص١٣٧.

[3] نجلاءلطفي:الفرق والمذاهب،ص٨١_٨٢ ؛محمدابو زهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٢،هەروەها بۆ زانيارى زياتر لەسەر زەندەقە و ڕووبەڕوو بوونەوەيان لە لايەن خيلافەتەوە بڕوانە:(كەيوان ئازاد ئەنوەر:زەندەقە،لا١٧١_٢٦٠).

[4] محمدعمارة:المعتزلة والمشكلة،ص٥٨؛احمد علي زهرة:الكلام والفلسفة،ص٩٤؛عبدالحكيم العبد:علم الكلام في الاسلام،ص٤٨.

[5] بڕوانە:(القاضي عبدالجبار:شرح الاصول الخمسة،ص٢٩١؛علي عبدالفتاح المغربي:الفرق الكلامية الاسلامية،ص٢١٩؛احمد شوقي:المعتزلة في البغداد،ص٥٩).

دەخاتــە ڕوو کەموعتەزیلــەکان لەبەراییــەکانی تەمەنیانــدا ئامــانج و مەبەســتیان پاراســتنی عەقیــدە و بیروباوەڕی کۆمەڵگای ئیسلامی بووە.

ئەمەوهەنــدێکی دیکــە لەمێژوونووســان ئامــاژە بــەوە دەکەن،کەمەســەلەی خــەلقی قورئــان لەژێرکاریگــەری جولەکــەدا دەرکەوتووە،ئــەوەتا(ابــن الاثــیر)بــاس لــەوە دەکــات کــە(ابــن ابــي دؤاد)بــانگخوازی مەســەلەی خــەلقی قورئــان و باوەڕەکــانی دیکــەی موعتەزیلە،بیروبۆچــوون و تێڕوانینــەکانی لــە(بشــر المریســي)ەوە وەرگرتووە،ئــەمیش لــە(جهم بــن صــفوان)و ئــەویش لە(جعــدبن درهــم) و (جعــد)یش لــە(ابان بــن سمعان)ەوە،ئــەمیش لــە(طــالوتي خوشــکەزای لبیــد بــن اعصــم)ەوە (طــالوت)یــش لــە(لبیــد بــن اعصــم الیهــودي)ەوە وەری گرتووە،کــە کــاتی خــۆی جــادووی لــە پەیامبــەر(د.خ)کردوە،جا ئەم(لبیــد)ە بانگەشــەی بــۆ خــەلقی تــەورات دەکــرد،[1] بــەڵام بەبۆچــوونی ئێمــە ئــەم ڕایــە لاوازە،چــونکە ئەگــەر ســەرەتای بانگەشــەی خــەلقی کتــێبی خــودا لە(لبیــد)ەوە سەرچــاوەی گرتبێت،بــاوەڕپێکردنی هەنــدێك قورســە،کە ئەوکاریگەریــە تــا دووســەدە دوای خــۆی هــەربمێنێت و بــەردەوامی هــەبێت و دواتــر لەســەر هــەمان بــاوەڕی نــاوبراو جیهــانی ئیســلامی بەپرســێکی فەلســەفیەوە سەرقاڵ بکرێت.

## خەلیفە مەئمون و مەسەلەی خەلقی قورئان

## ( ۱۹۸_۲۱۸ك/۸۱۳_۸۳۳ز)

وەکــو پێشــتر باسمــانکرد تیــۆرەی خــەلقی قورئــان مێژوویــەکی لــەوە کــۆنتری هەیە،کــە لەســەردەمی خەلیفــە(المامون)دا دەرکەوتبێت،بــەڵکو لەســـەردەمی(المامون )دا تیـــۆرەی خـــەلقی قورئـــان کۆڕومەجلیســی جــەدەلیاتی بــۆ ســازدەکرا و خــودی خەلیفــەش چــووە ســەرهەمان باوەڕ،ئەمــە وایکــرد کێشــەی نێــوان فەرموودەناســـان و زانایــانی کـــەلام لەســـەردەمی(المـــامون و المعتصـــم و الواثـــق)دا چەشــنی جــۆرە مــۆدێلێکی جــەدەلیات بــەزەقی دەربکەوێت،لەئەنجامیشــدا مەســەلەی خــەلقی قورئــانی لــێ هاتــە پەیدابوون،کــە گــەورەترین دیــاردەی نــاکۆکی نێــوان دووچــینی ناوبراوبوو.کــاتێکیش خەلیفــە مـــەئمون تەبـــەنناى تیـــۆرەی خـــەلقی قورئـــانی دەکرد،کۆمـــەڵگای ئیســـلامی دابەشـــبوو بەســـەر ئەودووگروپەی ناومان هێنان:-

۱-گروپێکیــان ســەر بەخەلیفــە بوون،کەپێکــەوە لەســەربیروباوەڕی موعتەزیلــەکان بــوون و ســیفاتی کــەلامیان لــەزاتی ئیلاهیــدا ڕەت دەکــردەوە و قورئانیــان بەدروســتکراوی خــودا دەزانــی و هەرکەســیش جگە لەوەی بگوتایە بەبێ باوەڕوشایستەی شمشێر و مردنیان دەزانی.

۲-لەبەرانبەریشــدا گروپــی فەرموودەناســان وفەقیهــەکان و خەڵك،لەســەروی هەموشــیانەوە(احمد بــن حنبل)،ســوربوون لەســەر بــاس نــەکردنی مەســەلەی خــەلقی قورئــان و قورئانیشــیان بــە کــەلامی زاتــی و ئــەزەلی ئیلاهــی و دروســتنەکراو دەزانــی.[2] بێگومــان لــەم ململانێیانــەدا موعتەزیلــەکان ســەرکەوتنیان

---

[1] الکامــل في التــاریخ،٥/٢٩٤؛هــەروەها بڕوانــە:(الســفاریني:لوامع الانــوار،٢٣/١؛انــور الجنــدي:المؤامرة في الاســلام،ص٢٧؛ســالم الثقفي:مفاتیح الفقه الحنبلي،١٨٩/١ ، ٢٠٣؛رشیدالخیون:جدل التنزیل،ص١٠٣).

[2] ابن الجوزي:المنتظم،١٨/١١؛محمودالرظواني:البدعةالکبری،ص٣١_٣٢؛احمدامین:ضحی الاسلام،١٣٦/٢_١٣٧.

بەدەسـت هێنا،چـونکە خـاوەن دەسـەڵات و هـاوڕێ و نزیکـی خەلیفـە بـوون و خەلیفـەش هاوسـەنگەر و بیریان بوو دژی گروپی دووەم.

بـەڵام دەبـێ ئـەوەبزانین بـەیانکردن و مانیفێسـت کردنـی وەهـا بابـەتێك كـارێكی هـەروا ئاسـان نـەبوو بۆخەلیفـە و موعتەزیلـەکان و لاگیرەکانیان.ئـەوەتا هەنـدێك لـە مێژوونووسـان ئـەو ڕاسـتیەمان پیشـان دەدەن و دەڵـێن:(دوای ئـەوەی مـەئمون و موعتەزیلـەکان لەیـەکتر نزیکبوونـەوە و مـەئمون خـەلقی قورئـانی لێوەرگرتن،دەیویسـت بـەیانی بکات،بـەڵام بـوێری بـەیان کـردن و بانگەشـەکردنی نـەبوو بەشـێوازێکی ئاشـکرا لای خـەڵکی و ڕعیەتەکەی،ئەمـەش لەبەرئـەوەی بەغـداد و ناوچـەکانی دیکـەی جیهـانی ئیسـلامی پڕبـوون لـە زانایـانی ئـەهلی سـوننە و فـەرمودەناس و فەقیهـەکان و لاگیرەکانیان،هـەروەك پـێش ڕاگەیانـدنی مـەئمون چـەندجارێك گوتبـوی(من لـەوە دەترسـم کـە تیـۆرەی خـەلقی قورئـان بـەیان بکـەم و ڕەت بکرێتـەوە، ئەوکاتـەش خـەڵکی جیاوازیـان تـێ دەکـەوێت و ئـاژاوە سـەرهەڵدەدات،منیش ڕقـم لەئاژاوەیـە)،[1] ئەمـەو هەنـدێکیش دەڵـێن تیـۆرەی خـەلقی قورئـان لـەئاوەزو زهنیـەتی خەلیفـە(المامون)دا دەخولایـەوە بۆماوەیـەکی زۆر و تـەنها لـە دانیشـتنە تایبەتیەکانیـدا گفتوگـۆی لـەبارەوە دەکرد،پاشـان لەسـاڵی(٢١٢ك/٨٢٧ز)بـاوەڕی خـۆی لـەم بارەیـەوە دەرخسـت،بەڵام خـەڵکی ناچـارو تـاقی نـەکردەوە بـەم پرسـە تاسـاڵی(٢١٨ك/٨٣٣ز)[2] بـەڵام تـەواوی مێـژوونووس و لێکۆڵـەرانی ئـەم بـوارە کـۆڕان لەسـەر ئەوەی،کـە خەلیفـە(المامون)لـەم سـاڵەدا ئـەم پرسـەی مانیفێسـت کـردوە و نامەیـەکی ئاراسـتەی کاربەدەسـتەکەی بەغـداد(اسـحاق بـن ابـراهیم الخزاعـي)کـردوەو فـەرمانی بەتاقیکردنـەوەی دادوەر و کاربەدەسـت و زانـاو فەقیهـەکان و ئـەهلی مەعریفـە کـردوە بەمەسـەلەی خـەلقی قورئـان،[3] دواتـریش وێنەیـەکی لەونامەیـەی بۆتـەواوی ویلایـەت و ناوچـەکانی جیهـانی ئیسـلامی نـاردو فـەرمانی بـەوالی و کاربەدەسـتەکان کـرد ئـەو کارانـە بەرامبـەر دادوەرو کاربەدەسـتەکانیان ئەنجامبـدەن کـە والـی بەغـداد بەرامبـەر دادوەر و کاربەدەسـتەکانی خـۆی ئـەنجامی داوە، [4] هەروەك(المامون)سـەرەتا چـەند کەسـێکی دەستنیشـان کـردو داوای کـرد بینێـرن بۆلای،ئـەوانیش(محمـد بـن سـعدالواقدي) و (ابومسـلم المسـتملي) و (یزیـد بـن هـارون) و (یحیـی بـن معـین) و (ابـو خیثمـة) و (زهـیر بـن حـرب) و (احمـد بـن ابـراهیم الـدورق)بوون،کەهـەموویان لەلایـەن (اسـحاق بـن ابـراهیم)ەوە ڕەوانـەی لای خەلیفـە (المـامون) کـران کـە ئـەوکات لەشـاری

---

[1] ابن الجوزي:المناقب،ص٣٨٦؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٣٧/١١؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٦٨/١.

[2] الطبري:التـاريخ،٢٧٩/١٠؛ناصـر العقل:دراسـات في الاهـواء،ص٢٦٥؛محمـدابو زهرة:تـاريخ المـذاهب الاسـلامية،ص١٤٢_٤٦٢،١٤٣؛رابحـة النعمان:مشكلة الذات،ص٢١٥؛محمد هدارة:المامون خليفة العالم،ص١٣٦.

[3] ابـن ابـي العز:شـرح العقيـدة الطحاويـة،ص٥٤٠_٥٤١؛قاسمي:تـاريخ الجهميـة والمعتزلـة،ص٦٥؛انـور الجنـدي:المؤامرة في الاسـلام،ص٢٦؛محمـد ابـوزهرة:ابن حنبـل،ص٤٨؛ابـراهيم ايوب:تـاريخ العباسـي،ص٩٠؛محمودالرضـواني:البدعة الكـبرى،ص٢٦_٢٧، ٣٣.

[4] ابن تغري بردي:النجوم الزاهرة،٢١٩/٢؛احمد شوقي:المعتزلة في البغداد،ص٦٠.

(الرقــة)بوو،هەرلەوكاتــەدا مــەئمون هــەموياني بەمەســەلەی خــەلقی قورئــان تــاقی كــردەوە[1] ، ئــەوانيش بەناچــاری دانيــان بــەوەدانا كــە قورئــان دروســتكراوە،بۆيە (المــامون) هــەموياني گەڕانــدەوە بــۆ بەغــداد و فــەرماني بەواليەكــەی كــرد كەلەناوخەڵكــدا بــڵاوی بكەنــەوە كــە فەرمودەناســان دانيــان بەخەلقيــەتی قورئانــدا ناوە،(اســحاق بــن ابــراهيم)يش فەرمانەكــەی (المــامون)ی بــەجێ گەيانــدو لــەماڵەكــەی خۆيــدا كــــۆی كردنــــەوە بــــەئامادەبووني زانايــــاني فــــەرمودەناس و كەســــايەتيەكان و ئــــەوەی ڕاگەياند،كەهــەموويان دانيــان بەخەلقيــەتی قورئانــدا نــاوە بێشــك ئــەم كارەی(المــامون)بۆ پاڵپشــتی پەيداكردن بووە بۆ باوەڕە نوێيەكەی.[2]

ئــەم گێڕانــەوە مێژووييــە پێمــان دەڵێــت لــەم ســاڵە بــەدواوە چــيتر مەســەلەی خــەلقی قورئــان تــەنها وەكــو تيۆرەيــەك نەمايەوە،بــەڵكو پێــی نايــە قۆنــاغی مانيفێســت كــردن و ســەپاندندا،بۆيە فــەرماني بەكاربەدەســــتەكەی كــــرد هــــەموو ئەوانــــەی دان بــــەوەدا دەنێن،كــــە قورئــــان نــــوێ و داهــــات و دروســتكراوە(محــدث ومخلــوق)ئــەوا وازی لــێ بهێــنن، ئەگــەر دانيشــيان پێــدا نــەنا ئــەوا ســزای ســەخت چــاوەڕێيانە،ئەمەش بــە جۆرێــك لــەجۆرەكان دەمــارگيری مــەئمون دەردەخــات بــۆ ئــەم پرســەو ديوانێكيشــی بــەناوی(ديــوان المحنــة)بــۆ دامەزراند،بۆيــە زۆريــك لــەزاناكان لەترســی ئەشــكەنجە دانــدا بەرابــووني خۆيــان بەمەســەلەی خــەلقی قورئــان دەرخســت و هەندێكيشــيان دژی وەســتانەوە،[3] هەرلــەم بارەيــەوە هەنــدێك ئامــاژە بەوەدەكــەن هەركەســێك وەڵــامی مــەئموني نەدايەتــەوە لەهەمبــەر پرســی قورئــان لەكارەكــەی دوردەخرايــەوە و ســزا دەدرا،ئەگەرمانگانەشــی هەبوايــە لــە(بيت المــال) دەيانبڕی،ئەگــەر مــوفتيش بوايــە چــيتر بــۆی نــەبوو فــەتوا بــدات ئەمــە ســەرباری تــەكفير كــردن و لێــدانيان،[4] ئەمــەش پيشــاندەری ئــەو ڕاســتيەيە كــە خەليفە(المامون)دەيويســت بيروبــاوەڕوو تێڕوانيەنــەكاني خــۆی كەلەهــەمان كاتــدا هــی موعتەزيلــەكانيش بــوو لەگــەڵ تيــۆرەی خــەلقی قورئانــدا بــەبێ جــەدەل و گفتوگــۆ بەســەر زانــا و فەقيهــەكان و ئەوانــەی لەبيركردنــەوەدا لەئــەو ناچــن بســەپێنێت، ئەمــەش تائەندازەيــەكی زۆر ســيمای تۆتاليتاريــەتی تــاك بــاوەڕی تيــادا بەديدەكرێت،هەرچــەندە ئەوخوازەيەی(المامون)بــەدی نەهات،چــونكە هەنــدێك لــەزانايان و لەســەرووی هەمووشــيانەوە (احمــد بن حنبل)دژی بيروباوەڕو تيۆرەكانيان وەستانەوەو بەبێباوەڕيان هەژماردەكرد.

ئەمەو(المامون)لەنامــەی يەكەميدا،كــە بۆ(اســحاق)ی نــارد تيايــدا بەرپرســيارێتی خەليفــەی لەپاراســتنی ديــن و دوورخســتنەوەی لەتێكــەڵ بــووني هــەربيروباوەڕێكی ناتەندروســت خســتۆتە

---

[1] الطبري:التــاريخ،٨/٦٣٤؛ابــن الاثير:الكامــل،٣/٦؛رشــيدالخيون:جدل التنزيــل،ص١٢٢؛مصــطفى الشــكعة:الائمة الاربعــة،١٣٠/٤؛مجيــد حميدمجيد:ئەحمەدی كوڕی حەنبەل،ل٤٨.

[2] ابــــن الجــــوزي:المنتظم،١٥/١١_١٨؛ابــــن الكثير:البدايــــة وانهايــــة،٢٠٨/١٤_٢٠٩؛الســــيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٤٩٠؛جارالله:المعتزلة،ص١٦٧؛جهادخاوەری:ئاورنگی مێژوو،ل١٨٢.

[3] ابــن الاثير:الكامــل،٣/٦؛ابــي الفداء:المختصــر،٣٠/٢_٣١؛ابوريان:تــاريخ الفكــر الاســلامي،ص٣٠٧؛فــالح الربيعي:تــاريخ المعتزلة،ص٢٧؛احمدفريد الرفاعي:عصرالمامون،٣٩٧/١.

[4] ابــن الكثير:البدايــة والنهايــة،٢١١/١٤؛ابــن تيميــة:مجموع الرســائل،١٣٥/٣؛بروانــە(ايهــاب كمــال:الفرق الاســلامية،ص٢٦٠؛عبدالســتار الراوي:ثورة العقل،ص٢٢٨).

**ڕوو،هەروەك دەیویست مەسەلەی یەکتاپەرستی و سیفات و کەلامی ئیلاهی بەتەرزە تەندروستەکەی بەخەڵکی پیشان بدات،ئەوەتا مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن،کە(المامون)لەنامەی یەکەمیدا نوسیوویەتی زۆرینەی خەڵك و ڕەشۆکی خەڵکی ئاسایی و چینەکانی خوارەوە ئەوەی،کە هیچ بیروبۆچون و ڕەئی و تێڕوانین و بەڵگەسازیەکیان لە بەڵگەکانی خودا نیە و هیدایەت نەدراون بۆئەوکار و بابەتانە(واتە شارەزابوون لەقورئان و سوننەت)و زانا نین بە نوری زانست و ئیستدلالات بەڵگەهێنانەوە لەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا؛ئەوانە خەڵکانێکی نادان و ناشارەزان،[1] هەربۆیە وای دەبینی پێویستە بیروباوەڕی گشتەی خەڵك و(مەسەلەی یەکتاپەرستی)ڕاست بکرێتەوەو لەوهاوەڵ پەیداکردن و گومڕاییەی تێی کەوتوون دوریان بخاتەوە(چونکە تەنها خودا بەدیهێنەرەو هەموو ئەوانەی کە جگە لە خودان بەدیهێنراون)،بۆیە وەکو دروستکردنی فشارێك وتی هەرکەس و لایەنێك باوەڕی بەکۆنی و ئەزەلیەتی قورئان هەبێت؛ئەوا خاوەن بیروباوەڕێکی لاوازو ناتەندروستە،هەربۆیە هیچ دادوەرو کاربەدەستێك و شاهیدێك جێگای متمانە نابێت و دادوەری و شاهیدیەکەی وەرناگیرێت مادام هەمان بیروباوەڕی هەبێت،چونکە لەڕووی دینەوە کامڵ نیە تەوحیدیشی پاك نیە،[2] هەرکەسێکیش ئاین و عەقیدەیەکی ناکامڵ و تەوحیدێکی ناتەندروستی هەبێت،شایستەی دادوەری و کارگێڕی کردن نابێت.بۆیە لەنامەکەیدا فەرمان بەکاربەدەستەکەی دەکات کەزاناو فەقیهەکان کۆبکاتەوەو دەست بەتاقیکردنەوەیان بکات و وەڵامەکانیشیان تۆماربکات و بۆی بنێرێت ئەویش دەستی پێکرد.[3]**

**هەروەك(ابن حنبل)و هەندێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن،کەیەکەمین کەسێك تاقیکرایەوە بەم پرسە(عفان بن مسلم الحافظ البصري ٢٢٠ك/٨٣٥ز) بوو،ئەمەش ئەوکاتەبوو کە(المامون)نامەی بۆ والیەکەی بەغداد نارد،(عفان)یش دوای تاقیکردنەوەی دژی مەسەلەی خەلقی قورئان وەستایەوە،لەم کاتەدا(ابن ابي دؤاد) پێی ڕاگەیاند خەلیفە فەرمانی کردوە ئەگەر دان بەخەلقیەتی قورئاندا نەنێت ئەوا بەخششەکانی لێدەبڕن(کە مانگانە ١٠٠٠ دەرهەمی وەردەگرت)،بەڵام (عفان) بەم هەڕەشەیە بیروباوەڕەکانی نەگۆڕی ،[4] وتی:( وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ)،[5] دواتر (اسحاق بن ابراهیم) زاناکانی کۆکردەوە و نامەکەی مەئمونی بەسەردا خوێندنەوە و پاشان دەستی بەئەزموونکردنیان کرد و سەرەتا لە(بشر بن ولید الکندي)ەوە دەستی پێکرد و سەبارەت**

---

[1] بڕوانە:(الطبري:التاریخ،٦٣١/٨_٦٣٢؛السیوطي:تاریخ الخلفاء،ص٤٨٩؛مصطفی الشکعة:الائمة الاربعة،١٢٨/٤؛احمد شوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٦٠؛قدریة عبدالحمید:موقف ابن تیمیة،ص٢٨٩).

[2] بڕوانە:(ابن الجوزي:المنتظم،١٧،٢٠/١١؛صفة الصفوة،ص٦٩٧؛ابن تیمیة:بیان تلبیس الجهمیة،٨١/٢؛عبدالله الترکي:المذهب الحنبلي،٧٢/١؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،ل١٩٦).

[3] الطبري:التاریخ،٦٣٢/٨؛محمد عمارة:المعتزلة ومشکلة،ص٥٧؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص٤٨_٤٩؛احمد محمود الصبحي:في علم الکلام،ص١٣٣.

[4] ابن العماد:شذرات،٩٧/٣؛ابن الجوزي:المناقب،ص٥٣٢،٥٣١؛حارث المحاسبي:العقل فهم القرآن،ص٤١؛جارالله:المعتزلة،ص١٧٢.

[5] الذاریات/ ٢٢.مانای ئایەتەکە **"ڕزق و ڕۆزی ئێوەو ئەو بەڵێنانەشی پێتان دەدرێت لە ئاسمانە".**

بە قورئـان پرسـیاری لـێ كـرد،(بشـر بـن ولیـد الكنـدي)یـش ئامـاژەی بـەوەدا كـە خەلیفـە مـەئمون گوتـەزاو بۆچـونەكانم لـەم بـارەوە دەزانـێ كـەمن بـڕوام وایـە قورئـان كـەلامی خودایـە،[١] لـەم كاتـەدا (اسـحاق) هەسـتی كرد(بشـر)دەیەوێ بەلاڕێیـدا بەرێت،بۆیـە وتـی سـەبارەت بـەوە پرسـیارم لـێ نەكردوی،بـەڵكو دەپرسـم قورئـان دروسـتكراوە یـان نا،بەشـر وتـی(اللَّـهُ خَـالِقُ كُـلِّ شَـيْءٍ)،[٢] پاشـان (اسـحاق) وتـی ئایاقورئـان شـت نیە،ئـەویش لەوەلأمـدا وتـی بـەڵێ شتە،(اسـحاق)یش ئەمـەی بەهـەل زانـی و پێـی وت مـادام شـتە،كەواتە دروستكراوە،(بشر)دیسـان هـەوڵی خۆدەربازكردنیـدا و وتـی نـەخێر دروستكەرنیە،(اسـحاق)یش وتـی پرسـیارم لـەوەها بابـەتێك نەكردوە،(بشـر)یـش لەكۆتاییـدا وتـی لـەوەی كـە گـوتم باشـتر نـازانم تـاكو پێتـان بڵـێم،[٣] بـەلأم دانـی بـە ڕوقعەكـەی(المامون)دا نا،كەفـەرمانی كردبـوو لـە دوای تاقیكردنـەوەی زاناكـان بەسـەریاندا بخوێندرێتـەوەو هەڵوێسـتیان لەبارەیـەوە بزانێـت،[٤] پاشـان یـەك بەیـەك زانـاو فەقیهـەكان تاقیكرانـەوە بـەم پرسـە،زۆرێكیان دژی وەسـتانەوە و هەندێكیشـیان وەلأمیـان دانـەوەو دانیـان بەخەلقیـەتی قورئانـدا نـاو هەنـدێكی تریشـیان چـوونە نێـو جـەدەلێكی كـراوەی مەترسـیدارەوە،[٥] لەوانەش(احمـد بـن حنبل)بوو،كـە نۆبـەتی تاقیكردنـەوەی هـات سـەبارەت بـەقورئان لێیـان پرسـی و ئـەویش بـەوەلأمێكی جیـاوازەوە داخلـی بازنـەی جـەدەلیات بـوو،وتی قورئـان كـەلامی ئیلاهیە(واتـە دروسـتكراو نیـە)و لـەوەش زیاترنـاڵێم،[٦] سـوریش بـوو لەسـەر ڕەتكردنـەوەی تیـۆرەی خـەلقی قورئـان و بـە بیدعـەی لەقەڵـەم دەدا.بێگومـان ئـەم وەلأمـەی(ابن حنبل)بەرمـەبنای ئـەو بڕوایـەی بوو،كـە پێیوابـوو نابێـت سـەبارەت بـە قورئـان هـیچ شـتێك بگوترێت،كەپێشـتر و پێشـینانی خۆمـان قسـەیان لـەبارەوە نەكردوە،بۆیـە دەیگوت(نابێـت بگوترێـت دروسـت كـراوە و ناشـبێت بگوترێـت دروسـتكراونیە،بەڵكو پێویسـتە بگوترێـت قورئـان كـەلامی ئیلاهیـە)،[٧] دواتر(اسـحاق بـن ابراهیم)بـە ڕوقعەكەی(المامون)تاقیكردەوە،ئـەویش لـە وەلأمـدا پێـی گـوت مـن دەڵـێم(لَـيْسَ كَمِثْلِـهِ شَـيْءٌ وَهُـوَ السَّـمِيعُ الْبَصِـيرُ)،[٨] پاشـان ئـەوەی لـە ڕوقعەكـەدا هـاتبوو بە(حـەق و باتـڵ)ەوە ڕەت كـردەوە[٩] ئەمـە موعتەزیلـەكانی بێزاركرد،بۆیـە هـەوڵیان دەدا كاربەدەسـتان

---

[١] ابي الفداء:المختصر،٢/٣١؛ابن الكثير:البداية وانهاية،١٤/٢١٠؛سالم الثقفي:مفاتيح،١/٢٢٣_٢٢٤؛جهادخاوەری:ئاورنگی مێژوو،لا١٨٣.

[٢] الرعد/ ١٦.واتاكەی **"خودا دروستكەری هەمووشتێكە"**.

[٣] ابـن الجـوزي:المنتظم،١١/٢١؛ابـن الاثير:الكامـل،٦/٤؛السـيوطي:تاريخ الخلفـاء،ص٤٩١؛رشـيدالخيون:جدل التنزيل،ص١٢٧؛محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٤٩.

[٤] ڕوقعەكـەی مـەئمون تیایـدا هـاتبوو:(اشـهد ان لا الـه الا الله أحـداً فـرداً، لم يكـن قبلـه شـيء، ولا بعـده شيء،ولايشـبه شـيء مـن خلقـه في معنـى مـن المعـاني،ولا وجـه مـن الوجوه)انظر:(الطبري:التـاريخ،٨/٦٣٨؛ابـن الجـوزي:المنتظم،١١/٢١؛ابـن الاثير:الكامل،٦/٤؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،٤/١٣٤).

[٥] ابن الكثير:البداية وانهاية،١٤/٢١٠_٢١٤؛ايهاب كمال:الفرق الاسلامية،ص٢٦٠؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٢٨.

[٦] ابي الفداء:المختصر،٢/٣١؛ابن الاثير:الكامل،٦/٤_٥؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،١/٧٢_٧٣؛رابحة النعمان:مشكلة الذات،ص٢١٦.

[٧] ابـن العمراني:الانتصـار،٢/٥٧٠؛ابـن الجوزي:المختصـر،٤/١٣٤٤، ١٣٥١؛ابـن تيميـة:مجموع الفتـاوى،٣/١١١_١١٢؛مصـطفى الشكعة:الائمة الاربعة،٤/١٣٥.

[٨] الشورى/ ١١.مانای ئایەتەكە **"هیچ شتێك نیە لەوێنەی ئەو(خودا)نەلەزات و نەلەسیفاتدا،بیسەروبینایە"**.

[٩] الطبري:تاريخ،٨/٦٣٩؛احمد شوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٦٢؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص٥٨؛سالم الثقفي:مفاتيح،١/٢٢٤.

**لـــه(ابن حنبـــل) توڕەبكەن،لەوكاتـــەدا يـــەك لـــەئامادەبوانی موعتەزیلـــە بـــەناوی(ابـــن البكـــاء الاصـغر)بە(اسـحاق)ی وت ئـەی ئـەمیر ئەوە(احمـد بـن حنبل)دەڵێـت خـودا دەبیسـتێت بـەگوێ و دەبـینێ بەچـــاو!بۆیە (اســـحاق) لەمەبەســـتی (احمـــد)ی پرســـی لەهەمبـــەر واتای(بیســـەر و بینـــەری) ئیلاهیەوە؟ئـەویش پێـی گـوت نازانم،تـەنها ئەوەیـە كـەخودی خـودا خـۆی وەسـفی خـۆی پـێ كـردوەو پەیامبەریش(د.خ)باسی لێوە كردوە.[1]**

**ئەمـــەو لەتاقیكردنەوەكـــەدا هـــەرزاناو فـــەقیهێك هەوڵیـــدەدا بەشـــێوازێك خـــۆی لـــە پرســـیارەكان ڕزگاربكات،بۆیـە وەڵامـی یـەك لەئـەزموونكراوان كـەجیاوازبوو لـە وەڵامـی تـەواوی زاناكـانی تـر لەلایـەن مێژوونوســـانەوە گرنگـــی زۆری پێدراوە،ئـــەویش(ابـــن البكـــاء الاكـــبر)بوو،كاتێـــك پرســـیاری لێكـــرا لەهەمبـــەر مەســـەلەی خـــەلقی قورئان،تێڕوانینـــەكانی خـــۆی بـــەوە خســـتەڕوو،كە قورئـــان دانراوێكـــی خودایـــەو بۆگوتەزاكەشـــی دەقـــی پـــیرۆزی(إِنَّـــا جَعَلْنَـــاهُ قُرْآنًـــا عَرَبِيًّـــا)[2] ی بـــە بەڵگـــە هێنایەوە،ئەمـــە سـەرباری ئـەوەی قورئـانی بـە دروسـتكراویش نـاوبرد و ئامـاژەی بـە دەقـی(مَـا يَـأْتِيهِمْ مِـنْ ذِكْـرٍ مِـنْ رَبِّهِـمْ مُحْـــدَثٍ)[3] كـــرد، جا(اســـحاق) ی بەڕێوەبـــەری تاقیكردنەوەكـــە وتیـــدانراوی خـــودا مانـــای (خەلق=دروسـت كـراو)ی خـودا دەگەیـەنێت،(ابـن البكـاء)وتـی بەڵێ،(اسـحاق)وتی كەواتـە قورئـان مەخلوقـە؟ ئـــەویش وتـــی مـــن نـــاڵێم دروســـتكراوە،بەڵكو دانـــراوە[4] بـــەم شـــێوەیە زاناكـــان هـــەمویان تاقیكرانەوەو(اسحاق)یش وەڵامی هەمویانی تۆماركردو پاشان بۆخەلیفە مەئمونی نارد.**

**لێـــرەدا بەپێویســـتی دەزانـــین بڵـــێین لێپێچـــینەوە لـــەناخی مرۆڤـــەكان و ئەشـــكەنجەدانیان لەســـەر گومان،یـــاخود گوتەیـــەك لەســـەردەمی خیلافـــەتی عەباســـیداو تاقیكردنـــەوەی كاربەدەســـت و دادوەرو زاناكـــان و دواتـــر گشـــتەی خـــەڵك،وێنای دادگاكـــانی پشـــكنین(محـــاكم التفتـــیش)ی ئیســـپانیمان بیردێنێتـــەوەو لێكچـــونێكی زۆر لـــەنێوان هـــەردوولادا دەبینرێت(بـــەلاٌم لەلایەكـــەوە لەیـــەك ناچـــن،ئەوەش ئەوەیـــە كـــە لـــە ئـــەوروپای ئـــەو دەمـــە مەســـیحیەكان عەقڵمەنـــدەكانیان ســـزادەداو لێپێچـــینەوەیان لـــێ دەكـــردن و دەیانكوشـــتن،بەلاٌم لـــە دەوڵـــەتی عەباســـیدا عەقڵمەنـــدەكان ســـەلەفیەكانیان دەچەوســـاندەوەو ســـزایان دەدان).كەئەمـــەش بۆخـــۆی ســـەندنەوەی بـــەها مەعریفیـــەكان و لـــەداردانی ئـــازادی بیركردنـــەوەو ئـــازادی بـــاوەڕو ئایدۆلۆجیایـــە لـــەتاكی كۆمەڵگاو،هەوڵدانـــە بۆبـــە یـــەكڕەنگكردنی كۆمـــەڵگاو ســـەپاندنی بیروئایدیای نامۆ بەژینگەی ئەودەمە.**

**هـــەرجۆرێك بێـــت خەلیفـــە(المامون)دوای ماوەیـــەكی كـــەم نامـــەی دووەمـــی بۆكاربەدەســـتەكەی بەغداد(اســـحاق بـــن ابراهیم)ناردەوە،بـــەلاٌم ئـــەمجارەیان تـــوڕەیی خـــۆی بەرامبـــەر زانـــاو فەقیهـــەكان و ئەوانـــەی دژی خـــەلق قورئـــان وەســـتانەوە و بڕوایـــان پێنـــەهێنا دەربـــڕی و فـــەرمانی بەكاردارەكـــەی كـــرد**

---

[1] ابـــن الجـــوزي:المنتظم،٢٢/١١؛ابـــن الكثير:البدايـــة وانهايـــة،٢١١/١٤؛محمودالرضـــواني:البدعة الكـــبرى،ص٥٦؛مجيدحميـــد مجید:ئەحمەدی كوڕی حەنبەل،لا٤٩.

[2] الزخرف/٣.ماناكەشی بەم شێوەیە **"بەڕاستی ئێمە قورئانمان بە عەرەبی داناوە".**

[3] الانبیاء/٢.ماناكەی بەم شێوەیە **"هەرپەیامێكی تازەیان لەلایەن خوداوە بۆبێت(كەقورئانە)ئەوان گاڵتەی پێ دەكەن".**

[4] ابن الاثیر:الكامل،٥/٦؛جاراللە:المعتزلة،ص١٧٠؛رشیدالخیون:جدل التنزیل،ص١٢٨؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا١٩٩.

بازنــەی تاقیکردنــەوەکان فــراوان بکــات و دیســانەوە زاناکــان تــاقی بکاتــەوە بــەم پرســە،[1] ئەگــەر ئــەزموونکراوان ســـووربوون لــەهاوەڵ پەیــداکردن و بێباوەڕیەکــەیان و دانیــان بەخەلقیــەتی قورئانــدا نەنا،ئــەوکات هــەموویان ڕەوانــەی لای مــن بکــە بەپاســەوانی و چــاودێری کردنێکــی تونــدەوە تائــەوەی دەگەنــە ســەربازگەکەم،ئەوکات ئەگــەر پەشــیمان نەبنــەوە ئــەوا بەشمشــێر لــەناویان دەبــەم،[2] ئەگــەر لــەم گێڕانــەوە مێژووییــە وردبینــەوە دەبیــنین ئــەم دڕدۆنگیــەی خەلیفــە مــەئمون لــەوەوە سەرچــاوەی گرتبــوو کــە خــەلقی قورئــانی هێنــدە بــەبیروباوەڕێکی تەندروســت و حــەق دەزانــی و لای وابــوو بــیروڕای موعتەزیلــەکان خــودی تەوحیدن،سەرســوڕمانی خــۆی لەئاســت ئــەوانی دی دەردەبــڕی دەیگــوت چــۆن دەڵــێن لەژێرپەرچــەمی ئیمــان و بــاوەڕی ئیســلامیداین لەکاتێکــدا تیــۆرەی خــەلقی قورئــان ڕەت دەکەنـــەوە؟! ئەوکەسانەشـــی بـــەئینکارو درۆزن وەســـف دەکـــرد،[3] چـــونکە(المامون)بەوپەڕی بڕوابوونــەوە بەڵگــەی(إِنَّــا جَعَلْنَــاهُ قُرْآنًــا عَرَبِيًّــا)،[4] ڕووی لــەزاناو ئــەزموونکراوان دەکــرد و دەیگــوت هـــەموودانراوێکی خـــودا هـــەمان دروســـتکراو(خەلق)ی خودایە،بەواتا(جعل)لـــە دەقەکـــەدا بەمانای(خلق)هاتووە،بــەم پێیــەش بێــت کەواتــە قورئــان دروســتکراوە،هەروەك دەیگــوت(الــر كِتَــابٌ أُحْكِمَــتْ آيَاتُــهُ ثُــمَّ فُصِّــلَتْ مِــنْ لَــدُنْ حَكِــيمٍ خَــبِيرٍ)،[5] هــەموو شــتێکی ڕێکوپێــك پێویســتی بــە ڕێکوپێککارێــك هەیــە،خوداش قورئـــانی بـــەڕێکوپێکی و وردو درشـــتیەوە دانـــاوەو ڕوونیشـــی کردۆتەوەوناڕوونی تێدا نیە،چونکە هەر خۆی دروستکەرو داهێنەرێتی.[6]

ئــەم تێڕوانینانــەی(المامون)وای لێکــرد زۆر توڕەبێــت لــەزاناکان و بەتایبــەت(بشــر بــن ولیــد)و (ابــراهیم بــن مهــدي)،بۆیــە فــەرمانی بە(اســحاق)کرد دیســانەوە تاقیــان بکاتــەوە بەمەســەلەی خــەلقی قورئان،ئەگــەر بڕوایــان پــێ نــەهێنا ئــەوا لــەملیان بدە،بــەلاّم ئــەوانی تــر ئەگــەر بڕوایــان پــێ نــەهێنا بــە کــۆت و بەنــدەوە ڕەوانــەی لای منیــان بکــە بۆســەربازگەکەم،[7] ئەمــە ســەرباری ئــەوەی لەهــەمان نامەیــدا ســـوکایەتی بەکەســـایەتی تـــەواوی ئـــەو زانایانـــەی کـــە بڕوایـــان بەخـــەلقی قورئـــان نـــەهێنا،کرد و هەنــدێکیانی بــە موشــریك و هەنــدێکی دیکــەیانی بــە نــەفام و نــادان و هەندێکیشــیانی بــە ڕیبــاخۆر و کۆیلەی دینار و دیرهەم ناوبردوە،ئەمەسەرباری هەڕەشە لێ کردنیان.[8]

---

[1] الطبري:التاريخ،٦٤٤/٨؛ابن الجوزي:المنتظم،٢٣/١١؛جارالله:المعتزلة،ص١٧٠؛محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٥٦_٥٧.

[2] ابـن الجوزي:مناقـب،ص٣١٠؛ابـن كثير:البدايـة والنهايـة،٢١٢/١٤؛محمـدابوزهرة:تاريخ المـذاهب الاسـلامية،ص١٤٤؛احمـد شـوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٦٤.

[3] ابوريان:تاريخ الفكرالفلسفي،ص٣٠٧؛محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٣٤؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٩٨.

[4] الزخرف/٣.ماناکەی**"بەڕاستی ئێمە قورئانمان بە عەرەبی داناوە".**

[5] **هــود/١.بــەواتای"بە(ئەلیف،لام،ڕا)دەخوێندرێتەوە،ئەمــە کتێبێکــە ئایەتــەکانی پتــەو داڕێژراوە،پاشــان لەلایــەین خــودای کاردروستی زاناوە ئایەتەکانی ڕوون کراونەتەوە".**

[6] الطبري:التاريخ،٦٣٢/٨؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٤٨٩؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٢٨/٤_١٢٩.

[7] بڕوانە:(ابن الاثير:الكامل،٥/٦؛ابي الفداء:المختصر،٣١/٢).

[8] بڕوانە:(الطبري:التاريخ،٦٤١/٨_٦٤٣؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٤٩١_٤٩٣؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص٥٩_٦٤).

**بۆیه دیسان(اسحاق)زاناکانی کۆکردەوەو دوای خوێندنەوەی نامەکەی(المامون)بەسەریاندا، وەکو جاری یەکەم زاناکانی تاقیکردەوە،بەلاّم ئەم جارەیان زاناکان لەترسدا و لەژێر فشاری کوشتن و تۆقاندتدا بڕوابوونی خۆیان وەکو (تەقیە) بەخەلقیەتی قورئان ڕاگەیاند تەنها چوار زانایان نەبێت،[1] ئەوانیش(احمد بن حنبل)و(محمد بن نوح) و (القواريري) و (سجادة)بوون،بەلاّم دوای ئەوەی کەوتنە بارودۆخێکی تەواو نەخوازراوەوە و بە زنجیر کۆت و بەندکران،هەریەك لە(القواريري) و (سجادة)لەدووکات و جەدەلی جیاوازدا بڕوایان بە خەلقیەتی قورئان هێنا،[2] بەلاّم هەریەك لە(احمد بن حنبل) و (محمد بن نوح)سووربوون لەسەر گوتەزاکانی خۆیان لەهەمبەرخەلقی قورئان،کە پێیانوابوو قورئان کەلامی خودایەو دروستکراونیەو وەلاّمی داواکەی خەلیفەو والیەکەیان نەدایەوە،(اسحاق)یش بەندی کردن و ئامادەی کردن بۆگواستنەوەیان بەرەو لای خەلیفە مەئمون لە(طرطوس)[3]،[4] پاشان(اسحاق) هەردوو زاناکەی بەزنجیر کۆت کرد و بەرەو سەربازگەکەی(المامون)لە(طرطوس)بەڕێی خستن،جالەڕێگەدا ( احمد بن حنبل)هەرنزای دەکرد چاوی بە خەلیفە(المامون)نەکەوێت،تائەوەبوو کەنزیك بونەوە لەسەربازگەکەی(المامون)هەواڵی مردنی(المامون ٢١٨ك/٨٣٣ز)یان پێ گەیشت.[5]**

**هەروەك دەگێڕنەوە لەکاتی ئامادەکردنیاندا بۆگواستنەیان،(محمد بن نوح) بە(احمد بن حنبل)ی گوت دەبینی چۆن باتڵ سەرکەوت و زاڵ بوو بەسەر حەقدا؟ئەویش لەوەلاّمدا وتی نەخێر هەرگیز ئەوەی تۆ دەیڵێی وانیە،سەرکەوتنی باتڵ بەسەر حەقدا ئەوەیە،کە دڵی مرۆڤەکان بگۆڕدرێت لە هیدایەتەوە بۆ گومڕایی و سەرلێشێوان،دڵی ئێمەش تائێستا لەسەر حەقە و لەگەڵ حەقدایە و نەگۆڕاوە،بۆیە باتڵ سەرنەکەوتووە.[6] هەروەها لەڕێگایاندا بەرەو لای خەلیفە(المامون)، پیاوێکی دەشتەکی بەناوی(جابر بن عامر)پێیان گەیشت و بە(ابن حنبل)ی وت**

---

[1] ابن الجوزي:المنتظم،٢٤/١١؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٢١٢/١٤؛احمد فريد:من اعلام السلف،٢١٨/٢؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٢٥/١؛محمد هدارة:المامون خليفة العالم،ص١٤٠؛مجيدحميدمجيد:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،لا٥٠.

[2] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٢٠؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٣٨/١١؛انور الجندي:المؤامرة في الاسلام،ص٢٧؛محمد ابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٤؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٧٣/١؛جهادخاوەری:ئاورنگی مێژوو،لا١٨٤.

[3] طرطوس:شارێکی گەورەو سەرنج ڕاکێشی ولاّتی شام بووە،ناوچەیەکی سنووری(الثغور)بووەو،کەوتۆتە نێوان شارەکانی(انطاكية)و(حلب)و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمە بیزەنتەکانەوە لەکەناری دەریای ناوەڕاست،بۆیە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی بیزەنتەکاندا بووە،هەربۆیە سەربازگەیەکی گەورەی سوپای خیلافەتی ئیسلامی تێدابووە،کاتێکیش خەلیفە(الرشيد)چووە ئەو شارەوە،دەستیکرد بەنۆژەنکردنەوەی،ئەودەمەی خەلیفە(المامون)یش بڕیاری تقیکردنەوەی زاناکان دا،بەمەسەلەی خەلقی قورئان و داوای زاناکانی کرد،لەم شارەوە نامەکانی بۆ(اسحاق بن ابراهيم)ی کاربەدەستی بەغداد ناردو،دواتریش هەرلە(٢١٨ك/٨٣٣ز)هەرلەوشارەکۆچی دوایی کرد.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(الاصطخري:المسالك والممالك،ص٦٤؛المقدسي:احسن التقاسيم،ص١٥٢_١٥٣؛ياقوت الحموي:نعجم البلدان،٢٨/٤؛ابن كثير:البداية والنهاية،٢١٢/١٤؛ابن الجوزي:المنتظم،٢٣/١١).

[4] الطبري:التاريخ،٦٤٤/٨؛بڕوانە:(ابي الفداء:المختصر،٣١/٢؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٢٦/١؛احمد فريد الرفاعي:عصرالمامون،٣٩٧/١).

[5] ابن الجوزي:المنتظم،٢٤/١١؛ابن الاثير:الكامل،٥/٦؛بڕوانە:(ابولبابة:موقف المعتزلة،ص٥٦)؛باقرياسين:مێژووی خوێناوی عێراق،لا٩٩.

[6] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٢١؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٣٣٢/١٤؛محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٥٩؛رابحة النعمان: مشكلة الذات،ص٢١٦.

ئەمڕۆ تۆ نوێنەرو گەورەی خەڵکیت بۆیە ڕەشبین مەبە و وەڵامیان مەدەوە،چونکە دواتر گوناهی خەڵکی لەقیامەتدا لەگەردنی تۆدا دەبێت و ئەگەر خودات خۆش دەوێت ئارام بگرە،چونکە لەنێوان تۆ و بەهەشتدا تەنها کوشتنت هەیە،نەشکوژرێیت هەردەمریت،ئەگەر ژیانیشت باقی بێت و بمێنیت ئەوا سەربەرزانە دەژیت،جا(احمد)دەڵێت قسەکانی ئەو پیاوە زۆر کاریگەربوون بۆم و ورەی بەرزکردمەوە کەوەڵامیان نەدەمەوە بۆئەوەی بانگم دەکەن بۆی.[1]

ئەم گێڕانەوەیە پیشاندەری ئەوەی کەئەهلی سوننە دەستبەرداری زاناکەیان نەبوون وهەردەم هانیان دەدا بۆخۆڕاگرتن لەو نەهامەتیانەی،کە بەسەریدا دەهات و سۆزی خۆیان بۆدەردەبڕی،ئەمەسەرباری ئەوەی ویستوویانە بەچەند گێڕانەوەیەک وێنای پاڵەوانێك بە(ابن حنبل)ببەخشن،ئەوەتاهەندێك لەمێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن،کەئەودەمەی (شافیعی)لە(میسر)بووە پەیامبەری(د.خ)لەخەونـدا بینیوە و پێی گوتووە سڵاوی مـن بە(احمد بن حنبل)بگەیەنەو ئاگاداری بکەوە،کە تاقی دەکرێتەوەو بانگ دەکرێت بۆ باوەڕهێنان بەخەلقی قورئان،باوەڵامیان نەداتەوە،خودا بەزانستەکەی بەرزی دەکاتەوە تاوادەی لیقا.[2] ئەمە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەرخەری ئەوەیە ئەهلی سوننە ویستویانە لەم ڕێگەیەوە شەرعیەت بە گوتەزاکانی خۆیان لەهەمبەر خەلقی قورئان بدەن و نادروستی تیۆرەی خەلقی قورئان بسەلمێنن،هەروەك دەیانەوێ لەوڕێگەیەوە (ابن حنبل)بکەن بەپاڵەوانێکی ئەفسانەیی ئەو جەدەلەی لەنێوان حەنبەلیەکان و نەیارەکانیاندا هاتۆتە کایەوە.

---

[1] الذهبي:سير اعلام النبلاء،٢٣٩/١١؛ابن العساكر:تاريخ الدمشق،٣١٣/٥؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٢٦/١.

[2] ابن الجوزي:المناقب،ص٤٤٥؛ابن الكثير:البداية وانهاية،٣٣١/١٠؛مجيدحميدمجيد:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،لا٤٥_٤٦.

## تەوەری سێیەم: قۆناغی جەدەلیاتی کردەیی

### یەکەم: سەردەمی خەلیفە (المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز)

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کاتێك خەلیفە مەئمون کۆچی دوایی کرد،(احمد بن حنبل) و (محمد بن نوح) لە(ڕەقە)زیندانی کران،پاشان(المعتصم٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز)ی برای جێگەی گرتەوە،بۆیە لەسەر فەرمانی خەلیفە(المعتصم)هەردوو زاناکەیان لە(ڕەقە)وە گەڕاندەوە بۆ بەغداد و لە ڕێگادا(محمد بن نوح) کۆچی دوایی دەکات،[1] و (احمد بن حنبل)یش لەسەرفەرمانی (المعتصم) کەفەرمانی کردبوو بەبەندکردنی بە کۆتکراوی و ئەشکەنجەدانەوە،بۆیە لە دێیەکی نزیکی بەغداد کەناوی(الیاسریة)بوو بەتەنها زیندانی کرا و لەوێدا مایەوە تا دواتر گواستیانەوە بۆ بەندیخانەی بەغداد و لەوێدا(٢٨)مانگ مایەوە تاساڵی(٢٢٠ك/٨٣٥ز).[2]

ئەمەش بەو واتایەی گێڕانەوەی مێژوو نووس و توێژەران دێت،کەئاماژە بەوە دەکەن کاتێك خەلیفە (مامون ٢١٨ك/٨٣٣ز) کۆچی دوایی کرد و(المعتصم ٢١٨_٢٢٧ك/٨٣٣_٨٤١ز)گەیشتە پایەی خیلافەت،ئەمیش هاوشێوەی (المامون)ی برای(ابن حنبل) و زانایانی دیکەی بە مەسەلەی خەلقی قورئان تاقیکردەوە،[3] هەروەك ئاماژە بەوەش دەکەن،کە(المعتصم)لەسەر وەسێتی مەئمونی برای درێژەی بەتاقیکردنەوەی خەڵکی لەهەمبەر ئەم پرسە داوە وخۆی لەموعتەزیلەکان نزیك کردۆتەوە،چونکە ئەو دەمەی مەئمون(المعتصم)ی کردە جێنشینی خۆی وەسێتی کرد موعتەزیلەکان لەخۆی نزیك بکاتەوەو لەسەر ڕەوت و ڕێبازی براکەی بەردەوامی بەمەسەلەی خەلقی قورئان بدات،[4] هەرئەمەی وای لەتوێژەرانی ئەم بوارە کردوە بڵێن،کاتێك خەلیفە(المعتصم) لەم جەدەلە بێزاربوووویستی کۆتایی پێ بهێنێت،بەڵام(ابن ابي دؤاد)پێی دەڵێت ئەگەر ئەم کارەئەنجام بدەیت ئەوا خەڵکی دەڵێن(المعتصم)دەستبەرداری وەسێتەکەی مەئمونی برای بووە،[5] ئەمەش وای لە(المعتصم)کردوە دەستبەرداری ئەم پرسە نەبێت تاکۆتایی ژیانی و نەك دەستبەرداریشی نەبوو،بەڵکو ئەم وەسێتەی بەکردەیی(پراکتیکی)بەجێ گەیاند و(ابن ابي دؤاد)ی کردە گەورەی قازیەکان و(یحیی بن الاکثم)ی لابرد،تائەوەی(المعتصم)هیچ کارێکی نەدەکرد بەئاشکرا ونهێنی تاڕاوێژی بە(ابن ابي دؤاد)نەکردایە،[6] چونکە(المامون)پێش مردنی و دوای

---

[1] الذهبي:سير اعلام النبلاء،٢٤٢/١١؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٧٦/١؛ايهاب كمال محمد:الفرق الاسلامية،ص٢٦٠؛محمدعبدة وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص١٢٣.

[2] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٣١،٤٢٧؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٢١٣/١٤؛احمد فريد:من اعلام السلف،٢١٨/٢؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،ص١٣٥.

[3] السفاريني:لوامع الانوار،١١/١؛انور الجندي:المؤامرة في الاسلام،ص٢٨؛محمد ابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٥؛نجلاء لطفي:الفرق والمذاهب،ص٨٢.

[4] ابن الاثير:الكامل،٢٢٦/٥؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٢٦/٤؛جارالله:المعتزلة،ص١٧١؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٣٢.

[5] ابن تيمية:منهاج السنة،٦٠٥/٢؛محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٧٣؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٣٢/١.

[6] الصفدي:الوافي بالوفيات،٦٣٨/١؛قاسمي:الجهمية والمعتزلة،ص٦٥؛محمد هدارة:المامون خليفة العالم،ص١٣٦؛احمدشوقي:المعتزلة في البغداد،ص٦٧.

وەسێتی درێژەدان بەخەلقی قورئان،ئەوەی بە(المعتصم)ڕاگەیاندبوو کە(ابن ابي دؤاد)لەخۆی دورنەخاتەوەو پرس و ڕاوێژی پێ بکات لەتەواوی کاروبارەکانیدا،چونکە ئەو ڕێ نیشاندەرێکی باش دەبێت بۆت،ئەمەش لەبەرئەوەی(ابن ابي دؤاد)زیاتر بایەخی بە پرسەکە دەدا،چونکە(المعتصم)کەسێکی زانست دۆست نەبووەو ناشارەزاش بووە،بەڵکو زیاتر سەربازی بوو،[1] هەرلەبەرئەمەیە ئاماژە بەوەدەکرێت،کە(المعتصم)شوێنپێ هەڵگری(المامون)ی برای بووە لە تاقیکردنەوەی خەڵك،چونکە(المعتصم)ڕۆشنبیریەکی سنورداری هەبووتەنانەت نووسینیشی لاوازبووەو هەر لەمنداڵیەوە حەزی لەزانست و زانیاری نەبووە،بەڵام لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی موعتەزیلەکاندا کۆڕی جەدەلیاتی سازدەدا.[2]

هەرجۆرێك بێت خەلیفە(المعتصم)دوای دەست کردنەوەی گەڕەکانی تاقیکردنەوە لەبارەی خەلقی قورئانەوە،نامەی نارد بۆهەموو ویلایەتەکان و ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی و خیلافەت وفەرمانی کرد درێژەبەتاقیکردنەوەی خەڵکی بدرێت بەمەسەلەی خەلقی قورئان،کاربەدەستەکانیش فەرمانەکەیان جێبەجێ کردو خەڵکیان توشی تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی زۆر کردەوە.[3]

دواتر لەسەرفەرمانی خەلیفە(المعتصم)و لەساڵی (٢٢٠ك/٨٣٥ز) دەست بەکۆڕودانیشتنە جەدەل ئامێزەکان کرایەوەو (احمد بن حنبل)یان لەبەندیخانە دەرهێنا و بردیانە ماڵی(اسحاق بن ابراهیم) و خەلیفەش هەموو ڕۆژێك دووکەسی دەنارد تاکو جەدەلی لەگەڵدا سازبکەن،(احمد)یش وەکو پیشەی هەمیشەیی سوور بوو لەسەرنکۆڵی کردن،بۆیە ئەوانیش پێش ڕۆیشتنیان ئەڵقەیەکی دیکەیان بۆ کۆتەکانی ناوبراو زیاد دەکرد،[4] لێرەدا بەپێویستی دەزانم تیشك بخەینە سەربابەتێك ئەویش ئەوەیە کاتێك خەلیفە (المامون٢١٨ك/٨٣٣ز) کۆچی دوایی کرد(احمد بن حنبل)خرایە بەندیخانە و بۆماوەی(٢٨)مانگ لەزینداندا مایەوە و هیچ پرسیارێکی لێ نەکرا تاساڵی(٢٢٠ك/٨٣٥ز)ئەوکات دەست بەگەڕێکی نوێی تاقیکردنەو و لێپرسینەوە کرا لەگەڵ(ابن حنبل)دا.لێرەشدا دیسان دەتوانین بەراوردی ئەم تەرزە لەسزادانی زانایان لەسەر پرسێك بەدادگاکانی پشکنین بکەین کە لەسەرگومان خەڵکیان زیندانی دەکرد و دەکوشت.

هەروەها ئەودەمەی(ابن حنبل)لەماڵی(اسحاق بن ابراهیم)بوو لەیەك لەجەدەلەکاندا بەیەك لەجەدەلکارانی گوت چی دەڵێی لەبارەی زانستی ئیلاهیەوە،ئەویش وتی زانستی ئیلاهی دروستکراوە،لەوێدا(ابن حنبل)تەکفیری کرد،هەرچەند پێی گوترا ئەوە نێردراوی خەلیفەیە،دیسان

---

(1) الطبري:التاريخ،٦٤٩/٨؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٢٣١/١٤؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص٤٨؛تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٢_١٤٤؛مجيدحميد:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،لا٥٣.

(2) بڕوانە:(ابن الجوزي:المنتظم،٢٧/١١، ٣٦؛ابن الاثير:الكامل،٢٢٦/٥؛حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلام،١٣٣/٢؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٩١؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٧٥/١).

(3) احمد امين:ضحى الاسلام،١٧٨/٣؛عبدالستار الراوي:ثورةالعقل،ص٢٣٣؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٢٨/١.

(4) الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٤٣/١١؛جارالله:المعتزلة،ص١٧٣؛احمدشوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٦٩.

**دەیگوت بەلاّم کوفری کرد.کاتێکیش خەلیفە داوای کرد بیبەن بۆ کۆشك(اسحاق)بەوە ترساندی کە ئەگەر وەلاّمی خەلیفە نەدەیتەوە وات لێدەکات هەرگیز جارێکی تر خۆر نەبینیتەوە،[1] ئەمەش نیشاندەری ڕادەی بوێری و چاونەترسی(احمدبن حنبل)پیشاندەدات لەترس و تۆقاندنەکانی دەسەلاّت و بەیانکردنی بیروباوەڕو ئایدیاکەی،هەروەك دیارە خەلیفە(المعتصم)هەرچەندە دەمارگیریەکی لەڕادەبەدەری بۆپرسە ئیعتیزالیەکان هەبووە کەچی لەگەلّ ئەوەشدا چەندجارێك نزیك بووە لەپاشگەزبونەوە لەپرسی خەلقی قورئان،بەلاّم وادیارە موعتەزیلەکان هەژموون و کاریگەریەکی تەواویان لەسەر خەلیفەی ناوبراوهەبووەو بەرژەوەندیشیان لەگەلّ بەردەوامی ئەم پرسەدا هەبووە،چونکە لەوڕێگەیەوە لەئەهلی سوننەو نەیارەکانی دیکەیان داوە،بۆیە هەرکات خەلیفە ویستی پاشگەزبوونەوەی هەبوبێت موعتەزیلەکان ئەنگێزەی خەلیفەیان داوە بۆبەردەوامیدان بەپرسەکە و تیایدا سەرکەوتوش بوون،بۆیە وەك ئەوەی(احمدبن حنبل)یان بردە کۆشکەوە بۆ سازدانی جەدەل لەگەلّیدا و موعتەزیلەیەکی زۆریش ئامادەی مەجلیسەکەی (المعتصم)بوون،دوای چەند گفتوگۆیەك خەلیفە بە(ابن حنبل)ی گوت،ئەگەر کەسێکی پێش من تۆی بەند نەکردایە منیش تۆم بەند نەدەکرد(ئەم گوتانەی خەلیفە ئەوڕاستیە پشت ئەستور دەکەن کەخەلیفە نادان بووە بەم پرسەو تەنهادوای وەسێت و ڕێبازی مەئمون کەوتووە،هەلّبەت لەژێرفشاروهاندانی موعتەزیلەکاندا)،پاشان فەرمانی بە(عبدالرحمن الشافعي)کرد جەدەل لەگەلّ(ابن حنبل)دابکات،ئەویش پرسیاری لەچیەتی قورئان لە(ابن حنبل)کرد،(احمد)وەلاّمی پرسیارەکەی نەدایەوە بەلّکو پێی گوت ئەی تۆ چی دەلّێی لەبارەی زانستی ئیلاهیەوە،(عبدالرحمن)بێ دەنگ بوو توانستی وەلاّمدانەوەی نەبوو،پاشان (احمد)وتی قورئان لەزانستی ئیلاهیەوەیە هەرکەس بلّێت دروستکراوە کوفری کردوە،[2] لەم کاتەدا موعتەزیلەکان بەخەلیفەیان گوت ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمە هەمووانی کافر کرد،بەلاّم (المعتصم)گرنگی بەقسەکانیان نەدا،لەناکاو(عبدالرحمن الشافعي) وتی خودا هەبوو قورئان نەبوو،(احمد)یش بەسەرسوڕمانەوە وتی ئایا خودا هەبوو زانستی نەبوو؟!(عبدالرحمن)بێ دەنگ بویەوە.پاشان (احمد)ڕوی لەخەلیفە کرد و پێی گوت بەلّگەیەکم لەقورئان و سوننەت بۆ بهێنن تاکو منیش دواتان بکەوم، [3] جالەم کاتەدا موعتەزیلەکان بە بەلّگەی نەقلّی(اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ)،[4] ڕوبەڕوی (احمد)بوونەوەو وتیان خودابەدیهێنەری هەموو شتێکە و قورئانیش شتە ،کەواتە قورئان دروستکراوە،بەلاّم(احمد) بە(تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ)،[5] ڕەتیدانەوەو پرسی ئایا هەمووشتێکی لەناوبرد،لەو کاتەدا(ابن ابي دؤاد)پرسی ئەی لەکوێ هێناوتە کەقورئان کەلامی ئیلاهیە؟لەوەلاّمیدا**

---

[1] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٣٢؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،١٣٦؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٤١/٤_١٤٢؛مجيدحميدمجيد:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،لا٥٤.

[2] ابن الكثير:البداية والنهاية،٣٣٢/١٠؛ابن النعيم:حلية الاولياء،١٩٨/٩؛محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٤٢.

[3] احمد بن حنبل:الردعلى الجهمية،ص٣٦، ٤١؛ابن الجوزي:مناقب،ص٤٣٥؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٢٩/١.

[4] الزمر/٦٢.ماناکەی **"خودا دروستکەری هەمووشتێکە"**.

[5] الاحقاف/٢٥.مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە **"بە فەرمانی خودا هەموو شتێك لەناو دەبات"**.

دەقی پیرۆزی(وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ كِتَابِ رَبِّكَ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ)،[1] بۆهێنان کە خودا قورئان بە کەلام ناودەبات،[2] جالەوکاتەدا موعتەزیلەکان وتیان قورئان داهات و نوێیە و دەقی(مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ)،[3] یان بۆپشتگیری گوتەزاکانیان کردە بەڵگە و وتیان خودا زیکری بەنوێ ناوبردوە[4]،ئایا دەکرێت نوێ و داهات بێت و دروستکراو نەبێت؟ ئەحمەد ئەم تێڕوانینەشیانی بە نادروست زانی و وتی خودا خۆی دەفەرموێت(ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ)،[5] لێرەدا زیکر بەمانای قورئان دێت وئەوەش ئەلیف و لامی تێدا نیە(واتە خودا بۆخۆی قورئانی بە زیکر ناوبردوە وئەمە گفتوگۆ هەڵناگرێت و قابیلی جەدەل نیە)،بەم پێیەش بێت خودا قورئانی بە زیکر ناوبردوە،[6] وموعتەزیلەکانیش بەڵگەکانیان تەنها گومان و خوێندنەوەی خودی ناڕاستە وهیچی تر(ئەمە لەگۆشەنیگای حەنبەلیەکانەوە).

هەرچەندە بەڵگە و ئیستدلالاتەکانی موعتەزیلە لەلایەن(ابن حنبل)ەوە ڕەتدەکرایەوە،بەلاّم دەست بەرداری جەدەل نەبوون و ئەمجارەیان پێیان گوت لە دەقی پیرۆزدا خودا دەفەرموێت(إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا)،[7] و(جەعل)یش بەواتای(خەلق= بەدی هێنان)دێت،کەواتە هەموودانراوێك دروستکراوە،دیسان(ابن حنبل)ئەم بەڵگەشیانی ڕەت کردەوە بە بەڵگەی(وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِأَيْمَانِكُمْ [8] )[9] بەلاّم خەلیفە(المعتصم)ڕووی لە(ابن حنبل)کرد وداوای بەڵگەی دیکەی لێ کرد،ئەویش وتی قوربان خودا بۆخۆی دەفەرموێت(الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ خَلَقَ الْإِنْسَانَ)،[10] نەیگوتوە خودا قورئانی دروستکردوە(الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ)وەك چۆن مرۆڤی دروستکردوە،بەڵکو جیاوازی کردوە لەنێوان قورئان وەکو کەلام و مرۆڤ وەکو دروستکراو،ئەی نەتبینیوە دەفەرموێت(علم

---

[1] الکهف/٢٧.مانای ئایەتەکە **"ئەی پەیامبەر هەرچی لە قورئان و کتێبەکەی خوادا بە سروش بۆت هاتووە،بیخوێنەوەو کاری پێ بکەو تۆزقاڵێکیش لێی لامەدە"**.

[2] احمد بن حنبل:الردعلی الجهمیة،ص٣٩؛الذهبي:سیراعلام النبلاء،١١/٢٤٥؛رشیدالخیون:جدل التنزیل،ص١٣٦.

[3] الانبیاء/٢.ئەمەش بەواتای **"هەر بەش و پەندێکی تازەی قورئانیان لە لایەن خوداوە بۆ بێت،گوێی بۆڕائەگرن تاکوبزانن چیە"**.

[4] (الجاحظ) ئاماژە بەوە دەکات،کە(ابن حنبل)لە جەدەلەکانیدا لەگەڵ موعتەزیلەکاندا بێ وەلاّم دەمایەوە،ئەمەش کاتێك بوو،کە(ابن ابي دؤاد)لێی پرسی ئایا هیچ شتێك هەیە(کۆن یان نوێ و داهات)نەبێت،(ابن حنبل)وتی بەڵێ،پاشان لێی پرسی ئایا قورئان شت نیە،ئەویش دیسان وتی بەڵێ،پاشان لێی پرسیەوە ئایا هیچ کۆنێك هەیە مەگەر ئەوەی کە خودابێت،وتی بەڵێ،پاشان وتی کەواتە قورئان نوێ و داهات و بەدیهێنراوە،لەم کاتەدا(ابن حنبل)وتی من قسەناکەم.بڕوانە:(الجاحظ:خلق القرآن،ص١٨١)وەرگیراوە لە(رشید الخیون:جدل التنزیل،ص١٨١)؛بابا سوهەیل:موعتەزیلە،لا٢٠٥.

[5] ص/١.مانای ئایەتەکە **"سوێندبە قورئانی خاوەن ڕێزوپەندو ئامۆژگاری"**.

[6] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٣٥؛النسفي:بحرالکلام،ص١٣٤؛سالم الثقفي:مفاتیح،١/٢٢٩.

[7] الزخرف/٣.ماناکەی **"بەڕاستی ئێمە قورئانمان بە عەرەبی داناوە"**.

[8] البقرة/٢٢٤.مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە **"وەسوێندەکانتان بەخوا،مەکەنە کۆسپ وبەربەست لەبەردەم چاکەکاری و ئاینداریدا"**.

[9] ابن العمراني:الانتصار،٢/٥٨٠؛ابن النعیم:حلیة الاولیاء،٩/١٩٧؛مهند الجبالي:أثرالاعتزال،ص٦١.

[10] الرحمن/١_٢.واتا **"خودای میهرەبان قورئانی فێری مرۆڤەکان کردوە"**.

القــرآن؟)،بەڵام(المعتصـــم)وادیارە بـــەم بەڵگانـــە تینـــوێتی نەشـــكا،بۆیە فـــەرمانی كـــرد بەموعتەزیلـــەكان بـــــەردەوامی بەجـــــەدەل بـــــدەن لەگەلێــــدا،دوای جـــــەدەلێكی زۆرو ســــــوربوونی(ابن حنبل)لەســــــەر ئایدیاكـــەی، لەســـەرفەرمانی خەلیفـــە دیســـان برایـــەوە بـــۆ بەندیخانـــەو بەنـــدكراو كۆتـــایی بـــەم گـــەڕەی جەدەلی خەلقی قورئان هات.[1]

ئەمـــەو(ابن حنبل)هـــەوڵی تـــەواوی دەدا بـــە بەڵگـــەی عـــەقڵی و نەقڵیـــەوە بـــڕوا بـــە خەلیفـــە بهێنێـــت بەوەی،كـــە قورئـــان كـــەلامی ئیلاهیـــە و دروســـتكراونیە.بۆیە لەگـــەڕی دووەمـــی جـــەدەلیات و دانیشـــتنەكانیاندا كاتێـــك(ابن حنبل)یـــان هێنـــا بـــۆلای خەلیفە،بەخەلیفـــەی گـــوت بینیویـــەتی لـــە بەندیخانـــە قورئـــان مـــردووە و كفـــن و دفـــن كـــراوە ودواتـــر نوێـــژی لەســـەركراوە،خەلیفەش بەسەرســـوڕمانەوە وتـــی هاواربـــەماڵت(مردن بۆتۆ)ئەی(احمـــد) قورئـــان چـــۆن دەمرێت،ئـــەویش ئەمـــەی بەهـــەل زانـــی و وتـــی قوربـــان ئێـــوە دەڵـــێن قورئـــان دروســـتكراوەو هـــەموو دروســـتكراوێكیش دەمرێت،كەواتـــە بۆچـــی نابێـــت قورئـــان بمرێـــت،[2] بـــەم شـــێوەیەش(ابن حنبل)ویســـتی پـــێش بـــەخاڵی لاوازی بەرامبـــەربگرێت و پاســـاوی هاوشـــێوەی خـــودی موعتەزیلـــەكان بهێنێتـــەوە بۆئـــەوەی وایـــان لـــێ بكات دەستبەرداری مەسەلەی خەلقی قورئان بن،بەڵام ئەم هەوڵەی ناوبراو سودی نەبوو.

دواتـــر كـــە جـــەدەل دەســـتی پێكـــردو(ابن حنبل)بەســـەر موعتەزیلەكانـــدا ســـەركەوت و هـــەرگیز نەچـــووە ژێربـــاری تێگـــەو تیۆرەكەیان،خەلیفە(المعتصـــم)بە ئامـــادەبوانی وت ســـوێندبێت ئەگـــەر وەڵامـــم بداتـــەوە بەدەســـتەكانی خـــۆم كـــۆت و بەندەكـــەی لـــێ دەكەمەوە،پاشـــان بـــە(ابن حنبـــل)ی وت بـــەزەیی مـــن بەرامبـــەرتۆ بەئەنـــدازەی ئـــەو بەزەییەیـــە كـــە بۆ(هـــارون)ی كـــوڕم هەمە،ئێســـتا چـــی دەڵێیـــت؟ ئـــەویش وتـــی ئـــــەی ئـــــەمیری بـــــاوەڕداران بەڵگەیـــــەكم لـــــە قورئـــــان و ســـــوننەت بـــــۆ بهێـــــنن بـــــامنیش بێمـــــە ســـەرباوەڕەكەتان،[3] هـــەمووجارێك(ابن حنبل)ئـــەم قســـەیەی دوبـــارە دەكـــردەوە تـــاكو خەلیفـــەی تـــوڕە كرد،چـــونكە دوای ئـــەوەی چـــەندجارێك و بـــە ئامـــادەبوونی زانـــا و كەســـایەتیەكانی موعتەزیلـــە و نـــەیارانی حەنبەلیـــەكان،داوای لـــە(ابن حنبـــل)كرد كـــە باوەڕەكـــەیان پەســـەندبكات بـــۆ ئـــەوەی ئـــازادی بكات،بـــەڵام نـــاوبرا و پەســـەندی نـــەكرد و هـــەمان قســـەی دوبـــارە دەكـــردەوە،[4] جـــا خەلیفـــە پـــەنای بـــۆ ڕێگـــای دیكـــە بـــرد تـــاكو(ابن حنبل)ناچـــاربكات بـــە وەڵام دانـــەوەی و دەیویســـت بیترســـێنێت،بۆیە دوای درێژەكێشـــانی جەدەلەكـــەیان بـــە(ابن حنبـــل)ی وت تـــۆ(صـــالح الرشـــدي)دەناســـت؟ئەویش وتـــی نـــاویم بیستوە،(المعتصـــم)وتی ئـــەوە پێشـــكار و ئامۆژگـــار و مامۆســـتام بـــوو،دوای ئـــەوەی پرســـیارم لێكـــرد لەهەمبـــەر قورئـــان و وەڵامەكـــەی پێچـــەوانەی منـــەوە بـــوو منـــیش لـــەناوم بردوكوشـــتم،[5] ئەمـــە

---

[1] ابوحنیفة:شـــرح الفقـــه الاكـــبر،ص٢١٩؛ابـــن الكثیر:البدایـــة والنهایـــة،٣٣٢/١٠؛عبـــدالرحمن البدوي:مـــذاهب الاســـلامیین،ص٤٧٥؛قدریـــة عبدالحمید:موقف ابن تیمیة،ص٢٩٧.

[2] ابي الیعلی:طبقات الحنابلة،١٦٤/١؛سالم الثقفي:مفاتیح،٢٣٠/١؛بڕوانە:(عبداللطیف العكلوك:منهج المعتزلة،ص١٤٧).

[3] ابـــن الجوزي:مناقـــب،ص٤٣٧؛بڕوانـــە:(احمـــدبن حنبـــل:الردعلی الجهمیـــة،ص٣٦)؛مصـــطفی الشـــكعة:الائمة الاربعـــة،١٤٥/٤، ١٤٦؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٧٨/١.

[4] بڕوانە:(الذهبي:سیر اعلام النبلاء،٢٤٨/١١، ٢٥١)؛محمودالرضواني:البدعة الكبری،ص٦٩_٧٠؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٢٠٤.

[5] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٣٨؛سالم الثقفي:مفاتیح،٢٣١/١؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٢٠٣.

گێڕانەوەیە پێمان دەڵێت ئامانجی سەرەکی پیشاندانی ئەم دیمەنە ترسناکانە لەلایەن خەلیفە و داروودەستەکەیەوە تەنها بۆئەوەبوو(ابن حنبل)بچێتە سەرباوەڕی ئەوان لەسەر پرسی خەلقی قورئان،چونکە دەیانزانی بەهێنانە ژێرباری(ابن حنبل)زۆرێك لەسوننەکانی جیهانی ئیسلامی شوێن پێی هەڵدەگرن و فەتواکەی بەهەند وەردەگرن،بەلاّم بەهێزی(ابن حنبل)لەم پرسەدا ئامانجەکەی ئەوانی کرد بەمەحالْ وخۆشی بووبە پێشەوای ئەهلی سوننە.

ئەمە وای لەموعتەزیلەکان کرد لەسەروی هەموشیانەوە (ابن ابي دؤاد)هەردەم هانی خەلیفە بدەن دژی(ابن حنبل)تائەوەبوو خەلیفە فەرمانی کرد بەهێنان و ئامادەکردنی لەبەردەمیدا بەمەبەستی جەدەل و گفتوگۆ لەگەل(ابن ابي دؤاد)دا و جەدەلەکەیان ماوەی سێ ڕۆژی خایاندو لە هەموو جەدەلەکانیشدا(ابن حنبل)بەسەر(ابن ابي دؤاد)دا سەرکەوت،[1] بۆیە دوای ماندوبوونێکی زۆر لەگەڵیدا بەخەلیفەیان وت قوربان بیکوژە خوێنەکەی لە گەردنی ئێمە،لەگەلْ ئەوەشدا زۆری نەمابوو خەلیفە پاشگەزببێتەوە،بەلاّم(ابن ابي دؤاد)بەخەلیفەی وت ئەگەر پەشیمان ببیتەوەو خەڵکیش بەم کارە بزانن ئەوکات دەڵێن(ابن حنبل)بەسەر دوو خەلیفەدا سەرکەوتوەو بوڕی داون،ئەمەش لەشکۆی خەلیفە و خیلافەت کەم دەکاتەوە،هەروەك دەشڵێن وەسێتەکەی (المامون)ی پشتگوێ خستووەو وازی لەڕێبازەکەی هێناوە،[2] ئەم قسانە خەلیفەی دڕدۆنگ کرد،بۆیە لەعنەتی لە(ابن حنبل)کردو وتی حەزم کرد وەلاّمم بدەیتەوە،لەوکاتەدا داوای دوو شەلاق وەشێنی کرد تاکو دەست بە لێدانی بکەن،دیسان خەلیفە ویستی پاشگەزببێتەوە،بەلاّم موعتەزیلەکان چوونە بن کلێشەی و وتیان قوربان(ابن حنبل)گومڕایەکی سەرلێشێواوی موبتەدیعە و داوایان لەخەلیفە کرد پاشگەزنەبێتەوە لەسزادانی داركاری بكات،[3] ئەمە وای لەخەلیفە كرد لەساڵی(٢٢١ك/٨٣٦ز)فەرمان بكات بەلێدانی(ابن حنبل)و شەلاق وەشێنەکان نزیکەی(٨٣) شەلاقیان لێدا،تائەوەی گۆشتی جەستەی شەقارشەقاربوو.[4] مێژوونووسانیش ئاماژە بەوە دەکەن لەکاتی دارکاری کردنی(ابن حنبل)دا خەلیفە چەندجارێك بە شەلاق وەشێنەکانی دەگوت توندتر لێیدەن خوادەستتان بڕێت،[5] ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات کەخەلیفە لەژێرگوشاری موعتەزیلەکاندا ئەشکەنجەی زاناکانی داوە.لەگەلْ ئەوەشدا موعتەزیلەکان هەندێك جار هێندە زیادەڕەویان کردوە لەتوڕەکردنی خەلیفەدا گەشتۆتە ئاستی کوشتنی(ابن حنبل).بەلاّم هەرخودی خۆشیان خەلیفەیان لەکوشتنی پاشگەزکردۆتەوە،ئەوەتا(ابن ابي دؤاد)لەوکاتەدا بەخەلیفە

---

[1] بڕوانە:(ابن تيمية:منهاج السنة،٦٠٥/٢؛محمد عبدة وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص١٢٣؛رابحة النعمان:مشكلة الذات،ص٢١٦).

[2] بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوية،ص٥٤١؛محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٦٤؛احمدشوقي:المعتزلة في البغداد،ص٧١؛باقرياسين:مێژووی خوێناوی عێراق،لا٩٩_١٠٠).

[3] الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٤٦/١١؛احمد فريد:من اعلام السلف،٢٣٩/٢؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٩١؛قدرية عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٣١٠.

[4] بڕوانە:(ابن تيمية:منهاج السنة،٦٠٥/٢؛انور الجندي:المؤامرة في الاسلام،ص٢٨؛محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٧٤).

[5] الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٥١/١١، ٢٥٢؛احمد فريد:من اعلام السلف،٢٤٠/٢؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٣٢/١.

دەڵێت،نــەخێر ئــەی خەلیفــەی مســوڵمانان نابێــت ئەوکارەبکەی،ئەگــەر(ابن حنبــل) لەژێرســایەی تــۆدا بکوژرێــت یــان بمرێــت خــەڵکی دەڵــێن ئــارامی گــرت تــاکو کوژرا،ئــەوکات دەبێتــە پێشــەوای خــەڵکی و هــەموان دەچــنە ســەرباوەڕەکەی،بەڵام ئەگــەر ئــازادی بکــەیت و لــەدەرەوەی کۆشــکەکەی تــۆدا بمرێــت خــەڵکی گومــانی لــیٚ دەکــەن و جیــاوازی دەکەوێتــە نێوانیانــەوە و هەنــدێك دەڵــێن وەڵامــی داوەتــەوەو هەنــدێکی تــریش دەڵــێن وەڵامــی نەداوەتــەوە.[1] ئەمــە نیشــاندەری ئــەو ڕاســتیەیە کــە موعتەزیلــەکان هانــــدەری ســــەرەکی خەلیفــــەکان بــــوون لــــە پرســــی خــــەلقی قورئاندا،ئــــەوەتا چــــەند جارێــــك خەلیفە(المعتصــم)دەیەویٚ دەســـتبەرداری ئـــەم پرســـە بێـــت(ابـــن ابـــي دؤاد)هـــانی دەدات پاشـــگەز نەبێتـــەوەو(ابن حنبـــل)یش ئـــازاد نەکات،کەچـــی کـــە بارودۆخەکـــە لـــەوە نزیـــك دەبێتـــەوە خەلیفـــە(ابن حنبل)لــە نــاو بــەرێت(ابــن ابــي دؤاد)ڕێگــە نــادات و وا لەخەلیفــە دەکــات(ابن حنبل)ئــازاد بکات،ئەمــە نیشــاندەری ئــەو ڕاســتیەیە کــە هەرچــەندە موعتەزیلــەکان هــانی خەلیفــەیان داوە بــۆ لــەناوبردنی کەســـایەتیە حەنبەلیەکان،بــەڵام لەلایــەکی تــرەوە ترســـاون لـــە هەڵگیرســـانی ئـــاژاوەو پشـــێوی و تێکچـــونی بـــارودۆخی خیلافەت،چـــونکە(ابن حنبـــل)لاگیر و شـــوێنکەوتەیەکی زۆری هەبووە،بۆیـــە خەلیفەیان هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کە(ابن حنبل)ئازاد بکات.

هــەروەك هەنــدێك بــاس لەوەدەکەن(المعتصــم)لەگەڵ ئــەوەی زۆر ڕق ئەســتور بــوو بەرامبــەر(ابن حنبل)بــەڵام نەیکوشــت،هەروەك چــۆن چــەند زانــا و کەســایەتیەکی دیکــەی کوشــت لەســەر ئــەم پرســە،ئەمەش لەبەرئــەوەی زۆرینــەی خــەڵك و ئــەهلی ســوننە ســۆزیان بــۆ(ابن حنبل)هــەبوو لەســەر ڕێچــکە و ڕێبازەکــەی بوون،ئەگەر(المعتصــم)لەناوی ببردایــە و بیکوشــتایە ئــاژاوە وفیتنــەی ســەری هەڵدەدا،بەڵگــەش بۆئەمــە کاتێــك(ابن حنبــل) لەبەندیخانــە ئــازادکرا خــەڵکێکی هێنــدە بێشــومار کۆببونــەوە خەلیفــە و دەســت و پێوەندەکــەی ترســیان لــیٚ نیشــت،[2] هــەروەك لــەکاتی دارکــاری و تونــدبوونی ئەشــکەنجەدانەکانی ســەر(ابن حنبــل) یــەك لــە هاوەڵــەکانی پێــی وت وەڵامیــان بــدەوە بــۆ ئــەوەی لــەناو نەچیت،چــونکە لــەدەقی پــیرۆزدا هــاتووە(وَلَـا تَقْتُلُـوا أَنْفُسَـكُمْ)،[3] (احمــد)یش وتــی بچــۆ دەرەوە ببینـــە چـــی وەســـتاوە،کاتێك چـــووە دەرەوە خـــەڵکێکی بێشـــوماری دیـــت کـــە پێنـــوس و لێنووســـیان پـــیٚ بـــوو چـــاوەڕێیان دەکـــرد گوتـــەکانی(ابن حنبل)تۆماربکـــەن لـــە هەمبـــەر چـــیەتی قورئان،لــەم کاتــەدا(ابن حنبل)بــە هاوەڵەکــەی گــوت ئایــا تــەواوی ئــەو خەڵکــە گــومڕا بکەم؟نــەخێر خــۆم دەکوژم،بــەڵام ئــەو هــەموو خەڵکــە گومڕاناکــەم،[4] لێــرەدا بــەڕونی کاریگــەری(ابن حنبل)مــان بــۆ دەردەکەوێت،کەخــەڵکێکی زۆر ویســتویانە گوتــەزاکانی لەســەر ئــەم پرســە بــزانن تــاکو بــەجیهانی ئیســلامیدا بــڵاوی بکەنــەوە و دواتــر شــوێن پێــی هەڵبگرن،هەرئــەم هۆکارەشــە وای لــە(ابن حنبــل)کردوە سوربێت لەسەر بیروڕاکانی تائەندازەی گیان فیداکاری.

---

[1] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٢٠؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٧٨/١؛رشيدالخيون:جدل التنزيل١٣٨.

[2] بڕوانە:(ابن الجوزي:مناقب،ص٤٥٩_٤٦٠؛قدريةعبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢١٠).

[3] النساء/٢٩.ماناکەی بەم چەشنەیە**"خۆتان مەکوژن(نەفسی خۆتان لەناو مەبەن)"**.

[4] ابـــــن الجوزي:مناقـــــب،ص٤٤٥_٤٤٦؛الذهبي:ســـــيراعلام النـــــبلاء،٢٥٣/١١، ٢٥٤؛انـــــور الجنـــــدي:المؤامرة في الاسلام،ص٣١؛مجيدحميدمجيد:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،لا٥٨.

هەرچـــۆنێك بێـــت مێژوونووســـان ئامـــاژە بـــەوە دەكەن،كـــەدوای لێـــدان و داركاریـــەكی زۆر و شـــەقار شـــەقار بـــوونی جەســـتەی(ابن حنبـــل) لەلایەن(المعتصـــم) و دارودەســـتەكەیەوە چـــیتر بەكـــەڵكی پـــەیڤین وجـــەدەل و هـــەم لێـــدانیش نەما،چـــونكە ئاگـــایی لەدەســـتدا،بۆیە خەلیفـــە فـــەرمانی كـــرد بەكردنـــەوەی كۆت وبەندەكەی و ئازادكردنی و پاشان برایە ماڵەوە.[1]

ســـەرباری ئـــەو ســـووربوونەی(ابن حنبل)لەســـەر بیروڕاكـــانی و وەڵام نەدانـــەوەی خەلیفـــەو هاوبیرەكـــانی(الجـــاحظ) و (الیعقـــوبي)بـــاس لـــەوە دەكەن،كـــە(ابن حنبـــل)دانی بەمەســـەلەی خـــەلقی قورئانـدا نـاوە لەسـەر نـەهج وشـێوازی خەلیفـەو موعتەزیلـەكان ئـەوەی بـەیان كـردوە كـە لەسـەر هـەمان قســـەی ئـــەمیری ئیماندارانە،(اســـحاق)یش لەوكاتـــەدا پرســـیاری لـــێ دەكات،لەخـــەلقی قورئانـــدا؟(ابن حنبـــل)یش دەڵێـــت بـــەڵێ لەخـــەلقی قورئاندا،ئەمـــە وایكـــرد ئـــازادی بكـــەن و پاشـــان ناردیانـــەوە بۆماڵـــەوە،[2] بـــەڵام ڕاســـتیەكەی ئەوەیـــە كـــە وەڵامـــی نەداوەتەوە،بـــەڵكو ئەمـــە لەلایـــەن نەیارەكانیـــەوە دراوەتـە پـاڵی و لەسـەر ئەوقسـانەی(ابـن ابـي دؤاد)یـش گوتـەزاكانیان بینـا كردوە،كـە دەڵێـت ئەگـەر ئـازادی بكـەیت و لـەدەرەوەی ماڵكـەی تـۆدا بمرێـت خـەڵكی جیـاوازی دەكەوێتـە نێوانیانـەوەو هەنـدێك دەڵـــێن وەڵامـــی داوەتـــەوەو هـــە نـــدێكی تـــر دەڵـــێن وەڵامـــی نەداوەتـــەوە.[3] بـــەڵام ئـــەم گێڕانـــەوەی لاوازە،چـــونكە(ابن حنبل)بـــەهێچ تـــەرزێك و تـــامردنی خەلیفـــە(الواثـــق)و هـــاتنی(المتوكـــل)و كۆتـــایی هێنان بە خەلقی قورئان"وەڵامی خەلیفەوموعتەزیلەكانی نەدایەوەو سووربوو لەسەر بیروڕاكانی.

---

[1] ابن الاثیر:الكامل،٥/٢٢٣؛سالم الثقفي:مفاتیح،١/٢٣٣؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،ل٢١٣.

[2] الیعقوبي:التـــاریخ،٢/٤٣٢؛الجـــاحظ:خلق القـــران،ص١٨٢،وەر گـــیراوە لـــە(رشـــیدالخیون:جدل التنزیـــل،ص١٣٩_١٤٠)،كـــە لێـــرەدا (الجـاحظ)بـاس لـەوە دەكات،كـە(ابن حنبـل)بێ هـێچ زۆر لێكـردن و چـاو سـووركردنەوە و هەڕەشـە لێكردنێـك و بـەبێ ئـەوەی كـۆت و بەندی قورسی پێوە كرابێت دانی بە خەلقی قورئاندا ناوە.

[3] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٢٠؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،١/٧٨.

## دووەم: سەردەمی خەلیفە (الواثق ٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٦ز)

خەلیفـە(الواثـق بـالله٢٢٧_٢٣٢ك/٨٣٥_٨٤١ز) هاوشـێوەی خەلیفـەکانی پـێش خـۆی بـەردەوامی بـە مەسـەلەی خـەلقی قورئـان دا و زاناوکەسـایەتیەکی زۆریشـی لەناوبرد.لێرەوەیـە دەوترێـت کاتێـك خیلافـەت گەیشـتە دەسـتی خەلیفـە(الواثـق٢٢٧ك/٨٣٥ز) موعتەزیلـەکان گەیشـتنە ئەوپـەڕی بـەهێزی و دەسـەلاٌت،ئارەزوو لـەزەتی دەسـەلاٌت و هەیمەنـەیان سەرخۆشـی کردن،هـەر لەبـەر ئەمـە وایـان لەخەلیفـەی نـویٚ کـرد بـەردەوامی بـەم پرسـە بـدات و خسـتیانە نێـو گۆمـاوی میحنەتـەوە،[1] ئـەویش چـووە ژێربـار و خـۆی بـەم پرسـەوە سـەرقاڵ کرد،هـەروەك دەوترێـت خەلیفـە(واثـق) زۆر تونـدبووە لەمەسـائیلە ئیعتیزالیـەکان و پرسـی خـەلقی قورئـانی کـرد بەپرسـێکی گشـتی و تەنانـەت گەیشـتە ناوچەسـنووریەکان(الثغـور)و دیلـەکانیش،(ابـن ابـي دؤاد)یـش فاکتـەری سـەرەکی ئـەم توندیـەی بـووە.[2] چـونکە(ابـن ابـي دؤاد)بەتـەواوی دەسـەلاٌتەکانی مۆنۆپـۆل کـردو تـوانی خەلیفـە کـۆنترۆڵ بکـات و هـەردەم ئـەنگێزەی خەلیفـەی دەدا بـۆ تونـدبوون سـەبارەت بەخـەلقی قورئـان و خـودی خۆیشـی یـەك لەبانگەشـەکارانی تیۆرەکـە بـووە،[3] ئەمـە وای لەخەلیفـە کـرد دوای گەیشـتنی بەپایـەی خیلافـەت هاوشـێوەی بـاوکی نامـە بـۆ والـی(البصـرة)بنێرێـت وفـەرمان بکـات بـە تاقیکردنـەوەی زانـاو کەسـایەتیەکان و تەنانـەت بـانگ بێـژانیش،[4] هـەروەك بـاس لـەوە دەکرێـت دواتـر نامـەی بـۆ سـەرجەم دادوەرەکـانی تـەواوی ناوچـەکانی جیهـانی ئیسـلامی نـاردو فـەرمانی بەتاقیکردنـەوەی خـەڵك پـیٚ کـردن سـەبارەت بـە چـیەتی قورئـان و داواشـی لێکـردن زۆر تونـدبن لەگـەڵ هـەموو ئەوانـەی خـەلقی قورئـان ڕەتدەکەنەوە،ئەوەشـی پـیٚ ڕاگەیانـدن کەشـاهیدی لـەهیچ کەسـێك وەرناگیرێـت تائـەوەی یەکانـەیی خـودا بەرقـەرار نەکات(مەبەسـت لێـی داننـان بـوو بەخەلقیـەتی قورئانـدا)،[5] ئەمـەو هەنـدێك دەڵـێن دەمـارگیری خەلیفـە(الواثـق)بـۆ ئـاینزای موعتەزیلـە هاوشـێوەی خەلیفـە(المامون و المعتصـم)بووەو بگـرە زیاتریش،ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـە کەسـێکی زانـا و شـارەزا و عەقڵمەنـد بووە،بـەلاٌم ئـەم مەسـەلەی خـەلقی قورئـانی قورسـترکرد بـە ئەندازەیـەك ڕای گشـتی دژی خـۆی وروژاند(هەوڵـە شکسـت خواردوەکـانی"ابن النصـر"بۆ ئەنجامـدانی شـۆڕش باشـترین نموونـەو بەڵگـەی ڕاسـتی گوتـەکانمانن)،[6] بۆیـە خەلیفـە زۆرتونـدبوو بەرامبـەر ئەوانـەی لـە مەسـەلەی خـەلقی قورئـان و بینـینی خـودادا بیروبۆچـوونەکانیان لـە بیروبۆچـوونی ئـەو نەدەچـوو،هەربۆیە لەسـەردەمی(الواثـق)ژمارەیـەکی زۆر لـەزانایان تـاقی کرانـەوەو چارەنوسـی ئەوانەشـی دژی وەسـتانەوە؛لەناوچـونیان بوو.لەوانـە(نعیم بـن حمـاد٢٢٨ك/٨٤٢ز) کەلـە میسـرەوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە

---

[1] ابن العماد:شذرات الذهب،٢/٧٥_٧٦؛جارالله:المعتزلة،ص١٧٦.

[2] المسعودي:مروج الذهب،٢/٣٧٥؛احمدشوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٥٣؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٢٠٧.

[3] ابن الكثير:البداية وانهاية،١٤/٣٢٨؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٥٣١؛سالم الثقفي:مفاتيح،١/٢٣٣.

[4] الذهبي:تاريخ الاسلام،١٧/٦؛ابن العماد:شذرات الذهب،٣/١٤٠؛محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٧٨.

[5] المسعودي:مروج الذهب،٤/٢٥٤؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٣٣؛قدريةعبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢٨٩.

[6] ابـن الطقطقي:الفخـري في الاداب السـلطانية،ص٢٣٦؛ابـراهيم ايوب:تـاريخ العباسـي،ص٩٨؛بڕوانـە:(فـالح الربيعي:تـاريخ المعتزلة،ص٢٩).

هێنرایە بەغدادو لەبارەی خەلقی قورئانەوە پرسیاری لیٚ کرا،ئەویش وەلاٌمەکەی پێچەوانەی گوتەزاکانی خەلیفە بوو،بۆیە لە(سامەڕا)زیندانی کرا تاکو مرد،دوای مردنیشی بەکۆت و بەندەکەیەوە خرایە ناوچاڵێکەوەونێژرا.[1]

ئەمەو موعتەزیلەکان هاندەری سەرەکی خەلیفە بوون بۆ لەناوبردنی زانایانی ئەهلی سوننە و حەنبەلیەکان،ئەوەتا هەندێك باس لەوەدەکەن(ثمامة بن الاشرس)کەسێکی هێنا بۆلای خەلیفە(الواثق)و پێی گوت قوربان ئەمە ئەوکەسانە بەکافر نازانێت کە بڕوایان بە خەلقیەتی قورئان و بینینی بەختەوەرانە نیە لەڕۆژی دواییدا(وادەی لیقا)خەلیفەش تورە دەبێت و دەستبەجیٚ دەیکوژێت،بەلاٌم دواتر زۆر سەرزەنشتی(ثمامة بن الاشرس) و (ابن ابي دؤاد)ی کرد،کە هانیان دابوو بۆکوشتنی،وەلیٚ باوەڕیان پیٚ هێنا کە کوشتنەکەی حەق بووە.[2] لەم گێڕانەوەوە ئەوە دەخوێندرێتەوە کەخەلیفە لەکاتی لەناوبردنی زاناکاندا دوودلٚ و ڕاڕا بووەو بەفیتی موعتەزیلەکان ئەوکارانەی ئەنجام داوە،بەلاٌم ئەمە هیچ لە ستەمکاری خەلیفە(الواثق)کەم ناکاتەوە بەرامبەر ئەهلی مەعریفە.

هەروەك مێژوونووسان باس لەتوندی خەلیفە(الواثق)دەکەن لەهەمبەر ئەم پرسە و دەلٚێن(ابو اليوسف يحيى بن البويطي ٢٣٢ك/٨٤٦ز) [3] ی لە میسرەوە بردۆتە عێراق و بەخەلقی قورئان تاقی کردۆتەوە،ئەویش وتی قورئان کەلامی ئیلاهیەو دانی بەخەلقیەتیدا نەناو وتی خوداهەمووشتێك بە(ببە-کن)دەهێنێتە بون،بۆیە ئەگەر(ببە-کن)دروستکراوبێت،کەواتە دروستکراوێك(ببە-کن)شتێکی بەدیهێناوە ئەمەش بیٚ بنەمایە،بۆیە خەلیفەش لە بەغداد زیندانی کردو باقی ژیانی لە زینداندا بەسەربرد تا لەساڵی(٢٣٢ك/٨٤٦ز)کۆچی دوایی کرد.[4]

ئەمەو خەلیفە لەساڵی(٢٣١ك/٨٤٥ز)فەرمانی کرد بە تاقیکردنەوەی خەڵك و دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان(الثغور)لەهەمبەر چیەتی قورئان،هەموویان لەترسی ئەشکەنجەدانیاندا بڕوابوونی خۆیان بەخەلقیەتی قورئان پیشاندا تەنها(٤)کەس نەبێت،کە ئەوانیش بەفەرمانی خەلیفە لەملیان دراو کوژران،[5] هەرخودی خەلیفە دواتر نامەی بۆ حاکمی میسر(محمد بن الحارث

---

[1] ابن الجوزي:مناقب،ص٥٣٤؛حمودالتويجري:تنبيه الاخوان،ص٥٣_٥٤؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٦٧/٤_١٦٩؛مجيدحميدمجيد:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،ل٦٠.

[2] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٧٤؛باباسوهەيل:موعتەزيلە،ل٢١٣.

[3] البويطي:ناوی یوسفی کوڕی یەحیایە و نازناوەکەشی(ابو يعقوب البويطي)ە،ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆگوندێك،کەپێیان دەگوت(بويط)،ناوبراو فەقیهێکی باوەڕپێکراوو پەرستش کارێکی زاهید بوو،جا ئەم زانایە لەسەدەمی خەلیفە واسیقدا ولەساڵی (٢٣١ك/٨٤٥ز) بەمەبەستی ئەزموونکردنی بەخەلقیەتی قورئان لە میسرەوە برایە بەغداد،ئەویش وەلاٌمی نەدانەوە،بۆیە خرایە بەندیخانەوە و هەر لەبەندیخانەشدا لەساڵی(٢٣٢ك/٨٤٥ز)کۆچی دوایی کرد.بڕوانە:(ابن الجوزي:المنتظم،١٧٤/١١؛ابي الفداء:المختصر،٣٦/٢؛ابن الكثير:البداية وانهاية،٣٢٢/١٤؛ابن تغري بردي:النجوم الزاهرة،٣١٦/٢-٣١٧).

[4] ابي الفداء:المختصر،٣٦/٢؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٨١/١؛احمدشوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٧٣؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٨٠/٤.

[5] الطبري:التاريخ،١٤١/٩؛ابن الكثير:البداية وانهاية،٣٢٠/١٤ .

**ابـي الليـث،ت:٢٥٠ك/٨٦٤ن)نـارد و فـەرمانی کـرد بـە تاقیکردنـەوەی خـەڵکی بەگشـتی سـەبارەت بـە چـیەتی قورئان،نـاوبراویش فەرمانەکـەی بـەجیٚ گەیاند،بۆیـە خـەڵکێکی زۆر لەترسـدا هـەڵهاتن بۆناوچـە پەراگەنـدەکان و بەندیخانـەکانیش ئـاخێنران بەوکەسـانەی دژی پرسـەکە بوون،هـەروەك لەسـەردەرگای مزگەوتـەکانیش نوسـرابوو(لا الـه الا رب القـرآن وخالقـه)،[1] هەڵبـەت خەلیفـە(الواثـق)بەمـەوە نەوەسـتا،بەڵکو لەبـەر توندیەکـەی لـە پـرس و مەسـائیلە ئیعتیزالیەکانـدا سـڵی لـەهیچ کـارێکی هۆڤانیانـە نـەدەکردەوە تـا کـار گەیشـتە تاقیکردنـەوەی دیلەکان،هـەروەك مێژوونووسـان یـەك لـە ڕووداوە گرنگـە مێژووییـەکانی سـەردەمی خیلافـەتی(الواثـق)مـان بـۆ بـاس دەکەن،کـە ئـەویش بـەقوربانی کردنـی ژمارەیـەکی زۆری دیلـەکانی جـەنگ بوون،کـە لەشـەڕەکاندا بـەدیلی کەوتبونـە ژێردەسـتی ئیمپراتۆریـەتی بیزەنتەکانەوە،ئەمـەش کاتێـك بوو،کـە ئیمپراتـۆری بیزەنتـە لەسـاڵی(٢٣١ك/٨٤٥ن) نێردراوێکـی ناردەلای خەلیفـە(الواثـق)و پێشـنیاری ئـەوەی خسـتە بەردەسـت،کەدیلەکانیان بگۆڕنەوە،ئـەوەبوو هـەردوولا ڕێککـەوتن لەسـەرگۆڕینەوەی دیلەکانیان،کـە ژمارەیـان(٤٦٠٠)دیـل بـوو،[2] بـەلاٚم(ابـن ابـي دؤاد)لێرەشـدا تـوانی خەلیفـە ڕازی بکـات بـەوەی کەدیلـەکان بەخەلقیـەتی قورئـان تـاقی بکاتـەوە و هـەردیلێك گـوتی قورئـان دروسـتکراوە ئـازادی بکـەن و(٢ دینار)یشـی پێبدەن،هەریەکێکیشـیان بـاوەڕی بەخەلقیـەتی قورئـان نـەهێنا وازی لێبهێـنن بـا لەئەسـارەتدا بمێنێتـەوە و ڕۆمـەکان لـەناوی بـەرن،[3] ئـەوەبوو دەسـت بەگۆڕینـەوەی دیلـەکان کـرا لەسـەر دوو پـرد کـە دەکـەوێتی سـەر ڕوبـاری(اللامـس)لـەنزیك(طرطـوس)،بـەلاٚم خەلیفـە(الواثـق)چـەند کەسـێکی دانـابوو تـا دیلـەکان تـاقی بکەنـەوە بەمەسـەلەی خـەلقی قورئـان و هەریەکێکیشـیان دژی بوایـە ئازادیـان نـەدەکرد،یان دەیانکوشـت یـان لەدیلیـدا دەیانهێشـتەوە.[4] بـە بۆچـوونی ئێمـە یـەك لـە هەڵـە گـەورە و زەقـەکانی خەلیفـەکانی عەباسـی ئـەوەبووە کـە گشـتەی خـەڵکیان بـە پرسـێکی تـەواو فەلسـەفی ئـەزموون کردوە،کەزۆرینـەیان پێـی ئاشـنا نـەبوون و لێـی تـێ نەگەشـتوون،لەوەش زیـاتر گشـتەی خـەڵك کەبینیویانـە کەسـە ئـەزموون کراوەکـانی کـە نەچـوونەتە سـەرباوەڕی خەلیفـە لـەناوبراون یـان گەڕێنراونەتـەوە بـۆ ژێـر دەسـتی بیزەنتەکان،ئـەوانیش لەترسـدا بڕوابـوونی خۆیـان بەخەلقیـەتی قورئـان دەربڕیوە،ئەمـەش لەبەرئـەوەی لـەدیلی و ئەسـارەت و لەناوچـوون ڕزگاریـان ببێت.**

**جێـی خۆیـەتی لێـرەدا ئامـاژە بـەوە بـدەین کەلەگـەڵ ئـەو هـەموو توندیـەی خەلیفـە(الواثـق)هەیبوو،کەچـی(ابن حنبـل)ی گەورەوسـەرداری حەنبەلیـەکانی تـاقی نـەکردەوە چەشـنی خەلیفـەکانی پـێش خۆی،بـەلاٚم پـەیامی بۆنـارد و پێـی ڕاگەیانـد کـەس لەگەڵتـدا کۆنەبێتـەوە و**

---

[1] ابن تغري بردي:النجوم الزاهرة،٣١٦/٢؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٨١/١؛محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٧٧_٧٨.

[2] ابن تغري بردي:النجوم الزاهرة،٢٥٩/٢؛حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلام،١٣٣/٢؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٩٩؛باقرياسين:مێژووی خوێناوی عێراق،لا١٠٢.

[3] ابن الاثير:الكامل،١٦/٧؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٥٣٠؛انور الجندي:المؤامرة في الاسلام،ص٣١؛جارالله:المعتزلة،ص١٧٧؛محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٧٨.

[4] ابن الجوزي:المنتظم،١٦٤/١١؛احمدشوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٧؛باباسوهەيل:موعتەزیلە،لا٢٠٨.

**لەگەڵ کەسیشدا کۆنەبیتەوە و لەهیچ شارو جێگایەکیشدا مەمێنەو جێگیرمەبە کە منی تیادابم،[1] بۆیە(ابن حنبل)یش لەماوەی خیلافەتی(الواثق)دا خۆی دەرنەخست و کۆڕی وانە وتنەوەکانی ڕاگرت و بەشداری نوێژە بەکۆمەڵکانیشی نەدەکرد،ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە چەندجارێك جێگاکەی خۆی دەگۆڕی،[2] ئەمەش لەبەرئەوەی چەشنی خەلیفەکانی پێشوی خۆی ترساوە لەهەڵگیرسانی شۆڕش،ئەگەر هاتوو خیلافەت وەکو ڕابردوو ئازاری(احمد بن حنبل)بدات،بۆیە سەرەتا خەلیفە هەستا بە ڕازی کردنی گروپەکانی دیکە تا ئەوکاتەی فەرمان دەکەن بەگێڕانەوەی(ابن حنبل)بۆ شاری بەغداد؛هەرچەندە ئەگەر لەشوێنێکی دوور لە خەلیفەو شوێنێکی پەراوێزیشدا بێت،بەلأم(ابن حنبل)شوێنی خۆی بەجێ نەهێشت و دوورنەکەوتەوە،بەڵکو تەنها نیمچە دابڕانێکی هەڵبژارد بۆ ئەو ژیانەی کەماویەتی.[3]**

**بێگومان ئەم سەرکێشی و ستەمکاریەی خەلیفە(الواثق)سەری کێشا بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش بەڕابەرایەتی(احمد بن نصرالخزاعي)،[4] بەلأم شۆڕشەکە شکستی هێنا و(ابن نصر)دەست بەسەرکراو هێنایانە بەردەم خەلیفە و (ابن ابي دؤاد)یشیان بانگ کرد تاجەدەلی لەگەڵدا ئەنجام بدات و قەناعەتی پێ بهێنن کەقورئان دروستکراوە،بەلأم(ابن نصر)سوربوو لەسەرئەوەی،کە قورئان کەلامی ئیلاهیە و خوداش**

---

[1] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٧٢؛احمد فريد:من اعلام السلف،٢٤٢/٢؛محمدابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٥، ١٦٥؛قدريةعبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢١١.

[2] الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٦٤/١١؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٧٩/١؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،ص١٤٣.

[3] باتون:احمد والمحنة،ص١٦١؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٣٥/١.

[4] مێژوونووسان باس لەهەوڵی شۆڕشێك دەکەن لەساڵی(٢٣١ك/٨٤٥ز) بەسەرکردایەتی(احمد بن نصرالخزاعی) ،کە بەرمەبنای ئەو زوڵم وستەمانە بوو خەلیفەکانی عەباسی دەرهەق بە زاناکان ئەنجامیاندەدا، ناوبراو یەك لەوزانایانەبوو کەبانگەشەی فەرمان بەچاکەو ڕێگری کردن لەخراپەی دەکرد،بۆیە خەڵکیش بەیعەتیان پێدا و پشتیوانی خۆیان بۆدەربڕی سەبارەت بەهەمان بابەت،ئەمەش دوای ئەوەبوو کە دوو لە شوێنکەوتەکانیان بەناوەکانی(ابوهارون الشداخ) و (طالب)بەماڵەکاندا گەڕان و بانگەشەیان بۆ ئەنجامدانی شۆڕش بەسەرکردایەتی(ابن نصر)دەکردو هەرکەسەو دینارێکیان پێدەدا و کاتی ئەنجامدانی شۆڕشەکەیان پێ دەگوتن کە شەوی(هەینی ٣ی شەعبانی ساڵ٢٣١ك/٨٤٥ز)بوو،پێیان ڕاگەیاندن،کە ئەمان لەو وادەیەدا تەپڵ لێ دەدەن و خەڵکیش لەو شوێنە کۆدەبێتەوە کە هەموان لەسەری ڕێککەوتوون،پاشان دەست بەشۆڕشەکەیان دەکەن وەکو کاردانەوەیەك بۆ ئەوبیدعەکاریەی بانگەشەی بۆدەکات و خەڵکی دەچەوسێنێتەوە لەوپێناوەدا،دواتر هەردوو ناوبرا و چوونە هەردوو بەرەی ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوای بەغداد،بەلأم ئەمان لەو وادەیەی دیاریان کردبوو دەرنەچوون،بەڵکو ڕۆژێك پێش ئەو وادەیە کە شەوی(پێنج شەممە ٢ی شەعبانی ساڵی ٢٣١ك/٨٤٥ز)بوو،دەرچوون و دەستیان بەتەپڵ لێدان کرد،بەلأم هیچ کەس نەهات بەدەمیانەوە،چونکە ئەوکاتە نەبوو کەلەسەری ڕێککەوتبوون،بۆیە لەلایەن پیاوەکانی خەلیفەوە دەستگیرکران و دەربارەی کارەکەیان پرسیاریان لێ کرا،بەلأم ئەوان هیچ وەلأمێکیان نەدایەوە،دواتر دەست کرابەئەشکەنجەدانیان و لەژێرئەشکەنجەدا دانیان بەوەدا نا،کەویستویانە شۆڕش ئەنجامبدەن بەڕابەرایەتی(ابن نصر)،بۆیە خزمەتکارەکەی(ابن نصر)یشیان هێنا و دوای ئەشکەنجەدانی پرسیاریان لێ کرد ئەویش هەمان قسەی کرد و دانی پێدا نا،بۆیە(ابن نصر)یان دەستگیر کرا وبەکۆت کراوی گواستیانەوە بۆ(سامەڕا) و کۆڕێکی جەدەلیان لەهەمبەر چیەتی قورئان بۆ سازدا،ناوبراویش وەلأمی نەدانەوە،بۆیەدەست بەجێ لەساڵی(٢٣١ك/٨٤٥ز)کوشتیان.بڕوانە:(الطبري:التاريخ،١٣٥/٩_١٣٨؛ابن الجوزي:المنتظم،١٦٥/١١_١٦٧؛ابن الاثير:الكامل،٨٦/٦_٨٧؛الاسفرايني:التبصير في الدين،ص٨٠_٨١)؛ابن الكثير:البداية والنهاية،٣١٠/١٤_٣١٤؛الذهبي:تاريخ الاسلام،٥٧/١٧؛ابن خلدون:العبر،٣٣٩/٣_٣٤٠؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،١٧٠/٤).

لەرۆژی دواییدا دەبینرێت،[1] جا هەندێك ئاماژە بەوەدەكەن كاتێك(ابن نصر)یان هێنایە بەردەم خەلیفە(الواثق)پێیانگوت واز لەوە بێنە چیتكردوەو ویستوتە چی بكەیت(مەبەستیان هەوڵدانەكەی بوو بۆ ئەنجامدانی شۆڕش)،چی دەڵێی لەبارەی قورئانەوە،ئەویش وتی كەلامی ئیلاهیە،وتیان دروستكراوە،گوتی نەخێر بەڵكو كەلامی ئیلاهیە و دانی بەخەلقیەتیدا نەنا،[2] پاشان خەلیفە(الواثق)پرسیاری لەبارەی بینینی خوداوە لێ كرد لەرۆژی دواییدا،ئەویش وتی قوربان لەم بارەیەوەی دەقی پیرۆز و فەرمودە هاتووە،وەكو(وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ)،[3] و پەیامبەریش فەرمویەتی(ترون ربكم يوم القيامة كما ترون القمر لاتضامون في رؤيته)،[4] لەوكاتەدا خەلیفە(الواثق)بەسەرسوڕمانەوە گوتی هاواربەماڵت لەوبڕوایەدایت خودا دەبینرێت وەك چۆن جەستە یاخود شتێكی سنوردار دەبینرێت؟!من بڕوام بەخودایەك نیە ئەوەسیفاتەكانی بێت.موعتەزیلەكانیش ئەم هەلەیان لەدەست خۆیان نەدا و بەڵكو (ابن نصر)یان تەكفیركردو خوێنیان حەڵاڵ كردو داوایان لە خەلیفە كرد بیكوژێت،خەلیفەش هەستاو بەشمشێر لە گەردنی داو سەری پەڕاندو،لە شاری(سامراء)هەڵیان واسی و(٦سالّ)بە هەڵواسراوی مایەوە تا لەساڵی (٢٣٧ك/٨٥١ز)خەلیفە(المتوكل ٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٦_٨٦١ز)لاشەكەی داگرت،[5] (هەرچەندە ئەم گێڕانەوە مێژووییە زیادەڕەوییەكی زۆری تێدایە سەبارەت بەوەی،كە شەش ساڵ لاشەیەك بەهەڵواسراوی مابێتەوە،پێدەچێ مەبەست لەم دەربڕینە ئەوەبێت،كە شەش ساڵ تەرمەكەی ڕادەستی كەس و كارەكەی نەكراوەتەوە،بەلاّم ئەمەهەرچۆرێك بێت،لەوتاوانەی خەلیفە"الواثق"كەم ناكاتەوە،كە وێڕای كوشتنی"ابن نصر"كەوتە لەناوبردنی لایەنگرەكانیشی)بێگومان خەلیفە(الواثق)كوڕی جەدەلیاتی بۆیە بۆ(ابن نصر)سازدا تاكو ڕای گشتی وابزانن لەهەمبەر مەسەلەی خەلقی قورئان كوشتویەتی نەك لەبەرهەڵگیرسانی شۆڕش،چونكە بلاّوبوونەوەی دەنگۆی شۆڕش مەترسیەكی گەورە دەبوو بۆخیلافەت و دەرگای لەبەردەم شۆڕشی دیكەدا والاّ دەكرد.هەر لەبەر ئەمەیە هەندێك باس لەوە دەكەن خەلیفە لە ساڵی(٢٣١ك/٨٤٥ز)لەهەمبەر مەسەلەی خەلقی قورئان(ابن نصر)ی بەدەستەكانی خۆی لەناوبردوە و سەری لێ كردۆتەوە،ئەمەش لەبەرئەوەی(ابن نصر)ڕێگری لەباس كردنی ئەم پرسە كردوەو لە وتارەكانیدا قسەی زبری بەرامبەر خەلیفە بەكارهێناوەو بە(بەرازو بێباوەڕ)ناوی بردوە،[6] ئەمە سەرباری ئەوەی بەئاشكرا

---

(1) ابن الكثير:البداية والنهاية،٣١٣/١٤؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٩٨؛محمودالرضواني:البدعة الكبرى،ص٨٠.

(2) ابن الاثير:الكامل،٨٧/٦؛احمدشوقي:المعتزلة في البغداد،ص٧٥؛حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلام،١٣٣/٢.

(3) القيامة/٢٢_٢٣.ماناكەی بەم شێوەیە **"لەرۆژی دواییدا ڕوخسارگەلێك گەشاوەوشادن،چونكە تەماشای خودای خۆیان دەكەن".**

(4) صحيح البخاري،كتاب مواقيت الصلاة،باب(فضل صلاة العصر)،رقم الحديث(٥٥٤)؛صحيح مسلم،كتاب المساجد ومواضع الصلاة،باب(فضل صلاتي الصبح والعصر والمحافظة عليهما)،رقم الحديث(١٤٦٦)؛مسندالامام أحمد بن حنبل، أول مسند الكوفيين،ومن حديث جرير بن عبد الله عن النبي صلى الله عليه وسلم،رقم الحديث(١٨٧٠٨).هەروەها بڕوانە(ابن الجوزي:المنتظم،١٦٦/١١؛مناقب،ص٥٣٦)؛واتە **"ئێوە خودای خۆتان دەبینن وەك چۆن مانگ دەبینن بەڕوونی و بەبێ هیچ بەربەستێك".**

(5) ابن الجوزي:صفة الصفوة،ص٤٤٢؛ابي اليعلى:طبقات الحنابلة،٨١/١؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٥٣٠؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٣٤/١؛حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلام،١٣٣/٢؛باقر ياسين:مێژووی خوێناوی عێراق،لا١٠٠.

(6) ابن الاثير:الكامل،٨٦/٦؛الذهبي:تاريخ الاسلام،٥٧/١٧؛ابن العماد:شذرات الذهب،١٤٠/٣، ١٥٠؛حارث المحاسبي:العقل فهم القرآن،ص٣٧؛جارالله:المعتزلة،ص١٧٨.

**بانگەشەی بۆئەوە دەکرد،کە قورئان کەلامی خودایەو دروستکراونیەو خودا لەئاسمانەوە دایبەزاندوە،بۆیە خەلیفەش بەم کارانەی(ابن نصر)دڕدۆنگ بووەو لەناوی بردوە.[1] خەلیفە(الواثق)هەر بەمەوە نەوەستا؛بەڵکو فەرمانی گرتنی بۆ شوێنکەوتەکانی دەرکردو نزیکەی (٢٧)کەسیان لیٚ دەستگیر کراو بەندکران وبەزنجیرو ئاسن کۆتکران وسەردانی کردنیشیانی قەدەغە کرد لەگەڵ تەواوی مافەکانی دیکە،کە بەندیەکانی تر هەیانبوو لەخواردن و خواردنەوە،تاهێدی هێدی مردن،[2] سەرباری ئەو هەموو ستەمەی خەلیفە(الواثق)دەرحەق بە زانایان و خەڵکی بەگشتی ئەنجامیدا،کەچی هەندێك لەمێژوونووس و توێژەران ئاماژە بەوەدەکەن،کەخەلیفە لەکۆتاییەکانی ژیانیدا دەستبەرداری مەسەلەی خەلقی قورئان بووەو لیٚی پاشگەزبۆتەوە،ئەم باسەشیان لە زاری خەلیفە(المهتدي ٢٥٥_٢٥٦ك/٨٦٨_٨٦٩ز)ەوە گێڕاوەتەوە کەدەڵێت ڕۆژێك زانایەکی شامییان بە کۆتکراوی هێنایە بەردەم خەلیفە(الواثق)بۆ دادگایی کردنی سەبارەت بە چیەتی قورئان،جا(ابن ابي دؤاد)جەدەلی لەگەڵدا ئەنجامدا،بەلاٚم زاناکە ئەمی بەزاند و بەشێوازێکی هێندە کاریگەر قسەی دەکرد خەلیفە دەستی بەگریان کرد،[3] ئەو زانایەش(ابو عبدالرحمن بن محمد بن اسحاق الازدي)بوو،هۆکاری گرتنەکەشی ئەوەبوو،کە مەسەلەی خەلقی قورئان و جێگیرکردنی سیفاتی کەلامدا بۆخودا،هاوڕای(ابن حنبل)بوو،لە کۆڕەکەدا(الواثق)وتی ئەی شێخ جەدەل لەگەڵ(ابن ابي دؤاد)دا بکە،ئەویش وتی قوربان ئەوە قابلیەتی جەدەلی تیادا نیە و لاوازە،(واثق)یش بەم قسانە توڕەبوو،[4] لەم کاتەدا(ابوعبدالرحمن)داوای کرد ڕێگەی بدەن سەرەتا ئەوقسەبکات و پرسیاربکات،پاشان پرسیاری لە زۆرینەی زانایانی موعتەزیلە کرد،کە ئایا ئەوەی ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن پەیامبەر(د.خ)و خەلیفەکانی ڕاشیدین و هاوەڵان و تابعیەکان زانیویانەو بانگەشەیان بۆنەکردوە،جا ئەگەر زانیویانە بۆچی باسیان نەکردوە،لەم کاتەدا هیچ یەك لەموعتەزیلەکان وەلاٚمی پیٚ نەبوو،[5] (چونکە پێشینان باسیان لە وەها بابەتێك نەکردوە)پاشان زانا شامیەکە بە(ابن ابي دؤاد)ی وت چی دەڵێی لەبارەی دەقی پیرۆزی(ا الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا)،[6] ئایا دین کاملٚ نەبووە تەنها بەباسکردنی خەلقی قورئان نەبێت؟ئایا خودا ڕاستگۆیە بە گوتەکانی،کە دەفەرموێت دینەکەم کاملە یان تۆ ڕاستگۆی لە بە ناکاملٚ زانین،جا(ابن ابي دؤاد)بیٚ وەلاٚم و بێدەنگ مایەوە،خەلیفە(الواثق)یش،کەئەمەی بینی دەستیکرد بەگریان و**

---

[1] الطبري:التاريخ،٢٨١/٥؛محمد ابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٥؛مجيدحميد:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،لا٦٠.

[2] ابن الكثير:البداية والنهاية،٣١٥/١٤؛محمود الرضواني:البدعة الكبرى،ص٨٠؛باباسوهەيل:موعتەزيلە،لا٢١٠.

[3] بڕوانە:(المسعودي:مروج الذهب،١٥٤/٤_١٥٥؛ابن الجوزي:مناقب،ص٤٧٨_٤٨١؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،ص١٤٧).

[4] الآجري:الشريعة،ص٨؛محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٨٥.

[5] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٧٥_٤٧٦،بەدرێژی باسی لەجەدەلەکەیان کردوە؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٥٣١؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٣٦/١؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص٧٣_٧٤؛جارالله:المعتزلة،ص١٨٢.

[6] المائدة/٣.ماناکەشی بەم شێوەیە **"ئەمڕۆ ئاینەکەتانم تەواوکاملٚ کردوە بۆتان چاکەوبەهرەی خۆم بەتەواوی ڕشتووە بەسەرتاندا،ڕازی بووم کە ئیسلام ئاینتان بێت".**

**فەرمانیکرد بەکردنەوەی کۆت وبەندی زاناشامیەکە و ئازادکردنی،بڕیاریشی دا چیتر باس لەمەسەلەی خەلقی قورئان نەکاتەوە.**[1]

**بەڕای ئێمە خەلیفە (الواثق)بۆ ساتێکیش دەستبەرداری مەسەلەی خەلقی قورئان نەبووەو لێی پاشگەزنەبۆتەوە،چونکە ئەگەر لێی پاشگەزبووبێتەوە ئەی کەواتە بۆچی تەرمی(ابن نصر)ی بە هەڵواسراوی هێشتەوەو دای نەگرت(یان بۆچی ڕادەستی کەس و کارەکەی نەکردەوە)؛لەکاتێکدا لەسەر خەلقی قورئان کوژرا و هەڵواسرا،هەروەك پێمانوایە ئەوەی خەلیفە(المهتدي٢٥٥_٢٥٦ك/٨٦٩_٨٧٠ز)و ئەوانی دی باسی لێوە دەکەن تەنها پاکانە کردنە بۆ خەلیفە(الواثق)و ویستویانە بەم پاکانە بۆکردنە بەر بەو نەفرەتانە بگرن کەلە خەلیفەی ناوبراوکراوە.ئەگەر پاشگەزبوونەوەکەی(الواثق)ڕاستیش بێت ئەوا بە بڕوای ئێمە یەك لەو هۆکارە گرنگانەی وای لەخەلیفە(الواثق)کرد دەستبەرداری پرسی خەلقی قورئان بێت،ئەوەبوو کە بینی موعتەزیلەکان توانستی بڕواپێهێنانی زاناگەورەکانی ئەهلی سوننەو حەنبەلیەکانیان نیە بەوەی،کە قورئان دروستکراوەو بەڵگەکانیشیان لەم بارەوە زۆر لاوازبوو،هەروەك نابێت ئەوەش نادیدە بگرین،کەخەلیفە(الواثق)پێچەوانەی(المعتصم)ی باوکی کەسێکی شارەزاو لێهاتوو بووە لەلایەنی مەعریفەوەو،هەستی بەلاوازی زانایانی موعتەزیلەو ئەوبەڵگانە کردوە کەبەهۆیانەوە خەڵکی لەناودەبات و دەچەوسێنێتەوە.**

---

[1] الآجري:الشريعة،ص٨؛ابن منظور:مختصر تاريخ دمشق لابن عساكر،٣٦٢٥/١ وەرگیراوە لە:(محمود الرضواني:البدعة الكبرى،ص٨٦_٨٧)؛بۆ جەدەلی نێوان(ابن ابي دؤاد)و زانا شامیەکە بڕوانە:(انور الجندي:المؤامرة في الاسلام،ص٢٨_٣٠).

## تەوەری چوارەم: خەلیفە متەوەکیل و لێدان لەموعتەزیلە( ٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٦_٨٦١ز)

### یەکەم: فاکتەرەکانی لەناوچوونی دەسەڵاتی موعتەزیلە(وەکوگروپ)

بۆقسەکردن لەسەرفاکتەرەکانی لەناوچوونی هەژموونی موعتەزیلەکان و گەنگەشەکردنی ئەوبارودۆخانەی کەبەهۆیانەوە لاوازی موعتەزیلەکانمان بۆدەردەکەوێت،بەپێویستی دەزانین ئاورێك لە بەهێزییان لەسەردەمی خەلیفە(المامون،المعتصم،الواثق)دا بدەینەوەو دەست لەسەر خاڵە لاوازەکانیان؛کەدواتر سەری کێشا بۆلەناوبردنیان،دابنێین.دیارە ستەمی لەڕادەبەدەری خیلافەت و موعتەزیلەکان بەرانبەر کەسایەتیە ئاینیەکان و ناچارکردنیان بەبیروباوەڕێك کەلەقورئان و فەرموودەدا باسی لێوە نەکراوە،بۆخۆی یەك لەهەرەبابەتە سەرەکیەکان بوو،کە خیلافەت و موعتەزیلەکانی لەبەرچاوی حەنبەلیەکان و گشتەی خەڵك ناشیرین کردو توڕەبوونیان گەیشتە ئاستی تەقینەوە،هەروەك کوردەواری دەڵێت:(هەموو شت لەباریکیدا دەپچڕێت تەنها زوڵم و ستەم لەئەستوریدا دەپچڕێت)ئەمەش بەو واتایە دێت کەستەم،توڕەیی ناخی مرۆڤەکان دەردەهێنێت و لەئەرزی واقیعدا نمایشی دەکات و کاردانەوەی هەژێنەر بەئاراستەی لەناوبردنی ستەمکار دێتەکایەوە،بێگومان ئەم پەندەکوردیە تەواو تەبایە بەهەوڵدانەکانی(احمد بن نصرالخزاعي)،بۆهەڵگیرسانی شۆڕش دژی ستەمکاریەکانی خەلیفە(الواثق)،هەرچەندە شۆڕشەکە شکستی هێناو ئەنجامەکەشی تیاچوونی سەری خۆی بوو.

أ‌-خەلیفە مەئمون:ئەوەی دیاروئاشکرایە لەسەردەمی خەلیفە(المامون)دا ئەوەیە وێڕای دەمارگیریەکانی بۆ بیروباوەڕەکانی ئاینزای موعتەزیلە،بەڵام هەر لەسەرەتای هەوڵدانەکانی بۆ مانیفێست کردنی تیۆرەی خەلقی قورئان توشی دڵەڕاوکێ بوو،هەروەك بوێریی بەیانکردنی نەبوو،چونکە لەڕای گشتی دەترسا،کە(ئەگەر بەیانی بکات و ڕەتبکرێتەوە ئەوکات خەڵکی جیاوازیان تێ دەکەوێت و ئاژاوەو پشێوی دێتەکایەوە،منیش ڕقم لەئاژاوەیە)،[1] بێگومان ئەمە بەیەك لەفاکتەرەکانی لاوازی موعتەزیلەکان دادەنرێت،چونکە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە،کە تیۆرەی خەلقی قورئان و باوەڕەکانی دیکەی موعتەزیلە هەر لە بنەڕەتدا بابەت گەلێکی نامۆبوون بەئاینی ئیسلام،بەڵگەش بۆئەمە ئەوەیە،کە ئەگەر تیۆرەی خەلقی قورئان بابەتێکی وابەستەی یەکتاپەرستی ئیلاهیە،کەواتە بۆچی خەلیفە(المامون)لەبەیانکردنی ترساوە؛لە کاتێکدا دەبوو بەئاشکراو بێ دڵەڕاوکێ نمایندەیی خەڵکی بکات بۆیەکتاپەرستی ڕاستەقینە،ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بزانین(ئەم بابەتە لەزهنیەت و ئاوەزی خەلیفەدا بۆماوەیەکی زۆرو لەساڵی(٢١٢ك/٨٢٧ز)ی کۆچیەوە تا(٢١٨ك/٨٣٣ز)دەخولایەوەو نەیتوانیوە بەئاشکرا بانگەشەی بۆبکات،بەڵکوتەنها لەدانیشتنە تایبەتیەکانیدا باسی لێوەکردوە)،[2] ئەمەو ستەمی خەلیفەکانی عەبباسی خزمەتێکی باشی بەحەنبەلیەکان کردوە لەڕووی ڕاکێشانی هەست و سۆزی گشتەی خەڵکی بەلایانداو پشتگیری لێکردنیان و ڕق لێبوونەوەیان لەموعتەزیلەکان،چونکە دوای ئەوەی هەریەك لە(ابن

[1] ابن الجوزي:مناقب،ص٣٨٦؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،٢٣٧/١١؛عبدالله التركي:المذهب الحنبلي،٦٨/١.

[2] الطبري:التاريخ،٢٧٩/١٠؛ناصرالعقل:دراسات في الاهواء،ص٢٦٥؛محمدابو زهره:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص١٤٢_١٤٣ ، ٤٦٢.

حنبـل) و (محمـد بـن نـوح)دژی مەسـەلەی خـەلقی قورئـان وەسـتانەوە،کۆت و زنجیرکـران و ڕەوانـەی لای خەلیفـە(المامون)کران لەسـەربازگەکەی لـە(طرطـوس)،دواتـر بـەهۆی ئازارچەشـتنەوە(محمد بـن نوح)لـەڕێگای گەڕانـەوەدا کۆچـی دوایـی دەکـات،[1] ئەمـەش ئـەهلی سـوننەوحەنبەلیەکانی تـوڕەو بێزارکردو نەفرەتیان لەموعتەزیلەکان دەکرد.

ب-خەلیفە(المعتصـم):بەوەناسـراوە کـەزۆر تونـدبووە لەبابەتـە ئیعتیزالیەکانـداو چـەندین زانـای لـەناوبردوە لەسەرپرسـی خـەلقی قورئـان و دارکـاری کردون،ئـەوەتا دوای مردنـی خەلیفـە(المامون)(٢١٨ك/٨٣٣ز)،(ابـن حنبل)دەگەڕێننـەوە بـۆ بەغـدادو نزیکـەی(٢٨)مـانگ لەزینداندا دەمێنێتەوە،بـەبێ ئـەوەی لێـی بپرسـنەوە تاسـاڵی(٢٢٠ك/٨٣٥ز)دەسـت بەجـەدەل و گفتوگـۆ دەکرێتـەوە لەگەڵیدا،سـەبارەت بەچـیەتی قورئـان،[2] و لەسـاڵی(٢٢١ك/٨٣٦ز)ودوابـەدوای جـەدەلێکی زۆرو هـەوڵێکی بـێ وچـان لەگـەڵ(ابن حنبـل)دا تـاکو بـڕوای پێبهێنن،کـە قورئـان دروسـتکراوە،بەڵام بـێ سـود دەبێت،خەلیفە(المعتصـم)یش دڕدۆنـگ دەبێـت و پاشـان فـەرمان دەکـات بـەدارکاری کردنـی بەتـەرزێك کـەدواتر کـەڵکی ئـەوەی نامێنێـت نـە لەزینـدانـدا بمێنێتـەوە نـە جـەدەلی لەگەڵـدا بکرێـت،[3] بێگومـان ئـەم کردەوانـەی خەلیفە(المعتصـم)،کە موعتەزیلـەکانی لەپشـتەوە بـوو تـەواو حەنبەلیـەکانی بێزارکـردو تادەهـات زیـاتر ڕق ئەسـتورتر دەبـوون بەرامبـەر بەخیلافـەت و موعتەزیلـەکان و بیروباوەڕەکانیان،ئەمـەش بێگومـان موعتەزیلـەکانی بەرەوهەڵـدێر برد،چـونکە حەنبەلیـەکان بـەهۆی دارکـاری کـردن و سـتەمکاری دەرهـەق بەڕابـەرو پێشـەواکەیان مـاف خۆیـان بـوو نـەفرەتیان لـێ بکـەن و هەرگیز بۆ ساتێکیش نەچنە سەر بیروڕاکانیان.

وێـڕای ئـەوەی باسمـانکرد یـەك لەوبابەتانـەی کەبـەخاڵی لاوازی خیلافـەت و موعتەزیلـەکان دادەنرێـت ترسـان بـووە لەکوشـتن و لـە نـاوبردنی(ابن حنبل)،چـونکە خەلیفە(المعتصـم)دەیزانی نـاوبراو نێچـیرێکی ئاسـان نیـەو بەکوشـتنی ڕای گشـتی دەهـەژێ و هەڵگیرسـانی ئـاژاوەو شـۆڕش ئەگـەرێکی کـراوە دەبێت،ئەمـەش لەبەرئـەوەی زۆرینـەی خـەڵکی بەغـدادو ناوچـەکانی دەوروبـەری سـۆزیان بـۆ(ابن حنبل)هەبوو،لەسـەر ڕێچـکەو ڕێبازەکـەی بوون،ئەگەر(المعتصم)بیکوشـتایە وەك چـۆن چـەندزانایەکی دیکـەی لەناوبرد،ئـەوا ئـاژاوە سـەری هەڵدەدا،بەڵگـەش بۆئەمـە کاتێـك(ابن حنبل)لەسـاڵی(٢٢١ك/٨٣٦ز) لەزینـدان دەرکـراو ئـازادکرا خـەڵکێکی بێشـومار کۆببونەوە،کـە خەلیفـەو موعتەزیلـەکان ترسـیان لـێ نیشـت،[4] بێگومـان ئـەم ترسـە لەکوشـتنی(ابن حنبل)هەڵوێسـتی موعتەزیلـەکانی لاوازکرد،هەرچـەندە موعتەزیلـەکان و لەسـەرووی هەموشـیانەوە(ابـن ابـی دؤاد)هەوڵیـدەدا خەلیفـە ڕازی بکـات بەوەی،کـە(ابن حنبل)ئازادنـەکات و لـەکونجی زیندانەکانـدا

---

[1] ابن الاثیر:الکامل،٦/٥؛ابن الجوزي:المنتظم،٢٤/١١؛محمدعبدة وآخر:المعتزلة بین القدیم والحدیث،ص١٢٣.

[2] بڕوانە:(ابن الکثیر:البدایة والنهایة،٢١٣/١٤؛رشیدالخیون:جدل التنزیل،ص١٣٥؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٣٣).

[3] بڕوانـە:(ابـن تیمیـة:منهاج السـنة،٦٠٥/٢؛الذهبي:سـیراعلام النـبلاء،٢٤٦/١١؛ابـراهیم ایوب:تـاریخ العباسـي،ص٩١)هـەروەها بڕوانـە تەوەری دووەمی ئەم بەشە سەردەمی خەلیفە (المعتصم).

[4] بڕوانە:(ابن الجوزي:مناقب،ص٤٥٩_٤٦٠؛قدریة عبدالحمید:موقف ابن تیمیة،ص٢١٠).

بیهێڵێتەوە،ئەمــەش ئەوکاتــە بــوو کەخەلیفــە تــەواو بێزاربوو،هێنــدەی نــەمابوو پاشــگەزببێتەوە،بەڵام موعتەزیلــەکان خوێنیــان حــەڵاڵکردو ئەوەشــیان بەخەلیفــە وت،ئەگــەر ئێســتا پاشــگەزببیتەوە لــەم پرســـەو(ابن حنبل)ئازادبکەیت،خـــەڵکی دەڵـــێن(ابن حنبل)بەســـەر دووخەلیفـــەدا ســـەرکەوتووەو بـــۆڕی داون،ئەمـــــــەش لەشـــــــکۆی خیلافـــــــەت کـــــــەم دەکاتەوە،هـــــــەروەك دەڵـــــــێن وازی لەڕێبازەکـــەی(المامون)هێناوە.[1] جگـــە لەمـــە خەلیفـــە چـــەندجارێك هەوڵیـــداوە پاشـــگەزببێتەوە،بەڵام لەژێرفشـاری موعتەزیلەکانـدا بـەردەوامی بـەم پرسـە داوە،ئـەوەتا هەرلەسـەرەتای دەسـت پێکردنـەوەی گـەڕی جەدەلیاتەکانـەوە خەلیفـە بـە(ابن حنبل)دەڵێت،ئەگـەر کەسـێکی پـێش مـن تـۆی بەندنەکردایـەو ناچـاری نەکردیتایــە بــەوەها پرســێکەوە،ئەوا منــیش ئــەوکارەم نــەدەکرد،[2] ئەمــەش ئەوڕایــە پشــت ڕاســت دەکاتەوە،کــە خەلیفە(المعتصم)کەســێکی زۆر شــارەزاو بەمەعریفــە نــەبووە،گرنگی زۆریشــی بــە وەهــا پرســێکی فەلســەفی نەداوە،بــەڵکو نــاوبراو دیلــی وەســێتی براکــەی و،فشــاری موعتەزیلــەکان و،ترسان بووە لەناوزڕاندنی پێگەی خەلیفەوخیلافەت.

هــەروەها ئــەوەی نابــەدڵی خەلیفــەکانی عەبباســیمان بۆدەردەخــات ســەبارەت بــەم پرســە ئەوەیە،کــە خەلیفە(المعتصــم)دوای ئــەوەی بــینی(ابن حنبل)دارکــاری کــراو جەســتەی بــە ســەختی برینــدارکراو چــەندجارێك لەبــەردەم جــەلادەکانی خــە لیفــەدا بورایەوە،کەچــی هەرلەســەربیروباوەڕو گوتــەزاکانی خــۆی ســوربوو،بۆیە وازی لەلێــدان و ئەشــکەنجەدانی هێنــا و ئــازادی کــرد،[3] ئــەم هەڵوێســتە لاوازی موعتەزیلــە و خەلیفــەمان پیشــاندەدات بەوەی،کەنــەیانتوانی نــە بــاوەڕ بــە( ابــن حنبــل)بهێنن و نــە لـــەناوی بـــەرن و نـــە بەیـــەکجاری لەزیندانیشـــدا بیهێڵنەوە،جائـــەهلی ســـوننە و گشـــتەی خـــەڵك و حەنبەلیــەکان ئــەم لاوازیــەی خەلیفــە و موعتەزیلــەکانیان بینی،بۆیــە لەســەرباوەڕەکەیان مانــەوە و(ابــن حنبل)یان ستایش و موعتەزیلەیان نەفرین دەکرد.

ج-خەلیفــە (الواثــق):ســەردەمی خەلیفــە(الواثــق)بەســـەردەمی ئەوپـــەڕی توندوتیــژی دادەنرێت،چــونکە تیایــدا تاقیکردنــەوەو تــرس وتۆقانــدن و کوشــتن تــەنها بەرامبــەر زاناکــان ئــەنجام نەدرا،بــەڵکو ئــەم پرۆســـەیە پـــەلی هاویشـــت بـــۆ نێـــو کۆمـــەڵگا و گشـــتەی خـــە ڵـــك و تەنانـــەت دیلـــەکانی جەنگیش،بـــەم کارانەشــی خەلیفــە(الواثــق)ڕای گشــتی لــەدژی خــۆی وروژانــدو بزوتنەوەیــەکی جــەماوەری بــەهێز دژی سیاســـــەتە ســـــتەمکارانەکەی دەرکەوت.ئەمـــــەش خەلیفـــــەی ناچـــــاربە پێداچـــــوونەوە بەکارنامـــــەی سیاسیدا کرد،بەمەش موعتەزیلەکان هەنگاوێکی دیکە لە لاوازی نزیکبوونەوە.

ئــەوەی لێــرەدا مەبەســتمانە ئامــاژەی پــێ بــدەین ئــەو هەڵوێســت و هەنگاوانــەی خەلیفــە(الواثــق)ن کەموعتەزیلەکانی خستە نێو خەرەندێکی گەورەو لاوازوپاشان لەناوی بردن،ئەوانیش:-

---

[1] بڕوانە:(ابن ابي العز:شرح العقيدة الطحاوة،ص٥٤١؛محمد ابوزهرة:تاريخ المذاهب الاسلامية،ص٤٦٤؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٣٢/١؛احمد شوقي:المعتزلة في البغداد،ص٧١).

[2] ابن الكثير:البداية والنهاية،٣٣٢/١٠؛ابن نعيم:حلية الاولياء،١٩٨/٩؛محمود الرضواني:البدعةالكبرى،ص٤٢.

[3] ابن الاثير:الكامل،٢٢٣/٥؛ابن العماد:شذرات الذهب،٤٥/٢؛سالم الثقفي:مفاتيح،٢٣٣/١؛باباسوهەيل:موعتەزيلە،ل٢١٣.

**١-خەلیفـەی(الواثـق)هەرلەسـەرەتای دەسـەلاتەکەیەوە لەتاقیکردنـەوەی(ابن حنبل)،ڕێبـەری دارکـاری کـراوی حەنبەلیـەکان ترسـاو نـەتاقیکردەوەو نەبەنـدی کـردو نەدارکاری،بـەڵکو بەپەیامێکـدا پێـی ڕاگەیاندباکـەس لەگەڵتـدا کۆنەبێتـەوە و لەگـەڵ کەسیشـدا کۆمەبـەوەو لـەهیچ شـارو جێگایەکیشـدا دامەنیشـەو جێگیرمەبـە کـەمنی تیادام،ئەحمـەدیش قسـەکانی بەهەنـد وەرگـرت و لـەماوەی خیلافـەتی(الواثـق)دا خـۆی دەرنەخسـت و بەشـداری کۆڕوکۆبوونـەوە زانسـتیەکان و نوێـژەکانیش نـەدەکرد،[1] ئەمـەش لایـەنگرو شـوێنکەوتەکانی(ابن حنبـل)ی تـوڕەو بێزارکـردو لەهـەلێك دەگـەڕان بۆڕزگاربوون لەستەمکاری خەلیفەکانی عەباسی.**

**٢- هەرچـەندە خەلیفـەی(الواثـق)ڕابـەرو پێشـەواوی حەنبەلیـەکانی تـاقی و ناچاربەمەسـەلەی خـەلقی قورئـان نەکرد،بـەلام بـەرۆکی زانایـانی دیکـەی بەرنـەداو وازی لـێ نەهێنان،بـەڵکو ئـەم سـوربوو لەسـەر لـەناوبردنی ئەوکەسـانەی دان بەخەلقیـەتی قورئانـدا نانێن.هـەروەك خـەڵکێکی زۆری لەسـەر ئـەم پرسـە کوشـت،لەوانەش ئـەو کەسـە بـوو کـە(ثمامـة بـن الاشـرس)هێنـای بـۆلای خەلیفـەو گـوتی قوربـان ئەمـە ئەوکەسـانە بـەبێباوەڕ نازانێت،کـەبڕوایان بەخەلقیـەتی قورئـان نیەو،پێیانوایـە خـودا دەبینرێت،بەمـە خەلیفـە توڕەبـوو دەسـت بـەجێ کوشـتی،بەلام دواتـر سەرزەنشـتی(ثمامـة بـن الاشـرس) و (ابـن ابـي دؤاد)دەکات،کـەهانیان داوە بۆئـەم کـارە،[2] ئەمـەش بـەڕوونی ئـەوەمان پیشـاندەدات،کە کوشـتنی کەسـایەتیەکان بەهانـدانی موعتەزیلـەکان بـووەو سەرزەنشـتکردنی کەسـایەتیە دیارەکـانی موعتەزیلـەو نائومێـدبوون لێیـان موعتەزیلـەکانی خسـتەبارودۆخی هەسـتکردن بەلاوازی،بـەوەی کەخەلیفە لەسەر کوشتنی کەسێك خەریکە چەند کەسایەتیەکی موعتەزیلی دەکوژێت.**

**٣- کوشـتن و لـەناوبردن و هەڵواسـینی(احمـد بـن نصـرالخزاعي)و بـەبێباوەڕ زانـین و پیشـاندانی،تەنهالەبەرئەوەی چەشـنی خەلیفـە بـیری نـەدەکردەوە،بۆخۆی ئـەهلی سـوننەو حەنبەلیەکانی دڕدۆنگ کرد،هەڵبەت خەلیفەش هەستی بەم پڕبوون و توڕەییەی خەڵکی دەکرد.[3]**

**٤- خەلیفـەی(الواثـق)هەربەلـەناوبردنی زانـاو کەسـایەتیەکانەوە نەوەسـتا،بەڵکو ئـەم پرسـەی کـردە پرسـێکی گشـتی و،خـەڵکی ئاسـایی و دیلـەکانی جەنگیشـی خزانـدە نێـو ئـەم مەسەلەفەلسـەفیەوەو زۆرێکـی لـێ لەناوبردن.هـەروەك هەنـدێك ئامـاژەی پـێ دەکـەن لـەکاتی ئـاڵوگۆڕکردنی دیلـەکانی جـەنگ لەگـەڵ ئیمپراتۆریـەتی بیزەنتیـدا خەلیفـەی(الواثـق)بەپێشـنیازی(ابـن ابـي دؤاد)و موعتەزیلـەکان**

---

[1] ابـن الجوزي:مناقـب،ص٤٧٢؛الذهبي:سـيراعلام النـبلاء،٢٦٤/١١؛محمـد ابوزهرة:تـاريخ المـذاهب الاسـلامية،ص١٤٥، ٤٦٥؛قدريـة عبدالحميد:موقف ابن تيمية،ص٢١١؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،ص١٤٣.

[2] البغدادي:الفرق بين الفرق،ص١٧٤؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٢١٣.

[3] بڕوانـە:(ابـن الاثير:الكامـل،٨٧/٦؛ابـن الكثير:البدايـة والنهايـة،٣١٣/١٤_٣١٤؛السـيوطي:تاريخ الخلفـاء،ص٥٣٠؛ابـن الجـوزي:المنتظم،١٦٦/١١)کەبەدرێـژی باسـی چـیرۆکی توڕەبـوونی جـەماوەر و پلانـدانانیان بۆئەنجامـدانی شـۆڕش و کۆتـایی هێنـان بەستەمی خەلیفە(الواثق)دەکەن.

**دیلەکانی بەم پرسە ئەزموون کردو هەر یەکێکیشیان دانی بەخەلقیەتی قورئاندا نەنایە یان دەکوژرا یان لەدیلیدا دەمایەوەو دەکەوتە ژێر ئەشکەنجەدانی بیزەنتەکانەوە.[1]**

**٥- بێگومان ئەم پرسەش کەبەرۆکی فەرمودەناسان و فەقیهەکانی گرتبووەوە خەڵکی تەواوبێزارو تورەکرد،خودی خەلیفە(الواثق)یش لەکۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا هەستی بەبەهێزی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە ڕق ئەستورو تورەیە کردبوو،کە هەرەشەیان لەپێگەی خیلافەت و موعتەزیلەکان دەکرد،بۆیە هەوڵیدا پشتگوێیان بخات و گرنگیەکەی جارانی پێ نەدەدان،[2] بێ شك خەلیفە ئەم کارەی بۆ ئاشتکردنەوەی ڕای گشتی ئەنجامدا.**

**٦- پێشتر باسمان لە دودڵی و ڕاڕایی خەلیفەکان کرد لەهەمبەر پرسی خەلقی قورئان،بەلآم پاشگەزبوونەوەی خەلیفە(الواثق) لەکۆتاییەکانی خیلافەتەکەیدا گۆرزێکی یەکجارگوشندەوبەهێزبوو بەر پێگەودەسەلآتی موعتەزیلەکان کەوت،ئەمەش دوای جەدەلێکی دوورودرێژ بوو لەنێوان زانایەکی خەڵکی شام بەناوی(ابوعبدالرحمن الازدي) و (ابن ابي دؤاد)ی موعتەزیلی،کەتیایدا زاناشامیەکە نەك هەر بەسەر(ابن ابي دؤاد)دا سەرکەوت،بەڵکو بەدرێژایی جەدەلەکەیان نەیتوانی وەلآمی پرسیارەکان بداتەوەو بێدەنگ مایەوە،جا کە خەلیفە(الواثق)ئەمەی بینی بڕیاریدا چیتر کەس بەمەسەلەی خەلقی قورئان تاقی نەکاتەوەو پاشگەزبوویەوە.[3] ئەم پاشگەزبونەوە خەلیفە(الواثق)موعتەزیلەکانی تائەندازەی لەناوچوون لاوازکردو کاری خەلیفە(المتوکل)ی ئاسان کرد بۆ لەناوبرنیان.**

**دووەم:خەلیفە موتەوەکیل و قۆناغەکانی لێدان لە موعتەزیلەکان:** **هەروەك پێشترئاماژەمان پێدا بەهاتنی خەلیفە(المتوکل ٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٦_٨٦١ز)بالأنسی هێز گۆڕاو موعتەزیلەکان پشتگوێ خران.چونکە لەسەردەمی خەلیفە(المتوکل)دا تورکە تازەمسوڵمان بووەکان هەژموونی خۆیان بەسەرخیلافەتدا سەپاند،جائەم تورکانە دەمارگیریەکی زۆریان بۆ پێشینی خۆیان(السلف)هەبوو،هەروەك بەهۆی دایکیەوە کەتورك بوو نزیك بوون لە(احمد بن حنبل)ی پێشەوای حەنبەلیەکانەوەو سۆزیان بۆی هەبوو،بۆیەخەلیفە(المتوکل)بەهۆی هەموو ئەمانەوە ئاینزای فەرمی خیلافەتی لە ئیعتیزالەوە گۆڕی بۆ ئاینزای ئەهلی سوننەو زاناو فەرمودەناسان.[4] لێرەوە دەکرێ بڵێین هۆکاری لاکردنەوەی خەلیفە(المتوکل)بەلای ئەهلی سوننەدا تەنها بۆ ڕاکێشانی سۆزی تورکەکان بووە بەلای خۆیداو(هەڵبەت ئەمە لەسەرتاوە،چونکە خەلیفە"المتوکل"ویستی لەناوبردنی دەسەڵاتی تورکەکانی هەبوو،کەدەرئەنجامەکەی کوشتنی**

---

[1] بڕوانە:(ابن تغري بردي:النجوم الزاهرة،٢/٣١٦-٣١٧؛الطبري:التاريخ،٩/١٤١_١٤٥ ، ١١/١٩؛ابن الجوزي:المنتضم،١١/١٦٤؛حسن ابراهيم حسن:تاريخ الاسلام،٢/١٣٣؛ابراهيم ايوب:تاريخ العباسي،ص٩٩).

[2] ابن الكثير:البداية وانهاية،١٠/٣٠٦_٣٠٧؛حارث المحاسبي:العقل فهم القرآن،ص٣٧.

[3] بڕوانە:( المسعودي:مروج الذهب،٤/١٥٤_١٥٥؛الآجري:الشريعة،ص٨؛ابن الجوزي:مناقب،ص٤٧٥_٤٧٦؛مصطفى الشكعة:الائمة الاربعة،٤/١٦١_١٦٢؛سالم الثقفي:مفاتيح،١/٢٣٦).

[4] حارث المحاسبي:العقل فهم القرآن،ص٣٧.

**خودی خۆی بوو بەدەستی تورکەکان)،هەوڵدان بووە بۆ مۆنۆپۆل کردنیان،چونکە تادەهات ژمارەیان زیادی دەکردو بووبوون بەمەترسی بۆ سەر پێگەی خیلافەت.**

**هەروەك(ابن الاثير)دەڵێت خەلیفە(المعتصم)تورکێکی زۆری بە غولاٚم و خزمەتکار گرتبوو، کەیەك لەدوای یەك بەکوژراوی دەبینران،لەبەرئەوەی دڵڕەق بوون و خۆیان لێ گۆڕابوو سواری ولاٚخەکانیان دەبوون و بەشەقامەکانی شاردا دەسوڕانەوەو،لەژن و پیاوو منداڵ و گەورەیان دەداو،ئاژاوەو پشێویان دروستدەکرد،ئەمەش وایکرد خەڵکی لەسەرئاژەڵەکانیان دایان دەگرتن و لێیان دەدان،بەلاٚم ئەگەر کەسێك لەوانە بکوژرایە؛خەڵکەکە توشی ئازاردان دەبوونەوە لەلایەن خەلیفەوە(چونکە دایکی"المعتصم"تورك بووەو تورکەکان خاڵوانی ناوبراو بوون،هاتنی تورکەکانیش بەوشەپۆلە زۆرە،هەربۆهەمان مەبەست دەگەڕێتەوە،ئەمە سەرباری ئەوەی خەلیفە"المعتصم"متمانەی بەعەرەبەکان نەمابوو،بەدوای پشتیوانیێکیشدا دەگەڕا،بۆ پشتگیری لێ کردنی)،[1] چونکە لەلایەنگرانی خەلیفەبوون و کەس بۆی نەبوو ئازاریان بدات،ئەمەو هۆکاری هێنانی ئەو تورکانە ئەوەبوو،کەخەلیفە متمانەی بە فارسەکان نەمابوو لەدەسەلاٚتدا،هەروەك خەلیفە بۆ جەنگە درێژو سەختەکانی پێویستی بەسوپایەکی بەهێزهەبوو،دەشیزانی سوپای خیلافەت زیاتر لاگیری لەخەلیفەیەکی عەلەوی دەکەن وەك لە هەرخەلیفەیەکی تر،بۆیە ویستی سوپایەکی بەهێز لە تورك و دەیلەمەکان دروستبکات بۆئەوەی تەنها هاوکارو پشتیوانی خۆی بن نەك لایەنی دیکە،هەرلەبەرئەمە خەلیفە دەرگای والاٚکرد بۆهاتنەناوەوەی تورك و دەیلەم بۆنێوسوپای خیلافەت،[2] دواتریش هەندێکی لێکردن بەپاسەوانی تایبەتی خۆی،ئەمەش ڕێگەخۆشکەربوو بۆ زیاتر چوونە ناوەوەیان بۆخزمەتی سەربازی،چونکە سەربازی چاپوك و دلێربوون،بەمەش بوونە جێگای سوپاسی خەلیفە و تادەهات پلەیان بەرزدەبوویەوە تادواتر گەیشتنە بەرزترین پایەی سەربازی و کاریان دەکرد بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی فارس و عەرەبەکان لەنێو سوپای ئیسلامدا،ئەمە سەرباری ئەوەی کەخودی خەلیفەش دەیویست هەمان کاربکات،[3] ئەمە سەری کێشا بۆدەرکەوتنی شەڕوخراپەی تورکەکان و ململانێ لەنێوان تورکەکان و خەڵکدا لەشاری بەغداد هاتەکایەوە،بەلاٚم دوای ئەوەی سکالاٚیەکی زۆر گەیشتە لای خەلیفە،ئەویش شاری سامەڕای بۆدروست کردن و خۆیان و سوپاکەیانی گواستەوە ئەوشارە،دەرئەنجامی ئەو پایەیەی تورکەکان هەیانبوو لای موعتەسەم هەڵگیرسانی شۆڕش بوو لەلایەن عەرەبەکانەوە دژی خەلیفە و(ئەفشین)و بەسەرکردایەتی(عباس بن المامون)،بەلاٚم شۆڕشەکە شکستی هێناو(عباس بن المامون)و لایەنگرانیشی دەست بەسەرکران و کوژران.[4]**

---

[1] ابن الاثير:الكامل،٢٢/٦؛ابن الطقطقي:الفخري في الآداب السلطانية،ص١٧٠.

[2] ابن الكثير:البداية والنهاية،٢٣٧/١٤، ٢٥٩؛بڕوانە:(ابن خلدون:تاريخ ابن خلدون،٣٢١/٣_٣٢٢).

[3] احمدشلبي:موسوعة تاريخ الاسلامي،١٩٥/٣_١٩٦ ، ٣٩٣؛بڕوانە:(كارل بروكلمان:تاريخ الشعوب الاسلامية،٢٠٨/٢_٢١٠).

[4] ابن خلدون:تاريخ ابن خلدون،٣٢١/٣_٣٢٢ ، ٣٣٠_٣٣١؛احمدشلبي:موسوعة تاريخ الاسلامي،١٩٥/٣_١٩٦ ، ٣٩٣؛بڕوانە:(كارل بروكلمان:تاريخ الشعوب الاسلامية،٢٠٨/٢_٢١٠).

لــــه ســــــەردەمی خەلیفـــــە(الواثـــــق ٢٢٧_٢٣٢ك/٨٤١_٨٤٦ز)یشــــدا ســــەرکردە تورکـــــەکان و لایـــەنگرەکانیان گەیشـــتنە پایەیـــەکی زۆر بـــالاّ تائـــەو ئەندازەی،کەخەلیفـــە(الواثـــق)یـــان دامـــاڵی لـــەو شوناســـە سیاســـیەی هەیبوو،خەلیفـــەش کەســـێکی لـــە پۆســـتێکدا دانـــەدەناو لانەدەبرد،مەگـــەر دوای ڕاوێـــژ لەگـــەڵ تورکەکانـــدا نـــەبێت.[1] جـــا ئەگـــەر ئەمـــە دەســـەڵاتی تورکـــەکان بێـــت و هـــیچ شـــتێك بەربەســـتی بـــەردەم هەیمەنـــەخوازیان نـــەبووبێت و،خەلیفە(المعتصـــم)و پاشـــان(الواثـــق)نـــەیانتوانیبێت هەیمەنـــەی خۆیـــان بەســـەریاندا بســـەپێنن(بۆیە خەلیفـــەکانی پێش"المتوکل"خۆیـــان لەتورکـــەکان نزیـــك نـــــــەکردەوە وەك ئەوەی،کـــــــە"المتوکل"کردی،بێگومان ئەوەبوو،کـــــــەخودی خەلیفە"المعتصـــــــم و الواثـــق"موعتـــەزیلی بـــوون و،تورکـــەکانیش لەســـەرباوەڕی پێشـــین بوون،بۆیـــە نزیکبوونـــەوەیان لەیەکـــدی کـــارێکی ئاســـان نەبوو،بەپێچـــەوانەی"المتوکل"ەوە،کەخۆی کەســـێکی ســـوننە مەزهـــەب بوو)،ناچـــار خەلیفە(المتوکل)بۆئـــەوەی تورکـــەکان بـــەلای خۆیـــدا ڕابکێشـــێت موعتەزیلـــەکانی پشـــتگوێ خســـت و گرنگیـــەکی زۆری بەئـــەهلی ســـوننەو(ابن حنبل)دا(ئەمـــە لەسەرەتاوە،چـــونکە دواتـــر خەلیفـــە لـــە تورکـــەکان دەدات و ئـــەوانیش لـــەناوی دەبەن)،چـــونکە تورکـــەکان لەســـەرباوەڕی پێشـــینی خۆیـــان بـــوون و کەسی نزیك و خاڵوانی(ابن حنبل)بوون و سۆزیان بۆی هەبوو.

ئەمـــــــەو زۆرێـــــــك لـــــــە مێژوونووســـــــان ئامـــــــاژە بەوەدەکـــــــەن بـــــــەهاتنی خەلیفـــە(المتوکل٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٦_٨٦١ز)موعتەزیلـــەکان بەتـــەواوی ڕویـــان لـــەبێ هێـــزی کرد،هـــەروەك ســـەردەمی خەلیفـــەی نـــاوبراو بەســـەردەمی گەڕانـــەوەو گـــۆڕانی باڵانســـی هێزوپارســـەنگ بـــوونی بـــەلای حەنبەلیەکانـــدا ناودەبرێت،چونکە(المتوکل)پێچـــەوانەی خەلیفـــەکانی پـــێش خـــۆی هـــەوڵی تـــەواوی بۆلێـــدان لـــەگروپی موعتەزیلـــەو لـــەناوبردنی هـــەژموونیان؛هەنگاوبەهـــەنگاوو هێـــدی هێـــدی خستەگەڕ،چـــونکە وەکـــو دەگوترێـــت خەلیفـــە لەبابەتـــە دینیەکانـــدا زۆرتونـــدبووەو دژی بیدعـــەکاران بووە،بـــەڵام نابێـــت ئـــەوە نادیـــدە بگرین،کەلـــەناوبردنی گروپـــە ئیســـلامیەکان و بیروباوەڕەکانیـــان کـــارێکی یـــەکجار ســـەختە تـــاڕادەی مەحاڵ،چـــونکە ئەگـــەر لەموعتەزیلـــەکان درابێـــت و ســـنورێك بۆدەســـەڵات و هـــەژموونخوازی و ســـتەمەکانیان دانرابێـــت و بـــە تێپـــەڕبوونی کـــات لـــە نـــاوبرابن(وەکو گـــروپ نـــەك وەکـــو ئایـــدیاو باوەڕ)،بـــەڵام شـــوێنەواری بیروبـــاوەڕو بنچـــینەکانی ئاینزاکـــەیان هـــەروا بـــە ئاســـانی لـــەناونابرێت و کاریگەریەکـــەی بەدرێـــژایی ســـەدەو ســـەردەمەکان دەمێنێتەوە،ئەمـــە ئەگـــەر بـــزانین ئـــاین و بـــاوەڕ لەنەســـت و زهنیـــەت و ئـــاوەزی تـــاك و کۆمەڵگـــەدا ڕۆدەچـــێت و کارلێـــك دەکـــات و لەخەزێنـــەی یـــادەوەری کۆمـــەڵگاو میللەتانـــدا دەمێنێتـــەوەو دەگوێزرێتـــەوە لەشـــوێنێك بـــۆ شـــوێنێك و لەســـەردەمێك بـــۆ ســـەردەمێکی تر،بۆیـــە ئێمـــە کـــەباس لەلەناوچـــوونی موعتەزیلـــە دەکـــەین مەبەســـتمان گروپـــی موعتەزیلـــەو ئـــەو هێـــزو دەســـەڵاتەیانە کـــە لەســـەردەمی خیلافـــەتی ســـێ لەخەلیفـــەکانی عەباســـیدا هـــەیانبووەو بەهۆیـــەوە بـــەری بیروباوەڕەکـــەیان خـــواردو لـــەزەتی دەســـەڵاتدارییان نۆشـــی و،بـــــەئارەزووی خۆیـــــان خەلیفـــــەیان بەکاردەهێناو،هـــــەموو ئەوانەشـــــیان دەچەوســـــاندەوە،کە بیروباوەڕەکەیان لەوان نەدەچوو.

---

[1] احمدشلبي:موسوعة تاريخ الاسلامي،١٩٨/٣، ٣٩/٤؛كارل بروكلمان:تاريخ الشعوب الاسلامية،٢١٢/٢.

بەهەرحاڵ هەروەك هەندێك باسی لێوەدەكەن دوای ئەوەی حەنبەلیەكان ڕوبەڕوی ستەمی زۆربوونەوە لەلایەن موعتەزیلەكان و خیلافەتەوە،ئەم ژێردەستەییەیان ناكۆتا نەبوو،بەڵكو لەدوای مردنی خەلیفە(الواثق٢٣٢ك/٨٤٦ن) و هاتنی خەلیفە(المتوكل٢٣٢_٢٤٧ك/٨٤٦_٨٦١ن) موعتەزیلەكان ئەو هێزوتوانایەی جارانیان نەماو كۆتایی بە هەژموونیان هات،چونكە(المتوكل)لاگیری لێیان نەكردو بەڵكو لێشی دان.هەروەك شكۆی بۆئەهلی سوننەو حەنبلیەكانیش گێڕایەوە،[1] كەپێشترو لەسەردەمی خیلافەتی(المامون،المعتصم،الواثق)دا لەدەستیان دابوو و ئاهێكیان بەبەردا هاتەوەو لەبەرامبەردا موعتەزیلەكان پشتگوێ خران و هەموو كتێبەكانیان سوتاندن و بەتوندی سەركوتی كردن و ڕاوەدووی نان و بەدوای هەموویانەوە بوو،[2] چونكە خەلیفە بزوتنەوەیەكی دژی موعتەزیلەكان ڕاگەیاند،بەڵام ئەم بزوتنەوەیە زۆر لەسەرخۆبوو،ڕاستەوخۆو بەتوندی هێرشی نەكردە سەریان،[3] بەڵكو:-

١- لە قۆناغی یەكەمدا هەر بە گەیشتنی بەدەسەلآت لەساڵی (٢٣٢ك/٨٤٦ن)دا ئەوەی پێكرا،كە شالآوی زۆرەملێ و جەدەل و گفتوگۆ لەهەمبەر كەلامی ئیلاهی و مەسەلەی خەلقی قورئان و بابەتە پەیوەندیدارەكان پێوەی قەدەغە بكات و ڕابگرێت و تاقیكردنەوەی خەڵك بەم پرسە فەلسەفیە بەكۆتاهات و(ابن حنبل)ی ئازادكرد لەكارەكانیدا،[4] ئەو ئازارو ئەشكەنجەدانەی لەلایەن سێ خەلیفەكەی پێش خۆی (المامون،المعتصم،الواثق) ڕووبەڕووی حەنبەلیەكان كرایەوە،ئەم هەڵیگرت و نەیهێشت،لەپاشان فەرمانی بەزانایانی ئەهلی سوننە كرد دەست بكەن بەگێڕانەوەی ئەو فەرموودانەی باس لە(بینین خودا و سیفاتەكانی)دەكەن،كەپێشتر لێیان قەدەغەكرابوون.[5] بێگومان بۆخۆی ئەم قۆناغە كەتیایدا حەنبەلیەكان ئازادیەكیان پێ بەخشرا و زاناكان دەستیان بەگێڕانەوەی فەرمودەكانی(سیفات،بینینی خودا)كرد،دژی موعتەزیلەكان بوو،چونكە ئەو هەموو ئازادیەی موعتەزیلەكان لەسەردەمی سێ خەلیفەی پێش(المتوكل) ئەنجامیاندا تەنها بەهۆی ئەو دووخاڵەوە بوو،بەڵام ئەم هەنگاوە نەرمیەكی پێوە دیاربوو،چونكە بەزەقی مانیفێستی دژایەتی موعتەزیلەكانی تیادا نەكردوە.ئەمەو هەرلەساڵی(٢٣٢ك/٨٤٦ن)دا دوای دەستبەرداربوون لەجەدەل،خەلیفە هەموو زیندانیەكانی سەردەمی(الواثق)،كەبەهۆی مەسەلەی خەلقی قورئانەوە زیندانی كرابوون،ئازاد كرد.[6]

---

[1] بڕوانە:(ابن الجوزي:مناقب،ص٤٨٣_٤٨٤؛محمدهدارة:المامون خليفة العالم،ص١٤٢؛احمدامين:ضحى الاسلام،١٣٧/٢.

[2] المسعودي:مروج الذهب،٧٥/٢؛محمود اسماعيل:الحركات سرية في الاسلام،ص١١٣؛بڕوانە:(محمودالرضواني:البدعةالكبرى،ص٨٦؛مجيد حميدمجيد:ئەحمەدی كوڕی حەنبەل،لا٦٥؛موحسین ئەدیب:داعش كوڕی شەرعی سەلەفیزم،ص٤٥).

[3] ابن الاثير:الكامل،٤٣/٧؛جارالله:المعتزلة،ص١٨٢.

[4] ابن الكثير:البداية والنهاية،٣١٣/١٠؛احمد فريد:من اعلام السلف،٢١٨/٢، ٢٤٢؛نجلاء لطفي:الفرق والمذاهب،ص٨٢؛محمد عبدة وآخر:المعتزلة بين القديم والحديث،ص١٢٤؛باقرياسين:مێژووی خوێناوی عێراق،لا١٠٣.

[5] المسعودي:مروج الذهب،٧١/٤، ٢٥٤؛ابن العماد:شذرات الذهب،١٥٠/٣؛عبدالستار الراوي:ثورة العقل،ص٢٣٧؛احمد شوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٧٨؛علی وەردی:كێشەی شیعە و سوننە،لا٢١.

[6] ابن الاثير:الكامل،٤٣/٧؛اليعقوبي:تاريخ،٤٨٤/٢_٤٨٥؛جعفرالسبحاني:بحوث في الملل،٤٥٤/٣؛باباسوهەیل:موعتەزیلە،لا٢١٤.

**٢ـ وەك دەوترێت خەلیفە(المتوكل)لە قۆناغی یەكەمدا ڕاستەوخۆ(ابن ابي دؤاد)ی نە لەپۆستی (قاضي القضاة)لابردو نە لە(دیوانی سەربازی=مظالم العسكر)،بەڵكو سەرەڕای ڕق لێبوونەكەی لەپۆستەكەیدا هێشتیەوە تاسالْی(٢٣٣ك/٨٤٧ز)،كەتیایدا(ابن ابي دؤاد)توشی ئیفلیجی بوو،بۆیە(المتوكل)ناوبراوی لەپۆستەكەی دوورخستەوە و كوڕەكەی بەناوی(اباالولید)لەشوێنی دانا،[1] ئەمەش ئەوڕاستیەمان پیشاندەدات،كە تائەوكاتە موعتەزیلەكان ئەگەر چی ڕێژەییش بێت،بەلاّم دەسەلاّتیان هەرمابوو،ئەگەرنا بۆچی لەچركەساتی ئیفلیج بوونی(ابن ابي دؤاد)دا كەسێكی حەنبەلیەكان یان ئەهلی سوننەی لەجێگەی دانەنا،بۆیە دەكرێت بلێین موعتەزیلەكان تائەو ساتەش دەسەلاّتیان هەبوو،(المتوكل)ترساوە لەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوویان ببێتەوە،بەڵكو سەرەتا تەنها توانیویەتی فەرمان دەربكات بە قەدەغەكردنی زانستی كەلام و بڕیاردان بەوەی هەركەس جەدەل لەم بارەیەوە ئەنجامبدات چارەنووسی زیندانی كردن بێت،سەرباری فەرمان كردنی بەگشتەی خەڵك تاكو خۆیان بەقورئان و سوننەتەوە سەرقاڵ بكەن،[2] ئەم هەنگاوانەش بەشێوازێكی ناڕاستەوخۆ دژی موعتەزیلەكان بوو،چونكە لەلایەك مەسائیلە ئیعتیزالیەكانیانی چەپاندوە و لەلایەكی دیكەشەوە دوورخستنەی خەڵك بووە لە بیروباوەڕەكانیان،هەروەك هەوڵدان بووە بۆنزیك كردنەوەی خەڵكی لە بیروباوەڕو بنەماكانی ئاینزای حەنبەلیەكان.**

**٣ـ بەهاتنی سالّی (٢٣٤ك/٨٤٨ز)خەلیفە (المتوكل)هەنگاوێكی نوێی هاویشت و بەئامانجی نزیك كردنەوەی زیاتری حەنبەلیەكان و پەیڕەوانی دیكەی ئەهلی سوننە،دیاری و پاداشتی بۆ زانایانی فەرموودەناس و فەقیهەكان ناردو دابەشیكرد بەسەریاندا[3] و فەرمانی كرد،كەكۆڕی وانەوتنەوەكانیان لەگەڵ خەڵك دەست پیٚ بكەنەوەو،دەست بكەن بەبلاّوكردنەوەی هەموو ئەو فەرموودانەی كە دژی بنەماكانی موعتەزیلەكانە.بۆیە دەست بەجیٚ زانایانی حەنبەلی لە بەغداد دەستیان بەچالاكیەكانیان كردەوەو كۆڕی وانەوتنەوەكانیان دەست پێكردەوە.[4]**

**٤ـ موتەوەكیل لەقۆناغی كۆتاییدا لەسالْی(٢٣٧ك/٨٥١ز)گورزێكی كوشندەو بەهێزی لەموعتەزیلەكان وەشاندو ڕق و تووڕەیی خۆی بەرامبەر موعتەزیلەكان دەرخست،ئەوەبوو(اباالولید)ی لەپۆستی دیوان لە(سامەڕا)لابردو دواتریش پۆستی(قاضي القضاة)ی لیٚ سەندەوەو لەگەڵ براو كەسە نزیكەكانیدا زیندانی كردن،[5] پاشان(یحیی بن الاكثم)ی لەپۆستەكە دانایەوە،هەروەك دەستی بەسەر موڵك و ماڵەكانیشیاندا گرت،بەلاّم دواتر بەبڕێكی زۆر پارە ئازادی كردن بەومەرجەی لەبەغداد دەربچن،بەلاّم ئەوان لەبەغداد مانەوە**

---

[1] ابن الكثير:البداية والنهاية،١٤/٣٣٥، ٣٤٨_٣٤٩؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٥٣٨؛جارالله:المعتزلة،ص١٨٢_١٨٣ .

[2] فخرالدين الرازي:خلق القرآن،ص٤٠؛السبكي:طبقات الشافعية الكبرى،١/٢١٥؛عبدالستارالراوي:ثورة العقل،ص٢٣٧.

[3] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٨٣؛السيوطي:تاريخ الخلفاء،ص٥٣٧؛احمدشوقي:المعتزلةفي البغداد،ص٧٨.

[4] ابن الجوزي:المنتظم،١١/٢٠٧؛رشيدالخيون:جدل التنزيل،ص١٤٣؛سالم الثقفي:مفاتيح،١/٢٤٤؛الرازي:خلق القرآن،ص٤٠؛جعفر السبحاني:بحوث في الملل،٣/٤٥٥.

[5] المسعودي:مروج الذهب،٤/٧٩، ٨٠؛ابن خلكان:وفيات،١/٧٢_٧٣؛ابن العماد:شذرات الذهب،٢/٨٧؛جارالله:المعتزلة،ص١٨٣_١٨٤.

**تاکوسالّی (٢٤٠ك/٨٥٤ز) کەلەم سالّدا(ابا الولید)مردو دوای تەنها(٢٠) ڕۆژیش(ابن ابي دؤاد)ی باوکی بەدوایدا مرد،[1] هەر ئەمە وای لەهەندێك کردوە بڵێن(المتوکل)موعتەزیلەکانی دەچەوساندەوەو بەدوای هەریەکێکیانەوە بوو لەوپلەوپایانەی کەپێشتر دەستیان کەوتبوو دووریانی دەخستەوە.یەك لەوشتانەشی لەوپێناوەدا کردی ئەوەبوو،کەفەرمانیدا بەهاوکارەکانی لەمیسر ڕیشی سەرۆکی دادگا(ابي بکرمحمد بن ابي اللیث،ت ٢٥٠ك/٨٦٤ز)،کە لەموعتەزیلەکان بو،بتاشن و ئەتکی بکەن و بەگوێ درێژ لەناو بازاڕدا بیگێڕن،هەموو ڕۆژێکیش(٢٠)شەلاقیان لێ دەدا، [2] لەبەرامبەر ئەوچەوساندنەوانەی موعتەزیلەکاندا خەلیفە سۆزی خۆی بۆ حەنبەلیەکان دەردەبڕی و بەمەبەستی ڕاکێشانی زیاتریان بەلای خۆیدا هەرلەسالّی(٢٣٧ك/٨٥١ز)فەرمانی کرد بەداگرتن و هێنانە خوارەوەی جەستەهەڵواسراوەکەی(احمد بن نصر الخزاعي)ئەمەش لەدوای(٦)سالّ لەهەڵواسرانی،پاشان لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا دایەوە بەکەسوکارەکەی.[3] هەرچەندە ئەم گێڕانەوە مێژووییە زیادەڕەویەکی زۆری تێدایە سەبارەت بەوەی،کە شەش سالّ لاشەیەك بەهەڵواسراوی مابێتەوە،پێدەچێ مەبەست لەم گوزارەیە ئەوەبێت،کەبۆ ماوەی شەش سالّ تەرمەکەی ڕادەستی کەس و کارەکەی نەکردبێتەوە،بەلاّم ئەمە هەرجۆرێك بێت لەوتاوانەی خەلیفە"الواثق"کەم ناکاتەوە،کە وێڕای کوشتنی"ابن نصر"کەوتە لەناوبردنی لایەنگرەکانیشی.**

**دواتریش خەلیفە بانگی(ابن حنبل)ی کرد بۆکۆشك و لەخۆی نزیك کردەوەو مالّێکی شایستەی بۆئامادەکرد،بەلاّم(ابن حنبل)ڕەتیکردەوە،هەروەك ڕێزێکی زۆریشی لێگرت و لەکاروبارەکانیدا پرسی پێدەکرد،ئەوەتا مێژوونووسان ئاماژەی پێدەکەن(المتوکل)کەسی لەهیچ پۆستێکدا دانەدەنا بەبێ پرس کردن بە(ابن حنبل)و ڕەزامەندبوونی لەسەری،[4] ئەمەوهەندێك باس لەوە دەکەن،کەخەلیفە نامەیەکی بۆ(ابن حنبل)ناردوەو دەربارەی خەلقی قورئان پرسیاری لێ کردوەو ئەوەشی پێ ڕاگەیاندوە کە بەمەبەستی ڕێپیشاندان و نمایندەیی و سود لێوەرگرتن و مەعریفەو زانیاری پرسیاری لێ دەکات،نەك بە مەبەستی تاقیکردنەوەو نکوڵی کردن و ڕەتکردنەوەی،[5] (ابن حنبل)یش وەك هەمیشە کە قورئانی بەکەلامی ئیلاهی زانیوە بە چەندین بەڵگەوە وەلاّمی خەلیفەی دایەوە.[6]**

**بەلاّم موعتەزیلەکان چاویان بەم ئاشتەواییەی نێوان خیلافەت و حەنبەلیەکان هەڵنەدەهات و بەکردەییش کاریان دەکرد بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان خەلیفە(المتوکل) و (ابن حنبل)،ئەوەبوو**

---

[1] ابن الجوزي:المنتظم،٢٤٩/١١_٢٥٠؛ابن الاثیر:الکامل،١١٢/٦؛جعفرالسبحاني:بحوث في الملل،٤٥٥/٣_٤٥٦؛احمد فرید:من اعلام السلف،٢٤٢/٢؛عبدالله الترکي:المذهب الحنبلي،٨٢/١؛سالم الثقفي:مفاتیح،٢٥٠/١ .

[2] الذهبي:تاریخ الاسلام،٢٢/١٧؛السیوطي:تاریخ الخلفاء،ص٥٣٩؛علی وەردی:کێشەی شیعە و سوننە،لا٢٠.

[3] الطبري:التاریخ،٤٩/١١ ، ٣٦٨/٧_٣٦٩؛ابن الجوزي:المنتظم،٢٥١/١١؛صفة الصفوة،ص٤٤٢.

[4] ابن الاثیر:الکامل،١١٥/٦؛ابن الکثیر:البدایة والنهایة،٣٥٠/١٤؛رشیدالخیون:جدل التنزیل،ص١٤٤.

[5] ابن الجوزي:مناقب،ص٤٨٥؛الذهبي:سیراعلام النبلاء،٢٦٥/١١، ٢٨١؛مجیدحمید:ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،لا٦٩.

[6] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نامەکەی(ابن حنبل)بڕوانە:(علي محمد زینو:رسالة الامام احمد بن حنبل الی الخلیفة المتوکل العباسي،ص٨١؛محمد ابوزهرة:ابن حنبل،ص١٥٣_١٥٦؛مصطفی الشکعة:الائمة الاربعة،١٠٧/٤_١١٢).

کەسـێکی موعتـەزیلی نوسـراوێکی نـارد بۆخەلیفـەو تیایـدا ئامـاژەی بەوەکردبوو،کـە(ابن حنبـل)جنێو بـەباوانت دەدات و بـە زەنـدیقیان ناودەبات،(المتوکـل)یش لەوەلأمـدا پێـی وت خەلیفـە مـەئمون حـەق و بـاتڵی تێکـەڵ کـرد و خـەڵکی هانـدا دژی خـۆی و زاڵیکـردن بەسـەر خۆیدا،(المعتصـم)ی باوکیشـم پیـاوێکی سـەربازی بـوو سەروسـاختەی لەگـەڵ زانسـتی کەلامـدا نەبوو،بـەلأم(واثـق)ی بـرام شایسـتەی ئەوەیە،کـەپێی وتـراوە و دەوترێت،پاشـان فـەرمانی کـرد(٢٠٠)شـەلاقی لێبـدەن.[1] دوابـەدوای ئـەوەی خەلیفە(المتوکل)ئەحمـەدی لـەخۆی نزیـك کردەوە،خـواردن وخواردنـەوە و ڕاخـەری نـاوازە و پۆشـاکی نـوێی بـۆدابین کرد،بـەلأم (ابـن حنبل)هـەموو ئەمانـەی ڕەتکردەوە،بۆیـە بەخەلیفـەیان گـوت قوربـان(ابن حنبـل)لـەخواردن و سـفرەی تـۆ نـاخوات و لەسـەرفەرش و ڕاخـەری تـۆ دانانیشـێت و ئـەو خواردنەوانـەی لـەخۆی حـەرام کـردوە و نـایخوات کـە تۆبـۆی دەنێریت،خەلیفـە(المتوکل)یش وتـی ئەگەر(المعتصـم)ی بـاوکم زیندووبێتـەوە وقسـە لەسـەر(ابن حنبل)بکـات گـوێ بەقسـەکانی نـادەم و لێـی قـەبوڵ ناکـەم،[2] ئەمـەو هۆکـاری هـەموو ئـەوخۆنزیك کردنەوەیـە لـە(ابن حنبل)ئەوەبوو،کـە نـاوبراو هـەژموونی تـەواوی بەسـەر فـەزای مـەعریفی بەغـدادو ناوچـەکانی دەوروبەریـدا هـەبوو؛کاریگەریـەکی زۆریشـی لەسـەر دانیشـتوانەکەی بـەجێ هێشـتبوو.[3] بـەم شـێوەیە کۆتـایی بـە دەسـەلأت و هـەژموونخوازی گروپـی موعتەزیلـەکان هات،کـە چـیتر بـەهێزیی وایـان بـە خۆیانـەوە نەبینیـــــــــــــــــــــــــــــــەوە.

(١) ابن الكثير:البداية والنهاية،١٠/٣٤٠؛محمودالرضواني:البعة الكبرى،ص٨٩.

(٢) ابن الجوزي:مناقب،ص٤٩٨؛ابن نعيم:حلية الاولياء،٩/٢١١_٢١٢؛الذهبي:سيراعلام النبلاء،١١/٢٧٧.

(٣) حارث المحاسبي:العقل فهم القرآن،ص٣٨.

## ئەنجـــام

دوای خوێندنەوەیەکی چڕ بۆ ئەم بابەتە گەشتین بە چەند دەرئەنجامێك.

١-پێمانوایــە دەرکــەوتن و هاتنەکایــەوەی موعتەزیلەکان،پێویســتیەکی ئەوقۆناغــە مێژووییەبوو،چــونکە لـەنێوگروپ و کۆمەڵـەجیاجیاکانی ئیسـلامیدا بۆشـاییەکی گەورەهـەبووە لـە ڕووی بەگەڕخسـتنی عەقڵـەوەو گرنگـی بەعـەقڵ نـەدراوەو پشـتگوێ خـراوە لەتـەواوی هاوکێشـە بـاوەڕی وفیقهـی و شـەرعیەکاندا،بەڵکوتەنها پشتیان بە دەقی بنەڕەتی بەستووە،بۆیە موعتەزیلەوموعتەزیلیـەکان ڕەوتێکـی ژێـری بووون و خۆیـان وەکو پڕکەرەوەی بۆشاییە ژیرییەکان و،چارەسەرکەری گرفتەکان و،شیکەرەوەی هاوکێشەئاڵۆزە ئاینیـە ناتـەباکان بــەژیری؛دەبینی،هەرئەمــەش وایکــرد لەتــەواوی پرســەکاندا خــاوەنی دیــدی تایبــەت بــەخۆیان بــن جیاوازلەگروپەکانی دیکە،بەڵکو پێشمانوایە چارەسەری ناکۆکی نێوان عەقڵ و نـەقڵیان کردو،نـەقڵیان خستە ژێر توانست و نەشتەرە عەقڵیەکانەوەو گونجاندنیان لەنێوانیاندا هێنایەکایەوە.

٢-ئاشکرایە هەرلەدوای کۆچی دوایی پەیامبەرەوە(د.خ)چەندین ململانێ سەریان هەڵدا،بۆیە ئێمـە پێمانوایە یەك لەو ململانێیانە دووبەرەکی نێوان ڕاڤەکانی دەقەکان بوون،کە هەرکۆمەڵەو بەچەشنێك تێگەیشتنی خۆی لەهەمبـەر کـۆی پـرس و پێشـهاتە نوێیەکانـدا دەخستـەڕوو،بۆیە ئێمـە لامـان وایـە هاتنەکایـەوەی جـەدەل و جیـــاوازی نێـــوان هـــــەردووگروپی موعتەزیلەوحەنبەلیەکان،دەرهاویشـــتەی تێـــروانین و دیـــدو تێگەیشـتنەجیاوازەکانیان بـووە بـۆ دەق و،هەرلایەنـەو بۆمەبەسـتی سەرخسـتی دیدوبۆچوونەکانی،تەئویلی دەقەکانیان کردوە.

٣-لەوبڕوایـــەداین گەشـــەکردنی موعتەزیلـــەکان و بیروبـــاوەڕی ئیعتیزالی،وابەســـتەی چـــەند هۆرکارگەلێکن،کـەخۆیان لە(پێشـوازی کردنـی خیلافـەت بـۆ بـاوەڕی ئیعتیزالی،پاشـان پشـتگیری کـردن و سەرخسـتنیان و،بەموعتەزیلـەبوونی چـەندخەلیفەیەك دەبینێتـەوە،خاڵێکی دیکـە بـەبڕوای ئێمـە خـۆی لـە بەعــەقلانی کردنــی بیروبــاوەڕی مســوڵمانان و دەرکردنــی لەنێودەقکاریــەکی ئــاڵۆزدا؛دەبینیەوە،ئەمــەش لەبەرئەوەی شیکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی بەعەقڵ،ئاسانتر دەگەشتەخەڵکی وەك لەشیکردنەوەی هـەمان بـوار بـەدەقی دیکە،چـونکە گشـتەی خـەڵکی شـارەزای دەق نـەبوون و نـین وەك لـەوەی ئامـادەگی وەرگـرتنی شیکردنەوە عەقڵیەکانیان هەبووەوهەیە.

٤-ڕیشـەی موعتەزیلـەکان بۆسـەردەمی پەیامبەر(د.خ)ناگەڕێتـەوە،وەك ئـەوەی هەنـدێك وای بۆچـوون،بەڵکو دەرکەوتنی بیروباوەڕی ئیعتیزالی بۆچارەکی کۆتایی سـەدەی یەکـەمی کۆچی بەرامبەربـە حەوتـەمی زایـنی و بۆ سەردەمی خیلافەتی ئومەویەکان دەگەڕێتەوە،ئەمەسەرباری ئەوەی دەرکـەوتنی ئـەم بـاوەڕە لەچوارچێوەی گروپێکدا،یان ڕاستتر دەرکەوتنی ئەم گروپە،بۆسەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی بەرامبەربەهەشتەمی زایـنی دەگەڕێتەوەو،دامەزرێنەرەکەشیان(واصـل بـن عطـاء)ە،کـە لەسـاڵی(١٣١ك/٧٤٩ز)کۆچـی دوایـی کردوە،بۆیـە دەپرســــین،ئەگەردەرکەوتنی ئیعتیـــزال و موعتەزیلـــەکان ڕیشـــەکەیان بـــۆ ســـــەردەمی پەیامبەر(د.خ)دەگەڕێتەوە،کەوایـە بۆچـی ئـەم گروپـە بـەناوی ئەوکەسـەوە نەناسـراوە،کە دەرخەریانە،بـەڵکو بـــەناوی(واصـــل بـــن عطـــاء)ەوە ناســـراوە؟کەواتە دەتـــوانین بڵـــێین دەرکـــەوتنی موعتەزیلـــەکان بۆساڵانی(١٠٠_١١٠ك/٧١٨_٧٤٧ز)و لەسەردەمی خیلافەتی(عبدالملك بن مروان)و لەسەر دەستی(واصل بن عطاء)دەگەڕێنەوە،نەك مێژوو و کەسایەتیەکی دیکە.

٥-هەرچەندە لەسەردەمی ئومەویەکانیشدا چەندین جەدەلی ئاینی ئەنجامدراون،بەلاَم یەکەمین ساتی سەرهەڵدانی ئەم جەدەلە ئاینیە لەنێوئیسلامدا بەشێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو بووە،کە بۆهەمیشە تۆوی دووبەرەکیەکی نەبڕاوەیان چاند؛ئەمەش بۆ نامەناردنەکانی خەلیفە مەئمون و فەرمانکردنی بە ئەزموونکردنی(زاناو دادوەرو قازی و کاردارو کەسایەتیەدیارەکان)؛دەگەڕێتەوە،کە بوونە هۆکاری بلاَوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەنێو چینە ڕۆشنبیرو خوێندەوارەکەی ئیسلامدا.

٦-حەنبەلیەکان گروپێکی ئوسولَی وابەستەی دەق بوون،بۆتەواوی پرس و پێشهاتە فیقهیەکان پشتیان بە دەق و نەقلّ دەبەست و،فەزلّیان دەدا بەسەر عەقلّداو،سەنتەری هەردیدێکی نوێیان دەقی بنەڕەتی داماڵراوبوو لەعەقلّکاری و،هەرگیز عەقلّکاریان لەبابەتە تیۆلۆجی و فیقه_فیکریەکاندا نەدەکرد،بەلّکو خۆیان ڕادەستی ڕواڵەتی دەقەکان دەکردو دووردەکەتنەوە لە ڕاڤەی عەقلّی،هەرلەبەرئەمەش جەدەلیان لەپرسە ئاینیەکاندا لا ناپەسەندبووە،بەلاَم ئەوەی کەوایکرد حەنبەلیەکان بەناچاری تێکەلّی جەدەل و پرسێکی تیۆلۆجی و فەلسەفی بن،موعتەزیلەکان بوون.ئەمەش لەبەرئەوەی موعتەزیلەکان بووبوون بە پالەوانی مەیدانەکەو بەلّگەسازی و تەئویلیان دەکرد بەمەبەستی سەپاندنی باوەڕەکەیان،حەنبەلیەکانیش بۆلێکشیتاڵکردنی دیدوبۆچوونەکانیان بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەیاندا،ئەمەش بەمەبەستی ڕێگریکردن و لەمپەر دروستکردن لەبەردەم بلاَوبوونەوەی باوەڕی موعتەزیلەکاندا،چونکە بەباوەڕی نامۆو داهێنراویان دەزانی.

٧-حەنبەلیەکان گروپێك بوون باروداۆخ هێناویانیەتە کایەوە،وەك لەوەی بەویستی خۆیان و بەهۆی خۆداماڵینیان لە گوتەزاکانی پێش خۆیان؛هاتبنەکایەوە،وەك ئەوەی کە موعتەزیلەکانی پێدا تێپەڕبوو،چونکە حەنبەلیەکان بێچووی مێژوویەکن،کە کۆمەلّگاکەی تژی بووە بەجیاوازی دیدوبۆچوون و هەرگروپ و بەتێگەی خۆی دەقەکانی هەڵدەسەنگاندو،بەمەش دووبەرەکیەکی گەورە سەبارەت بە بیروباوەڕو فیقه_فیکری لەئارادا بووە،بۆیە حەنبەلیەکان بۆ ئەوەی واپیشان بدەن،کە ڕێباوەڕە ڕاستەقینەکەی ئیسلام لای ئەمانە،هەستان بەبلاَوکردنەوەی گەلاَڵەنامەیەك،کەبە بنەماکانی ئەهلی سوننەیان ناساندو،کردیانە پێشمەرجێك بۆ کەسانی چوارچێوەدراو بەباوەڕی ڕاستەقینە،هەروەك لەم گەلاَڵەنامەیەدا ئەوە دەخوێندرێتەوە،کە هەرکەس و لایەنێك لەو پێشمەرجانەیان لابدات و پراکتیزەیان نەکات،ئەوا لەنێو گروپەکەیاندا جێگایەك بۆ ئەونیەو لەبازنەی ئەهلی سوننەش دەچێتەدەرەوە.

٨- لەم جەدەلە ئاینیانەدا موعتەزیلەکان بەپشت بەستن بەچەندین بەلّگەی عەقلّی و نەقلّی سیفاتەکانی خودایان لەخودا داماڵیوەو،لەڕوانگەی ئەوانەوە سیفاتەکانی خودا تەنها پەیوەستی خودی زاتی خۆین،یان هەرخودی زاتی خودان،نەك سیفاتگەلێك بن جگە لەزاتی خۆی بن،حەنبەلیەکانیش پێیانوایە هەمووسیفاتەکانی خودا،کۆن و ئەزەلین بەئەندازی کۆن و ئەزەلیەتی خوداو،سیفاتەکانیشی تایبەتن بەخودی زاتی خۆی و خودی خوداش نین،بەلّکو سیفاتگەلێکن گشتێنراون بۆجگەلەزاتی خۆی،بەلاَم ئێمە پێمانوایە سیفاتەکانی خودا سیفاتگەلێکی تایبەت بەخودی زاتی ئیلاهین و سیفاتی هیچ یەك لەدروستکراوەکانی لەسیفاتی خودانەچووەوناچێت و،خودی خوداش نین و،جگەلەخوداش نین،بەلّکوپەیوەستن بەزاتی خۆیەوە،بەلاَم هەموو بوون بەشێکە لەسیفاتەکانی زاتی ئیلاهی،واتە کەدەوترێت(ئازاد)زانایە،یان میهرەبانە،ئەوا ئەم زانست و میهرەبانیەی(ئازاد)بەشێکی زۆرکەمن لەزانست و میهرەبانی ئیلاهی،ئەمە بۆهەمووسیفاتەکانیش هەر ڕاستە.

٩-هۆكاری ئەم ڕەتكردنەوەی سیفاتەكانی خودا(زانست توانست ژیان و زیندوویی وبیستن و بینین و ئیرادەو كەلامی ئیلاهی)لای موعتەزیلەكان،بۆئەوە دەگەڕایەوە،كە موعتەزیلەكان هەردەقێكیان ڕەت دەكردەوە،كە لەگەڵ عەقڵی مرۆڤدا ناتەبا بوایەو،عەقڵ پەی پێ نەبردبا،ئەمەش بووە هۆكاری هاتنەكایەوەی جەدەل سەبارەت بەم پرسانە،لەبەرئەوەی حەنبەلیەكان ئەم سیفاتانەیان دەچەسپاندو،هۆكاری چەسپاندنەكەشیان بۆئەوە دەگەڕایەوە،كە حەنبەلیەكان دانیان بەهەر سیفاتێكدا دەنا،كە لەدەقدا هاتبا"ئەگەرچی لەگەڵ ژیری مرۆڤیشدا ناتەبابوایە،هەروەك هیچ دەقێكیشیان ڕەت نەدەكردەوەوكاریشیان بەفەرموودەی لاواز دەكرد.

١٠_پێمانوایەمرۆڤ دەتوانێت لەڕۆژی دواییدا خودای خۆی ببینێت،بەڵام نەوەك بەو چاوەی كە ئێستا مرۆڤ خاوەنیەتی،چونكە ئەم چاوانەی مرۆڤ بۆنەمان دروستكراون و تەنها شتی سنورداریش دەبینن،بەڵام ئەوچاوانەی كە خودا دەبینن چاوگەلێكن،كەبۆ مانەوەی هەمیشەیی دروست دەكرێن و جودان لەوچاوانەی مرۆڤی دونیایی و،سنورو بەربەست لەبەردەم بیناییاندا نیە،بۆیە بەچاوی مانەوە خوایەكی ئەزەلی و ئەبەدی دەبینن.

١١-پێمانوایە خودا لەسەرووی ئاسمانەكانەوەیە لەسەر عەرش و،باڵایە بەسەر بوونەوە،بەڵام بە زانست و سمیهرەبانی و سیفاتەكانی لەهەموو شوێنێكی بووندایە،لەبووندا شوێنكاتێك نیە،كەخودای تێدانەبێت بەسیفاتەكانی،نەك بەزاتی.

١٢-سەبارەت بەقەدەروكردەی ئیلاهی پێمانوایە دووبەشە،بەشی یەكەمیان ئەوانەن،كەمرۆڤ دەستی تێیاندانیە،وەكو(لەدایكبوون،مردن،هەناسەدان...تا)،بەشی دووەمیشیان ئەوانەن،كەخودا بەدییان دەهێنێت،وەكو هەركردەوەیەكی مرۆڤ،بەڵام تواناوئیرادەوهەڵبژاردنی بەمرۆڤەكان داوە،بۆئەوەی هەركردەوەیەكیان بوێت هەڵیبژێرن،واتە خودا كەكردەی مرۆڤ بەدی دەهێنیت،هەردوو لایەنەكەی(باش و خراپ)بەدی دەهێنێت،مرۆڤیش ئازادە لەهەڵبژاردنی كردەوەی باش یان خراپ و،هەرگیز مرۆڤ لەلایەن خوداوە ناچارناكرێت بۆئەنجامدانی كردەوەیەك،جا چی باش بێت یاخود خراپ.

١٣-باش و خراپی كردەوە لای مرۆڤ ناسراوە پێش هاتنی سروش و دەقی بنەڕەتی لەبارەیانەوە،وەكو(كوشتن،بەدڕەوشتی،دزی...تاد)كەخراپن،(چاكەكردن و خێركردن و...تاد)كە باشن،بەڵام دیاری كردنی پاداشت و سزا تەنها بەشەرع و دەقی بنەڕەتی دەبێت و تاكو سروشیان لەبارەوە نەیەت،پاداشت و سزاشیان لەسەرنیە.

١٤-خودا قسە دەكات بەكەلام و كەلامەكەشی كۆن و ئەزەلیەو بەشێكە لەزانستی خودی زاتی ئیلاهی،نەك ئەوەی،كە كەلامی خودا نوێ و داهات بێت و،لەبوونێكدا دروستی بكات و ئەو بوونە بێنێتە قسەكردن بۆگەیاندنی مەبەستەكانی خۆی.هەروەها پێمانوایە قورئان كەلامی خودایەو كۆن و ئەزەلیەو لەگەڵ بوونی خودادا هەبووە،ئەمەش لەبەرئەوەی قورئان بەشێكە لەزانستی خوداو،خوداش هیچ كات بێ زانست نەبووەو بەئەندازەی ئەزەلێتی خودا،قورئان و زانستەكەی كۆن و ئەزەلین.

١٥-ئەم جەدەل و دیالێكتیكەی نێوان موعتەزیلەوحەنبەلیەكان،بووە هۆی هاتنەكایەوەی تیۆری ڕەتكردنەوەی ئەوی دی و،پەیدابوونی چەمكی بیدعەوداهێنانكاریی،ئەمە سەرباری سەرهەڵدانی دیاردەی تەكفیركردنی ئەوی دی لەلایەن منی لەسەر ڕێ ڕاست وبەباوەڕ.

١٦-موعتەزیلەکان بەم بیروباوەڕانەی،کە باسمانکردن بوونە مایەی توڕەیی و بێزاری لەلای خەڵك و ئەهلی سوننەو،نەفرەتیان لێدەکردن و هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی بیروباوەڕەکانی موعتەزیلەیان دەداو چەندین کتێب و دانراویان لەڕەتی موعتەزیلەکان و بیروباوەڕەکەیاندا نووسی و بۆگشتەی خەڵکیان ڕوون کردەوەو،لەبەرانبەریشدا حەنبەلیەکان و کەسایەتیەکانیان و بەتایبەتیش(ابن حنبل)بەهۆی خۆڕاگری و زیرەکی و لێهاتوویەکەیەوەو ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕی موعتەزیلەکان و سەرخستنی باوەڕەکانی ئەهلی سوننەدا،بووبەپێشەواو ڕابەری ئەهلی سوننەو حەنبەلیەکان و لەلایەن گشتەی خەڵکەوە ستایش دەکرا،ئەمەش وایکرد حەنبەلیەکان لەلایەن خەلیفەکانی دوای مەسەلەی خەلقی قورئانەوە ڕێزلێگیراوبن.

# لیستی سەرچاوەکان

❖ قورئانی پیرۆز

## یەکەم:سەرچاوەکان.


-ابن الاثير:ابي الحسن علي بن ابي الكرم محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني(ت ٦٣٠هـ/١٢٣٢م).

١-الكامل في التاريخ،تحق:ابي الفداء عبدالله القاضي،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت _لبنان،١٤٠٧هـ/١٩٨٧م.

-الآجري:ابي بكر محمد بن حسين الآجري(ت ٣٦٠هـ/٩٧١م).

٢-كتاب الشريعة،تحق:الدكتور عبدالله بن عمر بن سليمان الدميجي،الطبعة الاولى،دار الوطن، الرياض_السعودية،١٤١٨هـ/١٩٩٧م.

-احمد بن حنبل:أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني(٢٤١هـ/٨٥٥م).

٣-الرد على الجهمية والزنادقة،تحق:صبري بن سلامة شاهين،الطبعة الاولى،دارالثبات ،الرياض _السعودية،١٤٢٤هـ/٢٠٠٣م.

٤-شرح اصول السنة،تحق:علي بن حسين ابولوز، الطبعة الثانية،دارالميسر، الرياض_السعودية،١٤٢٠هـ/١٩٩٩م.

٥-مسند الامام احمد بن حنبل،تحق:شعيب الارنؤوط و عادل مرشد،،الطبعة الاولى،مؤسسة الرسالة، بيروت _لبنان،١٤١٦هـ/١٩٩٥م.

٦-كتاب الزهد،تحق:الدكتور محمد جلال شرف،الطبعةالاولى، دارالنهضة العربية،بيروت_لبنان،١٤٠١هـ/١٩٨١م.

-الازهري:محمد بن أحمد بن الأزهري الهروي، أبو منصور(ت ٣٧٠هـ/٩٨٠م).

٧-تهذيب اللغة،تحق: محمد عوض مرعب،الطبعة لأولى، دار إحياء التراث العربي، بيروت_لبنان،١٤٢٢هـ/٢٠٠١م.

-الاسفرايني:أبو المظفر طاهر بن محمد الأسفرايني(ت ٤٧١هـ/ ١٠٧٨م).

٨-التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين، تحق:كمال يوسف الحوت، الطبعة الاولى ،عالم الكتب ،بيروت- لبنان، ١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م.

-الاسماعيلي:ابي بكر احمد بن ابراهيم بن اسماعيل اللاسماعيلي(ت ٣٧١هـ/٩٨٢م).

٩-اعتقاد ائمة اهل الحديث،تحق:دكتور محمد بن عبدالرحمن الخميس، الطبعة الاولى، دارالفتح ،الشارقة _ الامارات،١٤١٦هـ/١٩٩٥م.

-الاشعري:أبو الحسن علي بن إسماعيل بن إسحاق بن سالم بن أبي موسى الأشعري(٢٦٠ - ٣٢٤ هـ /٨٧٤ - ٩٣٦ م).

١٠-الابانة في اصول الديانة،تحق:دكتورة فوقية حسين محمود،الطبعة الاولى،دار الانصار،القاهرة_مصر،١٣٩٧هـ/١٩٧٧م.

١١-استحسان الخوض في علم الكلام،تحق:محمد الولى الاشعري القادري،الطبعة الاولى،دار المشاريع،بيروت_لبنان،١٤١٥هـ/١٩٩٥م.

١٢-رسالة استحسان الخوض في علم الكلام،الطبعة الاولى،دارالمشاريع،بيروت_لبنان،١٤١٥هـ/١٩٩٥م.

١٣-اللمع في الرد على اهل الزيغ والبدع،تحق:الدكتور حمودة غرابة،الطبعة الاولى،مطبعة مصر_مصر،١٣٧٥هـ/١٩٥٥م.

١٤-مقالات الاسلاميين واختلاف المصلين،تحق:محمد محي الدين عبدالحميد،الطبعة الاولى،مكتبة النهضة المصرية،القاهرة_مصر،١٣٦٩هـ/١٩٥٠م.

-الاصطخري:ابي اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي(ت ٣٤٠هـ/٩٥١م).

١٥-المسالك والممالك،الطبعة الاولى،بريل،ليدن المحروسة،بدون مكان،١٣٥٦هـ/١٩٣٧ز.

-الباقلاني:ابي بكر محمد بن الطيب بن محمد بن جعفر بن القاسم،القاضي أبو بكر الباقلاني البصري(ت ٤٠٣هـ/١٠١٣م).

١٦-الانصاف فيما يجب اعتقاده ولايجوز الجهل به،تحق:محمد زاهد بن الحسين الكوثري،الطبعة الثانية، المكتبة الازهرية للتراث،القاهرة_مصر،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.

-بامخرمة:ابي محمدالطيب بن عبدالله بن احمد بن علي بامخرمة الهجراني الحضرمي(ت ٩٤٧هـ/١٥٤٠م).

١٧-قلادة النحر في وفيات اعيان الدهر،الطبعةالاولى،دارالمنهاج،جدة_السعودية،١٤٢٨هـ/٢٠٠٨م.

-البخاري:الامام أبي عبدالله محمد بن اسماعيل بن ابراهيم ابن المغيرة البخاري(ت ٢٥٦هـ/٨٧٠م).

١٨-صحيح البخاري (الجامع الصحيح المختصر)،تحق:د.مصطفى ديب البغا،الطبعةالثالثة، دار ابن كثير،اليمامة _بيروت_لبنان، ١٤٠٧هـ/١٩٨٧م.

-البغدادي:عبدالقاهر بن طاهر بن محمد البغدادي الاسفرائيني التميمي(٤٢٩هـ/١٠٣٧م).

١٩-الفرق بين الفرق،تحق:محمد محي الدين عبدالحميد،الطبعة الاولى،المكتبة العصرية،صيدا_ بيروت،١٤١٦هـ/١٩٩٥.

٢٠-اصول الدين،تحق:احمد شمس الدين،الطبعة الاولى،دار الكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.

-ابوالبقاء الكفومي:أيوب بن موسى الحسيني القريمي الكفوي،أبو البقاء الحنفي (ت ١٠٩٤هـ/).

٢١-الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية،تحق:عدنان درويش و محمد المصري،الطبعة الاولى،مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، ١٤١٩هـ/١٩٩٨م.

-البلخي:ابو القاسم عبدالله بن احمد بن محمود البلخي(ت ٣١٩هـ/٩٣١م).

٢٢-فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة(باب ذكر المعتزلة من مقالات الاسلاميين)تحق:فؤاد سيد،الطبعة الاولى،الدار التونسية_تونس،بدون سنة الطبع.

-البيضاوي:القاضي ناصرالدين أبوسعيد عبدالله بن أبي القاسم عمر بن علي البيضاوي الشيرازي(ت ٦٨٥هـ/١٢٩٢م).

٢٣-الابهاج في رح المنهاج،تحق:الدكتور شعبان محمد اسماعيل،الطبعة الاولى،مكتبة الكليات الازهرية،القاهرة_مصر،١٤٠١هـ/١٩٨١م.

٢٤-طوالـــــع الأنـــــوار مـــــن مطـــــالع الأنظار،تحق:عبـــــاس ســـــليمان،الطبعة الاولى،دار الجيل،بيروت_لبنان،١٤١١هـ/١٩٩١م.
-البيهيقي:ابي بكر احمد بن الحسين بن علي بن موسى الخراساني البيهيقي(ت ٤٥٨هـ/١٠٦٦م).
٢٥-اعتقـــاد والهدايـــة الى ســـبيل الرشـــاد،ابو عبـــدالله احمـــد بـــن ابـــراهيم ابوالعينين،الطبعـــة الاولى،دار الفض١٤٢٠هـ/١٩٩٩م.
٢٦-القضـــــاء والقدر،تحقيق:صـــــلاح الـــــدين بـــــن عبـــــاس شـــــكر،الطبعةالاولى،مكتبة الرشد،الرياض_السعودية،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
-الترمذي:محمد بن عيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك،الترمذي(ت ٢٧٩هـ/٨٩٢م).
٢٧-سنن الترمذي،تحق:أحمد محمد شاكر(جـ ١، ٢)ومحمد فؤاد عبد الباقي (جـ ٣)وإبراهيم عطوة عوض المدرس في الأزهر الشريف (جـ ٤،٥)،الطبعة الثانية،مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي-مصر،١٣٩٥ هـ/١٩٧٥م.
-ابن تغري بردي:جمال الدين يوسف بن الأمير سيف الدين تغري بردي الأتابكي(ت ٨٧٤ هـ/١٤٧٠م).
٢٨-النجـوم الزاهـرة في ملـوك مصـر والقاهرة،تحق:محمـد حسـين شمـس الدين،الطبعـة الاولى،دارالكتـب العلمية،بيروت_لبنان،١٤١٣هـ/١٩٩٢م.
-التفتازاني:سعد الدين مسعود بن عمر التفتازاني(ت ٧٩٣هـ/١٣٩١م).
٢٩-شـرح العقائـد النسـفية،(متن:نجم الـدين ابـي حفـص عمـر بـن محمـد النسـفي)،الطبعة الثانية،مكتبـة المدينة،كراتشي_باكستان،١٤٣٣هـ/٢٠١٢م.
٣٠-شرح المقاصد،تحق:الدكتور عبدالرحمن عميرة،الطبعة الثانية،عالم الكتب،بيروت_لبنان،١٤١٩هـ/١٩٩٨م.
-ابن تميم الحراني:محمد بن تميم الحراني الفقيه،أبوعبدالله(ت ٦٧٥هـ \١٢٧٧م).
٣١-مختصر ابن تميم على مذهب الامام الرباني ابي عبدالله احمد بن حنبل الشيباني،تحق:علي بن ابراهيم بن محمدالقصير،الطبعةالاولى،مكتبة الرشد،الرياض_السعودية،١٤٢٩هـ/٢٠٠٨م.
-التهانوي:محمـد بـن علـي ابـن القاضـي محمـد حامـد بـن محمـد صـابر الفـاروقي الحنفـي التهـانوي(ت بعد١١٥٨هـ/بعد١٧٤٥م).
٣٢-موسـوعة كشـاف اصـطلاحات الفنـون والعلوم،تحق:دكتـور علـي دحـروج ، الطبعـة الاولى،مكتبـة لبنـان ناشرون،بيروت_لبنان،١٤١٧هـ/١٩٩٦م.
-ابـن تيمية:شـيخ الاسـلام تقـي الـدين أبـو العبـاس أحمـد بـن عبـد الحلـيم بـن عبـد السـلام الـنميري الحرانـي (٦٦١_٧٢٨هـ/١٢٦٣_١٣٢٨م).
٣٣-مجموعـــــة الفتاوى،تحق:عـــــامرالجزار و أنورالباز،الطبعـــــة الثالثة،دارالوفاء،المنصـــــورة _مصر،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
٣٤-الـــرد علـــى المنطقيين،تحق:عبدالصـــمد شـــرف الـــدين الكبتي،الطبعـــة الاولى،مؤسســـة الريـــان، بيروت_لبنان،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
٣٥-القضـاء والقدر،تحق:محمـد عبـدالله السـلمان،الطبعة الاولى،مكتبـة الانصارالسـنة المحمديـة،القاهرة _مصر،١٣٨٢هـ/١٩٦٣م.

٣٦–بيان تلبيس الجهمية في تاسيس بدعهم الكلامية أو نقض تاسيس الجهمية،تحق:محمد بن عبدالرحمن بن قاسم،الطبعة الاولى،مطبعة الحكومة،مكة المكرمة_السعودية،١٣٩٢هـ/١٩٧٢م.
٣٧–القضاء والقدر،تحق:محمدعبدالله،الطبعة الاولى،مكتبة انصارالسنة المحمدية_سودان،١٣٨٢هـ/١٩٦٣م.
٣٨–درء تعارض العقل والنقل،تحق:الدكتور محمد رشاد سالم،الطبعة الثانية،ادارة الثقافة والنشر،السعودية،١٤١١هـ/١٩٩١م.
٣٩–مجموعة الرسائل والمسائل،تحق:محمد رشيد رضا،الطبعةالاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،بدون سنة الطبع.
٤٠–منهاج السنة النبوية،تحق:محمد رشاد سالم،الطبعة الاولى،بدون مكان الطبع،١٤٠٦هـ/١٩٨٦م.
–الجاحظ:ابي عثمان عمرو بن بحر الجاحظ(ت ٢٥٥هـ/٨٦٩م).
٤١–كتاب الحيوان،تحق:عبدالسلام محمد هارون،الطبعة الثانية،مكتبة مصطفى البابي الحلبي،القاهرة_مصر،١٣٨٥هـ/١٩٦٥م.
–جمال الدين القاسمي:محمد جمال الدين بن محمد سعيد بن قاسم الحلاق القاسمي(ت ١٣٣٢ هـ/١٩١٤م).
٤٢–تاريخ الجهمية والمعتزلة،الطبعة الاولى،مؤسسة الرسالة،بيروت_لبنان،١٣٩٩هـ/١٩٧٩م.
–الجرجاني:العلامة علي بن محمد بن شريف الجرجاني(ت ٨١٦هـ/١٤١٣م).
٤٣–كتاب التعريفات،الطبعة الاولى،مكتبة لبنان،بيروت_لبنان،١٤٠٥هـ/١٩٨٥م.
–ابن جوزي:جمال الدين ابي الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد ابن الجوزي(ت ٥٩٧هـ/١٢٠٠م).
٤٤–المنتظم في تاريخ الملوك والامم،تحق:محمدعبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤١٢هـ/١٩٩٢م.
٤٥–مناقب الامام احمد بن حنبل،تحق:الدكتور عبدالله بن عبدالمحسن التركي،الطبعةالثانية،بدون مكان الطبع،السعودية،١٤٠٩هـ/١٩٨٩م.
٤٦–صفة الصفوة،تحق:الشيخ خالدمصطفى طرطوسي،الطبعةالاولى،دارالكتاب العربي،بيروت_لبنان،١٤٣٣هـ/٢٠١٢م.
–الجوهري:أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي(ت ٣٩٣هـ/١٠٠٢م).
٤٧–الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية،تحق: أحمد عبد الغفور عطار،الطبعة الرابعة، دار العلم للملايين،بيروت_لبنان، ١٤٠٧هـ /١٩٨٧م.
–الجويني:الامام الحرمين ابي المعالي عبدالملك ابن عبدالله بن يوسف الجويني(ت ٤٧٨هـ/١٠٨٥م).
٤٨–الارشاد الى قواطع الادلة في اصول الاعتقاد،تحق:الدكتور محمد يوسف موسى و علي عبدالمنعم عبدالحميد،الطبعة الاولى،مطبعة السعادة،القاهرةـمصر،١٣٦٩هـ/١٩٥٠م.
٤٩–العقيدة النظامية في الاركان الاسلامية،تحق:محمد زاهد الكوثري،الطبعة الاولى،المكتبة الازهرية،القاهرة_مصر،١٤١٢هـ/١٩٩٢م.
–الحارث المحاسبي:ابوعبدالله الحارث بن أسد بن عبدالله المحاسبي البصري(ت٢٤٣هـ/٨٥٧م).
٥٠–العقل فهم القرآن،تحق:دكتور حسين القوتلي،الطبعة الاولى،دار الفكر،بيروت_لبنان،١٣٩١هـ/١٩٧١م.
–ابن حجر:الامام احمد بن علي بن حجر العسقلاني(٧٧٣_٨٥٢هـ/١٣٧١_١٤٤٨م).

٥١-تهذيب التهذيب،تحق:مكتب التحقيق التراث في المؤسسة الرسالة،باعتناء:ابراهيم الزيبق وعادل مرشد،الطبعة الاولى،مؤسسةالرسالة،بيروت_لبنان،بدون سنة الطبع.
٥٢-فتح الباري في شرح صحيح الامام ابي عبدالله محمدبن اسماعيل البخاري،تحق:محب الدين الخطيب،الطبعة الاولى،دارالكتب السلفية،الجيزة_مصر،١٣٧٩هـ/١٩٦٠م.
٥٣-لسان الميزان،الطبعة الاولى،دارالبشائر الاسلامية،بيروت_لبنان،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
-ابن حزم:أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي القرطبي(٤٥٦هـ/١٠٦٣م).
٥٤-الفصل في الملل والاهواء والنحل،تحق:الدكتور محمد ابراهيم نصر و عبدالرحمن عميرة،الطبعة الثانية،دار الجيل،بيروت_لبنان،١٤١٦هـ/١٩٩٦م.
-ابوالحنيفة:الامام أبو حنيفة النعمان بن ثابت الكوفيّ(٨٠_١٥٠هـ/٦٩٩_٧٦٧م).
٥٥-شرح الفقه الاكبر،تحق:عبدالله بن ابراهيم الانصاري،الطبعة الاولى،دائرة المعارف النظامية،حيدرآباد_الهند،١٣٢١هـ/١٩٠٣م.
-ابن خلدون:عبد الرحمن بن محمد ابن خلدون الحضرمي الإشبيلي(ت ٨٠٨هـ/١٤٠٦م).
٥٦-تاريخ ابن خلدون ديوان مبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر،تحق:الاستاذ خليل شحادة و سهيل زكار،الطبعة الاولى،دارالفكر،بيروت_لبنان،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
٥٧-مقدمة،تحق:احمد الزعبي،الطبعة الاولى،دار الارقم،بيروت_لبنان،١٤٢٠هـ/٢٠٠١م.
-ابن خلكان:ابي العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابي بكر بن خلكان(٦٠٨_٦٨١هـ/١٢١١_١٢٨٢م).
٥٨-وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان،تحق:دكتور احسان عباس،الطبعة الاولى،دار صادر،بيروت_لبنان،١٣٩٧هـ/١٩٧٧م.
-الخياط:ابي الحسين عبدالرحيم بن محمد بن عثمان الخياط المعتزلي(ت في البدايات القرن الرابع الهجري).
٥٩-الانتصار والرد على ابن الرونـدي الملحد،تحق:الدكتور نيبرج،الطبعة الثانية،اوراق الشرقية،بيروت_لبنان،١٤١٣هـ/١٩٩٣م.
-الدارمي:أبو محمد عبد الله بن عبد الرحمن بن الفضل بن بَهرام بن عبد الصمد الدارمي،التميمي السمرقندي(المتوفى: ٢٥٥هـ/٨٦٩م).
٦٠-سنن الدارمي،تحقيق:حسين سليم أسد الداراني،الطبعة الاولى،دار المغني للنشر والتوزيع، المملكة العربية السعودية،١٤١٢هـ/٢٠٠٠م.
-الدارمي:عثمان بن سعيد بن خالد بن سعيد التميمي الدارمي السجستاني(ت ٢٨٠هـ/٨٩٤م).
٦١-الرد على الجهمية،تحق:بد البدر،الطبعة الاولى،الدارالسلفية،الكويت،١٤٠٥هـ/١٩٨٥م.
-ابي داود:أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير الأزدي السجستاني(ت ٢٧٥هـ/٨٨٩م).
٦٢-كتاب مسائل الامام احمد،تحق:السيد محمود رشيد رضا،الطبعة الاولى، المنجد_السعودية،١٣٥٣هـ/١٩٣٤م.
٦٣-سنن أبي داود،تحق: محمد محيي الدين عبد الحميد،الطبعة الاولى، المكتبة العصرية،بيروت_لبنان،بدون سنة الطبع.
-الدميري:كمال الدين محمد بن موسى الدميري(٨٠٨هـ/١٤٠٥م).

٦٤-حياة الحيوان الكبرى،بدون الطبعة،بدون مكان الطبع،القاهرة_مصر،١٣٨٣هـ/١٩٦٣م.
-الذهبي:الامام شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان الذهبي(ت ٧٤٨هـ/١٣٧٤م).
٦٥_الكبائر،تحق:أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان،الطبعة الثانية، مكتبة الفرقان،عجمان_الامارات العربية، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.
٦٦_ سير اعلام النبلاء،تحق:شعيب الارنؤوط،الطبعة الثالثة،مؤسسة الرسالة،بيروت_لبنان،١٤٠٥هـ/١٩٨٥م.
٦٧-تاريخ الاسلام ووفيات المشاهيروالاعلام،تحق:الدكتور عمر عبدالسلام تدمري،الطبعة الاولى،دارالكتاب العربي،بيروت_لبنان،١٤٠٧هـ/١٩٨٧م.
٦٨-كتاب العرش،تحق:دكتور محمد بن خليفة التميمي،الطبعة الاولى،مكتبة اضواء السلف، الرياض_السعودية،١٤٢٠هـ/١٩٩٩م.
٦٩-ميزان الاعتدال في نقدالرجال،تحق:علي محمد معوض و عادل احمد عبدالموجود،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤١٦هـ/١٩٩٥م.
-الرازي:فخرالدين محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين التيمي الرازي(ت ٦٠٦هـ/١٢١٠م).
٧٠-الاربعين في اصول الدين،تحق:الدكتور احمد حجازي،الطبعة الاولى،دارالتضامن، القاهرة_مصر،١٤٠٧هـ/١٩٨٦م.
٧١-المطالب العالية من علم الالهي،تحق:الدكتور احمد حجازي السقا،الطبعة الاولى،دار الكتاب العربي،بيروت_لبنان،١٤٠٧هـ/١٩٨٧م.
٧٢-خلق القرآن بين المعتزلة وأهل السنة،تحق: الدكتور احمد حجازي السقا، الطبعة الاولى،دار الجيل، بيروت_لبنان،١٤١٣هـ/١٩٩٢م.
-الرازي:محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر الرازي الملقب باالزين الدين(ت ٦٦٠هـ/١٢٦١م).
٧٣-مختار الصحاح،تحق: محمود خاطر،الطبعة الثانية ، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت_لبنان، ١٤١٥هـ/١٩٩٥م.
-ابن رجب الحنبلي:زين الدين عبدالرحمن بن أحمد بن عبدالرحمن بن أبي البركات الحنبلي(٧٩٥هـ/١٣٩٣م).
٧٤-بيان فضل علم السلف على علم الخلف،تحق:محمد بن ناصر العجمي،الطبعة الاولى،دار الصميعي،الرياض_السعودية،١٤٠٦هـ/١٩٨٥م.
-ابن الزركشي:أبو عبد الله،بدر الدين،محمد بن بهادر بن عبد الله الزركشي المصري(ت ٧٩٤هـ/ ١٣٩٢م).
٧٥-البحر المحيط في أصول الفقه،تحق:محمد محمد تامر،الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت_لبنان، ١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-الزركشي:شمس الدين محمد بن عبدالله الزركشي المصري الحنبلي(ت ٧٧٢هـ/١٣٧٠م).
٧٦-شرح الزركشي على مختصر الفرقي في الفقه على مذهب الامام احمد بن حنبل،تحق:عبدالله بن عبدالرحمن بن عبدالله الجبرين،الطبعة الاولى،مكتبة العبيكان،الرياض_السعودية،١٤١٣هـ/١٩٩٣م.
٧٧-المعتبر في احاديث المنهاج والمختصر،التحقيق:حمدي بن عبدالمجيد السلفي،الطبعةالاولى،دار الارقم،١٤٠٤هـ/١٩٨٤م.
-الزمخشري:جارالله ابي القاسم محمود بن عمر الزمخشري(ت ٥٣٨هـ/١١٤٣م).

٧٨-الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل و عيون الاقاويل في وجوه التاويل،تحق:عادل احمد عبدالموجود و علي محمد معوض،الطبعة الاولى،مكتبة العبيكان،الرياض_السعودية،١٤١٨هـ/١٩٩٨م.
-ابن ابي زمنين:ابي عبدالله محمد بن عبدالله الاندلسي(ت ٣٩٩هـ/١٠٠٩م).
٧٩-رياض الجنة بتخريج اصول السنة،تحق:عبدالله بن محمد البخاري، الطبعة الاولى،مكتبة الغرباء الاثرية،المدينة المنورة_السعودية،١٤١٥هـ/١٩٩٤م.
-السفاريني:الشيخ محمد بن احمد بن سالم بن سليمان السفاريني الاثري الحنبلي(ت ١١٨٨هـ/١٧٧٤م).
٨٠-لوامع الانوارالبهية وسواطع الاسرار الاثرية،الطبعة الاولى،مؤسسة الخافقين،دمشق_ سورية،١٤٠٢هـ/١٩٨٢م.
-ابن سيدة:أبو الحسن علي بن إسماعيل النحوي اللغوي الأندلسي المعروف بابن سيده(ت ٤٥٨هـ/١٠٦٦م).
٨١-المخصص،تحق:خليل إبراهم جفال،الطبعة الاولى، دار إحياء التراث العربي،بيروت -لبنان، ١٤١٧هـ/١٩٩٦م.
٨٢-المحكم والمحيط الأعظم،تحق:عبد الحميد هنداوي،الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية،بيروت_لبنان، ١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-سيف الدين الآمدي:العلامة ابي الحسن علي بن محمد بن سالم الثعلبي(ت ٦٣١هـ/١٢٣٣م).
٨٣-الاحكام في اصول الاحكام،تحق:عبدالرزاق عفيفي،الطبعة الاولى،دارالصميعي،الرياض_السعودية، ١٤٢٤هـ/٢٠٠٣م.
٨٤- غاية المرام في علم الكلام،تحق:احمد فريد المزيدي،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤٢٤هـ/٢٠٠٤م.
-السيوطي:جلال الدين عبد الرحمن بن الكمال أبي بكر بن محمد سابق الدين الأسيوطي(٩١١هـ/١٥٠٥م).
٨٥-تاريخ الخلفاء،الطبعة الثانية،وزارة الاوقاف_قطر،١٤٣٤هـ/٢٠١٣م.
-الشريف أبى القاسم:السيد الشريف أبو القاسم علي بن طاهر ابي احمد الحسين(ت ٤٣٦هـ /١٠٤٤م).
٨٦-امالي المرتضى،تحق:السيد محمد بدر الدين النعساني الحلبي،الطبعة الاولى،مكتبة آية الله العظمى المرعشي النجفي، قم - ايران ،١٣٢٥هـ/١٩٠٧م.
-شريف المرتضى:علي بن حسين بن موسى الموسوي(ت ٤٥٨ هـ.ق).
٨٧-الذريعة الى اصول الشريعة،تحق:اللجنة العلمية في مؤسسة الامام الصادق،الطبعة الاولى، مؤسسة الامام الصادق،قم_ايران،١٤٢٩هـ/٢٠٠٨م.
-ابن شطي:محمد جميل بن عمر البغدادي المعروف بابن شطي(ت ١٣٠٧هـ/١٨٩٠م).
٨٨-مختصر طبقات الحنابلة،دراسة:فواز أحمد زمرلي،دار الكتاب العربي،بيروت_لبنان،الطبعةالاولى،١٤٠٦ هـ/١٩٨٦م.
-الشهرستاني:ابي الفتح محمد بن عبدالكريم بن ابي بكر أحمد الشهرستاني(٥٤٨هـ/١١٥٣م).
٨٩-نهاية الاقدام في علم الكلام،تحق:الفريد جيوم،الطبعة الاولى،مكتبة الثقافة الدينية،القاهرة_ مصر،١٤٣٠هـ/٢٠٠٩م.

٩٠- الملـــل والنحـــل،تحق:امير علـــي مهنـــا و علـــي حســـن فاعور،الطبعـــة الثالثة،دارالمعرفة،بيروت_لبنان،١٤١٤هـ/١٩٩٣م.
-ابن الصلاح الشهرزوري:الامام الحافظ ابي عمرو عثمان بن عبدالرحمن الشهرزوري(٦٤٣هـ/١٢٤٦م).
٩١-معرفـــة انـــواع علـــوم الحديث،تحق:الـــدكتور عبـــداللطيف الهمـــيم والشـــيخ ماهرياســـين الفحل،الطبعةالاولى،دارالكتب العلمية،بيروت-لبنان،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
-الصفدي:صلاح الدين خليل بن أيبك بن عبد الله الصفدي(٧٦٤هـ/١٣٦٣م).
٩١-الـــوافي بالوفيات،تحق:احمـــد ارنـــاؤوط و تزكـــي مصـــطفى،الطبعة الاولى،داراحيـــاء والـــتراث العربـــي، بيروت_لبنان،١٤٢٠هـ/٢٠٠٠م.
-طاش كبرى زادة:أحمد بن مصطفى بن خليل،أبو الخير،عصام الدين(ت٩٦٨هـ/١٥٦١م).
٩٢-مفتـــاح الســـعادة ومصـــباح الســـيادة في موضـــوعات العلوم،الطبعـــة الاولى،دارالكتـــب العلمية،بسروت_لبنان،١٤٠٥هـ/١٩٨٥م.
-الطبري:محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب أبو جعفر الطبري(٣١٠هـ/٩٢٢م).
٩٣- تـــاريخ الطبري(تـــاريخ الرســـل والملوك)،تحق:محمـــد ابوالفضـــل ابراهيم،الطبعـــة السادسة،دارالمعارف،القاهرة_مصر،١٣٨٧هـ/١٩٦٧م.
-ابن الطقطقي:محمد بن علي بن محمد ابن طباطبا العلوي(ت ٧٠٩هـ/١٣٠٩م).
٩٤-الفخري في الاداب السلطانية والدول الاسلامية،الطبعة الاولى،دار صادر،بيروت_لبنان،بدون سنة الطبع.
-الطوسي:نصيرالدين أبو جعفر محمد بن محمد بن الحسن الطوسي(ت ٦٧٢هـ/١٢٧٤م).
٩٥-كشف المراد،شرح:العلامة الحلي(ت ٧٢٦هـ/١٣٢٦م)،الطبعة الاولى،مؤسسة الاعلمي،بيروت_لبنان،بدون سنة الطبع.
-ابن العباد:اسماعيل بن عباد بن العباس،أبو القاسم الطالقاني،صاحب بن عباد(ت٣٨٥هـ/٩٩٥م).
٩٦-المحـــيط في اللغة،تحق:محمـــد حســـن آل ياســـين،الطبعة الاولى، دار عـــالم الكتـــب،بيروت_لبنـــان، ١٤١٤هـ/١٩٩٤م.
-ابن عبد ربه:احمد بن محمد بن عبد ربه الاندلسي(ت ٣٢٨هـ/٩٣٩م).
٩٧-العقـــد الفريـــد،تحق:دكتور مفيـــد محمـــد قميمة،الطبعـــة الاولى،دار الكتـــب العلمية،بيروت_لبنان،١٤٠٤هـ/١٩٨٣م.
-عبدالرحمن الايجي:القاضي عبد الرحمن بن أحمد بن عبد الغفار، أبو الفضل، عضد الدين الإيجي(ت ٧٥٦هـ/١٣٥٥م).
٩٨-شرح المواقف(تاليف:السيد الشريف علي بن محمد الجرجاني)،تحق:محمد عمر المياطي،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤١٩هـ/١٩٩٨م.
-عبدالله احمد بن حنبل:أبو عبد الرحمن عبد الله بن أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني البغدادي(ت٢٩٠هـ/٩٠٣م).
٩٩- مســـائل الامـــام احمـــد بـــن حنبـــل،تحقيق:زهير الشاويش،الطبعةالاولى،مكتبةالاسلامي،بيروت_لبنان،١٤٠١هـ/١٩٨١م.

-ابن ابي العز:صدرالدين علي بن علي بن محمد ابي العزالحنفي(٧٣١_٧٩٢هـ/١٣٣٠_١٣٩٠م).
١٠٠-شـــرح الطحاويـــة في العقيـــدة الســـلفية،تحق:احمد محمـــد شـــاكر،الطبعة الاولى،وزارة الشـــؤون الاسلامية والاوقاف،الرياض_السعودية،١٤١٨هـ/١٩٩٨م.
-ابن عساكر:أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله بن عساكر الدمشقي(ت ٥٧١هـ/١١٧٦م).
١٠١-تـــبين كـــذب المفـــترى عمـــا نســـب الى الامـــام ابـــي الحســـن الاشـــعري،الطبعة الاولى،مطبعـــة التوفيق،دمشق_الشام،١٣٤٧هـ/١٩٢٨م.
-العقيلي:الحافظ أبي جعفر محمد بن عمرو بن موسى بن حماد العقيلي المكي(ت ٣٢٢هـ/٩٣٤م).
١٠٢-كتـــاب الضـــعفاء الكبير،تحقيق:الـــدكتور عبـــد المعطـــي أمـــين قلعجي،الطبعـــة الثانيـــة،دار الكتـــب العلمية،بيروت_لبنان،١٤١٨هـ/١٩٩٨م.
-ابـــن العماد:الامـــام شـــهاب الـــدين ابـــي الفـــلاح عبـــدالحي بـــن احمـــد بـــن محمـــد العكـــري الحنبلـــي الدمشقي(١٠٣٢_١٠٨٩هـ/١٦٢٣_١٦٧٨م).
١٠٣-شذرات الذهب في اخبار من ذهب،تحق:عبدالقادر الارناؤوط و محمود الارناؤوط،الطبعة الاولى،دار ابن كثير،دمشق_سورية،١٤٠٦هـ/١٩٨٦م.
-ابن العمراني:أبو الحسين يحيى بن أبي الخير بن سالم العمراني اليمني(ت ٥٥٨هـ/١١٦٣م).
١٠٤-الانتصار في الرد على المعتزلة القدرية الاشرار،تحق:دكتورسعود بن عبدالعزيز الخلف،الطبعة الاولى، المدينة المنورة_السعودية،١٤١٩هـ/١٩٩٨م.
-الغزالي:أبو حامد محمد بن محمد الغزّالي الطوسي النيسابوري(ت ٥٠٥هـ/١١١١م).
١٠٥-احياء علوم الدين،الطبعة الاولى،دار المعرفة،بيروت_لبنان، ١٤٠٢هـ/١٩٨٢م.
١٠٦-الاقتصـــــــــاد في الاعتقاد،تحق:الـــــــــدكتورة انصـــــــــاف رمضـــــــــان،الطبعة الاولى،دار قتيبة،بيروت_لبنان،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
١٠٧-المستصفى من علم الاصول،تحق:الدكتور حمزة بن زهد حافظ،الطبعة الاولى،بدون مكان الطبع،المدينة المنورة_السعودية،١٤١٣هـ/١٩٩٢م.
-ابن فارس:ابوالحسين احمد بن فارس بن زكريا القزويني الرازي(ت ٣٩٥هـ/١٠٠٤م).
١٠٨-معجم مقايس اللغة،تحق:عبدالسلام محمد هارون،دارالفكر،بيروت_لبنان،١٣٩٩هـ/١٩٧٩م.
-ابن ابي الفداء:عمادالدين إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد بن عمر بن شاهنشاه(٧٣٢هـ/١٣٣١م).
١٠٩-المختصر في اخبارالبشر،الطبعة الاولى،المطبعة الحسينية،القاهرة_مصر،بدون سنة الطبع.
-الفراهيدي:أبو عبد الرحمن الخليل بن أحمد بن عمرو بن تميم الفراهيدي البصري(ت ١٧٠هـ/٧٨٦م).
١١٠-كتاب العين،تحق:عبد الحميد هنداوي،الطبعة الاولى،دار الكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤٢٤ هـ/ ٢٠٠٣م.
-ابوالفضـل صـالح بـن احمـد بـن حنبل:ابوالفضـل صـالح بـن الإمـام أحمـد بـن محمـد بـن حنبـل الشـيبانيّ البغدادي(ت ٢٦٥هـ/٨٧٨م).
١١١-مسائل الإمام أحمد بن حنبل،تحق:دكتور فضل الرحمن الدين محمد،الطبعةالاولى،الدار العلمية – الهند، ١٤٠٨هـ/١٩٨٨م.
-فيروز آبادي:مجدالدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروزآبادى(ت ٨١٧هـ/١٤١٤م).

١١٢–القاموس المحيط،تحق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة،الطبعة الثامنة، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ١٤٢٦هـ / ٢٠٠٥م.
–الفيومي:أحمد بن محمد بن علي المقري الفيومي ثم الحموي،أبو العباس (ت ٧٧٠هـ/).
١١٣–المصباح المنير في غريب الشرح الكبير(معجم عربي_عربي)،الطبعة الاولى،مكتبة لبنان،بيروت_لبنان،١٤٠٧هـ/١٩٨٧م.
–قاسم الرسي وآخرون:
١١٤–رسائل العدل والتوحيد،تحق:الدكتور محمد عمارة،الطبعة الثانية،دارالشروق،القاهرة_مصر،١٤٠٨هـ/١٩٨٨م.
–قاضي عبدالجبار:القاضي أبو الحسن عبد الجبار بن أحمد بن عبد الجبار المعتزلي الهمذاني الأسدأبادي قاضي القضاة(ت ٤١٥هـ/١٠٢٥م).
١١٥–المنية والامل،تحق: الدكتورعصام الدين محمدعلي،الطبعة الاولى،دارالمعرفة،بيروت_لبنان،١٤٠٥هـ/١٩٨٥م.
١١٦–شرح الاصول الخمسة،تحق:الدكتور عبدالكريم عثمان،الطبعة الثالثة،مكتبة وهبة، القاهرة_مصر،١٤١٦هـ/١٩٩٦م.
١١٧–المتشابه القران، تحق: الدكتور عدنان محمّد زرزور،الطبعة الاولى،دار التراث_القاهرة_ مصر،١٣٨٦هت/١٩٦٦م.
١١٨–المختصر في اصول الدين،الطبعة الاولى،مكتبة وهبة،القاهرة_مصر،بدون سنة الطبع.
١١٩–المغني في ابواب التوحيد والعدل،تحق:الدكتور توفيق الطويل و سعيد زايد،الطبعة الاولى،الشركة العربية للطباعة والنشر، القاهرة_مصر،١٣٨٠هـ/١٩٦٠م.
١٢٠–فضل الاعتزال والطبقات المعتزلة،تحق:فؤاد سيد،الطبعة الاولى،الدار التونسية_تونس،بدون سنة الطبع.
–ابن قتيبة:أبو محمد عبد الله بن عبد المجيد بن مسلم بن قتيبة الدينوري(٢٧٦هـ/٨٨٩م).
١٢١–تاويل مختلف الحديث والرد على من يريب في الاخبار المد على عليها التناقض،تحق:ابو اسامة سليم الاثري،الطبعة الثانية،دار ابن القيم،الرياض_السعودية،١٤٣٠هـ/٢٠٠٩م.
١٢٢–عيون الاخبار،الطبعة الثانية،دارالكتب المصرية،القاهرة_مصر،١٤١٧هـ/١٩٩٦م.
–ابن قدامة المقدسي:أبومحمد موفق الدين عبدالله بن أحمد بن محمد بن قدامةالجماعيلي الحنبلي (ت٦٢٠هـ/١٢٢٣م).
١٢٣–لمعة الاعتقادالهادي الى سبيل الرشاد،تحق:ابومحمد اشرف بن عبدالمقصور،الطبعة الثالثة،مكتبة اضواء السلف،الرياض_السعودية،١٤١٥هـ/١٩٩٥.
١٢٤–منهاج القاصدين في فضل الخلفاء الراشدين،تحق:د.فلاح بن ثاني بن شامان السعيدي،الطبعة الاولى،مؤسسة غراس،الكويت،١٤٢٧هـ/٢٠٠٧م.
١٢٥–عمدة الفقه في المذهب الحنبلي،تحق:احمد محمدعزور،الطبعةالاولى،مكتبة العصرية، بيروت_لبنان،١٤٢٣هـ/٢٠٠٣م.

١٢٦–اثبات صفة العلو،تحق:بدربن عبدالله بدر،الطبعةالاولى،الدارالسلفية_الكويت،١٤٠٩هـ/١٩٨٩م.
١٢٧–الصراط المستقيم في اثبات الحرف القديم،تحق:د.محمد بن عبدالرحمن الخميس،الطبعةالاولى،مكتبة الفرقان_الامارات العربية،١٤١٩هـ/١٩٩٩م.
١٢٨–الكافي في الفقه الامام احمدبن حنبل،تحق:محمدفارس و مسعدعبدالحميدالسعدني،الطبعةالاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤١٤هـ/١٩٩٤م.
١٢٩–ذم التاويل،تحق:بدربن عبدالله بدر،الطبعة الاولى،دارالفتح،الشارقة_الامارات العربية،١٤١٤هـ/١٩٩٤م.
–ابن القيم:شمس الدين ابي عبدالله محمد بن الشيخ ابي بكر بن ايوب(ت ٧٥١هـ/١٣٥٠م).
١٣٠–اجتماع الجيوش الاسلامية على حرب المعطلة والجهمية،تحق:زائد بن احمد النثيري،الطبعة الاولى،دار عالم الفوائد،جدة_السعودية،بدون سنة الطبع.
١٣١–اعلام الموقعين عن رب العالمين،تحق:ابو عبيدة مشهور بن حسين،الطبعة الاولى،دار ابن الجوزي،جدة_السعودية،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
١٣٢–شفاء العليل في مسائل القضاء والحكمة والتعليل،تحق:الحساني حسن عبدلله،الطبعة الاولى،دارالتراث،القاهرة_مصر،بدون سنة الطبع.
١٣٣–مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة،تحق:الدكتور الحسن بن عبدالرحمن العلوي،الطبعة الاولى،اضواء السلف،الرياض_السعودية،١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.
١٣٤–مدارج السالكين بين منازل اياك نعبدواياك نستعين،تحق:لجنة من العلماء،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،بدون سنة الطبع.
١٣٥–مفتاح دارالسعادة ومنشور ولاية العلم والارادة،تحق:عبدالرحمن بن حسن بن قائد،الطبعة الاولى،دارالعالم الفوائد،مكة الكرمة_السعودية،١٤٣٢هـ/٢٠١٠م.
–ابن الكثير:عمادالدين أبي الفداء اسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي(٧٠١_٧٧٤هـ/١٣٠١_١٣٧٢م).
١٣٦–البداية والنهاية،تحق:الدكتور عبدالله بن عبدالمحسن التركي،الطبعة الاولى، دارالهجر،جيزة_مصر،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
–ابن الكناني:ابي الحسن عبد العزيز بن يحيي بن عبد العزيز أبي مسلم المكي الكناني(ت ٢٤٠هـ/٨٥٤م).
١٣٧–الحيدة والاعتزار في الرد على من قال بخلق القران،تحق:دكتور علي بن محمد الفقيهي،الطبعة الثانية،مكتبة العلوم والحكم،المدينة المنورة_السعودية،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
–اللالكائي:ابي القاسم هبة الله ابن الحسن بن منصور الطبري اللالكائي(ت ٤١٨هـ/١٠٢٧م).
١٣٨–شرح اصول اعتقاد اهل السنة والجماعة،تحق:الدكتور احمد بن سعد بن حمدان الغامدي،الطبعة الثانية،دار طيبة،الرياض_السعودية،١٤١٥هـ/١٩٩٤م.
–ابن ماجة:أبو عبد الله محمد بن يزيد بن ماجة الربعي القزويني(ت ٢٧٣هـ/٨٨٧م).
١٣٩–سنن ابن ماجة،تحقيق:محمد ناصرالدين الالباني،الطبعة الاولى،مكتبة المعارف،الرياض_السعودية،١٤١٧هـ/١٩٩٦م.
–مالك بن أنس:أبو عبد الله مالك بن أنس بن مالك بن أبي عامر الأصبحي الحميري المدني(١٧٩هـ/٧٩٥م).

١٤٠-الموطأ، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، الطبعة الاولى،دار إحياء التراث العربي،القاهرة_مصر، ١٤٠٦هـ/١٩٨٥م.

-مرتضى الزبيدي:محمّد بن محمّد بن عبد الرزّاق الحسيني،أبو الفيض،الملقّب بمرتضى،الزَّبيدي(ت ١٢٠٥هـ/١٧٩٠م).

١٤١-تاج العروس من جواهر القاموس،تحق: مجموعة من المحققين،الطبعة الثانية،دار الهداية،الكويت،بدون سنة الطبع.

-ابن المرتضى:أحمد بن يحيى المرتضى بن أحمد بن المرتضى بن المفضل(٨٤٠ هـ/١٤٣٧م).

١٤٢-المنية والامل في شرح كتاب الملل والنحل،تحق:توما ارنلد،الطبعة الاولى،دائرة المعارف النظامية،حيدرآباد_الهند،١٣١٦هـ/١٨٩٨م.

١٤٣-طبقات المعتزلة،تحق:سوسنة ديڤلد_ڤلزر،الطبعة الاولى، الناشر فرانز شتاينز فيسبادن، بيروت_لبنان،١٣٨٠هـ/١٩٦١م.

-المسعودي:الامام أبي الحسن بن علي المسعودي( ت ٣٤٦هـ/٩٥٧م).

١٤٤-مروج الذهب ومعادن الجوهر،راجعة:كمال حسن مرعي،المكتبة العصرية،الطبعة الاولى،صيدا_ بيروت،١٤٢٥هـ/٢٠٠٥.

-مسلم:أبوالحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم بن ورد بن كوشاذ القشيري النيسابوري(ت ٢٦١هـ/٨٧٥م).

١٤٥-صحيح مسلم(الجامع الصحيح)،تحق:محمد فؤاد عبد الباقي،الطبعة الاولى،دار إحياء التراث العربي،بيروت_لبنان،١٣٧٤هـ/١٩٥٤م.

-المقدسي:أبي حامد المقدسي محمد بن خليل بن يوسف بن علي الرملي المقدسي(ت ٨٨٨هـ/١٤٨٣م).

١٤٦-رسالة في الرد على ارافضة،تحق:عبد الوهاب خليل الرحمن، الطبعة الاولى،الدار السلفية - بومباي - الهند، ١٤٠٣هـ- ١٩٨٣م.

المقدسي:شمس الدين بن احمد،أبو عبد الله محمد بن أحمد المقدسي،المعروف بالبشاري(ت ٣٨١هـ/٩٩١م).

١٤٧-أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم،الطبعة الثالثة،مكتبة مدبولي،القاهرة_مصر،١٤١١هـ/١٩٩١م.

-المقريزي:أحمد بن علي المقريزي المعروف باسم تقي الدين المقريزي(٨٤٥هـ/١٤٤٢م).

١٤٨-الخطط (المواعض والاعتبار بذكر الخطط والاثار)،تحق:دكتور محمد زينهم و مديحة الشرقاوي،الطبعة الثانية،دارالامين،القاهرة_مصر،١٤١٩هـ/١٩٩٨م.

-الملطي:محمد بن أحمد بن عبد الرحمن، أبو الحسين المَلَطي العسقلاني(ت ٣٧٧هـ/ ٩٨٧م).

١٤٩-التنبيه والرد على أهل الأهواء والبدع،تحق:الدكتور محمد زينهم عزب،الطبعة الاولى،مكتبة المدبولي،القاهرة_مصر،١٤١٣هـ/١٩٩٢م.

-ابن مندة:أبو عبدالله مُحمد بن إسحاق بن محمد بن يحيى العبدي الأصبهاني(ت ٣٩٥هـ/١٠٠٥م).

١٥٠-الرد على الجهمية،تحق:الدكتور علي بن محمد الفقيهي،الطبعة الثالثة،مكتبة الغرباء الاثرية،المدينة المنورة_السعودية،١٤١٤هـ/١٩٩٤م.

-ابي المنصورالماتريدي:ابومنصور بن محمد بن محمود الماتريدي السمرقندي(ت٣٣٣هـ/٩٤٥م).

١٥١_كتاب التوحيد،تحق:د.فتح الله خليف،الطبعة الاولى،دارالجامعات المصرية،الاسكندرية_مصر،بدون سنة الطبع.
١٥٢_تـــــاويلات اهـــــل الســـــنة،تحق:د.مجدي باســـــلوم،الطبعة الاولى،دارالكتـــــب العلمية،بيروت_لبنان،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
-ابن منظور:محمد بن مكرم بن على،أبو الفضل،جمال الدين ابن منظور الإفريقى(ت ٧١١هـ/١٣١١م).
١٥٣-مختصر تاريخ دمشق لابن عساكر،تحق:روحية النحاس، رياض عبد الحميد مراد، محمد مطيع، الطبعة الاولى،دارالفكر،دمشق_سوريا،١٤٠٤ هـ/ ١٩٨٤م.
١٥٤-لسان العرب ،الطبعة الثالثة، دار صادر، بيروت_لبنان،١٤١٤هـ/١٩٩٤م.
-ابن نباتة:جمال الدين ابن نباتة محمد بن محمد بن الحسن الجذامي الفارقي المصري(ت ٧٦٨هـ/١٣٦٦م).
١٥٥-سـرح العيـون في شـرح رسـالة ابـن زيدون،تحق:محمـد ابوالفضـل ابراهيم،الطبعـة الاولى،المكتبـة العصرية،بيروت_لبنان،١٣٨٣هـ/١٩٦٣م.
-النسفي:الامام ميمون بن محمد بن معتمد بن محمد بن محمد بن مكحول(ت ٥٠٨هـ/١١١٤م).
١٥٦-تبصـرة الادلـة في اصـول الدين،تحق:محمـدالانور حامـد عيسـى،الطبعة الاولى،المكتبـة الازهريـة للتراث،القاهرة_مصر،١٤٣٢هـ/٢٠١١م.
١٥٧-بحـر الكـلام فـى أصـول الـدين،تحق:دكتور ولـي الـدين محمـد صـالح الفرفور،الطبعـة الثانيـة،دار الفرفور،دمشق_سورية،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-ابـن نعـيم الأصـبهاني: أحمـد بـن عبـد الله بـن أحمـد بـن إسـحاق بـن موسـى بـن مهـران الأصبهاني(ت٤٣٠ه/١٠٣٨م).
١٥٨-المسـند المسـتخرج علـى صـحيح مسـلم، تحـق:محمـد حسـن الشـافعي،الطبعة الاولى،دار الكتـب العلمية،بيروت_لبنان ١٤١٧ه/١٩٩٦.
-ابن النعيم:أبو نُعيم أحمد بن عبد الله بن أحمد بن إسحاق(٣٣٦_٤٣٠هـ/٩٤٧_١٠٣٨م).
١٥٩-حلية الأولياء وطبقات الأصفياء،الطبعة الاولى،دارالفكر،بيروت_لبنان،١٤١٦هـ/١٩٩٦م.
-اليافعي:ابي محمد عبدالله بن اسعد بن علي بن سليمان اليافعي اليمني المكي(ت ٧٦٨هـ/١٣٦٦م).
١٦٠-مـرآة الجنـان وعـبرة اليقظـان في معرفـة مـايعتبر مـن حـوادث الزمان،تحق:خليـل المنصـور،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
-ياقوت الحموي:شهاب الدين ابي عبدالله بن عبدالله الرومي(ت ٦٢٦هـ/١٢٢٨م).
١٦١-معجم البلدان،الطبعة الاولى،دارصادر،بيروت_لبنان،١٣٩٧هـ/١٩٧٧م.
-اليعقوبي:أبو العباس أحمد بن إسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح اليعقوبي الكاتب(ت ٢٨٤هـ/٨٩٧م).
١٦٢-تـــــاريخ اليعقوبي،تحق:عبـــــدالامير مهنا،الطبعـــــة الاولى،شـــــركة الاعلـــــى للمطبوعات،بيروت_لبنان،١٤٣١هـ/٢٠١٠م.
-ابي اليعلى:القاضي أبو يعلى،محمد بن الحسين بن محمد بن خلف الفراء البغدادي الحنبلي(٤٥٨هـ/١١٣١م).
١٦٣-طبقات الحنابلة،تحق:محمد حامد الفقي،الطبعة الاولى،مطبعة السنة المحمدية،القاهرة_مصر،بدون سنة الطبع.

١٦٤-العــدة في اصــول الفقه،تحق:الــدكتور احمــد بــن علــي ســيرالمباركي،الطبعة الثالثة،بــدون مكــان الطبع،الرياض_السعودية،١٤١٤هـ/١٩٩٣م.

## ژێدەرەكان بە زمانی عەرەبی:

-ابراهيم تركي(الدكتور):
١-السببية عند القاضي عبدالجبار،الطبعة الاولى،دار الوفاء الدنيا،الاسكندرية_مصر،١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.
-ابراهيم ايوب(الدكتور):
٢-التاريخ العباسي والحضاري،الطبعة الاولى،دارالكتاب العالمي،بيروت_لبنان،١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.
-إبراهيم مصطفى . أحمد الزيات . حامد عبد القادر . محمد النجار:
٣-المعجم الوسيط،تحق: مجمع اللغة العربية،الطبعة الاولى،دار الدعوة،الاسكندرية_مصر،بدون سنة الطبع.
-اجنتس جولدتسهير:
٤-مذاهب التفسير الاسلامي،الطبعة الاولى،مطبعة السنة المحمدية،القاهرة_مصر،١٣٧٤هـ/١٩٥٥م.
-احمد امين(الدكتور):
٥-ضحى الاسلام،الجزئان الاول والثاني الطبعة الاولى والجزء الثالث الطبعة السابعة، الجزء الاول والثاني مكتبة الاسرة والجزء الثالث مكتبة النهضة المصرية،القاهرة_مصر،١٤١٩هـ/١٩٩٨م.
٦-فجرالاسلام،الطبعة العاشرة،دار الكتاب العربي،بيروت_لبنان،١٣٨٩هـ/١٩٦٩م.
-احمد تيمور باشا:
٧-المــذاهب الفقهيــة الاربعــة وانتشــارها عنــد جمهــور المســلمين،الطبعة الاولى،دار القادري،بيروت_لبنان،١٤١١هـ/١٩٩٠م.
-احمد شلبي(الدكتور):
٨-موسوعة التاريخ الاسلامي،الطبعة الرابعة عشر،مكتبة النهضة المصرية،القاهرة_مصر،١٤١٧هـ/١٩٩٦م.
-احمد شوقي ابراهيم:
٩-المعتزلــة في البغــداد واثــرهم في الحيــاة الفكريــة والسياســية،الطبعة الاولى،مكتبــة المدبولي،القاهرة_مصر،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-احمد علي زهرة:
١٠-الكــلام والفلســفة عندالمعتزلــة والخوارج،الطبعــة الاولى،نينــوى للدراســات والنشر،دمشق_سوريا،١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.
-احمد فريد رفاعي(الدكتور):
١١-عصرالمامون،الطبعة الثالثة،دارالكتب المصرية،القاهرة_مصر،١٣٤٦هـ/١٩٢٨م.
-احمد فريد:
١٢-من اعلام السلف،الطبعة الاولى،دارالايمان،اسكندرية_مصر،١٤١٨هـ/١٩٩٨م.
-احمد محمود صبحي(الدكتور):
١٣-في علم الكلام(المعتزلة)،الطبعة الخامسة،دارالنهضة العربية،بيروت_لبنان،١٤٠٥هـ/١٩٨٥م.

-احمد مختار عبدالحميد عمر(الدكتور):
١٤-معجم اللغة العربية المعاصرة، الطبعة الأولى، القاهرة_مصر، ١٤٢٩ هـ /٢٠٠٨م.
-الالباني:محمد ناصر الدين(١٤٢٠هـ/١٩٩٩م):
١٥-صحيح الجامع(صحيح الجامع الصغير وزيادته-ضعيف الجامع الصغير وزيادته)،الطبعة الثالثة، المكتب الإسلامي،بدون مكان الطبع، ١٤٠٨هـ/١٩٨٨م.
١٦-سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها(سلسلة الصحيحة)،الطبعة الاولى،مكتبة المعارف،الرياض_السعودية،١٤١٥هـ/١٩٩٥م.
-انشاد محمد علي عبية(الدكتورة):
١٧-دراسات حديثية في العقيدة الاسلامية تحليل لموقف المعتزلة من السنة في بعض قضايا العقيدة،الطبعة الاولى،بدون مكان الطبع،جامعة الازهر_مصر،بدون سنة الطبع.
-انورالجندي:
١٨-المؤامرة على الاسلام،الطبعة الاولى،دارالعلوم للطباعة،بون مكان الطبع،١٣٩٧هـ/١٩٧٧م.
-ايهاب كمال محمد:
١٩-الفرق الاسلامية،الطبعة الاولى،الحرية للنشروالتوزيع،القاهرة_مصر،١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م.
-ابن باز:عبدالعزيز بن عبدالله بن باز:
٢٠-الايمان بالقضاء والقدر،الطبعة الثانية، دارالوطن،الرياض_السعودية،١٤١٦هـ/١٩٩٦م.
-ابن بدران:العلامة عبد القادر بن أحمد بن مصطفى بن عبد الرحيم بن محمد بدران الدمشقي(ت ١٣٤٦هـ/١٩٢٧م).
٢١-المدخل الى مذهب الامام احمد بن حنبل،تحق:الدكتور عبدالله بن عبدالمحسن التركي،الطبعة الثانية،مؤسسة الرسالة،بيروت_لبنان،١٤٠١هـ/١٩٨١م.
-بكر بن عبدالله ابوزيد:
٢٢-المدخل المفصل الى فقه الامام احمد بن حنبل،الطبعة الاولى،دارالعاصمة،المدينة المنورة_السعودية،بدون سنة الطبع.
-ت.ج.ديبور(الاستاذ):
٢٣-تاريخ الفلسفة في الاسلام،ت:الدكتورمحمد عبدالهادي ابوريدة،الطبعةالثالثة،دارالنهضة العربية،بيروت_لبنان،١٣٧٤هـ/١٩٥٤م.
-التفتازاني:دكتور ابوالوفا الغنيمي التفتازاني:
٢٤-علم الكلام وبعض مشكلاته،الطبعة الاولى،دارالثقافة،القاهرة_مصر،بدون سنة الطبع.
-جعفر السبحاني(الشيخ):
٢٥-بحوث في الملل والنحل،الطبعة الثانية،الحوزة العلمية،قم_ايران،١٤١٠هـ/١٩٩٠م.
-جواد علي(الدكتور):
٢٦-المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام،الطبعة الثانية،جامعة بغداد،البغداد_العراق،١٤١٣هـ/١٩٩٣م.
-حسان شكري الجط:

٢٧-تـاريخ الفكــر الفلســفي في المجتمــع العربــي الاســلامي،الطبعة الاولى،اتحــاد الكتــاب العــرب، دمشق_سورية،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
-حسن ابراهيم حسن(الدكتور):
٢٨-تـاريخ الاسـلام السياســي والــديني والثقـافي والاجتماعي،الطبعـة الرابعـة عشـر،مكتبة النهضـة المصرية،القاهرة_مصر،١٤١٦هـ/١٩٩٦م.
-حمود بن عبدالله بن حمود التويجري:
٢٩-تنبيــــه الاخــــوان علــــى الاخطــــاء في مســــألة خلــــق القرآن،الطبعــــة الثانيــــة،دار اللواء،الرياض_السعودية،١٤٠٤هـ/١٩٨٤م.
-حنا الفاخوري وخليل الجر:
٣٠-تاريخ الفلسفة العربية،الطبعةالثالثة،دار الجيل،بيروت_لبنان،١٤١٣هـ/١٩٩٣م.
-خالد بن علي المرضي الغامدي:
٣١-نقــض عقائــد الاشــاعرة والماتريدية،الطبعــة الاولى،دار أطلــس الخضــراء،الرياض_الســعودية، ١٤٣٠هـ/٢٠٠٩م.
-خيرالدين الزركلي:
٣٢-الاعلام قاموس تراجم،الطبعة الخامسة عشر،دار العلم للملايين،بيروت_لبنان،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
-رابحة نعمان توفيق عبداللطيف:
٣٣-مشـكلة الـذات الالهيـة والصـفات عنـد القاضـي عبـدالجبار المعتزلي،الطبعـة الاولى،مطبوعـات جامعـة الكويت_الكويت،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
-رشيد الخيون(الدكتور):
٣٤-جدل التنزيل مع كتاب خلق القرآن للجاحظ،الطبعة الاولى،كولونيا_المانيا،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-زهدي حسن جارالله:
٣٥-المعتزلة،الطبعة الثانية،الاهلية للنشر،بيروت_لبنان،١٣٩٤هـ/١٩٧٤م.
-سالم علي الثقفي(دكتور):
٣٦-مفاتيح الفقه الحنبلي،الطبعة الثانية،بدون مكان الطبع،المكة المكرمة_السعودية،١٤٠٢هـ/١٩٨٢م.
-سعد روستم(دكتور):
٣٧-الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات،الطبعة الثالثة،مطبعة الاوائل،دمشق_سورية،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
-سعيد عبداللطيف فودة:
٣٨-الكاشف الصغير في عقائد ابن تيمية،الطبعة الاولى،دار الرازي،عمان_الاردن،١٤٢٠هـ/٢٠٠٠م.
-سميع دغيم(الدكتور):
٣٩-الفلسفة القدر في الفكر المعتزلة،الطبعة الثانية،دارالفكر،بيروت_لبنان،١٤١٢هـ/١٩٩٢م.
-سميع عاطف الزين:
٤٠-طريــق الايمــان او الايمــان بــالله عــن طريــق الفكــر المســتنير،الطبعة العاشــرة،دارالكتاب العربي،بيروت_لبنان،١٤٠٩هـ/١٩٨٩م.

-سيد بن حسين العفاني(الدكتور):
٤١-صلاح الامة في علو الهمة،الطبعة الاولى،مؤسسة الرسالة،بيروت_لبنان،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
-سيد سابق:
٤٢-العقائدالاسلامية،الطبعة الاولى،دارالكتاب العربي،بيروت_لبنان،بدون سنة الطبع.
-صابر عبدة ابازيد(الدكتور):
٤٣-منهاج أهل السنة في الرد على الشيعة والقدرية،الطبعة الاولى،دارالوفاء،اسكندرية_مصر،١٤٢٠هـ/٢٠٠٠م.
-صالح البردي:(صالح بن عبدالعزيز ابن علي آل عثيمين الحنبلي النجدي القصيمي البردي(ت ١٤١٠هـ/١٩٩٠م).
٤٤-تسهيل السابلة لمريد المعرفة الحنابلة،تحق:بكربن عبدالله ابوزيد،الطبعة الاولى،مؤسسة الرسالة،بيروت_لبنان،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-صبحي الصالح(الدكتور):
٤٥-علوم الحديث ومصطلحه،الطبعة الرابعة،دارالعلم للملايين،بيروت-لبنان،١٤٣٠هـ/٢٠٠٩م.
-صبري عثمان محمد(الدكتور):
٤٦-الميتافيزيقيا عندالمعتزلة،الطبعة الاولى،دارالهداية،بدون سنة الطبع.
-طه جابر العلواني(الدكتور):
٤٧-ادب الاختلاف في الاسلام،الطبعة الاولى،المعهد العالي الفكر الاسلامي،فيرجينيا_الولايات المتحدة الامركية،١٤١٣هـ/١٩٩٢م.
-عادل عوا(الدكتور):
٤٨-المعتزلة وفكرالحر،الطبعة الاولى،الاهالي للطباعة والنشر،دمشق_سورية،بدون سنة الطبع.
-عايض بن عبدالله بن عبدالعزيز الشهراني(الدكتور):
٤٩-التحسين والتقبيح العقليان وأثرها في مسائل أصول الفقه،الطبعة الاولى،دار كنوز اشبيليا،الرياض_السعودية،١٤٢٩هـ/٢٠٠٨م.
-عبدالباري محمد داود(الدكتور):
٥٠-الارادة عندالمعتزلة والاشاعرة،الطبعة الاولى،دارالمعرفة الجامعية،الاسكندرية_مصر،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
-عبدالحكيم عبدالسلام العبد(الدكتور):
٥١-علم الكلام في الاسلام،الطبعة الاولى، دارالوفاء،اسكندرية_مصر،١٤١١هـ/١٩٩١م.
-عبدالرحمن بدوي(الدكتور):
٥٢-مذاهب الاسلاميين،الطبعة الاولى،دارالعلم للملايين،بيروت_لبنان،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
-عبدالستار عزالدين الراوي(الدكتور):
٥٣-ثورة العقل دراسة فلسفية في فكر معتزلة بغداد،الطبعة الثانية،دار الشؤون الثقافية العامة،بغداد_العراق،١٤٠٧هـ/١٩٨٦م.
٥٤-فلسفة العقل رؤية نقديةللنظرية الاعتزالية،الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة،بغداد_العراق،١٤٠٧هـ/١٩٨٦م.

-عبدالقادر السنندجي الكردستاني(ت ١٣٠٤هـ/١٨٨٦م):
٥٥-تقريب المراد في شرح تهذيب الكلام،الطبعة الاولى،المكتبة الازهرية للتراث،القاهرة_مصر،١٤٣٠هـ/٢٠٠٩م.
-عبداللطيف بن عبدالقادر الحفظي:
٥٦-تأثيرالمعتزلة في الخوارج والشيعة،الطبعة الاولى،دارالاندلس الخضراء،جدة_السعودية،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-عبدالله الامين:
٥٧-دراسات في الفرق والمذاهب القديمة المعاصرة،الطبعة الثانية،دارالحقيقة،بيروت_لبنان،١٤١١هـ/١٩٩١م.
-عبدالله بن عبدالمحسن التركي(الدكتور):
٥٨-اصول مذهب الامام احمد،الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة،بيروت_لبنان،١٤١٠هـ/١٩٩٠م.
٥٩-المذهب الحنبلي،الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة،بيروت_لبنان،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
-عبدالمحسن بن عبدالعزيز الصويغ(الدكتور):
٦٠-قواعد الاستنباط من ألفاظ الادلة عندالحنابلة واثارا الفقهية،الطبعة الاولى،دار البشائر الاسلامية،بيروت_لبنان،١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.
-علي احمد(الدكتور):
٦١-تاريخ الفكرالعربي الاسلامي،الطبعة الاولى،منشورات جامعة حلب،الحلب_سورية،١٤١٨هـ/١٩٩٧م.
-علي بن سعد بن صالح الضويحي:
٦٢-آراء المعتزلة الاصولية،الطبعة الاولى،مكتبة الرشد،الرياض_السعودية،١٤١٥هـ/١٩٩٥م.
-علي سامي نشار(الدكتور):
٦٣-نشأة الفكرالفلسفي في الاسلام،الطبعة التاسعة،دارالمعارف،القاهرة_مصر،١٣٩٧هـ/١٩٧٧م.
-علي عبدالفتاح المغربي(الدكتور):
٦٤-الفرق الكلامية الاسلامية مدخل ودراسة،الطبعة الثانية،مكتبة وهبة،القاهرة_مصر،١٤١٥هـ/١٩٩٥م.
-علي محمد زينو:
٦٥- رسالة الامام احمد بن حنبل الى الخليفة المتوكل العباسي،الطبعة الاولى،دار النوادر،بيروت_لبنان،١٤٢٩هـ/٢٠٠٨م.
-عمر سليمان عبدالله الاشقر(الدكتور):
٦٦-القضاء والقدر،الطبعة الثالثة عشر،دارالنفائس،عمان_الاردن،١٤٢٥هـ/٢٠٠٥م.
٦٧-المدخل الى دراسة المدارس والمذاهب الفقهية،الطبعة الثانية، دارالنفائس،عمان_الاردن،١٤١٨هـ/١٩٩٨م.
-عمر فروخ:
٦٨-تاريخ الفكرالعربي الى ايام ابن خلدون،الطبعة الرابعة،دارالعلم للملايين،بيروت_لبنان،١٤٠٤هـ/١٩٨٣م.
-عواد بن عبدالله المعتق:
٦٩-المعتزلة واصولهم الخمسة وموقف اهل السنة منها،الطبعة الثانية، مكتبة الرشد،الرياض_السعودية،١٤١٦هـ/١٩٩٥م.

-غالب بن علي عواجي(الدكتور):
٧٠-فرق المعاصرة تنتسب الى الاسلام وبيان موقف الاسلام منها،الطبعة الرابعة،المكتبة العصرية الذهبية،جدة_السعودية،١٤٢٢هـ/٢٠٠١م.
-فالح الربيعي(الدكتور):
٧١-تاريخ المعتزلة فكرهم وعقائدهم،الطبعة الاولى،الدارالثقافية،القاهرة_مصر،١٤٢١هـ/٢٠٠١م.
-كارل بروكلمان:
٧٢-تاريخ الشعوب الاسلامية،ترجمة:نبيه امين فارس و منير البعلبكي،الطبعة الخامسة،دارالعلم للملايين،بيروت_لبنان،١٤٠٩هـ/١٩٨٦م.
-ابو لبابة حسين:
٧٣-موقف المعتزلة من السنة النبوية ومواطن انحرافهم عنها،الطبعة الثانية،دارالواء،الرياض_السعودية،١٤٠٧هـ/١٩٨٧م.
-مجموعة من الباحثين:
٧٤-موسوعة الفرق المنتسبة للاسلام،الطبعة الاولى،الدرر السنية،بدون مكان الطبع،١٤٣٣هـ/٢٠١٢م.
-محمد ابراهيم الفيومي:
٧٥-المعتزلة تكوين العقل العربي،الطبعة الاولى،دارالفكر العربي،القاهرة_مصر،١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
-محمد ابو زهرة(الإمام):
٧٦-تاريخ المذاهب الاسلامية،الطبعة الاولى،دار الفكرالعربي،القاهرة_مصر،بدون سنة.
٧٧-ابن حنبل حياته وعصره-آراؤه وفقهه،الطبعة الاولى،دارالفكر العربي،القاهرة_مصر،بدون سنة.
-محمد بن خليفة التميمي(الدكتور):
٧٨-مقالة التعطيل والجعد بن درهم،الطبعة الاولى،أضواء السلف،الرياض_السعودية،١٤١٨هـ/١٩٩٧م.
-محمد بن عبدالرحمن الخميس:
٧٩-اعتقاد اهل السنة شرح اصحاب الحديث،الطبعة الاولى،دارالايمان،الاسكندرية_مصر،١٤٢٢هـ/٢٠٠٢م.
-محمد جواد مغنية:
٨٠-معالم الفلسفة الاسلامية،الطبعة الثانية،مكتبة الهلال،بيروت_لبنان،١٤٠٢هـ/١٩٨٢م.
-محمد عبدالهادي ابوريدة:
٨١-ابراهيم بن سيار النظام وآراؤه الكلامية الفلسفية،الطبعة الاولى،مكتبة لجنة التاليف والترجمة، القاهرة_مصر،بدون سنة الطبع.
-محمد عبده و طارق عبدالحليم:
٨٢-المعتزلة بين القديم والحديث،الطبعة الاولى،دار ابن حزم،بيروت_لبنان،١٤١٦هـ/١٩٩٦م.
-محمد علي ابوريان(الدكتور):
٨٣-تاريخ الفكر الفلسفي في الاسلام،الطبعة الاولى،دارالمعرفة الجامعية،اسكندرية_مصر،١٤٠٦هـ/١٩٨٦م.
-محمد عمارة(الدكتور):
٨٤-الاسلام وفلسفة الحكم،الطبعة الاولى،دارالشروق ،القاهرة_مصر،١٤٠٩هـ/١٩٨٩م.

٨٥-المعتزلة والثورة،الطبعة الاولى،دارالهلال، القاهرة_مصر،١٤٠٤هـ/١٩٨٤م.
٨٦-المعتزلة ومشكلة الحرية الانسانية،الطبعة الثانية،دارالشروق،القاهرة_مصر،١٤٠٨هـ/١٩٨٨م.
-محمد مصطفى هدارة(الدكتور):
٨٧-المامون الخليفة العالم،الطبعة الاولى،الدارالمصرية،مصر،١٤٢٠هـ/٢٠٠٠م.
-محمود اسماعيل(الدكتور):
٨٨-الحركات السرية في الاسلام،الطبعة الخامسة،سينا للنشر،القاهرة_مصر،١٤١٧هـ/١٩٩٧م.
٨٩-تاريخ الحضارة العربية الاسلامية،الطبعة الثالثة،مكتبة الفلاح،الكويت،١٤١٣هـ/١٩٩٢م.
-محمود عبدالرزاق الرضواني(الدكتور):
٩٠-البدعة الكبرى محنة الامام في صفة الكلام،الطبعة الاولى،مكتبة العلوم والحكم،المدينة المنورة_السعودية،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
-مصطفى الحلمي(الدكتور):
٩١-قواع المنهج السلفي في الفكر الاسلامي،الطبعة الاولى،دارالكتب العلمية،بيروت_لبنان،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
-مصطفى الشكعة(الدكتور):
٩٢-الائمة الاربعة،الطبعة الثالثة،دارالكتاب المصري،القاهرة_مصر،١٤١١هـ/١٩٩١م.
-مصطفى بن محمد بن مصطفى:
٩٣-اصول والتاريخ الفرق الاسلامية،المكتبة الشاملة،الطبعة الاولى،بدون مكان الطبع،١٤٢٤هـ/٢٠٠٣م.
-ناصر بن عبدالكريم العقل(الدكتور):
٩٤-الجهمية والمعتزلة نشاتها واصولها ومناهجهما وموقف السلف منهما قديماً وحديثاً،الطبعة الاولى،دار الوطن للنشر،الرياض_السعودية،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
٩٥-دراسات في الاهواء والفرق والبدع وموقف السلف منها،الطبعة الاولى،دار اشبيليا،الرياض_السعودية،١٤١٨هـ/١٩٩٧م.
-نجلاء لطفي:
٩٦-الفرق والمذاهب والجماعات الاسلامية القديمة،الطبعة الاولى،جامعة الازهر،القاهرة_مصر،بدون سنة الطبع.
-ندوة العالمية للشباب الاسلامي:
٩٧-الموسوعة الميسرة في الاديان والمذاهب والاحزاب المعاصرة،إشراف وتخطيط ومراجعة:د.مانع بن حماد الجهني،الطبعة الرابعة،دار الندوة العالمية للطباعة والنشر والتوزيع،الرياض_السعودية،١٤٢٠هـ/١٩٩٩م.
-نصر حامد ابوزيد:
٩٨-الاتجاه العقلي في التفسير،الطبعة الثالثة،الدارالبيضاء،بيروت_لبنان،١٤١٧هـ/١٩٩٦م.
-هاشم معروف الحسني:
٩٩- دراسات في علم الحديث والمحدثين،الطبعة الثانية،دار التعارف للمطبوعات،بيروت – لبنان، ١٣٩٨هـ/١٩٧٨م.
-هانم ابراهيم يوسف:

١٠٠-اصل العدل عندالمعتزلة،الطبعة الاولى،دارالفكر العربي،القاهرة_مصر،١٤١٣هـ/١٩٩٣م.
-ولتر ملفيل باتون:
١٠١-احمد بن حنبل والمحنة،ترجمة:عبدالعزيز عبدالحق،الطبعة الاولى،دار الهلال،القاهرة_مصر،١٣٧٧هـ/١٩٥٨م.
-وليد قصاب(الدكتور):
١٠٢-التراث النقدي والبلاغي للمعتزلة،الطبعة الاولى،دارالثقافة،الدوحة_قطر،١٤٠٥هـ/١٩٨٥م.
-ياسر قاضي:
١٠٣-مقالات جهم بن صفوان واثرها في الفرق الاسلامية،الطبعة الاولى،أضواء السلف،الرياض_السعودية،١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
-يوسف بن جودةيسن الداودي(الدكتور):
١٠٤-شرح المنظومة البيقونيةفي علم مصطلح الحديث،الطبعة الاولى،دارالاندلس،جدة-السعودية،١٤٣٦هـ/٢٠١٥م.

**نامە ئەكادیمیەكان**

-احمد محمد بناني:
١-تنزيه الله تعالى عما اوجبه عليه المعتزلة،رسالة الدكتوراه في العقيدة،كلية الشريعة والدراسات الاسلامية،جامعة ام القرى،المكة المكرمة_السعودية،١٤٠٣_١٤٠٤هـ/١٩٨٢_١٩٨٣م.
-انفال يحيى امام:
٢-موقف الرازي من القضاء والقدر في التفسير الكبير،رسالة الماجستير في العقيدة،كلية الدعوة واصول الدين،جامعة أم القرى،مكة الكرمة_السعودية،١٤٣٢هـ/٢٠١١م.
-صالح زين العابدين الشيبي:
٣-الاصول الخمسة عندالمعتزلة وموقف السلفيين منها،رسالة الماجستير في العقيدة،كلية الشريعة والدراسات الاسلامية،جامعة الملك عبدالعزين،مكة المكرمة_السعودية،١٣٩٧هـ/١٩٧٧م.
-عبداللطيف بن رياض بن عبداللطيف العكلوك:
٤-منهج المعتزلة في توحيد الاسماء والصفات،رسالة الماجستير في العقيدة،كلية أصول الدين،الجامعة الاسلامية،غزة_الفلسطين،١٤٣٢هـ/٢٠١١م.
-عبدالله محمد جارالنبي:
٥-الحسن والقبح بين المعتزلة واهل السنة،رسالة الماجستير في العقيدة، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية،جامعة ام القرى،المكة المكرمة_السعودية،١٤٠١هـ/١٩٨١م.
-علي محيبس بصري:
٦-المعتزلة والتوظيف اللغوي لمسائلهم العقدية،رسالة الماجستير في العقيدة،كلية اصول الدين،الجامعة العراقية،بغداد_العراق،١٤٣٢هـ/٢٠١١م.
-قدرية عبدالحميد شهاب الدين:

٧-موقف شيخ الاسلام ابن تيمية من المعتزلة في المسائل العقيدة،رسالة الدكتوراه في العقيدة، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية،جامعة ام القرى،المكة المكرمة_السعودية،١٤٠٤_١٤٠٥هـ/١٩٨٣_١٩٨٤م.

-محمد بن حامد بن منصور الجدعاني:

٨-الصلة بين التشيع والاعتزال،رسالة الماجستير في العقيدة،كلية الدعوة واصول الدين، جامعة أم القرى،مكة الكرمة_السعودية،١٤١٩هـ/١٩٩٨م.

-منيف عايش مرزم النفيعي العتيبي:

٩-اثرالفكر الاعتزالي في عقائد الاشاعرة،رسالة الدكتوراه في العقيدة الاسلامية، كلية الدعوة واصول الدين، جامعة أم القرى،مكة الكرمة_السعودية،١٤٢٠هـ/١٩٩٩م.

-مهند حسن محمد الجبالي:

١٠-اثرالاعتزال في توجيهات الزمخشري اللغوية والنحوية في الكشاف،رسالة الماجستير،كلية الاداب،جامعة اليرموك،البغداد_العراق،١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.

-مواهب علي منصور فرحان:

١١-العدل الالهي في الثواب والعقاب عندالسلف،رسالة الماجستير في العقيدة، كلية الدعوة واصول الدين، جامعة أم القرى،مكة الكرمة_السعودية،١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.

-هادي بن احمد علي طالبي:

١٢-ابوالحسن الاشعري بين المعتزلة والسلف،رسالة الماجستير في العقيدة،كلية الشريعة،جامعة الملك عبدالعزيز،المكة المكرمة_السعودية،١٣٩٩هـ/١٩٧٩م.

-وليد بن صالح بن عبدالقادر باصمد:

١٣-اثر علم الكلام على المنتسبين اليه وموقف اهل السنة والجماعة وكبارالمتكلمين منه،رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الدعوة واصول الدين، جامعة أم القرى،مكة الكرمة_السعودية،١٤٢٩_١٤٣٠هـ/٢٠٠٨_٢٠٠٩م.

**ژێدەرەكان بەزمانی كوردی**

-احمەد كاكە محمود:

١-تەفسیری ڕامان لە ماناومەبەستی قورئان،چاپی یەكەم،نەشری ئیحسان،تاران_ئیران،١٤٢٨ك/٢٠٠٧ز.

-احمد عوض ابو الشباب(دكتۆر):

٢-خیلافەتی ئەمەویەكان لەنێوان ڕاستی و چەواشەكاریدا،وەرگێڕانی:جەمیل عبدالله حسن،چاپی یەكەم،چوارچرا،سلێمانی_هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٥ك/٢٠١٣ز.

-باباسوهەیل قاشا:

٣-موعتەزیلە شۆڕشی فیكری ئیسلامی ئازاد،وەرگێڕانی:سەعید بەشیر،چاپی یەكەم،چاپەمەنی گەنج،سلێمانی_ هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٧ك/٢٠١٥ز.

-باقر یاسین:

٤-مێژووی خوێناوی عێراق،وەرگێڕانی:حمە صالح گەلاڵی،چاپی یەكەم،چاپخانەی داناز،سلێمانی_ هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٢٥ك/٢٠٠٤ز.

-باوکی یوسف:(مەجید حەمید مەجید):
٥-زانای پایە بەرز ئەحمەدی کوڕی حەنبەل،چاپی یەکەم،بێ شوێنی چاپ،هەولێر_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٢٧ك/٢٠٠٦ز.
-جیهاد خاوەری:
٦-ئاورنگی مێژوو،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج،سلێمانی_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٣٣ك/٢٠١١ز.
-حەکیم ئەحمەد خۆشناو(دکتۆر):
٧-کوردوکوردستان لەدیدی گەڕیدەو ولأتناسانی مسوڵمان،و:شوکرسلێمان،چاپی یەکەم،موکریانی،هەولێر_هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٣٦ك/٢٠١٤ز.
-حەمە کەریم هەورامی:
٨-زانستی کەلام،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٣٢ك/٢٠١٠ز.
-حەمید عەزیز(دکتۆر):
٩-فەلسەفەی زانستی کەلام،چاپی یەکەم،چاپخانەی موکریانی،هەولێر_هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٣٥ك/٢٠١٣ز.
-ڕەحیم ئەحمەد ئەمین:
١٠-بەعەرەب کردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا،چاپی یەکەم،تیشك، سلێمانی_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٢٩ك/٢٠٠٨ز.
-رحيم كاظم محمد الهاشمي(دكتور) و عواظف محمد العربي:
١١-پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی،وەرگێڕانی:نهاد جەلا حبيب الله،چاپی یەکەم،چوارچرا، سلێمانی_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٣٥ك/٢٠١٣ز.
-سەلاَح تەهبوب:
١٢-سەردەمی ئەمەویەکان،وەرگێڕانی:بەختیارعەزیز،چوارچرا، سلێمانی_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٣٧ك/٢٠١٥ز.
-سعيد بن علی بن وهف القحطاني:
١٣-کێشەی تەکفیرکردن لە نێوان ئەهلی سوننە و تاقمە گومڕاکاندا،وەرگێڕانی:مامۆستا خلیل احمد،چاپی دووەم،چاپخانەی سیما، سلێمانی_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٢٨ك/٢٠٠٧ز.
-سلێمان مەزهەر:
١٤-چیرۆکی ئاینەکان،وەرگێڕانی: لوقمان حاجی قادر،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی_ هەرێمی کوردستانی عێراق،١٤٢٩ك/٢٠٠٨ز.
-ابن العثيمين:أبو عبد الله محمد بن صالح بن محمد بن سليمان بن عبد الرحمن العثيمين الوهيبي التميمي:
١٥-بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە،وەرگێڕانی:صلاح الدين عبدالكريم،چاپی یەکەم،بێ شوێنی چاپ،١٤٢٦ك/٢٠٠٥ز.
-علی وەردی(دکتۆر):

١٦–كێشـەی شـیعە وسـوننە،وەرگێڕانی:عارف كەریم،چـاپی یەكـەم،دەزگای چـاپ و پەخشـی حەمـدی، سلێمانی_ هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٣ك/٢٠١١ز.
–عوسمان محمد خەمیس:
١٧–دەمێك لەمێـژووی ئیسلام،وەرگێڕانی:علی محمد علی خان،چاپی یەكەم، چاپەمەنی تەفسیر، هـەولێر_ هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٠ك/٢٠٠٩ز.
–كاروان كامران محمود:
١٨–چەمكی خەلافەت لەئیسلامدا،چاپی یەكەم،سیما،سلێمانی_هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٠ك/٢٠٠٩ز.
–كەیوان ئازاد ئەنوەر(دكتۆر):
١٩–مێژووی ئاینەكان،چاپی یەكەم،چوارچرا، سلێمانی_ هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٠ك/٢٠٠٩ز.
٢٠_زەندەقە،چاپی یەكەم،چاپخانەی ڕوون،سلێمانی_هەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٠ك/٢٠٠٩ز.
–محمد سوهیل طقوش:
٢١–پوختـەی مێـژووی ئیسـلامی،وەرگێڕانی:نهاد جـلال حبیـب الله،چـاپی یەكەم،دارالفكر،بیروت_لبنان،١٤٣٠ك/٢٠٠٩ز.
–موحسین ئەدیب:
٢٢–داعـش كـوڕی شـەرعی سەلەفیزم،چـاپی یەكەم،چاپخانەی ڕەهەنـد، سـلێمانی_ هـەرێمی كوردسـتانی عێراق،١٤٣٧ك/٢٠١٥ز.
–هاشم كریمی:
٢٣–ئـاین و دەسـەڵات لەپرۆسـەی مێـژووی ڕۆحانیـەتی شیعەدا،چـاپی یەكـەم،دەزگای چـاپ و پەخشـی حەمدی،لـەبڵاوكراوەكانی مەكتـەبی بیروهۆشـیاری(ی.ن.ك)، سـلێمانی_ هـەرێمی كوردسـتانی عێراق،١٤٣٢ك/٢٠١٠ز.
–هاوژینی مەلائەمین:
٢٤–دەروازەیەك بۆئاشنابوون بەزانستی كەلام،چاپی یەكەم،چاپخانەی خانی،دهۆك_ هـەرێمی كوردستانی عێراق،١٤٣٢ك/٢٠١٠ز.

## الخلاصة

شكلت الخلافات الفقهية والفكرية مادة خصبة للجدل المحتدم بين الجماعات والمذاهب في المجتمع الاسلامي،وقد كان هذا الجدل ثمرة للاتجاه العقلاني السائد،والقراءات المختلفة والرؤى الخاصة للعلماء الاتجاهات المتباينة للمذاهب الفقهية والعقائدية. وقد استطاع هذا الجدل المحتدم بين المعتزلة والحنابلة ان يغير من اسلوب التفكير والاسلوب الاحادي في التعاطي مع القضايا الفكرية و رؤية الفرد لها؛وذلك لان الجدل الذي دار بين اتباع المذهبين كان ذا صيغة فلسفية وفكرية، مما ادى الى ان يكون عاملا في تنشيط ذهنية الفرد المسلم وتوسيع مداركه وقدرته على استشراف المستقبل.

وقد نتج عن الصراع الحاد بين المذهبين توسيع دائرة الخلاف بينهما لتشمل محاور عديدة،وكان بحث التيولوجيا والتوحيد والعقائد من المواضيع المحورية لهذا الصراع المستمر الى يومنا هذا،لذا حاولنا اظهار الحقائق التاريخية وعرض المعلومات الصحيحة التي لم تُعرض باللغة الكوردية من قبل،وذلك من خلال البحث والتقصي في المصادر التي تناولت هذه المسالة.

وقد قمنا باختيار المعلومات وعرضها في مدخل وثلاثة فصول،وقد سلطنا الضوء في المدخل على تاريخ نشوء الجماعتين واصول العقائد عندهما،فضلاً عن إبراز المكانة التي حظيت كل من الجماعتين بها تاريخا، وخصصنا الفصل الاول للحديث عن الخلاف بين المذهبين في باب صفات الله سبحانه،ويتمثل هذا الخلاف في باب ( العلم والقدرة والارادة والسمع والبصر والحياة والاستواء على العرش و رؤية الله في الاخرة)،ففي بداية عرضنا رؤية المعتزلة،ثم قمنا بعرض رؤية الحنابلة ومادار بينهما من جدل حول هذا الموضوع.

وعرضنا في الفصل الثاني مسالة القضاء والقدر،وتعتبر من المسائل الغيبية والميتافيزيقية التي اثارت الكثير من الجدل،ففي البداية تحدثنا عن مفهوم وتعريف مصطلحي القضاء والقدر وتاريخ ظهور هذه المسالة،ثم تطرقنا للحديث عما دار بينهما من خلاف حول هذه المسالة،فضلاً عن الحديث عن إرادة الانسان وحرية الاختيار لديه.

وجعلنا من الفصل الثالث ميدانا لعرض مادار بينهما من جدال ومناظرة حول كلام الله سبحانة،وماتركه هذا الجدال من أثر،وبحثنا موقف الخلافة من الصراع الدائر حول مسالة خلق القران.وأخيراً النتائج الذي عرضنا من خلالها ابرز النتائج التي توصلت اليها من خلال هذه الدراسة.

# Abstract

The argument between the groups and theologians in the Islamic community was one of the most disputed topics in terms of fiqh (or Islamic jurisprudence) – thoughts in the culture of the Islamic community which was resulted from reasoning, reading (and/or estimating), the different and private perspectives of theologians, religious figures, and groups in the Islamic community. Argument, discussion, and scientific and fiqh conflicts – Thinkers of both groups; The Hanbali and Matzala doctrines changed monotheistic thinking route and individual viewpoint in Islamic community once and for all. This happened because the formation of that argument was mostly intellectual and philosophical which stimulated the minds of the individuals in the community and gave the individuals intellectual enlightenment in the new events and topics. Of course, the competition between the two groups seeded the confrontations between them which included numerous fields and theology was one of the complex and heated areas of discussion and remained so until now, that's why, we have tried to present the historical and correct details that haven't been studied in Kurdish language previously. We have been researching numerous sources in this field and the collected data have been presented in an introduction and three chapters. In the introduction, we focused on the emergence of the two groups and their fundamental beliefs, in addition to the overview and their role in history. The first chapter is devoted to the study of the argument between the two groups on the characteristics of God including (science, abilities, seeing, hearing, will, life, living, superiority, on Kingdom of God, seeing welfare in judgment day). In this chapter, the Matzala viewpoint is presented and later on, despite of showing Hanbali viewpoints, the argument between the two is also put forward.

In the second chapter, fate, as a topic of the unseen and metaphysics which is argued about by the two groups comprehensively, is presented. Firstly, the concept, the term, and the definition of fate and the history of its emergence and later on, the argument between the groups are discussed. Additionally, the freewill of humans and choosing the behaviours and actions are also discussed.

In the third chapter, the argument between them about the words of God, the outcomes of these arguments, and the stance of the caliphate about these conflicts and the nature of the Holy Qur'an are put forward.